خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر

# تیۆری
# چوارەمی سیاسەت

## ئەلێکساندەر دۆگین

وەرگێڕانی
وریا غەفوری
2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 150 )

ناوی کتێب:  تیۆری چوارەمی سیاسەت
بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: ئەلێکساندەر دۆگین
وەرگێڕانی: وریا غەفوری
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال - کەیوان عومەر - زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
تیراژ:  500  دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

**www.ideafoundation.co**
**ideafoun@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1717 )ی ساڵی2016ی پێدراوە

# تیۆری
# چوارەمی سیاسەت

ئەلێکساندەر دۆگین

وەرگێڕانی
وریا غەفوری
2017

# پێڕست

پێش وتار: تیۆری چوارەمی سیاسەت، بوون یان نەبوون؟......................................15

پاری یەکەم: سەرەتایەك لەبارەی تیۆری چوارەمی سیاسەت................................19
بەشی یەکەم: تیۆری چوارەمی سیاسەت.......................................................21
کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کۆتاییەکانی سەردەمی مۆدێرن...............................21
سێ ئایدۆلۆژیای بنەڕەتی و چارەنووسیان لە سەدەی بیستەمدا............................22
کۆتایی لیبڕالیزم و سەرهەڵدانی پۆست لیبڕالیزم............................................24
تیۆری چوارەمی سیاسەت، وەك تیۆرێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخی هەنووکەیی........27
شەڕ لە سەر پۆست مۆدێرن...................................................................30
روانینەوە لە رابوردوو و دۆڕاوەکان..........................................................32
گەڕانەوەی نەریت و خواناسی.................................................................34
ئەفسانەو سەردەمی کۆن لە تیۆری چوارەمی سیاسەتدا.....................................37
هایدگەر و «رووداوەکان»......................................................................38
تیۆری چوارەمی سیاسەت و روسیا.............................................................40

پاری دووەم: کۆتایی ئایدۆلۆژیا کلاسیکییەکان و گۆڕانیان...............................43
بەشی دووەم: لیبڕالیزم و گۆڕانی...............................................................45
لیبڕالیزم تاوانێکی سیکۆلارە.....................................................................45
لیبڕالیزم وەك پوختەی ژیاری رۆژئاوایی و پێناسەکەی......................................47
«ئازادی لە»......................................................................................48
لیبڕالیزم و نەتەوە...............................................................................51
شەڕخوازی مارکسیزم...........................................................................52

مارکسیزم لە لیبڕالیزمدا.................................................................53
سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی لیبڕالەکان لە ساڵانی 1990.......................................56
لە دەروازەی «سەدەی ئەمەریکی»دا.......................................................57
لیبڕالیزم و پۆست مودێرنیزم...............................................................61
لیبڕالیزم لە روسیای هاوچەرخ.............................................................64
لەشکر کێشی خاچ هەڵگرەکان دژی رۆژئاوا...................................................67

بەشی سێیەم: دیموکراسی پیرۆزە یان نائایینی (سیکۆلار)؟...................................71
دیموکراسی وەك دیاردەیەکی کۆن: ئاسودەیی بەکۆمەڵ.........................................71
دیموکراسی، دامەزراو لە سەر نایەکسانی، «ناهاووڵاتی».......................................72
مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی؛ لە دیموکراسییەوە بۆ زۆرداری.......................................74
دژیەکی رێنیسانس: «بەرەو سەردەمی کۆن»....................................................74
نیشانەکانی کۆن و لەمێژینەی دیموکراسیی سەردەمی نوێ.......................................75
دیموکراسی جیهانی وەك حکومەتی دژە مەسیحی................................................77

بەشی چوارەم: تواندنەوەی ئایدۆلۆژیا چەپەکان لە سەدەی بیست و یەکەم.........79
فەلسەفەی چەپ لە قەیراندا....................................................................79
سێ فۆڕمی جیاوازی ئایدۆلۆژیای چەپ..........................................................80
چەپە کۆنە ئەمرۆییەکان.......................................................................81
مارکسیست - ئەرتەدۆکسەکانی ئەوروپا..........................................................81
سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا..............................................................83
سۆسیالیستەکانی «رێگەی سێیەم».............................................................85
ناسیۆنال - کۆمۆنیزم.........................................................................87
چەپە نوێیەکان...............................................................................92
چەپەکان لە روسیای هاوچەرخدا..............................................................100

بەشی پێنجەم: موحافیزکاری چییە؟.......... 103
ئێمە لە پۆست مۆدێرنداین.......... 103
جەمسەری ئازادی و ئازادیی هەڵبژاردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان.......... 104
دژیەکییەکانی ئازادی.......... 105
موحافیزکاری وەك رەتکردنەوەی لۆژیکی مێژوو.......... 107
موحافیزکاریی بنەڕەتیی نەریتخوازی.......... 108
موحافیزکارانی بنەماخوازی سەردەمی ئێمە.......... 111
موحافیزکاری لە «دۆخی هەنوکەیی» واتا موحافیزکاریی لیبڕاڵ.......... 114
بنلادن وەك نیشانەیەك.......... 116
تارمایی چێ گیڤارا.......... 117 121
شۆڕشی موحافیزکارانە.......... 118
موحافیزکارەکان دەبێت بکەونە لوتکەی شۆڕشەوە.......... 119
دازاین (Dasein) واقیعییەتی تایبەتی مرۆڤ و گشتڵ (Ge-Stell)..........
کۆتایی ناخۆشی نمایش.......... 123
موحافیزکاریی چەپ (سۆسیال-کۆنزەرڤاتیزم).......... 124
دیاردەی ئۆراسیا وەك بونیادێکی مەعریفیی.......... 125
دیاردەی نیۆ ئۆراسیا.......... 127

بەشی شەشەم: موحافیزکاری وەك پڕۆژە و تیۆری زانین.......... 129
یەکانگیرنەبوون و ناسازگاریی وێناکانی رایگشتی سەبارەت بە موحافیزکاری.......... 129
فەلسەفەی مێژوو، زانستی لێکدانەوەی هاوکاتی مێژوویی.......... 129
موحافیزکار و رەوتی بەردەوام.......... 130
بوونی بەر لە زەمەن.......... 131
پڕۆژەی موحافیزکارانە و مێتافیزیکی موحافیزکاری.......... 132
داهاتوو، ئاینده لە ئەنجامناسیی مەسیحییەتدا.......... 134
پڕۆژەی موحافیزکارانە بەرانبەر تەکنەلۆژیا.......... 135

مەعریفەی موحافیزکارانە.....137
مرۆڤدۆستی وەك چەكی موحافیزكار.....138
ئیمپراتۆرییەت،مرۆڤی گەورە.....139
سێ بەش بوونی ئیمپراتۆرییەت.....140
بەهای جەنگ.....141
بونیادی سییانەی مەعریفەی موحافیزكارانە.....142

پاری سێیەم: پێكهاتەی جیۆپۆلەتیکی سەدەی 21: شارستانییەت و ئیمراتۆرییەت..145
بەشی حەوتەم: رۆژئاوا و شەڕخوازییەکەی.....147
«رۆژئاوا» بۆ ئێمە چ مانایەکی هەیە؟.....147
ئەوروپا و مۆدێرنیتە.....148
ئەندێشەی «پێشكەوتن» وەك بەدیهاتن و سەلماندنی.....149
رەگ و ریشە كۆنەكانی پاوانكاریی رۆژئاوایی.....150
ئیمپراتۆرییەت و کاریگەری لە سەر رۆژئاوای هاوچەرخ.....152
مۆدێرنیزاسیۆن: لەدایكبوونی ناوەکی (ئەندرۆجین).....153
دوو جۆر كۆمەڵگە، بە مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایكبوونی دەرەکی.....156
تیۆری «رۆژئاوا» و «رۆژهەڵات» لە پێكهاتنی یاڵتا.....159
«رۆژئاوا» لە دەیەکانی 1990 بە جیهانی دەبێت.....163
بەجیهانی بوون (گلۆبالێزم).....165
پۆست مۆدێرن و «رۆژئاوا».....166
پاش رۆژئاوا.....169
مەودای نێوان تیۆری و چۆنیەتیی کاری گلۆباڵیزم.....170
ویلایەتە یەكگرتووەكان و یەكێتی ئەوروپا:.....171
دیاریکردنی شوناسی روسیا: وڵات یان؟.....174
روسیا وەك ژیار (جۆری کولتوری – مێژوویی).....179
روسیا و رۆژئاوا لە ساڵەکانی 1990.....181

ستراتیژی «دەوڵەتی جیهانی» سەبارەت بە یەکێتی سۆڤێت و روسیا..................184
روسیا و رۆژئاوا لە سەردەمی پوتیندا..........................................................186
شەڕخوازی دژی رۆژئاوا............................................................................188
تۆڕی CFR لە سەردەمی پوتیندا.................................................................190
پەیوەندییەکانی روسیا و رۆژئاوا لە داهاتوودا..............................................192
پرۆستۆریکا2: یەکڕیزیی روسیا و رۆژئاوای گلۆباڵ..........................................193
روسیا و رۆژئاوا لە تیۆری دیاردەی ئۆراسیادا..................................................197
روسیا و رۆژئاوا، لە زانستی بینینی حکومەتی هاوچەرخی روسیادا....................202
هەڵوێستی مەبەستداری نوسەر ................................................................205

بەشی هەشتەم: «ژیار» وەك تیۆری و چەمکێکی ئایدۆلۆژی...............................207
پێویستیی دیاریکردنی وردی مانا.................................................................207
ژیار وەك قۆناغی پەرەگرتن و گەشەی کۆمەڵگەکان........................................207
«ژیار» و «ئیمپراتۆرییەت».........................................................................208
«ژیار» و شێوازی گشتی و تەواو..................................................................209
«ژیار» و کولتور.........................................................................................210
پۆست مۆدێرن و دەرکی هاوکاتی «ژیار».......................................................211
بنەماشکێنی «ژیار»...................................................................................214
ئەمڕۆکە تێگەیشتنێکی هاوکات و فرە لایەن بۆ «ژیار» کەوتۆتەڕوو...................217
قەیرانی مۆدێلە کلاسیکییەکان راڤەی مێژوویی (چینایەتی، ئابوری، لیبڕال، نەژادی)......220
هەنگاونان بۆ دواوەی یۆتۆپیستە لیبڕالەکان:State-building (دامەزراندنی دەوڵەت)..222
جیهان وەك تۆڕی تۆماس بارنیت.................................................................223
روانگەی ئەمەریکی سەبارەت بە  دروستکردنی جیهان (سێ روانگەی جیاجیا).....224
ئاستەنگی پاشەکەوتی ئایدۆلۆژی و ئامانجی دژبەرانی گلۆباڵیزم و جیهانی تاك جەمسەر.........227

مانای تیۆری «ژیار» لە مەیدانداری لەگەڵ گلۆباڵیزم.......................... 228
بەرەو «فەزای فراوانی جوگرافیایی»...................................................... 229
پێرستی ژیارەکان................................................................................. 230
ئایدیای فرە جەمسەری......................................................................... 233

بەشی نۆهەم: تەوەری «ئیمپراتۆرییەت» لای کارڵ شمیت و تیۆری چوارەمی سیاسەت..... 235
دیسپلینی «فەزا بەرفراوانە جوگرافییەکان»............................................ 235
دۆکترینی جەیمز مۆنرۆ......................................................................... 235
شان و شکۆی یاسایی «دۆکترینی مۆنرۆ». سیاسەت و ماف، رەوایی و لەسەر حەقبوون........ 238
کامڵبوونی «دۆکترینی مۆنرۆ»................................................................ 240
فەزای فراوانی جوگرافیایی و «رایش» لەڕوانگەی شمیتەوە......................... 242
«فەزای فراوانی جوگرافیایی» سۆڤێت. رایشی سۆڤێت............................... 247
دەستبەجێیی و پێویستیی نوێ بە تیۆری چوارەمی سیاسەت........................ 249

بەشی دەهەم: پڕۆژەی «ئیمپراتۆرییەت»................................................ 253
ئیمپراتۆرییەتی بێ ئیمپراتۆر................................................................ 253
ئیمپراتۆرییەت وەك کەرەستەیەکی دڵخواز بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.......... 253
پێناسەی ئیمپراتۆرییەت........................................................................ 254
ئیمپراتۆرییەتی موحافیزکارە نوێیەکان Benevolent empire – ئیمپراتۆرییەتی خێرخواز..... 255
رەخنە لە «ئیمپراتۆرییەت» لەڕوانگەی مایك ئێچ هارت و ئەنتۆنیۆ نگری............ 258
ئەڵتەرناتیڤەکانی ئیمپراتۆرییەتی جیهانی: دووبارەکردنەوەی دۆخی هەنوکەیی یاڵتا..... 260
ئیمپراتۆرییەتی ئیسلام (خەلافەتی جیهانی)........................................... 262
یەکێتی ئەوروپا: ئیمپراتۆرییەتێک لە هەڵکشان و داکشاندا......................... 264
«دۆڕاوان»ی روسی................................................................................ 266
لایەنگرانی دژە ئیمپراتۆرییەتی حوکمڕانیی روسیا..................................... 267
ئیمپراتۆرییەتی ئۆراسیایی داهاتوو......................................................... 271

وڵاتانی سەربەخۆی هاوبەرژەوەندی: بنچینە و بنەمای ئیمپراتۆرییەتی داهاتوو.......273
ئیمپراتۆرییەتی پاش تسخینڤالیا........................................................275
ئیمپراتۆرییەتە دۆستەکان، تەوەرەکانی ئۆراسیایی.......................................278
دیاردەی ئۆراسیا وەك ئایدۆلۆژیای ئیمپراتۆری...........................................281

پاری چوارەم: دیاردەی ئۆراسیا وەك راڤەیەکی تایبەتیی تیۆری چوارەمی سیاسەت.........285
بەشی یانزەیەم: دیاردەی ئۆراسیا (سیستمی سیاسی).......................................287
دیاردەی ئۆراسیا وەك فەلسەفە..........................................................287
نەتەوە واتا عەشق.......................................................................288
جەستەی روسی..........................................................................289
بەهرەی زمان............................................................................290
تاکی روس خەوی لێدەکەوێت و خەبەری دەبێتەوە........................................291
تاکی روس وەك مرۆڤی رەها...........................................................292
سنورەکانی نەتەوە.......................................................................293
دەوڵەت هاوشێوەی ژیشکە...............................................................295
ئێمە تەنانەت ناتوانین لە خۆمان تێبگەین و مەزنێتیمان لە ئەمەدا شاراوەیە.......296
رۆحی زەوی.............................................................................296
فەزا وەك شێوازی ژیان...................................................................297
سنورە زیندووەکان.......................................................................298
شاخی سربستان..........................................................................299
تاهەتاییی لە دەستەکانی تۆدا............................................................301
کات بوونی نییە..........................................................................301
بەرگری لە رەهابوون و دژایەتیکردنی رێژەیی بوون.......................................302
نیشتمانی رەها و تەواو...................................................................303
روسیا: چەمکێکی بووناسانە.............................................................303
بە تاککردنی ئەزموونی بان تاکێتی.......................................................304

نەخشەی ئەنتۆلۆژیکی (بووناسانە) ی جیهانی (سوهرەوەردی)........................304
بیری دوورخستنەوەی رۆژئاوا.................................................................305
سەفەر بۆ وڵاتی رۆژهەڵات.....................................................................305
یەکڕیزیی رۆژئاوا لەگەڵ ئەوروپا (داکەوتن بۆ دۆزەخ)...................................306
فریشتەی رەنگ ئەرخەوانیی روسیا...........................................................308
ئامۆژەی ئایینی: بانگهێشت بۆ تۆبەکردن.....................................................308
حەقیقەتی ئۆراسیایی..................................................................................309
شیکاریی ئۆراسیایی...................................................................................310
زمانی ئۆراسیایی........................................................................................311
پێشبینیی ئۆراسیایی...................................................................................311
رێسا و دیسپلینی ئۆراسیایی: ریشەی ئازادی.................................................312
ئەتڵانتیزم: شەڕی رەها...............................................................................313
کەناڵی ئێم تیڤی (MTV): روکار و بەرجەستەبوونی رژدی و وێرانی: بەپێویست دانانی لاوازکردن...314
بووناسیی ئانترۆپیی رۆژئاوای دوور (پشت کۆڵەکەکانی هیراکلیس)...................316
جەمسەرگری نیشانەکان..............................................................................317
کێشەی «من»..............................................................................................318
ناو مەسەلەیەکی جدییە...............................................................................319
وڕێنە و قسەی پڕوپووچی تاکگەرایی...........................................................320
مرۆڤ، تەنها، بوونەوەرێکی مەرجدارە..........................................................321
پێویستیی خەبات.........................................................................................322
دەچین بۆ ئەوپەڕی ئاسۆ.............................................................................322
گژوگیای رووا لە درزی قیرتاودا..................................................................323
کەشتیی نوحی ئۆراسیا...............................................................................324

تۆڕی ئۆراسیا.......................................................................324
زمانی کاروباری ئۆراسیا.........................................................325
ئاسانکردنەوەی دیاردەی ئۆراسیا...............................................325
ڕاکێشانی هاوپەیمانان...............................................................327
دەسەڵاتی ئۆراسیایی................................................................328
ئامانجە ئۆراسیاییەکان................................................................328

پاری پێنجەم: کورتەی گەڵاڵەی ئارمانجی و ئایدیای سیاسەتی داهاتووی ڕوسیا.....329
بەشی دوانزەیەم: بونیادی دەرکەوتن و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی ڕوسیا..............331
فۆرمۆڵەکانی دروستبوون و پێگەیشتنی ڕوسیا: نەگۆڕەکان (پایەدارەکان) و بگۆڕەکان....331
لێکدانەوە سەبارەت بە نەگۆڕەکان (پایەدارەکان).........................................332
لێکدانەوە سەبارەت بە بگۆڕەکان (ناپایەدارەکان).........................................334
شرۆڤەکانی دەوڵەت.................................................................335
نەخشەی کورت......................................................................337
لێکدانەوەکانی کۆمەڵگە...........................................................338
شێوازەکانی ئابوری سیاسی فڕیان بە سەر هیچەوە نییە.................................339
تەوەری ڕوسی.......................................................................339
ناوکی ئەتنی ڕوسەکان، نەتەوەی ڕوس، ژیاری ڕوسی..................................340
ژیار و دەوڵەت......................................................................340
کەلێنی کۆمەڵگە/نەتەوە............................................................342
دەرکەوتن و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و شیکاری کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ڕوسیا...........343
دژیەکی نێوان «پایەدارەکان» و «ناپایەدارەکان» لە ڕوسیای هاوچەرخ................344
حزبی «پایەدار» و حزبی «ناپایەدار»..............................................347
پێشبینی سیستمی کۆمەڵایەتی داهاتوو لە ڕوسیا...........................................348

بەشی سێزدە: لڤیاتانی روسی (برووسکەی زلهێز)..............................351
ترس وەك لەرزین و تۆقین..................................................351
هۆبز و لیڤیاتانکەی..........................................................352
«هیپۆپۆتام (ئەسپی ئاوی) روسی»...........................................353
بۆچی سەرکوت دەکەن؟ چوار هۆکاری سەرەکی.................................355
پشکی ترس لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی روسیادا.........................361
سەبارەت بە نەتەوەی ئازادیخواز و سەرکێشی روس...........................362
«لڤیاتانی ئەمرۆیی روسی»......................................................363
دەبێت چی بکرێت؟...............................................................367
رێگەی چوونەدەرەوە هەیە، یانی دەبێت ببێت...................................368

بەشی چواردەهەم: مودێرنیتە لە بەرانبەر پرسیاردا.............................371

بەشی پانزەهەم: بەرژەوەندی و بەهاکان پاش تێسخینڤالی........................381
شەپۆلی نوێی باسەکان..........................................................381
بەرژەوەندی و رێساکان.........................................................381
لە بەرژەوەندییەکانەوە بۆ بەهاکان.............................................383
ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی وەك بەهای گشتی و یونیڤێرساڵ راگەیاند...384
بەها رۆژئاواییەکان گشتی و یونیڤێرساڵ نین، نەتەوەکانی دیکە خاوەنی بەهای دیکەن......386
روسیا وڵاتیکی ئەوروپی نییە، بەڵکو ژیارێکی ئۆراسیاییە.......................387
تسخینڤالیا، خاڵی کۆتایی باسی بەهاکان.........................................389
ئێمە بەهاکانی خۆمان پاراست، واتە لە سەر حەقین.............................391
ئێمە بەرژەوەندییەکانی خۆمان پاراست، واتە ئێمە بەهێزین.....................394
کۆتایی رۆژئاواگەرایی لە روسیا................................................395

## پێش وتار
## تیۆری چوارەمی سیاسەت، بوون یان نەبوون؟

لە دنیای ئەمڕۆدا ئەو بۆچوونە دێتە ئاراوە کە سیاسەت، یان لانیکەم ئەو سیاسەتەی ئێمە دەیزانین و دەیناسین، گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی. لیبڕالیزم سەرسەختانە دەست و پەنجەی لەگەڵ دوژمنە سیاسییەکانی خۆی، لەوانە کۆنزەرڤاتیزم، دەسەڵاتخوازی، نەریتگەرایی، فاشیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم کە ڕێسا و فۆرمۆلی نوێیان ئاراستەدەکرد، نەرمکرد و لە ئەنجامدا لە سەدەی بیستەمدا بە سەر هەموویاندا زاڵبوو. پێدەچێت ئەم گریمانەیە لۆژیکی بێت کە سیاسەت دەبێتە لیبڕال و تەواوی نەیار و ڕکابەرەکانی کە لە پەراوێزدان، دەستدەکەن بە دووبارە ڕێکخستنەوەی ستراتیژ و داڕشتنەوەی لایەنی نوێی حزبە دوور لە ناوەندەکانی دژی ناوەند (ئالێن دۆبنووا)، بەڵام سەرەتای سەدەی بیست و یەك، هەموو شتێک بە پێی سیناریۆیەکی دیکە بەرەوپێشەوە چوو.

لیبڕالیزم کە بەردەوام جەختی لەسەر مینیماڵیزم و کەمینگەرایی دەکردەوە، ویستی دوای سەرکەوتن، بەشێوەیەکی گشتی سیاسەت بسڕێتەوە. لەوانەیە لەبەرئەو هۆیە بێت، کە بەرگری لە فۆڕمۆڵەبوونی حاڵەتەکانی دیکەی سیاسەت بکات و حکومەتەکەی هەتاهەتایە بمێنێتەوە و لەوانەشە لە بەر کۆتاییهێنان بە مشتومڕی سیاسیی ڕۆژ و بە هۆی نەبوونی ڕکابەر و دوژمن بە بڕوای کارل شمیت، ئامادەبوونیان لەپێناو فۆڕمۆڵەبوونی دروستی هەڵوێستی سیاسی پێویستە. هەر چۆنێك بێت لیبڕالیزم بە جۆرێك کاروباری بەرەوپێش دەبرد کە کەوتنی سیاسەتی لێبکەوێتەوە. لێرەوە لیبڕالیزم خۆی وێڕای گوزەرکردنی رووکەشی بە ئەندێشەکان، بەرنامە و گوتارە سیاسییەکان، بۆ ئاستی کەرەستە و پێداویستییەکان، هەروەها داخڵبوون بە هەناوی واقیعی کۆمەڵایەتی بە لیبڕال بوو، نەك بە شێوەی سیاسی، بەڵکو وەك حاڵەتێکی ژیانکرد و ‹سروشتی›، گۆڕانی بەسەرداهات. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییە

مێژووییەدا، سەرجەمی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان، کە بە درێژایی سەدەکانی رابوردوو پێکەوە ناکۆك و نەیاربوون، کاریگەری و پێویستیی خۆیان لە دەستدا. کۆنزەرڤاتیزم، فاشیزم، کۆمۆنیزم و ڕێبازە فکریەکانی دیکە بەزیون و لیبڕالیزم پاش سەرکەوتن، دەستبەجێ کۆمەڵێك گۆڕانکاریی لە شێوازی ژیان، بەکاربەری، تاکگەرایی و میتۆدی پۆست مۆدێرنیستیی بوونی لێکترازاوی خەڵکدا، بەدیهێنا. سیاسەت کرا بە بیۆپۆلەتیك، دابەزیيە ئاستی تاکەکەسی و خوارتریش، بەم چەشنە نەك تەنیا هەموو ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان دووچاری شکست بوونەوە، بەڵکو سیاسەت بەو شێوە و رووخسارەوە، لەوانە سیاسەتی لیبڕال لە شانۆدا نەمان. ئەوانەی دژی لیبڕالیزم بوون، کەوتنە پێگەیەکی دژوارەوە، دوژمنی سەرکەوتوو بزربوو، هیچ شتێك بۆ وەستان دژی لە ئارادا نەبوو. چۆن دەکرێت سیاسەت بکەیت، لە کاتێکدا هیچ سیاسەتێك لە ئارادا نییە؟

تەنیا چارەسەرێك بوونی هەیە: دەستهەڵگرتن لە تیۆری سیاسیی کلاسیکی سەرکەوتوو، یان بەزیو، گوشار خستنەسەر وزەی وێناکردن، وردبوونەوە لەم جیهانە پەڕگیرە نوێیە، کردنەوەی کۆدی راست و دروستی شۆڕشگێڕی پۆست مۆدێرن و رەخساندنی دۆخێکی نوێی باڵاتر لە شەڕ و شۆڕە سیاسییەکانی سەدەی نۆزدەو بیست. ئەم چارەسەرە هەمان بانگهێشتی گەڵاڵەکردن و داڕشتنی تیۆری چوارەمی سیاسەتی باڵاتر لە کۆمۆنیزم، فاشیزم و لیبڕالیزمە.

لەپێناو داڕشتنی ئەم تیۆری چوارەمەی سیاسەت، ئەم خاڵانەی خوارەوە پێویسن:

- سەرنجی دووبارە و رامان لە مێژووی سیاسیی سەدەکانی رابوردوو، وێڕای هەڵوێستی نوێ بەدەر لە چوارچێوەی کلێشە ئایدۆلۆژیەکانی تایبەت بە ئایدۆلۆژیا کۆنەکان.

- تێگەیشتنی بونیادی قووڵی کۆمەڵگەی جیهانی، کە لە بەرچاوماندا خەریکە فۆڕم وەردەگرێت؛

- کردنەوەی کۆدی راستی پارادایم و مۆدێلی پۆست مۆدێرن؛

- فێربوونی دەربڕینی نارەزایەتی لە دۆخی «عەینی»ی پرسەکان، نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە خودی تانوپۆی کۆمەڵایەتی (پۆست) کۆمەڵگەی ناسیاسی و لێکترازاو، نەك (نارەزایەتی دەربڕین لە مەڕ) هزر و ئەندێشە، بەرنامە یان ستراتیژی سیاسی؛

- لە کۆتاییدا، بەدیهێنانی مۆدێلی سەربەخۆی سیاسی، دارێژەری گەلاڵە و رێگە لە جیهانی بنبەستەکان و بەکارهێنانی دووبارە و بێ شوماری بابەتێك (پۆست مێژوو بە وتەی ژان بۆدریار)

ئەم کتێبەی لەبەردەستتاندایە تیشکی خستوەتە سەر ئەم بابەتە، واتە گەلاڵەکردن و دارشتنی تیۆری چوارەمی سیاسەت لە رێگەی لێکدانەوە، تاوتوێکردنی سێ تیۆری سیاسیی پێشو و ئایدۆلۆژیای ناسۆسیال- بەڵشەفیستی و ئۆراسیایی زۆر نزیك لە تیۆری چوارەمی سیاسەت. ئەمە بیروباوەڕێکی دەمارگیرانە و سیستمێکی فۆرمگرتوو، تەواو، یاخود گەلاڵەیەکی ئامادەکراو نییە. ئەمە بانگهێشتێکە بۆ کردارێکی داهێنەرانەی سیاسی، شیکردنەوەی رامان، تێفکرین، مەزندە و بۆچوونەکان، راڤەی هەلومەرجی نوێ و هەوڵدانێکە بۆ پێداچوونەوەی بیروڕاکانی پێشوو.

کتێبی تیۆری چوارەمی سیاسەت نەك وەك بەرهەم، یان ناونیشانێك لە کۆی بەرهەمی قۆناغە جیاجیاکانی نوسەر، بەڵکو وەك رێگەیەك بەرەو شەپۆلێکی فراوان لە ئایدیا و ئەندێشەکان، لێکدانەوە و شیکردنەوەکان، پێشبینی و گەلاڵەکان لەلایەن ئێمەوە ئاراستەدەکرێت و هەموو کەسێک لەم رێگەیەدا خاوەنی هزر و بیرێکە، دەتوانێت بە ناوی خۆیەوە شتێکی بخاتەسەر. هەرچۆنێك بێت تێکڕای رۆشنبیران، فەیلەسوفان، مێژوونوس، بیرمەند و زانایانی سەردەم، بە پیر ئەم بانگهێشتەوە دێن.

لە کتێبی رۆشنبیری گەورەی فەرەنسی «ئالێن دوبنوا»، بە ناوی «دژی لیبڕالیزم»

که لە ناوەندی «ئامفورا» بە زمانی رووسیش چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەشێك بە ناوی «بەرەو تیۆری چوارەمی سیاسەت» تەرخانکراوە. شیمانەی ئەوە دەکرێت راستڕەو و چەپڕەوەکانی پێشوو و تەنانەت خودی لیبڕالەکانیش، لە گۆڕانی چۆنایەتی بەرنامەکانی خۆیان، سڕینەوەی ئاستەم و هەستپێنەکراوی سیاسەتی لێکەوتەوە، تێگەیشتن و قسەی زۆریان پێیە. تیۆری چوارەمی سیاسەت، لە پاڵ تیۆریەکانی دیکە لە وڵاتی ئێمەدا گەلێك کارا دەبێت. یەکڕیزی لە کۆمەڵگەی جیهانی بۆ زۆربەی زۆری رووسەکان وەك درام و لە دەستدانی شوناس لە قەڵەمدەدرێت. ئایدۆلۆژیای لیبڕال دەهەی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، کەم تا زۆر بە تەواوی لەلایەن دانیشتوانەوە رەتکرایەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بە شێوەی غەریزی هەستپێدەکرێت، کە ئەگەری گەڕانەوە بۆ ئایدۆلۆژیا سیاسییە نالیبڕالەکانی سەدەی بیستەم، واتە کۆمۆنیزم و فاشیزم لە کۆمەڵگەی ئێمەدا مەحاڵە. هەرچەندە ئەم ئایدۆلۆژیایانە خۆیان لە روانگەی مێژووییەوە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی لیبڕالیزمدا هیچیان پێنەکرا، لێرەدا باسی گومڕاییە ئەخلاقییەکانی تۆتالیتاریزم ناکەین.

بەم بۆنەیەوە روسیا بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، پێویستی بە ئەندێشە و ئایدیای نوێی سیاسی هەیە. لیبڕالیزم هەڵبژاردنێکی شیاو نییە، کۆمۆنیزم، فاشیزم لە پەسەند و قبووڵکردن نایەن. ئەنجام پێویستمان بە رەخساندنی تیۆری چوارەمی سیاسەت هەیە. لە بارێکدا کە لەوانەیە ئەم پرسە بۆ کەسێك وەك بابەتی ئازادیی هەڵبژاردن بە مانای بەدیهاتنی ئازادیی سیاسی بێت، کە هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە بەرەو جەختکردنەوە یان بەرپەرچدانەوە رێنمایی بکرێت، بۆ روسیا بابەتی مان و نەمان، یان پرسێکی هاملێتیانە، واتە پرسی مان و نەمانە. گەر روسیا «بوون» هەڵبژێرێت لەو حاڵەتەدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، واتە رەخساندنی تیۆری چوارەمی سیاسەت. لە بەرامبەردا «نەبوون» هیچ نییە، جگە لە ئارام و بێدەنگ بەجێهێشتنی شانۆی سیاسی و توانەوە لە جیهانێکدا، کە نە خۆمان ساز و رێکمان خستووە و نە بۆمان هەیە رێگە و رێبازی بۆ دیاریبکەین.

# پاری یەکەم
# سەرەتایەك لەبارەی
# تیۆری چوارەمی سیاسەت

# بەشی یەکەم:
# تیۆری چوارەمی سیاسەت
# کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کۆتاییەکانی سەردەمی مۆدێرن

سەدەی بیست کۆتاییهاتووە و ئێمە تازە بە شێوەی واقیعی بە نیازین، لەو بابەتە بگەین. سەدەی بیست، سەدەی ئایدۆلۆژیاکان بوو. گەر لە سەدەکانی رابـوردوودا ئایینەکان، زنجیرەکان، چین و توێژ، حکومەت و میللەتەکان رۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە ژیانی خەڵك و کۆمەڵگە دا گێڕابێت، لە بەرانبەردا سەدەی بیست، سیاسەت بە دووبارە کێشانەوەی نەخشەی جیهان، نەتەوە و ژیارەکان بە شێوازێکی نوێ، بەرەو پانتاییەکی پڕاوپڕ ئایدۆلۆژی کێشکرا. ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان تاڕادەیەك خواستی بەژیاری قووڵتری رابوردوویان دەهێنایەوە یاد و تا رادەیەکیش بە تەواوی نوێباو بوون.

سەرپاکی ئایدۆلۆژیا سیاسییەکان لە سەدەی بیستەمدا گەیشتبوونە ترۆپکی پەرەگرتوویی و بڕشتی خۆیان، دەرئەنجامی سەردەمی نوێ بوون و هەرچەند بە شێوەی ناهاوشێوە و تەنانەت بە نیشانەی جیاواز، رۆحی مۆدێرنیتەیان دەردەخست. ئێمە ئەمڕۆ بە خێرایی لەم قۆناغە تێدەپەڕین. هەربۆیە زۆرجار باسی «قەیرانی ئایدۆلۆژیاکان» یان تەنانەت «کۆتایی ئایدۆلۆژیاکان» دەکرێت. (هەروەك چۆن لە یاسای بنەڕەتی فیدراسیۆنی روسیادا هەیە، راستەوخۆ بوونی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی رەتدەکرێتەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، وردتر لەم تەوەرە بدوێین.

## سێ ئایدۆلۆژیای بنەڕەتی و چارەنووسیان لە سەدەی بیستەمدا

ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکانی سەدەی بیستەم بریتی بوون لە:

- لیبڕالیزم (ڕاست و چەپ)

- کۆمۆنیزم (هەم مارکسیزم و هەم سۆسیالیزم و سۆسیال- دیمۆکراتیش دەگرێتەوە)؛

- فاشیزم (ناسیۆنال - سۆسیالیزم و جۆرەکانی دیکەی «ڕێگای سێیەم» ناسیۆنالیزم-سەندیکالیزمی فرانکۆ، «جاستیسیالیزم» پڕۆن (یان پڕۆنیزم) و ڕژێمی سالازار و هتد دەگرێتەوە).

ئەمانە خۆیان لەڕێگەی پێکهێنانی سەرجەمی مێژووی سیاسیی دراماتیك و خوێنینی سەدەی 20، لە نێو خۆیاندا لە سەر مانەوە نا، بەڵکو لە سەر نەمان شەڕیان دەکرد. پێدەچێت ریزی ئاراستەکردنی ئەم تیۆریانە (تیۆری سیاسی)، لەڕوانگەی ڕادەی گرنگی و لە پێشبوونی سەرهەڵدانیانەوە، بەو شێوەیەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، لۆژیکی بێت.

لیبڕالیزم یەکەم ئایدۆلۆژیای سیاسی بوو، کە لە سەدەی هەژدە سەریهەڵدا و لە کۆتاییدا پاش ململانێیەکی مێژوویی و سەرکەوتن بە سەر ڕکابەرەکانیدا، وەك بەردەوام و سەرکەوتووترین تیۆر ناسێنرا. جگە لە هەموو ئەمانە لیبڕالیزم، بەم سەرکەوتنە توانای بانگەوازی خۆی، کە بریتی بوو لە کامڵبوونی میراتی سەردەمی ڕۆشنگەری، سەلماند. ئەمڕۆکە ڕوون و ئاشکرایە کە لیبڕالیزم بەراورد بە تیۆریەکانی دیکە، بە چەشنێکی وردتر هاوئاسۆی سەردەمی مۆدێرنیتە دەبێتەوە، گەرچی پێش ئەویش، کۆمۆنیزم وەك تیۆرێکی سیاسیی دیکە (بەشێوەی بەرچاو، چالاکانە و هەندێجار قەناعەت هێنەر) دەکەوتە تەنیشتییەوە. ئەژمارکردنی کۆمۆنیزم (وەك سۆسیالیزم لە هەموو شێوە و شێوازە

جۆراوجۆرەکانیدا)، وەك دووەم تیۆری سیاسی دادپەروەرانەیە. کۆمۆنیزم درەنگتر لە لیبڕالیزم و لە پێگەی کاردانەوەیەکی رەخنەگرانە بەرانبەر بە فۆرمۆڵە بوونی سیستمی بۆرژوازیی - کاپیتالیستی، کە لیبڕالیزم بە سەرچاوەی ئایدۆلۆژی لە قەڵەم دەدرێت، هاتە ئاراوە. لە ئەنجامدا فاشیزم بە سێیەم تیۆری سیاسی دادەنرێت. فاشیزم هاوکات کە بانگەوازی گوزارشتی خۆی بە هۆی رۆحی مۆدێرنیتەوە دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە روویکردۆتە ئامانج و سیمبولەکانی کۆمەڵگەی نەریتی. ئەم بابەتە لە هەندێك باردا دەبووە هۆی شپرزەیی و شێوان، هەندێجاریش دەبووە هۆی هەوڵی کۆنزەرڤاتیڤەکان بۆ رێبەری کردن و رینمایی شۆڕش، لە جیاتی بەرهەڵستی و هاندانی کۆمەڵگە بۆ دژایەتیکردنی (ئارسۆر مولەر ڤان دێن بروك Arthur Moeller Van Den Brukor) و (دیمیتری مێرژۆفسکی Dimitry Sergeyevich Merezhovsky) و هتد.....

فاشیزم درەنگتر لە هەموو تیۆرە سیاسییە گەورەکانی دیکە سەریهەڵدا و بەر لە هەموو ئەوانەش لە ناوچوو. هاوپەیمانیی تیۆرەکانی یەکەم و دووەمی سیاسەت، هـەروەك گریمانە و ژمێریاریە جیۆپۆلەتیکییە رووخێنەرەکانی هیتلەر، فاشیزمی بەرەو باڵگرتن و فڕین هاندەدا. تیۆری سێیەمی سیاسەت بێ ئەوەی گەندەڵ بوون، یان توانەوەی سرووشتیی خۆی چاو پێ بکەوێت (پێچەوانەی یەکێتی سۆڤێت) بە «مەرگێکی زۆرەملێ» کۆچی دواییکرد. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، کە ئەم دێوەزمە خوێنخۆرە کەوتووەتە سەیوانەیەکی بیرهێنەرەوەی «شەڕی جیهانی» و بەم رادەیە لە لایەن ئەوانەی لە کەوتن و نەماندان، پێشوازیی لێدەکرێت و تا هەنوکەش بەردەوام دەبێتە هۆی ترس و تۆقانی مرۆڤایەتی.

به لەناوچوونی فاشیزم گۆڕەپانەکە بۆ کێبڕکێ و دژبەرایەتیی تیۆرەکانی یەکەم و دووەم چۆڵبوو. ئەم دژبەرایەتییە بە شێوەی «شەڕی سارد» بەردەوامی هەبوو و لاسایی کردنەوەیەك بوو لە ئەندازەی ستراتیژێکی «جیهانی دوو جەمسەری» کە بۆ ماوەی نیو سەدە درێژەی بە ژیان و مانەوەی دابوو. ساڵی ١٩٩١ یەکەم تیۆری سیاسی، واتە لیبڕالیزم بە سەر تیۆری سیاسیی دووەم، واتە سۆسیالیزمدا سەرکەوت، کە ئاوابوونی خۆری کۆمۆنیزمی جیهانیی لێکەوتەوە.

بەم چەشنە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە سێ تیۆری سیاسی کە دەیانتوانی هاندەر و ورووژێنەری جەماوەری چەند میلیۆنی بن لە سەرتاسەری گۆی زەویدا، تەنیا - تیۆری لیبڕال- مایەوە، بەڵام کاتێك ئەم تیۆرە بە تەنیا مایەوە، هەموان بە یەکدەنگ بانگەوازی «کۆتایی ئایدۆلۆژیاکان»یان کرد، بۆچی؟

## کۆتایی لیبڕالیزم و سەرهەڵدانی پۆست لیبڕالیزم

گوایە سەرکەوتنی لیبڕالیزم –تیۆری یەکەمی سیاسەت- هاوکاتە لەگەڵ کۆتاییەکەیدا، بەڵام ئەم پارادۆکسە شتێکی رواڵەتی بوو. لیبڕالیزم هەر لە سەرەتاوە ئایدۆلۆژیایەك بوو، ئەگەرچی لەڕووی فەلسەفە، دەستوور، رێکوپێکییەوە هیچ لە مارکسیزم کەمتر نەبوو، بەڵام دەمارگرژانە و دۆگماتیك نەبوو. لیبڕالیزم لەڕوانگەی ئایدۆلۆژییەوە لە خاڵی بەرانبەر مارکسیزم و فاشیزمدا وەستابوو، بەم چەشنە تەنیا لەگەڵیاندا لەسەر مانەوە دەکەوتە شەڕێکی تەکنەلۆژییەوە، بەڵکو بەرگری لە مافی خۆشی دەکرد وەك تاکە فۆڕمپێدەری داهاتوو. کاتێك هێشتا ئایدۆلۆژیا رکابەرەکان زیندوبوون، لیبڕالیزم وەك یەك ئایدۆلۆژیا و بە دەربڕینێکی دیکە وەك کۆمەڵێك لە ئامانج و بیروباوەڕ و گەڵاڵەی تایبەتی بنەڕەتی مێژوویی خۆی، مانەوە و پایەداری خۆی دەپاراست. هەریەك لەم سێ تیۆرە سیاسییە خاوەنی بنەما و بوونی خۆیان بوون.

بنەمای کۆمۆنیزم، چینی کۆمەڵایەتی و بنەمای فاشیزم، دەوڵەت (لە فاشیزمی ئیتالی کە بۆ موسۆلینی دەگەڕێنرێتەوە)، یان نەتەوە (فاشیزمی ناسیۆنال - سۆسیالیزمی هیتلەر) بوو، بەڵام لە لیبڕالیزمدا، تاك بەتاڵ لە هەموو شێواز و فۆڕمەکانی شوناسی کۆیی و رزگار لە هەر چەشنە «گرێدراوییەك»بە بنەما و بنەڕەتی ئەم تیۆرە ئەژماردەکرا. تا ئەو کاتەی جەنگ و ناکۆکی ئایدۆلۆژی، خاوەنی دژبەری رەسمی بوو، سەرجەم نەتەوە و کۆمەڵگەکان (هەرچەند بە شێوەی تیۆریك) دەرفەتی هەڵبژاردن بۆ گەڕانەوە بۆ دامەزراوە و بنەما جۆراوجۆرەکان، واتە چینی کۆمەڵایەتی، نەتەوە (دەوڵەت) یان تاکیان هەبوو.سەرکەوتنی لیبڕالیزم کۆتایی بەم پرسە هێنا و تاك لە سنوری تەواوی مرۆڤایەتیدا، بووە شێوەی بوونێکی نۆرمەتیڤ.

لێرەشدا دیاردەی بەجیهانی بوون دێتەئاراوە و شێوازێك لە کۆمەڵگەی بان پیشەسازی بۆ خۆی بەدەستەوە دەدات و بەم چەشنە سەردەمی پۆست مۆدێرن دەستپێدەکات. لێرە بەدواوە بنەمای تاکە کەسی چیدی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو بە جۆرێك بوونی گشتی و حەتمی دەژمێردرێت. مرۆڤ لە کۆتوبەند «گرێدراوییەکان» رزگاری دەبێت و ئایدۆلۆژیای «مافی مرۆڤ» (لانیکەم بە شێوەی تیۆری) لە لایەن هەمووانەوە پەسەنددەکرێت و لەراستیدا دەبێتە بابەتێکی گشتی و حەتمی. مرۆڤایەتی کە لەتاکەکان پێکهاتووە، بە شێوەی سروشتی بەرەو جیهانگیر پەلکێش و دەکەوێتە کەوڵێکی جیهانی و یەکپارچەوە. بەم چەشنە، گەڵاڵەی «دەوڵەتی جیهانی» و «حکومەتی جیهانی» (گلۆبالیزم) دەردەکەوێت. ئاستی نوێی پەرەی تەکنەلۆژی، رێگەی دەستڕاگەیشتن بە سەربەخۆیی و وابەستە نەبوون بە بونیاد بەندی چینایەتیی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان (بان پیشەسازی) ئاوەڵا دەکات.

بەهاکانی راسیۆنالیزم، زانستگەرایی و پۆزەتیڤیزم وەك «شێوازی شاراوەی ستراتیژە سەرکوتکارە تۆتالیتارەکان» (گێڕانەوەی مەزن ) دەناسرێنەوە و

ڕەخنەیان لێدەگیرێت. هاوڕێ لەگەڵ ئەمەش بە ناوکۆی ئازادیی تەواو و سەربەخۆیی تاك لە هەر چەشنە هۆکاری ڕێگر لەوانە عەقڵ، ئەخلاق و شوناس (کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و تەنانەت ڕەگـەزی) ڕێکوپێکی و هتد بەرزدەنرخێنرێن. (پۆست مۆدێرن).

لەم قۆناغەدا لیبڕالیزم توانای پاراستنی پێگەی خۆی وەك یەکەم تیۆری سیاسی نامێنێت، بەڵام دەگۆڕێت بۆ تاکە کردەوە و شێوازی بان سیاسی. «مەرگی مێژوو» دێتە پێشەوە و ئابوری، یان بە دەربڕینێکی باشتر، بازاڕی جیهانی جێگەی سیاسەت دەگرێتەوە. نەتەوە و دەوڵەتەکان لە بۆتەی بەجیهانی بووندا گرفتاردەبن. لیبڕالیزم دوای سەرکەوتن لەناودەچێت و دەبێتە شتێکی دیکە، واتە پۆست لیبڕالیزم کە هەڵگری شیکردنەوە و ڕاڤەی سیاسی تر و پەیوەست بە هەڵبژاردنی ئازادانەش نییە، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەکان وەك «چارەنوس» وەردەگیرێت. (تێزی کۆمەڵگەی بان پیشەسازی- «ئابوری چارەنوس»یشە، هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت).

بەمشێوەیە سەرەتای سەدەی بیستویەکەم، دەبێتە کۆتایی هەر سێ ئایدۆلۆژیاکە، کە هەر یەکەیان بە شێوەیەك دەگەنە کۆتایی. تیۆری سێیەمی سیاسەت هەر لە سەرەتای «لاوێتی»ییەوە لە نێو برا و تیۆری دووەم بە هۆی زۆر پیر و پەڕپووت بوونیەوە تێداچوو. تیۆری یەکەمیش لە قاڵب و داڕێژگەیەکی دیکەدا بە شێوەی پۆست لیبڕالیزم و «کۆمەڵگەی بازاڕی جیهانی» دیسان لە دایکبووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم تیۆرە سیاسییانە بە ڕادەی سەدەی بیستەم، هەنوکە چیدی گونجاو و کاریگەر و کارامە نین. ئەوان هیچ شتێکمان بۆ ڕاڤە ناکەن و بۆ فامکردنی واقیع و دۆزینەوەی وەڵامی شیاو بۆ بانگەوازە جیهانییەکان یارمەتیمان نادەن. لەم ڕووەوە پێویستی ڕەخساندنی چوارەمین تیۆری سیاسی زەروری دەبێت.

## تیۆری چوارەمی سیاسەت، وەك تیۆرێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخی هەنووکەیی

تیۆری چوارەمی سیاسەت ناتوانێت لە خۆوە بخرێتە بەردەستمان. دەکرێت ئەم تیۆرە بەدیبێت یان بەدینەیەت. دەکرێت پێشمەرجی بەدیهاتنی (ئەم تیۆرە) پێچەوانەبێت: پێچەوانەبوون لەگەڵ پۆست لیبرالیزم وەك شێوە و کردارێکی گشتی، هەروەها پێچەوانەبوون لەگەڵ بەجیهانیبوونی پۆست مۆدۆرنیتە، «کۆتایی مێژوو»، دۆخی هەنوکەیی پەرەی زۆرەملێی رەوتی بنەڕەتیی ژیارگەرایانەیە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا.

دۆخی هەنوکەیی، خۆڕاگری و ناچارکردن و زۆرەملێیی، بیر لە هیچ تیۆرێکی سیاسی ناکەنەوە. پێویستە ئەم دنیا جیهانگیرە تەنیا و تەنیا لەرێگەی یاسای ئابوری و ئەخلاقی گشتی و کۆی «مافی مرۆڤ»ەوە بەڕێوە ببرێت. هەموو بڕیارە سیاسییەکان جێگەی خۆیان بۆ بڕیاری تەکنیکی چۆڵدەکەن. تەکنەلۆژیا و زانست شوێنی هەموو شت دەگـرنـەوە. ئالێن دوبنوای فەیلەسوفی فەرەنسی ئەم رەوتە بە «کارگێڕی و چاودێری» ناودەبات. بەڕێوەبەران و پسپۆڕە تەکنیکییەکان لە ئەرکی ئامادەکردن و رێکخستی ئیدارە و کۆنترۆڵی ئەم دنیا مەزنەیان لە ئەستۆیە، لە جیاتی سیاسەتمەدارەکان کە بڕیارە مێژووییەکان دەردەکەن، کاروبارەکان راییدەکەن، کۆمەڵانی خەڵك یەکسان دەکرێن بە کۆمەڵانی کەرەستە و شمەکی کەسی، هەربۆیە واقیعی پۆست لیبرالیزم (و وردتر بدوێین، ئەوەی مەجازی و گریمانەییە و زیاتر لە هەوڵی ئەوەدایە، خۆی لە واقیع نزیك بخاتەوە) راستەوخۆ سیاسەت بەرەو لەناوچوونی تەواو پاڵدەنێت.

دەتوانن ناڕازیبوونی خۆیان نیشانبدەن لەوەی کاتێك لیبڕالەکان باسی «کۆتایی ئایدۆلۆژیا» دەکەن، «درۆ دەکەن» (مشتومڕی من لەگەڵ ئەلف. زینۆیۆفی فەیلەسوف هەر لە سەر ئەم تەوەرەیە) و ئەوان "لەڕاستیدا" بەرانبەر بە ئایدۆلۆژیاکەی خۆیان بەئەمەک ماونەتەوە و تەنیا چاو لە مافی بوون و مانەوەی ئایدۆلۆژیاکانی دی دادەخەن، بەڵام دۆخەکە بەمشێوەش نییە. کاتێك کە لیبڕالیزم لە لایەنگری ئارمانجی و مەسلەکییەوە دەگۆڕێت بۆ تەنها ناوەڕۆکی جەوهەر و زاتی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی، ئەمە چیدی «ئایدۆلۆژیا» نییە، بەڵکو واقیعێکی زاتی و عەینییە. ئەم دەستورە «عەینییە»، ئەو شتانەیە کە باس و مشتومڕ لە سەریان نەك تەنیا قورس و دژوارە، بەڵکو بێسود و بێکەڵکیشە. لیبڕالیزم سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم لە زاتی بوون بۆ عەینییەت تێپەڕ دەبێت. ئەمە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی گریمانە و دنیای مەجازی جێگەی واقیع بگرێتەوە.

تیۆری چوارەمی سیاسەت بە ئەڵتەرناتیڤی پۆست لیبڕالیزم لە قەڵەمدەدرێت، بەڵام نەك وەك لایەنگرییەکی ئامانجی و لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنگرییەکی ئارمانجخوازانەی دیکە، بەڵکو بەشێوەی ئەندێشەیەك کە لەبەرانبەر جەستەیی و زاتدا دەوەستێت؛ وەك ئەگەرێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی واقیعی و راستی، هەروەها وەك ئەوەی کە بوونی نییە، بەڵام بەرەنگاری شتێك دەبێتەوە، کە سەردەمانێکە لە بووندایە.

لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری چوارەمی سیاسەت، ناتوانێت درێژەدەری تیۆرەکانی دووەم و سێیەم بێت. کۆتایی فاشیزمیش هاوشێوەی کۆتایی کۆمۆنیزم، تەنیا بەدحاڵیبوونێکی رێکەوتی نییە، بەڵکو کەرەستەی دەربڕینی لۆژیکی روون و دیاری مێژوو بوو. ئەوان بەگژ رۆحی مۆدێرنیتەدا دەچوونەوە و فاشیزم کەم تا زۆر بە ئاشکرا و کۆمۆنیزم بە نهێنی، تووشی شکست و بەزین بوون. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە؛ لێکدانەوەی سەردەمی سۆڤێت وەك دواهاتی تایبەتی «ئەنجامناسانە»ی کۆمەڵگەی نەریتی بەرهەمی م. ئاگۆرسکی یان س. کارامۆرزا.

کەوابوو خەبات لە دژی گۆڕانی پۆست مۆدێرنیستیی لیبڕالیزم بۆ پۆست مۆدێرنیزم و گڵۆباڵیزم، دەبێت لەڕووی چۆنێتیەوە بە شێوەیەکی دیکە بێت و لەسەر بنەما و پرەنسیپی نوێ بونیادبنرێت و ستراتیژی نوێ بهێنێتەئاراوە. هەرچۆنێك بێت خاڵی دەستپێکی ئەم ئایدۆلۆژیا لەئارادایە، بەڵام گەرەنتی ناکرێت، کارەساتی لێناکەوێتەوە، پێشتر پێناسە و دیاری نەکراوە، لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤ و رۆحی ئەو سەرچاوەی گرتووە، نەك لە رەوتەکانی لەدەستدانی کەسێتی مێژوویی، ئەم خاڵی دەستپێکە، هەمان نەرێکردنی شوناسی پۆست مۆدێرنە، بەڵام ئەم شوناسە (رێك وەك دۆزینەوەی ناوەڕۆکی مۆدێرن کە پێشتر تەمومژاوی بوو، ئەو مۆدێرنەی تەواو ناوەڕۆکی خۆی بەدیهێنا، توانا و ئیمکانە ناوەکییەکانی روویان لە تەواوبوون ناو بەناچاری هانای بۆ رەوتی نۆژەنکردنەوەی قۆناغەکانی پێشوو برد)، بابەتێکی پڕاوپڕ نوێ و تازەیە کە پێشتر ناڕوون بووەو تەنیا لەڕووی هەست و ئاوەز و بەشێوەی ناتەواو و چەند پارە لە قۆناغی کۆنی مێژوو و خەباتی ئایدۆلۆژی مەزندەکراوە.

تیۆری چوارەمی سیاسەت گەڵاڵەی «هیرشی خاچپەرستانە»یە لە دژی:

- پۆست مۆدێرن.
- کۆمەڵگەی بان پیشەسازی.
- ئەندێشەی لیبڕالیزمی بە کردەوە بوو.
- گڵۆباڵیزم و بنەڕەتی لۆجستیك و تەکنەلۆژی.

گەر تیۆری سێیەمی سیاسەت لەڕاستەوە و تیۆری دووەمی سیاسەت لە چەپەوە-سەردەمانێك رەخنەیان لە کاپیتاڵیزم دەگرت، بەڵام لەم قۆناغە هەنوکەییەدا، چیدی ئەو شوێنگەراییە سیاسییەی جاران بەدیناکرێت، چونکە دیاریکردنی راست و چەپ بە نیسبەت پۆست لیبڕالیزمەوە ئیمکانی نییە و بابەتێکی نەکردەیە. تەنیا دوو هەڵوێست بوونی هەیە کە یەکێکیان رێککەوتن (لە ناوەندا بوون) و ئەویدی ناڕێککەوتن (لە پەڕاوێزدا بوون)ە. هاوکات کە هەر دووکیشیان جیهانین.

تیۆری چوارەمی سیاسەت، کۆبوونەوەی هەموو ئەو شتە بەڕواڵەت فڕێدراو، بەرپەرچدراو، بە سوك سەیرکراو لەڕەوتی بونیادنانی «کۆمەڵگەی نمایشی» پۆست مۆێرنە. «هەر ئەو بەردەی بیناکان فڕێیانداوە، بۆتە گرنگترین بەردی بناغە» (ئینجیل مەرقۆس ١٢:١٠) ئەلێکساندەر سیکاتسکی فەیلەسوف بەجوانی ئاماژە بە گرنگی «پەراوێزەکان» بۆ شێوەڕێژبوونی وزەی ئەزەلی فەلسەفەی نوێ دەکات، هاوڕێ لەگەڵ ئەوە کە وەك خوازە زاراوەی «مێتافیزیکی زبڵ» یش پێشنیاردەکات.

## شەڕ لە سەر پۆست مۆدێرن

تیۆری چوارەمی سیاسەت لەگەڵ ئەو دوژمنە مێژووییەی دووبـارە لە دایکبووەتەوە، مامەڵە دەکات. ئەم تیۆرەش هاوشێوەی تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەم دەستدەداتە شەڕ لە دژی لیبرالیزم، بەڵام لەهەلومەرجێکی نوێدا. نوێخوازی بنەڕەتی ئەم هەلومەرجە لەوەدایە، کە تەنیا لیبرالیزم لەناو سێ ئایدۆلۆژیای گەورەی سیاسی بەرگری لە مافی میراتی رۆحی مودێرن کرد و فۆرمولەبوونی «کۆتایی مێژوو»ی بە پێی پێشمەرجەکانی خۆی بەدیهێنا.

کۆتایی مێژوو لەڕوانگەی تیۆرییەوە دەیتوانی بە جۆرێکی دیکە بێت: «رایشی جیهانی» (گەر نازیەکان سەرکەوتبان)، «کۆمۆنیزمی جیهانی» (گەر لەسەر حەق بوونی کۆمۆنیستەکان دەرکەوتبا)، بەڵام «کۆتایی مێژوو» رێك و راست بوو بە شتێکی لیبڕال (یەك لەو کەسانەی پێش هەموان درکی بەم بابەتە کرد (ئەلف. کاژیف)ی فەیلەسوف بوو، دواتر فۆکۆیاما ئەندێشەکانی دووبارە کردەوە)، بەڵام هەر چەشنە گەڕانەوە بۆ مودێرنە و پێشمەرجەکانی، کە نوێنەرانی تیۆری سیاسی دووەم (بەرێژەیەکی زیاتر) و سێیەم بانگەوازیان بۆ دەکرد، وابەستەیی و پەیوەندیی خۆیان لە دەستدەدەن. ئەوان شەڕ لە سەر مۆدێرنەیان واز لێهێنا (لیبراڵەکان لەم شەڕەدا سەرکەوتنیان بە دەستهێنا). لەبەر ئەم هۆکارە، بابەتی مۆدێرنە ( هەروەها مۆدێرنیزاسیۆن) لەوانەیە لە دەستوردا نەمێنێت و بسڕدرێتەوە. ئێستا شەڕ لەسەر پۆست مۆدرێن دەردەکەوێت.

لێرەدایە کە کۆمەڵێك  ئاسۆی نوێ دەکەوێتە بەرچاوی تیۆری چوارەمی سیاسەت. ئەو پۆست مۆدێرنەی ئەمڕۆ بە کردەوە دێتەئاراوە (پۆست مۆدێرنی پۆست لیبڕالیزمی)، خۆی لۆژیکی سەرسەختانەی مۆدێرن لە نێودەبات. دوای گەیشتنە ئامانج، قۆناغەکانی نزیککەوتنەوە لەو ئامانجە، گرنگی خۆیان لە دەستدەدەن. سەختی گوشاری دەزگای ئایدۆلۆژی کەم دەبێتەوە. دیکتاتۆری ئەندێشە جێی خۆی بۆ دیکتاتۆری کەرەستە و ئامێر، کۆدەکانی چوونەژوورەوە (login-Password)  و بارکۆد چۆڵدەکات. چەندین کون و کەلەبەری نوێ دەکەوێتە تانوپۆی قوماشی واقیعی پۆست مۆدێرنیستییەوە. هـەروەك چۆن تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەم (کە بە شێوازێکی ئەنجامناسانەی سوننەتگەرایی دەژمێردران) لە سەردەمی خۆیاندا هەوڵیاندەدا لە شەڕ لەگەڵ لیبڕالیزم (تیۆری یەکەمی سیاسەت)، «مۆدێرن ئامادە بکەن»، ئەمڕۆ ئەو چانسە هەیە بە کەڵك وەرگرتن لەم «کون و کەلەبەرە تازانە» بە جۆرێکی هاوشێوەی ئەوە بەرەوڕووی پۆست مۆدێرنە ببینەوە.

لیبڕالیزم بەرامبەر بە خاڵە ئایدۆلۆژیکە راستەو راستەکان، کەرەستە و توانای کاریگەرتری بەکارهێنا، کە سەرکەوتنیشی هەر لە سەریان جێگیربوو، بەڵام هەر ئەم سەرکەوتنە زۆرترین مەترسی بۆ لیبڕالیزم دەکاتە دیاری. تەنیا کارێك کە پێویستە ئەنجامبدرێت، ئەژمارکردن و ناسینی ئەم خاڵە مەترسیدارانەیە بۆ سیستمی جیهانی گڵۆباڵ و کردنەوەی ئەو کۆدانەی بۆ دەستڕاگەیشتن بە شکاندنی قفڵی سیستم و چوونە ناوەوەی هەیە. لانیکەم وەک هەوڵێك لەم بوارەدا ئەنجامدرابێت. رووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر لە نیویۆرك نیشانیدا، ئەم بابەتە بە شێوەی تەکنەلۆژیش ئەنجامدەدرێت. تۆڕی پەیوەندییەکان دەتوانێت زانیاری بە دژبەرە سەرسەختەکانی خۆشی بگەیەنێت. هەرچۆنێك بێت، یەکەم هەنگاو، دەبێت پۆست مودێرن درکی پێبکرێت و لە پێگەی نوێ، قووڵتر لەوەی مارکس لە بونیادی کەپیتالیزمی پیشەزای تێگەیشتبوو، تێبگەین. تیۆری

چوارەمی سیاسەت، دەبێت لە پۆست مودێرن و داڕمانی بەرنامەی رۆشنگەری و برەوسەندنی کۆمەڵگەی خەیاڵات و وێکچوونییەکان «ئیلهامی رەش» ی خۆی وەربگرێت، لە کاتێکدا وەك هاندەرێك بۆ خەبات، نەك داتایەکی تێکدەر بە دەستیبێنێت. دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتانە دەستمان بەچەندین دەرئەنجامی زانستی تایبەت بە بونیادی تیۆری چوارەمی سیاسەت بگات.

## روانینەوە لە رابوردوو و دۆڕاوەکان

گەر تیۆرەکانی دووەم و سێیەمی سیاسەت بە تایبەتی بە هۆی ئەو تێگەیشتنەی بۆ خۆیان هەیانبوو، ئەو شتەی بانگەشەیان بۆ دەکرد و چۆنێتی کردەوەکانیان وەك چەند خاڵی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی لیبڕالیزم پەسەند ناکرێن، کەوابوو هیچ شتێکی دیکە رێگر نییە، تاکو پێداچوونەوەیەکی دووبارە بە حەقیقەتی دۆڕانیاندا بکەین، وەك بابەتێکی حەتمی و بنبڕ. لەو رووەوە لۆژیکی مێژووی سەردەمی نوێ بۆتە هۆی سەرهەڵدانی پۆست مودێرن، کەواتە هەمان پۆست مۆدێرن شوناسی شاراوەی قۆناغی نوێی پێکدەهێنا، کە تەنیا لە کۆتایی رێگەیدا دەرکەوت.

تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەم بوون بە کاندیدی رەنگدانەوە و دەربڕینی رۆحی مۆدێرن، بەڵام ئەم بانگەشانە رووبەڕووی شکست بووەوە. داڕێـژەرانـی تیۆری چوارەمی سیاسەت بەڕێژەیەکی ئێجگار کەم، هۆگری هەموو ئەو شتانەن کە پەیوەندییان بە ئامانج و مەبەستە بەدینەهاتووەکانی ئایدۆلۆژیاکانی پێشووەوە هەیە، بەڵام پێش هەموو شتێك، دەبێت حەقیقەتی شکستییان بۆ شایستەییان بگەڕێنرێتەوە، نەك بۆ ناشایستەیی و بێکەڵك بوونیان. گەرچی شکستیانهێناوە، بەڵام لەم دۆخەشدا سەلماندیان، کە تایبەت بە رۆحی مۆدێرن نین، رۆحێك کە یەکەم قۆناغ جەستە و ماتریسی پۆست لیبڕالیزمی لێکەوتەوە و خاڵی ئەرێنیی ئەوانیش رێك لەمەدایە. جگە لەمانە، نوێنەرانی

تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەم- وشیار یان ناوشیار- لایەنی «نەریت»یان دەگرت، هەرچەندە دەرئەنجامی پێویستیان لێ بەدەستنەهێنا و بە گشتی پەسەندیاننەکرد.

دەبێت بە جیاکاریکردن لەنێوان ئەوەی تیایاندا بەهادار نییە و پاراستنی ئەوەی بەهادارە، پێداچوونەوەیەك بە تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەمدا بکەین. وەك ئایدۆلۆژیای کۆتاییهاتوو، کە پێ لەسەر تەواوێتی و کامڵبوونی خۆیان دادەگرن، لە روانگەی پراکتیکی و تیۆرییەوە، بە تەواوی نەشیاو و بێکەڵکن، بەڵام هەندێك توخمی پەراوێزخراو کە بە زۆری لەڕەوتی کاردا لەبەرچاوناگیرێن، یان بە هەند وەرناگیرێن (دیسان «مێتافیزیای خشت و خاڵ» بیردێنینەوە) دەتوانن بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەهادار و گرنگ دەربکەون.

بەڵام بە هەر حاڵ، دەبێت لەڕوانگەیەکی نوێوە و لە پێگەی تازە و تەنیا پاش وەرگرتنەوەی باوەڕمەندیمان لەو بونیادە ئایدۆلۆژیانەی کە «بیروباوەڕی پتەو»یان لە سەر دامەزراوە، پێداچوونەوە بە تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەمدا بکەین. «بیروباوەڕی پتەو»ی ئەو تیۆرانە لەچاو بەشە پێکهێنەرەکانی دیکەیاندا، کەمتر سەرنجراکێش و سودمەندە. لەو شوێنەدا کە بیروڕای ناهاوشێوە و دژبەریان دەیتوانی کارامەتر بێت، «مارکس بە روانگەی پۆزەتیڤ بۆ راست» و «ئێڤۆلا بەڕوانگەی پۆزەتیڤ بۆ چەپ»، بەڵام ئەم دەستپێکە راکێشەرە «ناسیۆنال-بەلشەفیکییە» (بەشێوەی ئێن. ئۆستریالۆف و یان ئێ. نیکیش) خۆی تەواو نییە، چونکە تێکەڵی میکانیکی تیۆرەکانی دووەم و سێیەمی سیاسەت بە هیچ کوێمان ناگەیەنێت. تەنیا بە ئاوڕدانەوەیەك لەڕابوردوو، دەتوانین ئەو بەستێنە گشتییە کە بە توندی دژی لیبڕالیزم بوو، بکێشینەوە. ئەم کردەوە مێتۆدۆلۆژییە وەك پرۆڤە و خۆ ئامادە کردنێك بۆ

گەڵاڵەکردن و دارشتنی تەواوی تیۆری چوارەمی سیاسەت بەسودە. لە راستیدا لێکدانەوەی تیۆرەکانی دووەم و سێیەمی سیاسەت تەنیا بە پێی چوارەم تیۆری سیاسی پێکهاتوو، لەوانەیە بابەتی گرنگ تیایدا- هەرچەند لە بنەڕەتدا هێند گرنگ نییە- پۆست مۆدێرن و هەلومەرجەکەی بێت، کە بریتین لە جیهانی گلۆباڵ، حکومەتی کۆمەڵگەی بازاڕی، پۆپۆلیزمی مافی مرۆڤ، «دەسەڵات و زاڵێتی راستەقینەی سەرمایە» و هتد.

## گەڕانەوەی نەریت و خواناسی

نەریت (ئایین، پلەبەندی و خێزان)، لە سەردەمی مۆدێرندا بەهاکانیان گلۆڵەیان کەوتۆتە لێژی و روویان لە کەوتن و نەمان کردووە. لەڕاستیدا هەر سێ تیۆری سیاسی وەك ستراکچەرە درۆینەکانی ئایدۆلۆژیکی ئەو مرۆڤانەی (بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر) وێنای «مەرگی خودا» (ف.نیچە)، نەهێشتنی جادو لە جیهان» (م.ڤیبەر) و «کەوتنی پیرۆزیەکان»یان لە زەیندایە، چاو لە هەر سێ تیۆرە سیاسییەکە دەکرێت. وزەی هاوکێشی سەردەمی نوێش هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێت: مرۆڤ لە شوێنی خودا دانیشت، فەلسەفە و زانست جێگەی ئۆل و ئایینیان گرتەوە و بونیادی عەقڵگەرایانە، ئیرادی و تەکنەلۆژیکی جێگەی وەحی و سروشیان زەوتکرد، بەڵام گەر مۆدێرن لە پۆست مۆدێرندا تێدابچێت، لەو حاڵەتەدا قۆناغی «جەنگی ئاشکرای خوداکان» لەگەڵ ئەودا دەستپێدەکات. خەڵکی سەردەمی پۆست مۆدێرن لەگەڵ دین و ئایین هیچ دۆژمنایەتی و کێشەیەکیان نییە، بەڵام بەلاشیانەوە گرنگ نییە بەتایبەتیش لایەن و رەهەندی دیاریکراوی ئەو ئایینانەی بە زۆری باسی جەهەننەم دەکەن («بنچینەی ئەهریمەنی»ی فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن) بەڕادەی پێویست سەرنجراکێشن. هەرچۆنێك بێت، سەردەمی شوێنکەوتنی سوننەت

و نەریتەکان کۆتاییهاتووە، هەرچەند دوای لۆژیکی پۆست لیبڕالیزم کەوتن، پێش هەموو شت، دەبێتە هۆی بەدیهاتنی نیمچە ئایینێکی جیهانیی نوێ، کە لەسەر بنەمای ئەو لەت و پاژانەی لە ئایین و ئایینزا تێکچووە پێکهاتەکان دروستبوون، ئێکۆنۆمیزمی بێ بەند و مەرجی شپرزە و بڵاو و هەڵکردن یان تۆلێرانس. گەرچی گۆڕانکارییەکی لەمجۆرە لەڕووداوەکاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان ترسناکتر لە ئەتائیزم (بێ باوەڕی) و ماتریاڵیزم (ماددەگەرایی) دۆگما، بەڵام لاوازکردنی شوێن هەڵگرتن و لایەنگری لە ئیمان دەتوانێت بە چانس و بەختێکی باش بێتە ئەژمار، هەڵبەت گەر پشتیوانان و داڕێژەرانی تیۆری چوارەمی سیاسەت پێداگری لە بەرگریکردن لە ئایدیال و بەها نەریتییەکان بێت و تەسلیم نەبێت.

ئەوەی دەکەوتە دەرەوەی پانتایی یاساکانی سەردەمی مۆدێرن، هەنوکە بوێرانە دەتوانین بڵێین وەك بەرنامەی سیاسی جەختی لێدەکرێتەوە و ئەمڕۆ ئیدی ئەم یاسا ناوبراوانە وەك رابوردوو بە نامەعقول و رژد لە قەڵەم نادرێن. تەنانەت گەر هەموو شتێک لە پۆست مۆدێرنیزمدا نامەعقول و رژد و شوم بێت، «بەڕۆژترین داب و نەریت»ی: واتە پالەوانەکانی لە کەسانی «سەیر و سەمەرە» لەڕووی رواڵەت و سیماوە، «ناحەز» و «جلوبەرگی ژنانە پۆش» و «شێتە و ژیرە» پێکبێن، کە لەڕاستیدا یاسای ئەم میتۆدەیە. لەناو بووکەڵە جیهانییەکاندا، هیچ کەس و هیچ شتێك بە شێوەی نائاسایی کۆن و لە مۆد کەوتوو دەرناکەوێت، تەنانەت لایەنگرانی «نەریت» کە مەرج و پێویستییەکانی سەردەمی نوێ، نرخێکی ئەوتۆی نییە بە لایانەوە. راستیی ئەم بانگەوازە نەك تەنیا لەرێگەی سەرکەوتنە جدییەکانی فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی، بەڵکو زیندوکردنەوەی کاریگەریی دەستە و جەماعەتە هەرە کۆنەکانی پرۆتستان لە سەر سیاسەتی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەسەلمێندرێت (بوش شەڕی لە عێراق دەستپێکرد، چونکە بە پێی وتەکانی خۆی «خودا پێی وتبوو هێرش بکاتە سەر عێراق!» ئەم وتەیە تەواو لەگەڵ فێرکارییەکانی مامۆستایانی پڕۆتستان یەکدەگرێتەوە).

بەم چەشنە تیۆری چوارەمی سیاسەت، دەتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتە کە لە پێش سەردەمی نوێوەیە و ئیلهام و پێشنیارەکانی خۆی لە هەناوی ئەوەوە هەڵێنجێنێت. پشتڕاستکردنەوە و دانپێدانان بە «مەرگی خودا» چیدی بۆ ئەو بەرە لە خەڵك کە دەیانەوێت بە پێی رۆژ هەڵسوکەوت بکەن، لە «پابەندیەت و پێویستییە زەرورەکـان» نییە. لایەنگرانی پۆست مۆدێرن تاڕادەیەك لەگەڵ ئەم تەوەرە رێککەوتوون کە ئیدی لە چەمکی دەستەواژەی «کێ؟ وتتان کێ مردووە؟» تێناگەن، بەڵام بۆ گەلاڵە داڕێژەرانی تیۆری چوارەمی سیاسەتیش، رێك هەر بەمشێوەیە دەکرێت ئەم «رووداو»ە لەبیر بکرێت: «ئێمە باوەڕناب بە خوا هەیە، بەڵام وتەی ئەو کەسانەیکە باسی مەرگی (خودا) دەکەن، بە هەند وەرناگرین.

بەمشێوەیە تیۆلۆژیا دەگەڕێتەوە و سیاسەت بە گرنگترین توخمی تیۆری چوارەم دەژمێردرێت. پۆست مۆدێرنیزم (گلۆباڵیزم، پۆست لیبڕالیزم و کۆمەڵگەی بان پیشەسازی) بە گەڕانەوەی تیۆلۆژیا، بە ئاسانی وەك «پاشای دژە مەسیح» (یان هاوشێوەی ئەمە لە ئایینزاکانی دیکەدا «دەجاڵ» لای موسوڵمانەکان، «ئێریف راف» بۆ جووەکان، «کالی یوگا» لای هندووەکان و هتد) دەناسرێت. ئێستا ئیدی ئەمە تەنیا خوازەیەکی پتەو و یەکگرتوو بۆ جەماوەر نییە، بەڵکو راستییەکی ئاینییە، راستیی ئاخیر زەمانە.

## ئەفسانەو سەردەمی کۆن لە تیۆری چوارەمی سیاسەتدا

گەر بۆ تیۆری چوارەمی سیاسەت، ئەتایزمی( بێباوەڕی) سەردەمی نویٚ، بە بابەتێکی حەتمی و زەرور ناژمێردرێت، تیۆلۆژیای ئایینزاکانی باوەڕمەند بە تاك خودایی کە لە سەروبەندی خۆیاندا کولتورە ئاسمانی و پیرۆزەکانی دیکەیان لە گۆڕەپانەکە وەدەرنابوو، لە کۆتا قۆناغیشدا بە حەقیقەت ناژمێردرێن (بە دەربڕینی دروستتر، لەوانەیە ببێت و لەوانەیە نەبێت). لەڕوانگەی تیۆریشەوە هیچ شتێك لە بەردەمی گەڕانەوە بۆ بەها کۆن و هەڵوەشاوەکان، گەر بە وردی لێکبدرێنەوە و درکیان پێبکرێت، دەتوانن پلە و پێگەیەکی گرنگ لە بونیادی ئایدۆلۆژیای نوێدا بدۆزنەوە، بەربەست نانێتەوە و ئاستەنگ دروستناکات. هەڵگران و داڕێژەرانی تیۆری چوارەمی سیاسەت بە رزگاربوون لە پێویستی سازگارکردنی تیۆلۆژیا لەگەڵ راسیۆنالیزمی مۆدێرن، دەتوانن بە تەواوی خۆ لە توخم گەلی وابەستە بە زانستی خواناسی و دۆگماتیك، نەبان بکەن کە لە کۆمەڵگە تاك پەرستەکاندا (بە تایبەت قۆناغەکانی دوایی)، رووبەڕووی راسیۆنالیزم بوونەتەوە و لە ئەنجامدا لە وێرانیەکانی کولتوری مەسیحیی ئەوروپا، سەرەتا لە رەوتی کەوتنی هەنگاو بە هەنگاوی بەرنامەی سەردەمی نوێدابوون بە هۆی سەرهەڵدانی دائیزم و دواتر ئەتائیزم و ماتریاڵیزم. نەك تەنیا ئەگەری دەستگرتن بە سەر سیمبولە واڵاکانی باوەڕ و بان وشیاریی مرۆیی، بەڵکو بەکارهێنانی کۆمەڵێك خاڵ لە ئایین و ئۆلەکان، داب و نەریت و ئەفسانەکاندا کە پسپۆڕانی زانستەکانی خواناسی لە قۆناغە پێشوویەکاندا ئازاد دەکات، بوونی هەیە. گەر پێشکەوتن وەك ئایدیایەکی تایبەت بە سەردەمی مودێرن لەبەرچاو بگرین (هەڵبەت وەك دەبینین ئەم ئایدیایە کۆتایی هاتووە)، لەو حاڵەتەدا ئەوەی کۆن و کۆنیە، لای ئێمە بەهادار دەبێت، چونکە کۆن و مێژووییە. کۆنە، کەواتە باشە. هەرچی کۆنتر بێت، باشترە. کۆنترین ئافرێندراو بەهەشتە، کە هەڵگران و داڕێژەرانی تیۆری چوارەمی سیاسەت دەبێت بۆ بەدەستهێنان و دەستخستنی دووبارەی لە داهاتوودا، هەوڵبدەن.

## هایدگەر و «ڕووداوەکان»

لەئەنجامدا، دەتوانرێت ئەو ژێرخانە قووڵەی (ئەنتۆلۆژی!) ، تیۆری چوارەمی سیاسەت پلانڕێژی بکات. لێرەدا گەڕانەوە بۆ تیۆلۆژیا و ئەفسانەناسی پێویست ناکات، بەڵکو دەبێت هانا بۆ ئەزمونێکی قووڵی فەلسەفی بیرلێکراوە ببرێت، کە هەوڵ و خەباتێکی ئێجگار زۆری بۆ بونیادنان و فۆرمۆڵەکردنی ئۆنتۆلۆژیای بنەڕەتی و بە دەربڕینی گشتیترین، دژوازترین (بە رواڵەت پشتگوێخراو و لە واقیعدا دروست)، قووڵترین و بەبڕشتترین ئامۆژەکانی سەبارەت بە هەستی ئەنجامداوە. مەبەست مارتین هایدگەرە.

تیۆری هایدگەر بە کورتی بەمشێوەیەیە: بەرەبەیانی هزر و رامانی فەلسەفی، مرۆڤەکان (بە دەربڕینی وردتر ئەوروپییەکان، دیسانەوەش وردتر یۆنانیەکان) زیاتر لە هەموو شت گرنگی بە پرسی «بوون» دەدەن، بەڵام پاش بە بابەتی کردنی، مەترسیی سەرلێشێوان لە مەڕ وردەکارییەکانی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان بوون و رامان، نێوان بوونی پەتی و دەربڕینی لە هەبووندا، نێوان دازاین (زاراوەیەکە هایدگەر بۆ بوونی تایبەتیی مرۆڤ بەکاریدێنێت، بوونەوەرێکە لە هەموو بوونەوەرەکانی دی جیاوازە -Dasien و بوون لە مانا گشتییەکەیدا Sein قبووڵدەکەن. هەڵەیەکی وەها لە ئامۆژەکانی هیراکلیتسدا بە نیسبەت فیوزیس و لۆگۆس ڕوودەدات، لە درێـژەدا ئەم بابەتە لای پارامیندس بەدیدەکرێت و دەرئەنجام لە ئامۆژەکانی ئەفلاتوندا دەردەکەوێت کە بە گەڵاڵەکردنی ئەندێشەی نێوان مرۆڤ و بوونی پەتی و لەخۆنامۆبوون یان ئێلیناسیۆن لێرەوە دێتەبوون و ژیان و هێدی هێدی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی «عەقڵی لێپرسینەوە» و دواتر پەرەگرتن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا. مرۆڤ هێدی هێدی لە هەستیی پەتی دووردەکەوێتەوە و لە دەستی دەدات و دەکەوێتە سەر رێگەی هەنگاو هەڵگرتن لە نێهیلیزمدا. بنچینە و شوناسی تەکنەلۆژیا و

زانست (کە لەسەر بنەمای پەیوەندی تەکنەلۆژی لەگەڵ جیهاندا بونیادنراوە)، گوزارشت لە نیهیلیزمێك دەکات، کە بەردەوام و هەمیشە خەریکە لە سەریەك کەڵەکە دەبێت. سەردەمی نوێ ئەم خواستە دەگاتە تەشق و ترۆپکی خۆی، پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای Gestell (کۆکردنەوە و ئەژمارکردن و گۆڕینی هەموو شت بۆ سەرچاوەی بەرهەمهێنان و بەرخۆری یان بەکارهێنان)، لەکۆتاییدا هەستی لە گۆڕەپانەکە دەردەکات و «پووچی» دەسەڵات وەردەگرێت.

پۆست مۆدێرن کە هایدگەر پێش سەرهەڵدانی لە ژیاندا نەمابوو، لە هەموو مانا و چەمکەکاندا لەبەرچاو و بە هەندنەگرتن و نەمان و تیاچوونی کۆتایی هەستییە، «نیوەشەو» کاتێك نیهیلیزم (پووچی) لە هەموو کون و قوژبنێکەوە خۆی بە ژووردا دەکات، بەڵام فەلسەفەکەی هێندە رەشبینانە نەبوو. لایوابوو پووچی خۆی لایەنێکی دیکەی هەستیی پەتییە و بەمشێوە تەوساوی و دژواز و پارادۆکسیکاڵە خۆی دێنێتەوە یادی مرۆڤایەتی. هەنوکە گەر لۆژیکی گەشە و پەرەی هەستی بە وردی و راست لێکبدرێتەوە، ئەودەم لەوانەیە مرۆڤایەتی هزرمەند و بیرکەرەوە رزگاری ببێت، ئەویش لە چاوترووکاندنێکدا، رێك لەو چرکەساتەدا کە ترسی مەترسی دەگاتە تەشقی خۆی. هایدگەر وێڕای ئاماژە بە شیعرێکی هۆڵدرلین دەڵێت: «رزگاری لەوێدایە کە زۆرترین ئەگەری مەترسی تێدایە».

هایدگەر بە زاراوەی تایبەتی Ereignis «رووداو»، باسی ئەم گەڕانەوە ناکاوەی هەستی دەکات. ئەم یەکگرتووییە رێك لەنیوەشەوی جیهانی، لە تاریکترین خاڵی مێژوو، لە ئارادایە. هایدگەر خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کە ئایا بەم خاڵە گەیشتووین یان «هێشتا نا» بەگومان بوو. «هێشتا نا» تاهەتایی... فەلسەفەی هایدگەر دەتوانێت بە هەمان تەوەری سەرەکی بە تیۆری چوارمی سیاسی لە قەڵەمبدرێت کە خاڵەکانی دیکە، لە پێداچوونەوە بە تیۆرە سیاسییەکانی دووەم و سێیەمەوە، بۆ گەڕانەوە بۆ تیۆلۆژیا و ئوستورە، بە دەوریدا دەسووڕانەوە.

بەم چەشنە، هێڵی نزیکی لە «ڕوودان» دەکەوێتە ناوەندی تیۆری چوارەمی سیاسەت، وەك ناوەندی موگناتیسی، کە گەڕانەوەی شکۆمەند و سەرکەوتووانەی هەستی ڕێك لەو چرکەساتەدا ڕوودەدات، کاتێك مرۆڤایەتی بە شێوەی شاراوە و بێگەڕانەوە لە بیری دەکات، ئەویش بە شێوەك کە هیچ ئاسەوارێکی ناهێڵێتەوە.

## تیۆری چوارەمی سیاسەت و ڕوسیا

ئەمڕۆکە زۆر کەس لایانوایە لە «دونیای سەیر و سەمەرە و نوێ»ی گڵۆبالیزمی جیهانیدا، پۆست مۆدێرنیزم و پۆست لیبڕالیزم لەڕوسیادا هیچ جێگە و پێگەیەکیان نییە. جگە لەمە، دەوڵەت و حکومەتی جیهانی بەرە بەرە هەموو دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە تەواوی لە ناودەبات. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرتاسەری مێژووی ڕوسیا لێوانلێوە لە مشتومڕی دیالێکتیکی لەگەڵ ڕۆژئاوا و کولتوری ڕۆژئاوایی، شەڕ لە سەر سەلماندنی خود (هەندێکجار تەنیا بە شێوەی غەریزی دەستدەکەوێت)، سەلماندنی حەقیقەتی ڕوسی و ئایدیای چاوەڕوانی مەسیح، هەروەها تیۆری خۆیان سەبارەت بە «کۆتایی مێژوو»، بە هەر شێوەیەك کە بەیانبکرێت، ئەویش بە ناوکۆی ئەرتەدۆکسی مۆسکۆیی، ئیمپراتۆریای سیکۆلاری پتری مەزن یان شۆڕشی جیهانی کۆمۆنیستییە. باشترین بیرمەندانی ڕوسی بە ئاشکرا کەوتنە خوارەوەی ڕۆژئاوایان بۆ ناو خەرەندێکی قووڵ پێشبینی کردووە و ئەمڕۆ بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئابوری نیولیبڕال و کولتوری پۆست مۆدێرن، دنیایان بەرەوکوێ بردووە، بە تەواوی دەگەین بەو باوەڕە کە ئەو زانایی و شاهیدیەی ڕوسەکانی بۆ گەڕان لە ئەلتەرناتیڤ پاڵناوە، ئێجگار عەقڵانی و پتەوە.

قەیرانی ئابوری هەنوکەیی لە سەرتاسەری جیهانی تازەدا، هێشتا لە سەرەتای ڕێگەی خۆیدایە. ترسناکترین ڕوداوەکان ئەوەندەیان نەماوە ڕووبدەن. سەکنین

و بێ وزەیی ڕەوتە پۆست لیبڕالیەکان بە چەشنێکە کە ئەگەر و دەرفەتی گۆڕانی ڕێگە و ڕێباز بوونی نییە، «تەکنەلۆژیای خۆڕایی» (ئۆسواڵد شپینگلەر) بۆ ڕزگارکردنی ڕۆژئاوا لە کەرەستەیەکی کاریگەرتر، بەڵام پڕاوپڕ تەکنیکی و تەکنەلۆژیکی دەگەڕێت. ئەمە قۆناغی نوێی پێشکەوتنی گشتەڵ (Gestell) و بڵاوبوونەوەی پەڵەی شەرمەزاریی نێهیلیستی بازاڕی جیهانی لە سەرتاسەری گۆی زەویدایە. ئابوری گلۆباڵ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی بان پیشەسازی بە تێپەڕین لە قەیرانێکەوە بۆ قەیرانێکی دی، لە بڵقێکەوە بۆ بڵقێکی دیکە، شەوەزەنگی مرۆڤایەتی ڕەشتر دەکەن و لە بیرمان دەچێت شەو چییە (هەزاران ئەمەریکی ڕۆژانی قەیران دەڕژێنە سەر شەقامەکان و درووشمی «بڵقێکی نوێمان پێ بدەن!» دەڵێنەوە، ئایا لەمە ڕاشکاوانەتر و ڕوونتر هەیە). ئەوانەی تیشکییان نەبینیوە، دەپرسن: «تیشك چییە؟».

دیارە ڕوسیا دەبێت ڕێگەیەکی دیکە بگرێتە بەر، ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆی، پرسیارەکەش ڕێك هەر ئەمەیە. خۆ نەبانکردن لە لۆژیکی پۆست مۆدێرن لە «وڵاتێکی بە جیاواز داناو» سوك و سانا مومکین نییە. مۆدێلی سەردەمی سۆڤێت تووشی شکست هاتووە و لەبەریەك هەڵوەشاوەتەوە. دوای ئەوە پێگەی ئایدۆلۆژی وەك هاوکێشەی ستراتیژی بە شێوەیەکی بێگەڕانەوە گۆڕانی بە سەرداهات. بیرکردنەوە لە بەدیهێنانی جۆرێك کەرەستەی تەکنیکی یان جووڵەیەکی فریودەرانە بۆ ئەوەی ڕوسیا بتوانێت خۆی و ئەوانی دیکە ڕزگاربکات، تەواونییە. مێژووی جیهان لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە و «کۆتایی ئایدۆلۆژیا» بێ توانایيەکی ڕێکەوتی نییە، بەڵکو سەرەتای قۆناغێکی نوێ و بەوشێوەیەش کە بەڵگەکان باسیدەکەن، دوا قۆناغە.

لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا، داهاتووی ڕوسیا ڕاستەوخۆ گرێدراوی هەوڵەکانمانە بۆ داڕشتن و ئامادەکردنی تیۆری چوارەمی سیاسەت، یان پۆلێنکردنی پێگەگەرایانەی کەیسەکانی بەجیهانیبوون لە ڕەوتی چاکسازیدا،

تەنیا ئاستی دۆخی هەنوکەییمان پێدەدات، دەبێتەهۆی ئەوەی هێندە پێش نەکەوین و کاتێکی زیاتری بۆ تەرخانبکەین. بانگهێشت و بانگەوازی پۆست مۆدێرن زۆر جدییە: رەگی ئەم بانگهێشتە لە نەبوون و وازهێنان لە لۆژیکی هەستی و بوون و پاشەکشێی مرۆڤایەتی لە سەرچاوە بوونی تەوەرەکان (هەستی ناسانە یان ئەنتۆلۆژیکی) مینۆکی (خواناسانە یان تیۆلۆژیکی)دایە. تازەگەری و نوێباویەکانی «فەلسەفەی گەشبینی سانا دەستکەوتوو» یاخود جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ناتوانن وەڵامدەرەوەی بن. ئەنجام بۆ چارەسەرکردنی پرسە ژیاریەکانی وەك قەیرانی جیهانی ئابوری، بەرهەڵستی جیهانی تاکجەمسەر، پاراستن و پتەوکردنی زاڵێتی و دەسەڵات و مافی حوکمڕانی و هتد دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پرەنسیپە فەلسەفیەکانی مێژوو، هێزێکی مێتافیزیکی بدەینە بەر خۆمان.

ئەستەمە بوترێت رەوتی دارشتن و ئامادەکردنی ئەم تیۆرە چۆن دەچێتەپێش. ئەوەی حەتمییە ئەم بابەتەیە کە بەناوکۆی هەوڵی «تاکەکەسی» یان ورەی تاقمێکی کەم ئەژماری تاکەکان نەکردەیە. پێویستە ئەم هەوڵانە بە کۆمەڵ و گروپ ئەنجامبدرێن. نوێنەری کولتور و نەتەوەکانی دی (هەم ئەوروپی و هەم ئاسیایی) کە ئەوانیش تاڕادەیەك لە ململانێ ئەنجامناسانەکانی سەردەمی هەنوکەیی تێگەیشتوون و بە بێ هیواییەوە بە دوای رێگەی دەرباز بوون لەم بنبەستە جیهانییەوەن، دەتوانن یارمەتیی باشمان بدەن، بەڵام دەکرێت پێشوەخت جەخت لەم بابەتە بکەینەوە کە ئەو تیۆرە سیاسییە چوارەمەی کە لە سەر رەتکردنەوە و لادان لە دۆخی هەنوکەیی دامەزراوە، لە بەستێنی زانستی و تیۆریدا و لە جۆرە رووسیەکەیدا بەرەو «Ereignis رووداني روسی» دەکشێت. بەرەو ئەو «حدوث»ە تاقانە و بێوێنەیەی لەگەڵیدا ژیان و گەلێك نەوەی خەڵکی روس لە سەردەمی باب و باپیرانیانەوە تا سەردەمی ئێستا چاوەڕوانی بوون.

# پاری دووەم

# کۆتایی ئایدۆلۆژیا کلاسیکییەکان و گۆڕانیان

# بەشی دووەم
# لیبرالیزم و گۆڕانی

## لیبرالیزم تاوانێکی سیکۆلارە

(ئێرنێست نیکیش Ernst Niekisch) ناسیۆنالیست - بەڵشەفیکی ئەڵمانی، کە بیروباوەڕ و ئایدیاکانی هەم لە بیروڕای ئۆستریالۆف، کەسایەتی ناسیۆنالیست بەڵشەفیکی روس و هەم لە ئەندێشەی ئۆراسیاییەکان نزیکبوو، ساڵی 1932ی زایینی کتێبی «هیتلەر-چارەنوسێکی شوم بۆ ئەڵمانیا»ی بە ناوی خوازراوەوە نوسی. هەرچەندە ئەم کتێبە لەو ساڵانەدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرا، بەڵام دوای چەند ساڵ بووە هۆی ئەوەی نوسەرەکەی بنێردرێتە ئۆردوگای کاری زۆرەملێیی. بەڕاستی نیکیش لەسەر حەق بوو، چونکە هیتلەر لە واقیعدا مۆرەیەکی چارەنوسسازبوو بۆ ئەڵمانیا. چارەنوسساز واتا دیاردەیەکی نارێکەوتی، خاوەنی بنەما و بنەڕەتی راست، رەگ داکوتاو لەسەر رێگەی هەموو شتدا، ئاوێتە و هاوڕێی لۆژیکی چارەنوس، بەڵام بە وێناکردنی رەهەندی تاریك و رەشییەوە. نیکیش لەم کتێبە و لە بەرهەمەکانی دیکەیدا، بە دەیانجار وتویەتی: «لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئەو جەبر و حەتمی بوونەی کە تایبەتی سروشتە، واتا حەتمی بوونی گۆڕانی وەرزەکان یان کارەساتە سروشتییەکان نییە. ئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت بڵێت «نا»، نیشانەی تایبەتمەندی و شایستەییەتی.هەمیشە دەتوانێت سەرهەڵبدات و شۆڕش بکات. هەمیشە دەتوانێت شەڕ و خەبات بکات، تەنانەت لەگەڵ ئەو شتانەی بە حەتمی و حاشاهەڵنەگر، رەها و شکست وەرنەگر لەقەڵەمدەدرێن. تەنانەت گەر تووشی شکستیش بێت، دەبێتە مۆدێل و سەرمەشقی ئەوانی تر. خەڵك شوێنی دەگرنەوە و ئەوانیش دەڵێن: «نا». هەر بۆیە تەنانەت چارەنوسسازترین و حەتمیترین دیاردەکانیش بەرانبەر بە دەسەڵاتی رۆح دەبەزێن.

نیکیش دژایەتی نازیزم و نازیەکانی دەکرد و زیاتر و وردتر لە ئەوانی دیکە ئەو پرسەی پێشبینی کردبوو کە نازیزم و حکومەتە خوێنڕێژەکەیان چی بە سەر ئەڵمانیا و مرۆڤایەتیدا دێنێت. نیکیش وازینەهێنا، «چارەنوسی شوم» بە گژ هیتلەردا دەچۆوە، بانگهێشتی شەڕی لە دژ دەکرد و لەم ڕێگەدا دڵسارد نەدەبوو. لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەبوو کە هاوڕێ لەگەڵ چەند کەس لە هاوبیروڕاکانی کە وەك خۆی دژە نازی بوون، خۆی لەگەڵ هێزێك بە شەر هاتبوون، کەوا دەردەکەوت تێکناچێت. کەسانی شوێنکەوتووی نیکیش کە هارۆ شوڵتز بۆیزنی ناسیۆنالیست- بەڵشەفیکیش یەکێکیان بوو، ناوەندی سەرەکی «ئۆرکێسترای سوور» یان پێکهێنا. هێزەکانی سوپای سۆڤێت، ساڵی 1945 کاتێك ئیدی نیکیش بە تەواوی نابینا ببوو، لە ئۆردوگای کاری زۆرەملێیی رزگار کرد. نیکیش نەیتوانی ئەو سەرکەوتنەی کە ژیانی لە پێناویدا دانابوو، بە چاوی خۆی ببینێت، بەڵام تا کۆتایی ژیان لە سەر ئەو باوەڕە مایەوە، کە دەبێت مێژووی مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە دژ بە چارەنوسی شوم بوەستێتەوە، تەنانەت گەر لە قووڵاییەکانی مێژووشەوە هاتبێت.

ئەمڕۆ دەتوانین هەر بەمشێوەیە باسی لیبڕالیزم وەك ئایدۆلۆژیایەك بکەین. ئایدۆلۆژیایەك کە لە رۆژئاوا سەرکەوتووە و بڕشتی خۆی بە بەکارهێنانی کەرەستە و شێوازی کۆن و نوێ و بە پشتبەستن بە زلهێزی ژمارە یەکی جیهان، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوکردۆتەوە. دیسان وا دەردەکەوێت ئەو دەسەڵاتە حەتمی و حاشاهەڵنەگر و ناڕێکەوتییە و یاسامەندیی بنچینەیی چارەنووسساز پەیڕەو دەکات و مشتومڕ و ناکۆکی لەگەڵ ئەم هێزە بێسوودە، بەڵام جارێکی دیکە، رێك هاوشێوەی نموونەی ئێرنست نیکیش، کەسانێك سەرهەڵدەدەن کە ئامادەن هەمان فۆرمۆل بخەنە بەر کار، وێڕای ئەم جیاوازییە کە ئەمجارە نەك تەنیا وڵاتێك، بەڵکو تێکڕای مرۆڤایەتی لە بەرچاو دەگرن: «لیبڕالیزم چارەنوسی شومی ژیاری مرۆییە».

شەڕ دژی لیبڕالیزم، وەستان و خۆڕاگری لە بەرانبەری و بەدرۆ دانانی بیروڕای دەمارگرژانە (دۆگماتیك)ی ژەهراوی، ئەرکی ئەخلاقی هەموو مرۆڤە راستگۆ و  دروست کارەکانی سەر گۆی زەوییە. پێویستە بە هەر جۆرێك و بە شێوەی بەڵگەدار و تێروتەسەل ئەم راستییە دووبارە و چەند بارە بکەینەوە، تەنانەت ئەو ساتانەش کە ئەم کارە بێسود، نابەجێ و لەڕووی سیاسییەوە ناپەسەند و هەندێکجار تەنانەت مەترسیدار، دیاربێت.

## لیبڕالیزم وەك پوختەی ژیاری رۆژئاوایی و پێناسەکەی

بۆ تێگەیشتنی راستی شوناسی لیبڕالیزم، پێویستە لەو خاڵە تێبگەین، کە لیبڕالیزم دیاردەیەکی رێکەوت نییە و سەرهەڵدانی لە مێژووی ئایدۆلۆژیا سیاسی و ئابوریەکاندا لە سەر بنەمای ئەو رەوتە بنەڕەتییانە سەقامگیر بووە کە سەرتاسەری ژیاری رۆژئاوایان گرتۆتەوە. لیبڕالیزم تاکە بەشێکی مێژووی ئەم ژیارە نییە، بەڵکو بێخەوشترین و رەسەنترین دەرکەوتە، ئەنجامیەتی. ئەم خاڵە بونیادییە پێناسەیەکی جدیتر بۆ لیبڕالیزم دەخوازێت. لیبڕالیزم فەلسەفەیەکی سیاسی، ئابوری و ئایدۆلۆژییە، کە رەنگدانەوەی هێڵە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی سەردەمی نوێ، سەردەمی مۆدێرنە. لیبڕالیزم بریتییە لە:

-تێگەیشتنی تاکێتی مرۆیی وەك رێژە و ئاستی شتەکان

-بڕوا بە تایبەتمەندیی پیرۆزی خاوەندارێتی تاکەکەسی

-جەختکردنەوە لە ئەگەر و ئازادییەکان وەك یاسای ئەخلاقی کۆمەڵگە

-باوەڕ بە بنچینە و بنەڕەتی «رێککەوتن» («گرێبەستی»)ی نێوان هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لەوانە «دەوڵەت»

-هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە بژاردەیەکی چینایەتی، ئایینی و دەوڵەتی کە بانگی حەقیقەتی زۆردارانە و پێویستی جێبەجێکردنی بۆ هەموانی پێیە؛

-دابەشکردنی هێز و دەسەڵاتەکان و رەخساندنی سیستمی کۆمەڵایەتی بۆ

چاوەدێریکردنی هەرچەشنە ڕێکخراوێکی دەوڵەتی؛

-بەدیهێنانی «کۆمەڵگەی مەدەنی» ناچینایەتی، نانەژادی و نائایینی لە جیاتی حکومەت و دەوڵەتە کۆنەکان؛

دانانی پەیوەندی و دانوستاندنی بـازاڕی لە لوتکەی هەموو فۆڕمە سیاسییەکانی دیکەدا (تیۆری «ئابوری چارەنوسە»)؛

-بـاوەڕ بـەوەی کە ڕێگەی نەتەوە و وڵاتانی ڕۆژئـاوایـی لەڕوانگەی مێژووییەوە نموونەی جیهانی و پەڕگیری پەرەگرتن و پێشکەوتنە بۆ سەرتاسەری جیهان کە دەبێت وەك مۆدێل و سەرمەشق سودی لێوەربگیردرێت.

ئەوەی ڕاست و دروستبێت، هەر ئەم پرەنسیپانە پایە و بناغەی ئەو لیبڕالیزمە مێژووییەیان پێکهێناوە، کە لەلایەن کۆمەڵێک گەورە فەیلەسوفی وەك جۆن لۆك ، جۆن ستیوارت میل ، ئێمانوێل کانت ، دواتر جێرمی بێنتام ، هنری بنجامین کۆنستان دوڕیبێك تاکو قوتابخانەی نیولیبڕالیزمی سەدەی بیستەم کە لەسەر دەستی فرێدریش فۆن هایك و کارڵ پۆپەرەوە ئاراستەکراوە. ئادام سمیت کە پێڕەو و لایەنگری جۆن لۆك بوو، بە پێی بیروباوەڕی مامۆستاکەی کە بۆ ئانالیز و شیکردنەوەی چالاکیی ئابوری کەڵکی لێوەردەگیرا، بنەماکانی ئابوری سیاسی دامەزراند، کە بوو بە «ئینجیل»ی سیاسی و ئابوری سەردەمی نوێ.

### «ئازادی لە»

سەرجەم پرەنسیپی فەلسەفی لیبڕالیزم و خودی ناوەکەشی لەسەر تیۆری «ئازادی» (“liberty”) بونیادنراوە. لێرەدا فەیلەسوفانی لیبڕال (لەوانە جۆن ستیوارت میل) خۆیان باس لەوەدەکەن کە ئەو «ئازادی»یەی ئەوان پێی لەسەر دادەگرن، چەمکێکی زۆر نەرێنی و نێگەتیڤە. جگە لەمە، ئەوان بە پێشنیازکردنی (شێوازی) بەکارهێنانی دوو وشەی ئینگلیزی liberty و Freedom، ئازادی لە (بەندی شتێك) و ئازادی بۆ (شتێك یان هەمان حورییەت) لە نێوانیاندا جیاوازی

دەکەن. وشەی لیبەرتی liberty ئازادی لە کۆتوبەندی شتێك دەگەیەنێت کە ناوی لیبرالیزمیش لەو وەرگیراوە. بۆ بە دەستهێنانی ئەم ئازادییەیە کە لیبڕالەکان خەبات و پێداگری دەکەن، بەڵام لە شوێنێکدا کە پەیوەندی بە ئازادی «بۆ شتێك» و بە دەربڕینێك پەیوەندی بە مانا و ئامانجی ئازادییەوە بێت، لیبڕالەکان بێدەنگ دەبن، بە هۆی ئەو وێناوە کە هەر تاکێك خۆی دەتوانێت ڕەفتاری ئازادی بدۆزێتەوە و یان بە گشتی، نەیەوێت ڕەفتارەکەی بدۆزێتەوە. ئەم پرسە هەڵبژاردنێکی تەواو تاکەکەسییە کە جێگەی قسە لە سەر کردن نییە و بە بەهایەکی سیاسی یان ئایدۆلۆژی هەژمار ناکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە «ئازادی لە» بە شێوەی تێروتەسەل شیکراوەتەوە و خاوەنی تایبەتمەندیی دۆگماتیکە. لیبڕالەکان پێشنیاری ئازادی لەم خاڵانەی خوارەوە بەیان دەکەن.

ئازادی لە:

-دەوڵەت و چاودێری و کۆنترۆڵی بە سەر ئابوری، سیاسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی؛

-کڵێسە و دۆگمەکان (دەمارگرژییەکانی)؛

-هەر چەشنە ڕەفتار  و بزاوتێکی ئابوری بە کۆمەڵ؛

-هەر چەشنە هەوڵدانێك بە مەبەستی دووبارە دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی دەرئەنجامەکانی کاری مادی و نامادی سەرچاوە جۆراوجۆرە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتییەکان (فۆرمۆلی فیلیپ نێمۆ) لە فەیلەسوفانی لیبڕالی پەیڕەوی فرێدریش فۆن هایك: «دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە قووڵی نائەخلاقییە»؛

-گرێدراویی ئەتنیکی؛

-هەر چەشنە هاوشێوە بوونێکی بە  گروپ و کۆمەڵ.

لەوانەیە وا دەربکەوێت، ئێمە لەگەڵ جۆرێك بـژاردەی ئانارشیزم

بەرەوڕووین، بەڵام وا نییە. ئانارشیستەکان، لانیکەم کەسانیکی وەك پیەر جۆزێف پـرۆدۆن، کاری بە گروپ و کۆمەڵی ئازاد و سەربەخۆ، وێڕای هاوپشك کردنی سەر لە بەر و تەواوی بەرهەمەکان، بە ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەت لە قەڵەمدەدەن و سەرسەختانە دژایەتی خاوەندارێتی تاکەکەسی دەکەن، لە حاڵێکدا کە لیبراڵەکان، بە پێچەوانەوە، پشتیوانی بەدیهاتنی هەرە باش و دڵخوازی مۆدێلی کۆمەڵایەتی - ئابوری خۆیان لە بازاڕ و خاوەندارێتیی تاکەکەسی و تایبەتیدا دەبینن. جگە لەمە، لیبراڵەکان کە لەڕووی تیۆرەوە وێنادەکەن کە دەوڵەت درەنگ یان زوو هەر دەبێت لە ناو بچێت و جێگەی خۆی بدات بە بازاڕی جیهانی و کۆمەڵگەی مەدەنیی جیهانی، بە پێی ئەندێشە پراگماتیکەکان پشتیوانی لە دەوڵەت دەکەن. گەر دەوڵەت بۆرژوا- دیموکراتی بێت، ئەوسا دەتوانێت بازاڕ پەرە پێبدات و ئاسایشی «کۆمەڵگەی مەدەنی» و بەرگری کردن لێی بەرانبەر دوژمنانی هێرشبەر و لاقەکار گەرەنتی دەکات، هەروەها بەر لە «جەنگی هەموان لەگەڵ هەمواندا» (تۆماس هۆبز ) دەگرێت.

لیبراڵەکان لە حاڵەتەکانی دیکەدا لە روانگەی کردەییەوە بە نەرێکردنی هەموو دامـەزراوە نەریتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، تەنانەت بنەماڵە یان شوناسی رەگەزی، لەمەش زیادەڕۆیانەتر تێدەپەڕن. لە هەندێك حاڵەتی دیاریکراودا، لیبراڵەکان نەك تەنیا باسی ئازادبوونی لە باربردنی کۆرپەلە دەکەن، بەڵکو لایەنگریی لە ئازادیی شوناسی رەگەزیش دەکەن (بۆ نموونە بەرگری لە مافی هاوڕەگەزخوازان، رەگەزگۆڕاوەکان و هتد دەکەن). ئەوان بنەماڵە و خێزان وەك شێوازە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، بەدیاردەیەکی گرێبەستی دەزانن کە هاوشێوەی «دامەزراوەکانی» دی بە رێککەوتنی مافەوە مەرجدار کراوە.

بە گشتی لیبراڵیزم نەك جەخت لە «ئازادیی لە» نەریتەکان (مادام قسە

لە سەر شێوازەکانی پێشووی کۆمەڵگەی نەریتی بێت) دەکاتەوە، بەڵکو خوازیاری «ئازادی لە» بە کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دووبارەیە کە ئایدۆلۆژیا چەپە سۆسیالیستی، کۆمۆنیستی و سیاسییەکان پێداگری لەسەر دەکەن (گەر مەبەستمان شێواز و فۆڕمی سیاسیی هاوچەرخی لیبڕالیزم، یان تەنانەت ئەو فۆڕمە سیاسییانە بێت کە بانگەشەی گۆڕانی دەکەن).

## لیبڕالیزم و نەتەوە

تۆوی لیبڕالیزم لە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکا لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی داگیرساو لەگەڵ لاوازبوونی دامەزراوە سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی رۆژئاوا لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی فیۆدالی واتا پاشایەتی، کڵێسە و چینی کۆمەڵایەتی بە پتەوی دامـەزرا. قۆناغەکانی سەرەتادا، لیبڕالیزم تێکەڵ بە ئەندێشەکانی دروستکردنی نەتەوە هاوچەرخەکان بوو، کاتێك لە ئەوروپا «نەتەوە» لە ژێر ناوی دامەزراوەی سیاسیی هاوشێوە لەسەر بنەما و بنەڕەتی دیاریکراو، کە بەرانبەر بە شێوازە پێشووترەکانی ئیمپراتۆرییەت و فیۆدالی بەرخۆدانی دەکرد، پێناسە دەکرا.

«نەتەوە» وەك كۆی هاووڵاتیانی دەوڵەتێك بوو، کە رەنگدانەوەی پەیوەندیی تاکەکانی نیشتەجێبوو لەشوێنێکی هاوبەش و یەکەدا کۆببوونەوە و لە گەشەی ئابوریدا لە ئاستێکی هاوبەشی ئابوریدا بوون. هیچ کام لە هۆکارەکانی ئەتنی، ئایینی یان چینایەتی گرنگییان نەبوو. «دەوڵەت - نەتەوەیە»کی وەها (Etat-Nation) نە خاوەنی ئامانجێکی هاوبەشی مێژوویی بوو، نە هەڵگری پەیامێکی تایبەت و دیاریکراو. ئەم «دەوڵەت - نەتەوە» چەشنێك «کۆمپانیای زەبەلاح یان کرپێراسیۆن» و یاخود دامەزراوەیەك بوو لەسەر بنەمای رێککەوتنی لایەنە بەشداربووەکان بەدیدەهات و لەڕووی تیۆرییەوە بە پێی ئەم رێککەوتنە دوولایەنانە ئەگەری ئەوەش هەبوو هەڵبوەشێتەوە. نەتەوەکانی ئەوروپا

گۆڕەپانی کار و نواندنیان بۆ ئایین، ئەتنیسیتی، چین و توێژەکان بەرتەسك کـردەوە و بە «پاشماوەی سەدە ڕەشەکان یان سەدەکانی ناوەڕاست»یان دەزانی. خاڵی جیاکەرەوەی ناسیۆنالیزمی لیبڕال لەگەڵ نموونەکانی دیکەیدا هەر ئەمەیە. لێرەدا، ئیدی هیچ بەهایەك بۆ جەماعەتی ئیتنی-ئایینی و یاخود مێژوویی لەبەرچاو ناگیرێت، تەنیا سوود و جیاواز وەك (ئیمتیاز)ەکانی گرێبەستی کۆیی تاکەکانی دامەزرێنەری دەوڵەت و ئەویش بە پێی ئەندێشەی دیاریکراوی پڕاگماتیك گرنگی هەیە.

## شەڕخوازی مارکسیزم

گەر لیبڕالەکان توانییان تواندنەوە و چەککردنی ڕژێمە فیۆدالی-سەڵتەنەتییەکان و وابەستە بە رووحانیەت، بە ئاسانی و بێ دەردیسەر ئەنجام بدەن و هیچکام لە ئەڵتەرناتیڤەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا نەیانتوانی بەرانبەر بە لیبڕالەکان بوەستنەوە، کەچی لەژێر لایە و توێژەکانی فەلسەفەی سەردەمی نوێدا بزوتنەوەیەك هاتەئاراوە، کە لەڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆندا خوازیاری مافی لەپێشبوون بوو لە لیبڕالەکان، نەك لە پێگەی «ڕاست»ی رابوردوو، بەڵکو لە پێگەی «چەپ»ی داهاتووەوە دەستی دابووە ڕەخنەی توندی چەمك تەوەر لە لیبڕالەکان. نموونەی ئەندێشەکانی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی بوون کە لە هەمووی زیاتر زایەڵەیان لە مارکسیزمدا بەدیدەکرا. مارکس بە وردبینیی هەرە زۆرەوە سەرقاڵی ئانالیز و شیکردنەوەی ئابوری سیاسیی ئادام سمیس و فراوانتر، قوتابخانەی لیبڕالیزم بوو، بەڵام دەرئەنجامێکی تەواو ڕەسەن و دەستلێنەدراوی لەم ئایدیا و ئەندێشانە بەدەستهێنا. ئەو دانی بە لەسەرحەقبوونی پاژەکییان بەراورد بە مۆدێلی فیۆدالیی کۆمەڵگەی نەریتیدا دەنا، بەڵام پێشنیاریکرد لەمەش تێپەڕن و بەناوی ئایندەی مرۆڤایەتی، هەندێ هەلومەرج و پرەنسیپی پێویست بۆ لیبڕالیزم ڕەتبکەنەوە.

## مارکسیزم لە لیبڕالیزمدا

- بەراوردکردنی کەسی لەگەڵ تاك رەتکردەوە (بەو گریمانەوە کە کەس سروشتێکی کۆمەڵ - چینایەتی هەیە)؛

- نـادادپـەروەرانـە بوونی سیستمی تەرخانکردنی بەهای زیـادە بۆ سەرمایەدارەکانی لەڕەوتی بەڕێوەبەردنی بازاڕدا خستە بەر باس؛

-»ئـازادی» کۆمەڵگەی بۆرژوازیی بە چەشنێ حوکمڕانی، دەسەڵات و زاڵێتیی چینایەتیی شـاراوە دەزانـی کە لەژێر سەرپۆشی نوێی میکانیزمی کۆڵۆنیال، بێگانەبوون و زۆرداری خۆی حەشاردابوو؛

-بانگەوازی بۆ شۆڕشی پڕۆلتاریا و هەڵوەشاندنەوەی بازاڕ و خاوەندارێتیی تاکەکەسی دەکرد؛

-بە هاوبەشی‌کردنی دارایی و سامانی بە ئامانج دەگرت(«زەوتکردنی خاوەندارێتی لە زەوتکردنی خاوەنداریەت»)؛

-وەك مانای ئازادیی کۆمەڵگەی ئایندەی کۆمۆنیستی، جەختی لە کاری داهێنەرانە دەکردەوە (وەك بەدیهێنانی «ئازادی بۆ» مرۆڤایەتی)؛

-وەك کەرەستەی لاقە، دەستڕێژی و توندوتیژیی نێوان نەتەوەکان لەژێرناوی بەرژەوەندیی خۆپەسەندانەی بۆرژوازیی ناسیۆنال، رەخنەی لە ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی وەك شێوازێك لە دەستدرێژی و زۆرداری کوێیی بەسەر هەژارترین چین و توێژەکانی وڵاتانی خۆی، دەگرت.

بەم چەشنە مارکسیزم بە هێرشکردنە سەر لیبڕالیزم بە شێوەی سیستماتیك و بەدەستهێنانی هەندێك سەرکەوتن لەم خەباتەدا لەڕووی ئایدۆلۆژیکییەوە (بەتایبەت سەدەی بیستەم لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستمی سۆسیالیستی جیهانی)، ماوەی دوو سەدە بوو بە رکابەری سەرەکیی ئایدۆلۆژی و دژبەری سەرسەختی. سەردەمانێك پێدەچوو هێزەکانی چەپ (مارکسیستەکان و سۆسیالیستەکان) لە مشتومڕ لە سەر میراتی هاوچەرخ و «ئەرتەدۆکسی»ی سەردەمی نوێ خەریکن

سەردەکەون. زۆرێك لە لیبڕالەکان هێدی هێدی دەگەیشتنە ئەو باوەڕە کە سۆسیالیزم داهاتوویەکی حەتمی و حاشاهەڵنەگرە و بە شێوەیەکی بەرچاو لە سیستمی سیاسیی لیبڕالدا چاکسازی بەدی دێنێت و لە بەرژەوەندی داهاتوودا، تەنانەت لەوانەیە بەیەکجاری لەناوبچێت. سەرەتای خواستی «لیبڕالیزمی سۆسیالیستی» هەر لێرەوە بووە کە بە پەسەند کردنی هەندێك بیروڕای «ئەخلاقی»ی مارکسیزم، هەوڵدەدات ناهەمواریيەکانی هێزی شۆڕشگێرانەی چارەسەربکات و ڕێگەی ئاشتی دوو ئایدۆلۆژیای سەرەکیی سەردەمی نوێ بە هۆی پشتهەڵکردنیان لە گرژترین و سەرسەختانەترین بیروڕاکانیان، خۆش بکات. ئەوانەی خوازیاری پێداچوونەوەن (ریڤیزیۆنیستەکان)ی لایەنگری مارکسیزم، بەتایبەت سۆسیال دیموکراتە راستگەراکان، لەگەڵ رەوتێکی دیکەدا هەر بەو ڕێگەیەدا دەڕۆیشتن.

ئەوە زیاد لە هەموو شت لای لیبڕالەکان باس و قسەی لێدەکەوێتەوە، چۆنێتیی رووبەڕووبوونەوە بە سۆسیالیستەکان و چەپگەراکان، ساڵانی نێوان 1920 بۆ 1930 گەیشتە لوتکە، کاتێك کۆمۆنیستەکان بۆ یەکەمجار جدی بوونی خۆیان لە ئامانجەکانیان و ئەگەری بەدەستهێنانی و پاراستنی دەسەڵاتیان بۆ خۆیان سەلماند. لەم قۆناغەدا قوتابخانەی نیولیبڕالی دادەڕێژرێت (لۆدڤیك فۆن میزس ، فرێدریك فۆن هایك، کەمێك دواتر پۆپێر و ریمۆن ئارۆن ) کە تیۆری هەرە گرنگی ئایدۆلۆژی دادەڕێژێت، بە شێوەیەك کە لیبڕالیزم، قۆناغی تێپەڕین لە فیۆدالیزم بۆ مارکسیزم و سۆسیالیزم نییە، بەڵکو ئایدۆلۆژیایەکی تەواوە کە خاوەنی مۆنۆپۆلێکی پاوانکراوە بۆ میراتی رۆشنگەری و سەردەمی نوێ؛ مارکسیزم خۆی بە هیچ شێوەیەك، گەشە و پەرەی ئەندێشەی رۆژئاوایی نییە، بەڵام گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ سەردەمی فیۆدالی شۆڕشە ئەنجامناسانەکان (پەیوەست بە پرسەکانی رووداوی کۆتایی مێژوو، تەواوبوونی جیهان) و ئایینەکانی بڕوادار بە سەڵتەنەتی

هەزار ساڵەی مەسیح، لە ژێر «درووشمەکانی مودێرنیتە»یە. نیۆلیبڕالەکان هەم وەك رەخنەی سیستماتیکی هیگڵ، کۆنزەرڤاتیستی ئەڵمانی، هەم وەك بەڵگەهێنانەوە لە ئەزموونی تۆتالیتاری سۆڤێت، ئەم هەڵوێستەشیان سەلماند و هەمووانیان بۆ گەڕانەوە بۆ رەگ و ریشەکان، بۆ ئەندێشەی جۆن لۆك و ئادام سمیس، بانگهێشت کرد. ئەوان سەرسەختانە پێیان لە سەر پرەنسیپەکانیان دادەگرت و لەبەر سازشەکان و رادەستکردنەکان، رەخنەیان لە سۆسیال لیبڕالەکان دەگرت.

نیولیبڕالیزم وەك تیۆرێك، روونتر لە هەر لایەکی دیکە، لە ئەوروپا (نەمسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا) فۆڕمی گرت، بەڵام رەنگدانەوەی تۆخی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا روویدا ، ئەو شوێنەی لیبڕالیزم لە سیاسەت، ئایدۆلۆژیا و کردەوەی ئابوری، خاوەنی دەسەڵات و زاڵێتیی زۆر بوو. گەرچی سەردەمانی رۆزڤەلت و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خواستی سۆسیال-لیبڕال لەپێش بوو (قۆناغی New Deal، برِشتی جۆن مینارد کینز و ئەوانی دیکە)، بەڵام قوتابخانەی لیبڕال جیاوازی حەتمی بۆخۆی بردبوو. لە مانای تیۆریکیدا، ئەم لایەنگرییە لە قوتابخانەی شیکاگۆ، زیاترین گەشە و پەرەی بەدەستهێنا (میلتۆن فریدمان ، فرانك نایت ، هنری سایمۆنز ، جۆرج ستیگلەر و ئەوانی دیکە).

پاش جەنگی جیهانیی دووەم، قۆناغی چارەنوسسازی شەڕ لەسەر میراتی سەردەمی رۆشنگەری دەستییێکرد: لیبڕالەکان بە پشتبەستن بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستیان بەدوا شەڕیان لەگەڵ مارکسیزم کرد، کە دەرکەوتە و زایەڵەی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی و هاوپەیمانەکانی بوو. ئەوروپا لە جەنگی ئایدۆلۆژیاکان پێگەی نێوەنجی و ناوکۆی بوو، رۆحییەتی سۆسیال-لیبڕالی و سۆسیال-دێموکراسی تێیدا زاڵ بوو.

## سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی لیبڕالەکان لە ساڵانی 1990

روخان و کەوتنی یەکێتی سۆڤێت و شکستی لە «شەڕی سارد»دا لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیکییەوە بە مانای دووبارە دابەشبوونی دەورەکان بۆ شەڕ لە سەر چارەنوسی میراتی رۆشنگەری و چۆنێتیی داهاتوو بوو. رێك بەو هۆکارەی یەکێتی سۆڤێت لەبەریەکهەڵوەشا و شکستی هێنا، دەرکەوت کە لیبڕالەکان و بە تایبەت نیولیبڕالەکان لەڕووی مێژووییەوە لە سەر حەق بوون، کە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمیان لە داوا و خواستیان لەمەڕ «داهاتوو» وەك «داهاتووی پێشکەوتوو» بێبەریکرد. کۆمەڵگەی سۆڤێت و رژێمە سۆسیالیستییەکانی دیکە، شوێنگە و پێگەی بڵاوکردنەوەی نهێنی بونیادگەلی سواو، کۆن بوون و مارکسیستی بەدەستهاتویان لەڕووی عیرفانی و ئایینییەوە، بەو جۆرەی خۆیان دەیانخواست، دەخستە بەر باس و لێکدانەوە.

ئەمە گرنگترین چرکەساتی مێژووی سیاسیی مرۆڤ بوو، کە یەکەمجار «خاڵی کۆتایی» لە بەردەم پرسی سەرەکی قۆناغی هاوچەرخ دانا: کە کام لەو دوو ئایدۆلۆژیا گرنگ و سەرەکییەی سەدەی بیستەم، دەبنە میراتگری رابوردوو (رۆحی رۆشنگەری) و ئۆتۆماتیکیانە داهاتوو دەکەنە هی خۆیان (بەهرەمەندبوون لە مافی لەپێش بوون لە بونیادی ئایدۆلۆژی داهاتوو). پرسی ئامانجی رەوتی مێژوویی بە رێکوپێك و  دروست چارەسەرکرا.

ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئەلێکساندەر کۆژێڤ، فەیلەسوفی فەرەنسی بە رەچەڵەك رووسی، کە پەیڕەوی ئەندێشە فەلسەفییەکانی هێگڵ بوو، لایوابوو تیۆری «کۆتایی مێژوو»ی هیگڵی لەگەڵ شۆڕشی کۆمۆنیستیی جهانیدا دێتەناسین. نەریتخوازان (لەوانە رێنی گینۆن ، ژولیۆس ئێڤۆلا)، بە رەتکردنەوەی رۆشنگەری و بەرگری لە نەریت و پێشبینیکردنی «کۆتایی زەمەن»، بە ناوکۆی سەرکەوتنی «کاستی چوارەم» (چینی «شودرەکان یان کرێکار و خزمەتگوزاران-پرۆلتاریا) لە باوەڕێکی وەها بەهرەمەند بوون، بەڵام ساڵی 1991 لەگەڵ

کەوتنی یەکێتی سۆڤیێت دەرکەوت کە «کۆتایی مێژوو» رەهەندی مارکسیستیی نییە، بەڵکو خاوەنی فۆڕمی لیبڕاله کە فۆکۆ یاما، فەیلەسوفی ئەمەریکی بە راگەیاندنی «کۆتایی مێژوو» وەك سەرکەوتنێکی پەڕگیری بازاڕ، لیبڕالیزم، ویلایەتە یەکگرتووەکان و دیموکراسی بۆرژوازی، بۆ ئاگادارکردنەوەی مێژوو ئەم خێراییەی دابووە بەر خۆی. مارکسیزم لە ئەلتەرناتیڤێکی شیمانەکراو و گەلاڵەیەك بۆ داهاتوو، گۆڕا بۆ گۆڕەپانێکی بچووك و کەمتر گرنگی مێژووی سیاسی و ئایدۆلۆژی. لەم سەروبەندە بەدواوەیە کە نەك تەنیا هەڵکشان و بە لوتکە گەیشتنی لیبڕالیزم، ئەویش لە کۆنترین شێوازی دژە کۆمەڵایەتی و ئەنگلۆسەکسۆنی بنچینەیی دەستپێدەکات، بەڵکو حەقیقەتی بونیادی و بنەڕەتی مێژووی ئایدۆلۆژی مرۆڤایەتی ئاشکرادەکات، کە لیبڕالیزم بە راستی و بە وردی «چارەنوس»ە و ئەمەش بەو مانایەیە، کە پوختە و گوشراوەکانی، پرەنسیپ و دۆگما فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی دەبێت وەك بابەتێکی پەڕگیر و رەها کە خاوەنی ئاڵتەرناتیڤ نییە، بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە.

### لە دەروازەی «سەدەی ئەمەریکی»دا

بە لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامەکانی مێژووی سیاسیی سەدەی بیستەم، دەرکەوت کە لیبڕالیزم کاتی شەڕ لەسەر تازەیی و مۆدێرنە بە سەر هەموو رکابەرەکانیدا (هەم راستەکان و هەم چەپەکان) سەرکەوتووە. سەردەمی مەزنی نوێ بە سەرکەوتنی ئایدۆلۆژیای لیبڕالیزم کۆتاییهات، کە لەوە بەدوا چاودێری و بەڕێوەبردنی پەرەی مێژوویی کەوتە دەست. بەم چەشنە، چیدیکە بۆ لیبڕالیزم دوژمنێکی ئەوتۆ و هاوسەنگ لەگەڵ لیبڕالیزم، دامەزراوەیەکی قەبە بە خودئاگایی مێژوویی گونجاو و تەواو، ئایدۆلۆژیای پەیوەندیدار و جێمتمانە، سەرچاوەی جدیی جەبری و مادی، پێگەگەلی سەربازی، ئابوری و

تەکنەلۆژیکی کە بکرێت لەگەڵی بەراورد بکرێت، نەمایەوە. تەنیا شتێك کە هێشتا بەرانبەر بە ئایدۆلۆژیای لیبڕال خۆڕاگری دەکرد، کۆمەڵێکی شپرزە و شێواوی پێکهاتوو لە بەربەست و هەڵەی سادە و بە کورتی کەمێك «دەنگە دەنگ» بوو کە بە پێی وزەی جەبری دژایەتیی دامەزرێنەران و دیزاینەرانی «رێسای لیبڕالی نوێ»یان دەکرد. ئەم دۆخە بە هیچ شێوەیەك رکابەڕێتیی نێوان هۆکارەکانی ئەڵتەرناتیڤی بەژیار و جیۆپۆلەتیکی نەبوو، بەڵکو بە بەرخۆدانی ناچالاك و کاردانەوەیەکی گۆڕەپانیی رێکنەخراو ئەژماردەکرا، بەو شێوەیەی کە جۆری خاك، رووبار یان ناوچەی قاقڕ و بیابان و زۆنگ، کار و چالاکیی جادەسازەکان پەکدەخات. لێرەدا قسە لەسەر گوشاری رێگەیەکی دیکە نییە کە کۆمپانیای ئاڵتەرناتیڤ پێی لەسەر دابگرێت، بەڵکو بابەتەکە تۆکمە و پتەوبوونی کەرەستەکانە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دۆخێکی وەهادا وەك پەناگە و جێ داڵدە و قەڵای لیبرالیزم بە شێوەیەکی نوێ دەرکەوت. لەوە بەدوا ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنیا یەك لە دوو زلهێزەکە نەبوو، بەڵکوو ببوو بە تاقە دەسەڵاتی جیهانی کە زۆر بە توندی کەوتبووە بەر رکابەرەکانییەوە. هۆبێرت ویدرین، رەخنەگری فەرەنسیی دانیشتووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، پێشنیاری کرد ئیتر ئەم وڵاتە بە زلهێز نا، بەڵکو بە (هایپەرهێز hyperpower) ) ناوزەدبکرێت، هاوکات ئاماژە بە تەنیایی و باڵابوونێك کە نەتوانرێت بپێزرێت دەدات. لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیکییەوە، سەرکەوتنی لیبڕالیزم و هەڵکشانی ویلایەتە یەکگرتووەکان رێکەوت نییە و لەڕاستیدا دوو رووی دراوێکن. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە «شەڕی سارد»دا سەرکەوتنی بە دەستهێنا، نەك لەبەرئەوەی خاوەنی هێزی زۆر بوو، لە ململانێ و رکابەریی تەکنیکیدا لە سەرووی ئەوانی دیکە بوو، بەڵکو تەنیا و تەنیا لەبەرئەوەی بنەڕەت و بناغەکەی لە سەر ئایدۆلۆژیای لیبرالیزمێك کە دەسەڵاتی تەکنەلۆژی و لەسەرحەقبوونی مێژوویی لە شەڕی ئایدۆلۆژی هاوکێشکاری سەردەمی نوێدا

دەسەڵماند، دامەزرابوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش هاوشێوەی لیبرالیزم، کاتێك لە پلە و ئاستی بڕشت و دیاریکەربوونی خۆی تێگەیشت، ڕەوایەتیی ئاشکرای ئەرکداری و ڕزگاربەخش بوونی خۆی بە شێوەی ئایدۆلۆژیای «چارەنوسی نەتەوەیی "manifest destiny" هەر لەسەدەی نۆزدەوە هێما و سیمبۆلی ئیمان و باوەڕی نوخبە سیاسییە ئەمەریکییەکان بوو، وەرگرت.

کۆنزەرڤاتیڤە ئەمەریکییە نوێکان باشتر لە هەموان لەدۆخی هەنوکەیی تێگەیشتبوون. بە پێی وتەکانی بیل کریستۆڵ، یەك لە گرنگترین ئایدۆلۆژیستەکان، «سەدەی بیستەم سەدەی ئەمەریکا بوو، سەدەی بیستویەك بە ناوی سەدەی ئەمەریکاییەوە ناودەنرێت». با کەمێک بیر لەم وتەیە بکەینەوە: جیاوازیی نێوان «سەدەی ئەمەریکا» و «سەدەی ئەمەریکایی» چییە؟ «سەدەی ئەمەریکا واتە قۆناغێك کە تێیدا ئایدۆلۆژیای لیبڕالیزم لەگەڵ ڕکابەرەکانی خۆی (ئەوەی لە نەریتخوازی، فاشیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم مابۆوە) بە شەڕ هاتووە و هەموویانی تێکوپێکداوە. ئەمەریکا کە لە ڕیزی وڵاتانی بەهێزی جیهاندابوو، گۆڕا بۆ تاکە هێزی جیهان و هەنوکە بە بڕوای کۆنزەرڤەتیڤە نوێیەکان، دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکان پایەکانی مۆدێلی ئەمەریکا (واتە ژیان بە میتۆدی ئەمەریکی) قایم بکات و لە لایەن هەموانەوە داکۆکی لێبکرێت. دەبێت مۆدێلی ئەمەریکی ببێت بە مۆدێلی جیهانیی کە دەبێت پەیڕەو بکرێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەرچاوی هەموان لە حاڵەتی وڵاتێکی نەتەوەیی بێتەدەرەوە و دەبێت بە شتێك هاوشێوەی دەوڵەتێکی جیهانی. سەرتاسەری جیهان لەمەودوا دەبێت بگۆڕێت بۆ «ئەمەریکای جیهانی» و «دەوڵەتی جیهانی»، هەمان «سەدەی ئەمەریکایی» و گەڵاڵەی بەجیهانیکردنی مۆدێلی ئەمەریکایی لە تەواوی جیهاندایە. ئەمە تەنیا کۆڵۆنیالیزم یان شێوازێکی دیکە لە ئیمپریالیزم نییە، بەرنامەی بەکارهێنانی پەرگیری تاکە سیستمی ئایدۆلۆژی کۆپیکراو لە ئایدۆلۆژیای لیبڕالی ئەمەریکییە. لەمەودوا ئەمەریکا بانگەوازی برەودان بە کۆدی یەکەی خۆی لە هەموو جیهاندا دەکات. کۆدی یەکە کە بە

هەزار رێگە و شێوازی مومکین رێك وەك تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت دزە دەکاتە ژیانی نەتەوە و دەوڵەتەکان، بۆ نموونە لەرێگەی تەکنەلۆژیا، ئابوری بازاڕی، سیستمی راگەیاندن، برەودان بە کولتوری گشتی، دانانی چاودێریی راستەوخۆی ستراتیژی ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانیان بە سەر رەوتە جیۆپۆلەتیکییەکان.

«سەدەی ئەمەریکایی» بە شێوەی گۆڕان و وەرچەرخانی مۆدێلی جیهانیی ئێستا بە نموونەی پڕاوپڕ نوێی ئەمەریکی پلانڕێژی کراوە. بە شێوەی مەرجدار، ئەم رەوتە «بە دیموکراسی بوو» ناونراوە و هەندێك ناوچەی جوگرافیایی و بە پلەی یەکەم، ئەو ناوچانەی لەڕوانگەی لیبرالیزمەوە کێشەسازن، دەگرێتەوە. بەم چەشنە، گەڵاڵەکانی «رۆژهەڵاتی نزیکی گەورە» و «ئاسیای ناوەندیی گەورە» و هتد دروستبوون. مانای ئەم وشانە بۆ ریشەکێشکردنی مۆدێلەکانی نەتەوەیی، سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، ئایینی، کولتوری و جێگۆڕکێیان لەگەڵ سیستمی رەفتاری لیبڕالیزمی ئەمەریکی دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەوەی کە باسمان لە سەر دژبەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە یان هاوپەیمانەکانی گرنگ نییە: قاڵب بەندیی دووبارە، هەموان لەوانە دۆستان، نەیاران، تەنانەت ئەوانەشی کە خوازیاری بێلایەن بوون، دەگرێتەوە. ئەمە مانا و چەمکی «سەدەی ئەمەریکی»یە. لیبڕالیزم بە سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی نمایشی، شێوازی کاری خۆی قووڵتردەکاتەوە. ئێستا ئیدی پشتیوانیکردن و لایەنگریی لە ئەمەریکا لە ململانێ ناوچەییەکان تەواو نییە (هەروەکچۆن زۆرێك لە وڵاتان بۆ نموونە پاکستان، سعودیە و تورکیا رەفتارێکی هێند هاوبیروڕا لەگەڵ لیبڕالیزمیان نەنواند). لەمە بەدوا لیبڕالیزم دەبێت بێ هیچ ریزپەڕێك دزە بکاتە قووڵایی هەموو کۆمەڵگە و وڵاتێك و بە پێی بیروڕای کۆنزەرڤەتیڤە نوێیەکان، هەر چەشنە دژایەتیکردن و خۆڕاگرییەك تووشی شکست و نەمان دێت، وەك چۆن لە سربستان، عێراق و ئەفغانستان بینیمان.

رەخنەگرانی ئەم رەوتە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ نموونە پاتریك بۆکانان، کۆنزەرڤەتیڤی کلاسیك جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە کە: «ئەمەریکا تەواوی جیهانی

بەدەستهێناوە، بەڵام خۆی لە دەستداوە»، بەڵام کۆنزەرڤەتیڤە نوێیەکان ئەمە پەسەند ناکەن، چونکە تەنیا وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی نا، بەڵکو وەك پێشەنگ و پێشڕەوی ئایدۆلۆژیای لیبڕال، ویلایەتە یەکگرتووەکان دێننە ئەژمار. ئەمە ڕێکەوت نییە کە کۆنزەرڤەتیڤە نوێیەکان لە هەناوی «ترۆتیسکیزم» کێشرانە دەرەوە. ڕێك وەك لایەنگرانی ترۆتیسکیزم کە وێڕای ڕەخنەی بێبەزەییانە لە ستالینیزم و ئەندێشەی دروستکردنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا، پێ لە سەر شۆڕشی کۆمۆنیستیی جیهانی دادەگرن، نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکانی هاوچەرخ بۆ شۆڕشی جیهانیی لیبڕال بانگهێشت دەکەن، لە حاڵێکدا کە بە کردەوە لە بانگهێشتکردنی گۆشەگیرخوازان بۆ ئاستەنگ کردنەوەی سنورو چوارچێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە مێژووییەکانی مل بادەدەن. هەر ئەم نیۆکۆنزەرڤاتیڤانە کە پێشەنگی سیاسەتی نوێی ئەمەریکان، مانا و چەمکی ئایدۆلۆژی چارەنوسی ئامۆژەی سیاسیی لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەم درك پێدەکەن. جڤاتە نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، باشتر لە مانا و واتای گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی جیهان تێدەگەن. «ئایدۆلۆژیا» بۆ ئەوان گرنگترین بابەتە کە دەبێت بە هەند وەربگیرێت، هەرچەندە ئەمڕۆ خەریکە دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی نەرم ("Soft Power").

## لیبڕالیزم و پۆست مودێرنیزم

ئایدۆلۆژیای لیبڕال بە تێپەڕین لە بەرمبەراکێی وێنایی لەگەڵ ئایدۆلۆژیا ئەلتەرناتیڤ و جێگرەوەکان (دەگاتە) ئاستی نوێی دزەکردنی خۆی لە جیهاندا، پلە و پێگەی خۆی دەگۆڕێت. سەردەمی مۆدێرنە، لیبڕالیزم هەمیشە لە تەنیشت ئایدۆلۆژیا نالیبڕالیزمەکان درێژە بە بوونی خۆی دەدات، مانای دەرفەت و ئیمکانی هەڵبژاردن دەستەبەردەکات. هەر بەو شێوەیەی کە لە تەکنەلۆژیا هەنوکەییەکاندا دەتوانین بە شێوەی تیۆری کۆمپیوتەر بە کارپێکەری مایکرۆسۆفت، ماك – ئۆس و یان لینوکس هەڵبژێرین. لیبڕالیزم بە سەرکەوتن بە سەر رکابەرەکانیدا، ڕامانی

ئایدۆلۆژیکی بۆ خۆی پاوانکرد و بوو بە تاقە ئایدۆلۆژیایەك ڕێگەی نەدەدا هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دیکە لێی نزیك ببێتەوە. دەکرێت بوترێت لیبڕالیزم لە ئاستی بەرنامەیەکەوە چۆتە ئاستی کارپێکەر و بوو بەو شتەی لێی چاوەڕوان دەکرا. ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرن کاتێك دەچینە نێو فرۆشگەیەکی کۆمپیوتەر، زۆربەی جار تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمپیوتەرەی دەیخوازین، بە وردی باس ناکەین. بۆ نموونە ناڵێین: «زەحمەت نەبێت کۆمپیۆتەرێکم بە سۆفتوێری مایکرۆسۆفتەوە پێ بدەن» و تەنیا دەڵێین: «کۆمپیوتەرێکم دەوێت». فرۆشیارەکەش کۆمپیۆتەرێکمان دەداتێ، کە سۆفتوێری مایکرۆسۆفتی لەسەرە. هەر ئەم ڕووداوەش سەبارەت بە لیبڕالیزم ڕوودەدات. لیبڕالیزم لە خۆوە دزە دەکاتە نێومان، ڕێك وەك شتێك کە لە لایەن هەموانەوە پەسەندکراوە و چما دژایەتیکردنی بێواتا و بێسود دەبێت.

ناوەڕۆکی لیبڕالیزم بە تێپەڕین لە ئاستی دەستەواژە و وشەبەندییەوە بۆ ئاستی زمان، تووشی گۆڕان دێت. لیبڕالیزم چیدی خودی لیبڕالیزم نا، بەڵکو دەبێتە خاوەنی مانا و واتای تایبەت، ڕێککەوتنی بێدەنگ و شتێك کە جەماوەرپەسەند بێت، ئەم تایبەتمەندییە تێپەڕین لە سەردەمی مۆدێرن بۆ پۆست مۆدێرنە. لە پۆست مۆدێرنەدا، لیبڕالیزم بە پاراستنی بڕشتی خۆی، تەنانەت زیادکردنی، کەمتر و کەمتر بە شێوەی فەلسەفەی سیاسی بەجێ و دیار و بە ئاسانی پەسەندکراو، گەڵاڵە دەکرێت، لەبەرانبەردا، بە شێوەی ئایدۆلۆژیای غەریزی و نەست کە دەبێت بوونی ببێت، دەکەوێتەڕوو. لیبڕالیزمێکی نائیرادیی وەها کە بانگەوازی گۆڕان بۆ «ماتریس»ی لە درك کردن نەهاتوو بۆ زۆرینەی لە سەردەمی هەنوکەدا هەڵدەدات، دەگۆڕێت بۆ کۆمیدیایەکی مەترسیدار و بە سیمایەکی ناشرینەوە دەردەکەوێت. سیمای ئانۆڕمەتیڤی کولتوری پۆست مۆدێرن پەیڕەوی لە پرەنسیپە کلاسیکییەکانی لیبڕالیزم دەکات، کە گۆڕاوە بۆ دەروونی ناخودئاگا («پاشەکەوتی جیهانی ناخودئاگا») و بە شوبهاندنی بە دۆلار («پاشکەوتنی جیهانی دراو»). ئەمە ئیدی جۆرێك پۆست لیبڕالیزمە کە لەسەرکەوتنی تەواوەتی لیبڕالیزمی کلاسیك

سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بۆ دەرئەنجامی زیادەڕۆیانە هانیدەدات.

دیمەنی نارێك و گاڵتەجاڕی پۆست لیبڕالیزم بەمشێوە دەردەکەوێت:

- تاك نا، بەڵکو پۆست تاك، بنچینە پێکدێنێت، ئاوێتەیەکی دژواز و پارادۆکسیکاڵ و رێکەوتی لە پارچەکانی جەستەی مرۆڤ (ئەندامەکانی جەستە، ئەوەی لێی دروستدەبێت، بوونەوەرانی دەستکرد و ناسرووشتی کە لە تاقیگە و لە خانەکانی مرۆڤ پەروەردە و دروستبوون)؛

-خاوەندارێتیی تاکەکەسی سەرووتر لە مرۆڤ جێگیر دەبێت و ئەو شتەی کە مرۆڤ خۆی خاوەنی بووە، ئێستاکە دەبێتە خاوەنی مرۆڤ؛

-یەکسانیی ئیمکانیات دەگۆڕێت بۆ یەکسانیی رامان و بیرکردنەوەی ئیمکانەکان («کۆمەڵگەی نمایش»- گی دبۆر )؛

-باوەڕ بە تایبەتمەندیی دیار و زەقی هەموو دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە ئیمان بە یەکسانسازیی دنیای واقیعی لەگەڵ دنیای مەجازی. دونیا دەگۆڕێت بۆ مارکێتێکی تەکنەلۆژیکی؛

-هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی بژاردەکان بەدەر لە گۆڕەپانی تاکێتی لە نێودەچن و هەر تاکێك دەتوانێت بەو شێوەیەی کە حەزی لێیە، بیر لە جیهان بکاتەوە (قەیرانی گشتاندنی عەقڵانی)؛

-تەوەری دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەگۆڕێت بۆ ئایدیای ریفراندۆمی هەمیشەیی ئەلیکترۆنی (پەرلەمانی ئەلکترۆنی)، کە بەم چەشنە هەر بەکارهێنەرێکی ئینتەرنێت دەتوانێت هەمیشە دەنگ و رای خۆی بۆ هەر بڕیارێك رابگەیەنێت و ئەمە خۆی هۆکارە بۆ زۆربوونی دەسەڵاتەکان بە ژمارەی یەك بە یەکی هاووڵاتییەکان (هەر تاکێك وەك خۆی بە لقێك لە دەسەڵاتەکان هەژماردەکرێت)؛

- «کۆمەڵگەی مەدەنی» بە تەواوی شوێنی دەوڵەت دەگرێتەوە و دەگۆڕێت بۆ بۆتەی تواندنەوەی مەتاڵەکان (melting pot)؛

-تێپەڕین لە گریمانەی «ئابوری چارەنوسە» بۆ گریمانەی «کۆدی ژمارەیی، چارەنوسە» روودەدات، چونکە هەوڵ و تێکۆشان، پارە، بازاڕ، بەرهەمهێنان و بەرخۆری و بەکارهێنان هەمووی دەچێتە حاڵەتی مەجازییەوە.

ژمارەیەك لە لیبراڵ و نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکان خۆیان لەو بەرجەوەندەی بە هۆی سەرکەوتنی ئایدۆلۆژیای لیبراڵەکان لە تێپەڕین بەرەو پۆست لیبراڵیزم و پۆست مۆدێرنیزم دەیبینن، تووشی ترس و تۆقان بوون. فۆکۆیامای داڕێژەری گریمانەی «کۆتایی لیبراڵی مێژوویی» لە ماوەی دە ساڵی رابوردوودا، ویلایەتە یەکگرتووەکان و رۆژئاوای بۆ «پاشەکشێ» و پاراستنی پێگەکانیان لەهەمان ئاستی پێشودا «بە پێی مۆدی پێشوو»، واتە لیبراڵیزمی کلاسیکی پەیوەست بە بازاڕ، دەوڵەت-نەتەوە و رامانی زانستی ئاسایی هاندەدات، تاکو نەکەونە گێژاوی پۆست لیبراڵیزم. فۆکۆیاما لێرەدا بە دەربڕینی ئەم بابەتە تووشی پارادۆکس دەبێت: لۆژیکی تێپەڕین لە لیبراڵیزمی ئاسایی بۆ لیبراڵیزمی پۆست مۆدێرن، تێپەڕینێکی ئیرادی و خۆویستانە نییە، بەڵکو بە بەشێك لە بونیادی لیبراڵیزم دێتە ئەژمار، چونکە رزگاریی مرۆڤ لەهەموو ئەو شتانەی ئەژمار ناکرێن (لە سەرجەم بەها و ئایدیالە نامرۆڤانەکان) درەنگ یان زوو، ناتوانێت ببێتە هۆی رزگاریی مرۆڤ لەخۆی. ترسناکترین قەیرانی تاك ئەو کاتە نییە کە سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی ئاڵتەرناتیڤە، کە وەك بوونەوەرێکی خاوەن بەهای باڵا ڕەتی دەکاتەوە، بەڵکو کاتێکە کە سەرکەوتنی تەواو و نەگۆڕی خۆی بەدەست دێنێت.

## لیبراڵیزم لە روسیای هاوچەرخ

ئەگەر تێکڕای ئەو کەیسانەی تا ئێستا سەبارەت بە لیبراڵیزم باسکراون، لەگەڵ جۆری خوێندنەوەیان لە روسیا بەراورد بکەین، دەبێت بڵێین لە روسیا هیچ چەشنە لیبراڵیزمێك بوونی نییە. لیبراڵەکان هەن، بەڵام لیبراڵیزمێك

له ئارادا نییه. تا سەرەتاکانی 1990، ئایدۆلۆژیای مارکسیستی، زۆربەی ئەو کەسانەی پەروەردە دەکرد کە ئێستاش لە بڕیارەکانی دەوڵەتدا کاریگەرن، بە شێوەی رواڵەتی و گرێبەستی حوکمی بەدەست بوو. پرەنسیپەکانی لیبڕالیزم،، کە بە پلەی یەکەم، لە بناغە غەریزییەکانی کۆمەڵگەی روسی بیانی بوو، لە لایەن رێکخراوە ئایدۆلۆژییەکانەوە لە یەکێتی سۆڤێت بە گرژی و سەرسەختانە بەدواداچوونی بۆ دەکرا، ئەم پڕەنسیپانە یان نادیاربوون، یان بە شێوەی ناجدیی گەڵاڵە دەکران و پاژەکی و ناتەواو تەفسیر دەکرا. تاکە مانای «لیبڕالیزم» لە روسیا بە درێژایی دەیەی 1990 رزگاربوونی لە نەریتەکانی سیاسی و ئابوری روسی-سۆڤێت و لاساییکردنەوەی گاڵتەجاڕانە، نەزانانە و دوور لە رەخنە لە رۆژئاوا بوو. بە شێوەی کرداریی، هیچ کام لە نوخبەکانی سەردەمی پاش سۆڤێت، وشیارانە و بە جۆرێك کە خۆیان بەدواداچوونیان بۆ کردبێت، لیبڕالیزمیان هەڵنەبژارد: تا دوا چرکەی کەوتنی یەکێتی سۆڤێت، رێبەرانی لیبڕالی روسیی سەربە حزبە کۆمۆنیستەکانی سۆڤێتی سۆسیالیستی، ئایدیا و ئەندێشەکانی مارکس، بەرنامەکانی سۆسیالیزمیان بەرز دەنرخاند، ستایشیان دەکرد و ئەندامانی ئۆلیگارشی بە کۆمیتەی کامسامۆل (لیگی گەنجانی کۆمۆنیست) پەیوەست بوون و یان لەگەڵ کەی. جی. بی (دەزگای زانیاریی سۆڤێتی پێشوو) هاوکارییان دەکرد. هیچکەس وەك ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی گرنگی بە لیبڕالیزم نەدەدا و تەنانەت هیچ نرخ و بەهایەکی نەبوو، پوولێکی قەڵبیشی نەدەهێنا. لیبڕالیزمێکی وەها کە هیچ نرخێکی بۆ دیاریی نەکرابوو، هیچ داهاتێکیشی بۆ کەس تێدا نەبوو، ساڵەکانی 1990 وەك ئایدۆلۆژیای جێگرەوە لە روسیا، پاش سەردەمی سۆڤێت، هاتە بوون و بەدیهاتن، بەڵام لایەنگران و بانگەشەکەرانی لە باتی فێربوونی پرەنسیپەکانی لیبڕال، دەستیاندایە دروستکردنی پلە و پایە بۆ خۆیان و برەودان بە کەرتی تایبەت و کاروباری تایبەتی و تاکە کەسیی

دیکە و لە باشترین باردا فەرمانەکانی کاربەدەستانی رۆژئاوایی رمانی سۆڤێت و دەوڵەتی روسیایان بەڕێوە دەبرد. لەم قۆناغەدا، لەناوچوونی ئایدۆلۆژی، پێش شێوەڕێژبوونی ئایدۆلۆژیای نوێ لە ئارادا بوو. هیچ کەس تەنانەت مانای گوماناویی «ئازادی لە»ی بە شێوەی واقیعی هەڵنەبژاردبوو.

کاتێك پوتین گەیشتە دەسەڵات و هەوڵیدا رەوتی کەوتن و داڕمانی روسیا بوەستێنێت، بەرەوڕووی خۆڕاگرییەکی ئایدۆلۆژی ئەوتۆ نەبۆوە. تەنیا ئەو گروپە ئابورییە تایبەتانەی کە بەرژەوەندییەکانیان دەکەوتە مەترسییەوە و ئەو تاقمەی چالاکانە و قووڵ لە سیخوڕی کردن بۆ رۆژئاوا تێوەگلابوون، دژایەتیی کارو کردەوەکانیان دەکرد. زۆربەی هەرە زۆری لیبڕالەکان دەستبەجێ ناوی خۆیان لە ریزی «لایەنگرانی پوتین»دا تۆمار کرد، هاوکات کە بوونە پێمل و گوێڕایەڵی رێبەری تازە و پشتیوانییان لە هۆگریی نیشتمانپەروەرانەی دەکرد. تەنانەت کەسایەتیی بەناوبانگی لایەنگری لیبڕالیزمی روسی، بۆ نموونە ئیگۆر تەیمورۆڤیچ حەیدەر، ئاناتۆلی باریسۆڤیچ چوبایز و ئەوانی دیکە، هاوشێوەی سازشکارانی ئاسایی هەڵسوکەوتیان کرد: ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی چاکسازییەکانی پوتین لای ئەوان بێواتا بوو، ئەوان بە هەندیان نەدەگرت. سەرباری رووداوەکانی ساڵانی 1990، لیبڕالیزم نەیتوانی لە روسیا بەقووڵی رەگ دابکوتێت یاخود ببێتە بەشێك لە نەوەی سیاسیی لیبڕالە راستەقینەکان. ئەم رەوتە لە روسیا لە راستیدا لە دەرەوە کردەی دەنواند و لە ئەنجامدا بووە هۆی گرژیی پەیوەندییەکانی نێوان روسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەرپێچی لە ئەجێندای کاری پوتین بەرانبەر رۆژئاوا و وەڵامەکەی میونخ کرد.

لەو رووەوە کە ژمارەی لیبڕالە وشیارەکان لە چرکەساتی هەستیار و چارەنوسساز بۆ روسیا لە کۆمۆنیستگەلی وشیاری کۆتاییەکانی ساڵانی 1980 زیاتر نەبوو، پوتینیش هەوڵی نەدا بە گەڕانی ئایدۆلۆژیکی بیانبینێتەوە و تەنیا گۆڕەپانی چالاکی ئۆلیگارشیی لیبڕالی ئاستەنگ کردەوە کە بە

هۆی دوورکەوتنەوە لە سـزادان، بە بێشەرمی تـەواوەوە درێـژەی بە کارو راسپاردەکانی دەدا. پوتین کە بە شێوەی غەریزی بۆ پاراستن و زیندوکردنەوەی سەربەخۆیی روسیا تیدەکۆشا، بەرەورووی رۆژئاوای لیبڕال و نەخشەکانی بەجیهانیکردن بووەوە، بەڵام وەك ئەلتەرناتیڤ، فۆڕمی بەکردەوەکانی خۆی نەدا و هۆکارەکەشی بە رادەیەکی زۆر بۆ نەبوونی لیبڕالی بڕوادار لە وڵاتدا، دەگەڕایەوە. لیبڕالی راستەقینە کەسێکە کە لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی لیبڕالیزم پەیڕەوی دەکات. لەوانە پەیڕەویی لە شتێك کە رەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ئاکامی جدی و تەنانەت بەختکردنی گیانی کەسەکە خۆی. گەر تاکەکان تەنیا ئەو ساتانەی لیبڕالیزم رێگەپێدراو و مۆد بێت یان بە حەتمی لە قەڵەم بدرێت، ببن بە لیبڕال، لەو حاڵەتەدا هەرکە تووشی یەکەم گرفت و کێشەببن، چاو لە را و روانگەکانی خۆیان دادەخەن و لیبڕالیزمێکی لەم چەشنە هیچ لە نوسخەی سەرەکی و واقیعیی ناچێت. پێدەچێت میخایل خۆدۆر کۆفسکی، «قەدیس»ی لیبڕالە هاوچەرخەکانی روسیا، بە مانەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە زیندان، لەم بابەتە تێگەیشتووە، بەڵام بە بڕوای من، لە نێو لیبڕالەکانی دیکەدا کە ئازادن، ئەو تەنیا کەسێکە بەم تێگەیشتنە گەیشتووە.

### لەشکر کێشی خاچ هەڵگرەکان دژی رۆژئاوا

هەرچەند ئەمڕۆ لیبڕالیزم بانگەوازی نائەڵتەرناتیڤ بوونی خۆی بکات، دیسان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە ئەگەر و دەرفەتی هەڵبژاردن هەیە، چونکە تا ئەو ساتەوەختەی مرۆڤ درێژە بە بوونی خۆی دەدات، لە هەڵبژاردندا ئازادە. هەم بۆ هەڵبژاردنی ئەوەی «هەموان» هەڵیدەبژێرن و هەم ئـەوەی «هیچ کـەس» هەڵینابژێرێت. لیبڕالیزم (هـەم ویلایەتە یەکگرتووەکان و هەم رۆژئاوا) هەنوکە پێشنیاردەکات تاکو نەك وەك یەك

لەئەڵتەرناتیڤ و کەیسەکانی بەردەست، بەڵکو وەك تاکە چارەسەری مومکین بگیرێتەبەر و هەڵبژێردرێت. لێرەدا نایاسایی و نائاسایی بەرچاو دەکەوێت: لۆژیکی مێژووی سیاسی سەردەمی نوێ لە واقیعدا جەخت لە تاك و تایبەت بوونی ئەم هەڵوێستە دەکاتەوە. هەڵبەت دەکرێت وێنابکرێت، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لە سەر رووی زەوی کەمێك لە تێگەشتنی رووداوەکانی کۆتایی سەدەی 20 و سەرەتای سەدەی 21 درەنگ کەوتوون و بە پێی وزەی زۆرداری و جەبری باوەڕیان بە سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم و دین و ئایین هەیە. ژمارەیەکیش لە بەر هۆکاری تاکەکەسی و وێنای تایبەتی لیبڕالیزمیان قبووڵ نییە، بۆ نموونە لەبەرئەوەی دەزانن لەم سیستمەدا دەکەونە ریزی دۆڕاوەکانەوە، بەڵام ئەم بابەتە هێندەش گرنگ نییە، تێکڕای ئەڵتەرناتیڤەکانی سیستماتیك و بنچینەیی لەناوچوون و نارەزایەتیی دەستنیشان نەکراوی کەسانێك کە بە هیچ شێوەیەك لە زاراوە سیاسی - ئایدۆلۆژییەکان سەر دەرناکەن، لەم باسەدا کاریگەر نابێت.

سەرەڕای ئەوەی، لیبڕالیزم (و پۆست لیبڕالیزم)، تەنانەت لە ئاستی نوێی داخڵبوون و لاقەی ئاشکرای خۆی رەنگە (و بە بڕوای من دەبێت) رەتبکرێتەوە. گەر هەموو هێزەکانی جەبریی سەردەمی نوێ، رۆحی رۆشنگەری و لۆژیکی مێژووی سیاسی و ئابوری مرۆڤی ئەوروپی لەم سەدانەی دواییدا تێی بپەڕێنن، لەو حاڵەتەدا دەبێت لیبڕالیزم بە گشتی هاوڕێ لەگەڵ سەردەمی نوێ، رۆشنگەری و مرۆڤایەتی بەرپەرچ و رەتبکرێتەوە. جگە لەمە، تەنیا تێگەیشتنی لیبڕالیزم وەك چارەنوسێکی حەتمی و دیاردەیەکی بنەڕەتی کە رەوتی مێژووی ئەوروپای رۆژئاوایی گرتووەتەوە، رێگە بۆ پەسەندنەکردنی بە شێوەی واقیعی خۆش دەکات. دەبێت وەك هۆکاری مێتافیزیکی جیهانی و نەك بە شێوەی پاژ، فیرقە، دابێکی نابەجێ یان بەلارێدابردنی گەشە و پەرەیەکی ئاسایی، رەتبکرێتەوە. رێگایەك کە مرۆڤایەتی سەردەمی نوێ، هەنگاوی تێدا هەڵگرت،

بێگومان بەرەو لیبڕالیزم و رەتکردنەوەی خودا، نەریتەکان، کۆمەڵگەکان، ئەتنیەکان، ئیمپراتۆر و پاشایەتی پاڵی دەنێت. دەرئەنجامی ئەم رێگەیە بە تەواوی لۆژیکییە: مرۆڤی سەردەمی نوێ کە بڕیاری داوە لە هەرچی هۆکاری وەستێنەرە، خۆی رزگار بکات، دەگاتە کۆتایی و ئەنجامێکی لۆژیکی و لە بەرچاوی هەموان لە خۆی رزگاری دەبێت.

لۆژیکی لیبڕالیزمی جیهانی و بەجیهانیبوون بۆ خەرەندی توانەوە لە دنیای مەجازی پۆست مۆدێرن پاڵماندەنێت. گەنجانی ئێمە ئەم خاڵە لە بەرچاو دەگرن: کۆدەکانی گلۆبالیزمی لیبڕال لەرێگەی خووەکان، پڕوپاگەندەکان، جوانکارییەکان، تەکنەلۆژیا و مۆدێلەکانی ڕایەڵەیی بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە ئاستی ناوشیاردا دزە دەکەن. ئێستا ئیدی لەدەستدانی شوناس و رەسەنایەتی، نەك تەنیا رەسەنایەتی کۆلتوری و نەتەوەیی، بەڵکو تەنانەت شوناسی رەگەزیش بە بابەتێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبینە بینەری لە دەستدانی شوناسی تاکەکەسی و مرۆییش. لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤیش کە هێند بە پەرۆشی تراژیدیای نەتەوەکانی قوربانی نەخشەی بێبەزەییانەی «دەستورێکی نوێی جیهانی»یەوە نین، بەیانی دەنەڕێنن کە مافەکانی «سیستمگەلی سیبرنتیك» یان «ئۆرگانە هاوشێوەکراوەکان» لەناوچووە. پەسەند نەکردنی لیبڕالیزم لە لایەن خەڵکەوە زۆر بە باشی درکی پێدەکرێت و لە هەموو شوێنێکیش بەدی دەکرێت، بەڵام ئەم پەسەند نەکردنە تا کاتێك کە لە هەندێك پرس و بابەت ئاگادارنەبین، ئەوەندە گرنگ نییە: کە نەك لەگەڵ دیاردەیەکی رێکەوت، بەڵکو یاسامەند و نەك پاشگەزبوونەوە لە رێساکان، بەڵکو بـەرەوڕووی نەخۆشیەکی داهێزەر و بێ دەرمانین، کە دەبێت لەو سەردەمانەی هەموو شتێک ئاشکرا و دیاربوو، لە سەرچاوەکانی بگەڕێین؛ کاتێك کە مرۆڤایەتی چووە ناو سەردەمی پێشکەوتن و پەرەگرتن،

ئازادی و یەکسانی دەبێتە ماف. ئەمە تەنیا کۆی کۆمەڵێك نیشانە و دروشمە بۆ نزیککەوتنەوە لە مردن و سەرەمەرگ. لیبڕالیزم نەك تەنیا لە بۆتەی راستەقینەی خۆی، بەڵکو لە پێشمەرجی بنچینەیی تیۆری خۆیدا، شەڕی رەهایە. سەرکەتن و سەروەری جیهانیی تەنیا و تەنیا ئەو تایبەتمەندییە شومانەی دەرخستووە کە پێشتر بەرچاو نەکەوتبوون. «ئازادی لە» قێزەونترین فۆرمۆلی کۆیلەییە، چونکە مرۆڤ بۆ سەرپێچی بەرانبەر بە خودا، بەهاگەلی نەریتی، ئەخلاق و مینۆکیاتی نەتەوە و کولتور ناچار دەکات.

تەنانەت ئەگەر لیبڕالیزم لە هەموو شەڕ و پێکدادانە نمایشییەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێت، لە سەرەتای «سەدەی ئەمەریکایی»دا، شەڕی راستەقینە هێشتا لە رێگەیە، بەڵام ئەم شەڕە کاتێك روودەدات، کە مانا و واتای ئەو شتەی لە حاڵی رووداندایە، بە دروستی درکی پێبکرێت، کاتێك کە بەو شێوەیەی پێویستە، مانای مێتافیزیکی لیبڕالیزم و سەرکەوتنی چارەنوسسازی دیاریبکرێت. بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ ئەم شەڕە، دەبێت لە رەگەوە هەڵبکێشرێت. ئەوەش دەڵێم کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم سەرکەوتنە دەبێت سەرەتا ئەو سەیوانە مینۆکی و فیزیکیانەی کە شوێنگەی فۆرمۆڵەبوونی هەڵیتوپەڵیت و پشتی مرۆڤ وەك ئاست و قەبارەی شتەکانن، لە سەر گۆی زەوی بسڕدرێنەوە. تەنیا وەڵامی گونجاو، جەنگی خاچ هەڵگرانی جیهانی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان، رۆژئاوا، بەجیهانیبوون، سەرچاوەی سیاسی و ئایدۆلۆژیی ئەمانە، واتە لیبڕالیزمە. گومان هەڵناگرێت کە روسیا دەبێت بەرنامە و پلانی ئەم جەنگە خاچ هەڵگرە دابڕێژێت و لە رووی ئایدۆلۆژییەوە گەڵاڵەی بکات، بەڵام نەك بە تەنیا، بەڵکو بە یارمەتی هەموو هێزە جیهانییەکان بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستیان داوەتە بەرخۆدان بەرانبەر بە «سەدەی ئەمەریکی». بە هەر چەشنێک بێت ئەم ئایدۆلۆژیایە دەبێت بە دانپێدانان بە رۆڵی رووخێنەری لیبڕالیزم وەك گشتێنەری رێگەی رۆژئاوا، رەتکردنەوەی بەهاگەلی ئایینی و نەریتی دەستپێبکات.

# بەشی سێیەم
# دیموكراسی پیرۆزە یان نائایینی (سیكۆلار)؟

گەلێك ئەفسانەی درۆیین سەبارەت بە دیموكراسی هەیە. زۆربەی خەڵك لەو باوەڕەدان دیموكراسی، سەردەمیانەترین، پێشكەوتووترین و «بەڕێزترین» فۆڕمی بونیادی سیاسییە، كە لەسەر بنەمای تەوەری یەكسانی سیاسیی هەموو تاكەكانی سەر بە گروپ یان كۆمەڵێكی دیاریكراو بیناكراوە. ئەمانە تێكڕا هێند هاوتەریبی كاكڵەی بابەتەكە نین.

## دیموكراسی وەك دیاردەیەكی كۆن
## ئاسودەیی بەكۆمەڵ

دیموكراسی كۆنترین، سەرەتاییترین و تەنانەت «بەربەرانەترین» فۆڕمی پێكهاتەی سیاسییە. ئەو كۆمەڵگە كۆنەی لە مێژوودا ئاشنای دەبین، لە سەر پرەنسیپ گەلی دیمەكراتیك بینا ببوو. بڕیاری سەرەكی لە مەڕ چارەنووسی هۆزەكان یان تەنانەت عەشیرەت و بنەماڵەیەك، هەمیشە بەكۆمەڵ و بە پێی راوبۆچوونی گشتیی ئەندامانی خاوەن دەسەڵاتی ئەو جڤاتە دەدرا. ردێنسپی هۆزەكان، شەڕكەر و جەنگاوەران كە بەناوی «خاوەنانی ئاگر»ەوە ناودەبران، سەرەتاییترین پەرلەمانی خەڵكانی كەوناراایان دروستكرد. ئەم پەرلەمانانە لای ئەڵمانییەكان بە ناوی «تینگ» و لای سلاڤۆكان بە ناوی «وچە»وە ناونران، تەنانەت دەستەواژەی رۆمی «رێسپەبلیكا» (Res Publica) زایەڵەی جڤاتی كۆنیی هۆزە لاتینییەكانی لەگەڵدایە كە «شتگەلی» بنەڕەتیی ژیانی كۆمەڵگەكانیان دەخستە بەرباس. (Res) لە زمانی لاتیندا بە مانای «شت» (وێش)ە كە لە رووی ماناوە لە «وچە»ی روسی و“ting” یان “ding”ی ئەڵمانییەوە نزیكە. ئەم وشە لە زمانی ئەڵمانیشدا بە مانای «شت»ە.

شێوازی بەکۆمەڵی دەرکردنی بڕیارەکان، بنەما و بنەڕەتی دیموکراسی پێکدێنێت، کە دەبێت بەشێکی زۆر لە نوێنەرانی کۆمەڵگە لەم پرۆسەیەدا بەشدارییان هەبێت، بەڵام رێك ئەم تەوەرە بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگە دێرینەکان پێکدێنێت کە تیایدا «تاك» هێشتا بە شێوەی قاڵبێك جیانەبۆتەوە و «رۆحی هۆز»، سیمای سەرەکیی مێژووبوو کە زۆربەی جار یان بە شێوەی «تەوتەم» (رۆحی پارێزەری تاك) یان «رۆح و گیان» و یاخود «جەوهەری یەزدانی و خودایی» درکی پێدەکرا. ئەم پڕۆسە دیموکراتیکانە رێك بەمشێوەیە خرانە بەکارهێنا تاوەکو ئەم بەرە بان تاکێتییە ئەگەر و دەرفەتی دەستێوەردانی راستەوخۆ لە چارەنوسی کۆمەڵ و جڤات بە دەستبێنێت. لە دانیشتنەکانی «کۆمەڵی گشتی» هەوڵدەدرا چارەیەك بدۆزرێتەوە کە هەریەك لە ئەندامان نەیاندەتوانی بە تەنیا بڕیاری لێبدەن. چاوەڕواندەکرا بڕیارێکی وەها لە سەر دەستی بەرەی باڵا (trans-cendent)ەوە دەربکرێت. هەر بۆیە، لە هەموو دانیشتنەکاندا رێوڕەسمێکی تایبەت بەڕێوە دەچوو، تێیدا خوداکان و روحەکان بانگهێشت دەکران.. لەڕاستیدا خوداکان و روحەکان، لەرێگەی مرۆڤەکانەوە بڕیاریان دەردەکرد. مانای وشە بە وشەی ئەم مەتەڵە رۆمییە («دەنگی خەڵك، دەنگی خودا» –Vox Populi-vox Dei) هەر لێرەوە هاتووە. بەم چەشنە بنچینە و بنەڕەتی دیموکراسی لە عیرفانی کۆنی خەلسەی جڤاتی پێکهاتووە، کاتێك کە جەماعەت دەچوونە پێشوازی و دیداری رۆحی جەمعی («خودا») کە خەریکە بەرەو لایان دیت.

### دیموکراسی، دامەزراو لە سەر نایەکسانی، «ناهاووڵاتی»

دیموکراسی بە هیچ شێوەیەك یەکسانیی تاکەکەسی قبووڵ نییە و قایلە بە سنورێکی دیاریکراو کە تاکە بەشداربووەکانی «خەلسەی سیاسی بڕیاردان» و ئەوانەی بەشدارییان تێیدا نییە، لێکدی جیادەکاتەوە. بەم بۆنەوە، تەنیا

گروپگەلێکی دیاریکراوی تایبەتی کۆمەڵایەتی وەك بەشداربووی واقیعیی کردەوە دیموکراتیکەکان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا ئەژماردەکران. بونیادیان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازبوو، بەڵام پرەنسیپی بەشداریکردن لە رەوتی دیموکراتی و دەرکردنی گروپێکی دیکە لەم رەوتە لەڕاستیدا خاڵی جیاکەرەوەی بنەڕەتیی هەموو جۆرەکانی دیموکراسییە.

لە هۆزە شەڕەنگێزە ئەڵمانییەکاندا، تەنیا شەڕکەران و قەشەکان مافی چوونە ناو «تینگ»یان هەبوو. لەو رووەوە کە تێکڕای تاکەکانی ئەم هۆزانە (لەوانە قەشەکان)، بەکردەوە شەڕکەر و سەرباز بوون، کەوابوو دیموکراسی سەربازیی ئەڵمانی لەوانەیە راشکاوتر و بەرینتر لە جۆرەکانی دیکەی دیموکراسی بێت. تەنیا ئەو کۆیلانەی کاتی هەڵاتن دەستگیر دەکران، ژنان و منداڵان و بێگومان بیانییەکان لەم دیموکراسییە بەدەر بوون. لە گەورە شارەکانی یۆناندا کە پەیرەوی مۆدێلی دیموکراسی بوون، بۆ نموونە لە ئەسینا، بۆ ئامادەبوون لە رەوتی دیموکراسیدا، تاکەکان دەبوو «هاووڵاتی»ی ئەم گەورە شارانە بوونایە کە لە بونیادی گەورەشارێکی لێوانلێو لە توانای ئابوری و دەرکەوتەی ئەخلاقی تایبەت دەچوو. هەژارەکان، کۆیلەکان و ژنان لە رەوتی دیموکراسی وەلانرابوون و «بیانییەکان» بۆ نموونە کەسانێکی بەناوبانگ کە لە شارەکانی دیکەوە هاتبوون و بەناوی «ئیدیۆتێس» «ناهاووڵاتی»ییەوە ناودەبران، لەم رێسایەدا ریزپەڕ نەبوون. ئەمڕۆ مانا و واتای وشەی پزیشکی «ئیدیوت» (واتا نەزان)، گەمژە لە سیاسەتدا بە کەسێك دەوترێت کە بە جدی و سەرسەختانە لە رەوتی دیموکراسی وەلادەنرێت.

لە هەموو جۆرەکانی دیموکراسیدا، هەڵبژاردنی بەشداربووی دەسەڵاتدار، دابینکردنی ئیمکانی بێ ئەملاولا بۆ «رۆح» («خودا»، «خوداکان») ئەو گروپە بە مەبەستی دەستێوەردان لە چارەنوسی کۆمەڵگە، دەستەبەر دەکات.

## مۆدێرنیزاسیۆنی سیاسی؛ لە دیموکراسییەوە بۆ زۆرداری

لە مێژووی رۆژئاوا و هەندێك ژیاری دیکەدا، مۆدێرنیزاسیۆنی(نوێگەری) سیستمی سیاسی بە ناوکۆی رەتکردنەوەی دیموکراسی و زۆرجار بە سودی پیاوماقووڵ و سەڵتەنەتخوازەکان بەدیهاتووە. گەرچی لەم حاڵەتەشدا تایبەتمەندیی پیرۆزبوونی دەسەڵات پارێزراوە، بەڵام سەرەتای لۆژیکێکی تاکەکەسی زیاتر بەرچاو دەکەوت. بڕیارە سیاسییەکان بە رادەیەکی زۆر لەسەر دەستی کەس یان یەك کەسایەتی تایبەت و دیاریکراو دەدرا و بەم بۆنەیەوە زیاتر تایبەتمەندی لۆژیکی و مرۆیی لە خۆدەگرت. ژیار بە دوورکەوتنەوە لە دیموکراسیی کۆن، دراوسێیەتی خوداکانی بەجێهێشت، دنیایەك کە تێیدا هەموو شتێکی مرۆیی و خودایی بەجۆرێك لێکئاڵابوون کە نەدەکرا لێکیان جیابکەیتەوە. زۆرداری وەك ئەمرۆییترین جۆری بونیادی سیاسی لە جیاتی دیموکراسی جێگیر دەبێت، کە بۆ یەکەمجار کەسێکی دیاریکراو کە ئێمە پێیدەڵێین «زۆردار» دێتە مەیدانەوە. لەم رەوتەدا، ئەوەی «ئیلاهی» و «خودایی» بوو رەنگ و رەهەندی مرۆیی بەدەست دێنێت.

## دژیەکی رێنیسانس: «بەرەو سەردەمی کۆن»

چۆن دەتوانین لەم دۆخە تێبگەین، کە سەردەمی نوێ، قۆناغی رۆشنگەری و پێشکەوتن، ئەوروپا رێك ئاوڕی لە دیموکراسییەك داوەتەوە، کە ئاسەوار و شوێنپێکانی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا، لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا لەناوچووە؟ لەنێوان ئەسینای کۆنی دیموکراتیك و کۆماریی پەرلەمانی هاوچەرخی ئەوروپی، بەدرێژایی چەندین سەدەی بەردەوام لە مێژووی رۆژئاوا، سیستمگەلی سیاسی دەسەڵاتخوازی- پیاوماقووڵان حوکمڕانییان کردووە. رەگی وەڵامی ئەم پرسیارە لە سەردەمی رێنسانسدایە.

ئەو قۆناغە گەلێك دژیەکی و پارادۆکسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا دەرکەوتن. قۆناغی ڕێنسانس، ئەوروپا گەیشتە ئەو قەناعەتەی ڕێساکانی شێوازی پەروەردە و بارهێنانی فەلسەفی و ئایینی سەدە ناوەڕاستییەکان وەلابنێت و هەڵسەنگاندنی مرۆیی رزگاربکات. کردەوەیەکی لەم چەشنە بەزۆری دەبێتە هۆی جوڵە و رۆیشتن بەرەو پێشەوە، بەڵام کەم کەس گرنگی بەم بابەتە دەدات کە چالاکوانان و پێشڕەوانی ڕێنسانس، نەك لەبەر ئاکاری زانستی نائایینی (کە هێشتا بوونی نەبوو)، بەڵکو بە هۆی ئامۆژە و فێرکاریی جادویی و عیرفانی و وەرگیراو لە زانستی کیمیاگەری، مرۆڤی ئەفلاتونیی کۆنی وەك نموونەی هەڵبژێردراو و پرەنسیپ و باوەڕەکانی کاسۆلیکین تووڕدا. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوان بۆ کۆنگەرایی قووڵ و کردەوەی بەرهەمی ئەزموونی پاکیزەیی تەواو سەرتاسەری، بانگهێشتیان دەکرد. هەم مارسیلیۆ فیچینۆ و جوردانۆ برۆنۆ ، هەم مایکل ئانژ لەڕیزی لایەنگرانی تۆخ و دەمارگرژی ئافلاتونیزم (نوخبگەرایی)، یۆنانی کەونارا، لێگەڕانی نهێنی و ڕەمزەکانی میسر و خاوەن پلەوپایەکانی «کابالا (تەفسیرێکی رەمزاوی لە کتێبە پیرۆزەکانی عیبری)» بوون. خواست و گرنگیدان بە دیموکراسی لە ئەوروپا، لەم میراتە سەرچاوەی گرتووە. دیموکراسیی سیاسی هاوڕێ لەگەڵ پلۆتینوس و هێرمس تریسمگیستوس ، هەروەها حجرالفلاسفە و خوداکانی کەونارا کە گوایە دنیایان بە بێ گەڕانەوە جێهێشتووە، دۆزرایەوە.

## نیشانەکانی کۆن و لەمێژینەی دیموکراسیی سەردەمی نوێ: هیتلەر و ژنانی لایەنگری مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی ژنان

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە لە مێژووی ئەوروپی نوێدا، ئاسەواری سەردەمی کۆن و کەونارا دەبینین. دیموکراسی خۆی بە بابەتێکی «پیرۆز» لە

قەڵەم دەدرێت. ئێستا تاقی بکەیتەوە؛ بە وتووێژ لەگەڵ کەسێکی ئەمەریکی یان ئەوروپی، خوێندەوار و پلەی کۆمەڵایەتی مامناوەند، دیموکراسی بخەنەبەر شك و گومانەوە، دەبینن چی روودەدات. ئێوە دەبن بە کەسێکی «بێگانە»، «بیانی» و «هاووڵاتی نەبوو». لەوانەیە ئەمڕۆ ئەم بابەتە لای هەندێک کەس سەیروسەمەرە بێت، بەڵام تەنیا سێ سەدە پاش دزەکردنی دیموکراسی لە ئەوروپا، واتە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ژنان لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا مافی هەڵبژاردنیان بە دەستهێنا. بزوتنەوەی «سوفراژیستەکان» (لەوشەی فەرەنسی Suffrage بە مانای مافی دەنگدان) داوای دەکرد «هاوشێوەی پیاوان مافی دەنگدان بە ژنانی ئەوروپیش بدرێت». کەمێك زیاتر لە سەد ساڵ پێش ئێستا، لە دیموکراسیی ئەمەریکیشدا هەم تەوەری نەژادی (مافە خۆجێیەکانی ئەمەریکا، پێست سوورەکان و ئەو کۆیلانەی لە ئەفەریقیاوە دەگوێزرانەوە، ئاستەنگ بوو)، هەم دیاریکردنی شایستەیی دارایی و ئابوری (ئاستی باڵای دارایی و سامان) باڵادەست بوو، کە ژمارەی ئەو کەسانەی دەیانتوانی لە دیموکراسی بەهرەمەندبن، بەرتەسك دەکردەوە. سیستمی سیاسی ئەمەریکا بە ناوکۆی چالاکی بەربڵاوی لژماسۆنەکان و پێگەی نهێنی و شـاراوەی دیکە، گەشەی دەکرد و بەهیز دەبوو، کە دیموکراسی ئەمەریکی لە رابوردووەوە تا ئێستا ناوەڕۆکی «پاکی» دابینکردووە و دەیکات. لە کۆتاییدا، نموونەیەکی پڕاوپڕ دژواز و پارادۆکسیکاڵی دیکە کە ئەویش فۆڕمگرتنی ئەڵمانیای نازییە. چۆن بوو کە لە وڵاتێکی ئەوروپی پێشکەوتوو، هاوچەرخ، خاوەن ژیار و رۆشنگەرانەی سەدەی بیستەم، سەدەی ژیار و پێشڤەچوون، لەسەر بنەمای رەوتێکی تەواو دیموکراتیك و بە رێککەوتنی سەرتاسەریی سەرجەم خەڵکەکە، کەسێك دەسەڵاتی گرتەدەست کە لە ئەڵمانیا نەك رۆحی سەدە ناوەڕاستییەکان، بەڵکو کۆنتر لەو بە بەڕێوەبردنی

ڕێوڕەسم و بۆنەی بەکۆمەڵ و ڕەفتاری نائاسایی و جیایی و لێکدابڕانی نەژادیی سەختگیرانەی زیندو کردەوە؟ لێرەدا دیسان چەشنی هەموو دیموکراسییەکانی دیکە، پرەنسیپی «جیایی» لە قەبارەی تەواویدا بەدی دەکرا: هەندێکەس ئیزنی بەشداریکردن لەم ڕەوتەیان هەبوو، هەندێکی دیکە لێی بێبەری بوون.

## دیموکراسی جیهانی وەك حکومەتی دژە مەسیحی

دیموکراسی سەدەی 21 بەڕواڵەت خۆی وەك سیستمێکی سیاسی ئەمڕۆیی و سەردەمیانە دەردەخات و وهەوڵدەدات هەموو تاکەکان بێ لەبەرچاوگرتنی هاووڵاتیبوون، ڕەگەز، ڕێژەی دارایی و تایبەتمەندیی نەژادی و ئەتنی بگرێتەوە. ئەم دیموکراسییە لە سەر «مافی مرۆڤ» بونیادنراوە، بەڵام لێرەشدا شیاویەتیی هەڵبژاردن، چەمکی تاك بوون و تاکەکەسێتی و یەکسانیی کاریگەربوون لەسەر بڕیاردانەکان بەدی ناکرێت. عەقڵ و ئاوەزی کەسێك بە هۆی بێعەقڵی و نائاوەزمەندبوونی ئەویدییەوە لەناودەچێت و سەرباری هەموو هەوڵەکان بۆ «مۆدێرنیزەکردن»ی دیموکراسی، دووبارە و دووبارە شوناسی کۆن، سواو، ناعەقڵانی و دواکەوتووانەی خۆی نیشاندەداتەوە. (گەڕانەوە بۆ «ڕۆحی» گرفتار لە خۆلەبیرکردنی چرکەساتی، چ شتێکی عەقڵانی و عەقڵبڕی تێدایە؟). تەنیا ئێستا، بە ناوکۆی پڕۆژەی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی، ئیدی ئەو ڕۆحە میترۆپۆلی، هۆزەکی یان خەڵکی و نەژادییە نا، بەڵکو شتێکی دیکە، شوناسێکی گشتی و تایبەت بە هەموو مرۆڤایەتی، کە نەریتی مەسیحییەت دەیەوێت بەناوی «شازادەی ئەم جیهانە» گوزارشتی لێ بکات، دێتە قسە. ورتە ورتی نادیار لاڵ و نامەفهومی جەماوەری جیهانی، ئامادە بوون هەر ئەو وتانە تەفسیر بکەن کە لە لایەن ئەو، بەڕواڵەت قەشانەی ئەمڕۆ لەژێر پەچە و دەمامکی لایەنگران و پەیڕەوانی «کۆمەڵگەی ئازاد» یان «بەجیهانیبوون» کاردەکەن، بەیان دەکرێت. دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە ئەوان بەڕاستی خزمەتکاری کێن.

# بەشی چوارەم
# تواندنەوەی ئایدۆلۆژیا چەپەکان
# لە سەدەی بیست و یەکەم

## فەلسەفەی چەپ لە قەیراندا

پێچەوانەی دۆخی زاڵ بە سەر فەزای ئەندێشەگەلی سیاسی و پڕۆژەکان لە سەد ساڵی رابـوردوودا، هەنوکە ئەگەری قسەکردن لە فەزایەکی تەواو دیاریکراو ورد و تایبەت بۆ پـڕۆژەی چەپ (کۆمەڵایەتی، سۆسیالیستی یان کۆمۆنیستی) بوونی نییە. بابەتەکە ئەمەیە کە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، قەیرانی بنەڕەتی لە چاوەڕوانییەکانی پەیوەست بە بزوتنەوەی چەپ، ئەندێشەکان، فەلسەفە و سیاسەتی چەپ روویدا. ئەم بابەتە پێش هەموو شت پەیوەندیی بە کەوتنی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی و کەمپی سۆسیالیستی و کەمبوونەوەی کاریگەری و متمانەی مارکسیزمی ئەوروپیی بوو کە قۆناغێکی دیاریکراو بە شێوەی کردەوەیی ببوو بە «ئایدۆلۆژیای پاشەکەوت»ی ئەوروپای رۆژئاوا.

جگە لەمە، پڕۆژەی چەپ تاکە گەڵاڵەی گشتی و هەموانی و یۆنیڤێرساڵ بوو. چۆنێتی جێبەجێ بوونی ئەندێشەکانی چەپ، لە کاروباری تایبەتیی سیاسیدا، لای نەتەوە جیاجیاکان نیشانیداوە، کە تەنانەت لەڕوانگەی پڕاوپڕ تیۆرییەوە، چەندین خواستی سەرەکی لە هەناوی فەلسەفەی سیاسیدا بوونی هەیە کە دەبێت هەر یەکەیان بە شێوەی جیاواز لێکبدرێنەوە.

فەلسەفەی سیاسی چەپ لە سەرەتاوە وەك رەخنەی بنەڕەتی، گشتی و سیستماتیکی لیبڕال - کەپیتاڵیزم داڕێژرابوو. ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم،

دیاردەیەك بەناوی رەخنەی سیستماتیك لە پڕۆژەی چەپ هاتەئاراوە (هەم لە لایەن لیبڕالەکانەوە بۆ نموونە فرێدریك فۆن هایك، پۆپەر، ریمۆن ئارۆن و ئەوانی دیکە، هەم لە لایەن نیۆمارکسیستەکان و فرۆید-مارکسیستەکانەوە). قوتابخانە فەلسەفیەکانی ئایدۆلۆژیای چەپیش هەر ئەو رووداوەیان ئەزموونکرد کە نزیکی سەد بۆ سەدوپەنجا ساڵ پێش ئێستا پڕۆژەی چەپ لەگەڵ لیبڕال -کاپیتاڵیزم کردبووی.

## سێ فۆڕمی جیاوازی ئایدۆلۆژیای چەپ

دەکرێت لەڕوانگەی ئەزموونی مێژوویی ئەمڕۆییەوە سێ خواستی سەرەکی لە فەلسەفەی سیاسی چەپدا دەسنیشان بکرێت، کە یان درێژە بە پێڕەوکردنی گەلاڵە پێشووە ئایدۆلۆژیکییەکان دەدەن، یان دووبارە لە رابوردوو راماونەتەوە، یاخود پێشنیارێکی بەتەواوی نوێ ئاراستەدەکەن. ئەم سێ خواستە بریتین لە:

-چەپە کۆنەکان (Veterant-gauche) لە وشەی Veterant بە مانای «کۆن» و gauche بە مانای «چەپ» پێکهاتووە)؛

-ناسیۆنالیستە چەپەکان («ناسیۆنال - کۆمۆنیستەکان»، «ناسیۆنال - بەلشەفیکەکان»، یاخود «ناسیۆنال - چەپگەراکان»)؛

-چەپە نوێیەکان («نیۆچەپگەراکان» و «پۆست مۆدێرنەکان»)

دوو خواستی یەکەم لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەبوون و بەدرێژایی سەدەی بیستەم بـەردەوام بوون، لە جیهانی هەنوکەشدا بە شێوەی تایبەت رۆڵی خۆیان دەگێڕن. خواستی سێیەم، ساڵەکانی 1950-1960 سەریهەڵدا و لە رەخنەی چەپە کۆنەکانەوە پەرەیگرت و بەرە بەرە لە رەوتەکانی پۆست مۆدێرندا شێواز و فۆڕمێکی تازەی وەرگرت، کە بە رادەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر فەلسەفە و میتۆدی فەلسەفەی کۆمەڵگەی هاوچەرخی رۆژئاوایی داناوە.

## چەپە کۆنە ئەمڕۆییەکان

**(بنبەستەکانی ئەرتەدۆکس، روانگەکانی ستراتیژیی کامڵبوون و ریڤزیۆنیزم لایەنگری لیبڕال)**

ئێستاکە چەپە کۆنەکان خاوەنی چەندین خواست و لقن:

-مارکسیست-ئەرتەدۆکسەکان؛

-سۆسیال دیموکراتەکان؛

-پۆست سۆسیال دیموکراتەکان (لایەنگرانی تیۆری «رێگەی سێیەم»ی گیدنز.

## مارکسیست - ئەرتەدۆکسەکانی ئەوروپا

ئەوان بە ناچاری لە وڵاتانی ئەوروپی، هەروەها لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، ئامادەییان هەیە و بەردەوام بەرگری لە پرەنسیپەکانی ئامۆژە مارکسیستیەکان دەکەن و زۆربەی جار لەو حزبە کۆمۆنیستییانەی کە برەو بەم ئایدۆلۆژیا دەدەن، وێنای سیاسی وەردەگرن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەم مارکسیستە ئەرتەدۆکسانە، بەرەتکردنەوەی بانگهێشتی کودەتای سیاسی و دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلتاریا، رادیکاڵ بوونی ئامۆژەکانی مارکس سانا دەکەنەوە. بزوتنەوەی «ترۆتسکیزم» (ئینتەرناسیۆنالی چوارەم) بەردەوامترین شێوەی ئەرتەدۆکسی مارکسیستی بوو کە دارمانی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی و کەوتنی سیستمی سۆڤێت، کەم تا زۆر کاریگەریی لە سەر دانا، چونکە هەر لە سەرەتاوە رەخنەی توندی ئاراستەی بونیادی سۆڤێت دەکرد.

ئەو بەرە لە مارکسیستەکان کە زیاتر ئەرتەدۆکسگەرا بوون، زۆربەی کات لەو وڵاتانەدا دەبینران کە شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلتاریایان ئەزموون نەکردبوو، هەرچەندە کە مارکس خۆی حاشاهەڵنەگر بوونی ئەم شۆڕشانەی لە پێشکەوتووترین وڵاتانی پیشەسازیی خاوەن ئابوری کاپیتالیستی ئاڵۆزی، پێشبینی کردبوو. مارکسیزمی ئەوروپی بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ ئەم بابەتەدا خۆی گونجاند

کە پێشبینییە مارکسیستییەکان نەك لەوێ کە لە رووی لۆژیکەوە دەبوو بەدیبێت روویاندا، بەڵکو لە شوێنێکدا بەدیهاتن کە بەپێچەوانەوە (بە پێی پێڕەوکردنی وردی هێڵی مارکس - ئەنگڵس) نەدەبوو روویدەن. چەپگەرایانی کۆن بە رەتکردنەوەی ئەزموونی سۆڤێت، باوەڕیان بە سەرکەوتنی پێشبینییەکانی مارکسیستی نییە، بەڵام لە سەر روانگەکانی خۆیان زیاتر وەك وەفاداری بە «هەستی ئەخلاقی» و «نەریتی ئایدۆلۆژیکی» پێدادەگرن و تەنانەت بە جدی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی پرۆلتاریا بە هەند وەردەگرن (کە لە جیهانی هاوچەرخی رۆژئاوادا، وەك چینێکی کۆمەڵایەتی، گوایە چیدی بوونیان نییە، بەو رادەی کە تێکەڵ بە بۆرژوازیی ورد بووە.)

گەورەترین کەم و کوڕیی مارکسیستە ئەرتەدۆکسەکانی رۆژئاوایی ئەوەیە کە درێژە بە بەکارهێنانی دەستەواژە و زاراوەی کۆمەڵگەی پیشەسازی دەدەن، لەحاڵێکدا کە کۆمەڵگەی ئەوروپای رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمەریکی، گەیشتۆتە ئاستێکی چۆنێتی نوێ، گەیشتۆتە کۆمەڵگەی بان پیشەسازی (زانیاری) کە لە بەرهەمەکانی کلاسیکی مارکسیزم، جگە لەو شوێنەی کە مارکسی گەنج باسی «دەسەڵات و زاڵێتیی راستەقینەی سەرمایە» دەکات، کەم تا زۆر هیچ نەوتراوە. «دەسەڵات و زاڵێتیی سەرمایە» کاتی نەمان یان شکستی شۆڕشە سۆسیالیستییەکان دەتوانێت جێگەی «دەسەڵات و زاڵێتیی فۆرماڵی سەرمایە» بگرێتەوە کە تایبەتمەندیی زەقی قۆناغی پیشەسازییە، بەڵام بەزۆری ئەم بابەتانەش هێند سەرنجی ئەرتەدۆکسەکان راناکێشێت. هێدی هێدی مانای داهاتووبینانە و زانستی سیاسەتی مشتومڕی کۆنی مارکسیستەکان بەرپەرچ دەدرێتەوە و بەم چەشنە قسەکردن لە ئەندێشەکانیان سەبارەت بە «پڕۆژە» واتە «پڕۆژەی چەپ»، نامومکین دەبێت. هاوکات، رەخنەکانیان لە سیستمی کاپیتالیستی، روانگەی ئەخلاقی، یەکگرتویی و هاوڕێ لەگەڵ داماوان و رەخنە لە لیبڕالیزم دەتوانێت ببێتە هۆی هۆگری و راکێشانی را و سەرنجەکان. نوێنەرانی ئەم باوەڕە کەم تا زۆر هەمیشە بە بێ بڕواییەوە بەرەوڕووی هێز و بەرەی دیکەی دژەلیبڕالی دەبنەوە و هێند ئارەزوی گفتوگۆ و باسکردن ناکەن و رێك لە بەرچاوماندا دەبنە بەرە و فیرقەیەکی سەربەخۆ.

## سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا

سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ مارکسیستەکانی ئەرتەدۆکسدا نییە. ئەمە رەوتێکی سیاسییە کە لە مارکسیزم سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە سەردەمی کایۆتسکییەوە، نەك رێگەی شۆڕش، بەڵکو رێگەی کامڵبوونی گرتۆتە بەر. سۆسیال دیموکراتەکان رادیکاڵیزم رەتدەکەنەوە و کاریگەردانانی چەپگەرایانە (دادپـەروەریـی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیی وڵات و هتد) بە بەکارهێنانی ئیمکانیاتی پەرلەمانی و بزوتنەوەکانی فرەپشکی، بە ئامانج گرتووە. ئەم هەڵبژاردنەی کۆنە چەپەکان لە وڵاتانی رۆژئاواییدا دەرئەنجامی شیاو و بەرچاوی لێکەتەوە و تاڕادەیەکی تایبەت سیمای کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی ئەوروپی دیاریی کرد. پێچەوانەی ئەمەریکا، کە لەوێدا، مۆدێلی لیبڕال باڵادەستە. مانای رووگەی سۆسیال دیموکراتی چەپە کۆنەکان هەنوکە لە کۆی تێزە ئابوریەکان پێکهاتووە کە دەکەونە خاڵی بەرانبەر خواستە لیبڕالییەکانەوە. سۆسیال دیموکراتەکان لایەنگریی لەم خاڵانە دەکەن:

-دانانی باج لە سەر داهات بە شێوەی هەڵکشان (لیبڕالەکان لایەنگری داکشانن)؛

-بە نەتەوەیی‌کردنی سامان و پاوانکراوە گەورەکان (لیبڕالەکان لایەنگری بەتایبەتی‌کردن)؛

-پەرەدان بە بەرپرسیارێتیی دەوڵەت بە بەشی کۆمەڵایەتی؛

-پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکیی بێبەرامبەر، دابینکردنی موچەی خانەنشینی (لیبڕالەکان لایەنگری کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابوری، تەندروستی بۆ کەرتی تایبەت، فێرکاریی تایبەتی و دڵنیایی بۆ خانەنشینی)

سۆسیال دیموکراتەکان هـەوڵـدەدەن خواستەکانی خۆیان لەرێگەی

میکانیزمی دەنگدانی پەرلەمانی، لە هەلومەرجی قەیراندا لەرێگەی چالاك و ئەکتیڤکردنی فرەپشکەکان و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە تەنانەت میتینگ و مانگرتنی پێویست کرد، جێبەجێ بکەن.

سۆسیال دیموکراتەکان دروشمەکانی لیبەرتارینەکان (لەگەڵ لیبڕالەکان لێتان هەڵە نەبێت) بەکاردێنن کە بریتین لە:

- رێگەدان بە کەڵك وەرگرتن لە مادەی هۆشبەری سوك؛
- بەرگریکردن لە کەمینەی ئەتنی و رەگەزی و هاوسەرگیریی هاوڕەگەزبازان؛
-پەرەدان بە ماکی تاکەکەسی و ئازادیی هاووڵاتییان؛
-پەرەدان بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؛
-ئیکۆلۆژیا؛

ساناکردنەوەی یاسای سزادان (هەڵوەشاندنەوەی لەسێدارەدان) و هتد؛

سۆسیال دیموکراتە کلاسیکەکان بەشێوەیەکی حەتمی داواکارییەکانی ئابوری چەپ (دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، زۆرکردنی رۆڵی دەوڵەت) تێکەڵ بە پەرەگرتنی مافی تاکەکەسی و ئازادیی هاووڵاتییان («مافی مرۆڤ»)، پەرەدان بە دیموکراسی و ئەنتەرناسیۆنالیزم (ئەمڕۆ باسی «مەڵتی کولتورالیزم (ئاوێتەیەك لە کولتورە جیاجیاکان) و «گلۆبالیزم» دەکرێت) دەکەن. پرۆژەی سۆسیال دیموکراتیکە کلاسیکەکان کە رووی دەمیان لە داهاتوو دەکەن، درێژەی هەنگاوە دیاریکراوە سیاسییەکانن بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتن و کامڵبونی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە باس لەگەڵ راستەکان، هەم باس لەگەڵ لیبڕالەکان (لقی ئابوری) و هەم باس لەگەڵ کۆنزەرڤاتیڤە ناسیۆنالەکان (بۆ لقی سیاسەت). زۆربەی زۆری سۆسیال دیموکراتیکە کلاسیکەکان لایەنگریی خۆیان لە :

-پێشکەوتن؛
-خەبات دژی وەهمەکان و خورافەی ئایینی و کۆن؛

-زانست و کولتور رادەگەیەنن.

لێرەدا، بەدیهاتن و گەڵاڵە دارشتنی جدی تیۆریکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی نوێی کۆمەڵگەی بانپیشەسازی لەم ئۆردووگایەدا رووندادات و رەخنە لە مارکسیزمی کلاسیك و بە بابەتی کردنی کاپیتاڵیزم لە قۆناغی نوێی مێژوویدا (پێچەوانەی پۆست مۆدێرنەکان و «چەپە نوێخوازەکان») کەم تا زۆر بە تەواوی بەدی نایەت.

## سۆسیالیستەکانی «رێگەی سێیەم»

ئەمشێوە لایەنگرییەی سۆسیال دیموکراتەکان، یەکێکی دی لە گێڕانەوەی راستگەرا کۆنەکانە کە رێك بەرانبەر بە گەشە و بە لوتکە گەیشتنی ئاشکرای ئەندێشەکانی لیبڕالیزم لە ساڵەکانی 1990 بۆ 2000 بڕیاریدا لەگەڵ لیبڕالیزم سازش بکات. تیۆرڤانانی ئەم لایەنە (بۆ نموونە ئانتۆنی گیدنزی ئینگلیزی) ناویان نا «رێگەی سێیەم» شتێك لە نێوان سۆسیال دیموکراسی کلاسیکی ئەوروپی و لیبڕالیزمی ئەمەریکی (بە شێوەیەکی فراوانتر لیبڕالیزمی ئەنگلۆسەکسۆن). لایەنگرانی ئەم «رێگەی سێیەم»ە پێشنیاری رێککەوتن و ئاشتی لەنێوان سۆسیال دیموکراتەکان و لیبڕال دیموکراتەکان بە پێی رەگ و ریشەی هاوبەشی ئایدۆلۆژی کە سەردەمی رۆشنگەری و نەرێکردنی هاوبەشی ئەندێشەگەلی کۆنزەرڤاتیڤ و زیادەڕۆیی چەپ لە ئارادابوو، ئاراستە دەکەن. جێگە و پێگە و بنەمای ئەم سازشە لە سەر رێککەوتنی تاڕادەیەك دیاری دوولایەنە بینادەکرێت. لە سەر ئەوەی کە سۆسیال دیموکراتەکان تا چ رادەیەك لەگەڵ کەمبوونەوەی باجی هەڵکشانی بە سودی باجی داکشان، لە لایەکی دیکەشەوە لیبڕالەکان تا چەند ئاستی باجی داکشان بە سودی باجی هەڵکشان زیاد دەکەن. سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و گەرەنتی کردنی مافەکانی کەمینە نەتەوەییەکان و مەڵتی کولتورالیزم هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە (جگە

لە باوەڕی موحافیزکارانەی لیبڕاڵ کە ئایدیای باج لە سەر داهاتی داکشان و پرەنسیپی موحافیزکارانەی خێزان و بنەماڵە، ئەخلاق و ئایین هاوشێوەی ڕاستگەراکانی ئەمەریکی پێکهاتوو لە کۆماریخوازان و نیۆکۆنزەرڤاتیڤەکان، پێکەوە تێکەڵ دەکەن.

مانای پـڕۆژەی «ڕێگەی سێیەم» بە بڕوای گیدنز بریتییە لەوەی کە لیبڕاڵەکان و سۆسیال دیموکراتەکان لەڕەوتی سازکردنی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا، هاریکاریی یەکدی بکەن، هاوکات لەم ناوەدا، پەرەی ئازادیی تاکەکەسی، پاراستنی خاوەندارێتیی تاکەکەسی، دیاریکردنی ڕادەی بەشداریکردنی دەوڵەت و میکانیزمەکانی دووبارە دابەشکردن بۆ هەر کەیسێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی تایبەتدا، لەبەرچاو بگیرێت. پێچەوانەی سۆسیال دیموکراتە کلاسیکەکان و کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا، پشتیوانەکانی «ڕێگەی سێیەم» وەك هۆگری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەردەکەون و پێ لەسەر پتەو و بەهێزکرنی کۆمەڵگەی ئەتڵەنتیکی دادەگرن (لە کاتێکدا کە چەپە ئاساییەکان، هەم چەپی کۆن و هەم چەپی نوێ، بە توندی ڕەخنە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی ئەمەریکی بەهۆی لیبڕالیزم، ئیمپریالیزم و ئەخلاقییاتەوە دەگرن). ئەگەر هەڵگەڕاوانی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی چەپەکان بوونی ببێت، ئەوان ڕێك هەر ئەم لایەنگرانەی «ڕێگەی سێیەم»ن. لایەنگرانی پێشوی «ترۆتسکیزم» لەمانیش پێش کەوتوون (ئەمەریکییەکان یان ئەوروپییەکان، بۆ نموونە، بارۆزۆی پۆرتۆگالی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئەوروپی)، ڕوانگەکانی خۆیان لەمەڕ کۆمۆنیزمی زیادەڕۆیانە و سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە بۆ پشتیوانی (هەر بەو ڕادە ڕادیکاڵ) لە لیبڕالیزم، بازاڕ و نایەکسانی ئابوری گۆڕیوە. پڕۆژەی چەپ سەبارەت بە سۆسیالیستەکانی «ڕێگەی سێیەم»ەوە خزمەت بە پاراستنی دۆخی هەنوکەیی دەکات.

### ناسیۆنال - کۆمۆنیزم (دژیەکی وێنایی و ئیدراکی، ناهاوشێوەیی ئایدۆلۆژی، دەرئەنجامی شاراوە)

«ناسیۆنال-چەپگەرایی» دەبێت وەك دیاردەیەکی تەواو جیاواز لەبەرچاو بگیرێت. ئەم دیاردەیە پێچەوانەی ئەرتەدۆکسی مارکسیستی و سۆسیال-دیموکراسی کەمتر راڤە کراوە و کردنەوەی کۆدی دروست و راستی کارێکە دەبێت لە داهاتوودا ئەنجام بدرێت. بابەتەکە بەمشێوەیە کە ناسیۆنال – چەپگەرایی، هەرگیز بە ئاشکرا ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی دەرناخات و تەنانەت راشکاوانە رەتیاندەکاتەوە. بەم چەشنە، لێکدانەوەی پرس و بابەتی راستەوخۆ و ئاشکرای ناسیۆنالی-کۆمۆنیستترین بزوتنەوەکان، حزب یاخود رژیمەکان زۆربەی جار بەم هۆیەوە تووشی کێشە و گرفت دەبێت کە یان تەنیا نیوەی تێزە گەلاڵەکراوەکان لەگەڵ واقیع یەکدەگرنەوە یان بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ واقیع یەکناگرنەوە. باس و مشتومڕی وشیارانە، ئاشکرا و تەواو ناسیۆنال- چەپگەرایانە بە گۆڕەپانی ئەو رژێم و حزبە سیاسییانەدا بەدیدەکەین کە گەرچی بە کردەوە لە هەمان مۆدێلی ئایدۆلۆژیکی سوود وەردەگرن، بەڵام ناخوازن دان بەم بابەتەدا بنێن، بۆیە ناسیۆنال - چەپگەرایی خۆ لە هەر چەشنە لێکدانەوە و توێژینەوەیەك بەدووردەگرێت، کە هەوڵدەدات نیوەی ئەم دیاردەیە بپارێزێت: هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە «ناسیۆنال»ەوە هەیە، دەخاتە پەراوێزەوە.

ناسیۆنال - کۆمۆنیستەکان تەنیا خۆیان بە «مارکسیست»، «مارکسیستی ئەرتەدۆکس» دەزانن کە بە توندی پەیڕەوی ئامۆژەکانی کۆمۆنیستە کلاسیکەکانن. بۆ ئەوەی تێبگەین چ باسە، باسکردن لە پێوەرێکی وەها تەواو کە شۆڕشە سۆسیالیستییەکان (پرۆلتاریا) تەنیا لەو وڵاتانەدا سەرکەوتن کە مارکس لایوابوو بە هیچ شێوەیەك ئامادەیی رووداوێکی وەهایان نییە و لە بەر ئەم هۆکارانە ناتوانن ئەنجامی بدەن:

-وابەستەبوونیان بە زەوی؛

- گەشە نەکردن (و دەرەنـجـام) نەبوونی پەیوەندی و دانوستانی کەپیتالیستی؛

- کەم ئەژماربوونی پرۆلیتاریای شاری؛

-لاوازیی رەوتی بەپیشەسازیبوون؛

-پاراستنی هەلومەرجی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی نەریتی (لە بەر ئەوەی سەر بە قۆناغی پێش مۆدێرن بوون).

دژیەکی بنچینەیی مارکسیزمیش هەر لەم تەوەرەدایە: لە شوێنێکدا کە سۆسیالیزم دەبوو سەرکەوتبا و هەموو هەلومەرجێکی پێویستی بۆ تەیار و ئامادە بکرابا، شکستیهێنا، هەرچەند لەڕوانگەی تیۆری حزب و رەوتەکانی ئەرتەدۆکسی مارکسیستییەوە، رێك لەوێدا بوون و تا ئێستاش درێژە بە بوون و مانەوەی خۆیان دەدەن. شۆڕشەکان لە شوێنگەلێك سەرکەوتن کە بە وتەی مارکس روودانیان بە تەواوی نەکردە بوو. کۆمۆنیستە سەرکەوتووەکان خۆیان، زیاتر لە بەلشەفیکە روسەکانی دیکە هەوڵیاندا لە رێگەی جیاجیاوە ئەم پێشبینیەی مورشێدەکەیان کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ واقیع یەکیان نەدەگرتەوە، بشارنەوە و هەرگیز دەستی لێنەدەن و پرسیار نەورووژێنن. هەوڵیاندا راستییەکان لە کۆمەڵگە بشارنەوە و بە یارمەتی کەرەستەی بەڕواڵەت هزرییان بە شێوەی دەستکرد و میکانیکی واقیع و راستییەکانی کۆمەڵگە، سیاسەت و ئابوری بە نهێنی و شاراوەیی بهێڵنەوە. تەنیا چاودێران (هۆگرانی ئەم راستییانە و رەخنەگران) لەم تایبەتمەندییەی ناسیۆنال- کۆمۆنیستییە تێگەیشتن کە ئاکامی شۆڕشی مارکسیستی بوو. ئەوان توانییان هێز و داینەمۆی بناسن کە سەرکەوتن و پایەداریی لەم پرۆسەیەدا بۆ کردنە دیاری. ئەلبێرت سۆرێڵ، لە یەکەم کەسانێك بوو کە لەم بابەتە تێگەیشتن و دواتر ئۆستریالۆف، فەیلەسوفانی ئەڵمانی لەوانە ساویتسکی، نیکیش، پۆڵ لاوفنبێرگ، ڤۆلفهاین و ئەوانی دیکە وەك هۆگران و پشتیوانان و پۆپەر، هایك و کۆن و ئارۆن وەك کەسانی سەر بە

بەرەی رەخنەگری ئەم بابەتە، ئاوڕیان لێدایەوە. ناسیۆنال-کۆمۆنیزم لە یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، لە چینی کۆمۆنیستی، کۆریا، ڤێتنام، ئالبانیا، کامبۆجیا، لە زۆرێك لە بزوتنەوە کۆمۆنیستییەکانی جیهانی سێیەمدا، لە «چیاپاس»ی مەکزیکی و «باڵی رێگەی پرشنگدار»ی پێرۆ تا پارتی کرێکارانی کوردستان و سۆسیالیزمی ئیسلامی، لەسەر حوکم بووە. توخمگەلی چەپی سۆسیالیستی، لە فاشیزمی مۆسۆلینی و ناسیۆنال-سۆسیالیزمی هیتلەریش هەبووە، بەڵام هەندەکی و ناسیستماتیك و تەنیا وەك دیاردەیەکی راگوزاری و سەرپێیی بوون (لەوانە فاشیزمی چەپی ئیتالیا لە یەکەم فازی فۆتۆریستیی خۆی و کۆماری سۆسیالیستیی ئیتالیا، ناسیۆنال- سۆسیالیزمی چەپی دژە هیتلەریی برایانی شتراسەر و یان کۆمەڵەی بچووکی نهێنی و ژێرزەوی دژە هیتلەری ناسیۆنال- بەلشەفیکەکان- نیکیش و شۆڵتز- بوویسن و ئەوانی دیکە). هەرچەند وا دیارە کە بە پێی دروشم و نیشانەی رەسمی، دەبێت ناسیۆنال - سۆسیالیستیش لەم لیستە زیاد بکەین، بەڵام سۆسیالیزم بە شێوەی راستەقینە و واقیعیی خۆی لەوێدا بەدی نەدەکرا، بەڵکو بە شێوەی دەوڵەتێك بوو کە لە رێگەی هزری کۆنی ئەتنی و هۆزەکی و «نەژاد»ەکان، حکومەتی دەکرد. لە سۆڤێتی بەڵشەفیزم، تیۆری نیکۆلای ئۆستریالۆف لەژێر ناوی «ناسیۆنال- بەڵشەفیزم» بە وردی دەناسرێت و دوو سەرچاوەی سۆسیالیستی و ناسیۆنالیستی تێدایە، هەرچەند ناسیۆنالیست ئەمجارەیان لەڕوانگەی تیۆریکییەوە فۆڕمی نەگرت.

تا هەنوکە گەلێك بزوتنەوەی سیاسی، بۆ نموونە، لە ئەمەریکای لاتین، لەم ئەندێشانە ئیلهام وەردەگرن و رژێمی سیاسی کوبا، ڤەنزوێلا، یان پۆلیڤیا (ئومۆرالێس، یەکەم دەسەڵاتی ئەمەریکای باشور کە بە رەچەڵەك لەپێست سورەکانە) و یان ئۆلانتا هومالا کە لایەنگرەکانی لە بەدەستهێنای دەسەڵات لە پیرۆ نزیکبوونەتەوە، بزوتنەوەی ناسیۆنال-کۆمۆنیستی دیکە، بە واقیعی سیاسی دەسەڵاتدار ئەژمار دەکرێن. ئێستاکە بونیادی دەوڵەتی یان بە پێی ئەوانە ساز دەکرێت یان دروستبوونی لە داهاتوویەکی نزیکدا شیمانە دەکرێت.

لە هەر شوێنێکدا کە کۆمۆنیزم چانسی راستەقینەی هەبێت، لەوێدا توشی ئەندێشەکانی چەپ دەبین کە دەکرێت وزە و هێزی نەتەوەیی لێ زیاد بکەین کە لە هەلومەرجی کۆمەڵگەی نەریتیدا خۆ دەنوێنن. لەڕاستیدا ئەم کۆمۆنیزمە کە خوازیاری بۆ دواوەچوون نییە، چەشنێك ناسیۆنال - مارکسیزم (بە هەر شێوەیەك ناو لەخۆی بنێت)ە. لە شوێنێکدا کە هەموو پێش مەرجەکانی کلاسیك بۆ بەدیهاتنی بوونی هەیە (کۆمەڵگەی پیشەسازی، پیشەسازیی پێشکەوتوو، پڕۆلیتاریای شاری و هتد)، لەوێدا شۆڕشی سۆسیالیستی (هەرێمی باڤاریای لێدەرچێت) نایەتە روودان و ئەگەری زۆر هەیە کە هەرگیز روونادات.

مانای ناسیۆنالیزمی چەپ (ناسیۆنال-چەپگەرایی) بریتی لە بەجووڵەخستنی بنەمای کۆن و لەمێژینەیە (بە زۆری بە شێوەی ناوچەیی و لۆکاڵی) تاوەکو دواتر بتوانێت خۆی بکێشێتە سەرەوە، وەك ئەندێشەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسی بخرێتەڕوو. لێرەدا تیۆری سۆسیالیستی وەك جۆرێك «ناوکۆ و نێوەندگیر (ئینتەرفەیس)» بە مەبەستی درێژەی ژیانی ئەو هێزانەی بێ ئەوان ناچاربوون لەئاستی دیاردەگەلێکی ناوچەییدا بمێننەوە، دێنە کایەوە و لە سایەی مارکسیزمدا ئەم هێزە ناسیۆنالیستییانە لە ئەگەری نزیکی و پەیوەندی گرتن لەگەڵ هێزەکانی دیکە، بەهرەمەند دەبن کە لەڕووی سرووشت و شوناسەوە هاوشێوەن، بەڵام لەڕوانگەی بونیادییەوە ناهاوشێوەن و لێیان جیاوازن. ئەوان تەنانەت دەتوانن لە پانتاییەکی بەربڵاوتردا چالاکی بکەن. ئەزموونی مەزنی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی نیشانیدەدات کە ئەندێشەی ناسیۆنال - کۆمۆنیستی دەتوانێت تا چ رادەیەك مەزن و زەبەلاح بێت کە بۆ تێکڕای سیستمی کاپیتالیستی جیهانی سەرئێشەیەکی کەم تا زۆر سەد ساڵە دروستبکات. ئەورۆ، چین، لە هەلومەرجی نوێدا، زۆر بە قایمی پشتی بە بەشی ئاوێتەیی ناسیۆنالیستیی مۆدێلی سۆسیال-سیاسی خۆی بەستووە و دەیسەلمێنێت کە بناغە و بنەڕەتی ئەم مۆدێلە گەر لە کات و ساتی خۆیدا و بە وردی نۆژەن بکرێتەوە، تەنانەت پاش سەرکەوتنی

جیهانیی لیبڕال -کاپیتاڵیزم، دەتوانێت خاوەنی هێز و دەسەڵات و رکابەرییەکی باش بێت. ئەزموونی ڤەنزوێلا و پۆلیڤیا، ئەو بابەتە دەیسەلمێنن کە هەنوکەش رژێمە ناسیۆنال-کۆمۆنیستییەکان سەرهەڵدەدەن و وزەی ژیانی خۆ بەرانبەر بەو گوشارە جدیانەی دەخرێتە سەریان، پیشاندەدەن. کۆریای باکور، ڤێتنام و کوبا، وەك جاران، سیستمی سیاسیی خۆیان لە سەردەمی سۆڤییەتەوە پاراستووە و هاوشێوەی چین چاکسازی بـازاڕی دەستپێناکەن و هاوشێوەی یەکێتی سۆڤێت لە هەڵوێستەکانی خۆیان پاشەکشێ ناکەن. لە دیاردەی ناسیۆنال-چەپگەراییدا، لەڕوانگەی تیۆریکەوە، ئێمە لەگەڵ مارکسیزم سەروکارمان هەیە، کە لە چاوەڕوانییە کۆنە ئەنجامناسانەکاندا گەڵاڵە دەکرێت و بۆ قووڵاییەکانی ئوستورەی ناسیۆنالیستیی پەیوەندیدار بە چاوەڕوانی بۆ «کۆتایی زەمەن» و گەڕانەوەی «سەدە زێڕینەکان» دەگەڕێتەوە. تێزی دادپەروەریخوازی و «دەوڵەتی حەق بێژ» کە یۆتۆپیای سۆسیالیستی لە سەر ئەو بنەما بونیادنراوە، لەڕوانگەی ئایینیشەوە درك بەوە دەکرێت کە دەبێتە هۆی وروژاندنی وزەی تەکتۆنیکیی بنچینەیی ئەتنیسیتی.

ئاخۆ ناسیۆنال-چەپگەرایی، ئەمڕۆ گەڵاڵەیەکی هەیە بۆ داهاتوو؟- گەڵاڵەیەکی تەواوی نییە، هەندێ فاکتەر و هۆکار لەمپەر دروستدەکەن کە بریتین لە:

- پاراستنی شۆکی کەوتنی ناسیۆنال - کۆمۆنیزمی سۆڤێت (رووسەکانی ئۆراسیا ساڵەکانی 1920 ئەم کەوتنەیان مادام بابەتەکانی نەتەوەیی و ئایینی بە شێوەی راستەوخۆ لە لایەن رێبەری سۆڤێتەوە لە بەر چاو نەگیرابا، پێشبینی کردبوو)؛

-نەبوونی رامان و هزری تیۆریك و عەقڵانی فۆڕمگرتوو لە کۆی ئایدیا و ئەندێشە هاوبەش و گشتییەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنال-کۆمۆنیستی و ئایدۆلۆژیا (زۆربەی زۆری خەڵك بە پێڕەوکردنی ئەم بیرە، خۆیان بە «مارکسیست» یان «سۆسیالیست» دەزانن)؛

-لاوازبوونی پەیوەندیی دامەزراوەیی جڤاتەکانی ناسیۆنال-بەڵشەفیکی لە نێوان خۆیاندا لە سەر ئاستی جیهان (کۆنفرانسی گەورە و جیهانی بەکردەوە نابەسترێت، گۆڤاری تیۆریك چاپ ناکرێت و شیکردنەوەی فەلسەفی لە ئارادا نییە)؛

هەرچۆنێك بێت، بە بڕوای من، ناسیۆنال-چەپگەراکان دەتوانن دوورنمایەکی جیهانیی باش و پەسندیان هەبێت، چونکە لە زنجیرەی دووروودرێــژی مرۆڤایەتیدا هێشتا وزەی کۆن، ئەتنی و نەژادی و ئایینی بە تەواویی کۆتایی نەهاتووە. سەبارەت بە دانیشتوانی رۆژئاوای مۆدێرن و راسیۆناڵ ناتوانین ئەم رایە دەرببڕین.

## چەپە نوێیەکان

## (دژی بەجیهانیبوون، ریگە و ریبازی پۆست مۆدێرنێتی، هەوراز و نشێوەکانی ئازادی، بەرەو دەرکەوتنی پۆست مرۆڤایەتی)

ئەمڕۆ زاراوەی «پڕۆژەی چەپ» زیاتر لە هەموو شت لەگەڵ ئەوەی بە زۆری بە ناوی «چەپە نوێیەکان» (نیۆچەپگەراکان)، یاخود «پۆست مۆدێرن»ەوە ناودەبرێت، هاوتەریبە. سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەم، لە نێو سەرجەم لایەن و رەهەندەکانی ئەندێشەی چەپ، ئەم لایەنگرییە نەك هەر روون و ئاشکراترین ئایدیاکان، بەڵکو سیستماتیکترین و دەستورمەندترین ئایدیایە بەڕووی عەقلانیبوونەوە. «چەپە نوێیەکان» ساڵەکانی 1950-1960 لە ئەوروپا و لە پەراوێزی باڵی چەپی مارکسیستەکان، پەیڕەوانی ترۆتسکیزم و ئانارشیستەکان سەریانهەڵدا. مارکس بۆ ئەوان بە مورشیدی (پیر) سەرەکی ئەژماردەکرا، بەڵام ئەوان پێچەوانەی «چەپە کۆنەکان» چالاکانە لە بەرهەمی تیۆریك و فەلسەفیی دیکە سودیان وەردەگرت و توخمی قەرزکراویان لە سەرچاوەکانی دیکەوە دەهێنا و دەیانخستە تیۆرەکانی خۆیانەوە، هەر بۆیە مارکسیزم لەم لایەنەوە چالاکانە پێشدەکەوت و بەردەوام بەرانبەر بە تیۆر و راوبۆچوونە

فەلسەفییەکانی دیکە دەوەستا، کەمڵ دەبوو، دیسانەوە پێیدادەچوونەوە و بەتوندی رەخنەی لێدەگیرا. رووبەڕووبوونەوەیەکی ئازادانەی لەم چەشنەی «چەپە نوێیەکان» لەگەڵ مارکسیزم دوو دەرئەنجامی بەدواوە بوو: لە لایەکەوە مارکسیسزم کۆن و سواو بووە و لە لایەکی دیکەشەوە بە رادەیەکی بەرچاو مۆدێرنیزە بوو.

فەیلەسوفانێکی وەك مارکس، فرۆید و نیچە کە وەك دەوترێت بە فەیلەسوفی «بەدگومان» ناویان دەرکردووە، کاریگەریی زۆریان لە سەر فەلسەفەی «چەپی نوێ» داناوە. بە هۆی سارتەرەوە، فەیلەسوفی کلاسیکی چەپە نوێیەکان» فەلسەفەی مارتین هایدگەر و ئایدیا و ئەندێشەکانی ئێگزیستانسیالیست، کاریگەریی قووڵیان لەسەر بزوتنەوەی چەپ بەجێهێشتووە. بونیادگەراییش کاریگەریی هەرە گەورەی لەسەر ئەم بزوتنەوەیە هەبوو کە فێردیناند دی سوسێر، دی دۆی شتراوس، بە تیۆرسەنی سەرەکیی زمانناسیی بونیادیی دادەنرێت. «چەپە نوێیەکان» لە مانای فەلسەفیدا هەمان بونیادگەرا بوون لەنیوەی دووەمی ساڵەکانی 1980وە وێڕای کامڵبوونی ئەم ئایدیا فەلسەفییە بە سەردەمی پۆست بونیادگەرایی گەیشتن و روانگە تایبەتییەکانی خۆیان لە ساڵانی 1960-1970 سەبارەت بە زایەڵەکانی رەخنەگرانەی سیستماتیك رەتکردەوە.

«چەپە نوێیەکان» لە هەڵوێستی بونیادگەراییەوە بەرەوڕووی مارکسیزم دەبوونەوە، واتا لایان وابوو پرسی سەرەکیی لە روانگەی مارکسەوە بیری کاریگەریی بنەڕەتی (دۆخی ئاسایی، کۆمەڵگەی بۆرژوازی کە بە وردی لە درکی ئایدۆلۆژیکی شاراوەتەوە)، لەسەر بونیادی ئایدۆلۆژیا بووە. شیکاری و ئانالیزی مارکسئاسای ئایدۆلۆژیا وەك «وشیاریی درۆیین» بۆ «چەپە نوێیەکان» کلیلێك بوو بۆ تەعبیر و لێکدانەوەی کۆمەڵگە، فەلسەفە، مرۆڤ و ئابوری. ئەوان لەبیروڕاکانی نیچەشدا تووشی ئەم رەوتە فیکرییە هاتن، کە سەرجەم

ڕەهەندەکانی ئایدیا فەلسەفییەکانی لەسەر بناغەی سەرەتایی «ویستی هێز» دادەمەزراند (بە بڕوای نیچە ئەمە «بنەڕەت و بناغەی سەرەکی بوو»). بۆ فرۆیدیش هەر بەمشێوەیە «دەروونـی قووڵ» و «کاردانەوەکانی نەست» حاڵەتی «پایە و بنەڕەت»ی بەدەستدەهێنا، کە لە بنچینەکانی ڕاکێشەرێتی جنسیی مرۆڤیی و بونیادگەرایی سەرەتایی قۆناغی منداڵیدا ڕەگی داکوتابوو. مۆدێلی هایدگەری بەمشێوەیەبوو، کە تیایدا واقیعی «ژیان» پێکهینەری «بنەما»کانە. «چەپە نوێیەکان» هەموو جۆرە جیاجیاکانی میتۆدەکانی کۆدکردنەوەی «بنەماکان» پەلکێشی قۆناغگەیەکی هاوبەشی دەکەن کە «بنەماکان» بە شێوەی ئامادە، بێ وابەستەبوونی بە خواستێکی دیاریکراوی فەلسەفییەوە، دەگوێزرایەوە بۆ چەمکی «بونیاد». «بونیاد» لەڕاستیدا هێزیکی هاوکات و بەدیهێنەرە کە لە پەیوەندییەکان، دەروونی قووڵ، «ویستی هێز» و دازاین (واقیعی تایبەتیی مرۆڤ)دا ڕەنگیداوەتەوە.

ئایدیای سەرەکی «چەپە نوێیەکان» بریتییە لەوەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەرئەنجامی «زۆرداری» و «گوشار»ی چەند لایەنەی «بیناکردن» (بیناکردنی سیستمی سیاسیی بۆرژوازی، وشیاریی ئاسایی و سەرپێیی، نوخبە حکومییەکان، سیستمگەلی فەلسەفیی پەسەندکراو لە لایەن هەموانەوە، زانست، کۆمەڵگە، ئابوری بازاڕی و هتد) «بنەما» و «بونیاد» (هەڵگری مانای هەرە بەرین و بەربڵاون، وەك «ناخودئاگای»، «پڕۆلیتاریا»، «جەستەیی»، «جەماوەرەکان»، ئەزموونی «ژیـان» هاوشێوەی ئـازادی و دادپــەروەری). بەم چەشنە چەپە نوێیەکان» پێچەوانەی پێشووەکان (واتا چەپە کۆنەکان) هێرشی ڕەخنەگرانەی سیستماتیکی خۆیان بۆ سەر کۆمەڵگەی کاپیتالیستی لە هەموو ڕووگە و ڕەهەندێکەوە لە سیاسەتەوە (ڕووداوەکانی مانگی ئایاری ساڵی 1968 لە پایتەختە ئەوروپییەکان) بگرە بۆ کولتور، فەلسەفە، هونەر، وێناکان سەبارەت بە مرۆڤ، خورافە، زانست و واقیع دەستپێکرد. لە ڕەوتی کارێکی هێند گەورەی

ڕۆشنبیرانەدا (کە نە چەپە کۆنەکان و نە ناسیۆنال-چەپگەراکان بە هیچ شێوەیەك ئاوڕیان لێنەدابۆوە) «چەپە نوێیەکان» گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە کاپیتالیزم نەك هەر «شەڕی ئابوری-کۆمەڵایەتییە»، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆی گشتیی ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانییە لەگەڵ مرۆڤ، عەقڵ، ئاوەز و کۆمەڵگە کە ئەنجام لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا وەك چرکەساتی کۆتایی سەرپاکی مێژووی «بیانیبوون» چڕبۆتەوە و «چەپە نوێیەکان» گیانی تازەیان کردەوە بە بەری ئەندێشەی ڕۆسۆدا، سەبارەت بە «هۆڤی نەجیب» و پێشنیاری کێشانەوەی تابلۆی ئەو کۆمەڵگە ئایدیالەیاندا، کە تێیدا شوێنێك بۆ چەوساندنەوە، بیانیبوون، درۆ، گوشار و دەرکردنی خەڵك لە ڕەوتەکانی ژیان بوونی نەبێت.

ڕاڤە و شیکاریی ئەندێشەکانی «چەپە نوێیەکان» نیشانیدا، کە سەردەمی نوێ نەك هەر دروشمەکانی «ئازادی بەخشی»ی خۆی بەکردەوە بەڕێوەنەبردووە، بەڵکو دیکتاتۆریی بیانی و دەرهەست بوونی توندوتیژتر و دزێوتر لە جاران کردووە، هەرچەند لە پشتی نومای «دیموکراتی» و «لیبڕال»دا خۆی حەشارداوە. بەم چەشنە، تیۆری پۆست مۆدێرن فۆرمۆڵە بوو کە بنەڕەتەکەی بریتییە لە بنەمای وێناکردنی جیهان، زانست، فەلسەفە و ئایدۆلۆژیای سیاسی کە لە دەستپێکی سەردەمی مۆدێرن، یان لە ماوەی کامڵبوونیدا فۆڕمی گرتووە؛ بنەڕەتەکەی لە ڕاکێشانەکان، هەڵە و تاوانەکان، خورافە «نەژادپەرستی» (ڕەگەزپەرستی) پێکدێت کە تەنانەت بە شێوەی تیۆریك ئەگەر و دەرفەتی ڕزگارکردنی «بونیاد» («بنەما») لە شەڕی دیکتاتۆریی «بیناکردن» نادات. ئەم بابەتە بۆتە هۆی ئەوەی کە بە «ماسك داماڵین» لە سەر ئەو میکانیزمانەی خاڵەکانی بیانی و دەرهەست بوون لە خۆیاندا چڕدەکەنەوە، بە سەر نەریتە فەلسەفییەکانی سەردەمی نوێدا بچنەوە. کردارێکی وەها ناوی «دیکۆنستڕاکشەن»ی لێدەنرێت کە بە مانای ڕاڤە و شیکاریی ورد و بەرینی بونیادی ئەو بابەت و دەقەیە کە ئایدیا و ئەندێشە جۆراوجۆرەکانی لێکەوتۆتەوە. لێرەدا دەبێت ناوکی سەرەکی بە تەواوی لە

وردەکارییەکان جیابکرێتەوە. فۆکۆ لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی «مێژووی شێتی» و «لەدایکبوونی کلینیك» نیشانیدەدات کە پەیوەندی و دانوستانەکانی هاوچەرخ سەبارەت بە ئاڵۆزییە دەروونییەکان و بە شێوەی بەربڵاوتر، نەخۆشی لەمجۆرە، هەڵگری حاڵەتی «نەژادپەرستی» و «ئاپارتاید (دووبەرەکیی و جیاوازیی نێوان پێست ڕەشەکان و سپییەکانی ئەفەریقیای باشور)» ڕۆشنبیرانە و وەهمە تۆتالیتارەکانی دیکەن، کە ئەم بابەتە بە لە تەنیشت یەکتردانانی نەخۆش و تاوانکارەکان و بونیادەکانی تەمبێکردن و دامەزراوەکانی تەندروستی و دەرمان، ئاشکرا دەبێت. ئەم حاڵەتانە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی سەردەمی نوێش لەڕابوردوودا هەر بەمشێوازە بەدیکراون.

کۆمەڵگەی بۆرژوازی سەرباری سیما و رواڵەتی «دیموکراتیك»ی خۆی، کۆمەڵگەیەکی «تۆتالیتار»ە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە «چەپە نوێیەکان» ناوەندی ئەم دیکتاتۆرە لیبرالە، نۆرماتیڤی وێناکەری خورافە، زانست، واقیع، کۆمەڵگە و هتد پێکدێنن کە کەم تا زۆر هەرگیز گومانیان لێنەکراوە و میکانیزمگەلی سیاسی، یان ئابوری کە دەرئەنجامی کۆنتری میکانیزمەکانی چەند قات قووڵتری روتەڵن. خاڵی جیاکەرەوەی سەرەکی «چەپە نوێیەکان» لە «چەپە کۆنەکان» هەر ئەمەی: «چەپە نوێیەکان» گومان لە بونیادی عەقڵ دەکەن، دژایەتیی بنەڕەتی بوونی تیۆرە واقیعییەکان دەکەن، زانستی ئەرێنی وەك دیاردەیەکی دەستکرد و درۆیین و دیکتاتۆری «شوێنگە ئەکادیمیکییەکان» (فایرابەند و تۆماس کۆهن) پێناسە دەکەن و بە توندی رەخنە لە تیۆری «مرۆڤ» وەك «پوختەی تۆتالیتار» دەگرن. باوەڕیان بەوە نییە کە لە رێگەی کامڵبوونەوە دەکرێت شتێك لە سیستمی هەنوکەیی بگۆڕدرێت و هاوکات دژایەتیی کارامەیی مارکسیزمی رادیکاڵ دەکەن و ئاماژە دەکەن: لە شوێنێکدا کە دەبێت سەرکەوتن نیشان بدرێت، دەرناکەوێت، لە شوێنێکدا سەرکەوتن سەرهەڵدەدات کە مارکسیزمی سەرەتایی لە ئارادا نییە (ئەوان رەخنە لە ستالینیزم و ئەزموونی

سۆڤێت لە ترۆتسکی قەرز دەکەن). بەم چەشنە، «چەپە نوێیەکان» پڕۆژەی بەربڵاوی ئایندەی «ڕاست و دروست» فۆرمۆلبەندی دەکەن کە ئەم چەند خاڵەی خوارەوەی تێدا کۆدەبێتەوە:

- ڕەتکردنەوەی عەقڵ (بانگهێشت بۆ هەڵبژاردنی وشیارانەی «شیزۆفیرنیا» لای ژیل دۆلۆز و فیلیکس گاتاری)؛

-هەڵوەشاندنەوەی مرۆڤ وەك ئاست و سنوری شتەکان («مەرگی مرۆڤ» بەرهەمی ئا..ب. لیڤی، «مەرگی نوسەر» ڕۆلان بارت)؛

-زاڵبوون بەسەر هەموو یاساغییە جنسییەکاندا (ئازادیی هەڵبژاردنی جنس بۆ دروست کردنی پەیوەندیی جنسی، نەهێشتنی قەدەغە لەسەر پەیوەندیی جنسی (سێکس)ی ناپاك و کوفرئامێز، نەرێکردنی بە فەرمی دانانی چەواشەکاریی لادەرەکان و هتد)؛

- ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی مادده سڕکەرەکان، بۆ نموونە ماددەی سڕکەری بەهێز؛

- تێپەڕین بۆ شێوازی نوێی میتۆدی هەستیی ژیانی خۆ بە خۆ و تاکەکەسی (خوازەی «ریزۆم (زەوی لق)ی» ژیك دۆلۆز)؛

-کاولکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی بونیادی بە سودی کۆمەڵگەی نوێی ئازادی ئانارشیستی.

کتێبی «ئیمپراتۆریا» نوسینی مایکل هارت و ئۆنتۆنیۆ نێگری دەکرێت بە مانیفێستی سیاسی ئەم خواستانە دابنرێت، کە کۆمەڵێك تێزی زۆر سادە، سەرەتایی و سوکی «چەپی نوێ»ی تێدا لێکدراوەتەوە. نێگری و هارت، سیستمی جیهانیی کەپیتالیستی ناودەنێن «ئیمپراتۆرییەت» و بە بەجیهانی بوون و لەپێشبوونی جیهانیی ئەمەریکای دەشوبهێنن. بە بڕوای ئـەوان، بە جیهانیبوون هەلومەرجی «شۆڕشی زۆرینە»ی یونیڤێرساڵ دەڕەخسێنێت کە بە کەڵك وەرگرتن لە تایبەتمەندیی گشتیی

بەجیهانیبوون، دەرفەت، ئیمکانیەتی پەیوەندیگرتن و برەودان بە زانستی دۆزراوە و ئاشکرا، تۆڕی جیهانیی سابوتاژ بۆ تێپەڕین لە مرۆڤ (وەك بابەتی زۆرداری و پەیوەندیی پلەبەندی، چەوساندنەوە و «ستراتیژیی دەستورمەندی») بۆ پۆست مـرۆڤ (بـوونـەوەران و ئۆرگانیزمگەلی گۆڕدراو، نیمچە مرۆڤی تاقیگەیی و مرۆڤی مەجازی) بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی جۆری رەگەز، رووخسار، ئاوەز وەرگریی تاکەکەسی بەخواستی خۆی و بۆ هەر ماوەیەك کە بیەوێت، دەڕەخسێنێت. بە پێی باوەڕی نێگری و هارت، شتێکی وەها ئازادبوون و رزگاریی هێزی بەدیهاتووی «زۆرینە»ی لێدەکەوێتەوە و سەردەمانێك دەبێتە هۆی تەقینەوەی دەسەڵاتی جیهانیی «ئیمپراتۆرییەت». ئەم بابەتە بە دەیان جار لە سینەما، لە زنجیرە فیلمەکانی «ماتریکس» و «کلوپی شەڕکەران» هتد لە زۆریش لایەنگر و هۆگریان هەیە، خراوەتە بەر باس.

بزوتنەوەی دژە گلۆبالیستی بە گشتی داهاتووی خۆی بە پێی گەلاڵەیەکی لەم چەشنە بیناکردووە و بڕێك کار و کـردەوەی وەك «کۆنفرانسی سان پاولۆ» کە تیایدا دژە گلۆبالیستەکان بۆ یەکەمجار هەوڵیاندا ستراتیژی گشتی بناسێنن، شایەتی ئەوەدەدات کە گەلاڵەی نوێی چەپ سەرقاڵی لێکدانەوەی شێوازی دیاریکراوی بەدیهاتنی سیاسیی خۆیەتی. گەلێك کار و کردەوەی دیاریکراو ئەنجامدراون، لەوانە رێپێوانی هاوڕەگەزبازەکان، کار و چالاکیی ئێکۆلۆژیکی، نارەزایەتیی دژە گلۆباڵیستی و توندوتیژییەکان، شۆڕش و هەڵچوونی کۆچبەرانی دانیشتووی وڵاتانی ئەوروپی، نارەزایەتی دەربڕینی گشتگیری کۆمەڵایەتیی فرەپشکییە نوێکان کە زیاتر حاڵەتی کەرناڤاڵیان هەبوو، بزوتنەوەی ئازادیی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان، میتینگی ژینگە پارێزی و نارەزایەتیی ئێکۆلۆژیکی و هتد، هەموویان هاوتەریبی ئەم بابەتە بوون. جگە لەمە، پۆست مۆدێرن وەك میتۆدێکی هونەری کە رەوتی

سەرەکیی هونەری هاوچەرخ پێکدێنێت، دەربڕی ئەم فەلسەفە سیاسییەی چەپی نوێیە کە بە شێوەی تابلۆ، کاری دەستڕەنگینی و جوانکاری و یان فیلم لە جۆری تارانتینۆ و روودریگس بێ راڤە و شیکاریی سەرەتایی سیاسی و فەلسەفی دێنە ناو ژیانمانەوە و ئازادیی وشیارانە بەجێدێڵن و بێ لە بەرچاو گرتنی ئیرادەو ویستی ئێمە، بە سەرماندا دەسەپێن. پەرەسەندن و پەرەگرتنی زۆر و زەوەندی تەکنەلۆژیای پەیوەندیی مەجازی هەروەها بەستێنێکی لەباری بۆ تەیار دەکات کە لە سیستم خۆیدا بە ئاشکرا، بۆ پۆست مۆدێرن و پۆست مرۆڤ بانگهێشتمان دەکات. کورتە نامەکان و پەیامی «ئێم. ئێم. ئێس» بلاگ و وێبلاگی ئینتەرنێتی و سەرگەرمی و کات بە سەربردنی گەنجانی هاوچەرخ، لەڕاستیدا بەدیهاتن و بە ئەنجام گەیشتنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی پڕۆژەی «چەپی نوێ»ن کە جارێك لە سەر دەستی سیستمی بۆرژوازی کۆنترۆڵ دەکرێن کە بە باشی بە سود وەرگرتن لە برەوسەندنی مۆد، گیرفانەکانی خۆیانی لێ پڕ دەکەن و هەڵبەت ئەمجارەیان بە هۆی دووژمنە نهێنییەکەیەوە هاتۆتە مەیدانەوە.

لێرەدا خراپ نییە زۆر بەکورتی ئاماژەیەك بە پەیوەندیی «چەپە نوێیەکان» دژە گڵۆباڵیستەکان، لیبراڵەکانی هاوچەرخ و گڵۆباڵیستەکان بدەین. هەروەك چۆن مارکس سەردەمی خۆی دەیوت: کەپیتالیزم سەرباری هەموو ترسناکی و تۆقێنەربوونی، لە فیودالیزمی سەدەکانی ناوەڕاست پێشکەوتووترە (چونکە کەپیتالیزم سەرهەڵدانی سۆسیالیزم خێراتر دەکاتەوە). بەم چەشنە، پۆست مۆدێرن و «چەپە نوێیەکان» کە بە توندی رەخنە لە «ئیمپراتۆرییەت» دەگرن، تاڕادەیەك یەکگرتوویی خۆیانی لەگەڵ رادەگەیەنن، چونکە «ئیمپراتۆرییەت» کە بە بڕوای ئەوان بیانیبوون و دیکتاتۆریای جیهانی گرژتر دەکات، بوار بۆ «شۆڕشی جیهانی»ی کۆمەلانی خەڵك ئامادە دەکات.

## چەپەکان لە روسیای هاوچەرخدا

ئێستا، لە کۆتایی ئەم باسەدا، بە کورتی دەپەرژێینە سەر بارودۆخی هێزەکانی چەپ لە روسیای هاوچەرخ. بە کردەوە دەبینین «چەپە کۆنەکان» لە مانای پڕ بە پێستی وشەدا، لە روسیا بوونیان نییە، رێك هەر بەمشێوەی کە سەردەمی سۆڤێتیش لەوێ نەبووە. چەند گروپێك لە مارکسیستەکانی سۆڤێت (پەیڕەوانی زینۆییف، شیدرۆڤیتسکی، مەدەدۆف) دەکەونە دەرەوەی ئەم گروپە، چونکە هیچیان نەیانتوانی قوتابخانەیەکی ئەوتۆ بەدیبێنن. ناسیۆنال-کۆمۆنیستەکان، بە پێچەوانەوە توانییان چین و توێژی زۆری کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و سیاسی دروستبکەن، کە هەنوکە حزبی کۆمۆنیست لە سەرووی هەمویانەوە جێگیربووە. لەو رووەوە کە تێکڕای مێژووی سۆڤێت، بە سەرکەوتنی سۆسیالیزم ناوبانگی دەرکردووە و دەکرێت وەك مێژووی ناسیۆنال-چەپگەرای ناخودئاگا پێناسە بکرێت، خواستێکی وەها پایەدار جێگەی سەرسووڕمان نابێت. یەکەم قۆناغەکانی دروستبوونی حزبی کۆمۆنیست، فێدراسیۆنی روسیا لەسەر دەستی زوگانۆف (و هەڵبەت من و پروخانۆفیش تاڕادەیەك لەم کارەدا بەشداریمانکرد، کە بیروڕاکانی ئێمە لە رۆژنامەی «دێن» («زافترا») سەرەتاکانی ساڵانی 1990 چاپکرابوو) بۆ تێگەیشتن لە رووداوەکان و هەڵسەنگاندنی تیۆریکی بوونی توخمگەلی ناسیۆنالیستی لە جیهانبینیی سۆڤێت (ناسیۆنال-بەلشەڤیزم) هەوڵیاندا، بەڵام ئەو داهێنان و تازەگەرییە هێندەی نەخایاند، کە لە لایەن رێبەری حزبی کۆمۆنیست فدراسیۆنی روسیا کە گوایە سەرقاڵی کاروباری بەڕواڵەت گرنگتر بوو، وەلانرا. کۆمۆنیستەکانی روسیا لە ئاستی دەرکردنی راگەیاندننامە و کاردانەوەی ئاسایی بە گشتی وەك ناسیۆنالیستی کۆنزەرڤاتیڤ و تەنانەت هەندێکجار وەك «سەڵتەنەتخوازانی ئەرتەدۆکس» کاردەکەن.

جگە لەمە، دانیشتوانی چینی مامناوەندی روسیا، بە تایبەت بەرەی میانساڵ (ئەوانەی کەوتوونەتە تەمەنەوە) و بەساڵداچوون، زۆربەی جار

بە شێوەی ناخودئاگا، ناسیۆنالی چەپگەران. ئەوان هەمیشە، گەر بکرێت، پشتیوانیی لەم کۆمەڵە ئایدیا و هزرانە دەکەن (حزبی روودینا) و گەلێکی دیکە کە هیچ پەیوەندییەکیان بەوانەوە نییە (حزبی سۆسیال-کۆنزەرڤاتیڤی «یدینایا راسیا» و تەنانەت پوتین خۆی) بەرەوڕوویان دەبنەوە. ئەو گروپانەی لاسایی نیۆنازیستەکانی ئەوروپی دەکەنەوە و هەوڵدەدەن زاراوەی «ناسیۆنال-سۆسیالیزم» بکەنە بەشێك لە ناونیشانی خۆیان، هەرگیز «ناسیۆنالیستی چەپگەرا» نەبوون، چونکە بە نەزانی دەستیانداوەتە لاساییکردنەوەی هیتلەر و چما یاریی سەربازی بەردەوامدەکەن و بە سەیرکردنی زنجیرە درامای «حەڤدە چرکەی بەهاری» لە بینینی یونیفۆرمی رەش وەك قەترانی مولەر شاگەشکە دەبن. گەلاڵەی حزبی ناسیۆنال بەڵشەفیك کە کاتی خۆی بەنیاز بووم بە پشتبەستن بە تیۆری ئۆستریالۆف، نیکیش و چەپەکانی ئۆراسیایی، بیگۆڕم بۆ حزبی ناسیۆنال-چەپگەرای روسی، کۆتاییەکانی ساڵانی 1990 بوو بە رێکخراوێکی بێواتاو دواتر چووە خزمەتی هێزەکانی دژەروسیایی بان لیبڕالی داهات کە رۆژئاوای تێردەکرد.

«چەپە نوێیەکان» و پۆست مۆدێرنیستەکان بە کردەوە ئایدیا و ئەندێشەکانی خۆیان لە روسیا ناهێننە ئاراوە و باس و گفتوگۆی پۆست مۆدێرن بۆ ئەوان ئێجگار دژوار دەبێت. گروپی بچووکی دژە گلۆباڵیستەکانی «خودئاگا» بوونیان هەیە کە زیاتر لە رۆژئاوا ناو و بانگیان دەرکردووە و لەڕوانگەی رێکخراوەیی یان تیۆریکییەوە ناکرێت بە گروپێکی جدی بهێنرێتە ئەژمار. لە هونەری روسیا، لەوانە لە یانەی سینەمایی «ڤینزاود»، یاخود «گەلەری گۆڵمان» و لە سینەمای روسی، خواستی پۆست مۆدێرن، بە پێچەوانەوە روون و ئاشکرا بەدیدەکرێت و دەربڕینی هونەرییان لەڕادەبەدەر زەق و بگۆ و هەستپێکراوە. بەرهەمەکانی سارۆکین یان پێلڤین پۆست مۆدێرن لە فۆڕمی ئەدەبیدا دەناسێنن.

جگە لەمە، بەرهەمی ئاست ناوەندی هونەری، تەنانەت تەکنەلۆژیکی (کە

گرنگی زیاتری هەیە) لە رۆژئاوا، تاڕادەیەك هەڵگری باری شاراوەی پۆست مۆدێرنن کە بە شێوەی چالاك و ئەکتیڤ لە فەزای کولتوریی روسیادا جێگیر دەبن و لە تاقیگەکانی هونەردا «چەپی نوێ» گەڵاڵە دەڕێژرێن و دواتر لە پیشەسازیی جیهانیدا دەکەونەڕوو، سود و قازانجی کورت ماوەیان لێدەکەوێتەوە. لێرەدا روسیا دەوری بەکارهێنەری ناچالاکی هەیە و لە مانای سیاسی و ئایدۆلۆژیکی ئەو شتانەی بە ناوکۆی پێڕەوکردنی مۆد، یان خواستە جیهانییەکان بە شێوەی ئۆتوماتیکی بە  دەستیدێنێت، (هاوڕێ لەگەڵ لەبیرکردنی ئەو خاڵە کە هەر خواستێك بە پێی وتەی پۆست مۆدێرنیستەکان هەڵگری خاوەنانی بڵاوکەرەوەی مۆدەکان و مارکە تایبەتەکان بە ئامانجی دیاریکراوەوە) تێناگات.

# بەشی پێنجەم
# موحافیزکاری چییە؟

### ئێمە لە پۆست مۆدێرنداین

ئەو پرۆسەی کە بە راستی خاوەنی تایبەتمەندیی گڵۆباڵە، بێگومان پرۆسەی سەرکەوتووی مۆدێرنە کە وا بەرەو پۆست مۆدێرن تێدەپەڕێت. ناوەند، ناوچە و شوێنی جۆراوجۆر هەن کە ئەم پرۆسەیە بە شێوەی لۆژیکی و بەردەوام تیایاندا لەئارادایە. ئەم ناوچانە بریتین لە رۆژئاوا، ئەوروپای رۆژئاوا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە لەوێدا ئیمکانیاتی مێژوویی دروستبوونی کۆمەڵگەی مۆدێرن لە هەلومەرجی ئەزموونکراو بە پێی ئەو یاساگەلە لە ئارا دابوو، کە ئەندێشەکانی ئەوروپای رۆژئاوا گەڵاڵەیان کردبوو. دەستپێك لە سفرەوە بێ نەریتە ئەوروپییە سەپێنەرەکان، هیچ سودێکی نەبوو، پێست سورەکانیان بە مرۆڤ لە قەڵەم نەدەدا. لە کتێبی مایکڵ هارت و ئەنتۆنیۆ گیدنز بە ناوی «ئیمپراتۆرییەت»، نیشاندراوە ئەمەریکییەکان، پێسترەشەکانیان وەك مرۆڤی پلە دوو دەهێنایە ئەژمار و پێست سورەکانیان هەر بە مرۆڤیش نەدەزانی. بەم چەشنە، سیستمی تایبەتیی ئەمەریکایی باشترین جێگە بۆ دابینکردنی ئازادیی زۆر و تەواو بۆ پێست سپییەکان و بەڕادەیەکی کەم و ئەویش لە حاڵەتی ریزپەڕدا، بۆ ئەوانەی پێستیان سپی نییە، دێتە ئەژمار. هەرچۆنێك بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جڵەودار و ئاڤانگاردی ئازادی و پێشەنگی پەڕینەوەیە بەرەو پۆست مۆدێرنە.

## جەمسەری ئازادی و ئازادیی هەڵبژاردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان

ئێمە باسی جەمسەرێکمان کرد، کە ژیاری ئەورووپای رۆژئاوایە، بەڵام لە هەناوی شوێنکاتی ئەندێشەکاندا، لە فەلسەفە و جوگرافیای رۆحی مرۆییدا، جەمسەری جیهانی تاکجەمسەر شتێکی دیکەیە، ئەویش ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا نییە وەك دامەزراوەیەکی جیۆپۆلەتیکی، بەڵکو ئەندێشە و ئایدیای کۆتایی ئازادی لەم جەمسەرەدایە. جوڵە و بزوتن بەرەو ئەم ئازادییە، مانابەخشی مێژووی مرۆییە، بە جۆرێك کە مرۆڤی ئەورووپای رۆژئاوا درکی پێدەکات. کۆمەڵگەی ئەورووپای رۆژئاوا توانی لەم رێگەوە تێگەیشتنی مانای مێژوو بە سەر مرۆڤایەتیدا بسەپێنێت. بەم چەشنە، جەمسەری جیهانی تاکجەمسەری هەیە و ئەم جەمسەرە، ئازادییە کە لە مۆدێرن تێپەڕیوە و ئێستاکە دەگاتە قۆناغی نوێ، دەگاتە پۆست مۆدێرن کە تێیدا مرۆڤ دەگاتە قۆناغی ئازادی لە خود، چونکە خۆی بۆ خۆی لەمپەڕ دروستدەکات، بە گشتی مرۆڤ نەفرەت لە خۆی دەکات، بەو شێوەیەی لە کتێبی «ئەنتی ئۆدیب»ی ژیل دۆلۆزدا هاتووە.

خەڵك بوونە بینەری تەلەڤزیۆن و فێربوون چۆن بە خێرایی کەناڵەکان بگۆڕن. زۆر کەس هەمیشە خەریکی گۆڕینی کەناڵن و بەلایەناوە گرنگ نییە چ بەرنامەیەك و لە چ کەناڵێکەوە پەخشدەکرێت، ئاخۆ نمایشە یان هەواڵ. بینەری پۆست مۆدێرن بەڕاستی لەو شتەی لە رووداندایە، هیچ تێناگات و لافاوی وێنەکان بە بەرچاویدا دێن و دەچن، سەرنجی رادەکێشێت. بینەری تی‌ڤی بەرەو پرۆسەی کورت رادەکێشرێت و لە بینەر و سەیرکەرەوە دەگۆڕێت بۆ «بینینی بەشەکی»، واتە بینەرێك کە سەیری بەرنامە یان کەناڵی تەلەفزیۆنی ناکات بەڵکو تەنیا چەند بەشێکی جیا و دابڕاوی ئەم بەرنامانە دەبینێت. دەتوانین بڵێین هەر سەبارەت بەم بابەتە، فیلمی ئایدیال فیلمی «منداڵانی

سیخوڕی٢»ی ڕوودویکسه. ئەم فیلمه به شێوەیەك دروستکراوه که هیچ چەشنە مانا و ناوەڕۆکێکی نییە، بەڵام هاوکات بینەر ناتوانێت چاو له شاشەکه هەڵگرێت، چونکه له ساتەوەختێکدا که عەقڵی ئێمه له بینینی ئەم فیلمه سەرکۆنەمان دەکات، هەر لەو چرکەدا بەرازی باڵندە دێت و ئێمه دەبێت سەیری بکەین بزانین بۆ کوێ دەچێت و چۆن باڵدەگرێتەوە، کاتێك چیدی تاقەتی بەرازی باڵندەمان نامێنێت، ئەژدیهایەکی بچووك له گیرفانی قارەمانی چیرۆکەکه دەپەڕێته دەرەوە. ئەم بەرهەمه هونەرییەی ڕوودویکس بێوێنەیە، به ڕاستی کەسێك که بەردەوام کەناڵەکانی تیڤی دەگۆڕێت، لەژێر کاریگەریی ڕووداوێکی وەهادایه. تاکه کەناڵی تەلەفزیۆنی له ڕوسیا که شێوازێکی دیکەی گرتۆتەبەر، کەناڵی «کولتورا»، ئەویش لەبەرئەوەی لەم کەناڵەدا کۆمەڵێك بەرنامه لەسەر موزیکزان، هونەرمەند و کەسایەتییه کولتورییەکان و شانۆکار، واتا ئەوەی له مۆدێرن ماوەتەوە، بێ پەله و خێراییەکی ئەوتۆ نمایش دەکریت، گەر ئەم کەناڵه له پێڕستی کەناڵه تەلەڤزیۆنییەکان دەرکەین، دەتوانین به ئاسودەیی زوو زوو به کۆنترۆڵی تیڤییەکەمان کەناڵەکان بگۆڕین، بێ ئەوەی چاوەڕێی شتێکی سەیر و سەمەره و بەدەر له ڕیتمی ئاسایی، که دەبێت به پێی ئەو ژیان بەرینه سەر، بکەین.

## دژیەکییەکانی ئازادی

بەم چەشنه پۆست مۆدێرن دێتەئاراوە. چ شتێك دەتوانێت بەر به هاتنی بگرێت؟ ئایا دەکرێت وەڵامی نەرێنی به پۆست مۆدێرنیزم بدرێتەوە؟ ئەمه پرسیارێکی بەجێ و بنەڕەتییە. هاوکات به له بەرچاوگرتنی ئەو خاڵه که له تێزی لیبڕالدا مرۆڤ ئازادە، واتا هەمیشه دەتوانێت بڵێ «نا» و هەر شتێك که نایەوێت، ڕەتیبکاتەوە، لێرەدا هەستی مەترسی له فەلسەفەی ئازادیدا

دروستدەبێت. شوێنێك كە بە ناوی نازادیی ڕەها، ئازادی ناچارەدەكەن كە بە خۆی بڵێت «نا». مۆدێلی ڕۆژئاوایی لیبڕال دەڵێت: ئێوە دەتانەوێت بەرهەڵستی ئێمە بكەن؟ فەرموون، مافی خۆتانە، بەڵام خۆ ئێوە ناتانەوێت واز لە جلشۆرەكەتان بێنن؟ جلشۆر دەبێتە تەوەری باسی لایەنگرانی پێشڤەچوون، چونكە هەموان بە پێست ڕەش، پێست سوور، موحافیزكار و ئەرتەدۆكسەوە دەیانەوێت جلشۆریان هەبێت. كۆمۆنیستەكانیش بە پێی لۆژیكێكی دیكە باسی پێویستیی و نەگەڕانەوەی دامەزراوەكانیان دەكرد. دەیانوت سۆسیالیزم پاش كەپیتالیزم دێت. گەرچی ئێمە خاوەنی كەپیتالیزمێكی وەها نەبووین، سۆسیالیزم هات و ماوەیەك مایەوە و وەك جلشۆرەكە ژمارەیەكی زۆری لەناوبرد، پاشان بزربوو. گەر بیر لە مێتافیزیكی جلشۆر بكەینەوە، كە تا چەند لەگەڵ بەها واقیعییەكانی سیستمی فەلسەفی یەكدەگرنەوە، دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامە كە ژیانی مرۆڤ بێ ئامێری جلشۆریش مومكینە و هەردەكرێت، دەتوانێت بەختەوەریش بێت، بەڵام بۆ كۆمەڵگەی لیبڕال، ئەمە بابەتێكی زەروور و كەم تا زۆر پیرۆزە. هەر شتێك دركدەكرێت، بەڵام مەگەر ژیان بێ جلشۆر دەكرێت؟ ئەمە پێناسەیەكی واقیعیی نازانستییە: ژیان بێ جلشۆر نەكردە و نامومكینە. ژیان بوونی دەرەكی نییە. ژیان هەمان جلشۆرە. كاریگەریی هێزی باس و مشتومڕی ڕوو لە تۆتالیتار لای لیبڕالیش هەر لەم بابەتەدایە. لە ڕزگاری، هەمیشە چەشنێك هۆكاری ناچاركردن هەیە و ئەمە پارادۆكسی ئازادییە. بۆ نموونە، ناچاركردن بەو هزر و ڕامانە كە ئازادی بەهایەكی باڵایە. گریمان كەسێك دەڵێت: «ئازادی بەهایەكی باڵایە». لەم كاتەدا كەسی یەكەم دەڵێت: «تۆ دژی ئازادیت؟ من بۆ ئازادی دەتكوژم».

لە لیبڕالیزمدا ئایدیایەكی وەها جێگیر بووە كە هیچ ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئازادی ناتوانێت بوونی ببێت. لێرەدا حەقیقەتێك خۆی حەشارداوە. گەر لۆگۆس

(یان وتە) لە سەر ڕێگەی ئازادی وەستا و گەر لۆگۆسی کۆمەڵایەتی بکێشرێتە ناو هەرزەکاریی ئازادەگییەوە، کەواتە یەکەم زەبر بۆ کەوتنە سەر ئەم ڕێگەیە لە کوێ ڕوویداوە؟ دەبێ نەك لە سەردەمی دیکارت، نیچە و نەك لە سەدەی بیستەمدا، بەڵکو لە سەردەمی پێش سوکراتدا بۆ شوێنەکەی بگەڕێین. هایدگەر لە تیۆری «فیۆسیس» و لە ئامۆژەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە ئەندێشەکان، ئەم بابەتە بە تەواوی دەخاتەڕوو، بەڵام خاڵی گرنگ شتێکی دیکەیە، ئەوەی کە ڕۆیشتنی لۆگۆس بەرەو ئازادی، ڕۆیشتن و جوڵەیەکی ڕێکەوتی نییە، بەو حاڵەشەوە دەکرێت «نەخێر»ی پێ بوترێت.

## موحافیزکاری وەك ڕەتکردنەوەی لۆژیکی مێژوو

هاوکات ئەگەری بووناسانە بۆ وتنی «نا» لەئارادایە و موحافیزکاریش لێرەوە دەستپێدەکات. سەرەتا موحافیزکاری چییە؟ وتنی «نا»یە بەو شتەی کە لە دەورووبەردا هەیە. لەبەر چی؟ لە بەر ئەو شتەی کە پێشتر هەبووە. لە بەر شتێك کە، وەك دەوترێت، لەڕەوتی مێژووی سۆسیالیستیی سیاسیدا تێپەڕیوە. بەو مانا کە موحافیزکاری، دیاریکردنی هەڵوێستی بووناسانە، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، تاکەکەسی، ئەخلاقی و ئایینی، کولتوری و زانستییە و هەموو ئەو ڕەوتانەی هەنوکە لەگەڵیان بەرەوڕووین و پێشتر وەسفمان کردوون، ڕەتدەکاتەوە.

ئێمە ئێستا باسی موحافیزکاری دەکەین و ئەوەش کە بە خۆبەدوورگرتن لە جۆرێك بنبەستی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی، دەکرێت خودی لۆژیکی مێژوو کە مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی لێکەوتۆتەوە، ڕەتبکرێتەوە. ئێمە سەردەمی نوێ بە هەموو ڕێگە و ڕێبازی پێشکەوتن و پێچ و پەناکانی پۆست مۆدێرن کە دەمانکێشێنێتە ناو لابیرێنتەکانی ڕاستییەکانەوە، پەسەنددەکەن، بەڵام دەکرێت لێرەدا قۆناغە سەرەتاییەکانیشی بۆ زیادبکەین کە ئەم خواستەیان مومکین و زاڵکردووە. موحافیزکاری هەڵوێستی خۆی، لە سەر بەرانبەرکێ لەگەڵ لۆژیکی چەقبەستنی پڕۆسەی مێژووی دادەمەزرێنێت. لەم وەستان و بەرانبەرکێییەدا،

تەوەری باسەکە، دیاردەناسیی مۆدێرن و لەسەردەمی ئێمەدا پۆست مۆدێرنە کە موحافیزکاری خۆی لە وەرنەگرتنی دووردەگرێت، بەڵام موحافیزکاری وەك بونیاد دژایەتیی دیاردەکان ناکات. هەڵسەنگاندنی نەرێنیی دیاردەناسی تەنیا بیانوویەکە. موحافیزکاری بنبەستێك بەدیدێنێت، کە لۆژیکی کار و رووگەی قۆناغی مێژوو رەتدەکاتەوە. موحافیزکاری دەتوانێت بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر دژایەتی قۆناغێکی مێژوویی بکات. موحافیزکاری خاوەنی سێ ئەگەری بنەڕەتی بۆ گەڕانەوە بۆ مۆدێرن و پۆست مۆدێرنە. رێکخستن یان بونیادبەندیی موحافیزکاری هەر لێرەوە دەست پێدەکات. ئەم بونیادبەندییە بێ هەر چەشنە لەپێشبوون و ریزبەندییەك ئەنجام دەدرێت، چونکە باس باسی ئەندێشە و رای زانستییە، نەك ئەندێشەی بەهادانان.

## موحافیزکاریی بنەڕەتیی نەریتخوازی

یەکەم بۆچوون، وەك دەوترێ، بۆچوون و تێڕوانینی نەریتخوازییە. موحافیزکاری لەوانەیە بەتەواوی نەریتخواز بێت. لە هەندێك لە مۆدێلەکانی زانستی سیاسەتدا، نەریتخوازی و موحافیزکاری، بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی کارڵ مانهایمدا، لە یەکدی جیادەبنەوە. ئەم هەوڵە بۆ پاراستنی هەموو شت هەربەو شێوە و شێوازەی کە لە کۆمەڵگەی نەریتخوازدا هەبووە، بێگومان بەرەوڕووبوونەوەیەکی موحافیزکارانەیە.

لۆژیکیترین نەریتخوازی لەڕوانگەی فەلسەفی، تیۆریك و بووناسانەوە، ئەو رامانەیە کە رەخنە لە خواست و رووگە و رەهەندە جیاجیاکانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن ناگرێت، بەڵکو لقی بنچینەیی پێشکەوتنی مێژوو رەتدەکاتەوە، واتا لەڕاستیدا دژایەتیی زەمەن دەکات. نەریتخوازی یان سوننەتگەرایی ئەو فۆرمە لە موحافیزکارییە کە جەختدەکاتەوە: ئەو بەش و پاژە جیا و جیاوازانە کە دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە دژایەتییان بکەین، خراپ نین، لە جیهانی هاوچەرخدا هەموو شتێک خراپە. «ئایدیای پێشکەوتن خراپە، ئایدیای پێشکەوتنی

تەکنەلۆژیا خراپە، فەلسەفەی زات و عەینییەتی دیکارت خراپە، شوبهاندنی کاتژمێری نیڤتۆن خراپە، زانستی پۆزەتیڤی هاوچەرخ و ئەو پـەروەردە و بارهێنانەی بە پێی ئەو دامـەزاوە، خراپە». ئەو ئێپیستمە کە موحافیزکاری نەریتخواز لە درێژەدا باسیدەکات، بە هیچ کوێ ناگات. ئەم ئێپیستمە تۆتالیتار، درۆیین و نێگەتیڤە کە دەبێت لەگەڵی بە شەڕ بێین.» دواتر گەر درێژە بە ئەندێشەکەی بدەین، بەم دەستەواژانە دەگەین: «من تەنیا حەزم لەو شتانەیە کە تا پێش مودێرن بوونیان بووە». تەنانەت دەکرێت لەمەش بترازێت و رەخنە لەو خواستانە بگیرێت، کە لە خودی کۆمەڵگەی نەریتیدا، رێگەیان بە دەرکەوتنی مۆدێرنە داوە.

موحافیزکارییەکی نەریتخوازانەی لەم چەشنە دوای ئەوەی سەڵتەنەتخوزی لەبەریەك هەڵوەشایەوە و کڵێسا لە دەوڵەت جیابووەوە، کاتێك کە هەموو نەتەوە مێژوویی، کولتوری، کۆمەڵایەتی- سیاسی پێشوازییان لە مۆدێرنە کرد، گرنگی خۆی لە دەستدا. لە روسیا ئەم بابەتە لەلایەن کافرە شەڕەنگێزەکانەوە گەڵاڵەکرا. بەڕاستی تاڕادەیەك ئەم رووداوە روویدا، چونکە بە تەواوی وەلایان ناوە و هیچ قسەیەکیان لە بارەوە نەدەکرد و  گروپی کۆمەڵایەتی کە لایەنگریی لەم هەڵوێستە بکەن، هیچ دیار نەبوون، زۆر زوو تەنانەت لەهەندێك لە بونیادەکانی سیاسەت ناسیدا (بەرهەمەکانی مانهایم) لە نێوچوون، هەر بۆیە ئێمە ئەوە نابینین و لەوێوە دەست پێناکەین. مەخابن! گەر بمانەوێت شەجەرەنامەی موحافیزکای لێکبدەینەوە و بە شێوەی گشتیتر هەڵوێستە موحافیزکارانەکان تاوتوێ بکەین، دەبێت بە وردی ئەم تێڕوانینە پێش هەموو شتێك بخەین. لە نەریتخوزیدا کۆی تەواو و کۆتایی پەیوەندی و دانوستانەکانی موحافیزکارانە بەرانبەر بە مێژوو، کۆمەڵگەو جیهانمان هەیە. سەدەی بیستەم کاتێك کە پێدەچوو چیدی، هیچ چەشنە پلە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم ئەندێشە موحافیزکارانە نەماوەتەوە،  گروپێك لە بیرمەند و فەیلەسوف

دەرکەوتن، کە چما هیچ شتێك رووی نەداوە، بەو شێوەیە هەڵوێستگەلی نەریتخوازانەیان هێنایەوە بەر کار و دەستیاندایە پڕوپاگەندە و بانگەواز بۆی، ئەویش بە جۆرێکی بەردەوام و شێلگیرانە و هێند بە شێوەیەکی رادیکاڵ کە بەڕاستی سەدەی 18 و 19ش وێنا نەدەکرا. لەوانە دەتوانین ناوی رێنێ گێنۆن، ژۆلیوس ئێڤۆلا، تیتوس بورکهارت، لیۆپۆڵد سیگلەر و هەموو ئەوانە ببەین کە لە مانای پڕ بە پێست و تایبەتیی وشەدا بە «نەریتخواز» ناودەبران. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سەدەی نۆزدەهەم، ئەو کاتەی رژێمی دەسەڵاتخواز حکومەتی دەکرد و پاپا لە رۆما بڕیاری دەردەکرد، ئەو کەسانە خاوەنی ئەم بیرە رادیکاڵانە بن، نەبوو. نەریتخوازان کاتێك زانییان بارودۆخی «نەریت» (سوننەت) لەبار نییە، بەرنامەی موحافیزکاریی نەریتخوازیان بەکارهێنا. بەم چەشنە، موحافیزکاریی بنچینەیی توانی بگۆڕێت بۆ مۆدێلی فەلسەفەی سیاسی-ئایدۆلۆژی. ئەویش کاتێك کە مۆدێرنە بە کردەوە هەموو بیر و هەڵوێستێکی کردبووە هی خۆی، نەك ئەو کاتەی کە مۆدێرن لە سەرەتای رێگەی سەرکەوتندا بوو، هێزی دیاریکراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژایەتییان دەکرد.

ژمارەیەك لە کارناسان و پسپۆڕانی سیاسی هەوڵیاندا دیاردەی موحافیزکاریی سەدەی بیستەم لەگەڵ فاشیزم بکەنە یەك و پێکەوەیان پەیوەست بکەن. کەسێك بە ناوی لویی پاوڵ و ژاك برژییێ، نوسەرانی کتێبی «بەرەبەیانی جادوگەرەکان» لە بەرهەمەکەی خۆیاندا باسی ئەم هەڵوێستەیان کردووە. هەڵبەت ناتوانین هاوڕای ئەوان بین. ئێمە دەڵێین فاشیزم، زیاتر فەلسەفەیەکی روو لە مۆدێرنە و توخمەکانی کۆمەڵگەی نەریتییە، دژ بە مۆدێرنە و زەمەن هیچ ناڵێت. جگە لەمە، گنۆن و ئێڤۆلا زۆر بە توندی رەخنە لە فاشیزم دەگرن.

گنۆن و ئێڤۆلا لە بەرهەمەکانی خۆیاندا لێکدانەوەی تێروتەسەل سەبارەت بە هەڵوێستی بنچینەیی-موحافیزکارانە دەدەن. ئەوان کۆمەڵگەی نەریتی وەك ئایدیالێکی بەدەر لە زەمەن وەسفدەکەن و دنیای هاوچەرخ (مۆدێرن)

و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی وەك دەرئەنجامی لادان، کەوتن، تێکچڕژاویی گروپگەلی کەمئەژماری کۆمەڵایەتی، گواستنەوەی گرنگیدان لە گۆڕەپانی مینۆکییەوە بۆ مـادی، لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، لە تاهەتایی بوونەوە بۆ ئەوەی لە رووداندایە و هتد، شیدەکەنەوە. هەڵوێستەکانی نەریتخوازەکان، دەتوانێت نموونەی «پارادایم» (کۆی بەها و میتۆدەکان) موحافیزکارانە لە جۆری بێخەوش و رەسەنی بێت. هەڵبەت هەندێك هەڵسەنگاندن و پێشبینییان راست دەرنەچوو. لەوانە هەردووکیان زووتر لە کاتی خۆی بە هۆی سەرکەوتنی «کاستی چوارەم»ەوە بە جۆش و خرۆش کەوتن، مەبەست سەرکەوتنی پرۆلیتاریا (یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی) بە سەر «کاستی سێیەم» (ئۆردووگای کەپیتالیستی)یە، کە دەرکەوت راست نەبووە. ئەوان دەستیانکرد بە دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم، بێ ئەوەی پێبزانن تا چەند توخمی نەریتی تێدا زۆرە، دەبێت برێك لە هەڵسەنگاندنەکانیان ریفۆرم بکرێت. لە کۆنگرەی رۆما کە بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئێڤۆلا بەڕێوە دەچوو، کۆمەڵێك وتار لەژێر نای «ئێڤۆلا، روانین لە چەپەوە» ئاراستەکران کە پێشنیاریان دەکرد دیسان بەرهەمەکانی لێکبدرێنەوە. ئێڤۆلا خۆی بە راستگەرا و تەنانەت راستگەرای تۆخ و زیادەڕۆ دەزانی.

## موحافیزکارانی بنەماخوازی سەردەمی ئێمە

لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا موحافیزکاریی بنەمای بوونی هەیە. یەکەم ئەوەی کە هەمان پرۆژەی بە ئیسلامیکردن، خۆی، موحافیزکاریی بنەماییە. گەر توێژەکانی پڕوپاگەندەی لێجیابکەینەوە و بزانین موسوڵمانەکان لەڕوانگەی تیۆری، هەستەوەری و رامانەوە دەبێ چۆن بن، دەبینین ئەوانیش خاوەنی هەمان هەڵوێستی تیمێکی موحافیزکارە بونیادگەراکانن. ئـەوان دەبێت باوەڕیان بە یەکە بە یەکەی وشەکانی «قورئان» هەبێت، هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی

که هەر چەشنە لێکدانەوە و تەفسیرێك لە لایەن موعجیزەکەرانی تۆلێرانسەوە (هەڵکردن) کە رەخنە لە بیروباوەڕیان دەگرێت و بە بێ بەزاییانە ناویان دەبات، رەتبکەنەوە. گەر تاکێکی بنەماخواز لە تەلەڤزیۆندا بەرەوڕووی موفەسیرێکی وەها ببێتەوە، لەو حاڵەتەدا، بە دەرئەنجامێکی عەقڵانی سادە دەگات: دەبێت تەلەڤزیۆنەکە و ئەو موفەسیرەی لەوێوە قسە دەکات، پێکەوە فڕێ بدرێن.

هەڵوێست و رووگەیەکی وەها لەناو گروپە پڕۆتستانە بنەماخوازەکانی ئەمەریکاشدا بەرچاودەکەوێت. هەرچەند سەری دیارە، بەڵام کەم تا زۆر بەشێکی بەرچاو لە لیژنەی هەڵبژێردەرەکانی حزبی کۆماریخوازی نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتیوانی ئەمجۆرە روانگانەن. بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بە بەشداریی ئەم بنەماخوازە پرۆتستانتانە کە هەرچەند لەڕوانگەی ئایینی پڕۆتستانەوە مومکینە، لە مۆدێرنێتی و پۆست مودێرنێتیدا رەخنەی لێدەگرن، بە ملیۆنان بینەری هەیە. ژمارەی ئەم موعجیزەکەر و موفەسیرانە زۆرە، لەوانە جێری فالویل کە بە گشتی رەخنە لە تێکڕای ئەم جیهانە دەگرێت و هەموو رووداوەکـان لە گۆشەنیگای گێڕانەوەی پڕۆتستانتی مەسیحییەتەوە لێکدەداتەوە. کەسانێکی لەمشێوەیە لە ئەرتەدۆکس و کاسۆلیکیشدا هەن. ئەوان هەم لە رووی بونیاد و هەم بە گشتی، مۆدێرنێتی رەتدەکەنەوە و ئەوەی لە ئاییندا باسیدەکرێت، بەتەواوی بە ئەمرۆیی و حاشاهەڵنەگر و حەتمی دەزانن و سەردەمی هەنوکە و بەهاکانی بە سەرچاوەی پاشایەتی دژەمەسیح دەزانن، کە ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە. ئەمچەشنە خواستانە لەناو پێڕەوکەرانی ئایینی کۆنی روس بە باشی جێگیر بووە. تا ئێستاش خەڵکانێك لە ئۆراڵ نیشتەجێن و گڵۆپی کارەبا بەکارناهێنن. گڵۆپەکان لای ئەوان «تیشکی شەیتانی»ن. بەم بۆنەوە تەنیا مۆم و تیشکی هەتاو بەکاردێنن.

هەندێکجار رووبـەڕووبـوونـەوەی وەهـا دەچێتە قـووڵایـی هەموو بابەتەکانەوە. یەك لە نوسەرانی پەیڕەوی ئایینی کۆنی روس بە باوەڕێکی

پتەوەوە دەڵێت»نابێ چا و قاوە بخورێتەوە، چونکە تیری قاوە لە ئاسمانەوە دەبارن و ئەو کسانەی لەم خواردنەوانە دەخۆنەوە، تووشی غەزەبی خوا دەکەن».

خواردنەوەی قاوە لەو سەروبەندەدا بە توندی یاساغ کرا. لەوانەیە ئەم کارە ساویلکانە دیاربێت، بەڵام دەبێت بپرسین ساویلکانە لەڕوانگەی چ کەسێکەوە؟ بۆ کەسانی هاوچەرخی ئەمڕۆیی. بەڕاستیش «تیری قاوە» ساویلکانەیە، بەڵام بیر لەوە بکەنەوە کە لە جیهانی موحافیزکارانی بنەماتەوەردا شوێنێك بۆ ئەم دەستەواژە تەرخان نەکراوە. بەوپێیە، دیاریدەکرێت کە تاك سەر بە کام بەرە لە شەیتانەکانە. نابێت لە بیریشی بکەین کە «کڵێسەی شەڵواری»ش هەبووە. لەو سەردەمەدا گروپی گەنجانی پێڕەوی ئایینی کۆن لە سەدەی هەژدەهەم، پڕوپاگەندەیان بۆ مۆدی شەڵواری چوارخانە دەکرد و لە کڵێسەی «کیمری» کۆ دەبوونەوە کە هەندێکجار پێیدەوترا «کڵێسەی شەڵواری». ئەم بابەتە لێکدەدرایەوە کە ئایا دەبێت ئەو کەسانەی شەڵواری چوارخانەیان لە پێدەکرد، لە دین دەربکرێن یان نا؟ چون لەو کاتەدا لایانوابوو لەبیرکردنی شەڵواری چوارخانە بۆ مەسیحییەکان دوور لە ئەدەبە. ژمارەیەك لەو کەسانەی لەم کۆبوونەوانەدا ئامادە دەبوون، لە سەر ئەو باوەڕەبوون کە دەبێت دەربکرێن، بەشێکی دیکە دژ بەم بڕیارە دەوەستانەوە. ئەم جۆرە رادەربڕینانە لەڕاستیدا هێندەش ساویلکانە نین. بە بڕوای ئێمە لایەنگرانی دینی کۆن کەسانێکی دواکەوتوون، بەڵام وا نییە، تەنیا جۆرێکی ترن و بە پێی تێزێکی تر دەژین. ئەوان کات و زەمەن وەك هۆکاری پێشکەوتن رەتدەکەنەوە. بە بڕوای ئەوان کات و زەمەن هۆکاری دواکەوتوویيە و خەڵکانی هاوچەرخ دەبنە قوربانی شێتی شەیتانی.

لێرەدا دەتوانین روانگەی کلود لیڤی شتراوس باسبکەین. سەلماندی کە هیچ چەشنە تیۆرێك لە لویی برول و زاناکان و توێژەرانی رەوتی کامڵبوون لەبارەیەوە قسەیانکردبێت، نییە و دەکرێت بوترێت کە هەر ئەوەندەی

کۆمەڵگەی خۆجێییەکان، یاخود بونیادی ئەفسانەی پێست سوورەکان لەڕوانگەی دۆزراوەکانی نوێی خۆیانەوە ئاڵۆزن، هەربەو رادەیەش هاوشێوەی فۆرمە کولتورییەکانی ئەوروپای هاوچەرخ، درام و کارەساتبارن. ئەمانە تەنیا کۆمەڵێك پرس و بابەتی دیکەن. لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ «لۆگۆس»ێکی دیکەدا هەیە کە لە سیستمی پەیوەندی و دانوستانی سیاسی، ناهاوشێوەیی، فرەچەشنی و بونیادی مۆدێلەکانی سیستم، بە تێزێکی دیکەوە کاردەکەن، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ئاڵۆزیی و پارامێترە بونیادییە گرنگەکانی(کە بنەماخوازی لێرەوە سەرهەڵدەدات)، بە تەواوی لەگەڵ رامان و مۆدێلی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی، جگە لەوە، لەناو نەتەوە جیاجیاکاندا دەتوانن یەکبگرنەوە و سازگاربن. لە موحافیزکاریی بنەماییدا خۆ بەدوورگرتن لە سەردەمی مۆدێرن، خاوەنی شێوازێکی پڕاوپڕ لۆژیکی و رێك و پێکە. گەر تۆزێك وردتر لەم روانگەیە بڕوانین و لێکیبدەینەوە، دەبینین هەموو شت لۆژیکی و عەقڵانییە، بەڵام ئەمە «لۆگۆس»ێکی دیکەیە. ئەمە لۆگۆسێکە کە تیایدا، تیری قاوە، کڵێسەی شەڵواری و ژیان لە ژێر رووناکیی مۆم، هەرشتێك کە بزەیەکی سووکایەتی پێکردن دەخاتە سەر لێوی مرۆڤی هاوچەرخ، بە هیچ شێوەیەك گاڵتەجاڕانە نییە و شێوازێکی تەواو جیاوازە بۆ بوون.

## موحافیزکاری لە «دۆخی هەنوکەیی» واتا موحافیزکاریی لیبڕاڵ

جۆرێکی دیکە لە موحافیزکاری هەیە، کە ئێمە ناومان ناوە موحافیزکاریی «دۆخی هەنوکەیی» یان موحافیزکاریی لیبڕاڵ. ئەمجۆرە موحافیزکارییە بە جۆری لیبڕاڵ دەژمێردرێت، چونکە وەڵامی «ئەرێنی» بەو خواستە سەرەکییە دەداتەوە، کە لە مۆدێرنەدا بەدیدێت، بەڵام لە هەر قۆناغێکی رەوتی بەدیهاتنی ئەم خواستە سەرەکییە هەوڵدەدات، خێرایی خۆی کەم بکاتەوەو بەردەوام دەڵێت» ‹هێواشتر، ئێستا نا، بۆ داهاتوو».

موحافیزکاری لیبڕال کەم تا زۆر وا بیردەکاتەوە، کە بوونی تاکی ئازاد، بابەتێکی باش و پەسەنکراوە، بەڵام ئەوەی کە تاکی ئازادی زۆر لەئارادا بن، ئیدی زیادەڕۆییە. یان باوەڕیان سەبارەت بە «کۆتایی مێژوو»ی فۆکۆیاما لە قۆناغی یەکەمدا، بەو شێوەیەبوو کە سیاسەت لەناوچووە و هەنوکە «بازاڕی جیهانی» بە خێرایی شوێنی گرتۆتەوە، کە تیایدا نەتەوەکان، دەوڵەتان، نەژادەکان، کولتورەکان و ئایینەکان دیار نەماون، بەڵام دواتر گەیشتە ئەو ئەنجامە کە دەبێت هێواشتر جوڵە بکرێت و هێدی هێدی پۆست مۆدێرن بێهەڵگیرساندنی شۆڕش بخرێتە ناو بۆتەی کارەوە، چونکە رەنگە لە شۆڕشەکاندا رووداوێکی چاوەڕواننەکراو رووبدات، کە نەخشەی «کۆتایی مێژوو» تێك بشێوێنێت. لەم کاتەدا بوو فۆکۆیاما نووسی جارێ پتەو و بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە شێوەی کاتی زەروور و پێویستە. ئەم بابەتە بەدروستی موحافیزکاریی لیبڕالە. موحافیزکارانی لیبڕال حەزیان لە چەپەکان نییە، حەزیان لە ئێڤۆلا و گنۆنی راستگەراش نییە، بەڵام ئەوان بە هیچ ترسێك ئەمجۆرە بیرمەندانە بە هەند وەرناگرن و هەر کە چەپەکان دەبینن، دەستبەجێ سەنگەریان لێدەگرن.

موحافیزکاری لیبڕال  لە بەر هەندێك تایبەتمەندیی بونیادیی چۆنایەتی لە کەسی دی جیادەکرێتەوە، کە لەگەڵ خواستی گشتیی مۆدێرنەدا هاوڕایە، بەڵام دژایەتیی دەرکەوتە ئاڤانگارد و پێشەنگەکانی دەکات کە لە رادەبەدەر مەترسیدار و زیانبەخش دیارە. بۆ نموونە ئێدمۆند بێرك، فەیلەسوفی ئینگلیزی، سەرەتا پێڕەوی میتۆدی رۆشنگەری بوو، بەڵام دوای شۆڕشی فەرەنسا لێیدوورکەوتەوە و تیۆری موحافیزکارانە- لیبڕالی پێشکەشکرد کە بە رواڵەت رەخنەی لە شۆڕش و چەپەکان دەگرت. هەر لێرەوە بەرنامەی لیبڕال - موحافیزکارانە دەستپێدەکات کە هەمان بەرگری لە ئازادی، ماف و سەربەخۆیی مرۆڤ، پێشکەوتن و یەکسانییە، بەڵام نەك بە ناوکۆی شۆڕش، بەڵکو بە کەڵك وەرگرتن لە کەرەستەیەکی دیکەی وەك

گۆڕانکاری و کەمڵبوون، لەبەرئەوەی کە نەوەك وزەی شاراوەی ژێرزەوی لە شوێنێکەوە ئازادبێت، کە لەڕووداوە شۆڕشگێڕانەکاندا تیرۆر و پاشان ئەنتی تیرۆر و پرس و بابەتی دیکەی لێدەکەوێتەوە.

بەم چەشنە، موحافیزکاریی لیبڕال بەڕاستی بەرهەڵستیی خواستەکانی پێکهێنەری شوناسی مۆدێرن و تەنانەت پۆست مۆدێرن ناکات، هەرچەند موحافیزکارانی لیبڕال بەرانبەر بە پۆست مۆدێرن زیاتر لە جاران بوەستنەوە. مانای ئەوان تەنانەت دەتوانن لە چرکەساتێکدا هاواری بوەستە! بکەن، لەکاتێکدا کە دواهاتەکانی پۆست مۆدێرن بەدیدەکەن و سەیرێکی یاداشتەکانی ژیل دۆلۆز دەکەن، بە ئاشکرا هەستێکی ناخۆش و نادڵخواز دایاندەگرێت. جگە لەمە ئەوان لە خێراکردنی دێمۆنتاژی مۆدێرن کە لە پۆست مۆدێرندا ڕوودەدات و لەوانەیە ببێتە هۆی ئازادیی پێش مۆدێرنە، دەترسێن. موحافیزکارانی لیبڕال، بە ئاشکرا، لەم بارەوە دەنووسن و دەنووسن. بۆ نموونە، یورگن هابرماسی لیبڕال، کە پێشتر چەپ بوو، دەڵێت: « گەر ئێمە ئێستاکە رۆحی توندوتیژی رۆشنگەری، وەفاداری بە ئایدیالەکانی ئازادیی تاك و ئازادیی ئەخلاقی نەپارێزین و مرۆڤایەتی لەم سنورەدا رانەگرین، نەك هەر لە هەڵدێری پشێوی و نائارامیدا نوقم دەبین، بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ سێبەرەکانی «نەریت»، کە مۆدێرنە مانای شەڕکردن لەگەڵی ئاراستە کردووە». بەدەربڕینی دی، ئەو لە هاتنی موحافیزکارانی بنەمایی سڵدەکاتەوە.

## بن‌لادن وەك نیشانەیەك

بن‌لادن جیا لەوەی کە کەسایەتیی راستەقینەیە یان دروستکراوی دەستی خەیاڵ و وێنای وەهماویی هۆلیود، لەڕوانگەی فەلسەفییەوە بە شێوەیەکی تایبەت، گرنگە. ئەم بابەتە لە راستیدا دیمەنی تێپەڕین بەرەو پێش مۆدێرنەیە لەچوارچێوەی پۆست مۆدێرنەدا، کە بە شێوەیەکی پێکەنیناوی و گاڵتەجاڕانە و زیاڕۆیانە جوانکراوە. ئەمە هۆشدارییەکی شومە سەبارەت بەوەی کە

پێش مۆدێرنە (واتا «نەریت») هاوشێوەی ئیمان و باوەڕ بە ئەو بەهاگەلەی هەمووی لە یەك جێدا كۆبووتەوە و هەر لە سەرەتای مۆدێرنەوە لە نزمترین پلەدا دانرابوون، دەتوانێت سەر بەرزبكاتەوە و هەموولایەك بگرێتەوە. سیمای بن‌لادن، ژێستەكانی، دەركەوتنی لە شاشەكانی تی‌ڤی و لاپەڕەی گۆڤارەكانی مۆد، بۆخۆی نیشانەیەكی فەلسەفییە. ئەمە هێما و نیشانەی هۆشداریدانی موحافیزكارانی لیبڕالە بە مرۆڤایەتی.

## تارمایی چێ گیڤارا

موحافیزكارانی لیبڕال بـەزۆری ئەو راڤە و شیكارییەی ئێمە لەسەر پەیوەندی و دانوستانەكانی لیبڕالیزم و كۆمۆنیزم ئەنجامماندا، بەدەستەوە نادەن. هەمیشە سڵ لە بوونی كۆمۆنیزم دەكەنەوە. پێشوەخت ئاماژەمان بەوەدا كە رووداوەكانی ساڵی 1991، واتا كۆتایی یەكێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، لەڕوانگەی فەلسەفیی و مێژووییەوە گەلێك گرنگە، (بەڵام) كەمتر ئانالیز و شیكردنەوەی بۆكراوە. رووداوی وەها لە مێژوودا كەمن، چونكە ساڵی 1991 لیبڕالیزم لەسەرحەقبوونی ریزپەڕی خۆی سەلماند و تیۆرەكانی دیكە كە گرنگترینیان كۆمۆنیزم بوو لە سەر رێگەی مۆدێرنیزم هەڵگیران و بەرەو ئامانجێكی دیكە كەوتنەڕێ. كۆمۆنیستەكان لایانوابوو لەسەر رێگەی مۆدێرنە بەرەو پێشكەوتن هەنگاودەنێن، بەڵام دواتر دەركەوت كە بەرەو ئامانجی دیكە، كە لە فەزایەكی تیۆریكی دیكەدا بوو، دەڕۆیشتن، بەڵام ئەمڕۆ زۆرێك لە لیبڕالەكان تەنانەت مەزەندەكانی خۆیان وەها باسدەكەن كە كۆمۆنیستەكان تەنیا بە كاتی پێگەكانی خۆیان لە دەستداوە و ئەگەری گەڕانەوەیان لە ئارادایە.

بە پەرەپێدانی ترسی درۆیین و ناواقیعی، ئەنتی كۆمۆنیزمی هاوچەرخ، رەنگە زیاتر لە ئەنتی فاشیزمی هاوچەرخ، رۆح و تارمایی بەرهەم بێنێت. كۆمۆنیزم چیدی دەرەكی نییە (وەكچۆن فاشیزم ماوەیەكی زۆرە ئیدی نییە)، بەڵكو لە جیاتی ئەو،

پەیکەری کاریکاتێرئاسای چێ گیڤارا بێمەترسی کە ریکلام بۆ مۆبایل دەکات، یان تیشێرتی کوڕان و کچانی گەنجی بۆژوا دەڕازێنێتەوە، لە زەینەکاندا ماوەتەوە. سەردەمی مۆدێرن چێ گیڤارا دوژمنی کاپیتاڵیزمە. سەردەمی پۆست مۆدێرن لە سەر بۆردە گەورەکان، ریکلام بۆ مۆبایل دەکات. کۆمۆنیزم دەتوانێت تەنیا بە شێوەی ئەکتەرێکی پڕوپاگەندە و ریکلام بکەوێتەڕوو. مانای ئەمجۆرە پڕوپاگەندەییە هەمان داگیرکردنی پۆست مۆدێرنێتەییە بە سەر بانگەوازی کۆمۆنیستەکان بەرانبەر بە مافی پێشنیاری جیاواز لە چوارچێوەی مۆدێرندا. بەم حاڵەشەوە موحافیزکاریی لیبڕاڵ لە بابەتێکی گاڵتەجاڕی وەها بیانییە و ئارەزوی گەڵتەکردن لەگەڵ «سورەکان»، یاخود «قاوەییەکان» ناکات و هۆکەشی ئەوەیە کە موحافیزکارە لیبڕالەکان لەڕێژەیی بوونی «لۆگۆس» لە پۆست مۆدێرنیزمدا دەترسن. ئەوان هێشتا باوەڕیان نەهێناوە، کە دوژمن بە تەواوی لەناو چووە. لیبڕالی موحافیزکار لایوایە مەیتەکە هێشتا دەجوڵێتەوە، کەوابوو نزیکبوونەوە لێی و ئازاردانی و یاری پێکردنی بە باش نازانێت.

## شۆڕشی موحافیزکارانە

جۆری سێیەمی موحافیزکاریش بوونی هەیە. لەڕوانگەی فەلسەفییەوە، ئەمە سەیرترین و سەرنجڕاکێشترین جۆری موحافیزکاری و کۆیەك ئایدۆلۆژیای موحافیزکارانەیە، کە بە ناوی «شۆڕشی موحافیزکارانە» باوبووە. ئەم کۆمەڵە ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی سیاسییە، بابەتی پێکەوە گونجانی موحافیزکاری و مۆدێرنەی دیالێکتیکی لێکدەداتەوە. ئاتووت مۆلەر، ڤان دەن بروك، کە لە ماوەی رابـوردوودا کتیبەکەی کرا بە روسی، یەك لە تیۆرسێنەکانی شۆڕشی موحافیزکارانەیە.

بیرمەندانی دیکەی وەك مارتین هایدگەر، برایانی ئێرنست و فریدریك یونگەر، کارڵ شمیت، ئۆسواڵد شپینگلەر، ڤێرنەر زۆمبارت، ئوتمان شپان، فریدریك هیشلەر، ئێرنست میکیش و گروپێکی گەورە، بە زۆری پێکهاتوو لە

نوسەرانی ئەڵمانی، پەیڕەویان لەم ئایدیایە دەکرد کە هەندێکجار بە «پەیڕەوی» ناسیۆنال-سۆسیالیزم ناودەبرێن، چونکە زۆربەیان لە قۆناغێکدا، پشتیوانییان لە ناسیۆنال-سۆسیالیزم دەکرد، بەڵام هێندەی نەخایاند کە یان شاربەدەر و دوورخرانەوە یان تەنانەت کەوتنە زیندانەوە. ژمارەیەکی زۆریان بەشدارییان لە چالاکیی ژێرزەمینی و نهێنی دژەفاشیزمدا کردووە و یارمەتیی رزگاربوونی جووەکانیان داوە. بۆ نموونە فریدریك هیشلەر، گەورەترین شۆڕشگێڕی موحافیزکار و لایەنگری هەستانەوەی نەتەوەیی ئەڵمانیا، یارمەتیی مارتی بۆیرا، فەیلەسوفی بەناوبانگی جولەکەی داوە خۆی لە نازییەکان بشارێتەوە.

## موحافیزکارەکان دەبێت بکەونە لوتکەی شۆڕشەوە

دەکرێت جیهانبینی گشتیی موحافیزکارانی-شۆڕشگێڕ بەم شێوە پێناسەبکرێت. لە جیهاندا پێشکەوتنی عەینیی لادان و بەرەو نەمان چوون لە ئارادایە کە ناکرێت ئەمە تەنیا بە هەوڵی هێزەکانی شەڕ بۆ ئەنجامدانی ساختەکاری بزانین. ئەوە هێزی چارەنووس و هێزی ژیانە کە مرۆڤ بەرەونەمان و تیاچوون پاڵدەنێت. مودێرن، لەڕوانگەی شۆڕشگێڕانی موحافیزکارەوە، تەشقی تیاچوونە. ئەوەی تا ئێستا باسکراوە هاوتەریبی هزر و رای نەریتخوازان دەکەوێتەوە، بەڵام پێچەوانەی رای ئەوان، شۆڕشگێڕانی موحافیزکار بیریان لەوە کردەوە کە بۆچی وایلێهات؟ بۆچی ئیمان بە خواوەندی ئافرێنەری جیهان و ئیمان بە پیرۆزییەکان و باوەڕ بە ئەفسانەکان، لە چرکەساتێکی دیاریکراودا، دژبە خۆیان هەڵدەستنەوە و هەموو شت بەراوەژو دەبێت و ئەم پرسە بۆچی تووشی سستی و لاوازی دێت و دوژمنەکانی خواوەند سەردەکەون؟ لە درێژەدا ئەم گومانە بەرۆکیان دەگرێت کە رەنگە ئەو سەدە زێڕینە والایە کە موحافیزکارانی بنچینەیی پێی لەسەر دادەگرن، خۆی لەخۆیدا هەڵگری جۆرێك جیناتی گۆڕدراو بۆ نەوەی داهاتووە؟ لەوانەی هەموو شت

ئەوەندەش لە ئاییندا بەجێ و ڕێکوپێك نەبووبێت؟ لەوانەیە ئەو فۆڕمە ئایینی و پیرۆزانەی کۆمەڵگەی نەریتی، کە هێشتاکە تا گەیشتن و دەستپێکردنی مۆدێرنە دەتوانین بیانبینین، توخمی دیاریکراوی سوان و تیاچوونیان لەخۆدا هەڵگرتووە؟ شۆڕشگێڕانی موحافیزکار بە بنەماخوازانی موحافیزکار دەڵێن: ئێوە پێشنیاری گەڕانەوە بۆ حاڵەتێك دەکەن کە یەکەم نیشانەکانی نەخۆشین لە جەستەی مرۆڤدا دەردەکەوێت، بەڵام هەنوکە کە ئەم کەسە خەریکە دەمرێت، ئێوە دەڵێن پێشتر چەندە حاڵی باش بوو. ئێوە کەسێك کە خەریکە نەخۆش دەکەوێت لەگەڵ کەسێك کە خەریکە دەمرێت بەراورد دەکەن. ئێمە دەمانەوێت کاکڵەی باسەکە وەربگرین، ئێمە دەمانەوێت بزانین ئەم نەخۆشییە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئاخێزگەی ئەم ڤایرۆسی پەتایە لە کوێیە؟ بۆچی نەخۆشەکە کۆکەی لێهات؟ ئەو ڕاستییە کە هەرچەند ئەو کەسە دەکۆکێت، بەڵام نامرێت و دەچێتەوە بۆ سەر کارەکەی ناتوانێت قەناعەتمان پێبێنێت کە کەسێکی ساغ و سەلامەتە. هەر دەبێت ئەم ڤایرۆسە پێشوەخت لە شوێنێکدا ڕەگی داکوتابێت. شۆڕشگێڕانی موحافیزکار لە درێژەدا دەڵێن: «ئێمە بڕوا دەکەین، کە لە پێشدا هۆکاری ڕوودانی درامێکی لەمشێوە بە پێی پلان و بەرنامەی ڕێکخراو داڕێژراو بووە». مۆدێرنە بەم شێوازە حاڵەتی دژیەک و پارادۆکسیکاڵ بە دەستدێنێت. ئەمە تەنیا نەخۆشی ئەمڕۆیی نییە، ئەمە دۆزینەوەی ئەو بابەتەیە کە لە دونیای ڕابوردوودا تەیارکرابوو (و بۆ نەریتخوازان بابەتێکی گرنگ و ژیانی بوو). مۆدێرنە وێڕای ئەم خاڵانە نابێتە خاوەنی ڕەهەندێکی باشتر و «نەریت» ڕەهەندی پۆزەتیڤگەرایی خۆی لە دەستدەدات.

یەکێك لە فۆرمۆلە سەرەکییەکانی ئارسەر مولەر ڤان دەن بروك، ئەوەبوو کە دەیوت موحافیزکاران پێشتر هەوڵیاندەدا، نەهێڵن شۆڕش هەڵگیرسێت، بەڵام ئێمە دەبێت ڕێبەرایەتیی بکەین. مانای سەرەڕای دەربڕینی یەکگرتوویی

لەگەڵ خواستە ناپێکهێنەری مۆدێرنە، دەبوو ئەو خواستانە بناسرێن و ئاشکرا بکرێن کە هەڵگری خواستگەلێك، بوونی کە تیاچوونی داهاتوو، گەیشتن بە مۆدێرنەی بە دواوە بووە شۆڕشگێڕانی موحافیزکار، نەك هەر دەیانەوێت کات لە کاتی ئێستا (هەنوکە)دا بوەستێنن، (هاوشێوەی موحافیزکارانی لیبڕال) و یان بگەڕێنەوە بۆ رابوردوو (هاوشێوەی نەریتخوازان)، بەڵکو دەیانەوێت شەڕ لە رەگ و ریشەوە لە بونیادی جیهانی هەڵکێشن و کات وەك شوناسی ناپێکهێنەری واقیع لەناو ببەن و چەشنێك ئایدیای غەیبی و شاراوەی خودایی کارا بکەن.

## دازاین (Dasein) واقیعییەتی تایبەتی مرۆڤ و گشتڵ (Ge-Stell)

مێژووی فەلسەفەی هایدگەر بە پێی مۆدێلی هاوشێوە ئاراستەکراوە. واقیعی تایبەتیی مرۆڤ یان هەمان دازاین وەك بوونی کۆتایی مرۆڤ، لە بەرەبەیانی فەلسەفە، لە رێگەی گەڵاڵەکردنی پرسی بوون یان هەستی، واتا دەربارەی بوون (وجود) و گۆڕەپانی دەوروپشتی، هەنگاوی هەڵگرت. لە یەکەمین تیۆرەکان چەمکی زات و وجود (فیوزیس) بوو کە سروشتی ژیان و زات و سروشتی دەگرتەوە. تیۆری دووەم «لۆگۆس» یان هەمان درك و مانا بوو. مانایەك کە لە کردەی «لێگین» هاو واتای «گوشین» و دواتر بە مانای «بیرکردنەوە»، «رامان»، «خوێندنەوە»، «قسەکردن» بەکارهێنا، (لە فەلسەفەی یۆنان، لۆگۆس دەسەڵاتی خواییە بۆ بەخشینی یەکپارچەیی، مانا و یەکڕیزی بە کائینات بوو). سەریەکخستنی دوو وشەی فیۆزیس-لۆگۆس بە پێی ئەندێشەکانی هایدگەر، هاورێ لەگەڵ دیاریکردنی هەستی، لەچوارچێوەگەلی ناسکتردا جێگیری دەکات. ئەم چوارچێوانە لە ئامۆژە

فەلسەفییەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە ئایدیاکان دیسانەوە ناسکتر دەبێتەوە. پاشان، شێوازی رامانی ئەوروپی، تەنیا دەرهەستبوون و دووری لە هەستی بە ناوکۆی عەقڵگەرایی روو لە زیادبوون، قووڵتر دەکاتەوە تا ئەو ئاستەی هەر چەشنە ئەندێشەیەك  لە مەڕ هەستی لەبیردەکرێت. ئەم لەبیرکردنە سەرەتای سەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەم بەرەو نێهیلیزم کشا. زاراوەی گشتی کە وەسفی رەوتی روو لەزیادبوونی زاڵێتی و لەپێشبوونی تەکنەلۆژیا دەکات لە فەلسەفەی هایدگەردا، «گشتڵ»ی ناوە کە بە مانای «سەقامگیری» دێت، واتا جێگیربوون و سەقامگرتنی هەرچی زیاتری مۆدێلەکانی بیانی و نێهیلیستی.

بەڵام بە بڕوای هایدگەر، گشتڵ دیاردەیەکی رێکەوتی نییە. ئەم ئایدیا بەو مانایە کە لایەنی دیکەی هەستی، هیچ نییە جگە لە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەکەی. دەبێت لە «دازایـن»دا دوو وشەی «هەستی» (بوون) و «پووچی» هاوشێوە لە تەنیشت یەکدییەوە بوونیان ببێت، بەڵام گەر مرۆڤ وەك بابەتێکی «گشتی» و «هەموویی»، واتا تەنیا وەك ئەو شتەی کە هەیە، لە هەستی بڕوانێت(ئایدیای فیۆزیس) ئەو چیدی ئاوڕ لە «پووچی» و «بۆشایی» ناداتەوە کە بیرهێنەرەوەی خۆیەتی و لە رێگەی گشتڵەوە فەلسەفە بەرەو نێهیلزم پاڵدەنێت. بەم چەشنە، نێهیلیزمی هاوچەرخ تەنیا شەڕ نییە، بەڵکو پەیامهێنەری هەستییە کە گەڕاوەتەوە بۆ دازاین، بەڵام شێوازێکی ئاڵۆزی هەڵبژاردووە. بەم بۆنەیەوە، ئەرکی شۆڕشگێڕانی موحافیزکار، نەك هەر سەرکەوتن بەسەر پووچگەرایی و نێهیلیزمی مۆدێرنە، بەڵکو کردنەوەی گرێی مێژووی فەلسەفە و دۆزینەوەی کۆدی پەیامێکە کە گشتڵ لە خۆیدا هەڵیگرتووە. نێهیلیزمی مۆدێرن لەم جۆرەیدا، نەك هەر شەڕ (بۆ نموونە بۆ نەریتخوازان)، بەڵکو هۆکارێکە ئاماژە بە قووڵایی بونیادی هەستی و دژیەکییەکانی ناوەوەی دەدات.

### کۆتایی ناخۆشی نمایش

شۆڕشگێڕانی موحافیزکار، هەر بەو ڕادەی ڕابوردوو دێننەوە پێش چاوی خۆیان، لە نەفرەت کات و ساتی هەنوکەییش دەکـەن. ئـەوان بەم شێوە ڕوانگەکانی خۆیان دەردەبڕن کە کاتی هەنوکەیی نەفرەتییە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بین تێپەڕێت و دەبێت بگەیەنرێتە کۆتایی. پۆست مۆدێرنی لیبڕاڵ ئایدیای کۆتایی بێکۆت ئاراستە دەکات. تیۆری «کۆتایی مێژوو»ی فۆکۆیاما تەنیا بە مانای دیار نەمان و بزربوون نییە و دوای مێژووی هاوچەرخ، دانوستانی ئابوری ئەنجام دەدرێت، بازاڕەکان کاردەکەن، ئوتێلەکان و سەرجەم ناوەندەکان مشتەریی خۆیان دەبێت، بۆرسەکان دەستبەکاردەبنەوە، دراوەکان مامەڵەیان پێوەدەکرێت، شاشەکانی کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن هەڵدەکرێنەوە. بە گشتی، دەکرێت بوترێت، مێژوویەك بوونی نابێت، بەڵام بازاڕ و تیڤی هەردەبێت.

بۆ شۆڕشگێڕانی موحافیزکار هەموو شت جۆرێکی دیکەیە. ئەوان لە «کۆتایی مێژوو»دا، پشت بە بەدیهاتن و سەرهەڵدانی ئەو ڕووەی دیکەی دازاین، لە فەزای ڕەشی «ئەو بەر»، دەبەستن و ئەوەی کە یاریی پۆست مۆدێرن بشێوێنێت. نمایش («کۆمەڵگەی نمایش» بەرهەمی گەی ئێرنست دوبوور) بە شێوەیەکی ناخۆش ونادڵخواز بۆ بینەران و هونەرمەندەکان کۆتاییی دێت. کاتی خۆی، بەرەیەك لە بان واقیعگەراکان یان سووریالیستەکان بۆ نموونە ئارسەر کراوان، ژاك ریگۆ، ژولیۆن تورما و ژاك ڤاشە، بە پێی ئەمجۆرە لۆژیکە کاریان دەکرد. ئەوان بانگەشەیان بۆ خۆکوژی دەکرد، بەڵام ڕەخنەگرەکان تیۆریەکانی ئەوانیان بە زۆربڵێیی و بێ ناوەڕۆك بوون پێناسە دەکرد لە چرکەساتێکدا، ئەوان لە بەرچاوی هەمووان خۆکوژییان کرد، بەمشێوەیە دەیانویست بیسەلمێنن هونەر و سوریالیزم هێندە بەلایانەوە ئایدیایەکی جدیی بوو کە گیانی خۆیان لە پێناویدا فیدا کرد. لێرەدا دەتوانین کریلۆف، لە کەسایەتییەکانی بەرهەمی

دۆستۆیڤسکی، بێنینەوە یاد کە خۆکوشتن بە لایەوە نیشانەی ئازادیی تەواوبوو کە دوای «مەرگی خودا» کەوتەڕوو.

لە روسیا زنجیرەیەك رووداوی تۆقێنەر، بۆ نموونە «نۆرد-ئێڤێست» (رووداوێـکـی تیرۆریستی) روویـانـدا. ساشا تسکالۆ شانۆییەکی کۆمێدی رێکخست کە دانیشتوانی کونجکۆڵی روسیا بۆ بینینی دێنە سالۆنی نمایشەکە. لە ناکاو تیرۆریستەکانی چیچان دێنە سەر شانۆکە. خەڵکەکە سەرەتا وا دەزانن ئەمانە بەشێکن لە نمایشەکە، بەڵام دواتر تێدەگەن هەموو شتێکی سەر شانۆکە نائاساییە و دوای ئەوە تراژیدیای تۆقێنەر و واقیعی دەست پێدەکات. شۆڕشگێڕانی موحافیزکار کەم تا زۆر وێنەیەکی وەها لە بەرچاوی خۆیاندا وێنا دەکەن کە دەڵێن: لێگەڕێن با کۆمیدیای پۆست مۆدێرن لە کۆتایی خۆی بەردەوام بێت، لێگەڕێن با پارادایمە (مۆدێلە فیکرییەکان)، تایبەت و دیاریکراوەکان بسڕێتەوە، لێگەڕێن با «پووچی» سەرپاکی چەمکی دنیایی لە خۆیدا بتوێنێتەوە، ئەو کاتەیە کە دەرگا نهێنییەکان دەکرێنەوە و غەریزەی کۆنیی و تاهەتایی ئەنتۆلۆژی دێنە سەر شانۆ و بەشێوەیەکی ترسناك کۆتایی بە «یاری»ییەکە دێنن.

## موحافیزکاریی چەپ (سۆسیال-کۆنزەرڤاتیزم)

لایەنگرییەکی دیکە کە وەك دەوترێت موحافیزکاریی چەپ، یاخود موحافیزکاریی سۆسیالی ناودەبەن، بوونی هەیە. جۆرج سۆرێڵ، نوێنەری موحافیزکاریی سۆسیالە (بڕاوانە بەرهەمەکەی بە ناوی «هەندێك رامان سەبارەت بە توندوتیژی» ) کە پێڕەوی لە روانگەکانی چەپ دەکرد، لە چرکەساتیکی دیاریکراودا، تێگەیشت کە چەپەکان و راستەکان، (سەڵتەنەتگەراکان و کۆمۆنیستەکان) لەگەڵ دوژمنێکی هاوبەشی، بـۆرژوازی رووبـەڕوون.

موحافیزكاریی چەپ لە ناسیۆنال-بەڵشەفیزمی روسیی ئۆستریالۆف نزیكە، كە ئەفسانە نەتەوەییەكانی روسیای لە ئایدۆلۆژیای چەپی ماركسیستیدا دۆزییەوە. لە ئایدیاكانی ناسیۆنال- سۆسیالیزمی چەپی شتراوس و ناسیۆنال-بەڵشەفیزمی نیكیشی ئەڵمانیدا ئەم بابەتە روون و ئاشكراتر لێكدراوەتەوە. ئەم موحافیزكارییەی چەپ دەكرێت ببەسترێتەوە بە خێزانی شۆڕشی موحافیز-كارەوە یان دەكرێت لە لایەنێكی جیاوازدا پۆلێن بكرێت. خاڵی سەرنجڕاكێش ئەوەیە كە حزبی»یدینایا راسیا» («روسیای یەكگرتوو») سۆسیال-موحافیزكاریی وەك بەشێك لە ئایدۆلۆژیای خۆی پەسەند كردووە. ئاندرێ عیسییۆف، ئەم لایەنە تەواو و كامڵ دەكات. پلیگینی لیبڕال -موحافیزكار، لە جەمسەری دژ بە حزبی «یدینایا راسیا» دا جێگیر بووە.

### دیاردەی ئۆراسیا وەك بونیادێكی مەعریفیی

دەكرێت دیـاردەی ئۆراسیا، هەم وەك فەلسەفەیەكی سیاسی و هەم وەك بونیادێكی مەعریفیی بناسین. ئەم ئایدیایە دەكەوێتە ریزی ئایدۆلۆژیا موحافیزكارەكانەوە و هەم لە تایبەتمەندیی موحافیزكاریی بنەمایی (نەریتخوازی) و هەم شۆڕش-موحافیزكاریی (بۆ نموونە سوسیاڵ-موحافیزكاریی دیاردەی ئۆراسیاییە چەپەكان) بەهرەمەندە. تەنیا شتێك كە لە موحافیزكاریی دیاردەی ئۆراسیاییدا لە پەسەندكردن نایەت، لیبڕال -موحافیزكارییە. دیاردەی ئۆراسیا بە دەرككردنی بانگەشەی «لۆگۆس»ی رۆژئاوایی بریتییە لە گشتێتیبوونی خۆی، لە پەسەند كردنی ناچاریی ئەم گشتێتییە سەرپێچی دەكات. تایبەتمەندی دیاردەی ئۆراسیاییش لەم خاڵەدایە. دیاردەی ئۆراسیا كولتوری رۆژئاوایی وەك كولتورێكی ناوچەیی و دیاردەیەكی كاتی دەبینێت و جەخت لە فرەچەشنی

و فرە ڕەنگیی کولتور و ژیارەکان دەکاتەوە کە لە چرکەساتە جیاجیاکانی ئەم قۆناغەدا پێکەوە ژیانیان بە سەر بردووە. مۆدێرنە لای دیاردەی ئۆراسیا تەنیا تایبەت بە ڕۆژئاوایە و دەبێت کولتورەکانی دیکە ئەم بانگەوازی گشتگیربوونی و یۆنیڤێرسالّییەی ژیاری ڕۆژئاوایی بشێوێنن و کۆمەڵگەی خۆیان لەسەر بەهاگەلی ناوخۆیی بینا بکەن. هیچ چەشنە پێشڤەچوونێکی یەکەی مێژوویی بوونی نییە، هەر نەتەوەیەك خاوەنی مۆدێلی مێژوویی خۆیەتی کە بە ریتمی جیاواز و تەنانەت بەرەو رووگەی جیاواز دەچێتە پێش. دیاردەی ئۆراسیایی لە راستیدا، پلۆرالیزمی مەعریفەناسییە. ئەو بونیادە جۆراوجۆرانە لە سەرەتای هەر یەك لە ژیارە هەبووەکاندا بینا کراون، وەك بونیادی ئۆراسیایی لە ژیاری روسیدا، بونیادی چینی لە ژیاری چینیدا، ئیسلامی کە ژیاری ئیسلامی و بونیادی هیندی لە ژیاری هیندیدا و هتد، بەرانبەر بە بونیادی یەکەی «مۆدێرن»، لەوانە زانست، سیاسەت، کولتور و مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا) جێگیر دەبن و تەنای دەبێت بە پێی پاکژکردنەوە لە بونایدەکانی ڕۆژئاوا، پڕۆژەکانی ئەنتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوری و ئابوری بینا بکرێت.

ئێمە لێرەدا شێوازێکی تایبەت لە موحافیزکاری بەدیدەکەین کە لە موحافیزکارییە هاوشێوەکان جیاوازە (جگە لە لیبڕال -موحافیزکاری) ئەم جیاوازییە لەوەدایە کە ئەڵتەرناتیڤی مۆدێرن لە رابوردوو یان لەدرێژەی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕ-موحافیزکارانەی تاك و تایبەت دەستەبەر نابێت، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکەوە دێت کە لەڕوانگەی مێژووییەوە لەگەڵ ژیاری ڕۆژئاوایی هاوڕێن، بەڵام لەڕووی جوگرافیایی و کولتورییەوە لێی جیاوازن. لێرەوە، دیاردەی ئۆراسیایی تاڕادەیەك لە ئەندێشەی نەریتخوازیی گنۆن

نزیکدەبێتەوە کە لایوابوو: «مۆدێرنە بوون» چەمکێکی «ڕۆژئاوایی»یە لەڕۆژهەڵاتدا فۆڕمەکانی کۆمەڵگەی نەریتی پارێزراوە. ئەمە ڕێکەوت نییە کە لەناو نوسەرانی روس، ن.ن. ئەلێکسییەف، پەیڕەوی ئەندێشەی ئۆراسیایی، پشت بە کتێبەکەی گنۆن بە ناوی «ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا» دەبەستێت.

### دیاردەی نیۆ ئۆراسیا

دیاردەی نیو ئۆراسیا لە کۆتاییەکانی ساڵانی 80ی سەدەی بیستەم لە روسیا بەدیهات، زیاترین و زەقترین خاڵەکانی بونیادی دیاردەی ئۆراسیایی پێشووی لە خۆدەگرت و بە هۆی چەند خاڵێك لە نەریتخوازی، جیۆپۆلەتیکی، بنەماخوازی، ئەنتۆلۆژیای بنەڕەتیی هایدگەر، کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی تەواو و کامڵی دەکرد و جگە لەمە، خزمەتێکی گـەورەی سەبارەت بە دەقـاودەق کردنی دۆخی بنچینەیی ئەندێشەی ئۆراسیایی لەگەڵ راستی و واقیعیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەم، لەسەر بنەمای گەڵاڵە و توێژینەوەی نوێی زانستی، پێشکەشکرد. هەنوکە، گۆڤاری ئۆراسیایی لە ئیتاڵیا، فەرەنسا و تورکیا چاپ دەکرێن. ئەندێشەی ئۆراسیایی بە پێی ئانالیزی فەلسەفیی تێزی گرێدراوی سەردەمی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن دامەزراوە. خۆبەدوورگرتن و لادان لە کولتوری ڕۆژئاوایی، دروستکردنی مەوداکە مومکین دەکات کە دەکرێت بە هۆیەوە سەرجەم تیۆری مۆدێرن ئانالیز و شیبکرێتەوە و وەڵامی نەرێنی بە هەموویان بدرێتەوە، یان بە دەربڕینێکی دیکە، بوترێت «نا».

سەدەی بیستەم بە شێوەی سیستماتیك مۆدێرن و ژیاری ڕۆژئاوایی دەدرانە بەر رەخنەیەکی هاوشێوە. شپینگلەر، توینبیی و بە تایبەت بنەماخوازان بە

پلەی یەکەم کلود لیڤی شتراوس، ئەم جۆرە رەخنانەیان گەڵاڵەدەکرد. تیۆری مرۆڤناسی یان ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادی لەلایەن لیڤی شتراوسەوە دارێژراوە. یەکسانیی نێوان کولتورە جۆراوجۆرەکان، لەسەرەتاییترین کولتورەکانەوە بگرە بۆ پێشکەوتووترینیان، بنەڕەتی ئەم ئەنترۆپۆلۆژیا بونیادییە پێکدێنێت کە هەرچەشنە لەپێشبوونی کولتوریی ئەوروپای رۆژئاوایی بەسەر «هۆڤترین» و یاخود «سەرەتاییترین» هۆزەکان بەرپەرچ دەداتەوە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بیر بێنینەوە کە ڕۆمان یاکوبسەن  و نیکۆلای ترۆبیتسکی ، لە پەیڕەوانی ئەندێشەی ئۆراسیایی و دامەزرێنەرانی دەنگناسی و نوێنەرانی گەورەی زماننا‌سیی بونیادی و مامۆستای لیڤی شتراوس بوون، شێوە و شێوازی ئانالیزی بونیادییان فێرکرد کە ئەو خۆیشی لە ئەزەلەوە دانی بەمەدا ناوە. بەم چەشنە، زنجیرەیەکی فیکری دەدۆزرێتەوە کە بریتییە لە زنجیرەی ئۆراسیایی-بونیادگەرایی-نیۆئۆراسیایی. مانای، دیاردەی نیۆئۆراسیا لە واقیعدا دابینکردنی دووبارەی شەپۆلێکی بەرین لە ئایدیاکان، گومان و دودڵییەکان و ئەو غەریزانەیە کە یەکەم پەیڕەوانی ئەندێشەی ئۆراسیایی دۆزیبوویانەوە و دەرئەنجامەکانی چالاکییە زانستییەکانی قوتابخانە و رێباز و نوسەرەکان (زۆربەیان بە ویست و خواستی موحافیزکارانەوە) هاتنە ناو ئەم پانتاییەوە، هاوکات بە درێژایی سەدەی بیستەم پەرەیان گرت.

# بەشی شەشەم

# موحافیزکاری وەك پڕۆژە و تیۆری زانین

## یەکانگیرنەبوون و ناسازگاریی وێناکانی رایگشتی سەبارەت بە موحافیزکاری

یەکێك لەو هەڵە باوانەی لە پەیوەندی بە چەمکی «موحافیزکاری» دەکرێت ئەوەیە، کە موحافیزکاران «کەسانێکن دەخوازن رابوردوو بپارێزن و هەموو شت بەو شێوەیەی کە هەیە، دەهێڵنەوە (و یان کار و کردەوەیان بە شێوەی رابـوردووە)»، بەڵام لەڕاستیدا، لە مانای سیاسیدا موحافیزکاری بە مانای پاراستنی رابوردوو و گەڕانەوە بۆ نەریتەکان نییە. موحافیزکاری، رووبەڕووبوونەوەیەکی فەلسەفییە کە پێناسەیەکی تایبەت لە «زەمەن» بە دەستەوە دەادت. ئەم رامانە، بڕگەیەك لە زەمەن، واتا رابوردوو وەك قۆناغی باشتر دەستنیشان ناکات، بەڵکو وێنای تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بە زەمەن و کات کە هێند باو نییە و پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر هەیە.

## فەلسەفەی مێژوو، زانستی لێکدانەوەی هاوکاتی مێژوویی

هەمیشە لە کولتوری «مودێرن»دا وا راهاتووین تاوەکوو تێڕوانینمان بۆ مێژوو، گرنگیدان بە گۆڕانکارییەکانی زمان بێت لە قۆناغە جیاجیاکاندا کە بۆ ئێمە بە بابەتێکی ئاسایی و دیاریکراو دێتە ئەژمار. ئەم تێڕوانینە لە سێ قۆناغی زەمەنی ورد و نەگۆڕ، رابوردوو، ئێستا و داهاتوو، پێکهاتووە. لە بیرتان بێت کە «رابوردوو» ئەو شتەیە «رۆیشتووە» یان تێپەڕیوە و رابوردووە و «ئێستا» ئەو شتەیە کە «بوونی هەیە» و «داهاتوو»ش ئەو شتەیە کە «دێتە پێش». ریشەی ئەم سێ وشە زەمەنییە، واتا رابوردوو، ئێستا و داهاتوو، پەیوەندیی

بە مانای بوون و ژیانەوە نییە، ئەمانە پەیوەندییان بە مانای «جوڵە» (و یاخود چرکەکانی)ییەوە هەیە. تایبەتمەندیی «مێژووگەرایی» و فەلسەفەی میژوو، رێك لەم وشانەدایە. ئەم مۆدێلە درکی جیهانە لە رێگەی «جوڵە»وە. ئەم مۆدێلە لە کولتوری رۆژئاوا و لە سەردەمی نوێدا هاورێ لەگەڵ تیۆری پێشکەوتن جەختی لێکرایەوە. ئەمجۆرە «زەمەن»ە یەکلایەنە هەڵگری ئەندێشەی پێشکەوتنە کە مانای وشە بە وشەی دەکاتە «جوڵەی روو لە پێش».

بەکارهێنانی پەرگیر و فرەلایەنی ئەم تیۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی کە موحافیزکاران کاتی پێناسەی هەڵوێستە فەلسەفی و سیاسییەکان وەك فاکتەرێکی یاسایی بگەرێنەوە بۆ رابوردوو. بەم چەشنە، کەسی موحافیزکار گوایە لەگەڵ «هێڵی زەمەن»دا رێکدەکەوێت و خودی حەقیقەتی پێشکەوتن پەسەند دەکات، بەڵام لەبارەی ناوەرۆکەکەی، کۆبەندی نەرێنی و ئەڵتەرناتیڤێك ئاراستە دەکات. لێرەوە، تاکی موحافیزکار، لەراستیدا، دەبێتە کەسێکی دواکەوتنخواز، واتا بەم کارەی بۆ دواوە دەگەرێتەوە، بەڵام لەراستیدا وا نییە، چونکە تاکی ماحافیزکار، رابوردوو، ئەوەی لە رابوردوودا روویداوە و ماوەتەوە و بە تایبەت درکی مۆدێرنیستەکان لە «رابوردوو» بە هەند وەرناگرێت.

## موحافیزکار و رەوتی بەردەوام

لەراستیدا موحافیزکاران لەجیاتی کاتبەندیی مێژوویی واتا رابوردوو، ئێستا و داهاتوو، سوود لە مۆدێلێکی دیکە وەردەگرن. هەڵوێستی تاکی موحافیزکار بەرگری لە رابوردوو نییە، بەڵکو هەوڵدەدات پەیرەوی لە رەوتێکی بەردەوام، پایەدار و هەمیشەیی بکات. ئالێن دو بنوای فەیلەسوف، وێرای پێناسەکردنی موحافیزکاری، زۆر دروست و بەجێ لایوایە «ریشەی ئەو شتە نییە کە سەردەمێك بوونی بووە، بەڵکو ئەو شتەیە کە هەمیشە گەشە دەکات» زایەنەیە. هەر کە ئەم خاڵە پەسەند بکەین، کە تاکی موحافیزکار نەك لەبەر

رابوردوو، بەڵكو ئەو شتەی کە بمێنن و هەمیشەییە، هەوڵدەدات و لەپێناوی کۆمەڵگەی پتەو و سەقامگیر، مرۆڤ، رۆح و گیان، خەبات دەکات، دەتوانین بە شێوەی بنەڕەتی لەڕوانگەی کەسی موحافیزکار سەبارەت بە هەر سێ مۆدێلی زەمەن، رابوردوو، ئێستا و داهاتوو، تێبگەین. رابوردوو، نەك هەروا لە خۆوە، بەڵکو تەنیا لەبەرئەوەی کە شتێکمان تێیدا هەیە و بەردەوامیش بوونی هەیە، بەنرخ و بە بەهایە. ئێستا و داهاتووش بەمجۆرە بەنرخن.

لە مێژووی روسیادا، کۆمەڵێك قۆناغ و سەردەمی جۆراوجۆر لەڕووی ناوەڕۆك و نیشانە و هێماکانەوە بوونی هەیە کە هەموویان لە رابوردوودان. سەرکەوتنی مەغولەکان، داڕووخانی چاکسازییەکانی پتری مەزن، شۆڕشی فێڤریڤەری و بەهاری سیاسیی خرۆشۆف، سەردەمی ژیانەوە و نۆژەنکردنەوە، یەڵسینیزم و گەلێك بابەتی دیکە تایبەتن بە رابوردوو، کە بۆ تاکی موحافیزکاری روس، بە هیچ شێوەیەك قبوڵ ناکرێت و بە بابەتێکی نائاسایی دادەنرێت. کاتێك کە موحافیزکار، لاپەڕەکانی مێژووی روس هەڵدەداتەوە، لەم کتێبەدا هەم لاپەڕەی زێڕین و هەم لاپەڕەی نەفرەت لێکراو و ناحەز دەبینێت. تەنیا خاڵی هاوبەشیان ئەمەیە، کە ئەم لاپەڕانە بە «خوێن» نووسراون.

### بوونی بەر لە زەمەن

کەسی موحافیزکار هەوڵدەدات لەم بابەتە تێبگات کە لەڕەوتی مێژوویی هەر نەتەوەیکدا، لێرەدا بۆ نموونە نەتەوەی روس، چ شتێك بمێنن و بەردەوام بووە و چ شتێکی لە کاتی ئێستادا بوونی هەیە و لە داهاتوودا چ شتێك بوونی دەبێت، بەڵام گرنگترین ئایدیای موحافیزکاری ئەوەیە، کە بیر لە رابوردوو ناکاتەوە، بەڵکو بیر لەوە دەکاتەوە کە بووە، نەك لە «ئێستا» بەڵکو لەوەی کە ئێستا بوونی هەیە، نەك لەو شتەی کە لە داهاتوودا بوونی دەبێت، بەڵکو لەو شتەی لە داهاتوودا کردەوەیی دەبێت، واتا بیر لەو شتە دەکاتەوە، کە دەبێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا مۆدێلی فەلسەفیی هایدگەر بێنینەوە پێش چاوی خۆمان کە بابەتی «هەستی» لە ناوەند و چەقیدایە. گەر لای پشتیوانانی پێشکەوتن و پێڕەوکەرانی فەلسەفەی مێژوو، «هەستی» کردەوەی سەرهەڵدان و پەرەگرتن (مێژوو، زەمەن)ە، لای کەسی موحافیزکار (کە هایدگەریش یەك لەو موحافیزکارە دەمارگرژانە و زیاتر لەویش، شۆڕشگێڕێکی موحافیزکار بوو) زەمەن (مێژوو، درێژەی کات و زەمەن) دەبێتە کردەوەی  دروستبوو بە هۆی «بوون»یەوە. «بوون» لە شوێنگەی یەکەمین و «زەمەن» لە پێگەی دووەمدایە. ئەم بابەتە گەلێك خاڵی لە خۆیدا هەڵگرتووە رەمز و رازی موحافیزکاریی تێدا شاراوەیە. ئەوەی هی «بوون»یە، لە زەمەن لەپێشترە و گرێدراوی زەمەن نییە. هەر بۆیە ئەوەی بەڕاستی بوونی بووە، بە حەتمی ئێستا و بەیانیش بوونی دەبێت. هەروەها، ئەوەی کە بەیانی دەبێت، دوێنێکەش هەبووە و ئەمڕۆش هەیە، چونکە زمەن کاریگەری لەسەر «بوون» دانانێت. بە پێچەوانەوە، «بوون» بەسەر زەمەندا زاڵە و دیاریکەری بونیاد، تێپەڕین و ناوەڕۆکیەتی. بێگومان ئەم بابەتە، بوونی هەڵوێستی موحافیزکارانە سەبارەت بە رابوردوو، ئێستا و داهاتوو مومکین دەکات. ئەم خاڵانە، بنەڕەتی بوونی پڕۆژەی موحافیزکارانە پێکدێنن.

## پڕۆژەی موحافیزکارانە و مێتافیزیکی موحافیزکاری

پڕۆژەی موحافیزکارانە، هەست و بەرکەوتنی خاڵی چەقبەستنی «بوون» لە داهاتوو، رووگەی وزەیی کۆمەڵایەتی، کولتوری و سیاسی بەرەو ئەم خاڵەیە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ تاکی موحافیزکار ئەم خاڵە مەرجدار و یاخود دروستکراوی خەیاڵ نییە. ئەم خاڵە بۆ ئەو لە زەمەنی هەنووکە و شوێنی ئامادە، بە تەواوی واقیعییە. موحافیزکار لەگەڵ ئەگەرەکان یاری ناکات. ئەو دەزانێت چی دەکات و چی دەبێت. مانای پڕۆژەی موحافیزکارانە لەوەدایە، کە ئەم

مانا بە «بوون» خۆی دابیندەکرێت، بە فەلسەفە (فەلسەفەی موحافیزکارانە) کە «بوون» دەخاتە سەرووتر لە زەمەن. موحافیزکار نەك هەر چاوەڕوانی داهاتووە، بەڵکو دروستیشی دەکات، بەڕێوەی دەبات، بە پێی گرنگیدانی لە رادەبەدەری بە «بوون» ژیانی پێدەبەخشێت.

ئەم گرنگیدانە زۆرە بە «بوون» دەتوانی بە شێوەی عەشق بە رابوردوو، داهاتوو دەربکەوێت. لەم بارەوە «رابوردوو» وەك بابەتێکی پێویست دركدەكرێت نەك تەنیا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە واقیع، بەڵکو بەشێك لە ناوەڕۆکی بابەتەکەیە، کە دەیکاتە ئەوەی کە هەیە. کەسی موحافیزکار لە ڕابوردوودا «هەتاهەتاییبوون» دەبینێت و تەنیا بەم بۆنەیەشەوە «رابوردوو» بۆ ئەو دەبێتە یاسا و سیمبولی ئێستا و داهاتوو. ئەوە «رابوردووی تاهەتایی»یە کە لە کاتی ئێستا و لە شوێنی ئامادەدا روودەدات. «رابوردوو› لەڕوانگەی «مۆدێرنیست»ەوە خۆی دەشارێتەوە (هیراکلیس سەردەمێك وتی: «سرووشت حەزی لێیە خۆی حەشاربدات»)، بەڵام خۆی لە کەسێك ئاشکرا دەکات کە گوێ لە دەنگی ئارامی «هەستی» دەگرێت، بەڵام کەسێك دەتوانێت موحافیزکار بێت کە بەرانبەر بە رابوردوو بە تەواوی بێلایەن و خەمساردە، بەڵام هەوڵدەدات «هەستی» لە ئەزموونی راستەوخۆ و پێویستی ئەگزیستانسیالیستی، زۆربەی جار لە رێگەی دروستکردنی ترس و کەشی تۆقان و کردەوەی تایبەتیی مێتافیزیکی، گیرۆدەبکات. گەر «بوون» خۆی لە «ئێستا»دا دەربخات، لە رابوردووشەوە تێدەپەڕێت، چونکە «رابوردوو» کە بە بێ ئەو، ئامانجی سەرەتایی نەیاندەتوانی بوونیان ببێت، وەك «رابوردوو-پێشوویی» دەردەکەوێت، کە بە مانای «پێویست بوون»ە. ئەنجام، کەسی موحافیزکار دەتوانێت لەسەر «داهاتوو» وەك بابەتی لەپێش، ئەویش پەیوەست بە گەڵاڵە و نەخشەی خۆی، چڕبووبێتەوە. لەم حاڵەتەشدا، تاکی موحافیزکار لەڕوانگەکانی خۆی پاشەکشێ ناکات. بە هەوڵدان بۆ بە کردەوەیی کردنی «داهاتوو» لە ئایندەدا،

گەر پڕۆژەکە سەرکەوتن بەدەست بێنێت، گەڵاڵەی «بوون» بە شێوەی دەرەکی، واتا بەدەر لە زەمەن، دادەڕێژێت، مانای شوناسی «ئێستا» ئاشکرا دەکات و کلیلی دۆزینەوەی کۆدی بووناسانەی «رابوردوو» دەستدەخات. بەم چەشنە، پڕۆژەی موحافیزکارانە دەتوانێ بۆ موحافیزکاری بە پلەی یەکەم یان دووەم گرنگی هەبێت، هەرچۆنێك بێت، بەڕێوەبردنی ئەم پڕۆژە هەمیشە مومکین و تەنانەت ناچارییە، چونکە رووبەڕووبوونەوەی تەواوی موحافیزکارانە هەڵگری هەڵسەنگاندنی بووناسانەی داهاتوو، بە دەربڕینێك سیمای «ئایندە»یە.

### داهاتوو، ئایندە لە ئەنجامناسیی مەسیحییەتدا

موحافیزکاران زۆربەی جاران (و نەك هەمیشە) کەسانێکی ئایینین. ئەمەش لۆژیکییە، چونکە ئەوان هۆکارێکیان بۆ بێبڕوایی بە ئایین نییە کە فێری تاهەتاییبوونیان دەکات. لەبەرئەوەی کە تاهەتاییبوون بە موحافیزکاران لە پلەی یەکەمی گرنگیدایە. ئارسەر مولەر ڤان دەن بروك، فەیلەسووفی ئەڵمانی، لەم بارەیەوە وتویەتی: «تاهەتاییبوون لایەنگری تاکی موحافیزکارە». «موحافیزکاریی روسی» بە شێوەی سرووشتی لە سەر ئەرتەدۆکس دامەزراوە. ئەو بەشە لە ئامۆژەکانی مەسیحی کە «داهاتوو» وەسف دەکات (آخرالزمان)، بە ناوی «ئەنجامناسی»ییەوە ناونراوە. لە ئامۆژەکانی مەسیحییەتدا بە شێوەی هاوکات هەم «ئەنجامناسی»ی رەشبینانە و هەم گەشبینانە بوونی هەیە. پەیڕەوانی ئەرتەدۆکس دەزانن کە لە داهاتوودا قۆناغی دەژە مەسیحییەت دەستپێدەکات، هاوکات دەشزانن کە مەسیحییەت سەرکەوتن مسۆگەر دەکات.

ئەم دوالیزمە بۆ بونیادی پڕۆژەی ماحافیزکارانە پێویست و زەرووره. ئەم پڕۆژەیە دەکرێت دوالیزمی، دراماتیك و هاوکات رەشبینانە و گەشبینانە بێت. پڕۆژەی موحافیزکارانە رەنج و زەحمەت، ترس و تۆقان، دڵەڕاوکێ، بەڵا و کارەسات لە بەردەمی خۆیدا دەبینێت و هاوکات، چاوی لە سەرکەوتن و دۆزینەوەی تاهەتاییبوونی جیهانی و توانەوەی مەرگیشە. ئەرکی تاکی موحافیزکار کە پێ

لەسەر تاهەتاییبوون و ئەبەدییەت دادەگرێت، ئەوەیە کە ئەوەی لە کاتی پاش ئێستادا روودەدات، دەبێت بە سودی داهاتوو بیگۆڕێت، یاخود بە مەبەستی لایەنگری لە داهاتوو دژ بەو شتەی کە دواتر دێت، خەبات بکات. قۆناغی دژە مەسیحییەت دێتە بەر کار، بەڵام کاتێك کە باس لە (آخر الزمن) دەکەین، لەڕاستیدا کاتێکە کە تیایدا بە سەر دەبەین. خاڵی دەستپێکی ئاخیر زەمەن لە دینی مەسیحییەتدا هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی موعجیزەی عیسای مەسیح و بە مردن لە هەستانەوەی ئەودا، ئاخیر زەمەن دەستپێدەکات. سەرهەڵدانی مەسیح بان کات و بان شوێنە. لەم بارەیەوە مەسیحییەکان، لە هەر رێبازێکی فیکرییەوە، باوەڕیان بە تیۆری (سەرهەڵدانی بەشکۆی مەسیح)هەیە. یەك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مەوعوودگەرایی مەسیحییەت ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان بە نیشانەکانی سەرهەڵدانە. ئەم نیشانانە نزیکبوونەوە لە کاتی دەرکەوتنمان نیشاندەدەن. نیشانەی وەك لافاوی قایم و تێکدەر، زەوی هەژانی کارەساتبار، قەتڵ، کوشت و بڕ، جەنگی جیهانگیر و هتد، هەموو ئەمانە نیشانەن بۆ نزیکبوونەوە لە ئاخیر زەمەن و دەرکەوتنی مەسیح.

## پڕۆژەی موحافیزکارانە بەرانبەر تەکنەلۆژیا

دروستکردنی پڕۆژەی موحافیزکارانە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی روسیدا بە هێچ شێوەیەك و لەهیچ هەلومەرجێکدا نابێت تێکەڵ بە تەکەنەلۆژیاکان، بەستەبەندیی لێزانانە و ریکلام بێت. نابێت پـڕۆژەی موحافیزکارانە هیچ کەس تووشی وەسوەسە بکات، پەلکێشی بکات و یاخود سەری بسوڕمێنێت. ئەم پڕۆژەیە دەبێت واقیع ئاشکرا بکات. ئەم پڕۆژەیە دەتوانێت ببێتە هۆی ترس، چونکە هەموو شت هەر بەوجۆرەی کە لەڕاستیدا هەیە، ناودەنێت و بارودۆخیش هەر بەو شێوەیەی کە وایە، نیشاندەدات و دادپەروەرانە وەسفی دەکات. هەر کە موحافیزکارەکان بتوانن ئەم بابەتە راڤە و شیبکەنەوە کە بەرگری لە هەر شتێکی هەمیشەیی و بەردەوام دەکەن و نەك لە «رابوردوو»،

لەو کاتە بەدواوە، گەڵاڵە دارشتنی جدیی پرۆژەی موحافیزکارانە دەستپێدەکات. تێکرای پرۆژە موحافیزکارانەکان لە روسیا، سەرباری هەموو شایستەییەکان، لەرووی فەلسەفی و مێتۆدۆلۆژییەوە لاواز و راگوزارین. ئەم پرۆژانە هەڵگری خودی بابەتەکە نییە و نەفەسی تاهەتاییبوونیان تێدا بەدیناکرێت. لە چەندین خاڵی کاتی و ناسەقامگیر پێکهاتوون، کە دەبێت دژیان بوەستین. موحافیزکاریی تەکنەلۆژی، کۆپییەکی دیار و پەتییە. ئەوەی کە کاربەدەستانی حکومەتی، بە کردەوە بە پێی ئەندێشەی موحافیزکاری، خێراییەکی ئەوتۆ ناخەنەگەر، بەتایبەت بەمشێوە لێکدەدرێتەوە کە موحافیزکارانی هاوچەرخی روسیا، بە لاساییکردنەوەی میتۆدی لیبرال، هەوڵدەدەن ئەندێشە موحافیزکارانەکان لە بەستەبەندیی مارکێتینگدا پێشکەش بکەن، کە بەرانبەر بە بناغە و بنەرەتی موحافیزکاریدا وەك بابەتێکی ناحەز و بێز هەستێن خۆ دەنوێنێت.

دەسەڵاتێك کە باوەری بە هیچ شتێك و هیچ کەسێك نییە (هەندێکجار تەنانەت ئەو هەستە دەورووژێنێت، کە تەنانەت باوەری بە دەسەڵاتی خۆیشی نییە)، لە وەها تێروانینێکدا، هەست بە بەرژەوەندییە ئاساییە سیاسی یان تەنانەت ئەتنی و خێڵەکییەکان دەکات، کە لە هەوڵی کاریگەری دانان و تەنانەت بەدەر لە گۆرەپانی کردەوەیە. بەم بۆنەیەوە، دەستبەجێ ئەمجۆرە پرۆژانە رەتدەکاتەوە. ئەم خاڵە، کە دەسەڵاتی حکومی، بە هۆی کەمی داهێنان رەخنە لە دارێژەرانی پرۆژە دەگرێت، ئیدی گرنگ نییە. بە پێی ئەم پێوەرە، موحافیزکاری هەمیشە بەرانبەر بە لیبرالیزم پاشەکشێ دەکات. چونکە ئەم پێوەرە، خۆی لە خۆیدا پێوەرێکی لیبراڵە. موحافیزکاری دەتوانێت و دەبێت لە کەرەستەی دیکە بۆ نمایشکردنی واقیعی بەرز و باڵا و حاشاهەڵنەگری «تاهەتاییبوون» کەڵك وەربگرێت و پێداگرانە و بنەبرانە بە بەکارهێنانی هەر کەرەستەیەکی مومکین و بە هەر شێوەیەك کە دەکرێت، ئەم بابەتە بسەلمێنێت. «تا هەتایی بوون» بەهەر نرخێک بێت.

## مەعریفەی موحافیزکارانە

ناتوانی لە فۆرمۆلیزەکردنی پرۆژەی موحافیزکارانە لە روسیای هاوچەرخ بابەتێکی رێکەوتی نییە. ئێمە لەگەڵ کەمیی مەعریفەناسی (ئیپستمۆلۆژیا)ی بنەماخواز رووبەڕووین کە پەیوەندیی بە دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی سۆڤێت و دوا بەدوای ئەویش شەپۆلەکانی لیبراڵ لە دەستور و نەزمی کۆمەڵایەتی و مرۆییەوە هەیە. کۆمۆنیزم و لیبراڵیزم هزری خۆیان لەسەر لە پێشبوونی زەمەن لە «بوون» دادەمەزرێنن. کۆمۆنیستەکان خاوەنی روانگەیەکی دیکەی هاوشێوەی ئەنتۆلۆژیا (بوونناسی)ی ئایندەن. لەو رووەوە کە لیبراڵیزم پراگماتیك، دیاردەگەرا و زیاتر «ئەکلکتلێزم»ە، «بوون دەخاتە دەرەوەی کەوانەکەوە و دڵی بە کەیسی چرکەیی و خێرا خۆش دەکات، بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا، ماتریکسی زانستی لە سەر رەتکردنەوەی راشکاوانە و روونی «تاهەتایی» بیناکراوە. ئەم بابەتە ناتوانێت لەسەر بونیادی زانستە مرۆییەکان، بە تایبەت پەروەردە و بارهێنان بێکاریگەر بێت. بەمشێوەیە، کەمی ئیپستمۆلۆژی دەبێتە خاوەنی بونیاد. ئەم بابەتە هەر بەمە ئاستەنگ نابێتەوە، چونکە ئێمە لەگەڵ کەمی رۆشنبیرانی موحافیزکار، یاخود توێژینەوەی بەراوردکارانە رووبەڕووین. ئێمە رووبەڕووی کەمیی ئیپیستم بووینەتەوە.

بۆ گەڵاڵەکردنی ئەندێشەی شیاو و تەواوی موحافیزکارانە، سیستمی سەرەتایی بۆ هاوئاهەنگ کردن، رێکخستن و جۆرێك سیستمی نوێی کۆمەڵناسی موحافیزکاران (ئایدۆلۆژی نەك مێتۆدۆلۆژی) پێویستە، کە ئەگەر و دەرفەتی ئەنجامی برێك کاری بێ‌ئەژمار لە مەڕ پێداچوونەوەی بەربڵاو بە تیۆرەکانی زانستگەلی مرۆیی و کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات. تەنیا پش ئەنجامدانی ئەمشێوە کارانە سەبارەت بە دروستکردنی «ئیپستم»ی موحافیزکارانە دەکرێت قسە لەسەر دەرکەوتنی پرۆژەی موحافیزکارانە بکەین. گەر موحافیزکاری حاڵەتی ئەنتۆلۆژی هەبێت، کەواتە پرسی هەڵخڕاندنی سیاسی لە دەسەڵاتدا

دەردەکەوێت، بەڵام کۆمەڵگەیەك کە رەوتێکی لەم چەشنەی تێدا دروست بێت، کۆمەڵگەیەکی دیکەیە. ئەوەی کە کامە حزب یان چ کەسانێك دەیخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و کۆنترۆڵی دەکەن و چۆناوچۆن هزر و راکانی بەڕێوە دەبەن، چەند بابەتێکن کە تایبەتن بە داهاتوو. ئێستاکە هێشتا شتی وا لە ئارادا نییە و پێشمەرجی ئیپستمۆلۆژیکیشی بۆ نییە. مەزندە کردن لە بارەیەوە بێمانایە، بەم چەشنە دووبارە بەرەو کلێشەکان پاشەکشێ دەکەین.

## مرۆڤدۆستی وەك چەکی موحافیزکار

پێچەوانەی هێرشەکانی رابـــوردوو بـۆ سـەر مرۆڤدۆستی، کـە بۆ موحافیزکارەکان ببوو بە بابەتێکی ئاسایی، هایدگەر لە گەڕانەوە  بۆ ئەم تەوەرە تووشی گومان و دوودڵی نەبوو. زۆر روون و دیارە کە موحافیزکاری بە پشتیوانیکردن لە «تاهەتایی» بەرگری لە تاهەتایی بوونی مرۆڤ دەکات، بەرگری لە مرۆڤ دەکات وەك بونیادێك کە خاوەنی ژیانی هەمیشەیی و نیشانەی نەگۆڕە. مرۆڤ چەمکێکی موحافیزکارانەیە. پێشتر بوونی بووە، ئێستا بوونی هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت بوونی ببێت. ئەگەری گۆڕینی مرۆڤ بۆ شتێکی دیکە لای کەسی موحافیزکار بە پلەی دووەم گرنگە. گرنگ ئەوەیە کە ئەو بێ گۆڕان بمێنێتەوە. نەمرترین تایبەتمەندیی مرۆڤ، ئاواتەکان، خەونەکان و سۆزە رۆحییە قووڵەکانە. مرۆڤ لە ئاستی وشیاریدا، دینامیکییە و لە قووڵاییدا، واتە لە ویژدانی ناخودئاگا لەوپەڕی کات و زەمەندا، دەژی. بابەتی خەون و ئاواتەکانی، گۆڕانیان بەسەردا نایەت، تەنیا قاڵبەکەیان دەگۆڕێت. فڕۆکە، شەمەندەفەر، یاخود موشەك، بنەمای نمایشی خەونەکانن سەبارەت بە فریشتە و ئەسپە جادوییەکان، کە هەمیشە بوونیان هەبووە.

دەبێت تاکی موحافیزکار وەك بوونەوەرێکی نەگۆڕ لایەنگری لە مرۆڤ بکات، تەنانەت گەر وتەزایەکی دژواز، بەڵام ریشەداری بوونی بێت. هایدگەر

له فەلسەفەکەی خۆیدا ئەم جیاوازییە بنەڕەتییە ناودەنێت دازایـن. له مەسیحییەتدا باس لە «مرۆڤێکی نوێ» دەکرێت، کە سروشت و بوونی ئەو لەگەڵ نوری جاویدان، هەستانەوە و میعراجی مەسیحدا نورانی بووە، بەڵام تاکی موحافیزکار، پێچەوانەی کۆمۆنیستەکان و لیبراڵەکان لایەنگری لە «مرۆڤی بچووك» (لە هەموو ماناکانیدا) ناکات، بەڵکو لایەنگریی لە «مرۆڤی گەورە»، واتا «مرۆڤی مەزن homo maximus» دەکات. تاکی موحافیزکار، لە هەموو شوێنێك، حەز لە هەر شتێکی گەورە و مەزن دەکات و ئەوەی لە مرۆڤی والادا کامڵ بووبێت، پەسندیدەکات. مرۆڤ لە مانای «زۆرینەی مرۆڤدۆستانەی»، وەك ناوکۆی نێوان ئاسمان و زەوی، دەست بە رامان و بیرکردنەوە دەکات. مرۆڤ هەوڵدەدات دنیای پارادۆکسیکاڵ لەناو خۆیدا وێنابکات، سەر و خوار، عەشق و مەرگ، شادی و خەم، ژیان و رۆح و گیان، ئەوەی تایبەتە بە سەر زەوی و ئەوەی خودابیە. تاکی موحافیزکار لە ژێر ناوی مرۆڤێکی وەهادا ئەم کارە ئەنجامدەدات.

## ئیمپراتۆرییەت، مرۆڤی گەورە

هەروەکچۆن لە ئەنترۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی)دا، موحافیزکاری بە ئاستی هـەرەزۆر، رووگـەی دیاریکراوە، لە کۆمەڵگە و سیاسەتیش، موحافیزکاری خوازیاری فاکتەرگەلی گەورە و مەزن، بێ شومار، بێ سنوور و رادەیە. بەم بۆنەیەوە، موحافیزکارەکان دەچنە بەرەی لایەنگرانی ئیمپراتۆرییەتەوە. لە نێوان ئیمپراتۆرییەت و «مرۆڤی مەزن homo maximus»دا هێمۆلۆژیای راستەوخۆ لە ئارادایە. ئیمپراتۆرییەت، کۆمەڵگەیەکی مەزن و ئاستی هەرە زۆر مومکین بۆ دەوڵەتە. لە ئیمپراتۆرییەتدا ئاوێتەبوونی زەوی و ئاسمان، تێکەڵکردنی کۆی حاڵەتە جیاوازەکان بۆ بابەتێکی یەکگرتوو لەگەڵ پاراستنی وردەکارییەکان و گۆڕین بۆ ماتریکسێکی گشتیی ستراتیژی، بەدیدێت. ئیمپراتۆرییەت باڵاترین

شێوازی مرۆڤایەتییە، باڵاترین شێوازی دەرکەوتنیەتی. هیچ شتێکی مرۆڤانەتر لە ئیمپراتۆرییەت بوونی نییە. ئیمپراتۆرییەت ئاسۆی مرۆڤ، ئاسۆی کۆمەڵگەیە کە تاکی موحافیزکار بۆ گەیشتن پێی، بە هەنگاوهەڵگرتن لە سەر ڕێگەی یەکڕیزی و پەیوەستبوون، هەوڵدەدات. ئیمپراتۆرییەت سەرچاوەی یەکپارچەیی ئەنتۆلۆژی و گەشەی «بوون»ە. ئەمە بەو واتایەی ئیمپراتۆرییەت هەمیشە پیرۆزە. ڕێککەوت نییە کە لە بیزانس و روسیا، هاوپەیمانییەکی قووڵ لەنێوان ئیمپراتۆرییەت و کڵێسەدا فۆڕمی وەرگرت. لێرەوە سەمفۆنیای دەسەڵات و ئەو ئاسۆی باوەڕ وئیمانە ئایینییە، کە لەگەڵ ئەندێشەی ئیمپراتۆرییەت و حکومەتی تزار لە پەیوەندیدایە، سەرهەڵدەدات. بۆ تاکی موحافیزکار، ئیمپراتۆرییەت، باڵاترین و کاملترین بەهاکان و خۆی لە خۆیدا بەهای ئەنتۆلۆژیکییە.

## سێ بەش بوونی ئیمپراتۆرییەت

پڕۆژەی موحافیزکارانە لە گشتیترین تایبەتمەندیی خۆیدا دەبێت بۆ سێ بەش دابەشکرابێت. ئەنترۆپۆلۆژیای پاوڵی پیرۆز، یەك لە دوو ئەنترۆپۆلۆژیای کلاسیکە لە نەریتی مەسیحییەتدا مـرۆڤ بۆ روح، جەستە و دەروون دابەشدەکات. ئەم دابەشکارییە بە تەواوی لەگەڵ بونیادی ئیمپراتۆرییەتی ئایدیال سازگارە. ئیمپراتۆرییەت پێکهاتووە لە دابەشکاریی فەزا، نەتەوە و ئایین. فەزا واتا زەوی، ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵ، کە دەربڕی ناوەڕۆکی جەستەیی و فیزیکی ئیمپراتۆرییەتە و هاوشێوەی جەستەیە لە مرۆڤدا. فراوانبوون و گەورەیی نیشتیمانی روس، نیشانەی رادەی «مرۆڤی مەزن homo maximus»ی روسییە. ئیمپراتۆرییەت خاوەنی جەستەیە، بەڵام جەستەی پیرۆز، لێرەوە چۆنێتیی پەیوەندی لەگەڵ سەرزەمینی دایکی، نیشتیمان و دەوڵەت دیاریدەکرێت.

نەتەوەش وەك «رۆح و دەروون»ە کە زیندوو، بزۆز و لە جوڵەدایە، هەستی خۆشەویستی و رقوقینی تێدایە، دەکەوێت و دیسان هەڵدەستێتەوە، دەگاتە ترۆپکی خۆشی و ئـازار دەچێژێت. نەتەوە، گیانی دوانەیە و هەندێکجار تەنانەت دەگۆڕێت بۆ شتێکی بێمانا و جار جارە گەنجینەی «بوون»ی خۆی دەخاتەڕوو. زیندووە، گیانی تێدایە، نەتەوە پیرۆزە، نەتەوە «گیان و دەروون»ە. ئایین لە «رۆح» دەچێت کە نیشانەی ئاسۆی لوتکەی کێوەکانە، پەیوەندی لەگەڵ «تاهەتاییبوون» و بەرکەوتنی مسۆگەر دەکات و چاوەکان بەور ئاسمان رێنمایی دەکات. ئیمپراتۆرییەت وەك مرۆڤ ،کە بە پێی ئایینی مەسیح خاوەنی جەستە، رۆح و دەروونە، فەزا، نەتەوە و ئایینی هەیە.

### بەهای جەنگ

موحافیزکاران بەدەگمەن «پاسیفیست» (ئاشتیخواز)ن. لەهەموو شوێنێکدا تاریفی ئاشتی دەکەن و هەرچی زیاتر بەرزی دەنرخێنن، خوێنێکی زیاتر دەڕێژرێت و هەر بەو رادەیەش بێگوناە تووشی رەنج و ستەم دەبن. تاکی موحافیزکار لێرەشدا نابێت خەریکی درۆکردن بێت، جەنگ لای ئەو لەپێشترە نەك ئاشتی. نیچە لە دەربڕینی ئەوەی کە «جەنگتان زیاتر لە ئاشتی خۆش بوێت و ئاشتیی کورت ماوەتان زیاتر لە ئاشتیی درێژماوە خۆش بوێت!» هیچ سڵناکاتەوە . جەنگ بە پێی بۆچوونی هێراکلیس «باوکی هەموو شتێکە». مرۆڤ بەردەوام لە شەڕدایە و بوونەوەرێکی شەڕەنگێزە. ریشەی ئەنتۆلۆژیایی مرۆڤ لەم خاڵەدایە. مرۆڤ، لەبەر حەقیقەت، عەشق، واقیع، چاکە شەڕدەکات و دەجەنگێت. هەندێکجار جەنگ ئێجگار و لە رادەبەدەر ماندوی دەکات و بێتوانا دەبێت، بەڵام هەرگیز پاشەکشێ ناکات و دیسانەوە شەڕ هەڵدەگیرسێنێتەوە. مرۆڤ هەر بەو رادەیەی زیندووە، بەو رادەیەش دەجەنگێت.

ئێمەی روس، لە تێکڕای مێژووماندا، هەمیشە سەرقاڵی جەنگ بووین، کاتێك جەنگمان نەدەکرد، گەندەڵ دەبووین. گەر لە دەوروپشتماندا دوژمنێك دەژی کە بۆ دەستگرتن بەسەر فەزا و نەتەوە و ئایینی ئێمەدا چڕنوك تیژدەکات، بۆ دەبێت دەست لە جەنگ هەڵبگرین؟ گەر جەنگیان نەکردبا، بابەتەکە بە شێوەیەکی دیکە دەبوو، بەڵام لەو حاڵەتەدا، ئەوان چیدی «مرۆڤ» نەبوون... لە هەناوی مرۆڤدا جەنگ بە گوناهی بێوەستانەوە بەردەوامە. کەوا نەبوو، بە «پاسیڤیزم» دەژمێردرا، واتا رێککەوتنی نێوان بـاوەڕ لەگەڵ تـاوان، بەم چەشنە، ناکرێت ئەمە بە ناوی رێککەوتن و سازشەوە ناوبنرێت، ئەمە سەرکەوتنی تاوانە. کڵێسەی «سەر زەوی» لە روانگەی ئەرتەدۆکسەوە «کڵێسەی رەزمخواز»› ناودەنرێت. بابەتی جەنگ لە فەلسەفەی موحافیزکارانە دەبێت بە شێوەی ئارام و دیار، بەرپرسیارانە و بێ هەر چەشنە رووبەڕووبوونەوەیەکی سادیستی گەڵاڵە بکرێت. ئێمە دەبێت خۆمان بناسین و تێبگەین، کە کەسانێکی رەزمخواز، نەتەوەیەکی شەڕەنگێز، وڵات و کڵێسایەکی جەنگخوازین.

### بونیادی سییانەی مەعریفەی موحافیزکارانە

گەر ئەم بونیادە ئاماژە پێدراوە لێکبدەینەوە، لەناو هەموو پرەنسیپە زانستییەکان، بـەرەوڕووی سێ تـەوەری سەرەکی دەبینەوە. باشترینیان، خواناسییە، چونکە دین، تەنیا ئایین و داب و نەریت نییە، بەڵکو قووڵترین سیستمی جیهانبینییە. زانستێکە سەبارەت بە «رۆح و دەروونی» مرۆڤ. دەبێت خواناسی بەشێك بێت لە پەروەردە، چونکە بوونی سەرجەم ئیپستمی موحافیزکارانە بە ناتەواو و ناکامڵ نیشاندەدات. خواناسی، زانستی «تزار»یە، زانستی زانستەکانە، نەك تەنیا یەکێك لە زانستەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی،

بەڵکو دایکی هەموو زانستەکان، ڕێگەیەك بەرەو کەماڵی خواییە. دەبێت کۆمەڵناسی-ئەتنیسیتی لە پلەی دووەمـدا بێت. تا ئەم دواییانەش، لە زانستدا کەم تا زۆر باسی نەتەوە-ئەتن نەدەکرا. سەیر نییە چونکە «چینی کۆمەڵایەتی» بۆ کۆمۆنیستەکان بابەتێکی مێژوویی بوو، لای لیبڕاڵەکانیش ئەوە تاك بوو، کە پلە و پایەیەکی تایبەتی هەبوو. لە هیچکامیاندا شوێنێك بۆ نەتەوە و هۆز نامێنێتەوە. کۆمەڵناسیی ئەتنەکان، زانستی پایە و بنچینەیی ئیمپراتۆرییەت و گەلاڵەی موحافیزکارانەیە. گەر بە شێوەی راست سەرەتا نەتەوەی خۆمان و دواتر ئەو نەتەوانەی پەیوەندییمان هەیە لەگەڵیاندا وەسفنەکەین، سوك و سانا، شایستەی قسەکردن لەسەر موحافیزکاریمان نییە. کۆمەڵناسی ئەتنی، وەسفی تایبەتمەندییە فۆرماڵەکانی ئەنتۆلۆژییا نەتەوە نییە، بەڵکو توێژینەوەی بابەتی پێکهێنەر بۆ هۆزی پێکهێنەر و تێگەیشتن لە ئەنتۆلۆژیا و «بوون»یەتی.

ئەنجام تەوەری سێیەم، کە زانستی فەزا، واتا جیۆپۆلەتیکە. لێرەدا هەموو شت روون و دیارە، چونکە جیۆپۆلەتیك زانستێکە لە پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ جێ و شوێن لێکدەداتەوە. ئەم زانستە کە لە زنجیرە پلەی سیستمگەلی تەوەرەیی ئیپستمی موحافیزکارانە دەکەوێتە ریزی کۆتاییەوە، لەڕووی بەکارهێنانەوە ئێجگار گرنگە. بەم چەشنە، خواناسی، کۆمەڵناسی ئەتنی، جیۆپۆلەتیك، بونیادی سییانەی زانست لە چەمکی موحافیزکارانەدا پێکدێنن. ئامۆژەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دەبێت لە دەوری ئەم سێ تەوەرەدا بن و لەگەڵیان سازگار و هاوئاسۆ بن. کۆمەڵناسان، یاخود کارناسانی جیۆپۆلەتیك دەتوانن بە شێوەی جیا توێژینەوە لە سەر ئابوری یان ماف و یاسا بکەن، بێگومان ئەمانە زانستگەلی گرنگن، بەڵام نەك بۆ موحافیزکارەکان. با کۆمۆنیست و لیبڕاڵەکان لە ئابوریەوە دەستپێبکەن و هەر فاکتەرێکی دیکە لە

بەرچاو نەگرن، فەلسەفەکەیان وەهایە. دەبێت موحافیزکارەکان بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن کە لە پرەنسیپە فەلسەفییەکانیان سەرچاوەی گرتووە. ئەمڕۆ هیپنۆتیزممان دەکەن و ئێمە لامانوایە ئابوری بابەتێکی پێویست و زەرووره»، بە پێچەوانەوە «خواناسی و تیۆلۆژیا» بابەتێکی مەیلی و «بژاردەیی»ە، بەڵام لەڕاستیدا، هەموو شت پێچەوانەیە. تاکی ئاگادار لە «تاهەتایی‌بوون» بە نیسبەت هەموو شتێکەوە وشیارە، بەڵام کەسی ئاگادار لە یاسامەندیی کاتیی گەڕانی پارە، کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، هیچ شتیك لە مەڕ تەنانەت ئەو شتەش کە لایوایە دەیزانێت، نازانێت. ئابوری مەشقی پلەدووی فەلسەفەیە و ڕەگی تیۆری ئابوری لە فەلسەفەدایە و نەك لە ئابوریدا. ئادام سمیت، دامەزرێنەری ئابوری سیاسیی بۆرژوازی، بە تەواوی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەندێك لە رامانە فەلسەفییەکانی مامۆستاکەی، جۆن لۆك، بە هۆی ئابوریەوە کامڵ بووە. مارکسیزم کامڵبوونی فەلسەفەی هێگڵ بە لەبەرچاوگرتنی یاسامەندیی ئابوری و فەلسەفەی تایبەتیی مێژووییە کە لە پێگەی چینە زوڵم لێکراوەکان و بە پلەی یەکەم، پرۆلیتاریاوە، قسە دەکات. سود وەرگرتن لە ئیپستمی موحافیزکارانە مەرجی پێویست بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەی تێرو تەسەلی موحافیزکارانەیە. ئەم قۆناغە دەبێت بپارێزرێت.

# پاری سێیەم
# پێکهاتەی جیۆپۆلەتیکی سەدەی 21:
# شارستانییەت و ئیمراتۆرییەت

# بەشی حەوتەم
# رۆژئاوا و شەڕخوازییەکەی

## «رۆژئاوا» بۆ ئێمە چ مانایەکی هەیە؟

دەکرێت زاراوەی رۆژئاوا بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسەبکرێت. بەم بۆنەیەوە دەبێت پێشوەخت تێگەیشتنێکی راست سەبارەت بەم زاراوە بەدەستەوە بدەین و لێکیبدەینەوە کە رەوتی گۆڕانەکانی ئەم وشەیە لە مێژوودا چۆن بووە. ئەم بابەتە لای هەر کەس زۆر روون و دیارە، کە رۆژئاوا تەنیا بە زاراوەیەکی جوگرافیایی نایەتە ئەژمار. دابەشکردنی زەوی لەڕووی جوگرافییەوە پێناسەی وردی رۆژئاوا دەستەبەر ناکات، چون ئەوەی بۆ ناوچەیەك بە رۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێت، بۆ ناوچەیەکی دیکە دەبێتە رۆژهەڵات، بەڵام کەس ئەمە وەك مانا و چەمکی وشەی رۆژئاوا وەرناگرێت. هەرچەند بە لێکدانەوەی وردتر، ئەو خاڵە گرنگە روونده‌بێتەوە کە لە تیۆرە جیاجیاکان لەمەڕ رۆژئاوا، ئەوروپا بە خاڵی سفر لە بەرچاو دەگیرێت کە لەو خاڵەوە تایبەتمەندی جوگرافییەکان دیاریدەکرێن. تێپەڕینی نیوەی رۆژ لەسفر لە گرینیچەوە بەپێی کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی، رێکەوت نییە و هەر لێرەدا یۆرۆسەنتەریزم، یان ئەوروپا تەوەریی بەدی دەکەین.

هەرچەند ژمارەیەکی زۆر لە زلهێزە کۆنەکان (بابل، چین، ئیسرائیل، روسیا، ژاپـۆن، ئێران، میسر و هتد) خۆیان بە ناوەندی جیهان، ناوەندی ئیمپراتۆرییەت، وڵاتی هەتاوی درەوشـاوە ناو دەنا، بەڵام بە کردەوە و لە رێککەوتنە نێونەتەوەییەکاندا، ئەوروپا وەك ناوەندی دیاریکردنی رووگە و لایەنەکان هەڵبژێردرا و گەر وردتر جەخت لەم بابەتە بکەینەوە، ئەم ناوەندە ئەوروپای رۆژئاوا دەگرێتەوە. رێك لەوێوە هێڵێك بەرەو رۆژهەڵات بکێشین و

بەرەو ڕۆژئاوا درێژی بکەنەوە. بەم چەشنە، ئێمە تەنانەت لە ڕوانگەی ئەورووپا تەوەرییەوە لە مانای تایبەتی وشەی جوگرافیایی دەڕوانین و ئەوە بەزۆری بە ناوی ڕۆژئاواوە ناودەبرێت، هاوکات ناوکی ناوەندییە.

## ئەورووپا و مۆدێرنیتە

لەڕوانگە و چەمکی مێژوویییەوە ئەورووپا بە شوێنێك دەژمێردرێت کە بۆ یەکەمجار لە کۆمەڵگەی نەریتییەوە بۆ کۆمەڵگەی مودێرن تێپەڕین لەوێ روویدا. ئەم تێپەڕینە بە هۆی کامڵبوونی کولتورگەلی خۆجێیی ئەورووپا و خواستەکانی ژیاری ئەورووپی بەدیهات. ئەورووپا بە پەرەسەندن و کامڵبوون لە ڕێگەیەکی تایبەتدا کە ڕەگی لە فەلسەفەی یۆناندایە، پێناسە و تەفسیری ئامۆژەی مەسیحییەتی کە سەرەتا لە جۆری کاسۆلیکی و دواتر پڕۆتستانتی بوو، وەك مۆدێلی کۆمەڵایەتیی تاقانە و تایبەت لە نێو کولتور و ژیارەکانی دیکەدا خستە قۆناغی بەڕێوەبردنەوە. ئەم کۆمەڵگەیە بۆ یەکەمجار لەسەر بناغەی سیکۆلاری یان بێدینی (لاییك و خاوەنی پڕەنسیپی ئاتێیستی) بونیادنرابوو، کە تا هەنوکەش لە کۆمەڵێك پرەنسیپ و یاسای وەك ئەمانەی لەخوارەوە ئاماژەیان پێدەدرێت، پێڕەوی دەکات:

-ئایدیای پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی ئاراستەدەکات؛

-بنەڕەتی پێناسەی جیهانی هاوچەرخ و دنیای زانستی دەڕەخسێنێت؛

-پەیوەندی و دانوستانی کەپیتالیستی خستۆتە لوتکەی سێکوچکەکەوە؛

-لە ئابوری کشتوکاڵییەوە گەیشتۆتە ئابوری پیشەسازی.

دەکرێت بە کورتی بوترێت ئەورووپا، بوو بە فەزای جیهانی هاوچەرخ. لەو ڕووەوە کە خاڵەکانی ئاڤانگاردی بۆ گەشە و پەرە، سەرنموونە مۆدێرنەکان لە سنورەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەوانە بەریتانیا، هۆڵەندا و فەرەنسا (لەڕاستیدا لە ئەورووپای ناوەند)بوون، چەمکی ئەورووپا و ڕۆژئاوا هێدی هێدی بوون بە

چەمکی هاومانا. لە راستیدا جیاوازیی جۆری ئەوروپی لەگەڵ کولتورەکانی دیکەدا هەمان تێپەڕینی کۆمەڵگەی نەریتی بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن بوو، لێرەدابوو کۆمەڵگەی مودێرن خۆی، لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا فۆڕمی وەرگرت. بەم چەشنە، زاراوەی رۆژئاوا لە سەدەکانی حەڤدەیەم بۆ هەژدەهەمەوە مانای وردی بەژیار وەردەگرێت و دەبێتە هاومانای کۆمەڵێك وشەی وەك مۆدێرن، مۆدێرنیزاسیۆن، پێشکەوتن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئابوری، پیشەسازی و تەکنەلۆژی. لەمەودوا، ئەوەی پەیوەندی بە پێشکەوتنی مۆدێرنەوە هەبێت، بە شێوەی ئۆتۆماتیکی بە رۆژئــاواوە گرێدەدرێتەوە. مۆدێرنیزاسیۆن و وێستێرنیزاسیۆن لەگەڵ رۆژئاواگەرایی هاومانا دەبن.

## ئەندێشەی «پێشکەوتن» وەك بەدیهاتن و سەلماندنی سیاسەتی کۆڵۆنیال و راسیزمی کولتوری

سەریەکخستنی دوو وشەی مۆدێرنیزاسیۆن و رۆژئاواگەرایی پێویستی بە ئەنجامدانی هەندێك لێکدانەوەیە و پاشانیش دەرئەنجامی کردەیی گرنگ بەدەستەوەدەدرێت. بابەتەکە بریتییە لەوەی کە دروستبوونی ژیاری بێوێنەی سەدەی مۆدێرن لە ئەوروپا و فۆرمۆڵە بوونی سەردەمی مۆدێرن بوو بە هۆی سەرهەڵدانی دەستور و رێکییەکی تایبەتی کولتوری کە سەرەتا رێکخستنی زەینی ئەوروپییەکان خۆیان و زەینی هەموو ئەو کەسانەی کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، بەدواوە بوو. باوەڕی راستگۆیانە بەوەی کە رێگەی گەشەی کولتوری رۆژئاوا و بەتایبەت تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتییەوە بۆ هاوچەرخ، نەك تەنیا تایبەتی ئەوروپا و نەتەوەکانی نیشتەجێیەتی، بەڵکو یاسای گشتیی گەشەی پێویست بۆ وڵات و نەتەوەکانی دیکە، پێکدێنێت. ئەوروپاییەکان یان هەمان کۆمەڵگەی رۆژئاوا پێش نەتەوەکانی دیکە، ئەم قۆناغە چارەنوسسازەیان بڕیوە. دەبێت ئەوانی دیکەیش ئەم رێگەیە ببڕن، چونکە وا دیارە ئەم لۆژیکە لۆژیکێکی

عەینی سەبارەت بە مێژووی جیهانییە و قۆناغەکانی پێشکەوتن داوای دەکات.

لێرەدا ئایدیایەك فۆڕم وەردەگرێت، بەوپێیە ڕۆژئاوا بەنموونەیەکی بنەبڕ بۆ گەشەی مێژوویی تێکڕای مرۆڤایەتی و مێژووی جیهانی کە هەر ئەو رابوردوو، ئێستا و داهاتووەیە، لە قەڵەم دەدرێت و ئەم ئایدیا بەردەوام بیر لە هەموو ئەو قۆناغانە دەکاتەوە، کە ڕۆژئاوا ئەو زنجیرە قۆناغانەی بڕیوە یان خەریکە لێیان تێدەپەڕێت، پێش هەموان کەوتووە. ئەوروپییەکان لەو فەزا و شوێنکاتانەی بونیادی کۆمەڵگەی نەریتی تێدا پارێزرابوو، بەرەوڕووی کولتوری نارۆژئاوایی بوون. کۆمەڵێك چەمکی هاوشێوەی وەك بەربەرییەت، هۆڤانە، دواکەوتوو، نەبوونی ژیار، وێنای ئەوان بوو لەمەڕ ئەو کۆمەڵگەیانە. بەم چەشنە، ڕۆژئاوا هێدی هێدی بوو بە پێوەری هەڵسەنگاندن بۆ نەتەوە و کولتورەکانی سەرتاسەری جیهان. ئەوەی لە ژیاری ڕۆژئاواوە دوورتر بوو، لەڕوانگەی ڕۆژئاواییەکانەوە، بە کۆمەڵگەی خاوەن بونیادی نارەسەن، ناتەواو و کەم بەهاتر دەکەوێتەڕوو.

## ڕەگ و ریشە کۆنەکانی پاوانکاریی ڕۆژئاوایی

لێکدانەوە و پرژانە سەر راڤە و شیکاری ئەو پرەنسیپە گشتیانەی، قۆناغەکانی گەشە و پێشکەوتنی ئەوروپییەکان بە درك و لۆژیکی مێژووی جیهانی یەکدەگرن، بابەتێکی ئێجگار سەرنجڕاکێشە. قووڵترین و کۆنترین ڕەگ و ریشەکان لە کولتوری هۆزە کەونارابیەکاندا بەدیدەکرێت. تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کۆن، قایل بوون بە وێکچوویی نێوان چەمکی «مرۆڤ» و «تاك»ی ئەندامی هۆزێك، یان سەر بە ئەتن و نەژادێکە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی بیانی (لە دەرەوەی هۆز) بە مرۆڤ نەژمێردرێن و یان تەنانەت بۆ بوونەوەرانی پلە خوارتر دابەزێندرێن. بەندکراوەکان کە هی هۆز و عەشیرەتەکانی دیکە بوون، یاخود کەسانێك کە بە پێی یاسایەکی وەها دەکران بە کۆیلە و دەکەوتنە دەرەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی، بێبەری لە هەر چەشنە ماف و ئیمتیاز و

جیاوازییەك بوون. ئەم مۆدێلە واتە هاوعەشیرەت - مرۆڤ و ناهاوعەشیرەت - نامرۆڤ، بنەڕەت و بنچینەی ڕێبازە کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسی ڕابوردوو پێکدێنێت، کە تێروتەسەل لەسەر دەستی هیگل (و بە شێوەی تایبەتی‌تر لە لایەن یەك لە پەیڕەوانییەوە بە ناوی ێ.کۆژیف) لەگەڵ لێکدانەوەی پێکهاتەی سەروەر-کۆیلە توێژینەوەی گونجاوی بۆ ئەنجامدراوە. ئاغا یان سەروەر هەموو شت بوو، کۆیلە بە هیچ دادەنرا. مرۆڤ بوون وەك ماف و جیا وەك تایبەت بوو بە سـەروەر. کۆیلە تەنانەت لە ڕووی ماف و یاساوە دەکەوێتە ڕیزی گیانلەبەرانی خۆماڵی و دەستەمۆ و کەرەستەکانی بەرهەمهێنانەوە.

ئەمشێوازە لە حوکمڕانی، لەوەی چاوەڕوان دەکرا، بەسەقامتر بوو، دوای ئەوەی گۆڕانێکی لەشێوە و فۆڕمدا بە سەرداهات، گوازرایەوە بۆ سەردەمی نوێ. بەم چەشنە، کۆیەك لە ئایدیاکان بەدیهاتن کە بە شێوەیەکی تەوساوی دەستیاندایە ئاوێتەکردنی دیموکراسی و ئـازادی، لەناو خۆی کۆمەڵگە ئەوروپییە خاوەن ڕێسا قورسە نەژادپەرەستانەکان و نواندنی زاڵێتی بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، واتە نەتەوەکانی نە هێندەش پێشکەوتوو. ئەم خاڵە بە تەواوی دیارە کە کۆیلەیی، ئەویش لەسەر بنەمای نەژادپەرستانە، بە وەستانی کەمێك زیاتر لە هەزارساڵ، لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، بە پلەی یەکەم، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، ئەویش لەسەردەمی نوێدا، سەردەمی برەوسەندنی ئایدیاکانی دیموکراتیك و لیبڕال، لە ژیانەوەدایە. ئەوەندەش سەیر نییە کە لەم حاڵەتەدا، تیۆری پێشکەوتن، دەبێتە بنەڕەت و بنچینەی چەوساندنەوەی نامرۆڤانەی خۆجێیە پێست سوور و کۆیلەکانی ئەفەریقی لەسەر دەستی ئەوروپی و پێست سپییەکانی ئەمەریکی. ئەو زەینییەتە دروستدەبێت، کە لە ڕەوتی کارپێکردنی ژیاری سەردەمی نوێ لە ئەوروپا، مۆدێلی ئاغا-کۆیلە لە ئەوروپا خۆیەوە بە شێوەی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهانیش دەنێردرێت.

## ئیمپراتۆرییەت و کاریگەری لە سەر رۆژئاوای هاوچەرخ

ئایدیای ئیمپراتۆرییەتێك کە ئەوروپییەکان بە شێوەیەکی ئاشکراو روون، سەرەتای سەردەمی نوێ، لە پەسەندکردنی سەرپێچییان دەکرد، یەکێکی دیکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ئەم دیاردەیە بوو، بەڵام ئەم ئایدیا دزەی کردە نێو ویژدانی ناخودئاگای مرۆڤی ئەوروپی. کۆمەڵێك ئیمپراتۆرییەتی وەك ئیمپراتۆرییەتی رۆم و دواتر مەسیحییەت، کە لە ئیمپراتۆرییەتی بیزانس لە رۆژهەڵات و ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزی رۆمی نەتەوە ئەڵمانییەکان لە رۆژئاوا پێکهاتبوو، بە شێوەی کائینات وێنادەکرا، کە «مرۆڤەکان (هاووڵاتییەکان)» تێیدا ژیان بەسەر دەبـەن، لە دەرەوەی سنورەکانی ئەم دنیایە، «نامرۆڤەکان»، بەربەرەکان، تازەگەرانی لادەر و شوێنکەوتوانی دینەکانی دیکە، تەنانەت بوونەوەرانی خەیاڵی وەك مرۆڤخۆرەکان، عیفریتەکان، ئەژدیهاکان، خوێنمژەکان و هتد، بوونیان هەیە. لێرەدا گروپ بەندیی عەشیرەیی بۆ ئاستی خودییەکان «مرۆڤەکان» و بیانییەکان یان هەمان «نامرۆڤەکان» بەرزدەبێتەوە: هاووڵاتییانی ئیمپراتۆرییەت (ئەندامانی کائینات) و ناهاووڵاتییان (دانیشتوانی دەوروپشتی کائینات) .

قۆناغێك کە تیایدا پرسی مرۆڤ بوون، یاخود مرۆڤ نەبوون گەڵاڵە دەکرێت، دەتوانێت وەك قۆناغی تێپەڕین لەنێوان رۆژئاوای کۆن و هاوچەرخ لێکبدرێتەوە. ئەوروپای هاوچەرخ بە بەرپەرچدانەوەی ئیمپراتۆرییەت و پرەنسیپە ئایینییەکانی بە شێوەی رەسمی، ئیمپریالیزمی بە تەواوی پاراستووە و تەنیا بۆ ئاستی بەها و بەرژەوەندییەکان بەرزی کردۆتەوە. لە ئێستاوە، پێشکەوتن و گەشەی تەکنەلۆژیا وەك ئەرکێکی ئەوروپی لە قەڵەم دەدرێت کە لەژێر ناویدا، پانتایی ستراتیژی کۆڵۆنیالی هەمەگیری جیهانی فراوانتر دەبێت. بەم چەشنە، سەردەمی نوێ، کە بە فەرمی لە کۆمەڵگەی نەریتی جیابۆتەوە، چەند بڕگەیەك لە دەستورە بنەڕەتییەکانی ئەم کۆمەڵگە

نەریتییە، بۆ هەلومەرجی نوێی ژیان لەگەڵ خۆیدا دێنێت (دابەشکاریی کۆنی مرۆڤ - نامرۆڤ لەڕووی ئەندامێتییان لە هۆز، نەژاد، مۆدێلی ئاغا-کۆیلە، لێکچواندنی ئیمپریالیستیی ژیاری خۆی بە کائینات و جیهان و هتد). ڕۆژئاوا هەم وەك ئایدیا و هەم وەك ستراتیژێکی جیهانی، بوو بە گەڵاڵەیەکی بەرزەفڕانە بۆ پەرەپێدانی نوێی حوکمڕانیی جیهان و ئەمجارە لە قاڵبی فاکتەری «ڕۆشنگەری»، «پەرەگرتن» و «پێشکەوتن»ی سەرپاکی مرۆڤایەتی بەڕێوە برا. ئەمە خۆی جۆرێك «ئیمپریالیزمی مرۆڤدۆستانە»یە.

گرنگ ئەوەیە تێزی پێشکەوتن، سەرپۆشێکی سادە بۆ شاردنەوەی بەرژەوەندیی خۆخۆازانە و دڕندانەی خەڵکی ڕۆژئاوا بۆ پەرەخوازیی کۆلۆنیالیستییان نەبوو. باوەڕ بە یونیڤێرساڵ بوونی بەها ڕۆژئاواییەکان و باوەڕ بە لۆژیکی پەرەی مێژوویی، بابەتێکی تەواو راستگۆیانە بوو. لەم کەیسەدا بەها و بەرژەوەندییەکان پێکەوە دەقاودەق و هاوئاسۆ بوون. هەر ئەم بابەتە، توانا و وزەیەکی زۆری بە دۆزەرەوەکان، دەریاپێوان، گەشتیاران و خاوەن کارەکانی ڕۆژئاوا بەخشی تاکو جیهان ئاوەدان بکەنەوە. ئەوان نەك هەر بە دوای سود و قازانجی خۆیانەوە بوون، بەڵکو ڕۆشنگەرییان بۆ کۆمەڵگە سەرەتایی و هۆڤەکان بە دیاری دەهێنا. نموونەگەلی وەك تاڵان و بڕینی بێبەزەییانە، چەوساندنەوە و کۆلۆنیالیخوازانە، شەپۆلی نوێی کۆیلەداری لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆن و پەرەگرتنی تەکنەلۆژی لەو وڵاتانەدا کە کۆلۆنیالیزم بە سەریاندا زاڵ بووە، هەموو تێکڕا بوونە پایە و بنەڕەتی ئایدیا و کردەوە جیهانییەکانی ڕۆژئاوا.

## مۆدێرنیزاسیۆن: لەدایکبوونی ناوەکی (ئەندرۆجین) و لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous)

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەین بریتییە لەوەی لەگەڵ دەستپێکی سەدەی شانزەیەمی زایینی، پێشکەوتنی مۆدێرنیزاسیۆن لە

ناوچەکانی ئەوروپای رۆژئاواییەوە دەبێت. ئەم پێشکەوتنە بە تەواوی دەقاودەقی کۆڵۆنیالی ناوچە تازەکان لەسەر دەستی رۆژئاواییەکان دەکەوێتەوە، کە لەوێدا نەتەوەگەلێك نیشتەجێن، کە بنەڕەت و ئەسڵی کۆمەڵگەی نەریتییان پاراستووە، بەڵام رەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی هەموو کۆمەڵگە، بە رۆژئاوایی و نا رۆژئاواییەوە، دەگرێتەوە. هەرچۆنێك بێت، هەموو شت مۆدێرنیزە دەبێت، بەڵام شوناسی ئەم رەوتە لە حاڵەتە جیاجیاکاندا جیاوازە.

لە خودی رۆژئـاوا، لە بەریتانیا، فەرەنسا، هۆڵەندا بە پلەی یەکەم و لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە تایبەت، کە وەك ئاخێزگە و تاقیگەی سەردەمی نوێ، بە «ناوچەیەکی دەست لێنەدراو» ئەژمار دەکرا، مۆدێرنیزاسیۆن بە هۆی تایبەتمەندیی ئەندرۆجینی (ناڤۆزاد)ی خۆی تایبەت و جیاواز بوو. مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ پەرەی رەوتەکانی کولتوری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و سیاسی کە بەشێکن لە پایە و بنەڕەتی کۆمەڵگەی ئەوروپی، گەشەدەکات. هەڵبەت ئەم رەوتە لە هەموو شوێنێکدا هاوکات و بە خێرایی و گوڕی هاوشێوەوە بەدیناکرێت. بۆ نموونە نەتەوەگەلی ئەڵمانی، ئیسپانی وئیتاڵی کە رەوتی مۆدێرنیزاسیۆن لە وڵاتەکانیاندا بە ریتمێکی هێواشترەوە بەڕێوە دەچێت، بەجوانی دیارە کە لەدراوسێ ئەوروپییەکانی خۆیان لە رۆژئاوا دوا کەوتوون، بەڵام سەردەمی نوێ بۆ نەتەوەکانی ئەوروپا بە پێی کاتبەندیی ناخۆییان و هاوئاسۆ لەگەڵ لۆژیکی سروشتیی پەرەگرتنیان دەگات. مۆدێرنیزاسیۆنی وڵاتان و نەتەوەکانی رۆژئاوا خۆی بە پێی یاساکانی ناوخۆیان لە ئارادایە. ئەم رەوتە بە پێی پێش سەرچاوەی بابەتیی و هاوتای ئیرادە و خواستی زۆربەی دانیشتووانی ئەوروپی، بابەتێکی ئەندرۆجینییە، واتە ئەو شتەی کە وێڕای هۆکاری ناڤۆکی دێت و بە دەربڕینی دی ناڤۆزادە.

ئەم پرسە بە نیسبەت ئەو وڵات و نەتەوانەی بە زۆر و بە ناچارکردن و پێچەوانەی ویست و حەزیان داخڵ بە رەوتی مۆدێرنیزاسیۆن دەبن، بە شێوەیەکی دیکەیە. هەڵبەت، خەڵکی رۆژئاوا بە ناچارکردنی وڵات و نەتەوەکانی دیکە،

بۆ گوێڕایەڵ بوون بۆ ئەوان و لە ڕێگەی ناردنی کۆیلە ڕەشەکان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، جێبەجێ بوونی پڕۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن دەستەبەر دەکەن. هاوڕێ لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەتی کۆلۆنیاڵی، خەڵکانی ڕۆژئاوایی یاسا، پرەنسیپ، ڕێسا و تەکنەلۆژیای نوێ، بەستێن و سەرەتاکانی پێشڤەچوونی ئابوری، ئەخلاقییات، دامەزراوەکان، بونیادی کۆمەڵایەتی، سیاسی و یاسا و ڕێسای مافناسانە بەڕێوە دەبـەن. کۆیلە پێست ڕەشەکان، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی باکورییەکانی لایەنگری نەهێشتنی یاساکانی کۆیلەداری، بوون بە ئەندامی کۆمەڵگەیەکی زۆر پێشکەوتووتر بەراورد بە هۆزە کۆنە ئەفەریقییەکان کە لەوێوە لە لایەن بازرگانانی کۆیلەوە هێنرابوون بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان. (هەرچەندە دیسانیش بە کەسانی پلە دوو دەژمێردران). ناکرێت واقیعی مۆدێرنیزاسیۆنی وڵاتانی بە کۆلۆنی کراو و بە کۆیلە گیراو، ڕەتبکرێتەوە و ڕۆژئاواش لەم بارەوە وەك داینەمۆی مۆدێرنیزاسیۆن کار دەکات، بەڵام ئەمە کەیسێکی تایبەتە و دەکرێت بە ناوی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) ناوبنرێت، واتا پرۆسەیەك کە لە دەرەوە ڕوودەدات و بابەتێکی سەپێنراوە.

کولتور و نەتەوە ناڕۆژئاواییەکان لە هەلومەرجی کۆمەڵگەی نەریتیدا، کە گونجاو لەگەڵ قۆناغ و لۆژیکی ناوخۆییان پەرەدەستێنێت، بەسەردەبەن. ئەویش بۆ ئـەوان سەردەمی هەڵکشان و داکشان، چاکسازیی ئایینی، دووبەرەکیی ناوخۆیی، کارەساتی ئابوری و دۆزینەوە و دەستکەوتی تەکنەلۆژی بوونی هەیە، بەڵام ئەم ڕەوتانە لەگەڵ مۆدێلەکانی دیکە، واتا ناڕۆژئاوایی گونجاون و پەیڕەوی لە لۆژیکێکی دی دەکەن، بۆ مەبەستی تایبەت بەرنامەیان بۆ داڕێـژراوە و پرس و کێشەی دیکە چارەسەر دەکـەن. مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکـی (Exogenous)، کە تایبەتمەندیی سەرەکیشی لەم خاڵەدایە، لە پێداویستییە ناوخۆییەکان و پەرەی سروشتیی کۆمەڵگەی نەریتی، کە گەر وازی لێبهێنرێت، هەرگیز بونیاد و مۆدێلە فۆڕمگرتووەکانی ڕۆژئاوا

بەکارناهێنێت، سەرچاوە ناگرێت. بە دەربڕینی دی، مۆدێرنیزاسیۆنێکی لەمشێوە بابەتێکی زۆرەملێی و سەپێنراو لە دەرەوەیە. ئەنجام، دەکرێت هاوواتای وەك کۆڵۆنیاڵ (کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی دەرەکی) بە مۆدێرنیزاسیۆن و بەخۆرئاوایی کردن زیادبکرێت. زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤایەتی، ئەوروپییەکان و باوباپیرانی بێ ناوکۆی کۆڵۆنیالیستەکانی ئەمەریکای لێ بەدەر، کەوتوونەتە بەر ئەم مۆدێرنیزاسیۆنە سەپێنراوە زۆردارە دەرەکییانە. ئەم مۆدێرنیزاسیۆنە کاریگەری لەسەر خەسارمەندبوون و دژیەکی ناوخۆیی زۆربەی زۆری کۆمەڵگەکانی هاوچەرخی ئاسیا، رۆژهەڵات و جیهانی سێیەم دانا. ئەمە، مۆدێرنەی نەخۆش ئاسا، رۆژئاوای کاریکاتێرئاسایە.

## دوو جۆر کۆمەڵگە، بە مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی

هەنوکە دەکرێت لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی ژێر بڕشت و کاریگەریی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous)، دوو گروپی گەورە دەسنیشان بکرێت: گروپی یەکەم، ئەوەی کە توانیویەتی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری خۆی بپارێزێت (یان لە ماوەی بەرەنگاربوونەوە و خەباتی دژە کۆلۆنیاڵیدا پێی بگات)؛ گروپی دووەم ئەوەیە کە ئەم سەربەخۆییەی لە دەستداوە. گەر گروپی دووەم لێکبدەینەوە، بەرەوڕووی ناوچەیەکی کۆڵۆنیالی پەتی دەبینەوە کە بە تەواوی سەربەخۆیی خۆی لە دەستداوە و پەیوەندیی لەگەڵ بەهاکانی سەردەمی نوێ بە قەدەر پشکی سوورپێستەکانە لە زەوییەکانی ئەمەریکای باکور. ئەم جۆرە کۆمەڵگە باسکراوانە دەتوانن هاوشێوەی هەندێك لە هۆز و عەشیرەتە ئەفەریقی، ئەمەریکای باشور و یاخود ناوچەکانی کەنداوی ئارام، کۆن بن، بەڵام تاڕادەیەك لەهەمان فەزادا رووبەڕووی بونیادەکانی تەکنەلۆژیای هەرە باش و مۆدێرنی بەرهەمی کۆڵۆنیالیستەکان دەبنەوە. لێرەدا، کەم تا زۆر لە نێوان خۆجێییەکان و مۆدێرنیزەکاران، ئاوێتەیی مانایی بوونی نییە. پلە و پێگەی تاکەکان

لە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان جیاوازییەکی کەمی هەیە لەگەڵ ئاژەڵانی باخچەی ئاژەڵان، لە حاڵەتی باشتردا ئاژەڵانی ناوچە پارێزراوەکان، کە لەوێدا ئەو ئاژەڵانەی خەریکە جۆریان لەناو دەچێت، رادەگیرێن و ناویان لە «کتێبی سوور»ی سروشتدا تۆمارکراوە. لە بارودۆخێکی وەهادا، مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەیی کە بە هەندی وەرناگرن، تەنیا رووبەڕوووی ئاستەنگەکانی تەکنەلۆژیای وەك میلە و قەفەسی پۆڵایین و تەلی دڕکاوی دەبنەوە، پەیوەندیی نییە.

کاتێك لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا مامەڵە دەکەین، کە بە ناچار رێگەیەکی بەرەو بەخۆرئاوایی کردن و مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) بڕیوە، بەڵام کارو کردەوەی وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی ئەوروپا (رۆژئاوا) بووە و توانیویەتی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن (یان هەمان بەخۆرئاوایی کردن) ئاڵۆزتر دەبێت، کە دەکرێت ناوبنرێت «مۆدێرنیزاسیۆنی بەرگری». لێرەدا، هاوکێشەی نێوان بەهاکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی نەریتی کە پاراستنیان بۆ پشتیوانی لە شوناس و رەسەنایەتی، پێویست و زەرووره، ئەو مۆدێل و سیستمە بە قەرز وەرگیراوانە کە دەبێت بە مەبەستی رەخساندنی پێداویستی و مەرجەکانی مۆدێرنیزاسیۆنی هەندەکی (بەرگریکارانە) لە رۆژئاواوە بێن، دەکەوێتە چەق و ناوەندی گرنگیدانەوە. هاوکات، لە کۆمەڵگەی لەمشێوەدا، بکەرێتی و هۆکاربوون کە بەرژەوەندیی تاکەکسی دیاری دەکات، دەپارێزرێت و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی گرژتربوونی بەرخۆدان بە ناوکۆی تازەگەری و داهێنانەکانی کۆڵۆنیالیی رۆژئاوا. بۆچوونێکی وەها فۆرم وەردەگرێت کە دەوڵەت بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرانبەر بە هێرشەکانی رۆژئاوا، ناچارە بڕێك لە بەهاکان لە هەمان رۆژئاوا بە قەرز وەربگرێت، بەڵام لەگەڵ بەها رەسەنەکانی خۆ بیانگونجێنێت. ئەم دیاردەیە لەلایەن ساموئێل هانتینگتۆنەوە «مۆدێرنیزاسیۆنی بێ بەخۆرئاوایی کردن»ی پێ دەوترێت.

جگە لەمە، ئەم چەمکە هەڵگری برێ دژیەکیشە. لەو رووەوە وشەکانی بەخۆرئاوایی کردن و مۆدێرنیزاسیۆن ریشەی هاومانایان هەیە (رۆژئاوا=مۆدێرن) کەوابوو ناکرێت مۆدێرنیزاسیۆن بە جیا لە رۆژئاوا و لاساییکردنەوەی بەهاکانی بەکاربهێنرێت؛ لەو کۆمەڵگە نەریتییانەدا، کە نەچونەتە ناو پانتایی کولتوری ئەوروپی، پێشمەرجی پێویست بۆ مۆدێرنیزاسیۆن بوونی نییە. بەم چەشنە لێرەدا باسمان لەسەر رەتکردنەوەی تەواوی بەخۆرئاوایی کردن نییە، بەڵکو قسە لەسەر هاوکێشکردنی بەهاکانی خود و بەها بە قەرز وەرگیراوەکانی لە رۆژئاوایە، کە دەیتوانی هەلومەرجی پاراستنی شوناسی تاکەکەسی و پەرەی تەکنەلۆژیای بەرگریکارانە بە مەبەستی رکابەری لەگەڵ رۆژئاوا لە گرنگترین پانتاییەکانی ژیان (کە لە رۆژئاوا دەست پێڕاگەشتنیان بێ کردەوەی توند و کاریگەر نەکردەوە)، دابینبکات. دەرئەنجام، ئەمجۆرە فرە رەنگییەی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی سەربەخۆ، (لە بنەڕەتدا جیا لە سودخوازیی کۆڵۆنیالی رۆژئاوا)، هاوکات لە سەر ئاوێتەکردنی بەهاکانی خود لەگەڵ بەها بە قەرز وەرگیراوەکان لە رۆژئـاوا بە شێوەی پراگماتیك دامەزراوە. (ئەم بابەتە دەکرێت بە ناوی «مۆدێرنیزاسیۆن لەگەڵ بەخۆرئاوایی کردنی هەندەکی» ناوبنرێت).

وڵاتانێکی وەك روسیا (بۆ نموونە پرۆسەی سەردەمی نوێ کە لە جۆری خۆیدا رووداوێکی بێوێنەیە!) هەروەها چینی هاوچەرخ، هیندستان، بەرازیل، ژاپۆن و هەندێك لە وڵاتانی ئیسلامی، وڵاتانی دەورووبەری کەنداوی ئارام کە تاڕادەیەك درەنگتر و لەم سەدەی رابوردوودا هاتوونەتە ناو ئەم رەوتەوە، دەکەونە (گۆڕەپانی) وتەزای مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکییەوە (Exogenous). جگە لە روسیا، ئەو وڵاتانەی دیکە کە لەم رێگەدا هەنگاویان هەڵگرتووە، بە ماوەیەکی دیاریکراو بە کۆڵۆنیالی رۆژئاوا لە قەڵەمدراون و کەم تا زۆر لەم دواییانەدا سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتۆتەوە یان وەك ژاپۆن لە شەڕدا شکستیانهێناوە و داگیرکراون. ئەمجۆرە

مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous)، بابەتی هاوکێشیی نێوان بەها خودییەکان و قەرزکراوەکان گەڵاڵە دەکات، بە دەربڕینێکی دی، دەربڕی پرسی گونجان و چۆنێتی ئەو توخمانەیە کە بە دوو شێوەی کولتوری - مێژوویی و ژیارمەندانە، واتا تایبەتن بە بنەماکانی موحافیزکارانی خۆجێیی کۆمەڵگەی نەریتی و وەك دەوترێت، مۆدێلی «یۆنیڤێرساڵ» و «پێشکەوتوو»ی رۆژئاوان. لەم هاوکێشەیەدا گرنگترین فاکتەرێك کە شوناسی پەیوەندییەکانی روسیا و رۆژئاوا پێکدێنێت، شاراوەیە. لە درێژەدا دەپرژێینە سەر ئەم بابەتە. ئێستا سەرنجتان بۆ چەند خاڵێکی جیۆپۆلەتیکی رادەکێشین.

## تیۆری «رۆژئاوا» و «رۆژهەڵات» لە پێکهاتنی یاڵتا

هەنوکە لایەن و رەهەندە جیۆپۆلەتیکییەکانی پرس و بابەتە جێ باسەکان و گۆڕانی چەمکی رۆژئاوا لە سەدەی بیستەم، لێکدەدەینەوە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ئەم چەمکە پەیوەست بە کۆی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی لە رێگەی گەشە و پەرەی سیستمی کەپیتالیستیدا هەنگاویان هەڵدەگرت، بەکارهێنرا و ئەمە بە راستکردنەوەیەکی دیکە بۆ ئەم چەمکە ئەژماردەکرا. لە راستیدا، «رۆژئاوایەکی» وەها بە مانای ئایدۆلۆژیای کەپیتالیستی و لیبڕال-دیموکراتیك لەبەرچاودەگیرا. ئەو وڵاتانەی لەم رێگەدا پێش وڵاتانی دیکە کەوتبوون، لە بونیادی جیهانی دوو جەمسەریدا کە یاڵتاشی پێدەگوترا (لەبەر کۆبوونەوەی رێبەری وڵاتانی هاوپەیمانی دژە هیتلەری واتا ستالین و رۆزڤێلت و چەرچڵ لە یاڵتا، کە بوو بە هۆی دابەشبوونی نوێی نەخشەی جیهان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا) بە رۆژئاوا لە قەڵەم دەدران.

ئەمجارە مانا و چەمکی رۆژئـاوا جیاوازە لەوەی پێشتر لێکدرابووەوە. سەرەتا لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیکییەوە، سیستمگەلی کۆمۆنیستی (بە پلەی یەکەم لە یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی) کە تیۆرەکانی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی

ڕۆژئاوایان بە قەرز وەرگرتبوو، لە مانایەکی فراواندا تایبەت بە ڕۆژئاوا بوون. ئەم تیۆرانەی ئەوروپای ڕۆژئـاوا، لەسەر بنەمای چاودێریی پەرەی ئابوری سیاسی هەمان کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی تەوەردا، بە پێشکەوتن و یۆنیڤێرساڵ بوونی ئەم یاسامەندییانە بۆ سەرپاکی مرۆڤایەتی، دامەزرابوو، بەڵام هاوکات، مارکسیزم بوو بە مۆدێلێکی شیاو و گونجاو بۆ بەدیهاتنی مۆدێرنیزاسیۆن لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، کە توانای ئەوەی هەبوو بە پەیڕەوکردنی بەرژەوەندیی جیۆپۆلەتیکی تایبەتی خۆی و پاراستنی بەشێك لە بەها نەریتی و خۆجێییەکان لەگەڵ دەزگای بەهێزی قەرزکراوی ئایدیا، بونیاد، ڕێباز و تیۆرەکانی مۆدێرنیتە و بەتایبەت ڕۆژئـاوایـی، سازگار بکات. بەم چەشنە، دەبێت مارکسیزمی سۆڤێت، چینی (ماویستی)، ڤێتنام، کۆریای باکور و وڵاتانی دیکە، وەك نموونەی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) لێکبدرێنەوە کە لەسەرەوە باسکرا. جگە لەمە، لەڕوانگەی ڕکابەرێتی تەکنەلۆژیی و ئایدۆلۆژیایی ئەم پرۆژە کەم تا زۆر سەرکەوتوو بووە.

هەرچەند مارکسیزم لەڕووی دوگماتیکەوە، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کاتێك بگاتە قۆناغی قەیران، شوێنی کەپیتالیزم دەگرێتەوە، بەڵام بە کردەوە هەموو شت بە گۆڕەپانێکی دیکەدا ڕێگەی بڕی. حزبە کۆمۆنیستەکان لەو کۆمەڵگانەدا سەرکەوتن کە کەپیتالیزم تافی کۆرپەڵەیی خۆی دەژیا و کۆمەڵگەی نەریتیش هەم لەڕوانگەی کولتوری و هەم لەڕوانگەی ئابوریەوە، هێشتا لە پێشتر بوو. بە دەربڕینی دیکە، مارکسیزمی بەدیهاتوو، سەرکەوتوو بوو بە هۆکاری بەدرۆخستنەوەی تیۆرەکانی دامەزرێنەری ئایدیایی خۆی، لەبەرانبەردا، مێژووی کۆمەڵگە کەپیتالیستییەکان نیشانیدا کە زەمەن، پێشبینیەکانی مارکس سەبارەت بە ڕوودانی حەتمیی شۆڕشی پرۆلیتاریا لەمجۆرە کۆمەڵگەیانەی ڕەتکردۆتەوە. مارکس لەسەر ئەو باوەڕەی پێداگری دەکرد، کە شۆڕشی پرۆلیتاریا لە روسیا (و ئەو وڵاتانەی دیکە کە شێوازی ئاسیایی بەرهەمهێنان تێیاندا باوە) ناتوانێت ڕووبدات، بەڵام شۆڕشێکی وەها ڕێك لەم وڵاتانەدا ڕوویدا. لە کۆمەڵگەی

پێشکەوتووی کەپیتالیستی شۆڕشێکی لەم چەشنە رووی نەدا.

لەم بابەتە تەنیا یەك دەرئەنجام وەردەگیرێت: مارکسیزم لە رژێم گەلی کۆمۆنیستی، ئەو سیستمە ئایدیالە نەبوو کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد، بەڵکو تەنیا مۆدیلێکی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) بوو کە تیایدا بەها رۆژئاواییەکان تەنیا بە شێوەی هەندەکی پەسەندکراون و بە شێوەی نائاشکرا تێکەڵ بە رەوتی خۆجێی ئایینی- ئەنجامناسانە (تیۆری آخرالزمان) و رەوتگەلی مەسیحییەتگەرایی بوون. بە گشتی، ئەم بۆنە مۆدێرنیزاسیۆنە تایبەتانە، واتا جۆرێکی دی لە مۆدێرنیزاسیۆن بە پێی رێگەی سۆسیالیستی (تۆتالیتار) و نەك کەپیتالیستی (دیموکراتیك)، بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژیکی زلهێزە سەربەخۆکان کە هەوڵیاندەدا هێرشەکانی سەڵتەنەتخوازانەی ئەوروپا و دواتر ئەمەریکا بەرپەرچ بدەنەوە، بەکارهێنرا.

جەمسەری ستراتیژیکیی پێکهاتوو لە دەوری یەکێتی سۆڤێت و پێشەنگی ئەمجۆرە تایبەتە لە مۆدێرنیزاسیۆن، دوای جەنگی جیهانیی دووەم، بە ناوی «رۆژهـەڵات» ناوی دەرکرد. گەرچی قسە لەسەر نموونەی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) بوو، سیستمی بەهامەندیی مارکسیزم بە شێوەی رەسمی لە سەر پارادایمی سەردەمی نوێ لە هەمان ئاستی کۆمەڵگەی کەپیتالیستیدا بیناکرابوو. هەندێکجار لە زانستی سیاسەتدا قۆناغی یاڵتایی، لە جیاتی فۆرمۆلی «رۆژهــەڵات» («رۆژهــەڵات»ی کۆمۆنیستی، «جەمسەری رۆژهەڵات») دەستەواژەی «جیهانی دووەم» بەکاردەهێنرا کە تا رادەیەك وردتریشە و ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە کە پێشکەوتنی پیشەسازییان وێڕای مۆدێرنیزاسیۆنی هەندەکی و بە گشتی، مۆدێرنیزاسیۆنی تایبەت، خێراتر روویداوە و گرنگتر لەهەموو ئەوانەش ئەوەی کە ئەم وڵاتانە توانیان سەربەخۆیی جیۆپۆلەتیکیی خۆیان بپارێزن و لە کۆڵۆنیال بوون دووربکەونەوە یان خۆیان رزگاربکەن. لەم حاڵەتەدا چەمکی «جیهانی سێیەم» دێتە ئاراوە.

«جیهانی یەکەم» واتا «ڕۆژئاوا خۆی» لە زاراوەکانی قۆناغی پاش جەنگ، بە وڵاتانێك بە مۆدێرنیزاسیۆنی ئەندرۆجینی (ئەوروپا، ئەمەریکا)، هەروەها تاقە حاڵەتی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous)، بەڵام زۆر سەرکەوتوو لەڕووی تەکنەلۆژیکییەوە کە نموونەی لە ژاپۆنی داگیرکراودا دەتوانین بەدیبکەین، کە توانی هەموو وزە و هێزی ناوەکی خۆی لە ڕێگەی مەزنی ئابوریدا بە پێی ستانداردە ڕۆژئاواییەکان، بەکاربێنێت، بەڵام ژاپۆن سەربەخۆیی جیۆپۆلەتیکیی خۆی لە دەستدا، لە مانای ستراتیژیکیدا، بوو بە کۆڵۆنیالی پێمڵ و گوێڕایەڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەری بۆ نەوی کرد.

«جیهانی دووەم» بریتییە لە وڵاتانی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) کە توانییان وێڕای بەکارهێنانی هەندەکی و سەرکەوتووی تەکنەلۆژیای قەرزکراو، سود لە میتۆدەکانی تۆتالیتار-سۆسیالیستیی مۆدێرنیزاسیۆن وەربگرن و سەربەخۆیی خۆیان بەرانبەر بە ڕۆژئاوای کەپیتالیستی بپارێزن. ئەم دەوڵەتانە لە چەمکەکانی ئاشتیی یاڵتا، بە ناوی «ڕۆژهەڵات» ناو دەبرێن، ئەنجام «جیهانی سێیەم» وڵاتانێك بە مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) دەگرێتەوە کە لە پانتایی گەشە و پەرەدا هەم لە «جیهانی یەکەم» و هەم لە «جیهانی دووەم» دواکەوتوون و مافی حوکمڕانی تەواو گشتییان نییە. ئەمانە بنەماکانی کۆمەڵگەی نەریتییان پاراستووە و ناچاربوون یان بە «ڕۆژئاوا» یان بە «ڕۆژهەڵات» وابەستە بن، کە بەمشێوە، کۆڵۆنیالی نیوە سەربەخۆی ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵاتن. کەوابوو، گەر لێکدانەوەکانمان بە هەلومەرجەکانی جەنگی ساردەوە (دنیای دوو جەمسەر) ئاستەنگ بکەینەوە، چەمکی «ڕۆژئاوا» لەم حاڵەتەدا، هاومانای ئۆردوگای کەپیتالیستییە، واتا هەمان «جیهانی یەکەم» کە پێشکەوتووترین و دەوڵەمەندترین وڵاتانی ئەمەریکای باکور و ئەوروپا و ژاپۆن لە خۆدەگرێت.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە «کۆمیسیۆنی سێلایەنە»، Trilatelar commission

بە پێی «ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا» Counsil on Foreign Relation دامەزرابوو، لەنوێنەری نوخبەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوروپا و ژاپۆن پێکهاتبوو، بوو بە بنکەی فیکریی ئاوێتە و یەکپارچەکردنی «جیهانی یەکەم» یان بە دەربڕینی وردتر؛ «ڕۆژئاوا». بەم چەشنە، بەرەیەکی تایبەت لە ڕۆشنبیران، بانکداران، سیاسەتمەداران، زانایانی «ڕۆژئاوا» لە ساڵی 1960ەوە بەرپرسیارێتیی مێژوویی یارمەتیدان بە پێشکەوتنی بەجیهانیبوون و دامەزراندنی «حکومەتی جیهانی»یان بە پێی سەرکەوتنی کۆتایی «ڕۆژئاوا» بە سەر تەواوی جیهاندا، هەم لەڕوانگەی جیۆپۆلەتیکی و هەم لەڕوانگەی بەهامەندییەوە، هەروەها لە پانتایی ئابوری و ئایدۆلۆژیکی، گرتۆتە ئەستۆ.

## «ڕۆژئاوا» لە دەیەکانی 1990 بە جیهانی دەبێت

چەمکی «ڕۆژئـــاوا» ساڵانی 1990 واتا کاتێك دنیای دوو جەمسەری (یاڵتایی) کۆن، لە بەریەکهەڵوەشایەوە، وەرچەرخا. لەوکاتەوە، مۆدێلی لیبڕال-کەپیتاڵیستی بۆ مۆدێلی یەکگرتوو و سەرەکی. کۆمۆنیزم وەك پرۆژەیەکی نامۆدێرنە هەڵوەشایەوە و نەیتوانی بەرگەی گوشاری ڕکابەرایەتی بگرێت. دەسەڵاتی سەربازی، ئابوری و سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بێگومان لە بەرزتر لە هەڵوێست و پێگەی وڵاتانی دیکەی جیهان بوو. خۆبەدەستەوەدانی یەکلایەنەی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی و بەرەی وارشۆ کاتێك شەڕی سارد هاوتەریبی تێداچوونیان، ڕێگەی بۆ بەجیهانی و دروستکردنی جیهانی تاکجەمسەر خۆشکرد. فرانسیس فۆکۆیاما، فەیلەسوفی ئەمەریکی و نیۆ کۆنزەرڤاتیف، سەبارەت بە «کۆتایی مێژوو»، «گۆڕانی سیستمی ئابوری سیاسی» و «گۆڕانی جیهان بۆ بازاڕێکی یەکگرتوو و چونیەك» دەئاخفی .

ئەمە بەو مانایەبوو کە «ڕۆژئاوا» بووە بە چەمکێکی جیهانی و یەکگرتوو، بە شێوەیەك کە نەك هەر هیچ کەس دژایەتیی خودی ئایدیای مۆدێرنیزاسیۆن

ناکات بەڵکو تەنانەت کەس بەرهەڵستی کڵێسەییترین و «رۆژئاواییترین» پڕۆژەی مێژوویی، واتە پڕۆژەی لیبڕال-کەپیتالیستیی نەکرد. ئەم سەرکەوتنە مەزنەی «رۆژئاوا» بە سەر «رۆژهەڵات»، واتا «جیهانی یەکەم» بە سەر «جیهانی دووەم»، لەڕاستیدا هەرچەشنە کەیسێکی مۆدێرنیزاسیۆنی وەلا ناو بۆ ناوەڕۆکی یەکگرتوو حەتمی و نەجێی مشتومڕی مێژووی جیهانی گۆڕی. هەرکەس ئارەزوی دەکرد بەشێك بێت لەم پێشکەوتنە مۆدێرنە، دەبوو ئەم لەسەرتری بێ ئەملاولای «رۆژئاوا» پەسەند بکات و پێی وەفادار بمێنێت و هاوکات بۆ هەمیشە لە هەر چەشنە سود و قازانجێکی خۆی، یان لانیکەم ئەو سود و بەرژەوەندییانەی هاوئاسۆی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (و یان بە گۆڕەپانێکی فراوانتردا، بەرژەوەندیی وڵاتانی بەرەی ناتۆ) نەبوو، چاوپۆشی بکات.

لەو کاتەوە، ئەم پرسە گەڵاڵەکرا کە سیاسەتەکانی وڵاتە جیاجیاکان، دەوڵەتە جیاجیاکان، لەگەڵ کام بەشی «رۆژئاوا»ی گلۆباڵ دەگونجێت؟ گەر مۆدێرنیزاسیۆن و گونجاو بەو، بەخۆرئاوایی کردن بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچن، دەرئەنجام چانسی یەکڕیزی و یەکبوون بە شێوەی «میلیاردی زێڕین»، یان ناوچەی «دەوڵەمەندی باکور» بەدیدێت، بەڵام گەر بە هۆی هەندێك هۆکارەوە ئەمە روونەدات، ئەنجام تەنیا یەکڕیزی و بە یەکبوون لە پشتێنەی دەورووپشتی جیهان، لە ناوچەی «باشوری هەژارنشین» دەمێنێتەوە. لەم پەیوەندییەدا، دابەشکردنی جیهانیی کار، بەڵێنی بەڕێوەبردنی مۆدێرنیزاسیۆنی بۆ ناوچە هەژارنشینەکانی باشوریش داوە، ئینجا بە پێی سیناریۆی کۆڵۆنیاڵی، کاتێك کە کۆیلەیی سیاسی بوو بە کۆیلەیی ئابوری، هاوردەکردنی ستانداردە کولتورییە رۆژئاواییەکان بە میتۆد و رێساوە، بەهاگەلی خۆجێیی و نەریتی لە رەگ و ریشەوە هەڵکێشا (هاوشێوەی خەڵکی کۆریای باشور کە بە هۆی زەبری بەهێزی مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) جۆری کۆڵۆنیاڵی، هاوڕێ لەگەڵ گەشەی هەرە خێرای ئابوری، بەرەوڕووی پەرەسەندنی کەم تا

زۆر هەمەگیری ناڕەزایەتییەکان لەناو کۆمەڵگە نەریتییەکانی شامانی، بوودیزم و کۆنفۆشیوس بوونەوە). هاتنی هەموو وڵاتان بۆ ناو پێکهاتەی رۆژئاوای جیهانی گرەنتیی هیچ شتێکی نەدەکرد، بەڵام چانسی پێشکەوتنی دەدانێت.

چاکسازییەکان لە روسیاش، کە وەك کۆمەڵەیەکی تازە پێگەیشتوو دوای دارمانی یەکێتی سۆڤێت کەوتۆتەڕوو، وەك خۆی لەڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە میراتگری ئیمپراتۆرییەتی روسیا بوو، هەر ئەم رێگەیەی گرتەوەبەر. روسیاش بە رەچاوکردنی شوێنێك لەناو «باکوری دەوڵەمەند» و بە هیوای پەیوەست بوون بە مۆدێرنیزاسیۆن لەڕێگەی سەرەکییەوە (رێگەی کەپیتالیزم) و نەك رێگەی ناڕاستەوخۆ (رێگەی سۆسیالیستی)، هەوڵیدەدا سیاسەتەکانی خۆی لەگەڵ «رۆژئاوا»ی جیهانی هاوتەریب بکات. بەم حاڵەشەوە، روسیاش وەك وڵاتانی دی، سەرەتا ناچاربوو لە بانگەوازەکانی گلۆباڵ و دواتر لە بانگەوازی ناوچەیی چاودابخات، وێڕای ئەوەی دەبوو قەناعەت بە دەوری پێشەنگی ستراتژی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەناو وڵاتانی کەمتر مۆدێرندا، بێ هەرچەشنە جیاوازی و ئیمتیازێکی تایبەت، بهێنێت. لە راستیدا، کۆنترۆڵ و بەڕیوەبەرایەتیی دەرەکی بەسەر وڵاتەکەدا زاڵبوو. بەم پێیە، نوخبە کۆلۆنیالییەکان واتە ریفۆرمخوازانی رۆژئاواگەرا و کەمینەیی، کە خۆیان بە بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگە دەزانی و لە کرپراسڤینی گلۆباڵی بان نەتەوەیی، لە بنکەی گشتیی لەوپەڕی ئەتڵانتیك کاریان دەکرد، لە پۆستە کلیلییەکانی دەوڵەتدا جێگیربوون.

## بەجیهانی بوون (گلۆباڵیزم)

سەرەتاکانی ساڵانی 1990، کاتێك کە رووداني «کۆتایی مێژوو»، نەك هەر شیمانەکراو و نزیکبوو، بەڵکو بە کردەوە بەدیهات، چەمکی «رۆژئاوا» و چەمکی «جیهان» کەم تا زۆر بوون بە یەك و وەك دەوترێت «بە جیهانیبوون» روویدا. بە جیهانی کردن خاڵی کۆتاییە لە سەر بەدیهاتنی کردەوەیی بانگەشە

سەرەتاییەکانی «ڕۆژئـاوا»، بریتییە لەگشتی و یونیڤێرساڵ بوونی ئەزموونی مێژوویی و سیستمی بەهامەندیی تایبەت بەو. جیهانی‌سازی بە دزەکردنە نێو کۆمەڵگە و کولتورە جیاوازەکان و تێکەڵکردنی پڕۆژە مرۆییەکان بە میتۆدە کۆڵۆنیالییەکانی دابینکردنی سود و قازانجی تاکەکەسی (بە پلەی یەکەم سەبارەت بە سەرچاوە سروشتییەکان) مانا و چەمکێکی جیهانی بەخشی بە «ڕۆژئاوا». جیهان بە جدییەوە بەرەو مۆدێلی جیهانی تاکجەمسەر دەڕۆیشت، کە سنوری پەرەگرتووی وێڕای ناوکەکەی، واتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆمەڵگەکانی ئەوپەڕی ئاوەکانی ئەتڵانتیك، لەگەڵ دەوڵەتە دواکەوتووەکان سەروکاری بوو.

ئەنجام مۆدێلێك فۆڕمی وەرگـرت، کە لەبەرهەمی کلاسیکی سامۆئیل هانتینگتۆن بە ناوی «پێکدادانی شارستانییەتەکان» - «ڕۆژئاوا و وڵاتەکانی دیکەی جیهان» لێکدراوەتەوە، بەڵام لە مۆدێلی بەجیهانیبووندا «وڵاتانی دیکەی جیهان»، وەك بابەتێکی نامۆ بە دنیای «ڕۆژئاوا» لە بەرچاوناگیرێت، بەڵکو بە خودی «ڕۆژئاوا» دەژمێردرێت، تەنیا بەم جیاوازییەوە کە دیاردەی ڕۆژئاوای ناتەواون و هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی بەڕێوەچوون. لێرەدا، لە هەلومەرجی نوێی مێژوویی و بە ناوکۆی کاروانێك گۆڕانکاری و گۆڕانی مانایی، دیسان بەرەوڕووی هەمان پرسی نەژادپەرستیی کولتوری و «مەسیحیەتگەرایی» لیبڕاڵ-دیموکراتیك دەبینەوە کە لای سەرچاوەکانی سەردەمی مۆدێرن و ڕاڤەی سەرەتایی چەمکی «ڕۆژئاوا» بینیبوومان.

## پۆست مۆدێرن و «ڕۆژئاوا»

ساڵانی 1990 پرۆسێسێکی سەیری دیکەی پەیوەست بە مانا و چەمکی مۆدێرنیزاسیۆن هاتە ئاراوە. مۆدێرنیزاسیۆن کە بە خێرایی و چۆنیەتیی جیاوازەوە، لە سەرتاسەری جیهاندا، لە سەرەتای سەردەمی نوێوە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا بەدیهاتبوو،

کۆتایی سەدەی بیستەم گەیشت بە کۆتایی لۆژیکیی خۆی. هاوکات ئەم بابەتە بە شێوەی سروشتی لە رۆژئاوا خۆیدا روویدا. ئەو رۆژئاوایەی کە خۆی پێش ئەوانی دیکە و لەبەر هۆکاری سروشتی رووی لە مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگە نەریتییەکان کرد، خۆیشی زووتر لە ئەوانی دیکە گەیشتە کۆتایی. بەم چەشنە مۆدێرن لە شێوازی لیبراڵ-کەپیتاڵیستی خۆی بە لابردنی لەمپەڕ و رێگرەکان لە بونیادی موحافیزکاران و بەرخۆدان بەرانبەر بە مۆدێرنیزاسیۆنی تایبەتی سۆسیالیستی تاڕادەیەکی دیاریکراو، توانی بەرنامە و پلانی خۆی کۆتایی پێبێنێت. هەر لەم بارەیەوە، شەڕی راستەوخۆ لەگەڵ ئایدۆلۆژیاکانی دیکە لەناوبرا و نەهێشتنی لەمپەرە جێگیرەکانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان، بە یارمەتیی تەکنەلۆژیا بەدیهات. لە شوێنێکدا کە ئەو بونیادە پارێزرابوو، دەکرا ناوی «کاردانەوەی جەبریی گۆڕەپانی عەینی» و نەك ستراتیژێکی رکابەرێتی لێبنرێت. شەڕ لەگەڵ کۆمەڵگەی نەریتی و هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی سیمای نوێ (مۆدێرنیزاسیۆنی تایبەت، سۆسیالیزم) سەرکەوتنی لیبراڵیزمی لێکەوتەوە. لە رۆژئاوا خۆیدا، مۆدێرنیزاسیۆن گەیشتە سنوری ناوخۆیی و تا قووڵایی بەستێنی کولتوری رۆژئاوایی چووە پێش.

بارودۆخی چارەسەرکردنی کۆتایی ئەجێندای رۆژانەی پرۆسە مۆدێرنەکان بوو بە هۆی بەدیهاتنی دیاردەیەکی نوێی دیکە لە رۆژئاوا بە ناوی «پۆست مۆدێرن». ریشە و بنەڕەتی پۆست مۆدێرنیزم ئەوەیە کە کۆتایی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگەی نەریتی، لە بنەڕەتدا هەلومەرجی نوێ بۆ دانیشتووانی رۆژئاوا دەکاتە دیاری. دەکرێت ئەمە بە جوڵە و رۆیشتنی بەردەوام بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو، بشوبهێنرێت. ئەوانەی لەناو شەمەندەفەردا دانیشتوون و بەرەو وێستگەیەکی زۆر دوور ڕێدەکەن، هێند بەو رۆیشتن و رێگەبڕینە کە بە ماوەی چەندین نەوە و بەرە بەردەوام بووە، راهاتوون، ناتوانن ژیانێکی دیکە بۆ خۆیان وێنا بکەن. ئەوان ژیان و بوونی خۆیان وەك گەشە و پەرەیەك دەبینن کە رووی لە ئامانجێکی دوورەدەست کردووە، ئامانجێك کە لە بیری هەموواندایە

و هەمووان بۆ پێکانی تێدەکۆشن، بەڵام هەروا دوورەدەست دەمێنێتەوە. شەمەندەفەر دەگاتە دوایین وێستگە. ئەوان گەیشتنە شوێنی مەبەست، بەڵام موسافیرەکانی ئەم شەمەندەفەرە ئەوەندە خویان بە جوڵەوە گرتووە، کە حاڵەتی پەشۆکانی گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەیان بەریاننادات. کە دەگەنە شوێنی مەبەست، ئیدی شوێنێك نییە بۆی بچن، ئیدی شتێك بوونی نییە کە بۆ گەیشتن پێی هەوڵبدەن و تیبکۆشن. پێشکەوتن گەیشتۆتە ئاستی کۆتایی خۆی. ئەمە هەمان «کۆتایی مێژوو»، یان «قۆناغی پاش مێژوو»ە (ئارنۆڵد گەڵەن، جۆنی ڤاتیمۆ، ژان بۆدریار).

به سودوەرگرتن لە خوازەیەکی وەها، دەتوانین دۆخی پۆست مۆدێرن وەسفبکەین. لێرەدا هەم هەستی سەرکەوتن و هەم هەستی بێهیوایی هەیە. ئەمە چیدی نە مۆدێرنە و نە رۆشنگەری و نە سەردەمی نوێ. فراکسیۆنی رەخنەگرانی فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن، گاڵتە بەم قۆناغە جۆراوجۆرانە دەکەن و بە هیوا و ئاواتی ئەو کەسانەی بزاوتەکەیان دەستپێکرد و لە کۆتاییەکەی بێئاگا بوون، ‹گاڵتەی پێدەکەن. ئەوانی دیکە بە پێچەوانەوە، پێشنیاریاندا هەستی رەخنەگریی وەلابنرێت و «سەردەمانی نوێی سەرسوڕهێنەر» بەو شێوەیەی کە هەیە پەسند بکرێت و وردەکارییەکانی بە هەند وەرنەگیرێت. هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسە بە نیشانەی پۆزەتیف یان نێگەتیف، پۆست مۆدێرنی کردە خاوەنی حاڵەتی تێرمیناڵی. باوەڕ بە پێشکەوتن، کاری خۆی کرد و شوێنی خۆیدا بە تایبەتمەندیی کاتیی یاری ئاسا! واقیع کە پێشتر جێگەی بە ئەفسانەکان، ئایین، هەر بابەتێکی پیرۆز تەنگ کردبوو، ئێستا خۆی بۆتە تەوەرێکی مەجازی. مرۆڤ کە سەرەتای سەردەمی نوێ، خودای لەسەر تەختەکەی خۆ دابەزاند، هەنوکە ئامادەیە شوێنی خۆی بە بەرهەمی تەکنەلۆژیکی و ناواقیعی بدات (ئۆسواڵد شپینگلەر).

## پاش ڕۆژئاوا

ڕۆژئـــاوا ســەردەمــی بەجیهانیبوون نــەك هــەر لــەخــۆوە جیهانی و هەمەگیردەبێت (کە بە شێوەی مۆدە جیهانییەکان، برەوسەندنی بێ سنوری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەڕێوەچوونی هەمەلایەنەی ئابوری بازاڕی و سیستمی لیبڕال دیموکراتیك و سیستمگەلی سیاسی و ماف تەوەر دەردەکەوێت)، بەڵکو لەناخی خۆیدا لەناوەندی جیهانی تاك جەمسەری «باکوری دەوڵەمەند» بە شێوەی چۆنایەتی لە مۆدێرنەوە دەگۆڕێت بۆ پۆست مۆدێرن. لە ئێستا بە دواوە، گەڕانەوە بۆ ئەم ڕۆژئاوا ناوەندییە، بۆ ڕۆژئاوا لە دەرکەوتنی هەرە باشیدا، لەوانەیە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بتوانێت دوور لە پرۆسێسی مۆدێرنیزاسیۆن بێت (لەهەر جۆرێکی ئەندرۆجین و یاخود لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous)، چونکە ڕۆژئاوا لەمە بە دواوە هاو واتای مۆدێرن نا، بەڵکو پۆست مۆدێرنە و پۆست مۆدێرن بە شێوەی تەکنەلۆژی خۆی کە باوەڕی بە پێشکەوتنی لە دەستداوە، ئیدی هیچ چەشنە دوورنمایەك لە گەشە بە وڵاتەکانی خۆی پێشنیار ناکات. هاتنی «کۆتایی مێژوو»، کۆمەڵێك پرسی دیکە دێنێتەپێش کە بە هۆی گرنگی و گوشاریانەوە، «ڕۆژئاوا» بەرەو «باشوری هەژار» پاڵدەنرێت کە بە تەواوی ناپێویست و بێمانا دیارن. وەڵامی پرس و بابەتە نوێکانی سەردەمی پۆست مۆدێرن لەوێدا نادۆزرێتەوە.

هەر بۆیە ئەو کەسانەی کاتی گەڕان لە مۆدێرنیزاسیۆن لە هەلومەرجی نوێدا بۆ ڕەگ و ریشەکانی ڕۆژئاوا دەگەڕێنەوە، بێهیوایی و دڵساردییەکی مەزن چاوەڕێیان دەکات: بە بڕینی سەرجەم ڕێگەی مۆدێرنێتی تا کۆتایی، ڕۆژئاوا خاوەنی هیچ جۆرە پاڵنەر و هاندەرێك بۆ پێشەوە چوونی خۆی و بۆ ڕاکێشانی ئەوانی دیکە بۆ ئەم ڕێگەیە، نییە. ڕۆژئاوا بۆ قۆناغی نوێی چۆنایەتی تێپەڕیوە. ئێستا چیدی ئەمە نەك ڕۆژئاوا، بەڵکو پاش ڕۆژئاوایە، ڕۆژئاوایەکی تایبەت کە سیما و ڕواڵەتی لە چۆنییەتیدا گۆڕانی بە سەردا هاتووە، ڕۆژئاوای سەردەمی

پۆست مۆدێرنە. ئەمجۆرە لە «رۆژئاوا» لەڕوانگەی تەکنیکی و تەکنەلۆژیکییەوە لەسەرووی هەمووانە و پرۆسێسی بەجیهانیبوون بە خێرایی تـەواوەوە لەڕێدایە، بەڵام ئەمە ئیدی پێشکەوتن لە یەکلایەندا نییە، بەڵکو جوڵەی خولاوە بە دەوری ناوەندی مەسەلەسازدا. لە تەلارسازیی پۆست مودێرندا، لە باتێی خاڵی ناوەندی، کۆمەڵێك تەلاری هەڵکۆڵراو جێدەگرێت. ئەمە نەبوونی ناوەندە (ناوك) و جەمسەری خڕۆکە (بازنە)، دەربڕی داکەوتنە بۆ نەبوون. ئەمەیە مانای بونیادی جیهانی تاکجەمسەر. لەناوەندی رۆژئاوای جیهانیدا، واتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمانیی ئەوپەڕی ئەتڵانتیك، چاوی بێ واتای رەشی پۆست مۆدێرنی لە حاڵی هەڵاتندا، دەدرەوشێتەوە.

## مەودای نێوان تیۆری و چۆنیەتیی کاری گلۆباڵیزم

هەرچۆنێك بێت دوایین گۆڕانکاریی رۆژئاوا لە پەڕینەوە بۆ پۆست مۆدێرن، کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، بە رێنمایی کارپێکردنی تیۆریك دەژمێردرێت. وێنەیەکی وەها ساڵانی سەرەتای دەهەی 1990 فۆڕمی وەرگرت. بیرمەندان پێش ئەوەی بە شێوەی کۆتایی جێگە بۆ پۆست مرۆڤ (رەنگە رۆبۆتی بیرمەند) چۆڵبکەن، کاتێك کە هیشتا نیشتەجێی رۆژئاوا بوون، تیۆرێکی وەهایان لە بارەی رۆژئاواوە ئاراستە کرد، بەڵام لە نێوان ئەم تیۆرە و بەدیهاتنیدا، مەودایەکی دیاریکراو دەپارێزرا. رامان لە سروشت و بونیادی «رۆژئاوا»یەکی وەها و پۆست مۆدێرنێکی لەم چەشنە، تەنانەت لایەنگرانی هەرە بەگوڕ و سوریشی تووشی بێ هیوایی و دڵەڕاوکێ دەکرد. بۆنموونە، فرانسیس فۆکۆیاما، لە چرکەساتێکی تایبەتدا، لە وێنەیەك کە خۆی سەرەتاکانی ساڵانی 1990 نەخشەی کێشابوو، پاشەکشێ دەکات و پێشنیاز دەکات رۆژئاوا لە هەمان دۆخی پێشوویدا، واتە لەو قۆناغەدا کە هێشتا بە دوایین وێستگە نەگەیشتووە، رابگیرێت . ئەوانەی

ڕەخنە لە فۆکۆیاما دەگرن، بۆ نموونە سامۆئێل هانتینگتۆن، چۆنیەتی و قەبارەی ئەو لەمپەڕ و بەربەستانەی ڕۆژئاوا دەبوو لایانبات، تاکو بتوانێت بە شێوەی واقیعی بەجیهانی و گشتی بێت، زۆر گەورە دەکردەوە. لەڕوانگەگەلی جیاجیاوە، هەموان چنگیان لە پاشماوەکانی مۆدێرنە، لەوانە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی، باوەڕ بە پێشکەوتن، ئەخلاقییات و ترسەکانی کە هەمووان لە زۆرلاوە پێشتر پێی ڕاهاتبوون، گیر کرد. لەو کاتەدا بڕیاردرا ڕۆیشتن بەرەو مەبەستی کۆتایی و دوائامانج دووبارەبکرێتەوە. هەنوکە، ڕۆژئاوا ڕێك لەم مەودایە نزیکدەبێتەوە. ئەم مەودایە لەڕووی تیۆرەوە دەبێت بکەوێتە سەردەمی گلۆباڵیزم و تێپەڕین لە تەواوی بەربەستەکانی سەرکەوتن بەسەر هەموو ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکە، ئەوەی کە ڕۆژئاوا بە توندی مل لە پەسەندکردنی بادەدات، واتا تەلارسازیی جیهانی پۆست مۆدێرن، وێڕای چاڵێك لە باتی (خاڵی)ناوەند. هاوکات، لەم مەودایەدا، کە بەردەوام کەم دەبێتەوە، پڕۆسێسگەلی بەڕادەی پێویست گرنگ لە کاردان کە بەردەوام سەرقاڵی گۆڕینی وێنەی گشتیی جیهانن. ئەم پڕۆسێسانە کاریگەریی زۆر لەسەر ڕوسیا دادەنێن.

### ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا: دوو جەمسەری جیهانی ڕۆژئاوا لەسەرەتای سەدەی 21

هەڵکشان و داکشانی ڕۆژئاوا لە مەودای نێوان مۆدێرنی گەیشتوو بە کۆتایی و پۆست مۆدێرنی تازە دەستپێکراو، لە بەشی جیۆپۆلەتیکیش ڕەنگدانەوەی دەبێت. دیارنەمانی ڕکابەری جیهانی بە ناوی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی (پـڕۆژەی ئەلتەرمۆدێرنیزاسیۆن)، ژیـاری ئەوپەڕی کەنداوی ڕووبـەڕووی پرسیار کردەوە. نەبوونی دوژمن لە ڕۆژهەڵات، پەیوەندیی نیوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەورووپای لە چوارچێوەی «ڕۆژئاوای ناوەندی» تاڕادەیەك لێڵ

و ناڕوونکرد. دابەشکاریی ڕۆژئاوای ئەوپەڕی کەنداو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا فۆڕمی وەرگرت. ناوەندی ڕۆژئاوا بە درێژایی سەدەی بیستەم بۆ ئەوپەڕی کەنداو، بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکشا. دوای جەنگی جیهانیی دووەم، ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆی پەیامی ئاڤانگاردبوونی گرتە ئەستۆ. ئەوان بوون بە بانزلهێز کە بە دەسەڵاتی سەربازیی خۆی هێمنی و ئاسایشی سەربازی و ستراتیژی و گەشەی ئابوری وڵاتانی ئەوروپی دابیندەکرد.

دوای داڕمانی یەکێتی سۆڤیێت، دەوری ناوەندیی ڕۆژئاوا، بە قایمتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕەگی داکوتا. ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ یەکڕیزی ئەوروپی و دروستبوونی وڵاتی بان نەتەوەیی، وڵاتێك لە جۆری پۆست مۆدێرن (پاشاگەردانی). ئەوروپا کە سەردەمانێك لانکە و سەرچاوەی ڕۆژئاوابوو وەك دیاردەیەك، خۆی سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە «ڕۆژهـەڵات» لە قەڵەمدەدرا. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕیگەی مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتەدا لە ئەوروپا پێشکەوت و جیهانی کۆن Old World (پێکهاتوو لە ئەوروپا، ئاسیا و ئەفەریقیا) بەراورد بە جیهانی نوێ بوون بە دیاردەگەلێکی زۆر سەربەخۆتر. وێنەی جیۆپۆلەتیکی بە جۆرێك فۆڕمی وەرگـرت، کە لە فەزای خودی ڕۆژئاوادا دوالیزمێکی ئاشکرا بەدیدەکرا. لە لایەکەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە پێشکەوتووترین بەشی ڕۆژئاوا و لە لاکەی دیکەیەوە ئەوروپا هەوڵیدا ڕێگەی تایبەتی و جیاوازی خۆی بدۆزێتەوە. تەنانەت لەم بـارەوە کۆمەڵێك باس و مشتومڕی فەلسەفی هەڵگیرساوە و بەرەیەك لە نیۆکۆنزەرڤاتیڤە ئەمەریکییەکان (لەوانە ڕۆبێرت کیگان)، پێشنیاریان کرد ژیاری ئەمەریکی وەك ژیارێکی سەرچاوەگرتوو لە تیۆری دەوڵەتی ترسناکی لڤیاتانی هۆبز، گەڵاڵە بکرێت و یەکێتی ئەوروپا وەك وێناکردنی ئایدیاکانی پاسیفیستی کانت، وێڕای کۆمەڵگەی مەدەنی و لەسەرخۆیی و مافی مرۆڤی، بەکاربهێنرێت

و هەوڵ بۆ بەڕێوەچوونی بدرێت. چەندین دابەشکاریی دیکەش پێشنیار دەکران. هەرچۆنێك بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا بە شێوەی نوێ لە بەهاکانیان رامان، تایبەتمەندی و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ مۆدێرن و پۆست مۆدێرن.

ئەم بابەتە لە ئاستی بەرژەوەندییەکاندا، بە جۆرێکی گرژتر دەکەوێتەڕوو. یەکێتی ئەوروپا وەك یەکەم هێزی بەهرەوەر و دووەم دەسەڵاتی ئابوری جیهان تێگەیشت کە بەرژەوەندییەکانی لە وڵاتانی عەرەبی و سەبارەت بە روسیا و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵات، جیاوازە لە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا و زۆربەی جار دەکەوێتە خاڵی بەرانبەریەوە. بە تایبەت ئەم بابەتە کاتی هێرش بۆ سەر عیراق دەرکەوت، کە فەرماندەیی ناتۆ پشتیوانیی لە لاقە و هێرشی ئەمەریکا نەکرد و رێبەرانی فەرەنسا و ئەڵمانیا (شیراك و شرۆدەر)، لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆك کۆماری روسیا، دژایەتیی توندی خۆیان لەگەڵ ئەم شەڕە راگەیاند. دەکرێت ئەم وێنە نەخشێندراوە بەم فورمۆلەوە لێکبدەینەوە: ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا لە بەهای هاوبەش، بەڵام بەرژەوەندیی جیاواز بەهرەمەندن. بەرژەوەندیی جیاجیا و درککردنی بە تایبەت لە وڵاتانێکی وەك فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و ئیسپانیا بەدیدەکرێت. ئەوان بە زۆری بەناوی وڵاتانی ئەوروپای وشکانی ناویان دەبرێت و خواستی ناساندنی ئەوروپا وەك ئەکتەرێکی سیاسی سەربەخۆ کە تا ئەو ئاستەی دەگونجێت دەبێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەربەخۆبێت، ناوی وشکانی، یان ئەوروپای وشکانی (کیشوەری) لێدەنرێت. لایەنگرای وشکانی (بۆ نموونە فەیلەسوفی فەرەنسی ئەلێن دوبنوا) جەختیان لەم خاڵە کردووەتەوە کە سود و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا لێکجیاوازن.

لە جەمسەری دیکەی ئەوروپادا، کەسانێك هەن کە بە هەر شێوەیەك

بووە داکۆکی لە یەکگرتوویی و یەکڕیزیی بەهاکان دەکەن و بەم پێیە، پێ لەسەر هاوسەنگ‌کردن و دەقاودەق کردنی بەرژەوندییەکانی ئەوروپی لەگەڵ جۆری (ئەم بەرژەوەندییانە) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دادەگرن. ئەتڵانتیستە ئەوروپییەکان (بەریتانیا، وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، هەنگاریا، پۆڵەندا، رۆمانیا، چیك و وڵاتانی باڵتیك و هتد) سەر بەم جەمسەرەن. دوو خواستی جۆراوجۆر لە خودی ئەوروپا بووەتە هۆی دروستبوونی یەکسانی دووانە. لە لایەکەوە لەگەڵ ئەوروپای وشکانی و کیشوەریی مامەڵە دەکەین، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەوروپای لایەنگری ئەمەریکا. هەر دوو جەمسەری ئەوروپا بە شێوەی جیاواز بەرانبەر بە چەمکی «رۆژئاوا» کاردانەوەیان هەیە: کیشوەرگەراکان لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەر ئەوروپا، «رۆژئاوا»یە، کەواتە ویلایەتە یەکگرتووەکان شتێکی دیکەیە، لایەنگرانی ئەمەریکا بە پێچەوانەوە، هەوڵدەدەن بە هەر شێوەیەك کە دەکرێت، چارەنووسی ئەوروپا و ئەمەریکا وەك ژیارێکی یەکگرتوو، بەراورد بکەن کە لەوێدا کەنداو وەك جۆرێك «دەریاچەی ناوخۆیی» لە قەڵەم دەدرێت (هەروەك چۆن وڵاتانی یۆنان و رۆم کاتی خۆی دەریای سپییان بە «دەریاچەی ناوخۆیی» ئەژمار کردووە). یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، لای ئەتڵانتیستە ئەوروپاییەکان، پێکەوە «رۆژئاوا»ن.

## دیاریکردنی شوناسی روسیا: وڵات یان؟...

ئێستا تیشکدەخەینەسەر دیاریکردنی شوناسی روسیای هاوچەرخ. پێناسەکردن و لێکدانەوەی سەرەتایی ئەوەی لەژێرناوی «رۆژئـاوا» درکی پێدەکرێت، ئێمەی بەکەرەستەیەکی جێمتمانەوە پڕچەك کـردووە تاوەکو بتوانین بە هۆیەوە لە چەمکی «روسیا» تێبگەین. دوای ئەوە دەکرێت بەشێوەی بنەڕەتی و راست و دروست پێگەی هەریەکەیان لەکاتی ئێستا و داهاتووی شیمانەکراو دا وەسف بکەین. دوو خوێندنەوەی لە بنەڕەتدا جیاواز

لەمەڕ روسیای هاوچەرخ لە ئارادایە (سەبارەت بە قۆناغی حکومەتی قەیسەری رۆمانۆفەکانیش هەر بەمشێوە بوو، باس و مشتومڕی بەگوڕی دەنایەوە). دەکرێت روسیا بە ناوی «وڵات» یاخود «ژیاری سەربەخۆ» ئەژمار بکرێت. بەوپێیەی ئێمە روسیا بخەینە ناو کام پۆلێنەوە، بونیادی پەیوەندییەکامان لەگەڵ رۆژئاوا دیاریی دەکرێت. گەر «روسیا» وڵاتە، کەواتە دەبێت بخرێتە ریزی وڵاتانی دیکەی وەك فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەنجام دەبێت بە ئەوروپا و لە کۆتاییدا بە «رۆژئاوا»وە پەیوەست بکرێت (لەڕوانگەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی، دینی مەسیحییەت، رەسەنایەتیی هند و ئەوروپیی هۆزەکانی سلاڤۆی). زۆر کەس روسیا بە زلهێزی ئەوروپی دەزانن. ئەم باوەڕە لە نێو:

-چینی خانەدانی رۆمانۆفەکان؛

-روسەکانی لایەنگری رۆژئاوا؛

- نوخبە سیاسییەکانی روسیای هاوچەرخ رەواجی هەیە.

بە دەیانجار لە زمانی پوتین و میدڤیدێف-مان بیستووە کە «روسیا، وڵاتێکی ئەوروپییە». مادام لایەنگریی لەم هەڵوێستە بکەین، کەواتە دەبێت دەستبەجێ دان بەوەدا بنێین کە روسیا، «وڵاتێکی خراپ و یان تەنانەت خراپترین وڵاتی ئەوروپییە»، چونکە روسیا لە نۆرمەتیڤی نموونەیی بۆ ژیاری رۆژئاوایی زۆر دوورە. شوناسی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری و دەروونناسانەی روسیا، بە رادەیەك جیاوازە لە کۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەمەریکی، کە دەستبەجێ سەبارەت بە رۆژئاوایی بوونی گومان و دوودڵی داماندەگرێت. پێوەری سەرەکی، سروشتی مۆدێرنیزاسیۆنی روسیایە. کە لێکیدەدەینەوە، بە جوانی نیشانەکانی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) بەدیدەکەین، واتە ئەوەی لە دەرەوە هاتووە و لەناوخۆی کۆمەڵگەکە سەرچاوەی نەگرتووە و بە شێوەی زۆردارانە و دەستکرد سەپێنراوە. لە روسیا هیچکام لەم دۆخانەی خوارەوە لە:

-کەپیتالیزم (سەرمایەداری)،

-ئیندیڤیدوالیزم (تاکگەرایی)،

-دیموکراسی،

-راسیۆنالیزم،

-بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی،

-خودئاگایی یاسایی،

- کۆمەڵگەی مەدەنی جێگیر نەبوون و هێشتا ناکامڵبوون.

بە پێچەوانەوە، تا ئەمڕۆ رێسا و سیستمی کۆمەڵگەی نەریتی لە وڵاتدا باڵادەستە:

-باوکسالاری،

-کالێکتیۆڤیزم،

-پلەبەندیی،

-بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە هاوشێوەی خێزان،

- لە پێشبوونی ئەخلاقییات لە چاو ماف و یاسا، لەسەروتربوونی بەهاکانی ژیان بە نیسبەت بەهای راسیۆناڵ و هتد.

جگە لەمە، روسیا گەلێك تایبەتمەندیی ئەوروپی هەم لە بواری بەهاکان و هەم تەکنەلۆژی کێشکردووە. روسیا ئەوانەی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خۆی گونجاندووە و بۆ خزمەتکردن بە بەرژەوەندی و بەهاکانی خۆی سودی لێوەرگرتوون. روسیا بە شێوەی ئەکتیڤ و چالاکانە، توخمی جیاجیای ئەوروپی بەکارهێناوە، بەڵام نەچووەتە ژێر رکێف و کۆنترۆڵیان. تووڕەیی و رقی رۆژئاواییەکان (بە تایبەت روسییەکانی رۆژئاواگەرا) هەر لەمە بابەتەوە سەرچاوەدەگرێت. روسیا لای ئەوان وڵاتێکە لاسایی فۆرم و شێوازی رواڵەتییانەی ئەوروپا دەکاتەوە، بەڵام ناوەڕۆکی روسیی خۆی دەکاتە ناویان. جیاوازیی روسیا لە وڵاتە ئەوروپییەکان، لەو جیاوازییەی لەنێوان خودی وڵاتانی

ئەوروپیدا هەیە، ناچێت. بە تێپەڕین لە سنورەکانی روسیا، رۆحی کولتوری دەگۆڕێت، لە جۆرێکی کولتوری و مێژووییەوە دەچینە جۆریکی دیکەی کولتوری و مێژووییەوە. روسیا لە ئەوروپا و سەرجەم رۆژئاوا جیاوازە. مادام بە سەرچەشن، پێ لەسەر ئەو بابەتە دابگرێت کە روسیا بەشێك لە رۆژئاوا و وڵاتێکی ئەوروپییە، لەو حاڵەتەدا دوو دەرئەنجاممان دەبێت، یان دەبێت روسیا بە شێوەی بنەڕەتی بۆ بوون بە رۆژئاوایی ریفۆرم بکرێت (کە تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ئەم چاکسازییانە بگەیەنێتە کۆتایی)، یان روسیا ناسێنەری رۆژئاوایەکی دیکە، «ئەوروپایەکی دیکە»یە.

حاڵەتی یەکەم زیاتر کەڵکی لێوەردەگیرێت، بەڵام پێداگری و سوربوونێك کە نەتەوە و کۆمەڵگەی روس بۆ رەتکردنەوەی بەخۆرئاوایی کردنی قووڵ (تەنیا لاسایی سیما و رواڵەتی دەکەنەوە)، نیشانیدەدەن و خۆڕاگرییان بەرانبەر بە پەسەندکردنی بەها ئەوروپییەکان (بە شێوەیەك کە لەگەڵ تایبەتمەندییە روسییەکان یەکبگرنەوە، دەیانگونجێنن)، لە کۆمەڵگەی رۆژئاواییدا لە سیناریۆی سەیروسەمەرە دەگەڕێن تاکو بە یارمەتییان لە گوشار و کاریگەریی بەهاکان و رێسا پڕاوپڕ رۆژئاواییەکان دووربکەونەوە (کە کاتی دەسەڵاتداریی قەیسەرەکان و بە تایبەت یەکێتی سۆڤێت جوان دیاربوو)، ئەوەی کە کردنی روسەکان بە ئەوروپی کارێکی بێ داهاتووە، هەر لێرەوە سەرچاوەدەگرێت. بەم چەشنە روسیا بە وڵاتی «بە تەواوی بە رۆژئاوایی نەبوو»، «رۆژئاوای پلە دوو» دەمینێتەوە، کە ناتوانێت بە شێوەی واقیعی شوناسی هاوشێوەیی رۆژئاوا وەربگرێت.

وەلێ کاتێك باسی حاڵەتی دووەم دەکرێت، کە دەڵێن روسیا رۆژئاوایە، بەڵام رۆژئاوایەکی دیکە، کە خاوەنی هەمان ئاڵۆزییە. یەکەم، ئەگەر روسەکان خۆیان بە رۆژئاوایی» بزانن، کە لێردەا مەبەستیان «رۆژئاوایی تایبەت»ە، بۆ نموونە ئەرتەدۆکس، دواتر بیزانس و دوایی سلاڤۆی و هتد، ئەوروپییەکان

هەرگیز ئەم بابەتە بە فەرمی وەرناگرن و بانگەشەیەکی وەها بە شتێکی «خۆخوازانە و بەرزەفڕیی بێ سەلماندنی راستەقینە» لە قەڵەمدەدەن. پێداگریی زیاتر، تەنیا گرژترکردنی ناکۆکییەکان و کاردانەوە و وەڵامدانەوەی بە دواوە دەبێت. مادام روسیا «رۆژئاوا»یە، و لەسەر ئەمەش پێدادەگرێت، کە دەبێت چەمکی «رۆژئاوا» هەر بەمشێوەیەی کە هەیە، پەسەند بکرێت و بە فەرمی بناسرێت، کاریگەری توندی مێژوویی جیۆپۆلەتیکی، تەکنەلۆژی و کولتورییەکەی دەسڕدرێتەوە و دەڕمێت. گەر روسیا بەشێکە لە رۆژئاوا، کەواتە رۆژئاوا چیدی رۆژئاوا نییە و من تێناگەم چییە.

ئەنجام، گەر روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە، بابەتێکی دژواز درکی پێدەکرێت، کە روسیا خاوەنی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیەتی و هەمیشە، یاخود کەم تا زۆر، دەکەوێتە خاڵی بەرانبەری بەرژەوەندیی وڵاتانی رۆژئاوایی. سەربەخۆیی و ئازادیی نیشتمان بەردەوام بۆ روسەکان بەهایەکی باڵا بووە و ئەو جیاوازییە ئاشکرا و پایەدارە لە بەرژەوەندییەکاندا، بەهای هاوبەش و ژیاری یەکەیان دەخاتەگومان و دوودڵییەوە. هەرچەند ئەمە خاڵی سەرەکی نییە، چونکە لە نێو زلهێزە ئەوروپییەکاندا گەلێك دژیەکی قووڵ هەیە، بەڵام ئاوێتە بوونیان لەگەڵ ئەم دوو خوێندنەوە باسکراوە، بەستێنی لەبار بۆ گومانکردنی یاسامەند لەو تیۆرەدا کە روسیا سەر بە رۆژئـاوا بێت، دەڕەخسێنێت. بە بڕوای رۆژئاواگەرایانی توندڕەو، روسیا «پەیوەندیەکی نەگونجاوە» کە لە رێگەی ریشەکێشکردنی هەر چەشنە رەسەنێتییەکی خۆی، بووە بە بەشێك لە رۆژئاوا و هەرچەشنە بەرژەوەندییەکی خۆی رەتکردۆتەوە. روسیا وڵاتێکە کە لە دەرەوە کۆنترۆڵدەکرێت و پێکهاتەی ئەتنی و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی گۆڕاوە. بۆ ئەوەی روسیا بتوانێت ببێت بە وڵاتێکی ئەوروپی تەواو، دەبێت لە سەرەتاوە تا دوایین پایە وێران بکرێت، بەڵام تەنانەت تاقیکردنەوەی رادیکاڵی بەڵشەفیکەکانیش نەیتوانی ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێت و روسیا بە هەموو

تایبەتمەندییەکانییەوە، دیسانەوە لە خۆڵەمیشی وێرانەکانەوە هەستایەوە. ریفۆرمخوازانی لیبڕاڵ و ئۆلیگارشی نەیانتوانی لە ساڵەکانی 1990دا بەم ئامانجە بگەن، بەڵام تا ئەمڕۆ، ڕێبەریی وڵات لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە. چینی باڵادەست هەمیشە سەرچاوەی بەخۆرئاوایی کردن و مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگەی روس بووە. پۆشکین لەسەر حەق بوو کە «لە روسیا، حکومەت، تاکی تاقانەی ئەوروپییە».

## روسیا وەك ژیار (جۆری کولتوری – مێژوویی)

لەڕوانگەیەکی دیکەوە، روسیا وەك ژیارێکی سەربەخۆ دێتە ناساندن. ئەم هەڵوێستە تایبەتمەندیی بڕواداریی سلاڤۆفیلەکان (لیۆنتیف و دانێڵفسکی)، پسپۆڕانی روسی ئۆراسیایی، ناسیۆنال-بەڵشەفیکەکان (ئۆسترپالۆف)ە. لەم حاڵەتەدا، روسیا وەك دیاردەیەك دەناسێنرێت کە دەبێت نەك لەگەڵ وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی، بەڵکو لەگەڵ سەرجەم ئەوروپا، لەگەڵ جیهانی ئیسلام، لەگەڵ ژیاری هندی ، یاخود چینی بەراورد بکرێت. دانێڵفسکی وەك «مۆدێلی کولتوری-مێژوویی» ناوی دەبات. دەکرێت باسی ژیاری «سلاڤۆی-ئەرتەدۆکس» و یان ژیاری روسیا بکەین. بە دەربڕینی وردتر، روسیا-ئۆراسیا، کە یەکەمجار ئۆراسیاییەکان (ترۆبتێسکی، ساڤیتسکی، ڤێرنادسکی، ئەلێکسییەف، پۆسۆچینسکی و ئیلین و ئەوانی دیکە) بەکاریانهێنا. پێناسەیەکی وەها دەربڕی ئەوەیە کە باس باسی وڵاتێك یان باسی دامەزراوەیەکی سادەی دەوڵەتی نییە، بەڵکو باسی یەکێتیی ژیارمەندە، باسی دەوڵەت-جیهانە.

ئامادەیی تایبەتمەندیی ئەوروپی و ئاسیایی لە روسیا، وەك ژیارێك نابێت ببێتە هۆی ئەنجامگیریی بە پەلە، گوایە قسە لەسەر کۆکردنەوەی میکانیکی هەموو ئەو شتانەیە کە لە ئەوروپا بە قەرز وەرگیراوە. زاراوەی «ئۆراسیا» ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەمە سێیەم مۆدێلە، ژیارێکی تایبەت، کە لەڕوانگەی

قەبارە و تایبەتمەندییەکانیەوە دەتوانێت بکەوێتە ململانێ و رکابەرێتییەوە، بەڵام ژیارێکیشە لەڕووی ناوەڕۆکی بەهادارییەوە لە ژیارەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا جیاوازە. گەر قایل بین بەوەی روسیا خۆی ژیارێکە، هەموو شت، هەم لەسەردەمی مۆسکۆی قەیسەری و هەم سەردەمی سان پترسبۆرگ و کاتی سۆڤێت لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. پەیوەندی و دانوستانەکانی روسیا و رۆژئاوا دەبێتە خاوەنی لۆژیکی کۆتایی و هەموو ئەو دژیەکیانەی بە هۆی گریمانەی «روسیا وەك وڵاتێکی ئەوروپی» لە ئارادایە، خۆی لەناودەچێت. روسیا - ئۆراسیا (یەکسانە بە ژیارێکی تایبەت) کە هەم بەها رەسەنەکانی خۆی و هەم بەرژەوەندییەکانی پاراستووە. بەهاکانی کۆمەڵگەی نەریتی بە پشتبەستن بە ئایینی ئەرتەدۆکس لە بەرچاو گیراون.

ئایدیای ئیمپراتۆرییەتی جەنگیزخان و بونیادی ناوەندی سوپای مەغۆل، کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بنەما سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دانـاوە. پێشکەوتن و کامڵبوونی ئەم کۆمەڵە، داوای مۆدێرنیزاسیۆنی نەدەکرد و هەڵگری پێشمەرجەکانی سەرهەڵدانی ئەو ئایدیا و پرەنسیپ و خواستانە نەبوو کە بنەڕەتی سەردەمی نوێی ئەوروپای پێکدەهێنا، بەڵام بوون و ئامادەیی هێزی چالاك و هێرشبەر و پێڕەوی کۆڵۆنیال لە رۆژئاوا، کە هەوڵیاندەدا نەك هەر سەرچاوەکانی خۆیان، بەڵکو بەهاکانی رۆژئاواش بەسەر رۆژهەڵاتدا بسەپێنن، روسیایان ناچارکرد هەندێکجار لە رێگەی مۆدێرنیزاسیۆن (بەخۆرئاوایی کردن)ی هەندەکی و بەرگریکارانە هەنگاو هەڵبگریت. ئەم مۆدێرنیزاسیۆنە لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) بوو، نەك کۆڵۆنیالی. ئەمە رەوتێك بوو کە رۆژئاواخوازانی روس، لەوانە چادایۆفی تووڕەدەکرد. لەم بارەوە مێژووی روس وەك ژیارێکی تایبەت خۆدەنوێنێت، کە لە هەلومەرجی ئاشتی و ئاسایشدا دەگەڕێتەوە بۆ رەگ و ریشە سەرەکییەکانی خۆی و لە قۆناغی نائارامدا (لە سەرەوە) دەستدەکات بە مۆدێرنیزاسیۆنی ناچاری و زۆرەملێیی. چاکسازییەکانی

پۆتری مەز، «ئەوروپاییزم»ی نوخبەکانی رۆمانۆف و تاقیکردنەوەی سۆڤێت لەم تابلۆیەدا مانای هەیە و یاسامەند دەبێت. روسی- ئۆراسیا بە لاساریی تەواو، لەسەر پاراستی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و بەهاکانی خۆی پێداگری دەکرد و هەندێجار ناچاردەبوو لە ئایدیاکانی بەخۆرئاوایی کردن و مۆدێرنیزاسیۆن بۆ بەرانبەرکێی کاریگەر لەگەڵ رۆژئاوا، سوودوەربگرێت. روسیا نە بەشێکە لە رۆژئاوا و نە بەشێکیشە لە رۆژهەڵات. روسیا ژیارێکی تایبەتە. پاراستنی ئازادی، سەربەخۆیی و رەسەنایەتییەکی وەها بەرانبەر بە ژیارەکانی دی، رۆژهەڵات و رۆژئاوا، رێگە و رووگەی مێژووی روس پێکدێنێت.

## روسیا و رۆژئاوا لە ساڵەکانی 1990

سەردەمی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، بەتایبەت «شەڕی سارد» ئەرك و بەرپرسیارێتیی ژیاری روسیا، زایەڵەی ئایدۆلۆژییە بەشێوەی ژیاری سۆڤێت. لەم فۆرمەدا ئێمە هاوئاسۆیی کلاسیکی بەرانبەرکێی رۆژئاوا (لەم حاڵەتەدا بە شێوەی لیبڕال-کەپیتالیستیی بوورژوایی) و ئایدیاگەلی دیاریکراو، تەکنەلۆژیای بە قەرز وەرگیراو (مارکسیزم) دەبینین. ئەمە قۆناغی ئەڵتەرمۆدێرنێتی، مۆدێرنیزاسیۆنی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی جیۆپۆلەتیکی بوو. تا کۆتایی سەردەمی سۆڤێت، رێبەریی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، درکی ئاشکرای پرۆسەگەلی سەرەکیی جیهانیی لە دەستدا، هۆکاری یەکەمیش ناهاوتەریبیی رۆڵ و سروشتی راستەقینەی مارکسیزم لەلایەن مارکسیستەکانەوە و هۆکارە واقیعییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتێکی دواکەوتووی فیۆداڵی (پێچەوانەی هەموو بیروڕاکانی مارکس) بوو.

داهێنەرانی رێبازی سۆڤێت تایبەتمەندییە ناسیۆنال-بەلشەڤیک (ئۆراسیایی)، یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستییان لەبەرچاونەدەگرت و ئەم بابەتە لە رێگەی

دەرکی پەیوەندی و دانوستانە قووڵەکانی روسیا و رۆژئاوا دووری خستنەوە. بەم چەشنە لە کۆمەڵگەی سۆڤیێتدا، ئایدیای «خۆکوژیئاسا»ی گەڕانەوەی دووبارە بۆ رۆژئاوا بۆ مۆدێرنیزاسیۆنی داهاتوو، کە لە جوڵە و بزووتن کەوتبوو روویدا.

سەرەتا قسە لەسەر لێکدانی دوو سیستم بوو، وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییە بەرانبەرەکان، بەڵام ئەم قۆناغە بە خێرایی بەرەو ئاڵوگۆڕی هەڵوێستەکانی یەکێتی سۆڤیێت و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ کەرەستەی ئابوری و تەکنەلۆژی، راکێشرا. یەکێتی سۆڤیێت بە هەنگاو هەڵگرتن لەم رێگەیەدا بە تووندی بەربووەوە و ریفۆڕمخوازانی لیبڕالی سالآنی 1990 دەستیان بەرەو رۆژئاوا درێژ کرد و دانیان پێدانا کە بێهیچ مەرجێك ئامادەن بەها و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا قبووڵ بکەن. ساڵەکانی 1990 سالآنی رۆیشتنی روسیا بەرەو رۆژئاوا و هەوڵ و تێکۆشانی بەگوڕ بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ رۆژئاوا بوو، بە پێی هەرچەشنە پرەنسیپ و بنەمایەك. بەم بۆنەیەوە خواستی هەمیشەیی تۆبە لەبەر رابوردووی سۆڤیێت و حکومەتی قەیسەری، لاساییکردنەوەی بێڕادە و بێسنور لە مۆدێلەکانی لیبڕال-دیموکراتیك لە سیاسەت و سیستمی بازاڕی، خۆبواردن لە دەربڕینی بەرژەوەندیی جیهانی و ناوچەیی و پێشبینیکردنی سیاسەتی ئەمەریکی لە ئاوە دوورەکاندا کەوتنەڕوو، بەڵام پێچەوانەی مەزەندەو هیواکانی ریفۆڕمخوازانی رۆژئاواخواز، ئەم رێبازە کە بە ناوی یەڵتسن و هاوڕێکانییەوە دەناسێندرا، هیچ چەشنە دەرئەنجامێکی ئەرێنی لێنەکەوتەوە. رۆژئاوا بۆ مۆدێرنیزەکردنی روسیا لە بەر دوو هۆکار پەلەی نەبوو:

-ترس لەوەی لەوانەیە روسیا جارێکی دی بگەڕێتەوە سەر رێگەی بەرانبەرکێ و ململانێ، بەهێز بێت و دەسەڵاتی خۆی بژیەنێتەوە (رۆژئاوا باش لەوە تێگەیشتبوو کە روسیا وەك وڵاتانی ئەوروپی نییە، بەڵکو ژیارێکی سەربەخۆیە و هەمیشەش ئەمەی لە بەرچاو بووە.)

-رۆژئـاوا بە پەڕینەوە بۆ پۆست مۆدێرن، ئەوەی کە لە فەزای ژیاری ماوەتەوە لە دەستی داو نوقمی جیهانی درکی ململانێ نوێکان ببوو.

رۆژئاوا لە لاوازبوونی زۆری روسیا رازی بوو، پێشوازی لێدەکرد، بەڵام باوەڕی بە راستگۆیی و رێبازی رۆژئاواییەکەی نەبوو. هەر بۆیە پەیوەندی و دانوستانەکانی روسیا و رۆژئاوا لە ساڵەکانی 1990 ئێجگار خراپ بوو. روسیا بە هۆی حوکمڕانیی ریفۆرمیستە رۆژئاواخوازەکانەوە، شوناسی خۆی، پێگەی خۆی لەجیهان، هاوڕێ و دۆستەکانی خۆی لە دەستدا و بەرژەوەندییەکانی خۆی کردە قوربانی، کوێرانە و بێ تێگەیشتن لە هاندەرە راستەقینەکانی سیستمی بەهاکان، لاسایی رۆژئاوای دەکردەوە، تەنانەت گومانی لە واقیعی شوناسی کۆمەڵگەی بان پیشەسازی، یاخود کولتوری پۆست مۆدێرن، نەدەکرد. رۆژئاوا بە هەر شێوەیەك بووە هەوڵیدەدا هەرچی زیاتر روسیا لاواز بکات و نەك تەنها لەو رێبازە نوێیەی روسیا پەیڕەوی دەکرد، خۆشحاڵ نەبوو، بەڵکو گاڵتەی پێدەکرد و رەخنەی لە پێشخانی تاوانکارانە و گەندەڵی دەگرت. لە دۆخێکی وەهادا، روسیا نەك هەر نەبوو بە بەشێك لە مۆدێرنیزاسیۆنی نوێ، بەڵکو بە وێرانی دامەزراوە پێشووییەکان و کەرەستەی کۆمەڵایەتی و ئابوری رابوردوو، تەنیا چەند بەش و بەشێکی لە پۆست مۆدێرن بە قەرز وەرگرت.

لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی 1990، واپێدەچوو روسیا دەچێتە ناو قۆناغێکی دیکەی رووخانەوە و خاکەکەی لەبەردەم مەترسیدایە (شەڕی چیچان). لە دەستچوونی شوناسی خـود، نەبوونی ئایدیای نەتەوەیی، شکستی مۆدێرنیزاسیۆن، روسیای گەیاندبووە لێواری هەڵدێری قەیرانەوە. رۆژئاوا لەم بارودۆخەدا هیچ یارمەتییەکی نەدا و تەنیا بە خواست و سیناریۆی تێکدەرانە ئەم رەوتەی خێراتر دەکردەوە. ناتۆ بە پێی پلان بەرەو رۆژهەڵات کەوتەڕێ و بۆشاییەکەی پڕ کردەوە. تۆڕی ریکلامیی دزەکردو لە روسیا، پڕوپاگەندەیان

بۆ ئامۆژەی رۆحی لیبڕالیزم و بەهاکانی «گشتی مرۆڤایەتی» (رۆژئاوایی) بۆ دانیشتوانی وڵاتەکە دەکرد. هەموو کەس هەوڵیدەدا پرسیاری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی روسیا گەڵاڵە بکات، دەستبەجێ مۆرکی «ناسیۆنالیست» یان «سور-قاوەیی» لێدەدرا. هەنوکە، دەکرێت بە دڵنیاییەوە بوترێت، پەیوەندی و دانوستانەکانی روسیا و رۆژئاوا، لە ساڵەکانی 1990 بۆ روسیا قەیراناوی بوو، کە هۆکارەکانی بەمشێوەیەی خوارەوەن:

- «گومڕایی قووڵ»
-مەزەندەی تەواو ناڕاست،
-دەرك نەكردنی تەواوی هەلومەرجی راستەقینە،
- سەرئەنجام خیانەتی راستەوخۆ لە بەرژەوەندی نەتەوەیی.

روسیا لە پێش چاوی هەموان، گۆڕا بۆ کۆڵۆنیالێك بە پارچە و بەشی لەدایکبوونی دەرەکی (Exogenous) رەفتاری پۆست مۆدێرن و لە دەستدانی حوکمڕانی خاکەکەی. ئیریتا هاکامادا، جێگری وتەبێژی دۆمای وڵات لە «یەکێتی هێزەکانی راست»ەوە، بە جدی پێشنیاریدەکرد بە دابەشکاریی نێونەتەوەیی کاری لە «دەوڵەتی جیهانی»دا وێڕای ئەوەی کە « روسیا وەك عەمباری پاشماوەی ناوەکی بۆ وڵاتانی پێشکەوتووتر» وەربگیرێت.

## ستراتیژی «دەوڵەتی جیهانی» سەبارەت بە یەکێتی سۆڤێت و روسیا

لە ساڵانی 1980وە لیژنەی فیکریی رۆژئـاوا، «ئەنجومەنی پەیوەندیی دەرەکیی ئەمەریکا» (CFR) و بە شێوەی فراوانتر لەسیمای «کۆمیسیۆنی سێلایەنە» (Trilateral) چالاکانە هەوڵی دەدا (سەرنجی) رێبەریی سۆڤێت بۆ دیالۆگ رابکێشێت تاوەکو بەرانبەرکێی ژیاریی نێوان «رۆژهـەڵات» و «رۆژئــاوا»، بە بەڵێنی «مۆدێرنیزاسیۆن» و «یەکڕیزی» نەرمتربکات.

ڕۆژئاوا هەوڵیدەدا بەشێك لە نوخبەكانی سۆڤێت بە پێی كۆمەڵێك بەهای دیاریكراو كە ئایدۆلۆژیاكانی سۆڤێت و كەپیتالیستی لێكنزیك دەخستەوە و لە ڕۆشنگەرییەوە سەرچاوەی دەگرت، بۆ گۆڕەپانی تیۆریكی خۆی ڕاكێش بكات. ئەم ڕێكخراوە وەك تاقیگەی گەڵاڵەكردنی «دەوڵەتی جیهانی»یە كە كاتێك «ڕۆژئاوا» بەجیهانی بێت و «كۆتایی مێژوو» بگات، دێتە ئاراوە. خاڵی گرنگ ئەوەبوو یاریی درككراوی CFR بە ڕێبەریی سیاسی یەكێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، كەوتبووە پانتایی ناوەڕۆكی چەند مانایی چەمكی «ڕۆژئاوا» و مۆدێرن» (ڕۆشنگەری)ییەوە.

بەشێك لە ڕێبەرایەتی سۆڤێت لەم ڕێگەیەدا هەنگاو هەڵدەگرێت و لە یەكێتی سۆڤێت، لەسەر بنەمای ئەنستیتۆی توێژینەوەی سیستماتیك (ج، گویشیانی) (بنكەی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی ئانالیزی سیستمی ڕەفتاری، ڤیەننا) گروپی تایبەتیی زانا و بیریاران پێكدێت، كە داوایان لێدەكرێت لەگەڵ ناوەندە فیكرییەكانی ڕۆژئاوا و توێژی چالاكانەیان هەبێت. مۆسكۆ بەكردەوە ڕازیبوونی خۆی بە گواستنەوەی نوێنەرەكانی، سەرەتا بیرمەندان، سیستمسازەكان و ئابورناسانی گەنج بۆ «دەوڵەتی جیهانی» ڕادەگەیەنێت. شیاوی ئاماژەپێدانە كە ئەم لایەنگرییە لەژێر چاودێریی كەسانی پلە باڵای كۆمیتەی ناوەندیی حزبی كۆمۆنیستی یەكێتی سۆڤێت ئەنجامدەدرا، كە ئەمانە سەر بەو بەرەیە بوون: ئا.یاكۆفلیف، ئێ.شیڤەر نادزێ، ی.پریماكۆف. پێكهاتەی «ئابورناسانی گەنج» دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی زیاتر كە بریتی بوون لە ی.گایدا، ئا.چوبایس، گ. یالینسكی، پ. ئاڤن. لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی سیستمییدا ب.برزۆفسكی دەستبەكار دەكات. ئەندامانی گروپی پێتەربورگی چوبایس، لەوانە گ.گلازكۆف، س.واسیلۆف، م.دێمیترۆف، ئا.كۆخ، ئەی.یوژانۆف، ئا.كۆردین و ئۆ.دێمیترۆف و گروپی مۆسكۆیی، لەوانە ك.كاگالۆفسكی، ئا.ئۆلیۆكایف، ئا.نیچایۆف و

و.ماشیتس پلەی دووەمیان پێکدەهێنا. زۆرینەی ئەندامانی تۆڕی CFR لە داهاتوودا لە پلەی باڵای دەوڵەتی روسیادا دانران. ئاکام و ئەنجامی چالاکیی CFR لە یەکێتی سۆڤێتدا روون و ئاشکرایە. گۆڕباچۆف بە «یەکڕیزی» رازی دەبێت و پرۆستۆریکا دەستپێدەکات. ساڵی 1980 کۆمیسیۆنی نوێنەرانی پلە باڵای CFR کە د. رۆکفلێر، کیسنجەر و ئەوانی دیکە لێی بەرپرس بوون لە کریملین پەسەند دەکرێت، کەمپی سۆسیالیستی تێکدەشکێت و ساڵی 1991 یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی دەڕووخێت.

ساڵی 1991 بونیادی CFR بەشێوەی ئەنجومەنی سیاسەتی دەرەکی و بەرگری (س. کاراگانۆف، ئەو بە رەسمی یەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی چاودێریی CFRە و بەشداری دانیشتنەکانی کۆمیسیۆنی سێلایەنە دەبێت)، لە روسیا یاسایی بوو «ئابوریناسانی گەنج» جومگەبەندیی دەوڵەتی یەڵتسن و ناوکی ئایدۆلۆژییان پێکهێنا. لە چالاکییەکانی تۆڕی CFR و لقە روسییەکەی بە باشی ئەم بابەتە بەدی دەکرێت کە چۆناوچۆن مۆدیلگەلی تیۆری کە پشتیان بە بەکارهێنانی وتەزای «بەهاکان»، «یەکڕیزی» و «رۆژئاوا» و «رۆشنگەری» بەستووە، دەتوانن کاریگەریی هەمەلایەنە لە سەر پرۆسەگەلی بنەڕەتی لە سیاسەتی جیهانییدا دابنێن و ببنە هۆی لەناوچوونی رکابەری بە ژیار.

## روسیا و رۆژئاوا لە سەردەمی پوتیندا

بە هاتنە سەر کاری ڤلادیمیر پوتین، رێبازی ساڵەکانی 1990 بە ئاشکرا راستکرایەوە. گرنگترین خاڵ ئەو یاسا قورسانەبوو کە لەسەر دەستی سەرۆککۆماری نوێ سەبارەت بە بەرگری لە بەرژەوەندی نەتەوەیی دانرا. لەو رووەوە کە مەترسیی راستەقینە بۆ سەر روسیا زیاتر لە لایەن رۆژئاوا و بە پلەی یەکەم ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەندامی ناتۆوە بوو، دەستبەجێ بوو بە هۆی گرژتر بوونی ئاڵۆزییە نێونەتەوەییەکان. پوتین پەیڕەوی لە هێڵی پتەوکردنی

دەسەڵاتدارێتی بەسەر خاك و كۆی بونیادی ئیدارەی دەرەكـی، لە رێگەی سیاسەتمەدارانی لیبڕاڵ، ئۆلیگاریشی، رۆشنبیرانی رۆژئاواخوازی پایتەختەوە دەكرد. لەم چركە بە دواوە، بوونی بەرژوەندیی تایبەتیی خود لای روسیا راستییەك بوو لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەمەریكی و ئەوروپییەكان یەكی نەدەگرتەوە، بەڵام هاوكات، پوتین، بەتایبەت قۆناغی یەكەمی سەرۆك كۆمارییەكەی، چەندین و چەندجار رایگەیاند كە «روسیا بە وڵاتێكی ئەوروپی دەزانێت»، بەتایبەت كاتێك كە ‹بەرژەوەندییەكانمان خاڵی پەیوەندیی هاوبەشی هەبێت›. بە دەربڕینێكی دیكە، ئەو 90 پلە مۆدێلی یەڵتسنی پەیوەندی و دانوستانەكانی روسیا و رۆژئاوای گۆڕی. جەختكردنەوە لە بەرژەوەندییەكانی خود، جیاوازیی زۆری هەبوو لەگەڵ گوێڕایەڵی و پێملبوونی بێ ئەملاولای ریفۆڕمخوازانی لیبڕاڵ سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ویلایەتە یەكگرتووەكان، بەڵام ئایدیای یەكڕیزیی روسیا لە رۆژئاوا، مۆدێرنیزەكردن بە پێی سیناریۆی رۆژئاوا، هەر بەو شێوەیەی پێشوو مایەوە.

پوتین زیاتر لە هەموو شت گرنگی بە جیۆپۆلەتیك دەدا و بە ئاشكرا دوو جەمسەری پێكهاتوو لە ویلایەتە یەكگرتووەكان و ئەوروپای لە بونیادی رۆژئاوا، لێكجیادەكردەوە. ئەو تیدەكۆشا بە زەرەری ویلایەتە یەكگرتووەكان لە ئەوروپا نزیكبێتەوە. ویلایەتە یەكگرتووەكان هاوتەریبی ئەمە، لە رێگەی ئەتڵانتیزمی ئەروپییەوە، پەرە بە رۆحیاتی دژە روسی لە یەكێتی ئەوروپا دەدات و لە وڵاتانی ئەوروپای نوێ، بۆ دروستكردنی وەك دەوترێت «بەرەی خاوێن» سوود وەردەگرێت تاوەكو روسیا لە وشكانی ئەوروپا جیابكاتەوە. دواتر، ویلایەتە یەكگرتووەكان لە تاكتیكی گەمارۆدانی روسیا لە فەزای پاش قۆناغی سۆڤێت كەڵك وەرگرتن و بە یارمەتیدانی رێكخستنی «شۆڕشە رەنگینەكان» (لە جۆرجیا و ئۆكرانیا و هتد). مۆدێلی جیۆپۆلەتیكی سیاسەتی دەرەكیی پوتین، هاوئاسۆ و دەقاودەقی واقیعە نێونەتەوەییەكانە و بە نیسبەت ئەوروپا و ئەمەریكاوە سیاسەتێكی جیاوازی بەكارهێنا.

هەموو ئەم خاڵانە، لە ئاستی بەرژەوەندییەکاندا دەکەونە کار کە بە تایبەت لە بەشداریی وزەی روسیا و ئەوروپادا دەردەکەوێت: ئەوروپای کۆن کە پێویستیی زۆری بە نەوت و گازی روسیا هەیە، رووەکاتە بەشداریی پراگماتیك لەگەڵ روسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەر بەم کارە دەگرێت، بەڵام بە گشتی، تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکانی روسیا چێژ بە رێبەری سیاسیی وڵاتەکە دەبەخشێت، ئەویش بۆ یەکەمجار دوای سەردەمی سەخت و دژواری پاش سۆڤێت، یاخود قۆناغی بزرکاندنی لیبراڵ ریفۆرمیستی و خیانەتی ئاشکرا.

## شەڕخوازی دژی رۆژئاوا

پوتین لە قۆناغی دووەمی سەرۆك کۆماریدا ئاوڕ لە وردەکارییەکانی دیکەی پەیوەندیی روسیا و رۆژئاوا، لە بابەتی بەهاکان، دەداتەوە. ئەو بە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی «وەفاداری بە بەهاگەلی رۆژئاوایی»، جیاوازییەکانی درکی دیموکراسی، تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی بونیادی سیاسی و نەریتەکانی روسی بیردێنێتەوە. جگە لەمە، دەبێت ئاماژە بە تیۆری «حوکمڕانیی دیموکراسی» بدرێت. لە ئاستی جیۆپۆلەتیکیدا، پوتین لە وتاردانە بەناوبانگەکەی خۆی لە مونیخ، رەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەمەریکا و گەڵاڵەی دروستکردنی جیهانی تاکجەمسەری دەکات. لەڕاستیدا، ئەو رۆژئـاوا بەمشێوەیەی کە ئێستا هەیە، بۆ شەڕ بانگهێشت دەکات. لێرەدا ئێمە دەگەینە سنوری پێناسەی هەڵوێستی پوتینی. بە دوورکەوتنەوەی لە قۆناغی یەڵتسنی بێ ئەملاولای رۆژئاواخوازانە، پوتین تا ئەم دواییانەش لە چوارچێوەی مۆدێلی «روسیا- وڵاتی ئەوروپی» مابووەوە. قۆناغی یەکەم، ئەمە بە مانای «روسیا- وڵاتی مەزن، سەربەخۆ و خاوەنی حوکمڕانیی ئەوروپی وێڕای بەرژەوەندیی تایبەتی خود» بوو. دواتر

ئەم هەڵوێستە پتەوتر بوو: «روسیا وڵاتی مەزن و سەربەخۆ و خاوەنی مافی حوکمڕانیی ئەوروپی وێڕای بەرژەوەندیی تایبەتیی خود و بەهای دیاریکراوی تایبەت، بە توندی دژی ئایدیای تاکجەمسەریی ئەمەریکی دەوەستێتەوە.» ڕێك لێرەدایە کە  دژیەکی تیۆری دەکەوێتەڕوو: گەر «روسیا- وڵاتی مەزن و خاوەنی حوکمڕانیی ئەوروپی وێڕای بەرژەوەندیی تایبەتیی خود و بەهای دیاریکراوی تایبەتە کە بە توندی دژی ئایدیای تاکجەمسەریی ئەمەریکا دەوەستێتەوە»، کەواتە ئیدی ناتوانێت وڵاتێکی ئەوروپی بێت، چونکە یونیڤێرسالیزم و گشتیبوونی بەهاکانی رۆژئاوایی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و دژایەتیی مۆدێلی ژیارمەندی جیهانی تاکجەمسەر بە تەلارسازیی ناوەندێتیی رۆژئاوایی دەکات. روسیا نەك هەر وڵاتێکی ئەوروپی نییە، بەڵکو تەنانەت وڵاتیش نییە، چونکە لە بەهای تایبەتی خۆی بەهرەمەندە و بەم چەشنە، ناتوانێت لە پاڵ وڵاتانی دیکەدا بە ژیاری گشتی و هاوبەشی ئەوانەوە پەیوەست بێت. لەم حاڵەتە تایبەتەدا، تەنیا دەکرێت باسی «ژیار» بکرێت.

بە پێی راپرسی ناوەندی سەرتاسەریی لێکدانەوەی بیری گشتیی روسیا، کە بە شێوەی ڕێکوپێك ئەنجام دەدرێت، 73%-71% هاوڵاتیانی روسیا لە ماوەی 10 ساڵی رابوردوودا بنبڕانە لە وەڵامی پرسیاری: «بە رای ئێوە روسیا وڵاتێکی ئەوروپی، سەربەخۆ، ئەرتەدۆکس و ئۆراسیاییە و یان ژیارە؟» وتویانە، کە «روسیا ژیارێکە.» رای جەماوەر (خەڵك) لەم بارەیەوە دیاریکراوە، بەڵام لە سەر ئاستی نوخبەکانی باڵای سیاسی و ئابوری گونجانێکی دیکە لە ئارادایە.

هەڵوێستی پوتین سەبارەت بە رۆژئـاوا، هاوشێوەی پرس و بابەتی دیکەی سیاسی، هەوڵدانێکە بۆ ئاشتیی نوخبەکان لەگەڵ خەڵك. ئەو لەسەر رەسەنایەتی هەندێك ئاماژە بە خەڵك رادەگەیەنێت و نوخبەکان لەوە دڵنیادەکاتەوە کە بۆ ڕێبازی مۆدێرنیزاسیۆن و رۆژئاوا وەفادارە. ناکرێت

بەشێوەی هاوچەشن ئەم بابەتە پێناسە بکرێت: هەڵوێستی وشیارانە و یاخود تاکتیکی بۆ شاردنەوەی هەڵوێستی راستەقینە یان نەوەسانی نێوان ئەم دوو هاوشێوەییانە، «روسیا وەك وڵاتێك» و «روسیا وەك ژیارێك». مادام جووڵەی پوتین لە بەرچاو دەگرین و ئەم خاڵەش رەچاو بکەین کە ئەو چۆن رۆژئاوا هەڵدەسەنگێنێت، دەکرێت مەزەندەی ئەوە بکەین کە ئەو یان هێدی هێدی خەریکی دۆزینەوەی نیشتیمانپەرستی ژیارمەندی روسیایە، یان بە راستی بە هۆی کاریگەریی هەلومەرج و چاودێریی ئەو رووداوانەی لە شانۆی جیهانیدا روودەدەن، بەرەو ئەم لایە دەڕوات. رێبازی سیاسیی میدڤیدیڤ، سەرۆککۆماری تازە هەڵبژێردراو، بە گشتی دووبارەکردنەوەی پرەنسیپ گەلی بنەڕەتی و راگەیاندنەکەی پوتینە. رووبەڕووبوونەوەی میدڤیدیڤ لەگەڵ رۆژئاوا، زۆر لە هەڵوێستی پوتین لەم بارەیەوە دەچێت: میدڤیدیڤ دەڵێت «روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە»، بەڵام هاوکات ئەویش وەك پوتین پێ لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی دادەگرێت و رەخنەی توند لە (تاڕادەیەك بەها نەتەوەییەکان) و ویلایەتە یەکگرتووەکان و جیهانی تاکجەمسەر، دەگرێت.

### تۆڕی CFR لە سەردەمی پوتیندا

سەرەڕای چاکبوونەوەی بەرچاوی پەیوەندیی لەگەڵ رۆژئاوا لە سەردەمی پوتین-دا، ئەم راستییە زۆر دیارە کە تۆڕگەلی سەرەکیی کاریگەر کە ساڵانی 1980 لەسەر دەستی رۆژئاوا بونیات نراون، لەم قۆناغەشدا بێگۆڕان و بە دەست لێنەدراوی مانەوە. کاراگانۆف و کەسایەتییەکانی دیکەی ئەنجومەنی سیاسەتی دەرەکی و بەرگری لە روخسارە بەبڕشت و کاریگەرەکان بوون. ساڵی 2003 بە هۆی پشتیوانیی کاراگانۆفەوە، گۆڤاری «روسیا لە سیاسەتی جیهانی»

(سەرپەرشتیار، لۆکیانۆف)، لقی ئەمەریکیی Foreign Affairs (دامەزراوەی رەسمی CFR) چاپ و بڵاودەکرێتەوە. گەلێك کەسایەتی کە پلەوپایەی باڵایان لە دەوڵەت، بونیادی بازرگانی و حزبە سیاسییەکاندا هەیە، لە دەستەی نوسەرانی ئەم گۆڤارەدا ئەندامن. ئێلیگار پاتانین بەرپرسی ئەنجومەنی جێبڕوایە.

« گروپی ئاڵفا» بریتین لە پ.ئاڤن و م.فریدمان بە شێوەی رەسمی لایەنگر و پشتیوانی بەرژەوەندییەکانی تۆڕی CFRن لە روسیا. بە هۆی هەوڵ و چالاکیی ئەم بوونیادەوە، سێرگیی ئیڤانۆف، وەزیری بەرگریی فیدراسیۆنی روسیا، سێرگینی لاڤـرۆف، پاییزی 2008 و تەنانەت دیمیتری میدڤیدیڤ، سەرۆککۆماری روسیا (کاتی دانیشتنی سەرۆکەکانی گروپی «20») چوونە بنکەی ئەم تۆڕە لە نیۆیۆرك. بونیادە ئابوریەکانی ئاڤن-فریدمان بە شێوەیەکی قووڵ لەگەڵ ئەو بەشە لە ئابوری ئەوروپا یەکگرتوو بووە، کە لە لایەن گروپی راکفلێر-مۆرگانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. راکفلێر دەمێک ساڵە وەك تیۆرڤان و پشتیوانی سەرەکیی تۆڕی CFR چالاکیی دەکات. تۆڕی CFR لەسەر دەستی باوباپیرانی ئەو و بانکدارەکانەوە، دەستبەجێ پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دامەزرا و بە ئاشکرا، دروستکردنی «دەوڵەتی جیهانی» وەك ئامانجی خۆی راگەیاند.

ئەم نموونانە پێماندەڵێن گۆڕانی روانگەکانی پوتین و میدڤیدیڤ سەبارەت بە پەیوەندیەکانی روسیا لەگەڵ رۆژئاوا لە ئاستی دیاریکراو و قەیراناوی تێناپەڕێت، کە لە سەروویەوە بوونی تۆڕی دزەی «رۆژئاوا» لە روسیا، بە پلەی یەکەم، لە رێبەرایەتیی باڵایدا، رێگەپێنەدراو و بێمانا بکەوێتەوە. ئەم بابەتە راستەوخۆ پەیوەندیی بە ناسەقامگیریی هەڵوێستەکانی رێبەریی باڵای سیاسیی وڵات سەبارەت بە بەفەرمی دانانی روسیا وەك ژیارێکی سەربەخۆ و پێڕەوکردنی روانگەی رەخنەگرانە و روون بەرانبەر بە رۆژئاواوە هەیە. تا کاتێك سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران پێداگریی لەسەر ئەوە بکەن کە روسیا «وڵاتێکی

ئەوروپییە»، کاریگەریی بونیادەکانی رۆژئاوا لەسەر سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆیی روسیا هەردەم زیاتر دەبێت. لەو دامەزراوانەی کە بە سەرچاوەی ئەم کاریگەریدانانە لە قەڵەم دەدرێن، جگە لە تۆڕی CFR دەکرێت ناوی ئەنیستیتۆی گەشە و پەرەی ئەی. یورگێنس، کۆبوونەوەی ستراتیژیی 2020، قوتابخانەی باڵای ئابوری، گروپی لیبڕاڵەکان لە مەکتەبی سەرۆك کۆمار و هتد ببەین.

## پەیوەندییەکانی روسیا و رۆژئاوا لە داهاتوودا

ئێستا گەیشتووینەتە بەشی کۆتایی، واتە بەشی پێشبینی و راسپاردەکان سەبارەت بە پەرەی پەیوەندی و دانوستانەکانی روسیا و رۆژئـاوا لە داهاتوودا. ئانالیزی رابوردوو، ناساندن و نمایشکردنی دژوارییەکانی ئەم مەسەلەی کردبووە ئامانجی خۆی کە تا چەند گەڵاڵەکان و نەخشەی جیۆپۆلەتیك و بەها جیاوازەکانی دەگرتەوە. چەمکی «رۆژئـاوا» و تایبەتمەندیەکانی گۆڕانی بەسەردادێت. کاتێك پێناسەی رەسەنایەتی روسیا دەکرێت، هیچ خاڵێکی ئاشکرا بەدی ناکرێت، هەر بۆیە تەنانەت راشکاویی پێناسەکان و زیادکردنی چەند خاڵێك بە فۆرمۆلی سەرەکی دەتوانێت چارەنوسساز بێت و ئەرێنی بۆ نەرێنی و سەرکەوتن بۆ شکست بگۆڕێت و بە پێچەوانەوە. روسیا کەوتۆتە بەردەم سەرلێشێواوییەکی مێژووییەوە و تـەوەر و بنەڕەتی بابەتەکە بریتییە لە گەڵاڵەکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژئاوا لە قۆناغی تازە و هەلومەرجی نوێدا. بە هۆی قەیرانی قووڵی ئابوری و لەوانەشە ئایدۆلۆژیکی کە ئەمڕۆ نەك هەر ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەڵکو سەرتاسەری جیهان لەگەڵی دەستەویەخەیە، بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەڕوات. ئەم قەیرانە تا ئەو

ئاستە جیهانی بوو، کە شێواوییەکی لە کاری ڕۆژئاوای ناوەکی، پایەی ئابوری هەموو وڵاتانی دیکەی خستە هەژان و زەرەر و زیانی هەرە گەورە و قەرەبوو نەکراوەی دروستکردووە. ڕۆژئاوا بە ڕادەیەك جیهانی بووە کە هەر ناڕێکی و شێوانێك لە ناوەندیدا دەستبەجێ، کاریگەریی لە سەر سەرجەم دەوروبەری دادەنێت. بۆ تێگەیشتن لە پێشبینییەکان و ستراتیژیی پەرەی داهاتووی پەیوەندییەکانی روسیا و ڕۆژئاوا، سەرەتا پێویستە چەمکەکان بە شێوەی ڕاست و دروست درك و پێناسە بکرێن.

## پرۆستۆریکا[2]: یەکڕیزیی روسیا و ڕۆژئاوای گلۆباڵ

ئەوەی لەم هەلومەرجەدا لەڕووی تیۆرەوە دەیتوانی دژی بارودۆخی هەنوکەیی نەوەستێتەوە، هەڵوێستی ڕۆژئاواخوازانی رادیکاڵ بوو: ڕۆژئاوا جیهانی بووە و ئەمە دەبێت پەسەندبکرێت و هەرچۆنێك بووە بە یەکانگیری لێی بکۆڵینەوە، چەندێک زووتر روویدات، باشترە. گەر بۆ نانی هەنگاوێکی لەم چەشنە دەبێت دەست لە مافی حوکمڕانی هەڵبگیرێت، کەواتە دەیهێنێت وای بۆ بکەی، چونکە درەنگ یان زوو، جیهانیسازی کۆنترۆڵ (وڵاتەکان) دەخاتە دەستی «دەوڵەتی جیهانی»ی بان نەتەوەییەوە و لەم هەلومەرجەدا پێویستە ئیمتیازی زیاتر بێ پەنابردنەبەر پێکدادانەکان بۆ خۆی کۆبکاتەوە. گەر هەنوکە، ئابوری لیبڕال تووشی قەیران هاتووە، ئەمە تەنیا «بەش و پاژگەلی ئۆتۆماتیکی بازاڕەکانە»، بازاڕ ڕێگەیەك بۆ دەرچوون لە قەیران دەدۆزێتەوە. لەو رووەوە هیچ کەس هیچ جۆرە ئەڵتەرناتیڤێکی دیاریکراو بۆ لیبڕالیزمی ڕۆژئاوایی پێشنیارناکات (هەموو کەیسە دژوازەکانی پێشوو شکستهاتوون)، کەواتە روسیا هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، جگە لەوەی کە باری کێشەکانی ڕۆژئاواش لە کۆڵ بنێت.

میخائیل خۆدرۆکۆفسکی، کەم تا زۆر بەمشێوەیە بیردەکاتەوە. ئەندامانی

ئۆپۆزیسیۆن «درۆ گایا راسیا»، پشتیوانیی لەمجۆرە هەڵوێستانە دەکات، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە رۆژئـاوا خوازانی میانڕەوی سەر بە تۆڕی CFR و خاوەنی پلەوپایەی کلیلی لە ئابوری و تاڕادەیەك پانتایی سیاسی روسیا، بە شێوەیەکی نەرم و لخێزتر پشتیوانیی لەم روانگەیە دەکەن. هەرچەند ئەمڕۆ کەمتر کەسێك بە ئاشکرا باسی ئەم ئایدیایە دەکات، بەڵام ئەم هێڵە ستراتیژییە تایبەتمەندی جەمسەری ئابوری دەوڵـەت (ئا.کۆدرین، ئەلف.نابیشلۆلینا، ئا.دورکۆڤتچ، ئەی.شوڤالۆف) تەلارسازانی سیاسەتی نێونەتەوەیی روسیا لە وەزارەتی دەرەوە، ئەنیستیتۆی پەیوەندیی نێونەتەوەیی دەوڵەتیی مۆسکۆ، مەکتەبی سەرۆککۆماری و ئۆلیگارشیی روسیا (لە سیمای ئەنیستیتۆی گەشە و پەرەی ئەی.یورگێنس) و چەند بەشێکی بەبڕشتی نوخبەکانی روسیا پێکدێنێت. نوخبەکان بە گشتی بۆ رۆژئاوا بە ئەمەگ و وەفادار ماونەتەوە و بەهاکانی رادەکێشن و سەرمایەکان لە دەرەوەی وڵاتدا رادەگرن و خێزانەکانیان لەوێ نیشتەجێ دەکەن و کاتی بەتاڵ و پشویان لە وڵاتانی دەرەکی بەسەر دەبەن و منداڵەکانیشیان لە دەرەوەی وڵات دەنێرنە خوێندن. هەرچەند چۆنییەتیی رووبـەڕووبـوونـەوە لەگەڵ پوتین و میدڤیدیڤ مـەودا و جیاوازیی زۆر دەخاتە نێوان رۆژئاواخوازەکانەوە (هەندێك کەس لەگەڵین و هەندێکی دی دژایەتیی رەهای دەکەن)، هەر دووکیان بەسەرنجدان لە حاشاهەڵنەگربوونی بەجیهانیبوون و رەخساندنی دەوڵەتی جیهانی دەست بەکار دەبن.

پێویستە بوترێت کە هەڵوێستێکی لەم چەشنە بەڕادەیەکی زۆر «شیاو»ە: ئەم هەڵوێستە دەرفەتی ژیان و کار بە پێی خوو، راهاتن، بێ گرژی، هەژان و هەڵەی زۆر دەڕەخسێنێت. خواستی بەجیهانیبوون و دروستکردنی جیهانی تاکجەمسەر بە یارمەتی بەدەستەوەدانی پێناسەیەکی دیکە بۆ مێژووی جیهانی و کاری قورس، بە مەبەستی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خود لەلایەن رۆژئاواوە ئەنجامدەدرێت. بەها و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا لەڕوانگەی تایبەتمەندییە

گشتییەکانەوە یەکناگرنەوە و هاوتەریب نین، رۆیشتن بەرەو «کۆتایی مێژوو» حاشاهەڵنەگرە. باسەکە تەنیا لەسەر خێرایی، قۆناغەکان و وردەکاریەکانییەتی. سەرباری ترسناك و تۆقێنەربوونی پۆست مۆدێرنیزم، ئەم رەوتە، بەشێك لە لۆژیکی پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی، کولتوری، تەکنەلۆژی و جیۆپۆلیتیکییە و کەس ناتوانێت بیوەستێنێت، یاخود بەر بەهاتنی بگرێت. هەربەم بۆنەیەوە رۆژئاواخوازانی روسیا پێشنیاردەکەن «با هێندە لە خۆمانی قورس و دژوار نەکەین، چێژ وەربگرین»، تەنانەت گەر قسە لەسەر بابەتێکی دڵنەخواز یان تەنانەت ترسێنەر بۆ وڵات، بۆ بەرزەفڕییەکانی نەتەوە و بەرپرسیارێتیی مێژوویی روسیاش بێت.

ئـەوان ئـەرك و بەرپرسیارێتیی مێژوویی رەتـدەکـەنـەوە و لـەدژی دەوەستنەوە، پێشنیار دەکەن بەرزەفڕییەکان کەم ببێتەوە. گەر لە ئەنجامی جیهانسازیدا روسیا بزرببێت، لیبرالەکان دەنگی هاوسۆزی بەرز هەڵدەبڕن و دەڵێن «حەقی خۆی بوو»، گرنگ ئەوەیە نەمان و بزربوونی روسیا بەرچاو و بەرهەست نەبێت. روسیا بزردەبێت و خەڵك گەر بتوانن و چانسیان هەبێت ببن بە بەشێك لە رۆژئاوای جیهانی، بوونی خۆیان درێژە پێدەدەن و رەنگە بتوانن لە ئیمکانیاتی تازە دۆزراوەش سوود وەربگرن: هاتوچۆی ئازاد، رێگە و کەرەستەکانی پەیوەندیگرتن، دەستڕاگەیشتن بە پاشکەوتی زانستی، گەڕان بۆ کار و یەکسانی هەلومەرجی دەستپێکی ژیان لە بارودۆخی نوێدا. پێویستە قایل بین بەوەی مادام روسیا وەك وڵاتێکی ئەوروپی لەبەرچاوبگرین، لیبرالەکان لە سەر حەقن. چونکە وڵاتانی دیکەی ئەوروپی لە مافی حوکمڕانیی خۆیان چاوپۆشی دەکەن و دەسەڵات رادەستی دامەزراوەکانی بانەتەوەیی دەکەن (بیرۆکراسیی برۆکسل)، مافی دانیشتوانی خۆجێیی و کۆچبەرانی ئەفەریقی و ئاسیایی یەکسان و هاوشێوە دەکەن، سنورەکان لەناودەبەن، بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن و رەگ و ریشە نەتەوەیی، کولتوری و ئایینییەکان لە بیردەبەنەوە.

گەر «روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە»، کەواتە دەبێت هاوشێوەی وڵاتانی ئەوروپی تر بۆ ئەوە تەیار و ئامادەبێت کە لەسەر زەوی بسڕدرێتەوە و شوێنی خۆی بە دامەزراوە و ڕێکخراوی نوێی گڵۆبالیستی بدات. چونکە بۆ ئەوروپا، یەکڕیزی تەنیا قۆناغێکی کاتییە. گەر پرۆسەکانی جیهانیسازی لەبەرچاوبگرین، دەبینین لە قۆناغی دواییدا، سەرجەم جیهان دەبێت بە وڵاتی یەکە World State و هەموو نەتەوەکان و وڵاتەکان دەسەڵات بۆ «دەوڵەتی جیهانی» دەگوازنەوە (کە تۆوەکەی لە سەردەمی ئێستادا CFR، یان Trilateral) پێکدێنێت.

خواستێکی وەها گەڵاڵەی پەیوەندییەکانی روسیا لەگەڵ رۆژئاوا، پاش هەڵچوونی ئەو هەستە نیشتمانپەروەرانەی لەماوەی تێکڕای حکومەتی پوتین و یەکەم قۆناغەکانی سەرۆك کۆماریی میدڤیدیڤ (بە تایبەت دوای ئابی ساڵی ۲۰۰۸ و تێکهەڵچوونی روسیا و جۆرجیا) بینیمان، بەو شێوەیەی دیارە، نەزانانە و ساویلکانە نییە. یەکڕیزی لەگەڵ رۆژئاوای جیهانی (=ژیاری جیهانی)، سادەترین ڕێگەچارە، بێ هەرجۆرە هەوڵدانێکە. پرۆسێسی جیهانیسازی خۆی لەخۆیدا لەئارادایە و تەنانەت ئەو کەسانەی لەگەڵ بەهاکانی چەمکی ئایدۆلۆژیکییەکەیدا هـاوڕا نین (بۆ نموونە چین و بەڕادەیەکی کەمتر هیندستان)، هەوڵدەدەن بە سودی خۆیان کەمێك ریفۆرم لە پرۆسەکەدا بکەن و بە رەنگی خۆماڵی و ناوچەیی بینەخشێنین و لایەن و رەهەندە جیاجیاکانی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی ڕێکبخەن، بەڵام هیچ کەس جگە لە کۆڕە ئیسلامییە رادیکاڵەکان و بزوتنەوەی ئانارشیستی گەنجانی ئەنتی گڵوباڵ بەشێوەی بەردەوام و بنەڕەتی دژایەتی ئەم پرۆسەیە ناکەن. بەشداریکردن لە پرۆسێسی گڵۆباڵیزم، لە دیمەنێکی وەهادا وەك هەڵبژاردنێکی ئیرادی نا، بەڵکو بابەتێکی حاشاهەڵنەگر و شتێك کە پێویستی بە هەڵبژاردن نییە، دەردەکەوێت. چونکە پرۆسەکە بێ بەشداری ئێمە ئەنجامدراوە، لۆژیکی مێژووی سەردەمی نوێ و هاتنی یاسامەندی پۆست مۆدێرن و «کۆتایی مێژوو» ئەم حوکمە دەدات.

بەم چەشنە، نابێت بڕیاردانێکی وەها ڕۆژئاوایی لەبەرچاو نەگیرێت. ڕژێمی سۆڤێت بەرانبەر بەم لۆژیکەی ڕۆژئاوا داڕووخا. یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی کە بە نیازبوو لە مۆدێرنیزاسیۆنی بیانیدا، بەهای لانیکەم هەوڵەکانی خۆی هەستپێبکات، باجی هەڵەکانی خۆی دا و لەناوچوو، بەڵام حاڵەتی شۆك بە خێرایی لە بیرکرا و پرس و بابەتی ڕوو لە زیادبوونی ڕەوتی هاوشێوەی وەك پرۆستۆریکا، ریفۆرمەکانی لیبڕاڵ، نزیکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەندامێتی لە ناتۆ، چاوپۆشی لە زەوی و خاکی فراوان و پاشەکشێکردن بە ناوچە ئەتنی و کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرچاوی هەمواندا سەریهەڵدا. هەموو ئەم ڕەوتانە دەتوانن لە هەلومەرجێکدا کە پرسەکان ڕوو لە زیادبوون دەکەن، دووبـارە ببنەوە. ئۆپۆزیسیۆنی لیبڕاڵ بە ئاشکرا لەم بارەوە قسە دەکات، بەڵام بەرەیەکی بەرچاو لە نوخبە سیاسییەکانی ڕوسیا بە شێوەی شاراوە و نهێنی، پشتیوانی لەمجۆرە بیروباوەڕانە دەکەن. بەم چەشنە، ئەم سیناریۆی پەرەگرتنی ڕووداوانە، واتا «پرۆستۆریکا 2» سەرەڕای ئەگەری کەمی ڕوودانی لە هەلومەرجی گرژتربوونی گیانی نیشتمانپەروەرانەی ڕوسیای هاوچەرخ، نابێت لە بەر چاو نەگیرێت.

### ڕوسیا و ڕۆژئاوا لە تیۆری دیاردەی ئۆراسیادا

ئەم تیۆرە کە ڕوسیا ژیارێکی سەربەخۆ، دیاردەیەکی ئۆراسیایی و دەوڵەت و جیهانێکی دیکەیە، تێزێکی دژبـەرە کە دەکرێت پێشبینیی پرۆسێسی پەیوەندییەکانی ڕوسیا و ڕۆژئاوای لەسەر دابمەزرێنرێت. لەم حاڵەتەدا، چەمکی ڕۆژئاوا لەگەڵ مۆدێرن، مۆدێرنیتە لە شێوە و شێوازە جۆراوجۆرەکانیدا یەکسانە بە کردەوە لە هەموو مانا جیاجیاکانی ئەم وشەیەدا، لە مانای مێژووییەوە بیگرە بۆ بەهاداری و ئایدۆلۆژیکی وەك دیاردەیەکی شەڕ، تیۆری نەرێنی، بە ئەنتی تێزی هیگڵی لێکدەدرێتەوە. لێرەدا، ڕوسیا بە دیاردەیەك دادەنرێت کە

دەبێت بۆ دواوە پاڵی بنێیت، بە سەریدا سەرکەویت و نەیهێڵیت، توندی و گرژییەکەی کەم بکەیتەوە، کورتی بکەیتەوە و لە بەرجەوەنی داهاتوودا لەناوی ببەیت. قەیسەرە روسەکانی مۆسکۆ سلاڤۆفیلی بوون. واتا لەم خواستەدا کەسانێك هەبوون پێچەوانەی رۆژئاواگەراکانی روسیا لیپیانوابوو پێویستە روسیا لە یەك رێگەوە درێژە بە گەشەی خۆی بدات کە هەمان رێگەی گەشەی ناسیۆنالیستی، سلاڤی و بە پشتبەستنی تەواو بە مەسیحییەتی ئەرتەدۆکس بوو. شوێنکەوتووانی ئایدیای دیاردەی ئۆراسیا، کۆمۆنیستەکان بە پێی ئایدۆلۆژیای چینایەتی تایبەت بە خۆیان خاوەنی ئەم را و روانگەیە بوون. گەر دوورنمای سلاڤۆفیلی (دیاردەی ئۆراسیایی) وەلابنرێت، پەیوەندی و دانوستانەکانی روسیا و رۆژئاوا دەبێت لەسەر بنەمای تیۆری تەواو جیاواز بینابکرێت. دەکرێت ئەم هەڵوێستە بە ناوی هەڵوێستی توندی ئانتی رۆژئاواییەوە ناوبنرێت. ژیاری روسی پێکهاتوو لە ژیاری ئەرتەدۆکسی، سلاڤۆی. دیاردەی ئۆراسیایی دەبێت دەست بداتە شەڕی کۆتایی و بنەبڕ.

ئەم رینماییە رەتکردنەوەی تەواوی ئەو رێگە پێشکەوتنەی بەدواوەیە کە رۆژئاوا و ئەوانەی بە شێوەی خۆویست یان بە ناچاری وەك کۆڵۆنیالی رۆژئاوا کەوتبوونە ناوەندە بە بڕشتەکانیەوە، پەیڕەویان کرد. ئەنجام، یەکەم و گرنگترین توخمی ستراتیژی، دەبێتە نەرێکردنی گشتیبوونی ئەزموونی مێژوویی ژیاری ئەوروپی، یەکسانکردنی وەك پرسێکی تایبەتی و رەتکردنەوەی سەرجەم بانگەوازەکانی بەرانبەر بە هەموو شارێکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. ئەمە بە مانای دژایەتیکردنی سەرپاکی بونیادی سەردەمی مۆدێرن، نەرێکردنی رۆشنگەری، یەکسانکردنی رۆحی سەردەمی مۆدێرن لەگەڵ دیاردەیەکی ناوچەیی و لۆکاڵی هەم لەڕووی جوگرافیایی و هەم لەڕووی مێژووییەوەیە. مادام روسیا ژیارێکی سەربەخۆیە، کەواتە لۆژیك، قۆناغ، دینامیك، ئامانج، بەها و لایەنگرییەکانی دەتوانن بە شێوەیەکی دیکە بن، کە جیاوازیی هەرە

گەورەیان لەگەڵ ئەو ڕێگە و میتۆدانەی ڕۆژئاوا بۆ پێشڤەچوون دیاری و دەستنیشانیکردوون هەیە. ڕۆژئاوا بە کەڵك وەرگرتن لە هەر ڕێگە و لۆژیکێك بۆ گەیشتن بە «کۆتایی مێژوو»، پۆست مۆدێرن، کۆمەڵگەی بانپیشەسازی دەچێتە پێش. ڕوسیا - ئۆراسیا دەتوانێت بنەبڕانە بە هەموو ئەوانە بڵێت «نەخێر» و هەموویان لەسەر بنەمای بەها تایبەتییەکانی خۆی، ئەوەی بۆ ڕوسیا لە پێشترە، هەڵبژاردنەکان و دەرئەنجام بەرژەوەندییەکانی خۆی وەلابنێت. تەوەری هەنوکەیی پێویستی بە ڕامانی مێتافیزیکی دووبارەیە لە ڕەسەنێتی و شوناسی ڕوسی، گەلاڵەی خێرای ئایدیای نەتەوەیی ڕوسی لە قۆناغی نوێی پێشکەوتن و پەرەگرتن تاوەکو بکرێتە فەلسەفەی جێمتمانە و دڵنیا و جیهانبینی بنەڕەتی بەرانبەر بە فەلسەفەی ڕۆژئاوا. بە کەوتنە سەر ئەم ڕێگەیە، دەکرێت ئەو پرەنسیپە بنچینەییانە وەلابنرێن کە ڕوسیا وەك دیاردەیەکی ئۆراسیایی و ڕوسیایی سەرچاوەی ژیار بە مل نەدان، پەیوەندی و دانوستانەکانی خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەبەستێتەوە.

یەکەم و گرنگترین خاڵ لەم پەیوەندییانەدا، ڕەتکردنەوەی خواستی جیهانیی ڕۆژئـاوا دەبێت. ڕۆژئـاوا دیاردەیەکی ناوچەیی و لۆکاڵی و هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ ناساندنی خود وەك ستانداردی گشتیی گەشە و پەرە و پێشکەوتن، ناتوانێت جگە لە بانگەشەی ڕاسیستی و کۆڵۆنیاڵیی دەسەلاتداریی تەواو بەسەر مرۆڤایەتیدا بێت و لێرەدایە دژی گشتیبوونی ڕۆژئاوا شەڕ ڕادەگەیەنرێت. لێرەوە دەرئەنجامێکی دیکە دەستدەکەوێت کە پرۆسێسی مۆدێرنیتەیەك کە ڕۆژئاوا تێپەڕاند و ئەو پرۆسێسەی بەسەر جیهاندا دەیسەپێنێت، چارەنوس نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی ئیمکانیاتێکە، کە ئەوانی دیکە یان قبووڵی دەکەن یان ڕەتیدەکەنەوە. لەم حاڵەتەدا، مۆدێرنیزاسیۆن نابێت بە چەشنێك خواست و ئارەزوو، بەڵکو بە شێوەی کونجکۆڵییەکی گوماناوی دەردەکەوێت، کە کۆمەڵگە بە هۆیەوە ئایین، ئەخلاقییات و نەریتەکانی خۆی

قوربانی دەکات و لەبەرانبەردا لەبواری تەکنیکیدا، ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی بە دەست دێنێت. مۆدێرن وێڕای تایبەتمەندیی مادی، ئاتێیزمی سودگەرایی وەك ورووژێنەرێك دەکەوێتەڕوو کە هەمووان بۆ لای خۆی رادەکێشێت و هاوکات رۆح و رەسەنێتی کولتوری و شوناسی نەتەوەکان لەناو دەبات. بەم چەشنە، مۆدێرنە بەها مێژووییەکانی خۆی دەدۆڕێنێت و کۆمەڵگەی نەریتی لەوانە، ئایین، ئایینزا و داب و نەریت و هتد، نەك وەك دیاردەیەك کە بە ساخی و سەلامەتی ماوەتەوە، بەڵکو بە شێوەی هەڵبژاردنی ئازادی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی ئازاد کە درکی پێبکرێت، دەکەوێتە بەرچاو.

رۆژئاوا چارەنوسی خۆی بە مۆدێرن و مۆدێرنیزاسیۆنەوە گرێ داوە. گەر روسیا ژیارێکی سەربەخۆیە کە لە رۆژئاوا جیاوازە، کەواتە دەتوانێت و دەبێت بە شێوەیەکی دیکە کاربکات و بە سودی کۆمەڵگەی نەریتی، هەڵبژاردنی خۆی ئەنجام بدات. لێرەوە کۆبەندێکی گرنگی بابەتەکان دەستدەکەوێت، کە بریتییە لەوەی مۆدێرن و مۆدێرنیزاسیۆن هەڵگری بەهای رەها و پرۆسێسی زۆرەملێی گەشە و پەرەی حەتمی و بنەبڕ نین. روسیا دەتوانێت بە پێی لۆژیکی ناوخۆیی خۆی کە پێکهاتووە لە ئایین، ئەرکی مێژوویی، شوناس و کولتوری تایبەتیی ورد، لەم بوارەدا پێشبکەوێت و درێژە بە بوونی خۆی بدات. روسیا وەك ژیارێك دەبێت خاوەنی بەهای تایبەتی خۆی بێت کە لە ژیارەکانی دیکە جیاواز بێت و لەبەر ئەمەشە مافی تەواوی هەیە مۆدێلی تایبەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مافتەوەر و یاسایی، کولتوری و ئابوری و تەکنەلۆژی خۆی هەبێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاردانەوەی رۆژئاوا (هەروەها کاردانەوەی رۆژهەڵاتیش).

لە سیاسەتێکی دیاریکراودا، ئەم پرەنسیپانە لە شێوەی مۆدێلی دنیای فرەجەمسەر دەردەکەون و جەمسەرەکانیش ئەو بەشانە لەجیهانی رۆژئاوا نین کە تەنیا بوونی خۆی رادەگەیەنێت تاوەکو شوناسی کۆمەڵگەی خۆی بە ستانداردێکی گشتییەوە بینابکات، بەڵکو کۆمەڵێك ژیاری جیاوازەبن

که بانگەشەی دەرکی تایبەتیی خۆیان لە مێژوو، کاتی تایبەتی مێژوویی (قۆناغ)، ئۆنۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا، کۆمەڵناسی، سیاسەتناسی و جیهانی تایبەتیی خۆیانن کە دەکرێت لە لایەن ئەوانی دیکەوە پەسەند نەکرێت و بیروڕای ئەوانی دیکە لەم بارەوە کاریگەریی دانەنێت. بەم شێوەیە فەلسەفەی بنەڕەتیی فرە جەمسەر لە دایك دەبێت کە بانگەشەی رۆژئاوا بریتییە لە گشتیبوونی رێباز و میتۆدی، بەرپەرچ دەداتـەوە، کە بە نەتەوەکانی جیهان رێگەکانی گەشە و پەرە، ئامانج و رووگەکان پێشنیار دەکات. گەر روسیا لەم رێگەدا هەنگاو هەڵبگرێت و خۆی بە ژیار بزانێت، وەکچۆن زۆرینەی خەڵکی روسیا بە ژیاری دەزانن، ئەمە بە مانای جەنگی خاچپەرستی دژی رۆژئاوا، رەتکردنەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتی گشتی، واتە رەتکردنەوەی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن، وەك دوایین سیمای دەبێت.

هەڵوێستێکی وەها هێندەش ناواقیعی نییە، هەرچەند ئەمڕۆ تەنیا وڵاتانی ئێران، ڤەنزوێلا، سوریا، پۆلیڤیا، نیکاراگوای، کۆریای باکور، بیلاروسیا و بە شێوەیەکی پارێزکارانە چین، پەیڕەوی لەم هەڵوێستە دەکەن. گەر گریمانە بکەین کە رێبەری سیاسیی روسیا هەنگاوی چاوەڕوانکراو هەڵبگرێت و روسیا وەك ژیار ناوببات، دەستبەجێ زنجیرەی لۆژیکی کردەوەکان فۆڕم وەردەگرێت.

١- روسیا پەیوەندییەکان خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا پتەو دەکات کە بە شێوەی رادیکاڵ، رۆژئاوا، جیهانیسازی، مۆدێرن و پۆست مۆدێرن بۆ شەڕ بانگهێشت دەکات.

٢- روسیا لە رۆژئـاوا درزێـك دروستدەکات، پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کیشوەری ئەوروپا بەهێزتر کـردووە و هەوڵدەدات خۆی لە ژێر رکێف و کۆنترۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان رزگار بکات.

٣- روسیا سەبارەت بە پرۆسێسەکانی جیهانیسازی و گلۆباڵیزم لە پانتاییە

کولتوری، تەکنەلۆژییەکاندا، بەها لەناوچووەکان دەژیەنێتەوە و ئەو بابەتانەی تۆکمەیی و بەهێزکردنی دەسەڵاتە ستراتیژییەکەی دەستەبەر دەکەن، پەسەند دەکات و هەر شتێکی دیکە کە ببێتە هۆی لاوازبوونی شوناسی ژیاریی بە شێوەیەکی بێبەزەییانە و توند لە خۆی دووردەخاتەوە.

وەرچەرخانێکی وەها دەبێتە هۆی گرژتربوونی پەیوەندیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و سەرجەم پەیڕەوکەرانی «رۆژئاوای جیهانی»، بەڵام هاوکات بە میلیار خەڵکانی یەکگرتوو لەگەڵ ئەو وڵاتانە بەرەو روسیا دەکشێن کە دەیانەوێت لە باتی توانەوە لە «وڵاتی جیهانی»دا، بەها و نەریتەکانیان بپارێزن. دەرئەنجامی کۆتایی ئەم بەرانبەرکێیە لە هیچ کەس دیار نییە، چونکە لێپرسینەوەی مێژوویی نائاسایی مەزن و ئاڵۆزە: ئاخۆ لەبەر مانا و شوناسی «آخرالزمان» شەڕی راستەقینە هەڵدەگیرسێت و ئایا ئەگەر ئەویدی کۆتایی بێت، مێژوو درێژە بە بوونی خۆی دەدات؟ گەر جیهانی فرەجەمسەر بینابکرێت، مێژوو بەردەوام دەبێت. گەر وا نەبێت، پۆست مۆدێرن بە شێوەی کۆتایی حکومەت دەکات و کۆتایی بە بوونی خۆی دێنێت و شوێنی خۆی بۆ «پۆست مێژوو»چۆڵ دەکات.

## روسیا و رۆژئاوا، لە زانستی بینینی حکومەتی هاوچەرخی روسیادا

لەڕوانگەی خۆبەدوورگرتن لە خەیاڵی پووچ، کە ئاواتەکان لەجیاتی راستییەکان گەڵاڵە نەکرێن، دەبێت هەندێك لێکدانەوە لەم بارەوە ئاراستە بکەین: ئەمڕۆ، حکومەتی روسیا بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە لەم یان لەو لا هەڵبژاردن ئەنجامبدات. نە پوتین و نە میدڤیدیڤ مەبەستیان نییە لە رۆژئاوادا بتوێنەوە و دان بەوەدانانێن، کە روسیا ژیارێکی سەربەخۆیە، بە نیازنین لەگەڵ رۆژئاوادا بکەونە دوایین جەنگەوە. حکومەت و کۆمەڵگە بۆ ئەم هەنگاوە قایمە ئامادە نییە. بە لەبەرچاوگرتنی لۆژیکی گشتی قۆناغی پاش

سۆڤێت، بە ئاسانی لەم بابەتە دەگەین کە پاندۆڵی سیاسەتی روسیا پێچەوانە دەبێتەوە. سەرجەم ماوەی قۆناغی سەرۆك کۆماریی پوتین و خۆشویستنی بێوێنەی لە لایەن خەڵکەوە و پشتیوانیکردن لە سیاسەتەکانی، شایەتیی ئەوە دەدەن کە دانیشتووانی روسیا بە خودئاگاییەوە بەرەوناسینی روسیا وەك ژیارێکی سەربەخۆ و رەتکردنەوەی بە رۆژئاواییبوون دەکشێن. هەر چەشنە ئاماژەیەکی دەوڵەت بەوپەڕی جۆشوخرۆشەوە لە لایەن جەماوەری بەرینی خەڵکەوە پەسەند دەکرێت. سەرباری ئەمە، بەربەستێکی نەبینراو بوونی هەیە کە دەبێتە رێگر لەبەردەم رێگەی کامڵبوون و پێشڤەچوون. رەنگە قسە لەسەر کارامەبوونی تۆڕی ریکلامی بەبڕشت بێت (بە پلەی یەکەم CFR ). رەنگە لە کۆمەڵگەدا هێشتا بەڕادەی پێویست وزە بۆ چوونە ناو قۆناغی نوێی شەڕی ژیاری پاشەکەوت نەکرابێت، شەڕێك کە روسەکان بە درێژایی مێژووی بوونی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر، دەستەویەخەی بوون.

هەرچۆنێك بێت، هەڵوێستی حکومەتی روسیای هاوچەرخ بەرانبەر بە رۆژئاوا (لە وێناکردنی راستەقینەیدا)، دیارینەکراو دەمێنێتەوە. حکومەت لە بە رۆژئاواییبوونی راستەوخۆ سەرپێچی دەکات، بەڵام لە سەر هەڵوێستی ئاڵتەرناتیڤی (سلاڤۆی، ئۆراسیایی) نەوەستا. روسیا رێك وەك کۆمپیوتەرە کە هەندێکجار «کار ناکات»، دەوەستێت و بەرەو هیچ لایەك ناڕوات. ئێمە لەسەر سیناریۆی تەواوی پێشکەوتنی پەیوەندی و دانوستانەکان لەگەڵ رۆژئاوا باس و لێکدانەوەمان ئاراستە کرد، لە حاڵەتێکدا کە یەك لەم دوو هەڵوێستە بنچینەییانە بکەوێتە پێگەی سەرووترەوە. ئەم دوو هەڵوێستە بنچینەییە بریتین لە یەکڕیزی لەگەڵ رۆژئاوای جیهانی، یاخود پاراستنی بەها و بەرژەوەندییەکانی روسیا وەك ژیار لە جیهانی فرەجەمسەردا. هێشتا هەڵبژاردن ئەنجام نەدراوە. ئەم هەڵبژاردنە بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر بۆ دوایی دادەنرێت و رەوتەکەی درێژە

پێدەدرێت. وێنادەکرێت گوایە حکومەتی روسیا (میدڤیدیف و پوتین)، پێویستیی ئەم هەڵبژاردنە ئازاریان دەدات و بە هۆیەوە رەنج دەچێژن. حکومەت هەرچی پێویست بێت دەیکات تاوەکو وەها ئەڵتەرناتیڤێکی گرژبوونی نەبێت، کە وێڕای حاڵەتێکی نەرمڕەوتر و سازشکارانەتر، هەم رۆژئاوا و هەم نا-رۆژئاوا، بکرێت بەر لە رووودانی بگیرێت. روسیا دەبێت یەکڕیز و مۆدێرنیزە بێت، بەڵام هاوکات، دەبێت مافی حوکمڕانی و رەسەنایەتی خۆی بپارێزێت. بەدەستەوەدانی راو بۆچوونی جۆراوجۆر بەشێوەی «دیموکراسیی خاوەنی مافی حوکمڕانی» وەك هەوڵێکی زۆرە بۆ ئاشتکردنەوەی ئەو شتەی کە ئاشتی هەڵناگرێت.

دۆخێکی وەها لە پێشبینی نەهاتوو، دوانە بۆ پەرەگرتنی تاکتیکی پانتایی و بەستێنی ئیمکانیات گونجاوە، بەڵام ئەمە پرسەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو چارەسەرکردنیان دوا دەخات. ئەم بابەتە لەوانەیە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئاشتکردنەوەی نوخبەکانی رۆژئاوا خواز و جەماوەرانی ئەوروپی (نەتەوەیی) دابنێت، بەڵام درەنگ یان زوو، دەبێت هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت. حکومەتی روسیا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە باشتر وایە ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکی درەنگتردا ئەنجام بدرێت. رەنگە ئەم هەڵوێستە بنەمایەکی تایبەتی هەبێت، بەڵام درەنگتر بە مانای «هەرگیز» نییە. کاتی ئەوە دەگات کە دەبێت وەڵامی شیاو و گونجاو بەم سەرلێشێواوییە بدرێتەوە: روسیا، وڵاتێکی ئەوروپییە یان ژیارێکی سەربەخۆ؟

کاتێك میدڤیدیف سەبارەت بە جیهانی چەند جەمسەر دەئاخڤێ و رەخنە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگرێت، پێدەچێت هەڵبژاردنی خۆی بە قازانجی «ژیار» ئەنجامداوە، بەڵام دەستبەجێ هاوڕێ لەگەڵ تۆڕی دزەی CFR، ئێلیگارەکان، لە بەردەمی خەڵکدا باس لە «دیموکراسی و مۆدێرنیزاسیۆن» دەکات و پشگیری راشکاوی روسیا بەرامبەر بەوەی ببێت بە بەشێك لە جیهانی رۆژئاوا، دەکات. پوتینیش هەر بەمشێوە دەجوڵایەوە: بەردەوام رەفتارە ئایدۆلۆژییەکانی تایبەت بە خۆی رەتکردۆتەوە و لە لێدوانەکانیدا باسی لەو پرس و بابەتانە دەکرد

کە یەکیان نەدەگرتەوە. ئەمانە پێماندەڵێن پەیوەندی و دانوستانەکانی روسیا لەگەڵ رۆژئاوا لەم حکومەتە هەنوکەییەدا لە فەزای ناوەڕاستدا، واتە مەودای نێوان دوو هەڵوێستی ورد و دیاریکراودا دەسووڕێتەوە. لە جیاتی هەڵبژاردنی «ئەم یان ئەو» کە لۆژیکی داهاتووی پەیوەندییەکانی روسیا و رۆژئاوای دیاریدەکرد، ئێمە بۆ ماوەیەك مەحکومین بە کەوتنە پێگە و حاڵەتی نێوان و هەڵواسراو. حکومەتی روسیا هێشتا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بنەڕەتییە ئامادە نییە. لەوانەیە کۆمەڵگەش هێشتا ئەو ئامادەییەی تێدا نەبێت. هەرچەند رۆحییەتی خەڵك بەرەولایەك دەکشێت و رۆحییەتی نوخبەکان بەرەولایەکی دیکە، سازشکاریی نیوان ئەم دوو جەمسەرە، بنچینەی حکومەتی هەنوکەیی روسیا پێکدێنێت. تا کاتێك ئەم سازش و هەڵکردنە هەبێت، ناکرێت چاوەڕوانی بڕیاری واقیعی و بنەبڕبکەین. مانای، پەیوەندییەکانی روسیا و رۆژئاوا بە شێوەی دژواز و دووانە دەچێتە پێش: هەم بەڵێ و هەم نەخێر، بەڵام قەیرانی ئابوری جیهانی و لۆژیکی گڵۆبالیزم کە رۆژئاوا بە نیاز نییە پاشەکشێی لێبکات، پرۆسەی بڕیاردانەکە (بۆ ئێمە) خێرا دەکاتەوە. ناتوانین زۆر لە خاڵێکی دیاریکراوەوە کەژەکە بکێشین. حکومەت ناچارە هەڵبژاردن بکات تاوەکو لۆژیکی داهاتووی پەیوەندییەکان لەگەڵ رۆژئاوا دیاریی بکرێت. ئەستەمە بوترێت ئەم بڕیارە لە کەیەوە دەدرێت و بەڕێوە دەچێت. هەوڵماندا بەوپەڕی وردبینییەوە لێکیبدەینەوە کە هەڵبژاردن لە نێوان چی و چیدا ئەنجامدەردێت.

## هەڵوێستی مەبەستداری نوسەر

لەم بەشەدا ئەرکی من لێکدانەوە و شیکردنەوەی راستتر و شێلگیرانەی مۆدێلی پەیوەندییەکانی روسیا و رۆژئاوا بوو، هەر بۆیە هەوڵمدا خۆ لە دەربڕینی بیروڕای تاکە کەسی خۆم لەم بارەوە ببوێرم. لە کۆتایی ئەم باسەدا ناتوانم ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە نەدەم:

-روسیا ژیاری سەربەخۆیە؛

-رۆژئاوا و لۆژیکی دامەزراندنی، ڕێگەیەکە بەرەو خەیاڵگە و نادیار؛

-بانگەشەی یۆنیڤێرساڵ بوونی دیاردەگەلێکی وەك پێشکەوتنی تەکنەلۆژیکی و زانستی، دیموکراسی، تاکگەرایی، تاکتەوەری، راسیزم، لەپێش بوونی کولتوری و دەسەڵاتخوازیی لە خۆیدا حەشارداوە؛

- «تۆلێرانس (هەڵکردن)» کە لە لایەن رۆژئاواوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، شێوازی سەپاندنی زرۆدارانەی بەهاکانی خود بە سەر کولتور و ژیارەکانی دیکەدایە؛

-چارەنوسی روسیا بریتییە لە پاراستنی رەسەنێتیی خود، پێشکەوتن لە ڕێگەی تایبەتیی خود، بەرگری لە بەهاکانی تایبەت بە خود (بەهاکانی ئەرتەدۆکس، ئەخلاقی، دادپەروەری و هتد)، بەرامبەرکێی لەگەڵ رۆژئاوا بە هەموو شێوەیەک.

# بەشی هەشتەم
# «ژیار» وەك تیۆری و چەمكێكی ئایدۆلۆژی

## پێویستیی دیاریكردنی وردی مانا

تا ئێستا كۆڕ و كۆبوونەوەی زانستی و رۆشنبیریی كۆمەڵایەتی نەیانتوانیوە بگەن بە هیچ چەشنە رێككەوتنێك سەبارەت بە مانای وردی وشەی «ژیار»، وەك چۆن ئەم بابەتە سەبارەت بە دەستەواژە و زاراوەی بنەڕەتی دیكە راستە. ئەم بابەتە لە مانای بنچینەیی و بنەمایی سەردەمەكەمان، تێپەڕین لە قۆناغی مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرن سەرچاوە دەگرێت و شوناسەكەی كاریگەریی لەسەر شێوازەكانی زمانەوانی و گۆڕەپانی مانایی دادەنێت. لەو رووەوە كە ئێمە لە قۆناغی تێپەڕینی ناتەواوداین، سەرلێشێواوییەكی زۆر لە چەمكەكاندا روودەدات. ئەوان ژمارەیەك چاكسازیی ئاسایی و سادە بە شێوەی رابوردوو، كۆن شرۆڤە و پێناسە دەكەن و هەندێكی دیكە چاو لە داهاتوو دەبڕن كە هێشتا نەهاتووە و بە پێی ئەویش بیروڕایان دەردەبڕن. ژمارەیەكی دی خەیاڵدەكەن، هەندێكی دی بە تەواوی تێیدا گێژ دەبن. هەر چۆنێك بێت، بۆ بەكارهێنانی راستی زاراوەكان، بە تایبەت زاراوە كلیلییەكان كە چەمكی ژیار بۆ ئەمانە دەگەڕێتەوە، لێكدانەوە و هەڵسەنگاندنی گۆڕانی مانایی ئەم وشەیە زۆر زەرووره.

## ژیار وەك قۆناغی پەرەگرتن و گەشەی كۆمەڵگەكان

زاراوەی «ژیار» لە قۆناغێكدا، گەشەیەكی بەرچاوی لە تیۆری پێشڤەچووندا بە خۆوە بینی. ئەم تیۆرە لە بابەتە روون و دیارەكانی پارادایمی بنەڕەتیی مۆدێرن سەرچاوەی گرتبوو، كە هەمان نیشانەكانی زانستی و یەكلایەنەی

مرۆڤە لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی و گشتیبوونی مرۆڤ وەك دیاردەیەك. لەم پێناسەیەدا، زاراوەی ژیار لای لویس هنری مۆرگان (باوکی ئەنترۆپۆلۆژیای ئەمەریکا) دیاریکەری قۆناغیکە، کە تێیدا مرۆڤایەتی (سەدەی ١٠ هەموان وەکیەك باوەڕیان بە بوونی چەمکێکی وەك «مرۆڤایەتی» هەبوو)، دوای تێپەڕین لە قۆناغی «بەربەرییەت» پێیدەگات و ئەویش وەك خۆی قۆناغی «هۆڤییەت» (وەحشیگەری) دەگۆڕێت. مارکسیستەکان بە ئاسانی بەم پێناسەیەی ژیار قایل بوون و لە تیۆری گۆڕانی بونیادی ئابوریدا بەکاریانهێنا. بە بڕوای مۆرگان، تایلۆر و ئەنگڵس، «هۆڤییەت» تایبەتمەندیی هۆزەکییە کە بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر دەردەکەوێت. «بەربەرییەت» تایبەتە بە کۆمەڵگەی بێ خەت و نوسین، کە سەرقاڵی سەرەتاییترین جۆری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون و خاوەنی هیچ چەشنە پۆلێنبەندییەکی ورد بۆ کار و گەشە و کامڵبوونی دامەزراوەگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبوون. «ژیار» بە مانای قۆناغی سەرهەڵدانی خەت و نوسین، دامەزراوەگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی، شارەکان، کار و پیشە، گۆڕانی تەکنەلۆژیکی، پۆلێنکردنی کۆمەڵگە بۆ چینە جیاجیاکان، دروستبوونی دامەزراوەی ئایینی، خواناسی، زانستی بڕواکان و بنەماکانی ئایین بوو. ژیارەکان لەڕوانگەی مێژووییەوە بە پایەدار لە قەڵەم دەدران و دەکرا بپارێزرێن، کامڵ بن، بەڵام تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانیان بۆ چەندین هەزارەی یەك لەدوای یەك بێ گۆڕان بمێنێتەوە کە دەکرێت ژیاری وەك ژیاری مێزۆپۆتامیا، میسر، هیندستان، چین و رۆم بە نموونە ناوببرێن.

## «ژیار» و «ئیمپراتۆرییەت»

جگە لە مانا و واتای سەردەمی مێژوویی زاراوەی «ژیار»، چەمکی ناوچەیی و لۆکاڵییش لەم زاراوەیەدا حەشاردرابوو. «ژیار» لە فەزایەکی بەرین و فراواندا جێگیر دەبوو. ئەمە بەو مانایە، کە لە پاڵ قەبارەی زەمەنیی بەرچاو، فەزا یان

شوێنکاتێکی بەربڵاویشی بۆ خۆی تەرخان دەکرد. لە مانای خاك و زەوی نیشتیماندا، سنورەکانی زاراوەی «ژیار» تاڕادەیەك لەگەڵ مانای زاراوەی «ئیمپراتۆرییەت»، «زلهێزی جیهانی» یەکسان دەبێت. «ئیمپراتۆرییەت» لەم مانای ژیارەدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی بونیادی ئیداری و سیاسی ناکات، بەڵکو حەقیقەتی برەوسەندن و پەرەی خێرا و دزەی ئەکتیڤ، کە لە ژیار سەرچاوەی گرتبوو، بەسەر زەوییەکانی دراوسێدا کە «بەربەرەکان» و «هۆزە وەحشییەکان» نیشتەجێی بوون، پێناسەدەکرد. بە دەربڕینی دی دەکرێت لەڕوانگە و تایبەتمەندییەکانی پەرەخوازانە و دزەکردنە نێو وڵات و خاکەکانی دیکەوە کە تایبەتمەندیی زەقی ئیمپراتۆرییەتە کۆن و نوێکانە، لە چەمکی «ژیار» تێبگەین.

## «ژیار» و شێوازی گشتی و تەواو

«ژیـار»، گەڵاڵەی جۆرێك لە کۆمەڵگەی دارِشـت و رێکیخست، کە لەڕووی چۆنایەتییەوە تەواو لە مۆدێلی کۆمەڵگەی «بەربەرەکان» و «هۆزە وەحشییەکان» جیاواز بوو. ئەمجۆرە لە کۆمەڵگە بە زۆری لەسەر بنەمای «بەجیهانیبوون»ی ئەو ناواخنەی عەشیرەت کە بە پێی پێوەرەکانی نەژادی و یاخود ئایینی دامەزرابوو، بنەڕەتی ئەو ژیارەیان پێکدەهێنا، بەڵام لە رەوتی ئەم «بەجیهانیبوونە»دا، واتا لەڕەوتی هاوشێوەکردنی سیمای هۆزەکی و ئەتنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی بە پێی پێوەر و مۆدێلی گشتی، گرنگترین پرۆسێس هەڵکشانی عەشیرەت و گواستنەوەی نەریتەکانی سروشتی و ئۆرگانیکی بۆ سیستمی راسیۆنالی و عەقڵانییە، کە وشیارانە روویدەدا. هاووڵاتیانی رۆم، تەنانەت لە یەکەم قۆناغەکانی ئیمپراتۆرییەت، جیاوازیی بەرچاویان لەگەڵ خەڵکانی لازیۆ (ناوچەیەك لە رۆمی کەونارا)، موسوڵمانانی جۆراوجۆر کە بە زمانی عەرەبی نزایان دەکرد، بووە و سەرووتر لە چوارچێوەکانی هۆزە بیاباننشینە عەرەبەکان و پێشینیانی راستەوخۆیان بوون.

بەم چەشنە، کاتی تێپەڕین بۆ «ژیار»، مرۆڤناسی، بە تایبەت لە بواری ئەرنترۆپۆلۆژیا و لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەی چۆنییەتیی تووشی گۆڕان بوون. مرۆڤ کە بە «ژیار»ەوە گرێدرابوو، لە شوناسی کۆمەڵایەتی بەهرەمەند ببوو کە پێویستی دەکرد فێری ئاستێکی دیاریکراو لە کولتوری مینۆکی ببێت. «ژیار» لەلایەن مرۆڤەوە پێویستی بە هەوڵێکی عەقڵانی و چڕوپڕ بوو، هەر ئەو شتە بوو کە سەدەی حەڤدە پاش دیکارت لە لایەن فەیلەسوفانەوە بە ناوی زاتەوە ناونرا. پێویستیی هەوڵێکی لەم چەشنە و بەهرەمەندبوون لە نموونەی کولتوریی تاڕادەیەکی دیاریکراو، نوێنەرانی هۆز و نەژادی ناوەندیی (ئایینی) کە بنەڕەتی «ژیار»یان پێکدەهێنا، لەگەڵ کەسانێك کە لە گروپە نەژادییەکانی دیکە بوون و سەریان لەم ناوەندە کاریگەر و بەبڕشتەی ئەم ڕەوتە دەرهێنابوو، یەکسان دەکرد. فێربوونی پرەنسیپگەلی سادەتری «ژیار» لە پەسەندکردن و بە فەرمیناسینی هۆزەوە دەستپێدەکرد، چونکە هەر ئەوەندە بەس بوو کە ئەنجامدانی کاری عەقڵبڕ و لۆژیکی فێربکرێت.

## «ژیار» و کولتور

سەدەی نۆزدەهەم چەمکی زاراوەی «»ژیار» لەگەڵ مانای «کولتور»، لە هەندێك لە نووسراوەکانی نوسەرانی دەوڵەتی یان گشتییدا، وەك یەك دەبێت. لە دۆخەکانی دیکەدا، دژیەتی لەزنجیرە پلەییەکاندا بەدیهاتبوو، کە زۆربەی جار کولتور وەك ئاوێتەی مینۆکیی ژیار لێکدەدرایەوە، ژیار خۆی لەخۆیدا بە بونیادی فۆرماڵی کۆمەڵگە پێناسە دەکرا. ئۆسواڵد شپینگلەر، لە کتێبی بەناوبانگی خۆی، «ڕۆژئاوابوونی ئەوروپا» تەنانەت «ژیار» و «کولتور» دەخاتە بەرانبەری یەکدی و «کولتور» وەك سەرچاوەی ڕۆحی مرۆڤ ناودەبات و «ژیار» وەك ئەو کەرەستە باسدەکات، کە ئەم ڕۆحە بە هۆی داهێنانی میکانیکی و تەکنەلۆژییەوە، سارد دەکاتەوە. بە بڕوای شپینگلەر، ژیار بەرهەمی مەرگی کولتورییە، بەڵام تیۆرێکی

وەها توندوتیژ کە تەنیا بەشێك لە لایەنەکانی ژیاری رۆژئاوای هاوچەرخی بە باشی پێناسە کردووە، هێندە لە لایەن هەموانەوە نەناسرا و پەسەند نەکرا. ئەمڕۆ بە زۆری دەستەواژەی «کولتور» و «ژیار» بە شێوەی دەستەواژەی هاوواتا بەکاردەهێنرێن، هەرچەند هەر توێژەرێك دەتوانێت راو روانگەی تایبەتیی خۆی سەبارەت بە هەر یەك لەم چەمکانە هەبێت.

## پۆست مۆدێرن و دەرکی هاوکاتی «ژیار»

تەنانەت راگوزەرترین لێکدانەوە لەمەڕ مانا و واتای زاراوەی «ژیار» نیشانیدەدات کە ئێمە لەم زاراوەیەدا لەگەڵ تیۆر مامەڵە دەکەین، کە لێوانلێوە لە رۆحی رۆشنگەری، پێشکەوتنخوازی، مێژووگەرایی کە لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی نوێ لە قۆناغی سەرەتایی، هەروەها قۆناغی رامانی بنچینەیی دووبارەبوو لە سەدەی بیستدایە. باوەڕ بە دەستپێکی پرۆسێسی مێژوویی، بە گشتیبوونی رێگەی مرۆڤایەتی لە رێبازی لۆژیکی گشتیی گەشە و پەرە لە هۆڤییەتەوە بەرەو ژیار، لە تایبەتمەندییە زەقەکانی سەدەی بیست بوو، بەڵام لە سەردەمی نیچە و فرۆیدەوە کە ناوی «فەیلەسوفانی بەدگومان»یان لێنراوە، ئەم تەوەرە حەتمییە گەشبینانە کەوتە بەر گومان و دوودڵییەوە و بە درێژایی سەدەی بیست، هایدگەر، ئەگزیستانسیالیستەکان، نەریتخوازان، بونیادگەراکان و ئەنجام پۆست مۆدێرنەکان بۆ ئاراستەکردنی پرەنسیپی نوێ کەڵکیان لێوەرنەگرت. لە پۆست مۆدێرندا، رەخنەگرتن لە گەشبینی مێژوویی و گشتگەرایی و مێژووخوازی دۆخی سیستماتیکی هەبوو، کۆمەڵێك پێشمەرجی میتۆدی بۆ پێداچوونەوەی تەواوی دەزگای تیۆردارێژەر بە گۆڕەپانی فەلسەفەی ئەوروپای رۆژئاواییدا رەخساند. ئەم پێداچوونەوەیە تا کۆتایی بەرگەی نەگرت و کردەیی نەبوو، بەڵام ئەوەی (لەسەر دەستی

ليڤی-شتراوس، بارت، ريكۆر، فۆكۆ، دیلۆز، دریدا و هتد)ەوە بە دەستەوەدرا تەواوە، تاوەکو لە نەکردەبوونی ئەگەری بەکارهێنانی وشەی مۆدێرن بە بێ پێداچوونەوە بە سەر بونیادی ورديدا، تێبگەین.

پۆل ریکۆر لایەنگری تێزی «فەیلەسوفانی بەدگومان»، بابەتێکی دیکە گەڵاڵە دەکات. مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی لە بەشی عەقڵانی- وشیارانە و ناخودئاگا پێکهاتووە. هەرچەند کە بە رواڵەت پێدەچێت لە ڕێگەی مرۆڤەوە راستەوخۆ لە یەخسیریی نائیرادەییەوە بەرەو پاشایەتی عەقڵ دەکشێت و تەوەری پێشڤەچوون و ناوەڕۆکی مێژوویی دەگرێتەوە، لەڕاستیدا کاتی لێکدانەوەی وردتر دەردەکەوێت، کە دەروونی ناخودئاگا تاڕادەیەك بەهێزترە و وەك رابوردوو کاریگەریی لەسەر کاری عەقڵ دادەنێت. جگە لەمە، عەقڵ وەك خۆی و لە چالاکیی وشیارانەی لۆژیکیدا، کەم تا زۆر هەمیشە وەك کەرەستەیەکی کاری گەورەیە لە پەیوەندیی لەگەڵ سەرکوتکردنی لێدانە نائیرادەییەکاندا کە زمانی دیکەی دەربڕینی باوەڕەکان و کەرەستەی ستراتیژی لەناوبردنی «ئەفسانەداڕشتن» و پڕۆژە نایەکدەستەکان و هتدە. بە بڕوای مارکس «هێزی بەرهەمهێنان (تاکەکان)» و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان» بە شێوەی ناخودئاگا کاردەکەن.

ئەنجام «ژیار» نەك هەر «بەربەرییەت» و «هۆڤییەت» وەلادەنێت، بەڵکو بە تەواوی لە گۆڕەپانەکە دووریاندەخاتەوە، بەڵام تانوپۆی خۆی لەسەر دەستپێکەکانی «وەحشییەکان» و «بەربەرییەکان» دادەمەزرێت کە بۆ پانتایی ناخودئاگا دەگوازرێتەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە بزرنابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە. لە لایەن مرۆڤەوە دەبێتە خاوەنی هێز و دەسەڵاتی بێ سنور، چونکە وەك کەرەستەی «بێگیان» و «دۆڕاو» هەژمار دەکرێت. ئەمە دەربڕی جیاوازیی نێوان کرداری مێژوویی ژیانی نەتەوە و کۆمەڵگەکان، جەنگەکان،

زۆرداری، توندوتیژی، کاڵفامی و ئارەزوبازی، پڕاوپڕ لە عەقڵی هەڵچوو، تووڕە لەئاڵۆزی، شێواوی و شەڕی دەروونی بۆ بوونی هەماهەنگ، ئاشتیخوازانە و رۆشنگەرانە لەژێر سێبەر و ساباتی پێشکەوتن و پەرەدایە. لەم پەیوەندییەدا، سەردەمی نوێ نەك هەر ریزپەڕ و ئاوارتە نییە، بەڵکو تەشقی دژیەتیی نێوان بانگەشەکانی عەقڵ و واقیعە خوێناوییەکانی جەنگە جیهانییەکان، پاکژکردنەوەی نەژادی، جینۆسایدی بێوێنەی نەتەوە و نەژادە کامڵەکان لە مێژووی نەتەوەکاندایە. لێرەوە، بۆ جێبەجێکردنی «هۆڤییەت» سود لە مۆدێرنترین کەرەستەکانی تەکنەلۆژی کە لەسەر دەستی «ژیار» داهێنراوە، تا چەکی کۆمەڵکوژ، وەردەگرن.

بەم چەشنە، نەریتی رەخنەگری، بونیادگەرایی، فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیستی ناچارمان دەکات لە پێناسەی دەورەیی ژیارەوە کە بۆ سەدەی 19 میتۆدێکی ئاسایی بوو، بە زۆر و ناچاری بەکاردەهێنرا، بگەینە میتۆدی هاوکاتی مێژوویی. میتۆدی هاوکاتسازی دەربڕی ئەوەیە کە ژیار لە جیاتی هۆڤییەت و بەربەرییەت دانانیشێت. ژیار کاریگەریی لەسەر وشیاری دادەنێت، بەڵام ویژدانی ناخودئاگایش تەنانەت بۆ چرکەیەك ئارام ناگرێت (ز.فرۆید) و بەردەوام هەموو شتێک بە پێی میتۆدی «شرۆڤەی خەون» بۆ سوودی خۆی پێناسە دەکات. «هۆڤییەت» شتێکە دەربڕی ژیارە و بە کلیلێك بۆ ژیار دەژمێردرێت. کەواتە دەردەکەوێت کە مرۆڤایەتی بۆ راگەیاندنی ئامادەیی و بوونی «ژیار» پەلەی کردووە و وەك رووداوێك کە پێشوەخت روویداوە، رایگەیاندووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم بابەتە وەك گەڵاڵەیەکی ناتەواو ماوەتەوە و بەردەوام بە هۆی کاریگەریی فریودەری نائیرادی بە هەر شێوەیەك چ لەڕووی دەروونناسییەوە و چ لەڕووی «دەسەڵاتی ئیرادە»وە لێی تێبگەین، شکست دێنێت.

## بنەماشکێنی «ژیار»

چۆن دەکرێت بە کردەوە بۆ دووبارەکردنەوەی بونیادی «ژیار» کەڵك لەڕووبەڕووبوونەوەی بونیادگەرایی وەربگرین؟ دەبێت لەڕووی نەگەڕانەوەیی بوونیان بە پێی تێگەیشتنی گشتی، گومان لەم ڕەوتانە بکەین، کە خۆی لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی «ژیار»ە بەراورد بە «بەربەرییەت» و «هۆڤییەت».

زۆربەی جار نائاساییبوون بە تایبەتمەندیی سەرەکی و دیاری «ژیار» دەزانرێت و ئەمە هەمان تایبەتمەندیی دەرکەوتوو، تیۆری نیشانەی ژیار بۆ کەسانێکە، کە دەیانەوێت لە دەرەوە سەیرێکی بکەن. گشتگەرایی ڕیزپەڕ و تایبەتی و یەکە، یەکەم ڕوانین، ئەنتیتێزی تەواو پاوانکراوە کە تایبەتمەندیی هۆز و کۆمەڵگەکانی «پێش ژیار»ە، بەڵام بانگەوازی مێژوویی ژیار بۆ گشتی-یەکبوون، بەردەوام بەرەوڕووی ئەم بابەتە دەبێتەوە کە جگە لە هۆزە «بەربەر»ییەکان، لەوپەڕی ئەم ژیارەدا، چەندین ژیاری دیکە بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە(وەك «گشتگەرایی» و تایبەتمەندیی تایبەتی خۆی بوونیان بووە. بەم چەشنە دژیەکی لۆژیکی بەرانبەر بە «ژیار» خۆی ئاشکرا کرد کە دەبێت دان بەوەشدابنرێت کە بانگەشەی گشتیبوون ڕاستەقینە نییە و بێبنەمایە، یاخود ژیاری دیکە وەك ژیارە «بەربەری»یەکان ئەژمار بکرێن. گەر ئەم بانگەشە بێبنەما بێت، گەلێك چارەسەی جیاجیا دەکرێت گەڵاڵە بکرێن، یان دەبێت هەوڵ بۆ مۆدیلێك بدرێت کە ئەم دوو ژیارە لە سیستمێکی هاوبەشدا پێکەوە پەیوەست بکات (لانیکەم لەڕوانگەی تیۆرییەوە) و یان لەسەرحەقبوونی ژیارەکەی دی پەسەندبکرێت. «ژیار» کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخێکی وەهادا، لە میتۆدی ڕیزپەڕبوون و یەکگرتنەوە سود وەردەگرێت و ژیارەکەی دی بە ژیارێکی وەحشی دەزانێت. بە دەربڕینی دی، ئێمە لەگەڵ گواستنەوەی ئەتنیسیتیی ئاسایی هۆزەکی بۆ ئاستێکی باڵاتر لە گشتێتی ڕووبەڕوووین. گشگر و گشتیبوون بە کردەوە بۆ کۆمەڵێك ڕیزپەڕ و مەرامگەرایی «وەحشی» ئاشنا بۆ ئێمە، دەگۆڕێن.

ئەم بابەتە بە ئاسانی لەم نموونانەی خوارەوەدا دەناسرێتەوە: یۆنانییەکان خۆیان بە «ژیار» لە قەڵەم دەدەن و ئەوانی دیکە بە «وەحشی» دەزانن. رەگ و ریشەی وشەی «بەربەر» بە مانای زمان و وتەی کەسێکە، کە بێمانایە و تەنیا تێکەڵێکە لە دەنگی ئاژەڵان. لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە هۆزەکاندا ئەمە بە نیسبەت هۆزەکانی دیکەوە هەیە، ئەوان لە زمانی هۆزەکانی دی تێناگەن و لایانوایە، کە ئەوان لە بنەڕەتدا خاوەنی زمان نین و ئەنجام بە مرۆڤیان نازانن. لێرەوە دەتوانین لە ریشەی ناوی هۆزەکی «نیمیتس» کە لە زمانی روسیدا بە مانای ئەڵمانییە و لە وشەی «نیمیە» بە مانای بێوتە یان بێزمان وەرگیراوە، تێبگەین. واتا ئەو شتەی هەر تاکێك وەك مرۆڤ دەبێت بیزانێت، واتا زمانی روسی نازانێت.

لای خەڵکانی پارسی کۆن کە خۆیان بە سەرچاوەی ژیاری مرۆڤ دەزانی و ئایینی مەزدەکیان بە دینێکی گشتی لە قەڵەم دەدا، ئەم بابەتە روونتر دەردەکەوێت. دابەشکاری بۆ ئێران (مرۆڤەکان) و توران (ئەهریمەنەکان) لە ئاستی ئایین، ئایینزا، داب‌ونەریت و ئەخلاقییات. تەنانەت کار بە رەهاخوازیی پەیوەندیی دەرونی و باوکردنی پەیوەندیی نێوان مەحرەمەکانیش گەیشت، بۆئەوەی رۆحی هەتاوئاسای ئێرانییەکان (ئەهورامەزدا) بە بێحورمەتیی خراپەکانی نەوەکانی شەیتان (ئەهریمەن) نەکەوێت.

یەهودییەت وەك ئایینی جیهانی کە بانگەشەی یونیڤێرسال‌بوونی هەبووە و بنەماکانی تیۆلۆژیکیی تاك‌خودایی داناوە، هەم بۆ مەسیحییەت و هەم بۆ ئیسلام، کە هاوکات لە سەر بنەمای چەند ئایینزا رۆنرابوون، تائێستا بە نزیکەیی لەڕووی نەژادییەوە بە یاساگەلی خوێن-هۆزەکی «هالاخا» سنوردار دەبێت. بونیادی هۆزەکی لە سەر ئایینێك دامەزراوە، کە پرەنسیپەکانی ئوستوورەناسیی هۆزەکی، بە پێی ئەو ئایینە وەك لایەنگر و پشتیوانی (نیۆفیت) دەناسرێت. لە قۆناغی ژیاردا ئەم ئەرکە لە سەر دەستی گەورەکانی ئایینەوە ئەنجامدەدرێت و

قۆناغی دواتر، لە لایەن سیستمی دامەزراوەگەلی گشتی لە سەر ئایدۆلۆژیایەك بونیاددەنرێت. نیۆفیتەکان لە هەلومەرجێکی دیکە و بە خواست و حەزێکی دیکەوە فێری ئەفسانەکانی مۆدێرن دەبن و خۆماڵییان دەکەن، بەڵام گرنگی کردەوەییان بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە و بەم بۆنەیەوە لۆژیکییە کە ئەو هەموو ئوستوورە و حیکایەتە کۆنانە هێشتا لە بیر نەچوونەتەوە.

بە دەربڕینێکی دی، لەڕاستیدا تەنانەت دووبارە بونیادنانەوەی ڕێژەیی «ژیار» نیشانیدەدات کە بانگەشەی تێپەڕین لە فازەکانی پێشوو، خەیاڵ و وەهمێکی بەتاڵە و بە کردەوە گروپگەلی گەورە و «پرۆسێسی» خەڵك، یەکگرتوو لە «ژیـار»دا، لە ئاستێکی دیکە لە مۆدێلە کۆنەکانی ڕەفتاری لە قاڵبی ئایین، هونەر، دەستکەوتی داهێنەرانەی مرۆڤ و لە بینین و خەوندا دەکەونەڕوو. لە ئوستوورەدا کۆمەڵێك دەموچاوی زەینی و وێنە دەبینین، کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە واقیعییەتەکانی ئەو مۆدێلە کۆنەی کە بەردی بناغەی هەموو ئەزموونە دەروونییەکانن و چەندێتی و چۆنییەتیی ئەم ئەزموونانە تاڕادەیەك دیاریدەکەن، بە دەستبێنین. لێرەوە تێدەگەین کە ئاگاداربوون لەلایەن و توێژە قووڵەکانی دەروونی مرۆڤ پێویستی بە ناسینی توێژەکانی ئوستوورە هەیە. وێنەگەلی زۆر ئوستوورەیی، ڕێگەی فامکردن و تێگەیشتنی مۆدێلی کۆنی دەروونمان نیشاندەدەن. ئەگەر زەینی خودئاگا بۆ فامکردن و تێگەیشتنی خاوەنی ئەمجۆرە وتەزاگەلە نەبێت، بە دەربڕینێك؛ گەر لە مانای ئایینی و ئوستوورەیی بێبەری بێت، دەستی بە لایەن و توێژەکانی قووڵتری دەروون ڕاناگات و سیستمی بەهاداریی «هۆڤەکان» دووبارە دەکاتەوە. هەر بۆیە جەنگی بێ کۆتایی و هەردەم خوێناویتر، ستانداردی دووانە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی، ئارەزو و پووچی و لاساری لە ژیانی تاکەکەسیدا، لەناوچوونی پێوەر و بەها ئەخلاقییەکان لە کۆمەڵگەی ڕاسیۆنال و میانڕەو سەرچاوە

دەگرێت. بەڕای من لە مەڕ «میهرەبانی وەحشی»ی رۆسۆ (زۆر بە توندی رەخنەی لە ژیار وەك دیاردەیەك دەگرت و وەك سەرچاوەی هەموو بەڵا و نەهامەتییەك دەیناساند)، دەكرێت بوترێت مرۆڤی «خاوەن شارستانی» هیچ نییە جگە لە «وەحشیی گونجڕ» و «وەحشیی هەڵە و هەرزە».

## ئەمرۆکە تێگەیشتنێکی هاوکات و فرە لایەن بۆ «ژیار» کەوتۆتەڕوو

بەم پێشەكییانەوە كە تا ئێستا باسكراون، كاتێك تێزی هانتینگتۆن سەبارەت بە «پێناسەی ژیار» پەرەی پێدەدرێت، سەرئەنجام دەتوانین بپرژێینە سەر ئەوەی ئەمڕۆ لە مانای «ژیـار»دا دەیگونجێنین، یاخود لە بەرانبەر تێزی (خاتەمی)، سەرۆك كۆماری پێشووی ئێراندا دابنێین، كە پێی لەسەر «گفتوگۆی ژیارەكان» دادەگـرت. واقیعی رێككەوتن بەمەبەستی بەكارهێنانی زاراوەی «ژیار» راشكاو و ئاشكرا ئاماژە بەو بابەتە دەدات، كە پێناسەی ئەم دەستەواژەیە لەڕووی ستراتیژیی مێژوویی و ئەو پرۆسێسەی سەردەمی مۆدێرن و سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم باوبوو، هەنووكە روون و ئاشكرا پەیوەندی و پێگەی خۆی لە دەستداوە. دواكەوتووترین كەسانێك كە هێشتا لە سەردەمی مۆدێرنەی توێژەرانی فیزیای كوانتۆم و ... هتد چەقیون، تەنیا دەتوانن «ژیار» و «بەربەرییەت» لە بەرانبەر یەكدیدا دابنێن. هەرچەند كاتی پێناسە و وەسفی كۆمەڵگە جۆراوجۆرەكان، دەكرێت وەك كەرەستەیەك بۆ راڤە و شیكاری و ئانالیزی مێژوویی كەڵك لە «ژیار» وەربگرین، بەڵام ئەم وشە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی خۆی وەك جەمسەرێكی ئەرێنی بەرانبەر بە جەمسەری نەرێنیی جیهانی (بەربەرییەت و وەحشیگەری) لە دەستداوە. گشتگەرایی هەر پرۆسێسی هەڵكشان، یەكگرتوویی مرۆڤ و ناسینی مێژووی مرۆیی، هەموو ئەمانە ماوەیەكی دوور و درێژە لە رێگەی فەلسەفەوە بـەرەوڕووی پرسیار بوونەتەوە. لیڤی شتراوس، بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەمەڕ مرۆڤناسی بونیادی

کە زیاتر لە زانیارییەکانی چڕوپڕی ئەتنیسیتی و میفۆلۆژیای ژیانی هۆزەکی ئەمەریکای باکور و باشور پێکهاتبوو، بە شێوەیەکی کاریگەر سەلماندی سیستمی خەیاڵی و میفۆلۆژیکیی «سەرەتاییترین» کۆمەڵگەکان، لەڕووی ئاڵۆزی، پەیوەندی و ڕێساکانی کار و کردەوە، لە ژیارمەندترین وڵاتەکان دوور نییە.

لە باس و وتە سیاسییەکاندا هێشتا خاڵە لەسەرووترەکانی ژیار دەخرێنە بەرباس، بەڵام ئەمە دەکەوێتە حاڵەتی ئانارشیزمەوە. ئانارشیزم شێواوییەکە، تیایدا تاك بەهاکانی سەردەمی خۆی دەگوازێتەوە بۆ مێژوو، رەفتار، هەڵسوکەوت، گوتە و رووداوەکـان بە بەهاکانی سەردەمی هەنوکەوە راڤەدەکات. لەم شێواویەدا گۆڕانی مانا و چەمکەکان لە مێژوودا لە بەرچاو ناگیرێت. لەڕاستیدا ئەمە میتۆدێکە لە بەها و تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆ بۆ تێگەیشتن لە «دوێنێ» کەڵك وەردەگیرێت. ئێمە کاتێك بەرەوڕووی ئەم پزیسکانە بووینەوە، کە ریفۆرمخوازانی لیبڕال هەوڵیاندەدا مێژووی روسیا وەك دوائەڵقەکانی زنجیرەی بەربەرییەت بەرانبەر بە ژیـاری بەشکۆ و گەشەداری رۆژئاوایی بناسێنن. ئەمە بەشێك لە بانگەشە پڕوپاگەندەییەکانی رۆژئاوا و ئەنجامی کاری تۆڕی دزەکردنی و فۆرمەکانی کولتوری رۆژئاوایی بوو کە دەهاتە ناو روسیاوە. ماکدۆناڵد، بانکی کەرتی تایبەت و کلیپی ڤیدیۆی گروپەکانی «راك» لە تەلەفزیۆنی سۆڤێت بە «کەیسی پیرۆز» لە قەڵەم دەدران.

جگە لەم مۆرکە پڕوپاگەندەییانە، یاخود دواکەوتویی نائومێدکەر، چەمکی «مۆدێرن» بێ هەرچەشنە گوشارێکی ئەخلاقی، زیاتر وەك زاراوەیەکی تەکنیکی پێناسە و راڤەدەکرێت و وەك هۆکارێك کە بەرانبەر بە «بەربەرییەت» و «هۆڤییەت» یان «وەحشیگەری» بوەستێت، هەژمار ناکرێت، بەڵکو بە وێنەی «ژیار»ێکی دیکە لەبەرچاودەگیرێت. لە وتارەکەی هانتینگتۆن کە پێشتر باسی لێکرا، هیچ وشەیەك سەبارەت بە «بەربەرییەت» بەدیناکرێت. تەنیا لە سنورەکان، بونیادەکان، تایبەتمەندییەکان، جیاوازیی ژیارە جۆراوجۆرەکان دواوە.

ئەم تایبەتمەندییە تەنیا هەڵوێست یان هێڵێکی توینبیی نییە، کە هانتینگتۆن پەیڕەوی دەکات. بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە مانای هاوچەرخدا، خۆی لە خۆیدا وێنایەك لە پلۆرالیزم و هاوکاتی گەلاڵە دەکات. لێرەدایە رەخنەگرتنی فەلسەفی و رامانی دووبارەی مۆدێرن دەکەوێتەڕوو کە بە کەڵك وەرگرتن لە هەزاران میتۆد بەدرێژایی سەدەی بیستەم درێژەی بە بوونی خۆی داوە.

گەر ریکلام و پڕوپاگەنەی فریودەرانەی ئەمەریکی و بە دەربڕینی فراوانتر، «ئەتڵەنتیکی»، وەلابنێین، دەبینین ئەمڕۆ زاراوەی «ژیار» لە راڤەی بابەتی زانستی سیاسەت بە شێوەی کردەیی و هاوکات بەکاردەهێنرێت، تاوەکو لەم رێگەوە خاڵی فراوان و پایەداری جوگرافی و کولتوری دیاریبکرێت، کە بە رێنمایی هاوبەشی مینۆکی، دەرونی، بەهاکان و ئەزموونە مێژوویەکان دەستنیشانبکرێن و بەمشێوەیە «ژیار»ی سەدەی بیستەم پێناسەبکرێت. دزەکردنی خاڵی پایەدار و رەگداکوتراوی شێوازێکی تایبەتی کولتوری-کۆمەڵایەتی بە زۆری دەقاودەقی سنورە باوەکانی ئایینەکان دێتەوە. شیاوی ئاماژەیە کە شێوەڕێژبوونی بەشگەلی جیاجیای ژیار جیاوازبێت. ژیار لە وڵات فراوانترە و دەتوانێت لە چەند، یاخود چەندین وڵاتی بێشومار پێکهاتبێت. جگە لەمە، سنور و کەوشەنەکانی ژیار، دەتوانێت لەناو وڵاتانەوە تێپەڕێت و بیانکات بە چەندین بەش و بەشی جیاجیاوە.

گەر سەردەمی کەونارا، «ژیار» هەمان ئیمپراتۆرییەت و بە شێوەگەلی جۆراوجۆر یەکەی سیاسی بووە، ئەمڕۆ سنورەکانی خاوەنی هێڵی نادیار و نەبینراوە و دەکەوێتە سەر هێڵی سنوری وڵاتەکان. هەندێك لەم وڵاتانە، لە ئیمپراتۆرییەتێکی یەکگرتوو دابوون (بۆ نموونە ئیسلام لە ماوەی داگیرکاریی عەرەبەکاندا سەرقاڵی دامەزراندنی خەلافەت بوون، لە هەموو شوێنێك برەوی سەند). وڵاتەکانی دی لە دەوڵەتتەوەرییەکی هاوبەش بەهرەمەند نەبوون، بەڵام بە شێوەیەکی دیکە، لەڕوانگەی ئایینی، کولتوری، یاخود نەژادییەوە پێکەوە پەیوەستدەبوون.

## قەیرانی مۆدێلە کلاسیکییەکان
## راڤەی مێژوویی (چینایەتی، ئابوری، لیبرال، نەژادی)

بەم چەشنە نیشانماندا کە بەکارهێنانی زاراوەی «ژیار» لە سەدەی بیستەمدا، لە چوارچێوەی رەخنە لە مۆدێرن، ئاوێتەبوونی چۆنیەتیی بە شێوەی هاوکات و بە سودی پلۆرالیزم رووی داوە، بەڵام دەکرێت هەنگاوێکی دیکە هەڵبگیرێت و بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی لە سەردەمی ئێمەدا بەکارهێنانی ئەم وشە تا ئەم رادەیە پێویست بووە، هەوڵێکی دیکە بخرێتە گەڕ. لەڕابوردوودا، چەمکی «ژیار»، هێندە نەبوو بە بابەتێکی گشتی و تەنیا لە کۆڕ و شوێنە ئاکادیمی و زانستە مرۆییەکاندا دەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە. لە باسە سیاسییەکاندا کۆمەڵێك بابەتی دیکەی وەك بابەت و تەوەرگەلی ئابوری، نەتەوەیی، نەژادی، چینایەتی و ئابوری لە پێش بوون و کاردانەوەکان بەرانبەریان لێکدەدرایەوە. ئەمرۆ دەبینین رامان لە پانتایی هەستیاری ئابوری، قسەکردن لە دەوڵەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی، دژیەتی چینایەتی و نەژادی لە لوتکەی شێکردنەوە و راڤەکاندا کەمتر باوە. بە پێچەوانەوە، کەمتر روودەدات کە لە لێدوان و ئاخاوتنی کەسایەتییە سیاسییەکاندا وشەی «ژیار» بیرنەخرێتەوە. هەنوکە قسەمان لەسەر دەقی زانستی سیاسی و راڤەیی نییە، کە تیایاندا ئەم وشە ژیارییە. لە بەرهەمەکانی هانتینگتۆندا دەبینین کە هەوڵدەدات «ژیار» بکات بە چرکەساتی ناوەندیی راڤەی سیاسی، مێژوویی و ستراتیژیکی. ئاشکرا بەرەو قۆناغێك دەڕۆین کە بیر لە «ژیار» بکەینەوە.

لێرەدا دەبێت بە جدی ئاوڕ لەم بابەتەش بدرێتەوە، کە لە جۆرەکانی دیکەی باسی پۆلیتۆلۆژیکیدا «ژیار» دەخرێتەوە بەر باس. کەواتە ناکرێت پاش رووداوە تراژیدییەکان کە پەیوەندی بە فاشیزمی ئەوروپییەوە هەیە، باس لە نەژادەکان بکرێت. ئانالیزی چینایەتی دوای رمانی ئۆردوگای سۆسیالیزم و یەکێتی سۆڤیێت، ناوی لەناو ناواندا نەما. لە چرکەیەکدا لەوە دەچوو کە دەبێتە تاقە پارادایمی کارناسانی سیاسیی لیبرالیزم. هاوکات، ئەم وێنایە فۆڕمی وەرگرت کە سنورە

نەتەوەییەکانی وڵاتانی لیبڕاڵ-دیموکرات کە خاوەنی نەژادی یەکدەستن و تووشی هیچ سیستمێکی دیکە نەهاتوون و بانگەوازی رێبەریکردنی جیهان (دوای کەوتنی مارکسیزم) دەکەن، زۆری پێناچێت کە دەتوێتەوە و دەوڵەتی جیهانی و وڵاتی یەکەی جیهانی بە ئابوری هاوچەشن، دیموکراسی پەرلەمانی (پەرلەمانی جیهان)، سیستمی لیبڕالی بەهاکان و ژێرخانی گشتی زانیاری و تەکنەلۆژی دێتەئاراوە. فرانسیس فۆکۆیاما ساڵی 1990 لە کتێبەکەیدا بە ناوی «کۆتایی مێژوو» سەبارەت بە «جیهانی جوانی نوێ» قسە دەکات. فۆکۆیاما خاڵی کۆتایی لە گەشە و کامڵبوونی پێناسەی چەمکی ژیاردا دادەنێت. ئەم مێژوو یان ئاخر زەمانە بە بڕوای ئەو بە مانای سەرکەوتنی کۆتایی «ژیار» بە سەر «بەربەرییەت» لە هەموو شێواز، قاڵب و فۆرمەکانیدا بوو.

هانتینگتۆن لەم بارەوە لەگەڵ فۆکۆیاما مشتومڕی بوو، وەك خاڵی سەرەکی لەباسەکەی خۆیدا ئەو هەلومەرجانەی دەهێنایە پێش کە کۆتایی بەرانبەرکێی ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکان (مارکسیزم و لیبڕالیزم) بە مانای یەکڕیزیی ئۆتۆماتیکیی مرۆڤایەتی لە قۆناغی یەکەی لیبڕاڵ نییە، چونکە لە چینی ژێرەوەی کارنامەی فۆرماڵی وڵاتانی نەتەوەیی و ئۆردوگاگەلی ئایدۆلۆژیکی، کۆمەڵێك پلاتفۆرمی تەکنیکیی قووڵ دۆزرانــەوە و چەشنێك وشکانی نائیرادی سەریانهەڵدا کە مۆدێرنیزاسیۆن، کۆڵۆنیالیزم، ئایدۆلۆژیاسازی، رۆشنگەری بە سەریاندا زاڵ نەبوو، وەك رابوردوو سەر بە ژیار(ێکی تایبەت بوون)، هۆکاری دیاریکەری لایەنە گرنگەکانی ژیان، لەوانە لایەنی سیاسی، ئابوری و جیۆپۆلەتیکی لەم بەشە یان بەشێکی دیکەی کۆمەڵگەی مرۆیی بوو.

بە دەربڕینێکی دیکە، هانتینگتۆن پێشنیاری کرد چەمکی «ژیار» وەك تیۆری بنچینەیی ئایدۆلۆژیا بەکاربهێنرێت. تیۆرێك کە نەك هەر بۆ گۆڕان بانگ لە ئانالیزی کلاسیك دەکات، بەڵکو یۆتۆپیای لیبڕال کە فریودەریی بانگەشەکارانەی «جەنگی سارد» لەڕادەبەدەر بە جدی و ناڕەخنەیی دەگرێت و بەم چەشنە دەبێتە

قوربانی. کەپیتالیزم، بازاڕ، لیبڕالیزمی دیموکراسی، تەنیا بەڕواڵەت بۆ مرۆڤ گشتی و کامڵ دیارن. هەر ژیارێك مانا و واتای بە پێی مۆدێلی ناخودئاگای خۆی پێناسە دەکات کە ئایین، کولتور، زمان و دەروونناسی رۆڵێکی گەورە و چارەنووس‌سازی تێدا دەگێڕن. لە وەها دۆخێکدا، ژیار لە ئانالیز و راڤەی زانستی سیاسەتدا دەبێتە خاوەنی مانای سەنترالی و تەوەرەیی و دەکەوێتە ریزی یەکەمەوە و جێگەی کلێشەی «وڵگات» یان زمانی گشتیی لیبڕال دەگرێتەوە. رووداوەکانی ساڵانی 1990 نیشانیدەدات کە تیۆری هانتینگتۆن سەبارەت بەم بابەتە لەڕاستییەکانەوە نزیکبوو، فۆکۆیاما ناچاربوو تاڕادەیەك بەڕوانگەکانیدا بچێتەوە و دان بەوەدا بنێت کە پەلەی کردووە، بەڵام پێداچوونەوە بە سەر تێزی فۆکۆیاما سەبارەت بە «کۆتایی مێژوو» پێویستی بە لێکدانەوەی زیاتر و وردتر هەیە.

## هەنگاونان بۆ دواوەی یۆتۆپیستە لیبڕالەکان: State_building (دامەزراندنی دەوڵەت)

بابەتەکە بەمشێوەیە، کە فۆکۆیاما لەڕوانگەی سەرکەوتنی جیهانیی لیبڕالیزمەوە سەیری ئانالیز و شیکردنەوەی ناسازگاربوونی پێشبینییەکانی خۆی سەبارەت بە «کۆتایی مێژوو»ی دەکرد و هەوڵیدەدا بە هەر شێوەیەك بووە لەچوارچێوەی لۆژیکی کە دەستپێکی ئایدیاکانی بوو، بمێنێتەوە.لە ئەنجامدا ناچاربوو تەنیا جارێك واقیع تاقیبکاتەوە و دان بە لەسەرحەقبوونی رکابەرەکەی، واتا هانتینگتۆن کە بە پێی بەڵگەکان پێشبینییەکانی ئەو لەڕاستییەوە نزیکتر بوون، نەنێت. لەم بارەدا فۆکۆیاما جووڵەیەکی تیۆری کرد. پێشنیاریکرد «کۆتایی مێژوو» بۆ ماوەیەکی نادیار وەلابنێین و ئەو بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە پتەو و تۆکمە بکەین، کە قۆناغەکانی پێشوو، ناوکی ئایدۆلۆژی لیبڕالیان پێکدەهێنا. فۆکۆیاما تێزێکی نوێی ئاراستەکرد کە هەمان پێکهێنانی دەوڵەت بوو. وەك قۆناغی ناوین و ناوکۆ، رێگەی تێپەڕین بەرەو

دەوڵەتی گلۆباڵ و حکومەتی جیهانی، دەڵێت وڵاتانی نەتەوەیی بە ئابوری لیبڕال و سیستمی بەڕێوەبەریی دیموکراتەوە بەهێز و تۆکمەبکرێن، تاکو بەم چەشنە بواری گونجاو و بنچینەیی بۆ سەرکەوتنی کۆتایی لیبڕالیزمی جیهانی و جیهانیسازی ئامادەدەبێت. ئەمە بە مانای دوورکەوتنەوە لە بەرجەوەنەکانی داهاتوو نییە، بەڵکو ئەم بابەتە لەڕاستیدا دواخستنی ئەم بابەتە بۆ ماوەیەکی نادیار وێڕای پێشنیاری تایبەت و دیاریکراو بۆ قۆناغی نێوەنجی.

فۆکۆیاما کەم تا زۆر هیچ شتێك سەبارەت بە تیۆری «ژیار» ناڵێت، بەڵام بە ئاشکرا تێزەکانی هانتیگتۆن لە بەرچاو دەگرێت و راستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە. پێشکەوتن و پەرەی پایەداری وڵاتانی نەتەوەیی کە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، (بە هۆی) بزوتنەوەکانی ناسیۆنال-ئازادی بەخش، بەرانبەرکێی ئایدۆلۆژی دوو ئۆردووگا لە ژێر زەخت و گوشاردا بوو، هەنوکە دەتوانێت بەشبەحاڵی خۆی بوونی ببێت و بەرەوپێشەوە بچێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بە تێپەڕین بۆ ئابوری بازاڕی، پەسەندکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ئەوەی لە کاردانەوە ناخودئاگا و نائیرادییەکان ماوەتەوە، لە ریشەوە هەڵکێشن و بوار و بەستێنێکی دڵنیاتر بۆ جیهانیسازی تەیار بکەن.

## جیهان وەك تۆری تۆماس بارنیت

لە زانستی پۆلیتۆلۆژی و راڤە و شیکاریی سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا، کتێبێکی تازە چاپبووە، کە بە تەواوی بۆ تیۆری گلۆباڵ تەرخانکراوە و ئەمجارەیان وتارەکانی تۆماس بارنیتی لە خۆگرتووە. مانای تیۆرەکەی ئەوەیە کە گەشە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی دەبێتە هۆی دابەشبوونی تێکڕای زەویی بۆ سێ بەش کە پێکهاتووە لە ناوك the core، پەیوەستبوون the

the zone of disconnectedness و لێکدابڕان ،zone of connectedness.
بارنیت لەو باوەڕەدایە، کە بزاڤە تۆڕییەکان ئازادانە لە هەموو سنور، وڵات و ژیارەکانەوە تێدەپەڕن و بونیادی فەزای ستراتیژی جیهان بە شێوەیەك، کە خۆیان دەیانەوێت، دەگۆڕن. ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا ناوکەکە پێکدێنن، سەرجەم کۆدەکانی تەکنەلۆژیای نوێ و ناوەندەکانی بڕیاردان لەوێدایە. زۆربەی زۆری وڵاتانی دی بەم خاڵەی پەیوەندییەوە پەیوەست دەبن کە لە بەشی بەرخۆر یان بەکارهێنەرانی تۆڕەکەدا جێگیر دەبن. ئەوان ناچارن کەڵك لە کەرەستە تەکنەلۆژییەکان وەرگرن و دەبێت خۆیان لەگەڵ ئەو یاساو رێسایانەی لە لایەن «ناوك»ەوە دیاریدەکرێت، رێکبخەن. ئەو وڵات و سیستمە سیاسییانەی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و رۆژئاوا و جیهانسازین، دەکەونە خاڵی دابڕانەوە. بۆ تۆماس بارنیت (هاوشێوەی د. بل) «تەکنەلۆژیا وەك چارەنوس» کە تیایدا چەمك و واتای پڕاوپڕ تەکنیکی ژیار دەکەوێتەڕوو، زۆر لە تیۆرەکانی شپینگلەر دەچێت و تەنیا جیاوازییان لە خاڵە ئەرێنییەکانیدایە.

## روانگەی ئەمەریکی سەبارەت
## بە دروستکردنی جیهان (سێ روانگەی جیاجیا)

لە راڤە و شیکاری سیاسیی ئەمەریکیدا، دەبێت دان بەوەشدا بنێین، کە ئەمەریکییەکان لەم لقەدا هۆکاری دیاریکەری رەوت و پرۆسێسی سیاسین، هەر سێ روانگەی دابەشکردنی توخمەکان لە سەرنەخشەی جیهاندا بوونی هەیە. گڵۆباڵیزم و ژیار لە سەر میتۆدی ئایدیای سەرەتایی فۆکۆیاما لە تیۆرەکانی بارنیتدا رەنگیانداوەتەوە. لێرەدا تەنیا توخمی ناوکی سەرەکی دێتە ناسین و توخمەکانی دیکە لە لایەن کەرتی دەرەکییەوە بەڕێوە دەبرێن و ئەمە

بەو مانایە، کە پلە و پایە و مافی حوکمڕانییان لێوەردەگیرێتەوە. فۆکۆیاما کە خۆی بە چاوی رەخنەگرانەوە سەیری بەیاننامە گەشبینانەکانی بەر لە خۆی دەکات، بە هەڵبژاردنی هەڵوێسی مامناوەند، پێ لەسەر ئەو بابەتە دادەگرێت کە دەبێت دەوڵەتە نەتەوەییەکان بۆ ماوەیەکی دی بە «توخم»ێك بزانین کە پێشکەوتنی دەتوانێت بوار و بەستێنێکی دڵنیاتر بۆ گڵۆباڵیزمێك، کە پێدەچێت رووبدات، دەستەبەر بکات.

سەرئەنجام هانتینگتۆن و لایەنگرانی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ژیار هەمان راستیی لەڕادە بەدەر جدی و بنەڕەتییە کە دەتوانێت بانگەوازی وەرگرتنی پلەی سیاسەتی جیهانی لە دۆخێك دا هەڵبدات کە مۆدێلەکانی رابوردووی ئایدۆلۆژی لە بەریەکهەڵوەشابێتەوە و دەوڵەتە نەتەوەییەکان بە خێرایی، بە هۆی کاریگەریی لایەنەکانی ئەکتیڤی جیهانیسازی (مافی) حوکمڕانیی خۆیان لە دەستدابێت، بەڵام جیهانیسازی بە لەناوبردنی سنورەکانی پێشوو، ناتوانێت بە شێوەی راستەقینە دزە بکاتە نێو قووڵایی کۆمەڵگە نەریتییەکانەوە.

شیاوی ئاماژە پێدانە کە ئەو هێزانەی دەیانەوێت خۆیان لە بەجیهانیکردن، بە خۆرئاوایی کردنی یەکدەست و یەکگرتوو، ئەمەریکی دووربگرن، پشتیوانیی لە تێزەکەی هانتینگتۆن دەکەن. ئەوان دەیانەوێت بە شێوەیەك شوناسی نەریتی بپارێزن و بەهێز و تۆکمەی بکەن. ئەوان لە جیاتی باسە کارەساتبار و خەمینەکانی هانتینگتۆن سەبارەت بە «پێکدادان» و «بەرەو رووبوونەوە» لە «دیالۆگ» و «گفتوگۆ» دواون، بەڵام نابێت ئەم مانۆڕە پڕوپاگەندەییە ببێتە هۆی سەرلێشێواویی ئێمە سەبارەت بە ئامانجی ئەو کەسانە کە بە گشتی پێشوازی لە مۆدێلی هانتینگتۆن دەکەن. سەرەتا دەبێت ناوی (خاتەمی) بێنین لە ئێران. «بەریەککەوتن» و یاخود «گفتوگۆ» تەوەرێکی پلە دووەم و رەفتارییە، رێککەوتنی بنەڕەتی سەبارەت بە وەی کە ئەمڕۆ «ژیار»، گرنگترین بابەتی تیۆریکی ئانالیزی سیاسەتی نێونەتەوەییە، بە خاڵی سەرەکی لەقەڵەم دەدرێت.

بە دەربڕینێکی دیکە، پێچەوانەی لایەنگرانی جیهانیسازی-ماکسیمالیستەکان، بۆ نموونە بارنێت و لیبڕاله میانڕەو و دەوڵەتسالارەکان، لایەنگرانی میتۆدی بەژیار، بە ئاشکرا یان نهێنی پشتیوانی لە هەڵوێستی رووبەڕووبوونەوەی فەلسەفیی بونیادگەرایی بۆ تێگەیشتن لە پێشکەوتنە جیهانییەکان، دەکەن.

ناسینی ژیار وەك توخم، جەمسەر و ئەکتەری سەرەکی سیاسەتی هاوچەرخی جیهانی، باشترین جوڵەی ئایدۆلۆژی داهاتوودار بۆ ئەو کەسانەیە کە دەخوازن بابەتیانە بارودۆخی راستەقینەی سیاسەتی جیهان هەڵسەنگێنن. هەروەها ئەم جوڵە و رێبازە بۆ کەسانێك کە هەوڵدەدەن لە میتۆدێکی هاوشێوە لە سیاسەتی سەردەمی مودێرن- سەردەمی پۆست مۆدێرن کەڵك وەربگرن، داهاتوو، روانگەیەکی باشە. ئەم جوڵەیە بۆ ئەو کەسانەی هەوڵدەدەن شوناسی خۆیان لە هەلومەرجێکدا بپارێزن، کە پرۆسێس و رەوتەکانی پێشکەوتن و پێشکەوتن خۆی ئاوێتەی یەکدی دەکەن، داهاتوویەکی باشە و مەترسیی هێرشی تۆڕی جیهانیسازی تێیدا هەستپێکراوە. بە دەربڕینێکی تر، رووبەڕووبوونەوەیەکی وەها بۆ ژیار، ئەگەری پڕکردنەوەی بۆشایی ئایدیایەك دەرەخسێنێت، کە پاش ئەو قەیرانە مێژووییە، سەرجەم تیۆرەکانی دژبەری لیبڕالیزمی بەدیهێناوە. هەڵبەت دەبێت ئاماژە بـەوەش بکرێت، کە بوونی قەیران لە ناوخۆی لیبڕالیزم خۆیدا، هاندەرێك بووە بۆ دروستبوونی ئەم قەیرانە. ئەم جۆرە رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ژیار ناتوانێت فەزای جیهانی هاوچەرخ بەڕێوەببات کە ئەزموونی ناسەرکەوتووی خاو و خەیاڵ داڕشتنی فۆکۆیاما شایەتی لەسەر دەدەن. ژیار وەك تیۆر، لە پێناسەی فەلسەفەی هاوچەرخدا، دەبێتە ناوەندی ئایدۆلۆژیایەکی نوێ، کە دەکرێت ئەم ئایدۆلۆژیا بەناوی ئایدۆلۆژیای چەند جەمسەرەوە ناوزەدبکەین.

## ئاستەنگی پاشەکەوتی ئایدۆلۆژی و ئامانجی دژبەرانی گلۆباڵیزم و جیهانی تاك جەمسەر

ئۆپۆزیسیۆنی گلۆباڵیزم کە هـەردەم زیندووتر و زوڵاڵـتر لە هەموو ئاستەکاندا و لە تێکڕای گۆی زەویدا خۆ دەنوێنێت، هێشتا خاوەنی سیستمێکی دیاریکراوی روانگەکان نییە. لاوازیی بزوتنەوەی دژە گلۆباڵیزم لەم خاڵەدایە کە ئەم بزوتنەوەیە سیستماتیك نییە و بونیادی ئایدۆلۆژیشی نییە. گەلێك توخمی رێکنەخراو و شپرزەی تێدایە، کە زۆرجار تێکەڵێکی درك‌نەکراو لە ئانارشیزمی ئێکۆلۆژیا و کۆمەڵێك ئایدیای دیکەی لەم چەشنەی لێدەکەوێتەوە. دۆڕاوانی پلەی سێیەمی داوای وەرگرتنی رۆڵی یەکەمی ئەم بزوتنەوە لەگوشیزمی رۆژئاوایی (ناوی گشتیی بزوتنەوەی چەپەکانی رادیکاڵی فەرەنسا) دەکەن. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، گلۆباڵیزم بەرەوڕووی خۆڕاگریی دەوڵەتە نەتەوەییەکان دەبێتەوە، کە ناخوازن بەشێك لە بژاردە و دەسترۆیشتووییەکانیان لە سیاسەتی دەرەکی، رادەستی ئەوانی دیکە بکەن. لەئەنجامدا نوێنەرانی ئایینە نەریتییەکان، لایەنگرانی شوناس و رەسەنێتیی نەژادی-ئەتنی (کە نموونەی پرشنگداری لە جیهانی ئیسلامدا بەدیدەکەین)، دژ بە گلۆباڵیزم و کۆدی لیبڕال -دیموکراتیکی رۆژئاوایی-ئەتڵەنتیکییەکەی، شوناسی تۆڕ و نێتوۆرکی و سیستمی بەهاکان (تاکگەرایی، هێدۆنیزم، یان چێژخوازی و شیمانەگەرایی کاسۆلیك) دەوەستنەوە.

ئەم سێ ئاستە ناوبراوە دژی گلۆباڵیزم و یەکڕیزیی ئەمەریکی، ناتوانن ستراتیژێکی گشتی و ئایدۆلۆژیایەکی درك‌کراو پێکبێنن، کە توانای ئەوەی هەبێت هێزە جۆراوجۆر و فرەڕەنگەکان سەبارەت بە پرس و بابەتە ناوچەییەکان پێکەوە یەکگرتوو بکات. بزوتنەوەی دژە گلۆباڵیزم، توشی «نەخۆشیی منداڵانەی چەپگەرا» بووە و بەو ئەزموونە بەربڵاوانە لە شکستەکانی ئەم چەند دەیەی دواییەوە بەرتەسك بووەتەوە. دەوڵەتە نەتەوەییەکان پێوەری تەواویان بۆ شەڕخوازیی لەگەڵ دەسەڵاتی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی رۆژئاوا

نییە، جگە لەمە نوخبە سیاسییەکان، بە تایبەتی نوخبە ئابورییەکانیان، لە پرۆژە بان‌نەتەوەییەکاندا کە پەیوەندیی بە رۆژئـاواوە هەیە، بەشداریی دەکەن. بزوتنەوە و ئەنجومەن‌گەلی خۆجێیی، ئەتنی و ئایینی، هەرچەند لە چرکەساتێکی تایبەتدا دەتوانن خۆڕاگرییەکی کاریگەر بەرانبەر گلۆباڵیزم بنوێنن، بەڵام بە شێوەیەکی ئێجگار جیاواز و دابڕاو لە یەکدی کاردەکەن، تاکو بکرێت بە شێوەی جدی گۆڕانی میتۆدی بنەڕەتیی جیهانی یان تەنانەت ریفۆرم و چاککردنی رێبازەکەی هەڵبسەنگێنرێت.

## مانای تیۆری «ژیار» لە مەیدانداری لەگەڵ گلۆباڵیزم

لە وەها هەلومەرجێکدایە کە تیۆری «ژیار»، وەك وتەزای بنچینەیی بۆ رێکخستنی پـرۆژەی هەرەباشی ئەجێندای جیاواز لەسەر ئاستی جیهاندا بەدەستەوەدەدرێت. گەر ئەم چەمکە بکەوێتە ناوەندی گرنگیدانەوە، لەم حاڵەتەدا دەکرێت پێگەیەك بۆ یەکگرتووکردنی هاوئاهەنگی هێزە مەزنەکانی دەوڵەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سیستمێکی یەکگرتوودا بەدیبهێنرێت. دەکرێت لە ژێر ئاڵای فرەچەشنی ژیاریدا نەتەوەکان و ئەنجومەنە ئایینی و ئەتنییەکان، کە لە وڵاتە جیاجیاکاندا بەسەر دەبەن پێکەوە یەکگرتوو بن و ئایدیای گشتیی ناوەندییان (لەچوارچێوەی ژیارێکی تایبەتدا)، پێ پێشنیاربکرێت و ئەگەری هەڵبژاردن بۆ دۆزینەوەی شوناسی خود، لەناویدا بڕەخسێنرێت. کەوابوو دژیەتی لەنێوان ژیارەکانی دیکەدا کە لەڕووی پارامێترە سەرەکییەکان لێکجیاواز نین، نایەتە ئاراوە.

پێچەوانەی وتەکانی هانتینگتۆن، دوورنمایەکی وەها، بە دڵنیاییەوە «پێکدادانی ژیـارەکـان»ی لێناکەوێتەوە. لێرەدا ئەگەری پێکدادان یان هاوپەیمانی دێتەئاراوە. گرنگترین خاڵ ئەوەیە جیهانی فرەجەمسەر کە لەم هەلومەرجەدا دەکەوێتەڕوو، پێش‌مەرجە راستەقینەکان بۆ بەردەوامی مێژووی

سیاسیی مرۆڤایەتی بڕەخسێنێت، چونکە نۆرمەتیڤی فرەچەشنیی سیستمگەلی کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی و ئابوری، جەخت لە بەهاکان دەکاتەوە. گەر وا نەبێت، بەرەنگاربوونەوەی گڵۆباڵیزم لەسەر ئاستی ناوچەیی، یاخود لەلایەن دژەگڵۆباڵیستەکانەوە کاتی دەرکەوتنی ئەم «کۆتایی»یە دوادەخات و هاتنی دەوەستێنێت، بەڵام بە پێشنیاری جیاوازی راستتەقینە لە قەڵەم نادرێت.

## بەرەو «فەزای فراوانی جوگرافیایی»

جیاکردنەوەی ژیار وەك توخمی سیاسەتی جیهانیی سەدەی بیستویەك، ئەگەری جێبەجێکردنی «جیهانیسازیی ناوچەیی» دەستەبەر دەکات و بە مانای یەکگرتووکردنی ئەو وڵات و نەتەوانەیە کە سەر بە یەك ژیارن. ئەم بابەتە بەکارهێنانی ئاشکرابوونی کۆمەڵایەتی، نەك بە نیسبەت هەموو حاڵەتەکانەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم، ئەوانە مومکین دەکات کە سەر بە  گروپ و جۆری گشتیی ژیارن. یەکێتی ئەوروپا نموونەی یەکڕیزییەکی وەهایە. بە پێی نیشانەکانی ژیارێکە وڵاتەکان لە پێکهاتەی نوێی سیاسیدا بە شێوەی بان دەوڵەتی یەکیانگرتووە. ئەم یەکێتییە نموونەی «جیهانیسازیی ناوچەیی»یە کە تیایدا ئەو وڵات و کولتورانەی کەوتوونەتە چوارچێوەکەیەوە، کە خاوەنی کولتور، مێژوو، سیستمی بەهاگەلی گشتی و هاوبەشن. بە پەسەندکردنی بێ دڕدۆنگی و دوودڵیی ئەوروپییەکان لە دروستکردنی توخمی نوێی سیاسی لەسەر بنەمای جیاوازیی ژیارییان، دەتوانین چاوەڕێی پێشکەوتنێکی هاوشێوە لە ژیاری ئیسلامی، چینی و دیاردەی ئۆراسیایی و ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقادا بکەین.

بە زۆری لە زانستی سیاسەتدا لەگەڵ پڕۆژەیەکی هاوشێوەی یەکڕیزیی «فەزای گەورە»، ناوی کارڵ شمیت دەبرێت. لە ئابوری پێش شمیتدا، فرێدریك فۆن لیست، مۆدێلی ئەوروپی «یەکێتی گومرگی» بەسەرکەوتوویی ئەم تیۆرەی بەڕێوە بردبوو. «فەزای گەورە» ناوێکی دیکەیە بۆ تێگەیشتن لە وشەی

«ژیار» لە مانای جیۆپۆلەتیکی، کولتوری و شوێنگەییدا. «فەزای گەورە» لە دەوڵەتانی نەتەوەیی هەنوکەیی بیناکراوە و بە پێی سیستمی گشتیی بەهاکان و خزمایەتیی مێژوویی و یەکگرتنی چەند دەوڵەت، یان تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی جۆراوجۆری خاوەن «چارەنوسی هاوبەش»، دیاریدەکرێت. لە فەزاگەلی گەورەی جیاجیادا، هۆکاری یەکڕیزی دەتوانێت جیاوازبێت. ئەمە بەو مانایە کە لە شوێنێکدا ئایین دەتوانێت رۆڵبگێڕێت و لە شوێنێکی دیکەدا رەسەنایەتیی نەژادی، فۆرمی کولتوری، شێوازی کۆمەڵایەتی-سیاسی و لە شوێنێکی دیکەشدا بارودۆخی جوگرافیایی گرنگی هەبێت. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە فۆرمۆڵە بوونی یەکێتی ئەوروپا نیشانەی ئەوەیە، کە بەڕێوەچوونی ئایدیای «فەزای گەورە» بە کردەوە تێپەڕین لە دەوڵەتەوە بۆ پێکهاتەی بان دەوڵەتییە، کە لە سەر بنەمای هاوبەشیی ژیار دامەزراوە، سەرباری هەموو کێشە و گرفتە ناوخۆییەکان، بە شێوەی ئەرێنی پێشدەکەوێت.

## پیێڕستی ژیارەکان

پێچەوانەی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، دەکرێت سەبارەت بە ژمـارە و سنورەکانی ژیارەکان باس و لێکۆڵینەوە بکەین. هانتینگتۆن ئەم پێڕستەی خوارەوە ئاراستە دەکات:

١.رۆژئاوا

٢.کۆنفۆشیۆس (چینی)

٣.ژاپۆن

٤.ئیسلامی

٥.هیندی

٦.سلاڤی-ئەرتەدۆکسی

٧.ئەمەریکای لاتین و لەوانەیە

٨.ژیاری ئەفەریقی.

هانتینگتۆن دەرگای ژیاری ڕۆژئاوا، ویلایەتە یەکگرتووەکان (لەگەڵ کەنەدا) و ئەورووپا دەکاتەوە. لەڕوانگەی مێژووییەوە، ئەمە پۆلێنکردنێکی ڕاستە، بەڵام ئەمڕۆ لەڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە، ئەمانە بە نیسبەت یەکدییەوە، دوو «فەزای گەورە» پێکدێنن، کە بەرژەوەندیی ستراتیژی، ئابوری و تەنانەت جیۆپۆلەتیکییان بەردەوام لێکدووردەکەوێتەوە. ئەورووپا لە دوو بەشی هاوشێوە بەهرەمەندە. بەشی یەکەم، هەمان بەشی «ئەتڵەنتیکی» کە هاوشێوەسازیی ئەورووپا و ئەمەریکای باکور ڕێك و بەجێ ئەنجامدەدرێت، بەشی دووەم قارەیەکە کە ڕێك پێچەوانەی بەشی یەکەمە، وێڕای بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئازاد و گەڕانەوەی ئەورووپا وەك ئەکتەرێکی سەربەخۆ لە مێژوو، نەك تەنیا وەك پێگەی سەربازی، بەڵکو وەك «برا گەورە»ی ئەمەریکای باکور دەڕوانێت. ناوەندی بان ئەتلەنتیکی لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، کە ترس لە ڕوسیا بزوێنەریانە، جێگیربووە و ناوەندی بان وشکانی لە فەرەنسا، ئەڵمانیا بە پشتیوانیی ئیسپانیا، ئیتاڵیا یان بە دەربڕینێکی دیکە، ئەورووپای کۆن سەقامگیربووە. ژیار لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا یەکێکە، ڕۆژئاوایی، «فەزای گەورە» لەوانەیە بە شێوەیەکی دیکە ڕێکبخرێنەوە. لە ژێر ناوی ژیاری سلاڤۆی-ئەرتەدۆکس یان بە وتەیەکی وردتر ژیاری دیاردەی ئۆراسیایی کە نەك هەر سلاڤ و پەیڕەوەکانی ئەرتەدۆکس لە ڕووی مێژووییەوە دەگرێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێك نەژادی دیکە (بۆ نموونە تورکەکان، قەفقازییەکان، خەڵکانی دانیشتووی سیبریا و هتد)، کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی پەیڕەوی ئایینی ئیسلامن، لە خۆدەگرێت.

جیهانی ئیسلام بە تاکە ئایین و یەکگرتووکاریەوە لە درکی ڕوو لەزیادبوونی شوناس و ڕەسەنایەتی خۆیەتی، خۆی بۆ چەند «فەزای گەورە» دابەش دەبێت کە پێکهاتووە لە «جیهانی عـەرەب»، «ناوچەی وشکانی ئیسلام» (ئێران، ئەفغانستان، پاکستان) و ناوچەی کەنداوی ئارام کە ئیسلام لەوێدا برەوی هەیە. ئەفەریقا و جڤاتی لە گەشەدا، لە ئەورووپا و ئەمەریکا، لەم وێنەیەدا شوێنێکی

تایبەت بۆخۆیان تەرخاندەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسلام ژیارێکە گەلێك روون و ئاشکرا جیاوازییەکانی خۆی لەگەڵ ژیارەکانی دیکە تێدەگات و بە پلەی یەکەم جیاوازیی خۆی لەگەڵ ژیاری لیبراڵ، یان رۆژئاوایی کە بە شێوەی ئەکتیڤ لە پرۆسێسی جیهانیسازیدا پێدەنێتە گۆڕەپانی جیهانی ئیسلامەوە، نیشاندەدات. ئەستەمە بکرێت سنورەکانی دزەکردنی ژیارەکانی ژاپۆن و چینی لەناوچەی کەنداوی ئارامدا دیاریبکرێت، کە تایبەتمەندییەکانی ژیارییان تاڕادەیەکی دیاریکراو بە ئاشکرا و رووندەمێنێتەوە.

هەڵبەت ناکرێت ئێستا سەبارەت بە خودئاگایی گشتیی دانیشتوانی وشکانی ئەفەریقیا بدوێین، هەرچەند لەوانەیە لە داهاتوودا ئەم دۆخە تووشی گۆڕان بێت، چونکە پێشکەوتنی هەنوکەیی لانیکەم پێشینەیەکی مێژوویی بەدەستهێناوە، کە لە پێڕستی وڵاتانی ئەفەریقی و بە شێوەی بوونی ئایدیای پان-ئەفەریقی بەدیدەکرێت. لێکچوونی دەوڵەتەکانی ئەمەریکای لاتین لەم ساڵانەی دواییدا، بابەتێکی تەواو روون و بەرچاوە. بەتایبەت دەبێت راستیی گوشاری ئەمەریکای باکوریش لە بەرچاوبگرین. هێشتا زووە تاکو لەبارەیانەوە باس لە پرۆسێسەکانی یەکڕیزی بکەین. هیچ چەشنە لەمپەرێك بۆ یەکڕیزیی فەزای دیاردەی ئۆراسیایی لە دەوری روسیا لە ئارادا نییە، چونکە ئەم خاڵانە بە درێژایی چەندین سەدەی دوورودرێژ، لەڕوانگەی سیاسی، کولتوری، ئابوری، کۆمەڵایەتی و دەروونناسییەوە پێکەوە پەیوەست بوون. سنوری رۆژئاوایی دیاردەی ئۆراسیایی رۆژهەڵاتیتر، لە سنوری رۆژئاوای ئۆکرانیاوە تێدەپەڕێت و ئەم وڵاتە تازە پێکهاتووە هەستیار و بێبەری لە هێز و دەسەڵاتی مانەوە دەکات. ژماردنی ژیارەکان لەڕاستیدا وێنایەکی باش لە ژمارەی جەمسەرەکان لە جیهانی فرە جەمسەر بەدەستەوە دەدات. هەموویان جگە لە ژیاری رۆژئاوایی، ئێستا لە دۆخێکی پۆتانشیالدان، بەڵام هەریەك لەم ژیارانە لە بنەڕەتێکی قایم و شیاوی گرنگیدان بۆ رۆیشتن بەرەو یەکڕیزی و گۆڕان بۆ توخمی تەواوی مێژووی سەدەی بیستویەك، بەهرەمەندە.

### ئایدیای فره جەمسەری

ئایدیای جیهانی فرەجەمسەر کە تیایدا بە ژمـارەی زیـارەکـان، جەمسەربوونیان دەبێت، ئەگەری پێشنیاری گۆڕەپانێکی بەرین لە ئەڵتەرناتیڤەکانی کولتوری، جیهانبینانە، کۆمەڵایەتی و مینۆکی بۆ هەڵبژاردن بۆ مرۆڤایەتی دەڕەخسێنێت. ئێمە لە مۆدێلی «یونیڤێرساڵیزمی ناوچەیی» لە چوارچێوەی «فەزای گەورە»ی دیاریکراو بەهرەمەند دەبین، کە دینامیکی پێویستی کۆمەڵایەتی بە ناوچە و دابەشکارییە گەورەکانی مرۆڤایەتی دەبەخشێت. ئەم دینامیکە لە تایبەتمەندیی جیهانیسازی و فراوانی بەهرەمەندە، بەڵام ئەو کەموکوڕییانەی نییە، کە گلۆباڵیزم بە پێی پێوەری سەر زەوی هەڵگریەتی. بە شێوەی هاوکات، لە سیستمێکی وەهادا لەوانەیە ناوچەگەرایی، پەرەی خۆسەرانە و رەسەنی جڤات و کۆمەڵە خۆجێیی، نەژادی و ئایینییەکان پەرە بگرێت، چونکە گوشاری چونیەك کە تایبەتمەندیی دەوڵەتی نەتەوەییە، بە رادەیەکی بەرچاو لاواز دەبێت. لێرەدا ئێمە لە ئەوروپا دەبینین یەکڕیزی دەبێتە هۆی گەشە و پەرەی ئەنجومەنە ناوچەییەکان و وەك دەوترێت ناوچە ئەوروپییەکان. جگە لەوەی تا ئێستا باسکراوە، سەرئەنجام دەتوانین ئەم دژیەتییە بنچینەییەی نێوان شێوازە جیاجیاکانی شوناسی «ئیمپراتۆرییەت» چارەسەربکەین. گۆی زەوی نەك وەك «گۆڕەپانێکی» یەکگرتوو تەنیا (وێڕای «راسیزمی کولتوری» تایبەتیی خۆی بۆ دابەشکردنی ناوەکان بۆ «عەشیرەی بەژیار»، بە پێچەوانەوە «وەحشی» و «بەربەرەکان»، بەڵکو وەك «چەند گۆڕەپان»، «چەند خاك و سەرزەوی» دەکەوێتە بەرچاو، کە تیایدا چەند «مرۆڤایەتی» لە تەنیشت یەکدی، بەئاهەنگی تایبەت بە خۆ و وێڕای وشیاری و مەعریفەی خۆژیان بەسەردەبەن. ناتوانین بڵێن پەیوەندی و دانوستانیان چۆناوچۆن دەبێت. لەوانەیە هەم گفتوگۆ و هەم بەریەککەوتن لە نێوانیاندا رووبدات، بەڵام

لێرەدا خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە، کە مێژوو بەردەوام دەبێت و ئێمە لەو بنبەستە بنچینەییە مێژووییە کە باوەڕ و ئیمانی کوێرانە بە پێشکەوتن بەرەو ئەوێ پەلکێشی کردبووین، رزگارمان دەبێت.

بە زۆری بە تێپەڕبوونی کات شتێك لە مرۆڤدا تووشی گۆڕان دەبێت و شتێکی دیکە بێ گۆڕان و وەك خۆی، دەمێنێتەوە. ژیار ئەگەری جێگیربوونی هەموو شتێك لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا، دەستەبەردەکات. عەقڵ و سیستمە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوریەکانی بەرهەم، بە پێی یاساکانی تایبەت بە خۆیان، دەتوانن پێشبکەون و ناخودئاگایی کۆیی و مۆدێلە کۆنەکان، یاخود مۆدێلە گشتییەکان بە شێوەی ئیرادی بپارێزێت. لەم حاڵەتەدا، ژیار، وریایی و ناخودئاگای دەتوانن ئازادانە جەخت لە ستانداردەکانی خۆیان بکەنەوە و بەرانبەریان وەفادار و بەئەمەک بمێننەوە، پتەو و تۆکمەیان بکەن و بە خواستی خۆیان بیانگۆڕن. هیچ چەشنە مۆدێل و پێوەرێکی گشتی، نە لەڕووی مادی و نە لەڕوانگەی مینۆکییەوە بوونی نابێت. هەر ژیارێك دەرئەنجام لە مافی ژیان بە خواست و حەزی خۆی بەهرەمەند دەبێت. لە ژیاردا مرۆڤ حاکم دەبێت، لە شوێنێکدا ئایین و لە شوێنێکی دیکەدا ئەخلاقیات و لە ژیارێکی دیکەدا، ئەوە مادییاتە کە حوکمڕانی دەکات، بەڵام بۆ بەڕێوەچوونی پڕۆژەی فرەجەمسەری، دەبێت ئێمە دەستەویەخەی گەلێك شت ببینەوە. بە پلەی یەکەم دەبێت لە شەڕی گەورەترین دوژمن، واتا گلۆباڵیزم، هەوڵی جەمسەری رۆژئاوایی ئەتڵانتیکی بۆ سەپاندنی تاقە یەکڕیزیی خۆی بە سەر هەموو نەتەوە و کولتورەکانی سەر گۆی زەوی، رزگارمان بێت. ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی دەزگاگەلی سیاسیی ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ئێستا، زاراوەی «ژیار» بە شێوەی تاك و تەنها بەکاردێنن کە مەبەستیان «ژیاری ئەمەریکی»یە. ئەم ململانێ راستەقینەیە کە ئێمە، هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی، بە پلەی یەکەم، رووسەکان، لە سەرمانە وەڵامێکی شیاومان بۆی هەبێت.

# بەشی نۆهەم
# تەوەری «ئیمپراتۆرییەت»
# لای کارڵ شمیت و تیۆری چوارەمی سیاسەت

## دیسپلینی «فەزا بەرفراوانە جوگرافییەکان»

کارڵ شمیت لە بەرهەمی ساڵی 1939ی خۆیدا بە ناوی «دیسپلینی فەزاگەلی فراوان لە مافی نەتەوەکان و قەدەغەبوونی هێرشی هێزە بیانییەکان کە لە چەمك و مانای «رایش»دا بۆ مافی نەتەوەکان» باسکراوە، پایە و بناغەی تیۆرێکی دامەزراند، کە بنەڕەتی پرۆژەی نیۆئۆراسیایی لە روسیای سەرەتای سەدەی بیستویەکی پێکدەهێنا. هەرچەند شمیت بەرهەمەکەی خۆی لەمەڕ ئەڵمانیا، لەکۆتاییەکانی ساڵی 1930دا نووسیبوو، بەڵام گرنگییەکەی تاڕادەیەکی زۆر لە رووی سیاسی، مێژوویی جیۆپۆلەتیکی تێپەڕی و مۆدێلی رامانی تایبەتیی سیاسی-مافتەوەرانەی بەدیهێنا، کە ئەگەری زۆری لەگەڵدایە تەنیا لە سەدەی بیستویەکدا کردەیی بێت. ئەم مۆدێلی رامانە بۆ روسیای هاوچەرخ گەلێك گرنگ دەبێت.

## دۆکترینی جەیمز مۆنرۆ [75]

شایانی ئاماژە پێکردنە شمیت تیۆری «فەزای گەورە»ی بە دۆکترینی مۆنرۆوە دەستپێدەکات کە لەسەر دەستی جەیمز مۆنرۆ، سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، ساڵی 1823، فۆرمۆڵە کرابوو، بنەڕەتی سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکای بۆ ماوەی دوو سەدە پێکهێنا. چەمکی « بیروباوەڕیی مۆنرۆ» لەو پشتگیرییە نزیکە، کە سیاسەتی کیشوەری ئەمەریکا پێویستە لە لایەن وڵاتانی ئەمەریکییەوە دیاریی بکرێت. سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەم بیروباوەڕە

مانایەکی تەواو تایبەت و دیاریکراوی هەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا ئەمەریکا لە حاڵەتی نیوە کۆلۆنیالیدا بوو، زلهێزەکانی ئەوروپی بەردەوام دەستیان لە رەوت و پرۆسێسە سیاسییەکانی وەردەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك بەهێزترین وڵاتی ئەمەریکی، بەرپرسیارێتیی پشتیوانیی لە سەربەخۆیی سەرجەم کیشوەری ئەمەریکا بەرانبەر بە دەستێوەردانی ئەوروپی گرتە ئەستۆ. لێرەدایە کارڵ شمیت سەرچاوەی تیۆری سیاسیی «فەزای گەورە» دەدۆزێتەوە.

«فـەزای گـەورە» لە ستراتیژیی دژە کۆلۆنیالی سەرچاوە دەگرێت و هاوپەیمانیی خۆویستانەی هەموو وڵاتانی کیشوەرەکە لەبەرچاودەگرێت، کە هەوڵدەدەن بە شێوەی کۆیی سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. مەزەندە دەکرێت کە داهێنانی پێداگرتن لەسەر ئەم سەربەخۆییە بە شێوەی رێژەیی تایبەتە بە وڵاتانی بەهێزتر، کە هەر لێرەوە لەپێشبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەوێتە روو. لەپێشبوون و توانای دابینکردنی سەربەخۆیی سەرجەم «فەزای گەورە»ی ئەمەریکی بە مانای رەسمی وەرگرتنی رێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە لایەن وڵاتەکانی دیکەوەیە و دانانی قورسایی سەرەکی لەسەر شانی بە مەبەستی پاراستنی سەربەخۆیی تێکڕای «فەزای گەورە». ئەمە بەو مانایە نییە کە وڵاتانی ئەمەریکی دەبنە «شارەکانی» ئەمەریکا یان تا رادەیەك مافی حوکمڕانیی خۆیان لە دەستدەدەن، بەڵام لەو رووەوە کە ئەوان بە کردەوە تەنیا هاوڕێ لەگەڵ یەکدی و بە رێبەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان توانای پاراستنی حوکمڕانیی خۆیان بەسەر خاك و ئەرزیاندا، لە سەر رووبەری جیهانی (بەرانبەر بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیی ئەوروپا) هەیە. بەم چەشنە گرنگی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ هەموو وڵاتان زۆرتر دەبێت، چونکە یەکگرتن لەگەڵیدا کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی راستەقینەی سەربەخۆیی هەریەك لە وڵاتانی ئەمەریکی.

ئەمانە تێکڕا زایەڵەی واقیعەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمە، بەڵام شمیت لەم وێنە یەکەمەی «بیروباوەڕیی مۆنرۆ»دا مانایەکی بەرینتر

دەبینێتەوە، نموونەی ڕێکخستنی هاوکێش و هارمۆنیکی سەرتاسەری جیهان لە داهاتوودا، واتا باشترین گەڵاڵە بۆ ڕێکخستنەوەی ئایندەی فەزای جیهانی. مانای «بیروباوەڕیی مۆنرۆ» بەمشێوەیەیە: پێویستی دابینکردنی ئاسایش و هێمنی و سەربەخۆیی وڵاتێك (ویلایەتە یەکگرتووەکان)، مەرجدار بە پلە و پایەی ستراتیژی زلهێزەکانی کیشوەری هاوسێ یان نزیك. پێچەوانەی ئەوروپا، کە زلهێزە گەورەکان لەناو خۆیاندا ڕکابەرێتییان دەکرد و هەموویان لە تەنیشت و نزیکی یەکدییەوە بوون (بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، نەمسا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، پرتوگال، هۆڵەندا و هتد)، ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنیا ڕێبەری کیشوەری ئەمەریکا بوو، تاقە شتێك مەترسی لە سەریان  دروستدەکرد، لە دەرەوەی ئەمەریکاوە دەهات و ئەویش مەزنایەتیی ئەوروپا بوو. وڵاتانی دیکەی کیشوەری ئەمەریکا لەڕووی تیۆرەوە، هاوشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خاڵێکدا سودیان دەبینی، (گرێنەدراو بە کۆلۆنیالگەرایی ئەوروپی)، بەڵام ئەوان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ڕکابەری ڕاستەقینە لە قەڵەم نەدەدران، ئاستی سەربەخۆییان بە ڕادەیەکی زۆر لاوازتر بوو.

ئەم هزرە لە ئەوروپا، کە ئاسایشی فەرەنسا  پەیوەندیی بە بارودۆخی بەریتانیا یان ئەڵمانیاوە ببێت، بە بیرێکی بێجێگە ئەژماردەکرا، چونکە هەم بەریتانیا و هەم ئەڵمانیا خاوەنی هێز و دەسەڵاتێکی هەرە زۆر بوون و هاوڕێ لەگەڵ فەرەنسا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپی ناچار بوون بۆ سیستمی هاوبەش و گشتیی ئاسایش و هێمنی لەگەڵ یەکدی ڕێکبکەون، بۆ نموونە لە «کۆنسێرتی زلهێزەکانی ئەوروپا»، هیچ چەشنە مەترسییەکی دەرەکی هەڕەشە نەبوو بۆ سەر ئەوروپا. کاتێك کە سێبەر و تارماییەکانی ئەم مەترسییە کەوتنەڕوو (لە لایەن ڕوسیا و تورکیا)، بۆ بەرپەرچدانەوەی، هاوپەیمانیی کاتیی وڵاتانی گەورەی ئەوروپی تەواوبوو. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەلومەرجیکی تەواو جیاوازدابوو. ئاسایشی ئەوێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی

وڵاتانی دیکەی ئەمەریکیدا هەبوو، کە گەر بە شێوەی جیاواز لەبەرچاو دەگیران، نەیاندەتوانی حوکمڕانیی خۆیان بپارێزن و بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە رکابەری سەرەکی نەدەهاتنە ئەژمار. سەرجەم ئەم خاڵانە لە «دۆکترینی مۆنرۆ»دا رەنگیداوەتەوە.

## شان و شکۆی یاسایی «دۆکترینی مۆنرۆ». سیاسەت و ماف، رەوایی و لەسەر حەقبوون

کارڵ شمیت مافناس بوو، گرنگیی تایبەتی بە بەشی مافی نێونەتەوەیی دەدا، هەر بۆیە هەندێك پرسیاری سەبارەت بە پێگەی مافتەوەرانەی «دۆکترینی مۆنرۆ» گەڵاڵە کرد. بۆ تێگەیشتن لە هەڵسەنگاندنی شمیت دەبێت شێوازە سەرەکییەکانی راڤە و شیکارییەکەی بخەینە بەر باس. ئەو گۆڕەپانی ماف و سیاسەتی لێکجیاکردۆتەوە و بە تەواوی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ماف پێڕەوی سیاسەتە، چونکە بڕیارە سەرەتاییەکان لەمەڕ فۆرمۆلیزە بوونی پەسندکردنی یاسا، یاخود گۆڕانی، هەمیشە بە پێی کۆمەڵێك پرەنسیب دیارییدەکرێن، کە لە چوارچێوەی مافتەوەرانە بە دەرە. شمیت ناوی «گۆڕەپانی سیاسی» نا لەم گۆڕەپانی دەرکردنی بڕیارە کە لە دەرەوەی گۆڕەپانی مافدایە. گەر گۆڕەپانی یاسا بە جووتێك چەمکی «رێگەپێدراو-یاساغ»ەوە دەناسرێت، نیشانەی سیاسەت جووتی «دۆست-دوژمن»ە. پێچەوانەی ئەخلاقییات، لە ناسینی سیاسی «دۆست-دوژمن» باسی ئەوە ناکرێت کە ئاخۆ ئێمە لەگەڵ «باش» یان «خراپ»دا سەروکارمان هەیە. ئەم چەمکانە هیچ پێگەیەکی مافتەوەرانەیان نییە و دوژمن لەوانەیە دادپەروەر و بەشەرەف بێت، لەوانەشە ئابڕووی زۆربێت، بەڵام هەر دەبێت بە سەریدا سەرکەویت، لەناوی ببەیت و کاولی بکەیت، چونکە دوژمنە.

شمیت دوای ماکس ڤێبەر، «رێگەپێدراوی» و «بە پێی یاسا» لێکدیجیادەکاتەوە. رێگەپێدراوی لە سەر کۆمەڵێك یاسای مافتەوەرانەی دیاری

و تۆمارکراو دامەزراوە. دەکرێت «بە پێی یاسا» وەك کۆیەك لەم یان ئەو کردەوە و کاری سیاسی، یاخود بڕیار لە لایەن زۆرینە، خەڵك، یان کۆمەڵگە وەربگرین. سیاسەت و ماف، رەوایی و پشت بەستوو بە یاسا پەیوەندیی هەرە نزیکیان پێکەوە هەیە و جیاکردنەوەیان لە هەندێك چرکەساتی تایبەتدا ئەستەمە. تەنیا لە هەلومەرجی پێویست (هەلومەرجی ئێمێرجێنسی)، سروشتیان بەتەواوی دەردەکەوێت، چونکە گۆڕەپانی سیاسی سەربەخۆ کاردەکات و بەم چەشنە لەپێشبوونی خۆی بەسەر مافدا دەخاتەڕوو. لێرەدا مانای رەوایـی مافی حوکمڕانیی دەکەوێتەڕوو. بەکارهێنانی ئەم چەمکانە سەبارەت بە «دۆکترینی مۆنرۆ» دەکرێت بڵێین ئەمەریکییەکان بیریان لەم بابەتە کردووەتەوە و وەك چەمکێکی یاسایی کە تایبەت بوو بە شوناسی سیاسی، لە بڕیاری پڕاوپڕ سەربەخۆی دابینکردنی مافی حوکمڕانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، سەرچاوەی دەگرت و هاوکات چاوی بڕیبووە مافی حوکمڕانی و سەربەخۆیی تێکڕای کیشوەری ئەمەریکا. «دۆکترینی مۆنرۆ» سێبەری سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکایە. دۆست و دوژمن تیایدا دیارییکراون. هەموو وڵاتانی ئەمەریکی دۆست و سەرجەم زلهێزەکانی ئەوروپی وێڕای ئەندێشەی کۆڵۆنیالیستییان دوژمن بوون. بڕیارێك سەبارەت بە لەبەرچاوگرتنی سەرپاکی خاکی ئەمەریکا وەك فەزایەکی یەکەی ستراتیژیکی، بۆ بەرگری لە مافی حوکمڕانیی خۆی بەرانبەر بە خواستەکانی «دوژمن» دەرکرا. ئەم بابەتە لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە وەك دیاردەیەکی یاسایی (لانیکەم لە لایەن چینی سیاسی ئەمەریکییەکانەوە) پەسندکرا. «دۆکترینی مۆنرۆ» نەبوو بە خاوەنی پێگەی یاسایی-مافتەوەرانە، کە هەڵبەت ئەمەبوو بە هۆی زیاتر بەکارهێنانی، چونکە ئەگەر و دەرفەتی بەکارهێنانی ئامانجەکانی بە کردەوە بۆ رەخساند. لە «دۆکترینی مۆنرۆ»دا بە تەواوی بنەڕەت و بنەمای سیاسی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاشکرا دەبێت. لەم کاتەدابوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاری مێژوویی سەبارەت بە پلە و

پێگەی جیهانیی خۆی دەرکرد. تێزی «ئەمەریکا بۆ ئەمەریکییەکان» لەم کاتەدا بۆ «ئەمەریکییەکان و نەك بۆ ئەوروپییەکان» («نە بۆ ئەوروپییەکان» وەك هێزی کۆنترۆڵی دەرەکی) مانای تایبەتی وەرگرت.

## کامڵبوونی «دۆکترینی مۆنرۆ»

لە سەدەی نۆزدەدا شمیت گۆڕانی مانای «دۆکترینی مۆنرۆ» سەرنجی رادەکێشێت. لەو کاتەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك سەرپۆشێك بۆ سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی خۆی لەدەرەوەی کیشوەرەکە سود وەردەگرێت. هەڵبەت بەراورد بە کۆلۆنیالیزمی زلهێزە ئەوروپاییەکان، کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکی حاڵەتی رێژەیی هەیە و وەك «رۆحی بەهاگەلی دیمۆکراتیك» دەردەکەوێت. واتە ئەمجۆرە کردەوانە، لەڕوانگەی هاووڵاتییانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە چالاکیی ئازادیبەخش و برەودان بە ژیارە. شمیت خۆی لایوابوو ئەگەر لەم قۆناغەدا پاشەکشێ لە ئایدیای سەرەکی لە ئارادا بێت، ئەم پاشەکشێیە کەم و هەندەکییە، چونکە کۆمەڵێك لایەنی لەپێشتر بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، دەکرێت لەچوارچێوەی «دۆکترینی مۆنرۆ» لەڕووی تیۆرەوە بە شێوەیەکی فراوانتر پێناسەبکرێت. سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کاتێك حکومەتی رۆزڤەلت، سەرۆكکۆماری ئەمەریکا و بە تایبەت ویلسۆن، «دۆکترینی مۆنرۆ» تووشی گۆڕانێکی بەرچاو و گرنگ دەبێت. سەرۆككۆمارەکانی ئەمەریکا بە پشتبەستن بە «دۆکترینی مۆنرۆ» پێشنیاردەکەن، کە جیا لە واقیعە مێژوویی و جوگرافیاییەکان پێناسەی بکەن و بە یارمەتی ئەو پێویستیی بەشداریی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەکاروباری جیهانیدا، بە مەبەستی «پتەوکردنی دیموکراسی، ماف و ئازادی» مومکین بکات. لێرەدا «دۆکترینی مۆنرۆ» بە حەق سنورەکانی ئەمەریکای تێپەڕاندووە، بۆتە تیۆری جیهانی و یونیڤێرساڵ کە شێواز و جۆری نوێی کۆلۆنیالیزم، نەك لەجۆری ئەوروپی (دیار و لەڕوو)، بەڵکو لە جۆری ئەمەریکی (کە لەژێر ناوی برەودان بە دیموکراسی لیبراڵ بەڕێوەدەبرێت)

دادەمەزرێنێت. ئینگلیزەکانیش هەوڵیاندا لە «دۆکترینی مۆنرۆ» بە شێوەی یونیڤێرساڵ-یەکڕیزکەر و ئایدۆلۆژیائاسای، وەك پرەنسیپی نێونەتەوەیی پێویستیی کۆنترۆڵی بەریتانیا بەسەر پرس و رەوتەکاندا لەسەر ئاستی جیهانی سود وەربگرن، چونکە ئاسایشی بەریتانیا (ئابوری، سیاسی و سەربازی)، پەیوەندیی راستەوخۆی بەم تەوەرەوە هەیە.

«دۆکترینی مۆنرۆ» لە تیۆری دژە کۆلۆنیالی کە لەگەڵ «فەزای گەورەی» دیاریکراودا پەیوەندیی هەبوو، سەدەی بیستەم دەگۆڕێت بۆ تیۆرێکی بە ئایدۆلۆژیابووی یونیڤێرساڵی جیهانی لە جۆری نوێ (دەریایی، ئینگلیزی و بە تایبەت ئەمەریکی). بۆ ئەمەریکی و ئینگلیزەکان ئەمە بڕیارێکی سیاسی بوو کە کردەوەی دۆست و دوژمنەکانی پۆلێنبەندی دەکرد و بنەڕەتیشی لە یاسا نێوخۆییەکان پێکدەهات، بەڵام بۆ زلهێزەکانی کیشوەری ئەوروپا، واتا ئەڵمانیا، فەڕەنسا و روسیا، ژمارەیەك لە وڵاتانی ئاسیا (ژاپۆن)، ئەمشێوازە لە «دۆکترینی مۆنرۆ» پەسەندنەکراو، دوژمنکارانە و نایاسایی بوو. پاش سەرکەوتن بە سەر ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕش لە روسیا، بە پێی پێناسەی نوێ «دۆکترینی مۆنرۆ» بە شێوە ئەمەریکی و ئینگلیزییەکەی، وەك هەوڵێك بۆ رەخساندنی سیستمی مافی نێونەتەوەیی (لیگی نەتەوەکان) ئەنجامدرا. درك کردنی پەیوەندیی ئەم سیستمە لەگەڵ «دۆکترینی مۆنرۆ» ئێجگار گرنگە.

لێرەدا وڵاتانی هاوپەیمان (پێش هەموان بەریتانیا، فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان)، وەك توخمی حوکمڕانی و فەزای ژێر رکێف و کۆنترۆڵیان لە دوو بەری کەنداوی ئەتڵانتیك وەك ناوەندی هەرەوەز کردەوە دەنوێنن. ئەوەی لەجیهان دەمێنێتەوە وەك کۆمەڵێك «ویلایەت» لەبەرچاودەگیرێن، کە دەکرێت لەوێوە چاوەڕوانی روودانی مەترسی بکەین. ئەنجام، نابێت رێگە بە هیچکام لەم ویلایەتانە بدرێت بەهێز و بەدەسەڵات بن. لیگی نەتەوەکان بە سەرپەرشتیاریی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەمەریکا دەبێت بۆ هەموو جیهان ئەو شتە بێت، کە

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کیشوەری ئەمەریکا وەهایە، واتە گەرەنتیکردنی ئاسایش و هێمنی بەرانبەر دوژمن، بەڵام گەر لەجۆری یەکەمینی «دۆکترینی مۆنرۆ» دوژمنەکان، زلهێزە ئەوروپاییەکان بوون، لە ئێستا بەدواوە ئەڵمانیا، روسیای سۆڤێتی گەنج، ژاپۆنی جەنگخواز و سوپاسالار، تادوایی بە دوژمن دەهاتنەئەژمار. بە وڵاتەکانی دی کە نەیاندەتوانی بەرانبەر بە ئەگەری لاقە و هێرشی «بیانییەکان» بە شێوەی سەربەخۆ بەرگریی لە خۆیان بکەن، پێشنیارکرا لەچوارچێوەی لیگی نەتەوەکان بچنە ژێر چەتری پشتیوانیی زلهێزە ئەوروپاییەکانەوە. بەم چەشنە، «دۆکترینی مۆنرۆ» لە «فەزای گەورە»ی دیاریکراو جیابووەوە و بوو بە بنەڕەتی مۆدێلی یۆنیڤێرسالیستیی و گشتیی دەستوری جیهانی. لەم نێوەدا، دۆکترین لایەنی بەرگریکارانەی خۆی لە دەستداوە و لە کەرەستەی شەڕ لەگەڵ کۆڵنیالیزمەوە بوو بە کۆڵۆنیالیزم (جۆری نوێی ئایدۆلۆژیکی لیبڕال -دیموکراتیك). کارڵ شمیت نیشانیدەدات کە تەلارسازەکانی ڤێرسای هەوڵیاندا بە شێوەی نوێی «دۆکترینی مۆنرۆ» پلە و پایەی یاسایی و مافتەوەرانە بدەن، بەڵام لەڕوانگەی دژیەکی ناوچەییەوە، ئەم کارە ئەنجام نەدرا سەرەڕای ئەمە، بۆ دەستوری جیهانی ڤێرسایی و سەردەمی لیگی نەتەوەکان، «دۆکترینی گۆڕاوی مۆنرۆ» مۆدێلی یاسایی سەرەکیی زایەڵەی گۆڕەپانی سیاسی و وەسفی بونیادی حوکمڕانی بوو. دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەم مۆدێلە بنەڕەتی بلۆکی ناتۆی پێکهێنا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەڵمانیا و ژاپۆنی دۆڕاو کەوتبوونە «فەزای رۆژئاوا» و یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی و وڵاتانی بەرەی سۆڤێت وەك دوژمنی سەرەکی راگەیەندران.

## فەزای فراوانی جوگرافیایی و «رایش» لەڕوانگەی شمیتەوە

کارڵ شمیت بەرهەمەکەی لە سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەم نووسی و رامان لەو دیمەنەی لە بەرچاویدا بوو، بەلایەوە زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش بوو. ئەو سیاسەتی دەرەکی ئەڵمانیای نازی لەڕوانگەی پڕاگماتیستەکانەوە سەلماند و

بەڵگەی بۆ دەهێنایەوە. لەڕووی تیۆرەوە هەوڵیدەدا لە وێنەی سیاسیی سیاسەتی دەرەکی تێبگات. شمیت لە «دۆکترینی مۆنرۆ» دوو مانای بەڕادەی تەواو دوور لەیەکدی، دیاریدەکات (کە سەرەتا لەگەڵ «فەزای گەورە»ی تایبەت و مانای گۆڕدراوی ئایدۆلۆژی-ئیمپریالستی، «ڤێرسایی» لە پەیوەندیدا بوون) و دەیانخاتە بەرانبەر یەکدی. هاوکات دەستەواژەی زانستیی «فەزای گەورە» و «دەستووری فەزاگەلی گەورە»، سەبارەت بە جۆری یەکەمی «دۆکترینی مۆنرۆ» بەکاردێنێت. دواتر پێشنیاردەکات سیستمی مافی نێونەتەوەیی بە پێی ئەمە رۆبنرێت.

شمیت جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە چەمکی «فەزای گەورە»، هەردوو دەستەواژەکە لە ناوەڕۆکی ناچەندێتی، واتا چۆنییەتی مێژوویی بەهرەمەندن. «گەورە» تەنیا نیشانەی قەبارەی فیزیکی نییە، بەڵکو لە ئاستی رێکخستنی ناوخۆیی، پەیوەستبوون، یەکڕیزی فەزاکان و یەکگرتوویی ستراتیژی و سیاسی خۆی نیشاندەدات. ئێمە چەمکی «مەزن»یش هەر بەم مانا بەکاردەهێنین. «فەزا»ش وەك پێوەرێکی ئەبستراکتی فیزیایی بەکارناهێنرێت، بەڵکو وەك زەوییەکی دیاریکراو: دارستان، دەشت، کێو، رووبار، تەپۆڵکە کە فۆڕم بە ژینگەی نەتەوەکان و نەژادەکان دەدات، لەبەرچاودەگیرێت. بەم چەشنە، چەمکی «فەزای گەورە» راستەوخۆ لە چەمکی «ئیمپراتۆرییەت» نزیکدەبێتەوە (وشەی ئەڵمانی «داس ڕایش» بە مانای «ئیمپراتۆرییەت»ە). روسەکانی ئۆراسیایی کەڵك لە دەستەواژەی «دەوڵەت-جیهان» وەردەگرن (ساویتسکی). لە فۆرمۆلی «دەوڵەت-جیهان»دا، مانایەکی دووانە بوونی هەیە کە شمیت لە «دۆکترینی مۆنرۆ»دا دەریدەخات. ساویتسکی «دەوڵەت-جیهان»، «ئیمپراتۆرییەت» وەك بەشی دیاریکراوی فەزای جیهانی تێدەگات و یەکگرتوویی ژیاریی تێدایە (کە بنەڕەتی دیاردەی ئۆراسیایی پێکدێنێت). لە جۆری یەکەمی «دۆکترینی مۆنرۆ»شدا ئەم خاڵە هەیە، بەڵام گەر هەنگاوێك لە مانای ئۆراسیایی ساویتسکی تێپەڕین، دەکرێت هەمان دەستەواژە وەك گلۆباڵیزم پێناسەبکرێت، واتا وێنایەك سەبارەت بە «دەوڵەتی جیهانی» و

«حکومەتی جیهانی». ڕووداویکی وەها ڕێك قۆناغی ڤێرسای، لە دروستکردنی لیگی نەتەوەکان و دواتر لە دروستکردنی ناتۆ، دەستوری جیهانیی «کۆمیسیۆنی سێلایەنە» و گڵۆباڵیزمی هاوچەرخی ئەمەریکیدا ڕوویدا.

یونیڤێرساڵیزم (گڵۆباڵیزم)، وێڕای وێنای فیزیایی جیهان و «فەزای گەورە»، لەگەڵ وێنەی مێژوویی جیهان لە پەیوەندیدایە. تاك خودی یونیڤێرساڵیزم (تیۆری لیبڕالی «مافەکانی مرۆڤ») پێکدێنێت. زات لە تیۆری «فەزای گەورە» هەمان نەتەوە یان کۆمەڵێکی ئۆرگانیکی دیاریکراوە. بەم بۆنەیەوە کارڵ شمیت دوو چەمکی «مافەکانی مرۆڤ» و «فـەزای گـەورە» پێکەوە دەبەستێتەوە. لێرەدا شوناسی دوو خوێندنەوە و وێنای دژواز سەبارەت بە دەستوری جیهانی ڕەنگدەداتەوە، فرەجەمسەر و تاکجەمسەر، مێژوویی، یونیڤێرساڵ کە لە سەر چەند «ئیمپراتۆرییەت» (بە ڕای شمیت «ڕایشەکان») و یان تەنیا ئیمپراتۆرییەتێك (بە نیسبەت ئێمەوە، ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی: ئەو دەورەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی «دۆکترینی مۆنرۆ» بە شێوە سەرەتاییەکەی سەدەی نۆزدەهەم سەبارەت بە کیشوەری ئەمەریکا بەڕێوەی برد و دەورێك کە هاوڕێ لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ناتۆ لە سەدەی بیستەم سەبارەت بە سەرتاسەری جیهان دەیگێڕێت) دامەزرابێت.

کارڵ شمیت خۆی ساڵی 1939، ڕایشی سێیەم وەك یەك «ئیمپراتۆرییەت»، وەك «فەزای گەورە»، «دەوڵەت جیهان» دەبینێت. هەوڵیدەدا ئەم دەورەی ئەڵمانیا بسەلمێنێت. ڕایشی سێیەم بە شێوەی «فەزای گەورە» بۆ شمیت ئەوەندەی کە چەمك و مانایەکی ئەوروپی بوو، بە چەمکێکی ئەڵمانیایی نەئەژماردەکرا. شمیت تیایدا دەربڕینی ژیاری کیشوەری-ئەوروپی لە بەیانی کلاسیکی (و نەك ڕۆشنگەرانەی) دەدیت، (کاسۆلیك و موحافیزکارێکی گەرم و گوڕ بوو). هەروەها وڵاتی ناسیۆنال-سۆسیالیستی وەك بەشێك لە نەتەوەکانی ئەوروپی نەك وەك دەسەڵاتێکی نوێ یان وڵاتێکی ناسیۆنالی بەهێز لە بەرچاوەدەگرت. لێرەوە تێڕوانینی

شمیت بەرانبەر «مافەکانی مرۆڤ» دەردەکەوێت. شمیت کە لە لایەنگرانی داهاتووی هیتلەرە، هەرگیز لە بەرهەمەکانیدا لەگەڵ راسیزم و پێناسەی تایبەتیی «رایش» کە ئەڵمانییەکان باسیاندەکرد، هاوڕانەبوو. شمیت لەژێرناوی «رایش» جیهانی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی ئەوروپای لە بەرچاو بوو، هەرچەند لەڕووی مێژووییەوە، ئیمپراتۆرییەتی رۆمی رۆژئاوایی بە پێی هۆزە ئەڵمانییەکان دروست بوو. سەرجەم هۆز و عەشیرەتە ئەوروپاییەکان لە دروستکردنی مێژووی هاوبەشی ئیمپراتۆرییەتدا بەشدارییانکرد و دەبوو لە داهاتوودا لە مافی هاوشێوە بەهرەمەند بن.

ناسیۆنال-سۆسیالیزمی شمیت، زۆر لە ناسیۆنال-سۆسیالیزمی هیتلەر جیاوازە. جیاوازییەکە لەوەدایە، کە ئەو گروپی نەتەوەکانی لە بەرچاوە، نەك تەنیا یەك نەتەوەی ئەڵمانی، بیر لە «فەزای گەورە»، لە پێکەوەژیانی «ئیمپراتۆرییەت»گەلی جۆراوجۆر لە پاڵ یەکدیدا (لەوانە «روسیا-سۆڤێت»، ئۆراسیایی) و نەك کۆلۆنیالیزمی ئەڵمانی، دەکاتەوە. رێك لەبەر ئەم هۆکارە، ساڵی 1936 لە گۆڤاری "Schwarze Korps" وتارێك لە دژی چاپکرا، کە بوو بە هۆی لەسەر کار لابردن و بێکاربوونی، بەڵام شمیت درێژە بە کامڵکردنی ئەندێشەی خۆی بە چۆنییەتییەکی نوێترەوە دەدات، رێك وەك ژمارەیەکی زۆر لە «موحافیزکارە شۆڕشگێڕەکان» کە لەسەر دەستی دەمارگیرە کەمعەقڵە نازییەکان، تەریك و تەنانەت شاربەدەرکران و دوورخرانەوە. لێکدانەوەی بەرهەمەکەی شمیت، خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە ئەو لە گەرمەی سیاسەتی رەگەزپەرەستانەی هیتلەردا، کە تەنیا ئەڵمانییەکانی بە مرۆڤی تەواو دەزانی، لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «مافی نەتەوەکان» بەردەوامە. «رایشی سێیەم»ی شمیت وەك «رایشی سێیەم»ی ئارسۆر مۆلەر ڤان دەن بروك، نوسەری ئەم تیۆرە) رایشێکی دیکەیە کە زۆر لە رایشەکەی هیتلەر جیاوازە. «رایش»ی شمیت، «ئیمپراتۆرییەت»، «فەزای گەورە»یە کە کۆمەڵێك نەتەوە و ئەتنی جیاواز تێیدا نیشتەجێن و هەریەکیان

بۆ ڕۆنانی چارەنووسی سیاسیی خۆی، خاوەنی مافی هاوشێوەن. ناوەند دەبێت بە پلەی یەکەم، لە هەموو نەتەوەکان بەرانبەر بە دەستێوەردانی هێزەکانی دەرەوەی فەزای گەورە بەرگری بکات و ئاسایشیان بپارێزێت (لە سەرەتای ئەو دەقەی لێکدەدرێتەوە، ئاماژە بەم بابەتە کراوە). هیتلەر لە سیاسەتی خۆیدا تووشی هەمان هەڵەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیمپریالیستە ئینگلیزەکان کاتی تێپەڕین لە «فەزای گەورە»ی تایبەت بۆ یونیڤێرساڵیزم و گڵۆبالیزم تووشی بوون. جیاوازییەکەیان تەنیا لەوەدایە، کە ئەوان لە پشتی قەڵغانی ئایدۆلۆژیا خۆیان حەشار دابوو، هیتلەر لە دۆکترینی نەژادپەرستانە و ئایدیای «لەپێشبوونی جیهانیی نەژادی ئاریەن (ئارییی) سودی وەردەگرت.

گەر بە وردبینیی زیاترەوە لە بیر و هزرەکانی شمیت بڕوانین (سەرنجێکی فراوانتر بۆ ئایدیاکانی شۆڕشگێڕانی موحافیزکار، لە شپینگلەر، ئێرنست فۆن سالۆمۆن، ئۆتۆ پتلیا، ئارسور مولێر ڤان دەن برووك، فرانتس شائۆڤکەر، ئێرنست و فرێدریك یونگەر، هێرمەن ڤیرتا، فرێدریك هیشلەر و نیکیشەوە بگرە تا هایدگەر)، بە ئاسانی بەم خاڵە دەگەین کە باس باسی تیۆری چوارەمی سیاسەتە (لە پاڵ لیبرالیزم، کۆمۆنیزم و فاشیزم) کە لە پشت تیۆری سێیەم (نازیزم و فاشیزم)دا شاراوە بوون. خاڵی تراژیدی ئەوەیە کە تیۆری چوارەم، ماوەیەك لە سێبەری تیۆری سێیەمدا دەرنەدەکەوت، لە چرکەیەکدا پێوەی پەیوەست بوو، توانای جەنگ لە سێلایەنی نەبوو (تیۆری چوارەم ناچاربوو بەرانبەر لیبراڵەکان، کۆمۆنیستەکان و شۆڕشگێڕە موحافیزکارەکان و نازییە بێنرخەکان خۆی بگرێت و بەرانبەریان بوەستێتەوە.

دەکرێت لەبەر زۆر هۆکار بڵێین، کە ئەڵمانیا ناچاربوو نەك هەر لەگەڵ دوژمنی سەرەکی، بەڵکو بەرانبەر بە پەرەخوازیی سۆڤێت لە ڕۆژهەڵاتەوە، خۆڕاگری و بەرخۆدان بکات و ڕێگە بە ڕوودانی نەدات. جگە لەمە نابێت هەستی نیشتمانپەرستیی ئەڵمانییەکان لە بەرچاو نەگیرێت. کەسانێك (لەوانە شمیت خۆی)، هەوڵیانداوە لە ناوخۆی ڕژێمەوە شتێك بکەن تاکو ڕووگە و ڕێگەی ترسناکی

هیتلەر بەرەو ڕێگەی ڕۆحی «مافی نەتەوەکان» و «فەزای گەورە» رابکێشن. ئەنجام تیۆری چوارەم لە ژێر دارو پەردووی تیۆری سێیەمدا نێژرا کە لەڕوانگەی مێژووییەوە رایشی ئادۆلف هیتلەر مایەوە و نەبوو بە رایشی کارڵ شمیت.

### «فەزای فراوانی جوگرافیایی» سۆڤێت. رایشی سۆڤێت

مۆدێلی «فەزای گەورە» بۆ راڤە و شیکاریی قۆناغی روسیای سۆڤێت ئایدیالە. ئۆراسیاییەکانی روس بە شێوەی راستەوخۆ ئەم بابەتەیان گەشەیان پێدا. ئەوانیش سودیان لە چەمکی «فەزای گەورە» وەرگرت و پشتیان بە وتەزای فەزای گەورە دەبەست. ساویتسکی بۆ راڤە و ئانالیزی قۆناغی سۆڤێت، زاراوەی «گەشە لە جێگەی»ی بەکارهێنا. بۆ ئۆراسیاییەکانی روس لەوانە شمیت، لیبراڵەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی دوژمنی سەرەکی بوون، هەرچەند ئۆراسیاییەکان، ئەڵمانیایانن دەخستە پێکهاتەی «رۆژئاوا»وە، شمیت لەسەر ئەو باوەڕە بوو، ئەڵمانیا ناوەندی کیشوەری ئەوروپایە و «رۆژئاوا» لەو لای رایشەوە دەستپێدەکات. هەر ئەو ئۆراسیاییانە بە شێوەی زۆرورد و رێکوپێك پێشبینی کامڵبوونی سیاسەتی دەرەکی سۆڤێتیان لە ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم ساڵەکانی شۆڕشەوە بۆ سیاسەتی تەواوی ئیمپراتۆری لە کۆتاییەکانی ساڵانی 1920 کردبوو. یەکێتی سۆڤێت نموونەی کلاسیکی «فەزای گەورە» بوو، کە ئەگەر کەڵك لە زاراوەی شمیت وەربگرین، دەتوانین «رایشی سۆڤێت»ی ناو بنێین. زاراوەی «ئۆراسیا» کە لەسەر دەستی ئۆراسیاییەکان بەکارهێنرا، بانگهێشت بۆ جەختکردنەوە لە یەکگرتوویی ئۆرگانیکی «فەزای گەورە»ی کیشوەری ئۆراسیایی دەکات، کە بە پێی سنورەکانی روسیا، لە روسی کەوناراوە تا یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی بوو.

هاوکات پێچەوانەی بەڵشەفیکەکان و رێبەرەکانی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، کە مارکسیزم بنەڕەتی تیۆریانی پێکدەهێنا، هیچ باسی فەزا، نەریت و ژیارەکانی تێدا نەکرابوو، ئۆراسیاییەکانی، یەکێتی سۆڤێتیان وەك ئۆرگانیزمی

مێژوویی و فەزادار، جیۆپۆلەتیکی و ژیاریی پێناسە دەکرد. هەروەها راڤە و شیکارییەك کە ئەوان سەبارەت بە مێژووی سۆڤێت، بە تایبەت سەردەمی ستالین، ئەنجامیانداوە، لەهێزە کۆچبەرەکانی دیکە وردتر و راستتر بوو. ئۆراسیاییەکان کەم تا زۆر بەو شێوەیەی شمیت رایشی سێیەمی هیتلەری هەڵدەسەنگاند، یەکێتی سۆڤێتیان هەڵدەسەنگاند. ئەوان لەم رێگەیەوە لە قووڵیی لۆژیکی «فەزای گەورە»، یاسامەندیی «ئیمپراتۆرییەت»ی تاهەتایی، دیالێکتیکی رۆمی سێیەم، سەربەخۆیی و حوکمڕانیی ئەرزیی مێژوویی نەتەوەی روس کە رادەستی نوخبە سیاسییەکان کرابوو (لەمەڕ کەیسی هەنوکەیی، بەڵشەفیکەکان) تێگەیشتن و تەنیا ئامانجێکیان لە بەرچاو بوو، ئەویش بەرگری لە وڵات و نەتەوە بەرانبەر بە دەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکان بوو. بەڵشەفیکەکان بە درێژایی حەفتا ساڵ ئەم ئەرکەیان راپەڕاند.

لەڕاستیدا ئۆراسیاییەکان وەك شۆڕشگێڕانی موحافیزکاری ئەڵمانی، نوێنەرانی تیۆری چوارەمی سیاسەت بوون، بەڵام توخمەکانیان نەك دەقاودەقی فاشیزم (تیۆری سێیەمی سیاسی)، بەڵکو هاوڕا لەگەڵ تیۆری دووەمی سیاسی، تێدەگەیشتن. ئۆستریالۆف لێکدانەوەیەکی چڕوپڕی لەم بارەیەوە پێشکەش دەکات. ئایدیای دروستکردنی سۆسیالیزم لە وڵاتێکدا کە لە روسیا توانرا بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە واقیعدا گەڕانەوە بۆ «فەزای گەورە» و «رایش» بوو. گریمان دەسەڵاتی تیۆری چوارەمی سیاسەت لە ئەڵمانیای نازی و یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی چارەنووسساز بوایە، باس و مشتومڕە سەرپێییە ئایدۆلۆژییەکان هەنگاوێکیان بۆ دواوە هەڵدەگرت و لە بەستێنی دووەمدا جێگیردەبوون، ئێمە لە جیهانێکی تەواو جیاواز بەهرەمەند دەبووین، جیهانێکی ئایدیال (وەك پێویست)، جیهانێکی هاوکێش و فرەجەمسەر. گەڵاڵە لە سەر کاغەز ماوەکانی تیۆری چوارەمی سیاسەت، لە پەیمانی مۆلۆتۆف-رینترۆپ و تیۆری کارڵ هۆشفەڕ، شۆڕشگێڕی موحافیزکار لە ژێر ناوی «میحوەری بەرلین-مۆسکۆ-تۆکیۆ»دا بەدیدەکەین.

## دەستبەجێیی و پێویستیی نوێ بە تیۆری چوارەمی سیاسەت

ئێستا، سەردەمی هەنوکە لێکدەدەینەوە. میراتی کارڵ شمیت، ئەمڕۆ بووە بە بەشی دانەبڕاوەی کولتوری سیاسی و مافتەوەری نوخبە رۆژئاواییەکان. ئەم میراتە گەلێك لە تایبەتمەندییە مێژووییەکان لە سەرتر بوو، پرس و بابەتە بنچینەییەکان دزەی کردبووە نێوی، کە ئەمڕۆ نەك هەر پێویستیی خۆیان لە دەستنەداوە، بەڵکو روویان لە زیادکردنیش کردووە، بەڵام گەر بە سەرنجێکی کراوەترەوە لێیبڕوانین، دەردەکەوێت لێرەدا باسەکە باسی شمیت وەکو مرۆڤێك و میراتی تاکەکەسی ئەو نییە. لەڕاستیدا گرنگی تیۆری چوارەمی سیاسەت، بە گشتی، بە خێرایی و گوژمێکی زۆرەوە زیاددەکات، کە کارڵ شمیت نوێنەری دیارو درەوشـاوەی بوو. ئێستا لە سێ تیۆری سیاسی سەدەی بیستەم تەنیا یەکێکیان، واتە لیبڕالیزم، بە سەلامەتی ماوەتەوە. فاشیزم دیار نەما و کۆمۆنیزم کەم تا زۆر بزربوو. ناکرێت بەجدی بەرەوڕووی هەریەکیان ببینەوە و فاشیزم و کۆمۆنیزم بە هەند وەربگرین. هەڵبەت، نەك لەبەرئەوەی ئەوان لەڕووی مێژووییەوە دۆڕاون، ئەمە نیوەی بابەتەکەیە، بەڵکو لەبەرئەوەی لەڕوانگەی ئایدیاییەوە مایەپووچ بوون. کەسانێك کە باوەڕیان پێهێنان، سوك و بێبایەخ بوون و لە ئاستی تیۆریدا ریسوا بوون. فاشیست و کۆمۆنیستەکان ناتوانن بە شێوەیەکی دیار و جێگەی تێگەیشتن شکستی خۆیان لێکبدەنەوە، هەر بۆیە خاوەنی ئێستا و داهاتوو نین. ئەندێشەی فاشیستی ڕەتکرایەوە، رامانی مارکسیستی رووی لە سفر ناوە. لە شوێنێکیشدا کە هێشتا بوونی هەیە بە دڵنیاییەوە، هەندێك خواستی ئایدۆلۆژی دەرەکیی لەگەڵدایە (ناسیۆنالیزم لە ئاسیا و جیهانی سێیەم، لیبڕالیزم لە سۆسیال-دیمۆکراسیی ئەوروپی). تیۆری چوارەمی سیاسەت کە ئەندێشەکانی «فەزای گـەورە»، «ئیمپراتۆرییەت»، «مافی گەلان»، «دیموکراسی ئۆرگانیك»، «فرەجەمسەری»، «شوێنی گەشە»،

«حوکمڕانیی سیاسی» و «جیۆپۆلەتیك»ی بۆ دەگەڕێتەوە، هەرچی زیاتر دەسەڵاتی خۆی نمایش دەکات. تیۆری چوارەمی سیاسەت لە پێش چاوماندا دەتوانێت تاقە ئەڵتەرناتیڤی بنەڕەتی و بەبەهای گلۆباڵیزم، «مافەکانی مرۆڤ»، تاکجەمسەر، یونیڤێرساڵیزمی لیبڕال -دیموکراتیك، تاکگەرایی، تۆتالیتاریزمی بازاڕ و بەهاکانی بازاڕی بێت.

کارل شمیت جیهانێکی دەدیت، کە لە «ئیمپراتۆرییەتەکان»، «فەزاگەلی گەورە»، «رایشەکان» پێکهاتووە. بە بەکارهێنانی روانگەکانی لە سەردەمی هاوچەرخدا، دەتوانین بە باشی لە داهاتوودا ‹ئیمپراتۆرییەت»ی ئەتڵەنتیکی (وێڕای ویلایەتە یەکگرتووەکان لەناوەندیدا)، «ئیمپراتۆرییەت»ی ئاسیایی (بە فەرماندەیی چین و ژاپۆن)، «ئیمپراتۆرییەت»ی ئەوروپی (بە پێی ئەندێشەکانی شمیت) و ئەنجام، «ئیمپراتۆرییەت»ی ئۆراسیایی لە یەکتر جیابکەینەوە. شمیت خۆی وەك چاودێری ئیمپراتۆرییەتی ئەوروپی دەدیت. ئۆراسیاییەکان بنەمای جیهانبینییەکی هاوشێوەیان دامەزراند. لە دەلاقەی روسیاوە سەیری جیهانیان دەکرد. مۆدێلی ژاپۆنیی رێکخستنەوەی دووبارەی کەنداوی ئارام بۆ «فەزای گەورە» لەگەڵ شکستی ژاپۆن لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بەڕێوە نەچوو، بۆیە ئەمڕۆ چین هەوڵدەدات دەوری رێبەریی ئەم رەوتە بگرێتە ئەستۆ. روسیا لەم ماوەیەدا چەندین بەشی گەورەی «فەزای گەورە»ی خۆی لە دەستداوە، بەڵام بەرە بەرە دەخزێتە نێو لایەنی ئەوروپی کە داهێنانەکانی یەکڕیزی، دەربڕی ئەمەیە.

گەر سێ «فەزای گەورە»ی بەزەبر (ئەروپی، ئۆراسیایی و ئاسیایی) دەبێت پەرەبگرن، بۆ ئەوەی بۆ «ئیمپراتۆرییەت»، «رایش» بگۆڕێن، فەزای ئەتڵەنتیکی کە ئەمڕۆ بانگەشەی یونیڤێرساڵبوون و جیهانیبوون دەکات، دەبێت خۆی کۆبکاتەوە و بەخۆیدا بچێتەوە. بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان

دووباره بگەڕێتەوە بۆ جۆری یەکەمی «دۆکترینی مۆنرۆ»، بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دووبـاره ببێتەوە بە «فـەزای گـەوره» و «ئیمپراتۆرییەت»، دەبێت بەڕادەیەکی بەرچاو بڕشت و دزەکردنی کەم ببێتەوە. شیکارییەکی وەها نیشانیدەدات تیۆری «فەزاگەلی گەوره»ی کارڵ شمیت، وەك دەربڕینی ئاشکرای تیکڕای بونیادی تیۆری چوارەمی سیاسەت، دڵنیاترین پلاتفۆرم بۆ جیهانی فرەجەمسەر، ئەنتی گلۆباڵیزم، ئەنتی ئەمەریکائیزم و خەباتی نەتەوەیی رزگاریبەخش دژی باڵادەستی جیهانیی ئەمەریکی دەبێت.

لێکدانەوەی کاریگەریی «دیسپلینی فەزای گەوره لە مافی نەتەوەکاندا و یاساغ بوونی دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لە فەزا»ی کارڵ شمیت، رزگاربوون لە هەلومەرج و دۆخی مێژوویی، لە پاڵ کاریگەرییەکانی دیکەی بنەماخوازانەی شمیت خۆی و شۆڕشگێڕانی موحافیزکاری دیکە، بەشی دانەبڕاوی میراتی تیۆری ئۆراسیایی پێکدێنێت و تێگەیشتنی باشتری تیۆری نیۆئۆراسیایزمی لێدەکەوێتەوە. نیۆئۆراسیایزم، پێناسەی هاوچەرخی تیۆری چوارەمی سیاسەتە کە سەدەی بیستویەك لەسەر دەستی روسەکان، لە روسیا و لەقازانجی بەرژەوەندییەکانی روسیا و بۆ گەشەسەندنی روسیا وەك زلهێزێکی جیهانی سەرلەنوێ فۆرمۆڵە کراوەتەوە. نیۆئۆراسیایزم تیۆری سیاسیی رۆنانی «ئیمپراتۆرییەت»، «فەزای گەوره» لە ئێستا و داهاتووە. یان نیۆئۆراسیایزم، دەبێتە جیهانبینیی نوخبەکانی روسیا، یاخود داگیربوون چاوەڕوانمان دەکات. شیاوی ئاماژە پێدانە کە «فەزاگەلی گەوره» بە شێوەیەکی بەزەبر خەڵك و نەتەوەکانی دیکە، بێ ریزپەڕ، سودی لێدەبینن کە لە روسیاوە هەستانەوەی ئۆراسیایی دەستپێبکات. هەمووان لە دەرکەوتنی ئەمە قازانج دەکەن. وەك نیۆئۆراسیایزم بە توندی لە «فەزای گەوره» نەك لە یونیڤێرساڵیزم ؛ لە «ئیمپراتۆرییەت و نەك لە ئیمپریالیزم؛ لە «مافی نەتەوەکان» و نەك لە «بەرژەوەندییەکانی تەنیا نەتەوەیەك» بەرگری دەکات.

# بەشی دەهەم

# پڕۆژەی «ئیمپراتۆرییەت»

## ئیمپراتۆرییەتی بێ ئیمپراتۆر

باوەڕێکی باو لە ئارادایەو بریتیە لەوەی بێگومان چەمکی ئیمپراتۆر، پەیوەندی بە ئیمپراتۆرەوە هەیە، بەڵام راڤە و شیکاریی ئەم دیاردەیە نیشانیدەدات مێژووگەلێك ئیمپراتۆرییەتی بێ ئیمپراتۆری بە خۆوە دیتووە. ژمارەیەکیان لە لایەن کۆڕی ئاستەنگی خانەدانە هەڵبژێردراوەکانەوە بەڕێوەدەبران. ژمارەیەکی دی لەسەر دەستی پەرلەمانەکان و سەنا (ئیدارە دەکران).لە ئەنجامدا بوونی ئیمپراتۆر مەرجی پێویست و زەروور بۆ هەبوونی ئیمپراتۆرییەت نییە. جگە لە وڵاتانی پاشایەتی، ژمارەیەکی زۆر دیکتاتۆر بە حکومەتی ڕەهای قەیسەر، یاخود ڕێبەری جێمتمانە لە ئارادابوون کە وەك ئیمپراتۆرییەت یان ئیمپراتۆر ناو نەنرابوون و لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی راستەقینەدا هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نەبوو. بەم چەشنە بە ئاسانی دەتوانین پرەنسیپەکانی ئیمپراتۆرییەتی سەربەخۆ لە ئیمپراتۆر لێکبدەینەوە.

## ئیمپراتۆرییەت وەك کەرەستەیەکی دڵخواز بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی

خوێندنەوەیەکی ناڕاستی دیکە لەبارەی ئیمپراتۆرییەت، دانانی وەك دیاردەیەکی هەرە کۆن و لەمێژینەیە کە سەردەمی نوێ لە لایەن ژیاری هاوچەرخەوە گەڵاڵە دەکرێت. ئەم باوەڕەش دوورە لە راستییەوە؛ ئیمپراتۆرییەت، هەم کۆن و هەم هاوچەرخەکەی، بونیادێکی سیاسی پێشنیاردەکرد، کە لەڕوانگەی پارامەترە تەکنەلۆژی، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، ئیداری و ئابورییەوە گەلێك لەسەرووی ئەو

کۆمەڵگانەوە بوو، کە بواریان بۆ سەرهەڵدانی ئەم ئیمپراتۆرییەتە رەخساندبوو. ئەم چەشنە ئیمپراتۆری گەلە هەمیشە بە کردەوە پاڵنەرێك بوون بۆ مۆدێرنیزەکردنی نەتەوەکان، کۆمەڵگە و وڵاتانێك کە کەوتبوونە ناو سنورەکانی ئیمپراتۆرییەتەوە. ئیمپراتۆرییەتەکان یاسا و رێساکانی ماف و زانستە کۆمەڵایەتییەکانیان لە فەزاگەلێکی گەورەدا بەڕێوەدەبرد. لەم چەشنە ئیمپراتۆرییەتگەلەدا، ئەنجومەنی تاکەکەسیی ئەتنی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەتن و هۆزەکانی دیکە دیاریکرابوو، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و زانستی پێشتیوانیی لێدەکراو هاندەدرا، ئەنجامدانی دانوستان و ئاڵوگۆڕ لە حاڵەتە کولتورییەکاندا، ئاسانکاری بۆ دەکرا و بوار و بەستێنی پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆشدەکرا. ئیمپراتۆرییەتی رۆم پاش فەرمانی ئیمپراتۆر کاراکالا، مافی بەهرەمەندبوون لە بوون بە هاووڵاتی رۆمی بۆ هەموو تاکە ئازادەکان جێبەجێکرد. هەرچەند تا بەر لەو کاتە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە هاووڵاتییانی نوخبە ناوچەییەکان، ئەم شانازییەیان پێبەخشرابوو. دەوڵەتەکان، نەتەوە هاوچەرخەکانی ئەوروپا، هەرچەند رایان دژی ئیمپراتۆرییەت بوو، سیستمی هاووڵاتیبوونیان بە تەواوی لە مۆدێلی ئیمپراتۆرییەت کۆپی کردووە. سەیر نییە کە مافە مەدەنییەکانی رۆم، بنەڕەتیان پێکدێنێت کە رەنگدانەوەی لۆژیکی مافتەوەری ئیمپراتۆرییەتە.

## پێناسەی ئیمپراتۆرییەت

گەر ئیمپراتۆرییەت بە بوونی ئیمپراتۆر، یان سەر بە سیستمی سیاسی کۆن، دیاری و پێناسە نەکرێت، کەواتە ئەو تایبەتمەندی و نیشانانە چین، کە دەتوانین بۆ ناسینی ناویان ببەین؟ چ پێناسەیەك بۆ ئیمپراتۆرییەت بە دەستەوە بدەین؟ ئیمپراتۆرییەت خاوەنی بونیادێکی سیاسیی ئەرزیی وەهایە، کە سەنترالیزمی (ناوەندگەرایی) قورس و قایمی ستراتیژی (حکومەتی یەکە، مۆدێلی ناوەندیی ئیدارەی هێزەکانی چەکدار، خاوەنایەتیی یاسای مافی هاوشێوە بۆ سەرجەم هاووڵاتییان، سیستمی یەکەی کۆکردنەوەی باج، سیستمی یەکەی پەیوەندییەکان

و هتد) لەگەڵ خۆسەریی بەرینی ئەو دامــەزراوە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ناوچەییانەی تیایدا ئەندامن، (بوونی توخمی مافتەوەری ئەتنی و ئایینی لە ئاستی ناوچەیی و لۆکاڵی، پێکهاتەی فرەنەتەوەیی، گەشە و پەرەی فراوانی خۆبەڕێوەبەریی ناوچەیی، ئەگەری پێکەوە ژیانی مۆدێلەکانی جۆراوجۆر لە دەسەڵاتی ناوچەیی لە دیموکراسیی هۆزەکییەوە بگرە بۆ شازادەنشینی ناوەندگەرا و یان تەنانەت سوڵتاننشین) رێکدەخات. ئیمپراتۆرییەت هەمیشە بانگەوازی قەبارەیەك بە بارتەقای جیهان دەكات و بونیادی سیاسی خۆی وەك ناوك یان هاوواتای ئیمپراتۆرییەتی جیهانی درك دەكات. «هەموو رێگاکان دەچنەوە رۆم». هەموو ئیمپراتۆرییەتەکان هاوشێوەی ئیمپراتۆرییەتە جیهانییەکان بیردەکەنەوە. ئەرکێك خراوەتە ئەستۆی ئیمپراتۆرییەت. ئیمپراتۆرییەت وەك وێنای سیاسیی چارەنووسی مێژوویی مرۆڤایەتی لە قەڵەمدەدرێت. ئەم ئەرکە دەتوانێت بە شێوەی فۆڕم و حاڵەتی حکومەتی ئایینی (بیزانس)، نەمسا-هەنگاریا، خەلافەتی ئیسلامی، حکومەتی قەیسەری مۆسکۆ، مەدەنی (رۆمی کەونارا، ئیمپراتۆرییەتی جەنگیزخان)، ژیارمەند (ئیمپراتۆرییەتی چین، ئیمپراتۆرییەتی ئێران)، یاخود ئایدۆلۆژی (ئیمپراتۆرییەتی کۆمۆنیستیی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، ئیمپراتۆرییەتی لیبراڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) درکبکرێت. لە تێگەیشتنە هاوبەشەدا لە مەڕ چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئیمپراتۆرییەت، پرەنسیپەکانی بۆ سەردەمی ئێستا گرنگی تایبەتیان هەیە.

## ئیمپراتۆرییەتی موحافیزکارە نوێیەکان
## Benevolent empire – ئیمپراتۆرییەتی خێرخواز

تیۆری پێویستیی «ئیمپراتۆرییەت» بۆ تێگەیشتن لە راستییە جیهانییە هەنوکەییەکان، لەگەڵ چڕتر بوونەوەی گرنگیدان بەم چەمکە، لە پۆلیتۆلۆژیای جیهانی سەدەی بیستویەك جەختی لێدەکرێتەوە. چاپەمەنییە ئەمەریکاییەکان

له ساڵی 2002ەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیەیان سەبارەت بەو رۆڵە دەستپێکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت لە سەدەی هاوچەرخدا جیهان بەڕێوەببات (شیمانەی هــەزارەی نوێش دەکرێت). لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا باس و مشتومڕ لەسەر ئیمپراتۆرییەت لە هەموولایەك هەڵگیرسا. وەك هەمیشە لەم جۆرە باسانەدا، کۆڕ و جڤاتە جیاجیاکان، خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ئەم چەمکە هەبوو، بەڵام مانا و چەمکەکە خۆی کەوتە ناوەندی باسەکانەوە. تاڕادەیەك سەرهەڵدانی پڕۆژەیەکی لەم چەشنە، بەرهەم و ئەنجامی لەسەرتربوون و بڕشتی کەم تا زۆر باڵادەستی ئەندێشەی نیۆموحافیزکارەکان لە سیاسەتی ئەمەریکی سەردەمی حکومەتی بۆشی کوڕ بوو. تیۆرڤانانی ئەم لایەنگرییە، کە فۆرمۆلی ریگان «یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، ئیمپراتۆرییەتی شەڕ»یان رەتدەکردەوە، لە بەرانبەردا گەڵاڵەی خۆیان ئاراستە و پێشنیار کرد: ویلایەتە یەکگرتووەکان «ئیمپراتۆرییەتی خێرخواز» (ر.کیگان).

نیوموحافیزکارەکان رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان لە سەدەی بیستویەك وەك هۆکاری یەکڕیزیی جیهانی و شتێکی هاوشێوەی ئیمپراتۆرییەتی رۆم (پۆست مۆدێرنێتی)، لە بەرچاو دەگرت. هەموو نیشانەکانی ئیمپراتۆرییەت لە پڕۆژەکەدا کەوتبوونەڕوو:

-بەڕێوەبردنی ناوەندیی ستراتیژی جیهان (هێزی سەربازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ناتۆ)؛

-ئایدۆلۆژیای گڵۆباڵ (دیموکراسی لیبڕال )؛

-مۆدێلی ئابوری (بازاڕ)؛

-خۆسەریی دیاریکراوی حکومەتە ناوچەییەکان (کە لەڕێژەیەکی دیاریکراوی ئازادی لە سیاسەتی ناوخۆییدا بەهرەمەند بن، بەڵام ناچارن بە شێوەی ورد و رێکوپێك پێڕەوی هێڵی ئەمەریکی بکەن لە پرس و بابەتە بنەڕەتییەکاندا)؛

-قەبارەی جیهانی (کۆمەڵگەی جیهانی، جیهانیسازی، جیهانی تاکجەمسەر)؛

-ئەرك و پەیامی دیموكراتیزاسیۆن و لیبرالیزاسیۆنی هەموو دەوڵەت و نەتەوەكانی جیهان.

فرانسیس فۆكۆیاما سەرەتاكانی ساڵانی 1990، دروستبوونی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریكی ناو نابوو «كۆتایی مێژوو». پاش ماوەیەك دانی بەوەدا نا، كە لە دەربڕینی را و وتەكەیدا پەلەی كردووە و ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ئەمەریكی هێشتا هۆكاری كۆتایی و تەواوبوون نییە، بەڵكو تەنیا گەڵاڵەی ئامانجی داهاتووە، كە كێشە وگرفتی جدی، دواكەوتنی كات و ساتی گەیشتن، تەنانەت پاشەكشێی تاكتیكی لە رێگەیدایە. ساموئێل هانتینگتۆن، سیاسەتناسی دیكەی ئەمەریكی لە بەرهەمەكەیدا كە روانینێكە بۆ پێشكەوتنی سەردەم، ئاوڕ لەم خاڵە دەداتەوە و دروستبوونی «ئیمپراتۆرییەتی خێرخواز»ی جیهانیی ئەمەریكی لەگەڵ «بەریەككەوتنی ژیارەكان» بلۆك دەبێت، یان دادەخرێت. هانتینگتۆن دەگاتە ئەو ئەنجامە كە رۆیشتن بەرەو قەبارەی جیهانیی ویلایەتە یەكگرتووەكان دەبێت بەرە بەرە بێت و لە چركەساتی ئێستادا، خاڵی گرنگ پەیوەستكردنی ناوەندی ئەتڵانتیكی (ئەمەریكا و وڵاتانی ناتۆ)، هاندانی دژیەكییە ژیارییەكان و چاوەڕوانكردنی چركەساتی گونجاوە لە داهاتوودا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، تێزی تایبەت بەو بابەتە كە ویلایەتە یەكگرتووەكان، ئیمپراتۆرییەتی سەدەی بیستویەكەمە، لە سیاسەتناسیی ئەمەریكیدا لە لایەن هەموانەوە پەسندكراوە، ئێستا هەرچۆنێک بێت كات و ماوە مێژووییەكەی و سنورە زەمینییەكانی دركیان پێبكرێت. ئەندێشە و رامانەكانی نوخبە سیاسییەكانی ئەمەریكا، ئەمڕۆ لەسەر بنەمای پێوەرەكانی ئیمپراتۆرییەت سەقامگیربووە بێ ئەوەی گرێدراویی هاوڕا، یاخود دژایەتیی نوێنەرەكانی لەگەڵ ئەندێشە گەشبینانەكان، یان هێرشبەرانەی نیوموحافیزكارەكان بێت. زیبیگنۆف بێرژنسكی، دژبەری گرژی نیوموحافیزكار و «دیموكرات»ەكان، وەك دیك چینی، ریچارد پرەڵ، پۆڵ وڵفیتس یان ویلیام كریستۆڵ، لایەنگری ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریكییە.

## ڕەخنە لە «ئیمپراتۆرییەت»
## لەڕوانگەی مایك ئێچ هارت و ئەنتۆنیۆ نگری

ئەمڕۆ زاراوەی «ئیمپراتۆرییەت»، تەنیا لای دەزگای ئیداریی ئەمەریکا خۆشەویست نییە. دژبەرانی گرژی ئیمپریالیزم، دیموکراسیی لیبڕال لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێکهاتو لە فەیلەسوفانی توونڕەوی چەپگەرا و سیاسەتمەدارەکان، دژبەرانی ئەنتی گلۆباڵیزم لەم زاراوە، تەنانەت وەك هاوواتایەك بۆ پڕۆژەی سەرەکی ئایدۆلۆژی خۆیان کەڵك وەردەگرن. ئەنتۆنیۆ نگری، تیۆرڤانی « گروپی سور»مایکڵ هارت، فەیلەسوف و ئەنتی گلۆباڵیستی ئەمەریکی، کتێبی بەرنامەی «ئیمپراتۆرییەت»ی نوسیوە کە بە بڕوای ئەوان دەبێت ببێتە دیاردەیەکی هاوشێوەی «کەپیتاڵ»ی مارکس بۆ بزوتنەوەی چەپی جیهان لەسەدەی بیست و یەکەمدا. ئەمە جۆرێك ئینجیلی ئەنتی گلۆباڵیستەکانە. نگری و هارت، مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك مێژوویەك وەسفدەکەن کە هەر لە سەرەتاوە پرەنسیپەکانی ڕێکخستنی نێتوۆرکی لەگەڵ ئەرك و پەیامی ئیمپراتۆرییەتی لە خۆیدا ئاوێتە کردبوو، هەر ئەمەش ئەمەریکای کردبووە ڕێبەری جیهانی بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا ببێت بە دەسەڵاتی جیهانی لەفۆرمی پێویست بۆ تێکڕای دەستوری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

نگری و هارت لە ژێر ناوی «ئیمپراتۆرییەت»، درک بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی جیهانی دەکـەن، کە پشت بە داگیرکاریی کەپیتالیستی «دەسـەڵات»ی بەزەبری هونەری «زۆرینە» لەگەڵ ڕۆڵگێڕانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك ناوەند، دەبەستێت و دەبێتە دەوڵەتی جیهانی. لەڕوانگەی نگری و هـارتـەوە، ئیمپراتۆرییەتێکی جیهانیی لەمشێوە، ئاپۆتیوز (پەرستنی مرۆڤ) قۆناغەکانی پێشوی گەشە و پەرەی

کەپیتالیزم و لوتکەی نـادادپـەروەری و چەوساندنەوەیە کە ناونراوە «کۆمەڵگەی نمایشی»ی جیهانیی (گی دیبۆر). ئەم ئیمپراتۆرییەتە جیهانییە وەك ئیمپراتۆرییەتی پۆست مۆدێرن بیردەکاتەوە، کە لەوێدا دەسەڵات و زۆرداری ئەوەندە ئاشکرا و کراوە نییە، بەڵکو لە پشتی پەردەی حەشاردانی نێتوۆرکی، شاراوەتەوە. نوسەرانی ئەم بەرهەمە پێشنیاردەکەن، وەك چانسێکی مێژوویی بۆ «زۆرینە»، بە مەبەستی ئەنجامی شۆڕشی جیهانی لە دۆخەکە بڕوانن. ئیمپراتۆرییەت، هەموو جیهان، چینەکان و نەتەوەکان، دەوڵەتەکان و سیستمە سیاسییەکان لەمەنجەڵێکدا پێکەوە ئاوێتەدەکات. تەنیا چەوسێنەران دەمێننەوە (دەوڵەتی جیهانی، ئۆپەراتۆرەکانی نێتوۆرکی) و «زۆرینە»، کە هەرچەشنە تایبەتمەندی و چۆنییەتییەکیان لێ زەوتکراوە، کە دەرئەنجام دەبنە ئایدیالترین «پرۆلیتاریای» سـەدەی بیستویەك. «زۆرینە» لەڕوانگەی نگری و هارتەوە دەبێت هەر چۆنێك بووە، لە ڕێگەی مادە سڕکەرەکانەوە، هەر جۆرە گۆڕان و هەڵەکارییەکی مومکین، ئەندازەیی ژێنێتیك و شێوازەکانی دیکەی بایۆلۆژی، خۆی لە کۆنترۆڵی ئیمپراتۆرییەت ڕزگار بکات و لەناوەوە بیتەقێنێتەوە و بۆ ژیانی خۆی هەر لەو ئیمکانیاتەی ئیمپراتۆرییەت پێیداوە، سود وەربگرێت.

بەم چەشنە، وتـەزای ئیمپراتۆرییەت دەکەوێتە لوتکەی ڕەفتارەکانی ئایدۆلۆژی بزوتنەوەی چـەپ، ئەنتی گۆلۆباڵیزم و ئەلتەرگلۆباڵیزم. لەڕاستیدا ئەلتەرگلۆباڵیزم ئەنجامی ڕاستەوخۆی وەرگیراو لە ئەندێشەی نگری و هارتە: نابێت لەگەڵ جیهانیسازی بە شەڕ بێین، بەڵکو دەبێت لە شێوازەکانی کەپیتالیستی و ئیمپریالیستی (کە ئەمڕۆ بوونیان هەیە) بۆ شەڕی دژەسەرمایەداری و شۆڕشگێڕانە سود وەربگرین.

## ئەڵتەرناتیڤەکانی ئیمپراتۆرییەتی جیهانی: دووبارەکردنەوەی دۆخی هەنوکەییی یاڵتا

گەر بە شێوەی جدی بـەرەوڕووی پڕۆژەی **ئیمپراتۆرییەتی** جیهانیی ئەمەریکی ببینەوە، دەستبەجێ ئەم پرسیارە گەلاڵە دەبێت: چ شتێك دەکرێت وەك ئەڵتەرناتیڤ بناسێنرێت؟ لەگەڵ یەکێکیاندا ئاشنابوون، بەڵام ئەو ئایدیایە بۆ ژمارەیەکی کەم لە چەپە توندڕەوەکان، واتا ئانارشیستەکان و لایەنگرانی ترۆتسکی و پۆست مۆدێرنەکان سەرنجراکێشە. ئێستا دەپرژێینە سەر پڕۆژەکانی دی. سادەترین وەڵام بۆ پڕۆژەی **ئیمپراتۆرییەت**، خواستی پاراستنی دۆخ و هەلومەرجی هەبوو، لەئارادایە. ئەم خواستە غەریزییە، ئەو دەستورە جیهانییە کە سەدەی بیستەم فۆڕمیگرتووە، بە دەست لێنەدراوی دەهێڵێتەوە. کاتێك کە دەسەڵات و وڵاتی نەتەوەیی یەکێکن و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گۆڕەپانێکە بۆ چارەسەرکردنی پرسە نێونەتەوەییەکان، رووبەڕووبوونەوەیەکی لەم چەشنە، بێسودە، وەك دەستوری جیهانیی سەدەی بیستەم پاش ساڵی **1945**، بە پێی ئەنجامی جەنگی جیهانیی دووەم فۆرمۆڵە بوو، حوکمڕانیی وڵاتانی نەتەوەیی لە لایەن دوو زلهێزی خاوەنی چەکی ستراتیژی، واتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، دابین دەبوو. بەرزەفڕییەکانی ئیمپراتۆرییەتی (ئۆردوگای سۆسیالیستی) لەلایەك و بەرزەفڕییەکانی ئیمپراتۆرییەتی (کەپیتاڵیستی) لەلاکەی دیکە، یەکسان و هاوتابوون. داوا لە وڵاتانی نەتەوەیی دیکە دەکرا لەم هاوسەنگییەدا بەشداربن و گۆڕەپانێکی فراوانی بۆ مانۆڕ و خۆنواندن هەبوو. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبونیادی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەم هاوسەنگییەی تۆکمە و پتەو دەکرد.

دوای داڕووخانی ئۆردوگای سۆسیالیستی و یەکێتی سۆڤێت، سەرپاکی سیستمی ئاشتیی یاڵتا داڕووخا، هاوکێشەی ستراتیژی هەڵوەشایەوە و هەموو

وڵاتانی نەتەوەیی بە کردەوە ناچار بوون حوکمڕانی و دەسەڵاتی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی روو لە زیادبوونی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکا بگونجێنن. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چیدی مانایەکی نەبوو، دەستوری جیهانی یاڵتا بوو بە مێژوو. ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان تا کۆتایی، لە گۆڕانی جیهانیان تێنەگەیشن و چۆن راهاتبوون و بە پێی پێوەرەکانی رابوردوو لە بیروڕایان بەردەوام بوون، کە لەو کاتەدا دوو ئیمپراتۆرییەتی رکابەر (سۆڤێت و ئەمەریکا)، وەك گرەنتییەك بۆ حوکمڕانیی وڵاتانی دیکە رۆڵییان دەگێڕا. دوای یاڵتا تەنیا یەك ئیمپراتۆرییەت مایەوە. ئەو وڵات و دەوڵەتانەی دژ بەم جیهانە تاکجەمسەرە وەستانەوە لەوانە عێراق، یوگسلاڤیا و ئەفغانستان، لە قووڵایی دڵەوە هەستیانکرد کە جیهانی پاش یاڵتا چۆن جیهانێکە و تێچووی پاراستنی مافی حوکمڕانی چەندە گرانە. بابەتەکە بریتییە لەوەی لە هەلومەرجی سەدەی بیستەمدا، هیچکام لە وڵاتانی نەتەوەیی نەیاندەتوانی لەرووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکا، بەرگری لە مافی حوکمڕانیی خۆی بکات و بیپارێزێت. بە تایبەت کە هەموو وڵاتانی گەورەی جیهان لایەنگریی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن. نابێت ئەو کێشە و گرفتە تەکنیکییانەی ئەمەریکییەکان بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتی جیهانی بەرەوڕووی دەبنەوە (کە دەکرێت ناوی جیهانیسازیی لە ئاستە جیاجیاکانی لێبنێین) بەلاڕێماندا بەرێت: گەر ئەوان تووشی گرفتێك دەبن، بەو مانایە نییە، کە توانای ئەنجامدانی کارەکەیان نییە.

پـڕۆژەی دروست کردنی ئیمپراتۆرییەتی لیبڕال -دیموکراتی جیهانی، گرنگترین و تاقە نەخشەی سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکایە لە سەدەی بیستویەك و پاش کەوتنی جیهانی دوو جەمسەر، هیچ بابەتێکی دیکە ناتوانێت بە شێوەی رەسمی بەرانبەرکێ لەگەڵ ئەم مۆدێلەدا بکات. گەشبینەکان و رەشبینەکان لە ئەمەریکا لەمەڕ کات و ساتی دامەزرانی کۆتایی ئیمپراتۆرییەت دەکەونە

وتوێژەوە، بەیانی یان دوو بەیانی، بە هیچ شێوەیەك گرنگی بەو خاڵە نادەن کە ئاخۆ دروستبوونی ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەهایەکی هەیە یان نا. ئەمانە باس و مشتومڕی سروشتین. راستییەك کە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی نەتەوەیی ناخوازن مافی حوکمڕانیی خۆیان لە دەستبدەن، تەنیا بابەتێکی دەروونی و سایکۆلۆژییە: ئەمە شتێکە وەك ئەو ئازارە بەسۆ و تاقەتپڕووکێنانەیە کە کەسێك دەیکێشت کە پێیەکانی لە دەستداوە. هیچ یەك لە وڵاتە نەتەوەییەکان لە جیهانی ئەمڕۆکەماندا ناتوانن بە شێوەی راست و بەجێ بەرانبەر بە ئیمپراتۆرییەتی جیهانی لە دوورنمای کەم ماوە و درێژ ماوەدا، بەرگری لە مافی حوکمڕانیی خۆیان بکەن. زۆرینەی کارێك کە ئەنجامەکەی وەک واقیعی دێتە بەرچاو، دواخستنیەتی. بەڵام دواخستن، ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو نییە. بەم چەشنە، وڵاتە نەتەوەییەکان لە ئێستا بەدواوە تەنیا بەناو خاوەنی مافی حوکمڕانین و بە ئەڵتەرناتیڤێك بۆ مۆدێلی تاکجەمسەر هەژمار ناکرێن. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەلومەرجێکی وەهادا مەحکومە بە لەناوچوون، کە واشنتۆن بەردەوام ئەم بابەتە بیردێنێتەوە.

## ئیمپراتۆرییەتی ئیسلام (خەلافەتی جیهانی)

ئەرگەر هیچ یەکێک لە وڵاتە نەتەوەییەکان لە جیهانی هاوچەرخدا، هێزی تەواویان بۆ رێگری لە دەستدرێژی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی (ئەتڵانتیکی) نەبێت، کەواتە تەنیا هەڵبژاردنێك دەمێنێتەوە: یان خۆیان بۆ خاوەنی نوێی جیهان بەدەستەوە دەدەن و پێیەکانی ماچ دەکەن (وەك چۆن زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات و کۆمەڵەی وڵاتانی هاوبەرژەوەندی بەمشێوەیەیان کرد)، یاخود دەبنە وەڵامێکی شیاو بۆ ئەمە (لە جۆری ئانارشیستی-ترۆتسکی گری-هارت، کە بۆ پۆست مۆدێرن و پەراوێزنشینان،

گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان و هەڵەکارانی بە جێهێشت). خاڵی هەرە گرنگ نەك تەنیا تێگەیشتن لەوەیە، کە ئەم ئەڵتەرناتیڤە لەڕوانگەی مادییەوە دەبێت پشت بە چی سەرچاوەیەك ببەستێت، بەڵکو ئەوەشە پێویستە لە چی ئایدۆلۆژیایەك وەك هۆکاری یەکڕیزی کەڵك وەربگیرێت. یەکێک لەم وەڵامە ئایدۆلۆژیانە لە پڕۆژەی ئیسلامی بناژۆخوازدایە. ئەم پڕۆژەیە لە لێدوان و دەربڕینە سیاسییەکانی خۆیدا، خەلافەتی ئیسلامیی جیهانی بەرانبەر بە ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی دادەنێت کە بە تەواوی لۆژیکییە، «لە پڕۆژەی ئیسلامیدا، حاڵەتی بەرانبەرکێ لە بەرچاودەگیرێت»، ململانێی جیهانی رووبەڕووی وەڵامی جیهانی (هەرچەند ناهاوخشت) دەبێتەوە. لە بەرانبەرکێی ویلایەتە یەکگرتووەکان و «ئەلقاعیدە»دا، هەرچەندە کە دۆئێلی زلهێزی جیهانی لەگەڵ «تێرۆریزمی نێونەتەوەیی» سەیر و نەشیاو بکەوێتەڕوو، ئێمە لەگەڵ بەریەککەوتنی دوو پڕۆژەی ئایدۆلۆژی گەورە مامەڵە دەکەین. بنەماخوازیی ئیسلامی پێشنیاز دەکات:

- دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی جیهانی
- خۆسەریی فراوانی گروپگەلی ئەتنی کە بە ئیسلامی بووبێتن
- دانانی یاسا و رێسای ئابوری ئیسلامیی (کۆکردنەوەی پیتاك کە دواتر بەنێو کەسانی هەژاردا دابەشبکرێت)
- پەیامی ئایینی (ئیسلام و ئیسلامیسازی)
- رووبەری جیهانی (موسوڵمانەکان لە سەرتاسەری جیهاندا ژیان بە سەردەبەن.

پڕۆژەی ئیسلامی وەك وەڵامێك بۆ جیهانیسازیی ئەمەریکی، بە گشتی لە پێناسەی ئیمپراتۆرییەتدا جێیدەبێتەوە. هەڵبەت لێرەدا تەوەری پاشەکەوت و سەرچاوەکانی بەرانبەر گەلاڵە دەبێت، بەڵام پۆست

مۆدێرنیزم وێـڕای کۆمەڵگەی نێتوۆرکی خۆی یارمەتی ئیسلامگەراکان دەدات (مانوێل کاستێلز). ئیسلامگەراکان لە هەژاریی کەسانی خۆفرۆش بۆ چالاکی تێرۆریستیی نێونەتەوەیی سود وەردەگرن و کەڵك لە دەسەڵاتی بەهێزی مەزهەبی وەردەگرن، کە گەیەنراوەتە ئاستی فاناتیزم. لە هەموو شوێنێك گروپی ئایینی و ئەتنی کە لە سەرتاسەری جیهان بۆ دروستکردنی تۆڕەکانی خود بوونیان هەیە، بۆ چالاکی رادەکێشرێن کە لە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای دیکەی هەواڵگری بۆ خەباتی زانیاری سود وەردەگـرن، لەئەنجامدا دەستدەدەنە کردەوەی تیرۆریستیی هاوشێوەی رووداوەکەی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001 تاکو زەبرێکی توند و هەستپێکراو لە ئیمپراتۆرییەت بوەشێنن، کە ئەم شەڕە لەدژی ئەو لە ئارادایە. ویلایەتە یەکگرتووەکان بە داننان بـەوەدا کە ئیسلامگەرا رادیکاڵەکان دوژمنی سەرەکی ئەون، بورهانێك لەم پەیوەندییەدا ئاراستەدەکەن کە ئێمە لەگەڵ گەلاڵەیەکی جدی و بەرپرسیارانە رووبەڕوبووین. پڕۆژەی ئەڵتەرناتیڤی ئیمپراتۆرییەتی جیهانی.

## یەکێتی ئەوروپا: ئیمپراتۆرییەتێك لە هەڵکشان و داکشاندا

رێگەی ئەوروپی، رێگەیەکی دیکەیە گەلێك ساناتر، بەڵام رۆڵی کەمتر دیاریکەرە. یەکێتی ئەوروپا خاوەنی دوولایەنی جیۆپۆلەتیکییە: لە لایەکەوە پەراوێزی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی، کە وەك بنکەی سەربازی ئەمەریکی کەڵکی لێوەردەگیرێت، لەلایەکی دیکەوە گەرای دامەزراوەگەلی ئەڵتەرناتیڤی جیۆپۆلەتیکی، وێڕای سیستمی تایبەتیی بەرژەوەندی و لەپێشبوونەکانە کە دەتوانن ئێجگار لە بەرژەوەندییە ئەمەریکاییەکان جیاواز بن. بەم بۆنەیەوە، یەك ئەوروپا نا، بەڵکو دەبێت باسی دوو ئەوروپا بکەین، کە بەسەر یەکدیدا دەکەون.

ئێمە بـەرەورووی ئەوروپای ئەتڵانتیکی و ئەوروپای کیشوەرین. ئەوروپای کیشوەری بەناوی ئەوروپای کۆنیشەوە ناودەبرێت، کە فەڕەنسا و ئەڵمانیا ناوەندەکەی پێکدێنن (ئیتالیا و ئیسپانیا بەرەولای ئەوان رادەکێشرێن). ئەوروپای کۆنی بەناوبانگی پڕۆژەی بەدی نەهاتووی ئیمپراتۆرییەت سەربەخۆیە. ئەم پڕۆژە مێژووییەی ئیمپراتۆرییەتی ئەوروپی کاتی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق خۆی نمایشکرد، کە ئەوەندەی نەمابوو، تەوەری پاریس – بەرلین - مۆسکۆ وەك گەرای دامەزراوەیی سەربەخۆی جیۆپۆلەتیکی فۆرمبگرێت، کە پێویست بوو نەهێڵێت جیهانی تاکجەمسەری ئەوروپی دروستببێت.

ماوەیەك پێش ئێستا وڵاتانی ئەم ئەوروپای کیشوەریی، ئۆکرانیا و جۆرجیایان بۆ بوون بە ئەندام لە ناتۆ هاندەدا. ئەوروپا کە لەڕادەبەدەر، لەڕووی ستراتیژییەوە وابەستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە و بەڕێژەیەکی زۆر لەگەڵ بەها باڵاکانی (دیموکراسی، لیبڕالیزم، بازاڕ، مافی مرۆڤ و پێشڤەچوونی تەکنەلۆژی) هاوڕایە، بوێریی ئەوەی نییە راستەوخۆ پڕۆژەی ئیمپراتۆرییەت شێوەڕێژ بکات. ئێمە تەنیا مەزندەی هەندێك شت دەکەین. جگە لەمە، ئەوروپاکەی دی، ئەوروپای ئەتڵەنتیکی کە بەریتانیا و وڵاتانی ئەوروپای نوێ پێکیدێنن و خاوەنی خودئاگایی ئەوروپی نین و بە تەواوی گرێدراو و وابەستەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکان، هەوڵدەدەن گەڵاڵە ئەوروپییەکانی ئیمپراتۆرییەت (فەرەنسا -ئەڵمانیایی) هەڵبوەشێننەوە و یەکێتی ئەوروپا لە خاڵی کۆنترۆڵی راستەوخۆی ئەمەریکادا بپارێزن.

ئەم راستییە ئەوروپییانە، کاریگەریی لەسەر هەموان دادەنێت. بەم چەشنە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت لەنێوان دوو پڕۆژەی ئیمپراتۆرییەت، کۆنفۆرمیزمی ئەمەریکی (هاوڕەنگی لەگەڵ کۆمەڵ و شوێنکەوتن) و پڕۆژەی ئەڵتەرناتیڤ («شۆڕشگێڕی») ئەوروپی، کیشوەری یەکێکیان هەڵبژێردرێت. هاوکات دەبێت ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەوانە تەنیا لە قاڵبی یەکێتی ئەوروپا، نەك

وەك وڵاتانی نەتەوەیی دەتوانن بە رکابەرێك بۆ ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی بێنە ئەژمار. بە دەبڕینی دی، ئەوروپا ناچارە بەرەو شێوازەکانی ئیمپراتۆرییەتی رێکخستنی سیاسەت بـڕوات، بابەتێکە کە یەکلایی بووەتەوە. تەنانەت گەورەترین وڵاتانی ئەوروپی سەردەمی کۆن ناتوانن بە جیا بەرگری لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەوروپا سەردەمانێك دەبێتە ئیمپراتۆرییەتیەکی سەربەخۆ، یان وەك پەراوێزنشینی ئەتڵانتیزم دەمێنێتەوە، مەحکومە بە یەکڕیزی.

## «دۆڕاوان»ی روسی

پێویستە ئێستا باسی روسیا بکەین. ئێمەی روس دەبێت چی بکەین، چۆناوچۆن دەبێت لە هەلومەرجی دیاریکراوی سەدەی بیستویەك بە شێوەی راست و دروست بەرەوڕووی ئیمپراتۆرییەت ببینەوە؟ ئەم پرسە لە چەندین بەش پێکهاتووە. یەکەم ئەوەی کە هەموو شت دەبێت لە وەڵامدانەوە بە ململانێکانی جیهانی تاکجەمسەرەوە دەستپێبکات. بە دەربڕینی سادەتر، ئێمە چۆناوچۆن بەرەوڕووی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی دەبینەوە؟

گەر ئێمە لەوە تێبگەین کە ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی چییە، کەواتە بە حەتمی دەبێت هاوکێشەی حوکمڕانی چارەسەربکەین. حەقیقەتی جیهانیسازی خۆی و بونیادی جیهانی تاك جەمسەری ئەمەریکی بەمانای کەمبوونەوەی حوکمڕانیی ئێمەیە، تەنانەت تائاستی لەناوچوون و توانەوەی (لەگەڵ گواستنەوەی ئەرکە بنەڕەتییەکانی ستراتیژی بۆ ناوەندی ئیمپراتۆرییەت). ئێمە تووشی سەرلێشێواوییەك هاتووین، واتا یان حوکمڕانیی روسیا، یان ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی جیهانی. دوو هەڵوێست لەم بارەوە رەچاودەکرێن. یەکییان بریتییە لـەوەی کە شکستی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، وەك بابەتێکی بنەبڕ پەسەندبکرێت و ئاڵای سپی فڕێبدرێت و هەوڵبدرێت لە ئیمپراتۆرییەتی نوێی ئەمەریکیدا، شوێنێکی ئاسودەتر بۆخۆیان بدۆزنەوە. ریفۆرمخوازانیش کاتی

حکومەتی یەڵتسن بەمشێوە بیریان دەکردەوە. هێزەکانی لیبڕال -دیموکراتیك (حزبی یابلاکا)، بێژەرانی «ئاخا ماسکۆڤا» («دەنگی مۆسکۆ»)، ژمارەیەکی زۆر ئۆلیگارشیی روسیا (کە خۆدۆرۆفسکی راشکاوانەتر لە ئەوانی دیکە باسی ئەم بابەتەی دەکرد)، ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی رادیکاڵ («حزبی درۆگایا راسیا»، «کاسیانۆف»، «کاسپارۆف» و ئەوانی دیکە) هەر بەمشێوەیە بیردەکەنەوە.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەڵوێستێکی لەم چەشنە، سەرباری زەرەرە ئەخلاقییەکانی (چون ئەمە بە مانای خەیانەتی راستەوخۆ لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمانە)، لە واقیعە ساردەکان نزیکە. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئایدۆلۆژیای ئیمپراتۆرییەتی نوێ و پاشەکەوتی تەواو بۆ بەڕێوەبردنی بەهرەمەندە. ئەوەی دژبەرانی جیهانیسازی و گڵۆباڵیزم هەڵیانگرتووە، بریتییە لە: هەستەکان، مۆدێلی نائاسایی نگری-هارت، پڕۆژەی شەڕی تیرۆریستی ئیسلامی بناژۆخواز (کە هێندە راکێشەر نییە)، بەڵام کەم تا زۆر پاشەکەوتی جێمتمانە و دڵنیابوونی نییە، کە بتوانێت بەر بە بەڕێوەچوونی پڕۆژەی جیهانیی ئەمەریکییەکان بگرێت. بەم چەشنە گەر رقی ئاشکرای «دۆڕاوان»ی روسیا، بەرانبەر بە روسیا نەبووایە، بانگهێشتیان بۆ گفتوگۆ لەمەڕ داڕشتنی گەڵاڵەی ستراتیژیی داهاتوو مومکین نەبوو. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەسانێك هەن ئامادەن حوکمڕانی روسیا بکەنە قوربانی ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ئەمەریکی و دواتریش ئامادەن بە توندی بەرگری لە هەڵوێستەکەیان بکەن.

## لایەنگرانی دژە ئیمپراتۆرییەتی حوکمڕانیی روسیا

حوکمڕانیخوازان لە ئۆردووی بەرانبەردا، واتا کەسانێك کە ئامادە نین حوکمڕانیی روسیا بکەنە قوربانی، بە شێوەی روون و راشکاو بە یەك لە خاڵە باڵاکانی سیاسەتی روسیا لە سەردەمی سەرۆك کۆماریی ڤلادیمیر پوتین دێنە ئەژمار، دوو جەمسەر بوونی هەیە. هەر دوو جەمسەرەکە بە شێوەی جیاواز

وەڵامی ململانێی ئیمپراتۆرییەت دەدەنەوە و دوو سیناریۆی وەڵام بە دەستەوە دەدەن. جەمسەری یەکەم، ماوەیەك پێش ئێستا بە شێوەی ورد و دیاریکراو لە لایەن یوری لۆژکۆف، سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆ لە وتوێژێك لەگەڵ نوسەری ئەم دێڕانە لە کۆنگرەی «روسیای یەکگرتوو»، «ستراتیژیی 2020» باسکرا، بریتییە لەوەی کە روسیا دەبێت مافی حوکمڕانیی خۆی بپارێزێت و وەك وڵاتێکی نەتەوەیی بمێنێتەوە. دیارە لە سەرووی نوخبەکانی پوتینیشەوە ئەم باوەڕە لە پێشە، کە هەوڵدەدەن لە بەرانبەر جیهان سازی و گوشاری ستراتیژی ناتۆ و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوی دۆخی هەنوکەیی یاڵتادا خۆڕاگری بکەن. ئایدیای سەپێنراوی پشتیوانی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرکردنی پشکی روسیا بۆ فاینانسکردنی ئەم رێکخراوەیە و زۆرێکی دیکە لە هەنگاوە نێونەتەوەییەکانی دی بە رێبەرایەتیی روسیا، پەیوەندیی بەم بابەتەوە هەیە. لێرەدا لەگەڵ خواستی لە بەرچاونەگرتنی پێشکەوتنەکانی جیۆپۆلەتیکی، کە بە شێوەی بابەتی لە سیستمی نێونەتەوەیی دانوستانەکانی پاش رووخانی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی و پەیمانی وارشۆ، روویان داوە، سەروکارمان هەیە. ئایدیای ناوبردنی روسیا وەك «وڵاتێکی ئەوروپی» (دیمیتری میدڤیدیڤ و ڤلادیمیر پوتین)، لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەمەریکییەکان راشکاوانە دەڵێن، سەرقاڵی رۆنانی ئیمپراتۆرییەتی جیهانین و بۆ هەموان پێشنیازدەکرێت، یان ئەم بابەتە وەك حەقیقەتێك پەسندبکەن، یاخود لەگەڵی هەڵبکەن و بن بە بەشێك لە پرۆژەی ئیمپراتۆرییەکەیان، یاخود وەڵامی سەرکۆنەکارانەیان وەربگرن (نموونەکانی عێراق، یوگسلاڤیا و ئەفغانستان نیشانەی ئەو شتەیە، کە لە دۆخێکی وەهادا روودەدات. وڵاتانی دیکەی «تەوەری شەڕو ئاژاوە» لەوانە روسیا لە ریزەکەدا وەستاون). بەم وڵاتانە کە هەوڵدەدەن حوکمڕانیی خۆیان بپارێزن و دۆخی هەنوکەیی هەڵنەوەشێننەوە دەوترێت: لە هەڵەدان، کەس بە هیوای دروستکردنی ئیمپراتۆرییەت نییە،

هیچ شتێك ڕووی نەداوە، پێویست ناكات فشار بخەنە سەرمان، باشتروایە پێكەوە هاوڕێ بین و بە یارمەتی یەكدی جیهانی دیموكراتیكی بێ ستانداردی دووانە بینابكەین، ڕێز لە حوكمڕانی تێكڕای وڵاتان بگرین و سەبارەت بە پرس و حاڵەتە مشتومڕاوییەكان ڕێكبكەوین. لەم حاڵەتەدا ئەمەریكییەكان دیسان ڕاشكاوانە قسەكانی خۆیان دووبارەدەكەنەوە، كە ئێستا چیدی وەك ڕابوردوو نابێت، چونكە ئێمە یەك لە دوو ئیمپراتۆرییەتەكە بووین و ئێستا تەنیا یەك دانەیان ماوەتەوە. هەوڵبدەن پێچەوانەكەی بسەلمێنن، ئەو كاتە پێكەوە قسە دەكەین، هەر بۆیە چیدی واز لە ناز و عیشوە بێنن و خۆتان بە دەستەوە بدەن. ڕێچارد پرێل پێشنیار دەكات بەم زمانە لەگەڵ ڕوسیا قسەبكرێت: «ئێمە براوەین، ئێوە دۆڕاوون، ئێرە واژۆبكەن!».

لایەنگرانی جەمسەرەكەی دیكە لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە هیچ لەو قسانەی ئێوە بە ئێمەی دەڵێن، نابیستین، ئێمە «شەڕی سارد»مان نەدۆڕاند و تەنیا دیموكراتین و بەڕادەی پێویست سازگار (دوای هێرشی ئیسلامگەراكان، ڕێگەیاندا ئەمەریكا بێتە ئاسیای ناوەندییەوە، بۆ گەیاندنی میلۆسۆڤیچ بە دادگای لاهای یارمەتییاندا، دژ بە دەستگیركردنی كارازیچ هێند نارەزایەتییان دەرنەبڕی)، ئەم هەموو یارمەتی و سازشە! دروست نییە ئاوا لەگەڵمان ڕەفتار بكەن. تەلارسازەكانی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریكی لە وەڵامی ئەم قسانەدا دەڵێن: ئێوە بۆچی وا دەزانن كە بەڕێوەبردنی فەرمانەكانی خاوەنی خۆتان دەبێت، وەك خزمەتێك بە ئەو لە قەڵەم بدرێت؟ هەر كارێك كە بە پێی فەرمانەكانی ئێمە ئەنجامتان دابێت، باشە، كەواتە مەوەستن و هەر بەمشێوە بەردەوام بن. بە دەربڕینی دی، یارییەكەتان دۆڕاند، كلیلی شارەكەمان بدەنێ. لە حوكمڕانیی دەستهەڵبگرن و لێرەدا ستوونی پێنجەمی دەستوپێوەندەكانی ئەمەریكی تێكڕا بانگ هەڵدەدەن: دەستهەڵبگرن، دەستهەڵبگرن تا كات ماوە و لایەنگرانی حوكمڕانی بە هۆی دژیەكی ناوخۆییەوە تێدا دەچن. لە

چرکەساتێکی تایبەتدا پێویستە دژ بە شتێك بە شێوەی واقیعی و لەڕوانگەی ئایدۆلۆژیا و پاشەکەوتەکانی ئایدیا بوەستنەوە. بە پێی هەڵبژاردنی مۆدێل، وەڵامێکی جیاوازیش بۆ پاشەکەوتەکان دەبینرێتەوە.

ئاشکرایە ئایدیای روسیا وەك وڵاتێکی نەتەوەیی، «وڵاتی ئەوروپی»، «کۆمەڵگەی مەدەنی» لەگەڵ دیموکراسی تایبەت و بە گشتی، بێ هەر چەشنە ئایدۆلۆژیایەك یان بە ئایدۆلۆژیای لاوازەوە (دروستکردنی جێنشین بۆ ئایدۆلۆژیا) «دیموکراسی حوکمڕانی»، لە سەردەمی پرۆژەکانی ئیمپراتۆرییەت و گلۆباڵیزەی جیهانی لە لایەن هیچ کەسەوە بە جدیی لێکنادرێتەوە. ئەم ئایدیایە نە کۆمەڵگەی ئێمە قاییل دەکات و نە دەیخاتە جوڵە و بزاوتێکیش، هاوکات ئاگری تەلارسازەکانی ئەوپەڕی کەنداو، داهاتوو سارد ناکاتەوە. لە وەها وەڵامێکدا، خاڵی سەرنجڕاکێش و باش ئەوەیە کە نەخشەی ئەمەریکی رەتدەکرێتەوە، «نا» بە شێوەیەکی دیار لە بەرچاو و هەستپێکراوە کە بە ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی و جیهانی تاك جەمسەر وتـراوە. (هەموو ئەم حاڵەتانە لە وتەکانی پوتین لە میونیخدا هەیە)، بەڵام خاڵی نادڵخواز و خراپی ئەم وەڵامە، نەبوونی پشتیوانی «نا»یە بە شێوەی «بەڵێ». هیچ چەشنە گەڵاڵە و پرۆژەیەك لەم بارەوە بوونی نییە. شەڕ لە دژی بەرتیلخواردن، تەکنەلۆژیای نوێ، بازرگانییە لە پانتاییەکی دیکەدا. بەردەوام یاریکردن لە سەر تەختەی شەترەنجی ئۆراسیا بە سەرماندا دەسەپێنرێت. بە ئەنجامدانی چەند جوڵە لە لۆژیکی (داشی شەترەنج) دەگەین و دواتر بێ هۆشداریدان بە «چاپایۆفەکان» دەگەین، هەر بۆیە لایەنی لایەنگرانی حوکمڕانی بەپارێزەوە رووبـەڕووی پرۆژەکانی ئیمپراتۆرییەتی پێشنیارکراو لەلایەن روسیاوە دەبنەوە یان بە تەواوی رەتیدەکەنەوە. بۆ نموونە یوری لۆژۆکۆف، شارەداری مۆسکۆ، لە وەڵامی وتەکانی مندا گوتی: «قسەکردن لەوبارەوە کە روسیا دەبێت «ئیمپراتۆرییەت» بێت، زەرەری هەیە و قبووڵ ناکرێت».

## ئیمپراتۆرییەتی ئۆراسیایی داهاتوو

ئێستا دەچینە لای جەمسەری دووەم، کە کەسانێك بۆ نموونە روسە نەریتییەکان و نیشتمانپەرستانی سۆڤێت لە ئۆپۆزسیۆنیی دژە یەڵتسن، ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی روسیا کە قۆناغی کاملبوونی لیبرالیزم تا پلە و پێگەی زلهێزییان بڕیووە (میخائیل لیڤۆنتیڤ، ویتالی تریتیاکۆف و ئەوانی دیکە)، زیاتر هۆگرین. لەم بەرەدا کەسانێك کۆبوونەتەوە کە سەندنەوەی مافی حوکمڕانیی دەوڵەتی و ئیمپراتۆریی جیهانیی ئەمەریکی رەتدەکەنەوە (هاوشێوەی لایەنگرانی دیکەی حوکمڕانی و سەربەخۆیی وڵات)، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ بەرەی پێشوو لەوەدایە، کە ئەوان پرۆژەی جیۆپۆلەتیکی و ئایدۆلۆژیای هێرشبەرانە پێشنیار دەدەن. ئەم جەمسەرە بە دانان بە لە گەڕانەوە نەهاتویی گۆڕانکارییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم، نەبوونی هەر چەشنە خەیاڵ و وەهمێك سەبارەت بە جیهانی یاڵتا و بێسود بوونی داهاتووی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لەمەڕ دەسەڵاتی راستەقینە و بنەبڕێتیی بەهێزی ئەمەریکی بۆ جێبەجێکردنی رێبەریی جیهانیی، خۆی پێچەوانەی هەموو نارەزایەتییەکانی «کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی» (کە واشنتۆن هیچ بەهایەکی بۆ دانانێت)، خەیاڵی بۆ داناڕێژێت و لە وەڵامدا پێشنیازدەکات ئیمپراتۆرییەتی نوێ وێڕای ناوەندەکەی لە روسیا بینابکرێت تاوەکو وەڵامێکی گونجاوبێت بۆ ململانێی ئەمەریکی. ئەمە هەمان پرۆژەی ئیمپراتۆریی روسیایە، بەڵام پێچەوانەی جیهانی دوو جەمسەر، یاخود ئیمپراتۆرییەتی روسیا، ئەم پرۆژەیە دەبێت لێوانلێو بێت لە چەمکی ئایدۆلۆژی.

ئیمپراتۆرییەتێک تەنیا دەتوانێت بەرانبەر بە چەند ئیمپراتۆرییەت خۆڕاگری بکات، کە دەتوانن هێز و توانای خۆیان کۆبکەنەوە و یەکەم قۆناغ رێگە لە دروستبوونی جیهانی تاکجەمسەر بگرن و هەموو نەخشە پەیوەندیدارەکان هەڵبوەشێننەوە و لەناوی بەرن، بەڵام دواتر دەستبکەن بە دیاریکردنی سنورەکانی دزەکردنی بەرانبەر لە جیهانی فرە جەمسەردا. لایەنگرانی ئیمپراتۆرییەتی

روسیا لەسەر ئەو باوەڕەن کە نە زەوی و خاك و نە دەسەڵاتی بەزەبری سیاسی و ئابوری و یاخود ژیارمەندی فیدراسیۆنی روسیا بۆ ئەم کارە تەواو نییە. بۆ تێپەڕین بەرەو جیهانی فرەجەمسەری راستەقینە، دەبێت روسیا سەرجەم متمانە و برِشتی خۆی لە فەزای پاش قۆناغی سۆڤێت بە یەکرِیزکردنی دەوڵەتەکان، وڵاتان و هۆزەکانی نزیك لەخۆی لەڕوانگەی ژیارەوە (بە پلەی یەکەم وڵاتانی ئەندام لە جڤاتی هاوبەرژەوەندی) بئافرێنێتەوە. هاوتەریبی ئەمەش، بوار بۆ فۆرمۆڵەبوونی بەرەی یەکەی هەموو ئەو تاقم و گروپانە بڕەخسێنێت کە لەگەڵ ئەڵتەرناتیڤی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکیدان. لەم بارەوە، نەك هەر پەیوەندیگرتن بە جیهانی ئیسلامەوە، بەڵکو ئەوروپای کیشوەری، چین، ئەمەریکای لاتین کە لە هەستانەوەدایە و هەڵبەت وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقیا گرنگە.

بە دەربرِینی دیکە، دەبێت روسیا وەك ئیمپراتۆرییەتێك، (وەك) زلهێزی جیهان بیربکاتەوە و کاربکات. زلهێزێك کە کاری بە هەموو شتێك هەیە، هەم لەگەڵ خاك و نیشتمانەکانی دەورووپشتی و هەم لەگەڵ سەرتاسەری جیهاندا مامەڵە دەکات. ئەم بابەتە نابێت «دواتر»، کاتێك ئیتر روسیا «لە ناوخۆیدا سەقامگیر و پتەوبوو» دەست پێبکات (روسیا لەژێر فشارەکانی ئەمەریکادا ناتوانێت لە ناوخۆدا زۆر قایم و پتەو بێت)، بەڵکو دەبێت لە «ئێستا»دا ئەم نەخشانە بەڕێوەبەرێت، چون ئاهەنگ و لۆژیکی خانوو، گرێدراوی جۆری سازدانی ئێمەیە. گەر ئیمپراتۆرییەت دروستدەکەین، ئەمە پڕۆژەیەکە، گەر هەوڵمان ئەوەیە وڵاتی نەتەوەیی رزگار بکەین، ئەمە پڕۆژیەکی دیکەیە. گۆڕانی یەکێکیان بۆ ئەویدی نەك هەر ئەستەم و تێچووی زۆرە، بەڵکو نەکردە و نامومکینیشە. هەر تەلارسازێك دەزانێت کە ئاسانترین رێگە، وێرانیی تەواو و سەرلەنوێ دروستکردنەوەیە. کەسایەتییەکانی ساڵانی 1980 بۆ 1990، هەمووشتێکیان بە فەرمی وێرانکرد. بەم چەشنە، ئێستا باشترین کات بۆ بیناکردنی ئیمپراتۆرییەتە لە سفرەوە.

## وڵاتانی سەربەخۆی هاوبەرژەوەندی:
## بنچینە و بنەمای ئیمپراتۆرییەتی داهاتوو

یەکڕیزیی فەزای دوای قۆناغی سۆڤێت، پایەی ئیمپراتۆرییەت و سیکلی سفری ئەو ئیمپراتۆرییەتییە پێکدێنێت. هەموو وڵاتانی پاش سۆڤێت تەنیا لەوجۆرە لە مافی حوکمڕانی بەهرەمەندن کە ساڵانی 1990 بە هۆی لاوازیی مۆسکۆ و پشتیوانی زۆری واشنتۆنەوە پێیاندرا. بە نیسبەت لایەنەکانی دیکەوە، ئەوان کەم تا زۆر هەمیشە «دەوڵەتانی فۆڕمنەگرتوو»ن. ئەمڕۆکە ناتۆ هەوڵدەدات چەند وڵاتێك، بە پلە یەکەم، ئۆکرانیا و جۆرجیا لە روسیا جیابکاتەوە. بە دواخستنی پرسی پەسەندکردنی کییەف تا دێسەمبەری 2008 زایینی لە ناتۆ، لەگەڵ کات و ماوەی لە بەرچاو گیراو لە لایەن ئەوروپای کۆنەوە، بەمەبەستی بەکارهێنانی فەرمانەکانی، رووبەڕووین، بەڵام پاش تێسخینڤالی (چێربا یان چێخینڤال، پایتەختی ئۆستیای باشور) هەموو شتێک واتایەکی دیکە لەخۆ دەگرێت. لەڕاستیدا، ئەم دواخستنە، لە هەشتی ئابی 2008 دوای بڕیاری مۆسکۆ سەبارەت بە هاتنی هێزەکان بۆ جۆرجیا کۆتایی پێهات. گەر ئۆکرانیا و جۆرجیا بچوونایەتە ناو پێکهاتەی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکییەوە، کە دەبوو بە هۆی قایمتر بوونی هەڵوێستی ئەتڵەنتیستەکان لە خودی ئەوروپا (پاریس و بەرلین رێگەیەکی راستیان هەڵبژاردبوو، کە ژێستێکی دۆستانەی سیاسییان بە نیسبەت روسیاوە گرتبوو)، رێگەی دەستپێکی پڕۆژەی ئیمپراتۆرییەت بۆ روسیا بە تەواوی دادەخرا (زبیگنەف بێرژنسکی بە ئاشکرا لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی «تەختەی گەورەی شەترەنج» باسی ئەم بابەتە دەکات)، چونکە بنەڕەتی ئیمپراتۆرییەتی داهاتووی ئۆراسیایی لەگەڵ تایبەتمەندیی هاوبەشی فەزای کۆمەڵگەی وڵاتانی هاوبەرژەوەندی، یەکدەگرنەوە.

هەڵبەت قسەکردن لە پەرەی کاریگەری و بڕشتی روسیا بەسەر فەزای پاش سەردەمی سۆڤێت، ئێمە پێ لەسەر پێکهێنانی کۆڵۆنیالی بە شێوەی نەریتە کۆنەکان، داناگرین. ئیمپراتۆرییەتە هەنوکەییەکان ئەمڕۆ بە دەگمەن لەمجۆرە میتۆدانە بە کاردێنن (هەرچەند لە نموونەکانی عێراق و کۆسۆڤۆ ئەم چەشنە

ڕووداوانەش بەدیدەکەین: کەواتە دەبێت بیانهێنینە ئەژمار) سەرباری ئەمە، لە جیهانی ئێمەدا، تۆڕێکی تەکنەلۆژی هەستیارتر و کارامەتر بوونی هەیە، کە دەرفەتی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی هاوشێوەی ئەمانە بە یارمەتی کەرەستەی دیکەی وەك سەرچاوەگەلی زانیاری و ئەنفۆرماتیك، ڕێکخراوگەلی کۆمەڵایەتی، گروپی ئایینی و بزوتنەوەگەلی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەڕەخسێنێت.

لە ئۆکرانیا زیاتر لەنیوەی ئەو کەسانەی دژی ئەندامێتی وڵاتەکە لەناتۆ نارەزایەتی دەردەبڕن، سەر بەکڵێسەی ئەرتەدۆکسی روسین و خوازیاری یەکسانیی پەیوەندی و دانوستانی نزیکترن لەگەڵ روسیا، بەڵام کاربەدەستانی باڵای کیێف، خۆیان بە ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی فرۆشتووە. بەشی رۆژئاوای ئۆکرانیاش بە شێوەیەکی ژیارمەند بەرەو ئەوروپا رادەکێشرێت، بەڵام رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، کریمیا، تێکڕا و بە یەکدەنگ بەرەو روسیا دەکشێن. هەنوکە ژماردنی چرکەکانی کات بۆ پچڕاندنی پەیوەندی ئۆکرانیا لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ئەتڵەنتیك دەستپێدەکات. تا مانگی دیسەمبەر کاتیان دراوەتێ، هەرچەند ئاڵۆزیی نێوان جۆرجیا و روسیا کێشەکە گرژتر و نائارامتر دەکات. روسیا لە چانس و سەرچاوە و پاشەکەوتی باش بەهرەمەندە، بەڵام گەر دڵنیایی و متمانەی تەواو بە پێویستیی مێژوویی دروستکردنی بنەڕەت و پایە بۆ بینای نوێی ئیمپراتۆرییەت بە سود وەرگرتن لە فەزای وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەندی بوونی نەبێت، لەوانەیە مۆسکۆ ئەم چانسەشی لە دەستبدات. بە نیشاندانی بنەبڕێتی لە پەسندکردنی پڕۆژەی ئیمپراتۆرییەت، روسیا دەبێت بە شێوەی ئۆتۆماتیکی دۆست و هاوڕێیان بەرە و لای خۆی رابکێشێت و لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگەی ئابوری ئۆراسیا (بە پلەی یەکەم لەگەڵ کازاخستان و بیلاروس) یەك بکەوێت، کە نەتەوە و رێبەرەکانیان پشتیوانی یەکڕیزیین. بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ دوژمنان، دەبێت پەیوەندی هەرە نزیك لەگەڵ دۆست و هاوڕێکان لە ئارادا بێت و چاوەکانیش بە سەر هەرچەشنە کێشە و ئاریشەیەک لە پەیوەندییەکاندا دابخرێت.

## ئیمپراتۆرییەتی پاش تسخینڤالیا

دوای ڕووداوەکانی مانگی ئابی ساڵی 2008، بارودۆخەکە لە فەزای پاش قۆناغی سۆڤێت بەرەو قۆناغێکی نوێ و گرژتر ملی نابوو. خەبات بە مەبەستی (سازدانی) ئیمپراتۆرییەت و دزەکردنمان بۆ ناو سیناریۆگەلی سیاسی و ئابوری و نێتڤۆرکی، بە شەڕی چەکدارانە کۆتاییهات. دوای ئەوەی مۆسکۆ لە وەڵامی جینۆسایدی نەتەوەی ئۆسیتیای باشور، هێزەکانی خۆی نارده ناو خاکی جۆرجیا و سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشور و ئابخازیای بە فەرمی و ڕەسمی ناساند، ئێمە ئیدی چووینە ناو سیکلێکی نوێی ئیمپراتۆرییەتەوە. ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەك پێویستی میتۆدەکانی کاری سیاسی و دیپلۆماتیك لە فەزای وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەندی ڕەتناکاتەوە، بەڵام نیشانەی ئەوەیە کە هۆکاری سەربازی و ستراتیژی لە هەندێك حاڵەتی دیاریکراودا، چارەنووس‌سازن.

کاتێك دیمیتری میدڤیدیڤ، سەرۆك کۆماری فیدراسیۆنی ڕوسیا و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی فیدراسیۆنی ڕوسیا دەستیان دایە بڕیاری مێژوویی و بێگەڕانەوەی چوونی هێزەکانی ڕوسیا بۆ جۆرجیا و دواتر سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشور و ئابخازیایان بە فەرمی ناساند، ئێمە هێڵی سورمان تێپەڕاند، کە پێشتر زەینی جیۆپۆلەتیکی ڕێبەرانی ڕوسیای هیپنۆتیزم کردبوو. پوتین لەو کاتەدا سەرۆك کۆماری وڵات بوو، کۆتاییترین کردەوەکانی بۆ تۆکمەکردنی ڕوسیا وەك دەوڵەت-نەتەوەکان ئەنجامدا (چالاکیی سەربازی لە چیچان، دەرکردنی فەرمان سەبارەت بە دانانی پارێزگاران و هتد). ئەم کردەوانە بەراورد بە کردەوە وێرانکەرەکانی سەردەمی گۆرباتچۆف و یەڵتسن، خاڵێکی گەشاوە و پرشنگدار بوو، بەڵام لە سنورەکان فیدراسیۆنی ڕوسیا بەولاوە نەدەڕۆیشت. دوای تسخینڤالیا ئەم هێپنۆتیزمەمان لەناو برد و بە ئاشکرا گەیشتینە ئەو ئاوەزە، کە ئاسایش و هێمنایەتیی ڕوسیا و هاووڵاتییەکانی دەبێت لە دەرەوەی سنورەکانیشی دابینبکرێت. ئەگەری زۆری هەیە کە مۆسکۆ بۆ ماوەیەکی درێژ کارێکی وەهای نەدەکرد، گەر کردەوەی

دەمڕەشانەی سساکاشڤیلی نەبوایە. ئەمەریکییەکان بەڵێنیان پێدابوو، وەڵامی چەکدارانە لە لایەن روسیاوە نامومکین دەبێت. ساکاشڤیلی باوەڕی بە قسەکانی ئەمەریکییەکان کرد و هەوڵیدا دانیشتوانی ئۆسیتیای باشور لەناو ببات تاوەکو پاشان بچێت بۆ گیانی ئابخازیا، بەڵام لە ناکاو بینی روسیا لە دۆخی ئیفلیجکراو هاتەدەر و وەك ئیمپراتۆرییەتێك رەفتار دەکات.

گەر بە بەردەوامی ئەم کردەوانە ئەنجام درابا، باشتر وابوو پاش شکستی هیزەکانی جۆرجیا چالاکی جەنگی درێـژەی هەبێت، جۆرجیا داگیربکرێت، دەوڵەتی کاتیی هـاوڕا و رێك لەگەڵ روسیامان بخستایەتە سەرکار. دوای ماوەیەك هێزەکانمان لەوێ دەردەکرد و هاوتەریب دەوڵەتمەدارییەکی خۆسەری تۆکمە و پتەومان لە مینگرلی و ئاجاری و ناوچە ئەرمەننشینەکانی جاواختی دادەمەزراند، واتا مۆدیلێکی سیاسی وەهامان لە جۆرجیا رۆدەنا کە لەماوەی دەیەکانی داهاتوودا سەرباری هەر چەشنە خواستێك نەیدەتوانی وەك هێڵی پێشەوەی ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی ئەمەریکی کار بکات و بەمشێوە ئەگەرێکمان بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتی خۆمان دەڕەخساند. کاردانەوەی واشنتۆن زۆر توند، گرژ و نەرێنی بوو، بەڵام هەر یەکەم رۆژەکانی جەنگ نیشانیدا کە واشنتۆن لە هەڕەشە و باج وەرگرتن تێناپەڕێت و روسیا ئەوەی لە پەیوەندی و دانوستانی لەگەڵ رۆژئاوا دەیتوانی لە دەستیبدات، لە دەستیداوە. نوێڵی دیکە بۆ کاریگەریدانان لە سەر مۆسکۆ بوونی نییە، هێڵەکان تێپەڕێنراون و رێگەی گەڕانەوە داخراوە. لە شەڕ لەسەر جۆرجیا، ئێمە چووینە ناو سەردەمی نوێوە. چوونە ناو ئەو خاك و ئەرزانەی دوژمنەکانمان دڵنیابوون بۆ چەندین سەدە لە دەستی ئێمەیان دەرهێناوە. ئێستا خاڵی گرنگ ئەو شتانەیە کە بە دەستمان هێناوە.

دەبێت گرنگییەکی تایبەتیش بە هەڵوێستی کیێف بدرێت. سەرۆککۆمار یوشنکۆ هەر لە سەرەتاوە خۆی وەك دوژمنێکی راستەوخۆ و ئاشتی وەرنەگری

روسیا نیشاندا. ئەو نەك هەر بەرگری لە ساکاشڤیلی کرد، بەڵکو یارمەتیی سەربازی، لەوانە راوێژکاری سەربازی بۆ جۆرجیا رەوانەکرد. بەدەیانجار هەوڵیدا نەهێڵێت کەشتییەکانی روسیا بگەنە بەستێنەکانی سواستۆپوڵ و کارەبای بنکەی سەربازی و دەریایی روسیای دەبڕی. لەڕاستیدا یوشنکۆ لە پاڵ جۆرجیا لەگەڵ روسیا شەڕی دەکرد. ئەم بابەتە هەلومەرجی ئۆکرانیای ئاڵۆزتر دەکرد، کە بە وتەی بێرژنسکی کلیلێکە ئەگەری بە ئیمپراتۆری بوونی دووبارەی روسیا دەستەبەر دەکات. هەنوکە ئاوڕدانەوە لە هەڵوێستی فەرەنسا -ئەڵمانیا سەبارەت بە ئەندامێتیی ئۆکرانیا لە ناتۆ هیچ جۆرە مانایەکی نییە و دۆخی ئۆکرانیا لە ئانوساتدایە کە بچێتە ناو قۆناغێکی سووتێنەرەوە. نابێت ئەو خاڵەش رەچاونەکەین، کە ئێمە ناچاردەبین لەسەر ئۆکرانیا و کەریمە شەڕ بکەین. گەر تا ماوەیەك پێش ئێستا، کەسانی دەمارگرژ لە بازەکانی روسی، تەنیا باسی هەڵگیرسانی ئاژاوەی ناوخۆیی لە ئۆکرانیا و خستنە ژێر گوشاری سیاسی و ئابوری و وزەیان دەکرد لەلایەن روسیاوە، ئێستاکە شیمانەی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی هێندەش ناواقیعی نابێت. کاتی دروستکردنی ئیمپراتۆرییەت هەمیشە دەبێت باجەکەشی بدرێت. هەم کەسانێك کە بۆ بینای ئیمپراتۆرییەتی جیهانی یارمەتیی ئەمەریکا دەدەن و هەم کەسانێك کە دەخوازن بونیادی نوێی دیسپلینی جیهانی بە پێی فرەجەمسەر بوون بەڕێوەبچێت، دەبێت ئەم باجەبدەن.

رووداوەکانی مانگی ئاب نیشانیاندا تا چ رادەیەك پایەکانی دۆستایەتی لە فەزای پاش سەردەمی سۆڤێت سست و نادڵنیایە. راژانێك کە لۆکاشینکۆ بۆ پشتگیری لە کردەوەی روسیا لەمەڕ جۆرجیا لە یەکەم رۆژەکانی ناکۆکییەکاندا نیشانیدا، پارێزی دەسپێك بۆ هەڵسەنگاندنی هەلومەرج و بارودۆخ، ملبادانی نوێنەرانی وڵاتانی یەکگرتوو لەڕێکخراوی پەیمانی ئاسایشی بەکۆمەڵ بۆ شەڕکردن لە پاڵ روسیا لە بەرەیەکی یەکگرتوودا، هەر لە یەکەم رۆژەکانی پاش هێرشی جۆرجیا بۆ سەر تسیخینڤالیا، هەموو تێکڕا نیشانیاندا کە ئێمە تا چەند لە هەڵسەنگاندنی دوورنمای

ئیمپراتۆرییەت لە کار لەگەڵ دۆستەکانماندا خافڵبووین. دوژمنەکانمان هێرشبەرتر، رادیکاڵتر و بوێرتر لە ئاو هاتنەدەرەوەو رێگەیان بە خۆیاندا بە بەکارهێنانی هێزی زۆرداری بە شێوەی راستەوخۆ هێرش بکەنە سەر روسیا (هێرش بردن بۆ چەکدارانی پارێزەری ئاشتی روسیا لە ئۆسیتیای باشور)، هاوڕێ و دۆستەکانمان بە پارێزتر و ناچالاکتر لەوەی چاوەڕێ دەکرا، بینییەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، روسەکان و بە پلەی یەکەم رێبەری سیاسی وڵات باشتر لە هەموان رەفتاری کرد.

تا پێش تسخینڤالیا، پرۆژەی ئیمپراتۆرییەتی روسیا دۆخی مەجازی هەبوو، کەمێك کار ئەنجامدەدرا، بەڵام تەنانەت رێبەرانی وڵاتیش باوەڕیان بەوە نەبوو کە ئەمانە سەرەتا و پێشەکییەك بۆ کردەوەی تایبەت، دیاریکراو و هەنگاو هەڵگرتنی بنەبڕانە بێت. ئەو رووداوە روویدا و بوو بە رووداوێکی بێگەڕانەوە. چرکەژمێری کاتژمێری ئیمپراتۆرییەت پاش تسخینڤالیا خێراتر دەخولێنەوە. ژمارەیەکی زۆر لە پرسە تیۆری و باس و مشتومڕە پەیوەندیدارەکان گەیشتوونەتە قۆناغی چارەسەری راستەوخۆی سەربازی، سیاسی و جیۆپۆلەتیکی. ئێمە چووینەتە ناو قۆناغی نوێی دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتەوە. ئیمپراتۆرییەتی خۆمان.

## ئیمپراتۆرییەتە دۆستەکان، تەوەرەکانی ئۆراسیایی

پڕۆژەی ئیمپراتۆرییەت، پێشەچوونی چالاکانەی پەیوەندی و دانوستانەکان لەگەڵ هاوبەشە بەزەبرەکان لە جیهانی فرەجەمسەری لەگەڵدایە کە بریتین لە هێزەکانی کیشوەری لە یەکێتی ئەوروپا (بەلای ئەوانەوە گرنگ نییە روسیا وڵاتێکی «ئەوروپی»یە یان «نائەوروپی»، بەڵکو بەهێزبوونی روسیا گرنگە کە بتوانێت هاوکێشەیەك لە بەرانبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدیبێنێت، هەروەها لەڕوانگەی وزەوە ئەوروپا دەستەبەر بکات). دوای بارودۆخی جۆرجیا و بە فەرمی ناسینی سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشور و ئەبخازیا لە لایەن روسیاوە،

دیالۆگی روسیا-ئەوروپا ئێجگار دژوار دەچێتەپێش، چونکە واشنتۆن هەموو توانا و دەسەڵاتی خۆی بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی ئەوروپا و ئەتڵەنتیك دەخاتەگەڕ. هەرچەند ئەگەری نزیکبوونەوە لە جەمسەری ئەوروپی بەڕادەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی تێدا بەدیدەکریت، بەڵام دەبێت هەوڵەکان لەم بارەوە بەردەوام بکرێن. تەوەری پاریس-بەرلین-مۆسکۆ زیاتر لە هەر کات و سەردەمێکی دیکە وەهمی و خەیاڵی دیارە، بەڵام هەروەك دەزانین هەندێکجار لە تارماییەکان دیاردەی گەورە لە دایك دەبێت.

نزیکی ستراتیژی لە چین گرنگیی بەرچاوی هەیە، ئەم زلهێزە مەزنە، نیازی نییە بەرامبەر بە ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی سەر نەوی بکات و خۆی بەدەستەوە بدات. پشتیوانی لە کردەوەکانی روسیا لە جۆرجیا، بۆ پەکین کێشە دەنێتەوە، چونکە چین خۆی گەلێك کێشەی لەگەڵ سەربەخۆییخوازانی وڵاتەکەی لەوانە تبت و سێنتزیان هەیە، بەڵام نابێت ئەو خاڵەش لەبیربکرێت، کە پەکین پێچەوانەی پەیوەندیی لەگەڵ تایوان، گەر پێویست بکات، هەڵوێستێکی بنبڕ و توند دەگرێتەبەر.

بەم چەشنە، لەو رووەوە کە ئەمڕۆ بە پێی بەڵگەکان، چیدی ناتوانین لەسەر بنەمای یەکپارچەیی خاك، یاخود مافە نێونەتەوەییەکان بۆ دیاریکردنی شوناسی خۆ وەك پێوەری دەرهەست کاربکەین، دەبێت سەبارەت بە هەر بابەتێکی تایبەت هاوکێشی هێزەکان بە وردی بپارێزین و بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانی و واقیعی کۆنترۆڵی سەربازی و ستراتیژیی بەسەر زەوی و خاکەکاندا دیاریبکەین، کەوابوو، چین دەتوانێت بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی ئۆسیتیای باشور و ئابخازیا و نەك پشتیوانی لە سەربەخۆیی بۆ نموونە کۆسۆڤۆ، هەست بە ئارامی بکات و لە سیمای روسیادا درك و توانای جیاوازیی دۆخ و پێگەکان لە تبت و تایوان، لەناو وڵاتەکەی خۆیدا ببینێت. گەر چین و روسیا بە یەکگرتوویی و دەست لەناو دەستی یەکدیدا، کاربکەن، یەکڕیزیی ئەمەریکی و مافێك کە

ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆخۆی دیاری دەکات، دەبێت بۆ کام کەیسی تایبەت کەڵك لە کام تەوەر و پرەنسیپ وەربگیرێت، لەوانە تەوەری یەکپارچەیی خاك، یاخود تەوەری دیاریکردنی شوناسی خود، هەموو تێکڕا دەگەنە خاڵی کۆتایی. بەمشێوەیە، روسیا و چین دەتوانن لە بیناکردنی ئیمپراتۆرییەتەکانی خۆیاندا، یارمەتیی یەکدی بدەن، هەڵبەت نەك لەسەر حیسابی یەکدی کە خاڵێکی تەواو دیاریکراوە، بەڵکو لەسەر حیسابی ئاستەنگکردنی تایبەتمەندیی جیهانیی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی، دەتوانن بەم ئامانجە بگەن.

هەنوکە خاڵی هەرە گرنگ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی ئیسلام، بە تایبەت ئێران، پاکستان و وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمانەکانی ناوچەی کەنداوی ئارامە. ئەم بابەتە نەك هەر وەك خاڵی پاڵپشتی سەرچاوەکان، بەڵکو دەبێت وەك سەرچاوەی ئیرادەی سیاسی لە بەرچاوبگیرێت (کە تا پێش مانگی ئاب کرملین بە دەیانجار هەستی بە نوقسانی ئەمە کردبوو). تاران ماوەیەکی دوورودرێژ واشنتۆن بۆ شەڕ بانگ دەکات و گەمارۆی نێونەتەوەیی نرخێکە کە لە بەرانبەردا دەیدات. قازانجی روسیا لەم حاڵەتە تایبەتەدا، ئەوەیە کە یارمەتیی ئێران بدات، تاوەکو ئەم گەمارۆیە بشکێنێت و لقی وزەی ئێران پەرەبستێنێت و ئاستی چەکداری و سەربازییەکەی بەرزتر بێتەوە. پاکستان ئێستاکە ئاڵۆزە، بەڵام رۆحیاتی دژە ئەمەریکی لەوێدا رۆژ لەدوای رۆژ زیاتردەبێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان پشت بە پشتیوانیی روسیا و هێزەکانی کۆنترۆڵ لە «ئەتلانتیکی باکور» دەبەستێت. دیارە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم بابەتە دیسان لێکدەدرێتەوە و مۆسکۆ گەر راستەوخۆ بەرەوڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێتەوە، دەبێت بۆ وڵاتانی تازە بگەڕێت کە لەگەڵیدا یەکگرتوو بن. ژمارەیەکی زۆر لە بزوتنەوە ئیسلامییەکان کە تا دوێنێ نەیار و دژبەری روسیا بوون، دەکرێت لەم هەلومەرجە نوێیەدا بێنە پاڵمانەوە و یەکگرتوویەکمان لەگەڵ رابگەیەنن. سیاسەت راستییەکەی وەهایە کە تیایدا

دۆست و دوژمنەکان تاهەتایی نین: ئەوانەی لە دروستکردنی ئیمپراتۆرییەتدا یارمەتیمان دەدەن، دەبنە دۆستی ئێمە و کەسانێك کە لەوبەری ئەم هێڵەوە دەوەستن، بە دوژمنمان لە قەڵەم دەدرێن و هەروەك باوە، دوژمن دەبێت لەناو بچێت (هەڵبەت گەر خۆی بە دەستەوە نەدات و تەسلیم نەبێت).

ئەمەریکای لاتین، بەرز و زوڵاڵ دەنگی خۆی لە دژایەتیی کۆنترۆڵی ئەمەریکی هەڵدەبڕێت. جگە لە وڵاتانێکی وەك ڤەنزۆیلا، پۆلیڤیا و کوبا کە لە ناوەندی ئەم پرۆسەیەدان، ئەو هەنگاوانەی وڵاتانێکی وەك بەرازیل لەم رێگەیەدا هەڵیدەگرن، گەلێك گرنگە کە ماوەیەك پێش ئێستا پرۆژی یەکڕیزیی ئابوری دوو ئەمەریکایان بە سەرپەرشتیاریی واشنتۆن هەڵوەشاندەوە. هندستان کە قۆناغەکانی پێشکەوتنی بەهێزی ئابوری و تەکنەلۆژی تێدەپەڕێنێت، رێگەی خۆی دەگرێتە بەر. هەریەك لەم وڵاتە ناوبراوانە لە رێگەی بەرانبەرکێ لەگەڵ یەکڕیزیی ئەمەریکی پشکی خۆیان دەخەنە دەغیلەی ئیمپراتۆرییەتی روسی (ئۆراسیایی) داهاتووەوە و سەرنج و وزەی واشنتۆن بۆ لای خۆیان رادەکێشن. لەم ناوەدا، مۆسکۆ کە لەئەزموونی مەزنی دیپلۆماتیك و دەسەڵاتێکی بەزەبری باش بەهرەمەندە، بە باشی دەتوانێت وەك کۆردیناتۆر و رێکخەر لە گروپی جیهانیی ئیمپراتۆرییەتە نوێیەکان لەسەر رووبەری جیهانی رۆڵ بگێڕێت. وڵاتی روسیا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە هەموو نەریت و لێهاتوییەکی دیپلۆماتیك بەهرەمەندە.

## دیاردەی ئۆراسیا وەك ئایدۆلۆژیای ئیمپراتۆری

ئایدۆلۆژیا، گرنگترین خاڵە لە پرۆژەی ئیمپراتۆرییەتی روسیادا. بە بێ ئایدۆلۆژیا و دەرکی روونی ئەم راسپاردەیی و ئەرکە، ئیمپراتۆرییەت ناتوانێت بوونی ببێت. دیارە شێوازی ئایدیال و گونجاوی ئیمپراتۆرییەتیەکی لەم چەشنە، ئایدۆلۆژیای ئۆراسیاییە وەك فەلسەفەی سیاسیی سەدەی بیستویەك. لە نێو جۆرەکانی دیکەی ئیمپراتۆرییەتەکاندا، جۆری ئۆراسیایی زیاتر لە ئیمپراتۆرییەت

دەکات کە بە پێی نیشانە ژیارمەندەکان بیناکراوە. نەتەوەکانی فەزای پاش سەردەمی سۆڤێت بە ماوەی چەندین سەدە پێکەوە ژیانیان بردە سەر و لە بەها بنەڕەتییە کولتورییەکاندا هاوبەشبوون، کە لە کولتورە ئەوروپی و ئاسیاییەکاندا جیاواز بوون. ئەم حەشیمەتەی کولتوری شوناسی، لە دەوری کولتوری روسی، زمانی روسی و نەریتەکانی روسی فۆڕمی وەرگرت، کە بۆ نەتەوەکانی دیکەی برا کە لە پاڵ روسەکان سەرقاڵی رۆنانی ئیمپراتۆرییەتی روسیا و یەکێتی سۆڤێت بوون، دروستکرابوو. ژیاری ئۆراسیایی بۆ بلاروسەکان، کازاخەکان و یاکوتەکان و چیچانیەکان، خەڵکانی مۆڵداڤی، ئۆستیاییەکان و ئابخازییەکان هاوبەشە. ژمارەیەکی زۆر لە ئەتن و کولتورەکان لە کۆمەڵگەی ئۆراسیاییدا ئاوێتەی یەکدی بوون و یەکدییان دەوڵەمەند کردووە. ژیاری روس بێ هەرچەشنە ئاماژەیەك بە فەرمانڕەوایی و لە سەرتر نیشاندان و ریزپەڕبوونی خود و هەرچەشنە لاف لێدانێك سەبارەت بە لە سەرتربوونی نەژادی روس، ناوەندی سەرەکی پێکدێنێت. دۆستۆیڤسکی؛ مرۆڤی روس بە «مرۆڤی تەواو» دەزانێت و جەخت لە کراوەیی و پانتانیی عەشق و بێسنووربوونی میهرەبانییەکەی دەکاتەوە.

روسەکان لەڕوانگەی مێژووییەوە، هەمیشە ئیمپراتۆرییەتێك بوون کە (وەك) ئەزموونی ئێستا دۆخی دەستکردی نابێت. رێنمایی و لایەنگریی ئایدۆلۆژی، لە مۆدێلی ئەرتەدۆکسی-سوڵتانیزم بۆ مۆدێلی سۆڤێت دەگۆڕان، بەڵام ئیرادەی خەڵك بۆ پەیوەستبوون بە فەزای بەرینی ئۆراسیا لە سەر بنەمای کولتور و ژیار بێگۆڕان ماوەتەوە. ئەندێشەی ئۆراسیایی سەنتێزی سەرجەم ئایدیاکانی رابوردووی ئیمپراتۆرییەت، لەجەنگیزخانەوە بۆ مۆسکۆ، پێشنیار دەکات، تاوەکو لەم کۆمەڵە فۆرمۆلە ئیرادە و ویستی ئیمپراتۆرییەتسازی هەڵهێنجێنرێت. نەتەوەکانی باکوری ئۆراسیا لە رێگەی کولتور، مێژوو، زمانی روسی، هاوشێوەیی چارەنوس و تایبەتمەندی گەلی دەروونیی کار و وێکچوویی

بونیادی نەژادیی و ئایینی پێکەوە گرێدراون. ئەوروپییەکان توانییان پاشگەلێك جەنگی خوێنین، دیسانەوە یەکبگرنەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە بۆ دانیشتوانی ئیمپراتۆرییەتی داهاتووی ئۆراسیایی بە رادەیەکی باش سادەتر دەکەوێتەوە. لێرەدا رەخساندنی سەنترالیزمی دەستکرد و خۆسەریی فراوان و خۆبەڕێوەبەری کە لە تایبەتمەندییەکانی ئیمپراتۆرییەتە، پێویست ناکات. هەموو شت رێك بەو شێوە دەبێت، کە لە ئیمپراتۆرییەتی روسیا و تاڕادەیەکی زۆر، لە یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستیدا وەهابوو. شتێکی هاوشێوەی ئەمە تەنانەت لە فدراسیۆنی روسیادا پارێزراوە کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر هۆز و کولتوری جۆراوجۆر لە پاڵ یەکدیدا ژیان بەسەردەبەن، چونکە فیدراسیۆنی روسیاش جۆرێکە لە ئیمپراتۆرییەت، بەڵام لە قەبارەی مینیاتۆریدا کە بە پێی واقیعەکانی ژیاری هاوبەش بینانەکراوە، بەڵکو دابەشکاریی دەستکردی ئیداری بنەڕەتی پێکدێنێت کە سەروبەندی یەکێتی سۆڤێت هیچ گرنگ نەبوو، چونکە حاڵەتی مەرجداریان هەبوو، دابەشکارییەکی مێژوویی نەبوون. لە وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگەی هاوبەرژەوەندی، لەوانە روسیا لەو سنورانەدا کە بوونیان هەیە، تۆزێکیش مانای مێژوویی و یاخود ناوەڕۆکی جیۆپۆلەتیکی بوونی نییە. ئەمانە کۆمەڵێك سنوری بە تەواوی مەرجدارن و تەنیا کەسانێك کە پەیڕەوی لە تەوەری «پەرتکە و زاڵ بە» دەکەن، هەوڵدەدەن لەسەر نەگۆڕی و دەستلێنەدراویی ئەم سنورانە کاریگەریی دابنێن و هەموو شت بکەنە هی خۆیان.

ئێستا زۆر بە کورتی باسی ئەرکی روسیا دەکەین سەبارەت بەم بابەتە. خەڵکانی روس بە درێژایی تێکڕای مێژووی بوونیان، لەگەڵ هەستی بەجێهێنانی ئەرکەکانیان ژیاون. هەر بەم بۆنەشەوە، تا ئەم رادەیە بەرگەی پرس و گرفتە مێژووییەکانیان گرتووە. باوباپیرانمان بە باشی لەم بابەتە تێگەیشتوون، کە هەموو ئەمانە بۆ سەرکەوتنی ئەندێشەی سەرتاسەریی جیهانی پێویست و زەرووره،

کۆمەڵێك وشەی وەك رزگارکردنی جیهان، رووناکی، میهرەبانی، دادپەروەری، وشەگەلی بێناوەڕۆك نین، چەمی خوێن جۆگەلەی بەستووە، رەنج و زەحمەتی دژوار و شاکاری مەزنی مێژوویی بۆ پاراستنیان ئەنجامدراوە. ئێمە دەجەنگاین، نەك بۆ بە دەستهێنانی قازانجی مادی، بەڵکو بۆ داکۆکیکردن لەو شتانەی کە بە بڕوای ئێمە حەقیقەت، راستی و چاکە بوو. کەوابوو، دەکرێت ئیمپراتۆرییەتی ئۆراسیایی داهاتوو ناوبنێین ئیمپراتۆرییەتی چاکە و تیشك، کە دەبێت دەستبداتە کۆتا و بنبڕترین خەبات لە دژی درۆ، داگیرکاری، نایەکسانی و فۆرمگەلی ئەخلاقیی ئیمپراتۆرییەتی ئەمەریکی، ئیمپراتۆرییەتی «شانۆنامەیی». دیاردەی ئۆراسیایی وەك فەلسەفەی سیاسی، زیاتر لە هەر شتێکی دی، لەگەڵ داواکارییەکانی بونیادی ئیمپراتۆرییەتی داهاتوو یەکدەگرێتەوە. ئەم فەلسەفەی ئیمپراتۆرییەتە، فەلسەفەیەکی روون، روسییە کە رووی لە داهاتووە، هەرچەند لەسەر بناغەی پتەوی رابوردوو دامەزرابێت.

# پاری چوارەم

# دیاردەی ئۆراسیا وەك راڤەیەکی تایبەتیی تیۆری چوارەمی سیاسەت

# بەشی یانزەیەم
# دیاردەی ئۆراسیا (سیستمی سیاسی)

## دیاردەی ئۆراسیا وەك فەلسەفە
## (فەلسەفە چییە؟)

دیاردەی ئۆراسیا بە پلەی یەکەم فەلسەفەیە. فەلسەفە لە راستیدا بە مانای هەموو شتێکە. مرۆڤ ناتوانێت بە بێ فەلسەفە ژیان بە سەربەرێت. هەندێکجار گرنگیی پێ نادرێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە فەلسەفە هاندەری مرۆڤە و دەیخاتە جوڵە و بزوتنەوە. گەر مرۆڤ لە بوونی (فەلسەفە) بێئاگایە و گومان لە بوونی ناکات، فەلسەفە وەك ئامانجێك بە کاری دێنێت و دەکەوێتە دەرەوەی (مرۆڤەوە)، بەڵام مرۆڤێك کە بەشێوەی ئەکتیڤ و وشیارانە پەیڕەوی جۆرێك فەلسەفە دەکات، کە لە دەرەوە یاریی پێبکرێت، رزگاری دەبێت و لە واقیعدا دەبێتە هەڵگر و کەرەستەی گواستنەوەی. ئەو نیشانەی ناوخۆیی لێهاتویی و شایستەیی تایبەتیی فەلسەفە وەردەگرێت و کەسێکی وەها هەمیشە لە دوورەوە دەناسرێتەوە، چەشنێك رووناکی و خەرمانەیەکی نەبینراو لە دەورووپشتیدا دەکەوێتەڕوو. تەنیا شتێك کە بەها بە مرۆڤ دەدات، فەلسەفە و توانایی فۆرمدان بە ئەندێشە فەلسەفییەکانە. ئەمە تایبەتمەندییەکی ئاشکرایە کە جیاوازیی ئێمە لەگەڵ ئاژەڵەکان پێکدێنێت. پێچەوانەی جوانترین گیانلەبەران، مرۆڤ دەتوانێت ئازادانە فەلسەفە دابڕێژێت کە شیاوێتیی باڵا و واڵای ئەویش هەر لەم خاڵەدایە. دیاردەی ئۆراسیا بانگ لە کەسانی ئازاد دەکات کە دەتوانن لە سروشتی خۆیان ئاگادارییان هەبێت و چارەنوسی خۆیان بگرنە دەست. دیاردەی ئۆراسیا بێ فەلسەفە ناتەواو و بە گشتی نامومکین و نەکردە دەبێت.

## نەتەوە واتا عەشق

پاتریۆتیزم (نیشتمانپەرستی)ی ئیرۆتیك، یەكەم پرەنسیپی فەلسەفەی ئۆراسیایی پێكدێنێت. لێرەوە نەتەوە وەك دیاردەیەكی رەها بەكاردەهێنرێت: نەتەوە فەلسەفەی ئۆراسیایی وەك بەهایەكی باڵا پەسەند دەكات، بەڵام لێرەدا دەستبەجێ ئەم پرسیارە گەڵاڵە دەبێت كە نەتەوە بە چ مانایەكە؟ نەتەوە واتە عەشق، هەر بۆیە ئێمە باس لە پاتریۆتیزمی ئێرۆتیك دەكەین، لەوە دەچێت بەكارهێنانی پێناسەیەكی وەها بۆ چەمكی پاتریۆتیزم و وێناكردنی نەتەوە وەك عەشق، بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان نەبێت پێكەوە و نابەجێ دیاربێت. باشتروایە سەیرێكی رەگەزدۆزی زمان (ئێتیمۆلۆژیا Etymology) و ریشەناسیی وشەی روسیی «نارۆوت народ» (نەتەوە) بكەین. بۆ وشەی «نارۆوت» ئێمە دەستەواژەی «نا-رادیلاس на-родилось» دەبینین كە بە مانای لەدایكبوونی مرۆڤە. عەشقە كە دەبێتە هۆی لەدایكبوونی مرۆڤ، عەشق رۆڵێكی چارەنوسساز لە لەدایكبوونی مرۆڤدا دەبینێت. گەر وا نەبا، مرۆڤ لە دایك نەدەبوو. بە ئاسانی درك دەكرێت كە سەرچاوەی «نارۆوت» لە خواست و راكێشەربوونی ژن و پیاو بۆ یەكدی، پێكدێت. عەشق دەسەڵاتێكی هەرە زۆری هەیە و ئەوە عەشقە شەپۆلی نەوەكان دەخاتەڕێ و بەرەی زیاتر و زیاتر دێنەئاراوە، خێزان پێكدێنن و بەردەوامی بە نەوە و بەرەی خۆیان دەدەن. كۆی هەموو ئەمانە، كە بەرهەمی گەمەی عەشقە، نەتەوە پێكدێنێت. چەمكی «نارۆوت» خۆی لێوانلێوە لە هێز و دەسەڵاتی عەشق. نەتەوە بە بێ عەشق بوونی نییە، نەتەوە بەرهەمی عەشقە، میوەی عەشقی نێوان ژن و پیاوە كە بە گەرمی بەرەولای یەكدی دەكشێن. لە سەدەیەكەوە بۆ سەدەیەكی دی و لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی دی، ئەم بارودۆخە بەشێوەیە دووبارە دەبێتەوە: پیاوانێك كە سەر بە نەتەوەیەكی تایبەتن، عاشقی ژنانێك دەبن، كە سەر بە هەمان نەتەوەن. دەشێت ئاڵوگۆڕ لەگەڵ نەتەوەكانی دیكەش رووبدات. لە

کۆتاییدا نەتەوەکان زیاددەکەن: هەندێکجار هەر ئەو نەتەوە و هەندێکجار نەتەوەیەکی دیکە...

مرۆڤایەتی بەرهەمی عەشقی جیهانی نەتەوەکانە  هەم بۆ یەکدی و هەم بۆ نەتەوەکانی دیکە. بە ئاخاوتن لەمەڕ نەتەوە، لەگەڵ شتێکی دەرهەست و ئەبستراکت مامەڵە ناکەین، بەڵکو لە ڕێگەی ئەم وشەیەوە واقیعێکی ئێرۆتیکی درك دەکەین. ئێمە بەردەوام کۆمەڵێك پرسیاری دیکە گەڵاڵە دەکەین. سەبارەت بە نەتەوە و سەبارەت بە خود. سەبارەت بە نەتەوەی خۆمان و سەبارەت بە خۆمان. من چۆن لەگەڵی جوڵاومەتەوە؟ ئەم نەتەوەیە لە کوێوە سەریهەڵداوە؟ چی داهاتوویەك چاوەڕوانی دەکات؟ ئێمە دەبێت لەپشتماندا، لە خوێنمان و لە جیناتەکانمان هەستیپێبکەین. نەتەوە لە دەروونی ئێمە و لە دەوروبەرماندایە. ئیمە تەنیا وزەی نەتەوەکەی خۆمان بۆ داهاتوو دەنێرین. نەتەوە دەبزوێت. ئەو لەپشتی ئێمەدایە. جوڵەی ئەو بە هۆی ئێمەوە ڕوودەدات. نەتەوە بەرەو عەشق، بەرەو ئەو پەیوەندییە پاڵماندەنێت، تاوەکو نەوەیەکی دیکە لە تاکی ڕوسی ئۆراسیایی لە جیهاندا دەرکەون و عەشق، ئەم هەستە بنەڕەتییە لە سەر شانی خۆیان هەڵبگرن.

## جەستەی ڕوسی

بۆچی نەتەوە، چەمکی سەرەکی، ناوەندی و یەکەمین و دوایین فەلسەفەی ئۆراسیاییە؟ چون نەتەوە هاوشێوەی عەشق، هەموو شت بۆ نموونە ڕواڵەت و سیما، ژیان، زمان و کولتور بۆ مرۆڤ دەکاتە دیاری. هەموو ئەو شتانەی ئێمە لێیان بەهرەمەندین، لە شێوە و فۆرمی چاو و گوێ و کاسەی سەرەوە بیگرە بۆ شێوازی ئێسکەپەیکەر، بە هۆی عەشقی باوباپیرانمانەوە واتە نەتەوە فۆرمی پێدراوە. لافاوی عەشقی خەڵکانێك فۆرمی بە جەستەی ئێمە داوە و ئێمە تەنیا ‹ئێپیزۆدێك»ین لە جەستەی نەتەوەدا و کاتێك یەکێك لە ئێمە لەبارەی تاکێکی

روسی دیکەوە بیردەکاتەوە، ئەوا هەست بە ماتریکسی نەتەوە، جەستەی هاوبەشدەکات. ئەم جەستەییە لە ڕێگەی ئێمەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەیانی، ئێمە تۆوی جەستەی روسیی داهاتوومان لە خۆماندا هەڵگرتووە، بەڵام نەتەوە، بنەما، بنەڕەت، توخمی سەرەکی، مانای بنچینەیی فەلسەفەی ئۆراسیایی پێکدێنێت. وەک جەستەیەکی گشت مرۆڤایەتی، خۆی بۆ داهاتوو دەگوازێتەوە و لە سنورەکانی زەمەن، مێژوو و فەزا تێدەپەڕێت. نەتەوە، جەستە بە ئێمە دەبەخشێت و ئەمە جەستەیەکی هاوبەشە، نەک تایبەت و دیاریکراو، جەستەی روسیاییە. تا ڕێژەیەک ئەوە بۆ ماوەیەك بە ئێمە بە کرێی دەدەن. ئەمڕۆ لێی بەهرەمەندین و دواتر دەیگەڕێنینەوە، چونکە سەردەمێك بوو ئێمە خاوەنی ئەمە نەبووین. کاتێك نەخۆشییەکی کوشندە بڵاوبێتەوە، یاخود ڕووداوێکی ناکاو، تاڵەکانی ژیانمان بپسێنێت، ئێمە دیسانەوە دەیگەڕێنینەوە. بەم چەشنە، جەستە بوونی نابێت، بەڵام نەتەوە هەیە، پێش لە دایکبوونی ئێمە و دوای مەرگی ئێمەش، واتا هەمیشە بوونی هەیە. ڕێژەگەری جەستەی تاکەکەسیمان لە چاو جەستەیی رەها، لە نەمری و بێکۆتایی نەتەوەدا لە ناودەچێت. نەتەوە جەستەی هاوبەشی جیهانی و بەهای رەهایە.

## بەهرەی زمان

نەتەوە زمان دەکاتە دیاری بۆ مرۆڤ، بۆئەوەی بتوانین قسەبکەین، بیروڕای خۆمان بۆ ئەوان دەربڕیین، لەزمانێك کەڵك وەردەگرین کە نەتەوە پێی بەخشیوین. جەستەیەك کە لە نەتەوە وەرگیراوە، هێز و وزە بۆ رامان و بیرکردنەوە بە مرۆڤ دەدات، چونکە جەستە قاڵبی سەرەکی گیان و ئیرادەی ئێمەیە، بەڵام زمان بۆ کاری زەین و دەربڕینی وشە پێویستە. زمانیش لە ڕێگەی نەتەوەوە بۆ ئێمە دەگوازرێتەوە. ئەم زمانە وەك چۆن هایدگەر ئاماژەی پێدەدات، باڵاترین سیستمە. زمانی دایك و لۆکاڵی وزەیەکی ئێجگار زۆر،

میتۆدی تایبەتی فیکری، ئەخلاقی، تیۆریمان بۆ دەگوازێتەوە، کاریگەرییەکی بمێن و هەمیشەیی لە سەر دەروونی مرۆڤ  دروست دەکات کە ناسڕدرێتەوە. بێ زمان، ئێمە هیچین. تاك بوونمان، بوونمان، بە بێزمان، بە تەواوی بۆش و بەتاڵە و سەرنجی هیچ کەس راناکێشێت. گەر هێزی ئاخاوتنیان نەکردایەتە دیاری بۆمان، ئێمە چی بووین؟ گەر ئەم زمانە زۆر مەزن و جوانە، بێوێنە روسیامان پی نەدەبەخشرا، ئێمە دەمانتوانی چی بین؟ ئێمە تەنیا کۆمەڵێك ئاژەڵی بێزمان بووین... نەتەوە زمانی کردە دیاری بۆمان، کە ئێمە قەرزداری ئەوین، بەڵام ئەمە دیارییەك نییە کە هەمیشە لای ئێمە بمێنێتەوە، بۆ ماوەیەك بە قەرز پێیانداوین، کە دواتر دەبێت بیگەڕێنینەوە. ئێمە دەبێت بە وردی و گرنگی پێدانی زۆرەوە، بە زمانی پیرۆزی روسی فێری هەمووشت بین. دەبێت فێری قسەکردن بە زمانی روسی بین. مانای فەلسەفەی ئۆراسیایی لەم خاڵەدا شاراوەیە، کە تەنیا بریتی نییە لە عەشق بە زمان، زمان ئایینی ئەوە، وردترین رووبەڕووبوونەوە بە ئەوەی بە زمانی روسی باسدەکرێت (رێکەوت نەبوو کە شازادە ترۆبێتسکی، رێبەری یەکەم ئۆراسیاییەکان زماناناس بوو). گەڕانەوەی قەرزەکانی ئێمە بۆ زمان، بە مانای درککردنی، پاراستنی، ئاخاوتن لەمەڕ مەزنایەتیی نەتەوە و هۆنینەوەی سرودی نەتەوەیی و نیشتمانی بەم زمانەیە.

### تاکی روس خەوی لێدەکەوێت و خەبەری دەبێتەوە

ئەوەی هەمانە و نیمانە، نەتەوە پێیداوین. لە نەتەوەوە کولتور، زمانی روسی، شێوازی رامان، خانوو، زەویمان پێگەیشتووە، هەر بۆیە، لە فەلسەفەی ئۆراسیاییدا نەتەوە هەمان پێوەری رەهایە. لە بەیانییەوە کە لەخەو هەڵدەستین، دەبێت بیر لەم بابەتە بکەینەوە. هەرکە لە خەو هەڵدەستین، دەبێت بڵێین: «من مرۆڤێکی روسیم»، دەبێت ئەم رستەیە پێش خەوتنیش، کاتی نزاکردن، شوشتنی ددانەکان، سەیران و تا دوایی، دەرببڕین. کاتێك

خەریکە خەو دەمانباتەوە، دەبێت جەخت لەم خاڵە بکەینەوە: «مرۆڤی روس دەنوێت». تەنیا خاڵی گرنگ ئەمەیە. ئێستا ئەو، مرۆڤی روس، لە حاڵەتێکی روسیی بەخەبەربوون بەرەو حاڵەتێکی دیکە، واتا حاڵەتی روسیی خەو، دەڕوات. هەر بەمشێوەیە، بوون و هەستیی جەستەیی، روسی و گوێزەرەوەی وشەی هەمیشەیی و بێکۆتایی دەچێتە خەو و لە خەو هەڵدەستێت. بەشێك لە نەتەوەبوون بەو مانایە نییە کە بە شێوەی رەسمی رایبگەیەنین: «من نەتەوەکەی خۆمم خۆشدەوێت، من نیشتیمان پەروەرم». لەوانەیە بپرسن: «بۆچی؟» چونکە ئەمە نەتەوەی ئێمەیە، نەتەوەی ئێمە بەمشێوەیە و ئێمەش وەك ئەوین. ئێمە مافی ئەوەمان نییە بە شێوەی جیاواز، بەرانبەر بە «خۆ»مان عەشقمان هەبێت. دەبێت خۆمان لە رێگەی عاشقبوون بە تیکڕای نەتەوەی روس و عەشق بەو شتەی لە خودی روسیدا هەیە، خۆش بووێت. تەنیا عەشقێکی وەهایە کە دەگاتە لوتکە، رەزامەندی بەدیدێنێت و میوەی لێبەرهەم دێت. شتەکانی دیکە یاریی ئاساییە. ئەوەی سەبارەت بە روسەکان وتمان، دەکرێت بە هەندێك چاکسازیی دیاریکراوەوە سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکەش بەیان بکرێت. با نوێنەرەکانی خۆیان لەم بارەیەوە قسە بکەن و ئێمەش سەرمان بە نیشانەی پشتڕاستکردنەوەی وتەکانیان دەلەقێنین. لێرە و لەم کاتەدا ئێمە بیر لە مرۆڤی روس و نەتەوەی روس دەکەینەوە.

## تاکی روس وەك مرۆڤی رەها

مرۆڤی روس تا رادەیەك تەواوە، کە لە مانای بوونی نەتەوەکانی دیکە تێناگات. ئێمە راستگۆیانە بیردەکەینەوە: «گەر ئەم تاکانە روس نین، کەواتە چین؟» کاتێك عەرەبی بزێو و شاد و گەش دەبینین کە خۆی لە خواردنەوە نابوێرێت، دەڵێین: «روسێکی راستەقینەیە». تەنانەت خواردنەوەش لێرەدا گرنگ نییە، هەر ئەوەندە بەسە بە بینینی کەسێك کە خەریکە تێدەپەڕێت

بڵێین: «مرۆڤێکی باشه». دیاره روسه. ئێمه بەمشێوەیە لە خۆشمان تێدەگەین، ئەم تێگەیشتنە تەنیا بە هۆی رواڵەتمانەوە نییە، هەرچەندە سیما و رواڵەتیشمان خاوەنی بەهایە. سیمای تاکی نارووسیش خاوەن بەهایە، چونکە ئەویش کەمێك روسییە. گەر بە نواندنێکی هاوشێوەوە، بۆ نموونە برۆ هێنانە یەك وەك روسەکان، نوکتەیەکی ئاشنا، یان چاوترووکاندن بە شێوەیەکی جیاواز، رووبەڕووببینەوە، بە چێژی تـەواوەوە دەڵێین: «ئۆی، ئەوانە روسن!» کام روس؟! دەی لە ئێمە دەچن.

## سنورەکانی نەتەوە

کۆتایی سنورەکانی نەتەوە لە کوێیە؟ دەکرێت ئەم پرسیارە فەلسەفییە لە خۆمان بپرسین، گەر تەنیا کەمێك لەم هزرە کە نەتەوە دیاردەیەکی بێکۆتاییە، دووربکەوینەوە، راستیی ناخۆش لە مەڕ گەڕان لە کۆتایی نەتەوە لێکبدەینەوە، بەڵام ئەنجامدانی ئەم کارە سادە نییە، ئەو هەستە کە نەتەوە بێ رادە و سنورە و کۆتایی نییە، شوێن بە هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی دیکە تەنگ دەکات. نەتەوەی ئێمە لە واقیعدا بێکۆتاییە، سەبارەت بە نەتەوەکانی دیکە ناتوانین هیچ بڵێین ...، بەڵام گەر لەشێوازی پەروەردە و فەلسەفەی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست سود وەربگرین دەتوانین پرسیار و وەڵامێك بەمشێوە گەڵاڵە بکەین: نەتەوە لە کوێ کۆتایی پێدێت؟ لەو شوێنەدا کە نەتەوەیەکی دیکە دەستپێدەکات. عەشق لە کوێ کۆتایی پێدێت؟ لە شوێنێکدا کە عەشقێکی دیکە دەستپێدەکات.

ئێمە ناتوانین خۆمان بە بێ عەشق وێنابکەین. جیهان بە بێ عەشق بوونی نییە، تەنانەت یەك چرکەش ناتوانێت بێ عەشق بـەردەوام بکات، لەبەریەکهەڵدەوەشێتەوە و دەڕمێت. جیهانی بێ عەشق بوونی نابێت، چونکە وزەی عەشقی تێدا نابێت و هەموو شتێکی تێدا سارد دەبێتەوە. جیهان، وزەی عەشقە. خەڵکانی سەردەمی کۆن لەسەر ئەو باوەڕە بوون بەردەکان یەکدییان

خۆشدەوێت، گوڵەکان یەکدییان خۆشدەوێت». هەنوکە، لە سەر ئێرۆتیزمی گوڵەکان قسە و باسی زۆر کراوە و زاناکان تەنانەت بەڵگەی چالاکیی سێکسی گیا و رووەکەکان تۆمار دەکەن. کە ئاژەڵان و مرۆڤەکان یەکدییان خۆشدەوێت، درکی پێدەکرێت، بەڵام بەردەکان؟... بەڵێ تەنانەت بەردەکانیش ئاشقی یەکدین. ژیانی بەردەکان و گردبوونەوەی ئێرۆتیکی وزەی کانزایی، فۆرم بە گۆڕەپانێکی مەزن دەدەن. ئەوان بە شێوەیەکی تایبەتیی عاشقی یەکدی دەبن، لەبەئەوە ئێمە ناتوانین هەست بەم عەشقەی سەرووتر لە تێگەیشتنی مرۆڤە، بکەین. رەنگە بەرد عاشقی جۆرێك لە گژوگیا یان رووەکێك بێت. هەڵبەت ئێمە درک بە ئەمجۆرە عاشق بوونە بکەین، بەڵام بە ئاشکرا نیشانەی وزەیەکی سەیر و سەمەرەیە لە جیهاندا، هەر بۆیە هەر کۆتاییەکی عەشق، سەرەتا و دەستپێکی عەشقێکی دیکەیە. کۆتایی نەتەوە لە کوێیە؟ هەرچەندە لەڕوانگەی مرۆڤی روسەوە نەتەوە لە هیچ شوێنێك کۆتایی نایەت، چونکە نەتەوەی روس بێکۆتاییە.

نەتەوەی کـراوە و نەتەوەی داخـراو بوونیان هەیە. نەتەوەی روس نەتەوەیەکی کراوە و راستگۆیە و عەشقەکەشمان عەشقێکی دیار و ئاشکرایە. ئەم عەشقە تەنها بە یەك تاك، یاخود بە ئەویدی سنوردار نابێتەوە، بەڵکو هەموان دەگرێتەوە. ئێمە عاشقین، عەشقەکەمان راستەقینەیە. ئەمە بەو مانایەیە، کە ئێمە بە عاشق بـوون، عەشقی روسـی، لە مرۆڤێکی ئاسایی تێدەپەڕین. مرۆڤ بۆ شوێنی خۆی! یەکەم، دووەم، سێیەم... گرنگ عەشقە، عەشقە گرنگی هەیە. گرنگ بوونی وزەی مەزنی ژیانی نەتەوەیە کە دیار و ئاشکرا و لەڕوو، راستگۆیانەیە. بە شێوەیەکی سروشتی، تێکڕای ئەو شتانەی لە عەشقێکی وەهاوە بەدیدێن، بە شێوەی هەندێك توخم، لەم نەتەوەوە درێژە بەژیان دەدەن: بنەماڵە و خێزان، منداڵان، دەوڵەت کە وەك جۆرێك لە قەڵغان بۆ نەتەوەی ئێمە دامەزراوە.

## دەوڵەت هاوشێوەی ژیشکە

لەڕاستیدا دەوڵەت بوونەوەرێکی رژد و نەگریسە و تەنیا بە هۆی ناچارییەوە پێکیدێنن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە نەتەوە ناتوانێت هەمیشە تەنیا عاشق بێت و عەشقبازی بکات و رابوێرێت. هەندێکجار کەسێك نیازی پەلاماری هەیە بۆ سەر ئەم حاڵەتە دەروونییەی نەتەوە و هێرشی دەکاتەسەر. بوونی دەوڵەت بۆ بەرگری لە نەتەوە بەرانبەر بەم هێرش و پەلامارانە پێویست و زەرووره. مانای دەوڵەتی راستەقینەی نەتەوەیی روسی ئەوەیە کە لە ئەوانی دیکە، وەك مێشێکی قیرسچمە، خۆی دوور بگرێت و ئەم جانەوەرە لە خۆی دووربخاتەوە. دەوڵەت دەبێت لە فەزای دەرەوەدا رەفتارێکی دوژمنکار و دەستدرێژیکارانەی هەبێت، تەنانەت گەر پێویستیشی کرد وەك قەڵغان سەخت، قورس، لە فەزای ناوەوەدا نەرم و ناسك بێت، تاوەکو شتێك پێشێل نەکات و خەسارێك لەڕەوتی ژیانی مینۆکیی نەتەوە، ژیانی ئێرۆتیکی کە بە شێوەی نادیار بـەردەوام لە نەتەوەکەماندا بوونی هەیە، نەدات. تێگەیشتنی ئێمە لە مەڕ دەوڵەت بەمشێوەیە کۆدەکرێتەوە. دەوڵەت وەك خۆی بابەتێکی زیانبەخش و شەڕهێنەرە و لە رادەبـەدەر وشك و رەسمییە. لەناو ئەم ئاسنانە، ئامێرانە، لەناو ئەم کەرەستانەی ئەشکەنجە، کەمتر شتێکی سەرنجڕاکێش بەدیدەکرێت. پێمانخۆشبوو دەوڵەت لە خۆمان دووربخەینەوە. دەبێت دەوڵـەت لە فەزای دەرەوە، دەوڵەتێك بێت لەجۆری ژیشك. لە دەرەوە دڕکاوی و لە ناوەوە نەرم، رێك وەك زگی ژیشك کە زۆر نەرم، زیندوو، نیان و ناسکە.

## ئێمە تەنانەت ناتوانین لە خۆمان تێبگەین و مەزنێتیمان لە ئەمەدا شاراوەیە

یەکەم و گرنگترین خاڵی فەلسەفەی ئۆراسیایی بریتییە لەوەی نەتەوە رەهایە، هەر بۆیە کاتێك لێماندەپرسن ئۆراسیایی بوون چی مانایەکی هەیە، زۆر لە سەرخۆ دەڵێین: «عەشقی رەها بۆ نەتەوەی خۆمان و عەشق بۆ عەشق و تێگەیشتنی نەتەوە وەك بەهایەکی بەرز و باڵایە. هێچ شتێکی باڵاتر لە نەتەوەی ئێمە بوونی نییە». ئێمە ئاشنای هیچ شتێکی دیکە نین و حاڵەت و کەیسەکانی دیکەشمان لێتێکدەچێت و ناتوانین دەرکیان پێبکەین و لە شوناسیان تێبگەین. نەتەوەی دیکە هەن کە لە نەتەوەکانی دیکە تێدەگەن، بەڵام ئێمە ناتوانین تەنانەت خۆشمان بناسین. ئێمە تەنیا «نەتەوە»ین، هەر ئەمە و تەواو.

## رۆحی زەوی

خاڵی گرنگی دووەم لە فەلسەفەی ئۆراسیایی، چەمکێکە سەبارەت بە رۆحی زەوی، سەبارەت بە فەزای زیندوو، خاك و زەویی رەوان. لە دیاردەی ئۆراسیادا فەزا وەك واقیعێکی رەهای گیاندار و زیندوو وێنادەکرێت. فەزا وتەزایەکی دەرهەست، بەش و بەشێکی دیاریکراو لە جیهانی گیاندارە. لە فەزادا جۆرەکانی کانزایی، رووەکی و ئاژەڵی بوونیان هەیە کە هەموویان توخمەکانی پێکهێنەری جیهانن. بە دەربڕینێکی دیکە، ئێمە فەزا وەك چوارچێوەیەك لە قەڵەمدەدەین، کە هەرگیز بەتاڵ نابێت. فەزای ئێمە لەگەڵ ژیاندا دەکولێت و دیاریکەریەتی. فەزای ئێمە لە رێگەی ئەم ژیانەوە لە خۆی دەدوێت و خۆی دەناسێنێت. بەم بۆنەشەوەیە کە دەلەرزێت، دەهەژێت و لە هەڵکشان و داکشاندایە. ئەمە رۆحی زەوی، زەویی ئێمەیە کە هی ئێمەیە و نەتەوەی ئێمە بە پێی زەمەن بە شێوەی ستوونی و بە خەوتویی وەك جیوە، دەجوڵێتەوە.

## فەزا وەك شێوازی ژیان

پەیوەندیی زیندوو لەگەڵ فەزا، وەك پەیوەندیی لەگەڵ ژیان، ریشە و بنەڕەتی فەلسەفەی ئۆراسیایی پێکدێنێت. فەزا لە لایەن ئێمەوە وەك شێوازێك لە ژیان دەرکدەکرێت. فرێدریش راتسڵ، بەدیهێنەری جیۆپۆلەتیك، کاتی خۆی کتێبێکی بە ناوی «دەوڵەت وەك شێوازیکی ژیان» نووسیوە. لەو رووەوە کە فەزا شێوازی ژیانە، کەواتە ناتوانێت وەستاو و مەند بێت، فەزا دژ بە سنورە دەستکردەکان دەوەستێت، چونکە فەزا شتێك نییە بکرێت یەکجار بۆ هەمیشە هەڵسەنگێندرێت و سنور و کەوشەنی بۆ دیاریبکرێت. لێرەدا شتێك دروستبکرێت و لەوێدا شتێکی دی و هەمووی هەر بە هەمانشێوە بمێننەوە. نا، ئەمە نەکردە و نامومکینە. هەر شتێك کە دەبێت بەدیبێت، خۆی لە خۆیدا و بە دروستی لە شوینێکدا کە دەبێت، دەردەکەوێت و سەقامگیر دەبێت. بەو شێوەیەی کە گوڵ گەشە دەکات، یان ئەو کۆڵەکە بەردینە زەبەلاحانەی هەزاران ساڵە لە شوێنێکدا جێگیر بوون. گەشەی گوڵەکان و جێگیربوونی بەردە زەبەلاحەکان هەروا لە خۆوە روونادات، ئێرە شوێنی ژیانی ئەوانە. ئەوان دەزانن چی بکەن، ژیانی ئەوان لەم شوێنە تایبەتە و لەم خاڵە دیاریکراوە لە فەزای روسیدایە. ئەمە جۆرێکە لە فەلسەفەی «شوێنی ژیان»، «شوێنگەی گەشە». هەروەك چۆن پیوتەر ساویتسکی ئاماژەی بەم بابەتانە داوە. ئەمە دەنگی رۆحی دایکی زەوییە کە لە رێگەی هەموو بوونەوەرانەوە دەگاتە گوێمان، «دەنگ» دەبێتە بەردەنگی خۆی و جەخت لە واقیعی مەزنی شێوازی ژیان دەکاتەوە.

فەزا، دیاردەیەکی هوشیار و وریایە کە لەودا، هەروەها لە زەویدا عەقڵ بوونی هەیە. ئەم عەقڵە قسەدەکات، بگۆیە، دەبێت ئێجگار وردبین، تاکو بتوانین دەنگی ببیستین. بە زۆری بەمشێوەیە پێناسەی دەکەین: «ئەمە فەزای ژیان، کار و ...ی منە و ئەمەش فەزای تۆیە، ئەم فەزا هی وڵاتی منە و ئەم فەزایەش بۆ وڵاتەکەتە». پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ فەزا وەك ئۆرگانیزمێکی زیندووە. هەڵبەت

«هی من» لێرەدا بە مانای خاوەندارێتی نییە، بەڵکو خزمایەتییە. لەگەڵ زەوی، فەزای گیاندار و زیندوو، مرۆڤ پەیوەندیی خزمایەتی دروستدەکات. لێرەوە، دایکی زەوی، وڵات-نیشتمان فۆرم وەردەگرێتت.

## سنورە زیندووەکان

چەمکی «سنورە زیندووەکان»، بۆ جیهانبینیی ئۆراسیایی بەکاردەهێنرێت. سنور شوێنێکە کە بوونەوەرێکی زیندوو بە شێوەی مەرجدار لە بوونەوەرێکی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵام ناکرێت هێڵی سنوری لە بوونەوەری زیندووەوە تێپەڕێت. نابێت سێ لەسەر چواری کەروێشك و چوار لەسەر پێنجی سمۆرە جیابکەینەوە و وڵاتێکیان لێ دروستبکەین. ئەم سێ لە سەر چواری کەورێشك و چوار لەسەر پێنجی سمۆرەیە وڵات نییە. وڵات و سنورەکانیشی کۆمەڵێك بەش و پاژ و پارچەی رۆحیی زەوین. گەر ئێمە بە شێوەی دەستکرد و بە رێکەوت چەند بەشێك لە ئەندامەکانی ئەم بوونەوەرانە ببڕینەوە، ئەم یەکە زیندووانەی ئەرز، فەزا و زەوییە ببڕین و بڵێین: «فەرموون، ئەمەش وڵاتێك و ناویبنێین ئۆکرانیا، یاساکانی ژیانمان بەرپەرچ داوەتـەوە. کام ئۆکرانیا؟ ئۆکرانیا لە سنورەکانی هەنوکەیی خۆیدا ناتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات، چونکە لانیکەم چوار بوونەوەری زیندووە کە ئەندامەکانیانی زەوتکردووە، سێ لە سەر چواری کەروێشك، نیوەی ماری دەشەکی، یەك لە سەر چواری سمۆرە و هتد. روسیای بچووك فراوانترە لە ئۆکرانیا. لە ئۆکرانیا ژمارەیەك دابەشکاری جیۆپۆلەتیکیی گەورەش بوونی هەیە لەوانە گالاتسی، ولینا، ژەریمە و روسیای نوێ کە بەشێکی دەگاتە سنورەکانی فیدراسیۆنی روسیا. ئەمە خاڵێکی هەرە گرنگە!

ئێمە دەبێت فەزا، زەوی و ناوچەکان بە پێی سروشتی ناڤۆکییان نەك لە سەر بنەمای تێبینیی راگوزاری و ناپایەدار لێکبدەینەوە. بەم بۆنەیەوە، ئێمە، لایەنگرانی فەلسەفەی ئۆراسیایی، ناتوانین بڵێین «فیدراسیۆنی روسیا»، فیدراسیۆنێکی وەها

بوونی نییە، وڵاتێکی وەها بوونی نییە. ئەمە بابەتێکی دەستکرد و ناپایەدارە، ئەمەش هەمان سێ لەسەر چواری کەروێشك و چوار لەسەر پێنجی سمۆرەیە. بەردێك و چەند باوەشێك لقی دار و درەختە. ئەمە ناتوانێت بەڕاستی حەقیقەتێکی زیندوو، واقیعێکی گیاندار بێت. ئیمپراتۆرییەتی روسیا و یەکێتی سۆڤێت واقیعی زیندوو بوون. هەردووکیان بەهێز و بەدەسەڵات بوون و بە دەربڕینێکی دی شێوازی باڵای ژیان (بوون). ئەوەی پاش کەوتنی یەکێتی سۆڤێت فۆرمی وەرگرتووە، دیاردەیەکی زیندوو نییە، مۆتیڤ و پاڵنەرێکی فەزاییە کە دواجار دەمرێت. دوو دەستەکەی سمۆرە لێ بکەنەوە و بیبڕن، دواتر سەیری بکەن بزانن چی دەکات. ناتوانێت دەنکەکان لە جەنگەڵدا کۆبکاتەوە و هێندە ناخایەنێت تێدادەچێت. بەمشێوەیە، هەموو مۆدێلەکانی پاش سەردەمی سۆڤێت دەمرن. پێش دابەشکردنی ئەم ناوچانە دەبوو پرسیاریان لێکردبان: «ئێوەی زەوی، رووبارەکان، جەنگەڵەکان، کەنداوەکان و زۆنگاوەکان دەتانەوێت ببن بە بەشێك لە ئۆکرانیا یان نەخێر؟» نابێت ریفراندۆم لەناو بینەرانی زۆربڵێ و نابەرپرسیاری تەلەفزیۆنیدا بەڕێوەبچێت. دەبێت لەناو ئەندامانی سروشتدا بەڕێوە ببرێت، دەبێت راپرسی لە ناو کێوەکان، ئاوەکان و باران بکرێت. با ئەوان رای خۆیان دەرببڕن. دەبێت لە مەڕ جۆری بەڕێوەبردنی ریفراندۆم لەناو ئەندامانی سروشتدا بیربکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانن رای خۆیان لەسەر بابەت و تەوەرە سەرەکییەکان رابگەیەنن.

## شاخی سربستان

گەر ئێمە کەسانێکی وردبینین، عشقی ئاو، خاکی خۆمانین، لە دەنگەکانیان دەگەین و تێیدەگەین، ئەگەر فێربین لە دەنگی زەوی بگەین، بیستنی ئەوەی شاخەکان دەیڵێن لامان ئاسان دەبێت. ساڵی 1992 لە سربستان جارێکیان تووشی تاقمێك لە سربەکان بووم، کە تا ئەو کاتە هەموان خیانەتیان لێکردبوون. کاتێك ئێمە وەستاین، پرسیارمان لێکردن:

-بۆ کوێ دەچن و چیتان دەوێت؟

-دەچین ئەو شاخە بگرین.

-ئەو کێوەتان بۆ چییە. هیچی تێدا نییە، بەڵام لەوانەشە خاڵێکی ستراتیژی گرنگ بێت؟

-نا، نا. ئەم کێوە لەڕوانگەی ستراتیژییەوە هیچ گرنگییەکی نییە. بەڕاستی لەوێدا هیچ شتێك نییە. نە ئاو نە کارەبا، ئەمە تەنیا کێوی سربی ئێمەیە. ئەم کێوە ناخوازێت ببێت بە هی کرواتیا، دەیەوێت لە سربستان بمێنێتەوە. کێوەکە بانگمان دەکات رزگاریبکەین. لەوێ ژمارەیەکی زۆر دەستە و تاقمی کرواتی جێگیرکراون و لە لای دەستەڕاستیش موسوڵمانانی بۆسنیایی. ئێمە ئێستا دەچینە ئەوێ و لەوێ دەمرین.

ئەوان بۆچی چوون بۆ ئەوێ؟ دەکرێت بوترێت: شێت بوون، بێئەقڵییان کرد. ئاخۆ ئەوان نەیاندەزانی کە مان و ژیان باشە، دەتوانن بخۆن و بخەون، بگەڕێن و کتێب بخوێننەوە و مێشولەکان لە خۆیان دووربخەنەوە؟ بەڵام ئەوان دەڕۆن و گیانی خۆیان بۆ ئازادیی ئەو کێوە بەخت دەکەن، چونکە کێوەکە بانگیکردوون. کێو پێیوتن: «وەرن، کوڕینە وەرن، من پێویستم بە مەرگی ئێوەیە، دەبێت خوێنی گەرمی سربی ئێوە بە سەر لێژاییەکانی مندا بێتەخوارێ». کێو ئەمانەی پێوتن و ئەوان گوێیان لە دەنگی کێوەکە بوو، تێگەیشتن کە بەرەو لای خۆی بانگهێشتیان دەکات. بەڵێ، ئەمە شێتی نییە، ئەمە راستییە.

کێو بە کەڵکی کەس نایەت، بەڵام ئەو کێوە هی زەویی سربەکان بوو. سەرجەم سربەکان لێیتێدەگەن. نەتەوەی ئۆراسیایی زۆر زیندوو، سەیر و جوانە. هەر بۆیە، سربەکان هەر لە یەکەم پیتەوە لە هەموو شتێک تێدەگەن. ئەوان دەڵێن: «ئەم کێوە بەشێکە لە حەشیمەتی بە کۆمەڵی ئێمە، ئەمە هاوڕێمانە، ئەو داوای یارمەتیمان لێدەکات و ئێمە بە هانایەوە دەچین». بەم چەشنە، رۆحی زەوی، بڕوا بە رۆحی زەوی، رێزگرتن لە رۆحی زەوی، گفتوگۆ لەگەڵ رۆحی زەوی و ئایینی رۆحی زەوی، دووەم توخمی فەلسەفەی ئۆراسیایی پێکدێنێت.

## تاهەتاییی لە دەستەکانی تۆدا

سێیەم تەوەری فەلسەفەی ئۆراسیایی بە ناوی «تاهەتاییبوون لە ناو لەپی دەستی تۆدا» یان «لە باوەشگرتنی بۆشایی» دەناسرێت و بریتییە لەوەی کە ئێمە زۆر بە توندی و گرژی وابەستەی کاتین. «ئێستا»، «دواتر»، «پێشتر»، «تا بەر لەوەی»... لەڕاستیدا ئەم واقیعانە بوونیان هەیە و رامانەکان لەسەر لۆژیکی رەسمی دادەمەزرێن، بەڵام هاوکات، ئەوانە و چەمکی «کات» خۆیشی لە تەوەری سەرەکی دوورمان دەخاتەوە. سەرەتا لامانوایە: «هێشتا گەنجین و زووە». دواتر لەو کاڵییە دەرچووین، ئیدی گەنج نین، هەرچەند هێشتا پیر نەبووین، پاشان دەڵێین: «ئێمە ئیدی پیر بووین، ئیتر گەنج نین، تەنانەت گەورەساڵیشمان تێپەڕاندووە، بەساڵاچووین و خانەنشین بووین»، بەڵام هەموو ئەمانە وەهم و خەیاڵە، چونکە ئێمە لە رێگەی ئەمجۆرە فۆرمە زەمەنییانەوەیە پەیوەندیمان لەگەڵ بوون لە دەستدەدەین. زەمەن داوێکە هەوڵدەدات فریومان بدات و لەتەوەری سەرەکی و کاکڵەی بابەتەکە دوورمانبخاتەوە. زەمەن ئەو دەنگەی بوون دادەپۆشێت و ئەو بانگە دەخنکێنێت کە لە نەمرییەوە دەبیسترێت.

## کات بوونی نییە

خەڵکانێك لایانوایە زەمەن بوون و تاهەتایی نییە، بەڵام لەڕاستیدا هەموو شتێک پێچەوانەیە. فەلسەفەی ئۆراسیایی جەختدەکاتەوە، کە تاهەتایی هەیە و زەمەن نییە. ئەوەی ئۆراسیایی باسی دەکات حەقیقەتی پەتییە و پێویستە بێ هەر چەشنە رامانێکی رەخنەگرانە پەسند بکرێت و دووپات بکرێتەوە. کات وەهمە و تەنیا نەمری بوونی هەیە. بەم بۆنەیەوە غەریزەی تاهەتایی، رۆحی تاهەتایی، رامان لە پێوەرە فەزاییەکان، هاوکاتی، ئەزموونی نەمری، ناوەڕۆکی سەرەکیی تێگەیشتن و وشیاریی ئۆراسیاییە، گەر ئەم نەمرییە هەیە و دەتوانێت ببێتە بابەتی ئەزموونی ئێمە، کەواتە لێرە و لە کاتی ئێستادا بوونی هەیە و دەبێ ببێتە بابەتی ئەزموونمان.

## بەرگری لە ڕەهابوون و دژایەتیکردنی ڕێژەیی بوون

لێرەدا پرەنسیپێکی هاوبەش دێتەئاراوە کە: «ئێمە لایەنگری ڕەها بوون و دژی ڕێژەیی بوونین». لەڕاستیدا ڕێژەگەرایی لە شوێنێکدا بوونی هەیە. کاتیش چانس و دەنگێکی لاوازی هەیە، بەڵام ئەمە پێوەرێکی هەرە بچووك و مافێکی زۆر کەمە. بە پێچەوانەوە مافی تاهەتایی بوون، ئایینی نەمری دەبێت لە سەنتەری زەینماندا جێگیربێت و شتەکانی دیکە بخرێنە پەڕاوێزەوە، بەڵام تاهەتایی ناتوانێت خاوەنی ناوەڕۆك بێت، چونکە ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی کاتە. تاهەتایی بە شێوەیەك سەرمان لێدەشێوێنێت، چونکە ئێمە لە بەرچاو ناگرێت و دەمانسڕێتەوە. تاهەتایی لە شوێنی خۆمان جیامانده‌کاتەوە، دەمانسوتێنێ و لێرەوە زاراوەی «لە باوەشی بۆشایی» لەدایکدەبێت. «فەیلەسوفێك کە باوەش بە بۆشاییدا دەکات» ناوی بەرهەمێکی چینییە، کە زۆر ورد مانای ئەزموونی نەمری پێناسە دەکات، بەڵام گەر ئێمە بتوانین یاری بە نەمری بکەین، ژیان زۆر ئاسانتر دەبێتەوە بۆمان: ژیان و شاکاری ئافراندن، بەدەستهێنانی سەرکەوتنی سەیر و سەمەرە لە کار و پیشەی خود، یان تەنیا چێژ وەرگرتن لە ژیان، سەفەر بۆ سەرتاسەری جیهان و گەشت و گوزار، بەڵام تەنیا بە شێوەی ئۆراسیایی، دەبێت سەیری دەورووپشتمان بکەین. لەمرووەوە هەموو شتێک بۆ ئەم کەسانە بەراورد بەو کەسانەی لە ناو ئۆتۆمبیلی ڕەشی ڕێژەگەرایی و ئۆتۆمبیلی ڕەشی زەمەندا دانیشتوون، بە تەواوی جیاواز دەبێت. تاهەتایی بە دیاری دراوە بە ئێمەی خەڵکی روس، تەنانەت بە سەرماندا سەپاوە. بمانەوێت و نەمانەوێت، دەبێت وەریبگرین. وەرگرتنی مومکین نییە، دەستەمۆکردن مومکین نییە،  دروستکردنی کەرەستەیەك لێی نامومکینە، بەڵام هیچ شتێك لە بەدیهێنانی سادەتر نییە. ئەمانە سێ پرەنسیپی بنەڕەتیی فەلسەفین، سێ دەستپێکی ئەندێشەی ئۆراسیایی کە لەچوار تێزی تەواوکەری دیکەدا دەکەونەڕوو. ئەم سیيانەی سەرەتا گرنگترینی خاڵەکانن.

## نیشتمانی ڕەها و تەواو

سێ پرەنسیپی بنەڕەتیی فەلسەفەی ئۆراسیایی، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە پرەنسیپی چوارەمدا، لە روسیا بەرجەستە دەبێت. روسیا، نیشتیمانی رەهایە. شوێنگە و پێگەی راشکاو و دیاربوون، راستگۆیی ئۆراسیایی، رۆحی ئۆراسیایی و ژیانی ئۆراسیایی و پێست و گیانی ئۆراسیاییە. روسیا خۆی لەخۆیدا نەتەوەیە، لێرەوە چەمکی «روسی» فۆرم وەردەگرێت. نەتەوە واتا عەشق، یەکەم تەوەری فەلسەفەی ئۆراسیایی پێکدێنێت: نیشتیمان پەروەری ئێمە «نیشتیمان پەروەری ئێرۆتیک»ە. روسیا، واتا فەزا، زەوی، خاك و لێرەدایە کە رۆحی زەوی دەکەوێتە روو. ئەمە دووەم تەوەری فەلسەفەی ئۆراسیاییە. تەوەری سێیەم: روسیا، واتە تاهەتایی، نەمری... سەبارەت بەوەی کە بۆچی روسیا نەتەوەیە، پێشتر قسەمانکرد، بەڵام بۆچی روسیا تاهەتاییە؟ چونکە چەمکی روسیا خۆی دەتوانێت تەنیا کاتێك کە ئێمە بەرەو ئەوپەڕی کات هەنگاو هەڵدەگرین، لێیتێبگەین.

## روسیا: چەمکێکی بوونناسانە

ئەمڕۆ روسیا بوونی نییە. هەرگیزیش بوونی نەبووە، هەرگیزیش لە سەردەمی هەنوکەییدا بوونی نابێت. روسیا هەمیشە بونیاد، ئایدیا، تیۆری، جۆرێك لەواقیعە کە هی هەنوکە و ئێستا نییە، بەڵام هەمیشە هەیە، بووە و لە داهاتووشدا دەبێت. روسیا بێ وابەستەیی بە ئێمە بووە، هەیە و دەبێت. ئەزموونی روسیا، ئەزموونی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو راستییانەیە کە لەوانەیە کاتێك ئێمە بوونمان نییە، بوونیان هەیە، هەر بۆیە بە دەربڕینی وشەی «روسیا» و باس لە سەر مێژوو، داهاتوو، تەنانەت کاتی ئێستا و هەنوکە، ئێمە ناخودئاگایانە تووشی پێوەری تاهەتایی دەبین، کە دەکەوێتە ئەوپەڕی ئەزموونی تاکەکەسیمانەوە.

## بە تاککردنی ئەزموونی بان تاکێتی

ئامانجی ئەندێشەی ئۆراسیایی، گۆڕینی ئەزموونی ناتاکەکەسی و ناتایبەتی، واقیعی بان تاکەکەسی بۆ ئەزموونی تاکەکەسییە. جێگیرکردنی تاهەتایی لەکاتدا، گرتنی ڕەها بوون و گۆڕانی بە ئەزموونی تاکەکەسییە. ئەمە گرنگترین ئامانجی فەلسەفەی روسی ئۆراسیاییە. روسیا نیشتیمانی ڕەهایە، روسیا دۆکترینە، روسیا، نیشان و مەتەڵێکە، روسیا ئایینە. تەنیا بەرانبەر بە روسیا دەبێت ئاوا پیرۆز ڕەفتار بکرێت. روسیا چەمکێکی پیرۆزە. روسیای ناپیرۆز بوونی نییە. کاتێك دەڵێین «روسیا»، وشەیەکی «پیرۆز»مان هێناوەتە سەر زمانمان. شتەکانی دیکە خاونی ریتمێکی دیکەن. بۆ نموونە فەرەنسا تەنانەت لای گەرموگوڕترین نیشتیمان پەروەرەکانی فەرەنسیش، چەمکێکی پیرۆز نییە، بەڵام روسیا پیرۆزە. فەلسەفەی ئۆراسیایی خزمەتگوزاریی ئایینی بە روسیایە.

## نەخشەی ئەنتۆلۆژیکی (بوونناسانە) ی جیهانی (سوهرەوەردی)

تەوەری «ئەوروپا و ئاسیا، لەسەر نەخشەی (بوون)» لێکدەدەینەوە. دوو چەمکی «ئەوروپا» و «ئاسیا» لە دیاردەی ئۆراسیاییدا، پێکەوە پەیوەست بوون. لەڕوانگەی فەلسەفییەوە، دەکرێت بە پێی نموونەی فەیلەسوفی ئێرانی، واتە حیکمەتی ئیشراقی سوهرەوەردی، پێناسەی بکەین. سوهرەوەردی لە بەرهەمەکانی خۆیدا نەخشەی جوگرافیای بوون وەسفدەکات. هەڵبەت باسی جوگرافیای فیزیکی ناکرێت، بەڵکو باسەکە لەسەر جوگرافیای مێتافیزیکییە. لەم بوونەدا، رۆژهەڵات و رۆژئاوا بوونیان هەیە. ئاسیای ئەنتۆلۆژی و ئەوروپای ئەنتۆلۆژی تایبەت بە خۆ بوونیان هەیە. سوهرەوەردی مانای ئەم چەمکانە پێناسە دەکات و لێکیاندەداتەوە. «ئاسیای ئەنتۆلۆژی بە چی مانایەکە؟» «ئاسیای بوون؟ ئاسیا واتا «باس-توك-BOC TOK »، واتا شوێنێك کە خۆر لەوێوە هەڵدێت و ئەمە شوێنی گەیشتن بە تاهەتاییە. رۆژهەڵات شوێنێکە سەرچاوەی غەریزەکانی ئێمە لەوێدایە. لە دیاردەی ئۆراسیاییدا،

«ئاسیا» بە پلەی یەکەم چەمکێکی ئەنتۆلۆژیکییە کە لەگەڵ «بوونی پاك»دا پەیوەندیی هەیە. ئەمە ماڵێکە هەتاوی ژیان، هەتاوی راستی، هەتاوی دەست لێنەدراو، هەتاوی نوێ، هەتاوی پاك، هەتاوێك کە تازە دێتە ئاسمانەوە، لەوێوە هەڵدێت. هەتاوی مێتافیزیکی یەکێک لە گرنگترین، بنەڕەتیترین سەرچاوەکانی وزەی جیهانبینیی ئۆراسیایی هەتاوییە. ئەمە «بەشی ئاسیایی» فەلسەفەی ئۆراسیاییە.

## بیری دوورخستنەوەی رۆژئاوا

رۆژئاوا، بە پێی تیۆری سوهرەوەردی، لەسەر نەخشەی ئەنتۆلۆژی جیهان، لە سەر نەخشەی بوون، لەم جوگرافیا پیرۆزە مێتافیزیکییەدا چی شوێنێکی هەیە؟ سوهرەوەردی خۆی ناویدەنێت «وڵاتی بیری دوورخراوەکان». ئەوێ شوێنی لاوازبوونی تیشکەکانی بوونە، جەمسەری ئەنترۆپی، وڵاتی ونبوون لەناو بووندا و ناوەڕۆکی ناڤۆکییە. ئەمە جیهانی داهێزرانی هێزەکان، سوان و لەناوچوونە. بە پێی تیۆری سوهرەوەردی، یەکەم ئەرکی مرۆڤ لە تەوەری خەبەربوونەوەیدا، بریتییە لەوەی کە مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا بژی، تێبگات لەوەی لە رۆژئاوای مینۆکیدا بە سەردەبات. لە دۆخی سروشتیدا، دەڵێی مرۆڤ لەناو تابووتدایە، لە زیندانی جەستەی بێگیان و لە خەودا، لە نائاگایی تەواو سەبارەت بە ئیمکانیاتی رۆحی خۆیدایە و لە هەوڵی گەڕانەوە و بەدەستهێنانی ئاگایی و خەبەربوونەوەیە، بەڵام لەگەڵ تێگەیشتن لە دۆخی کارەساتباری خۆی، دەبێت خۆی لەم زیندانەی رۆژئاوا بێنێتە دەرەوە و دەستبکات بە رۆیشتن بەرەو رۆژهەڵات.

## سەفەر بۆ وڵاتی رۆژهەڵات

بە بڕوای سوهرەوەردی، گرنگترین ئەرکی مرۆڤ سەفەر بۆ وڵاتی رۆژهەڵاتە لە وڵاتی رۆژئاواوە. بە دەربڕینی دی، وازهێنان لە «سەرەتای دوورخستنەوە»، «زیندانەکانی رۆژئاوا» و گەڕانەوە بۆ سەرچاوە/رۆژهەڵاتە. بە لە پاڵ یەك دانانی

نەخشەی مێتافیزیکی و نەخشەی جوگرافیایی، دەبینین کە روسیا لە شوێنێکە لەنێوان ئەوروپا، کە تیایدا ژیار لەبەر چاوان گەیشتۆتە بنبەستی ئەنتۆلۆژی و کەوتۆتە چاڵی ئەنتۆلۆژییەوە، ئاسیا، کە هێشتا بونیادی ژیاری خۆی پاراستووە. روسیا لەلایەکەوە بەرەو رۆژئاوا پەلکێشکراوە و لە لایەکەی دیکەوە لە بەشی فراوانتر، بەهێزتر، مەزنتریدا لە رۆژهەڵاتدا هەڵکەوتووە و بە بەشێکی گەورەی ئاسیا لە قەڵەمدەدرێت و دەکرێت بڵێین بەشی دانەبڕاوە و جیانەکراوەیەتی. لەم روسیا ئەنتۆلۆژییەدا گۆڕانی سەرسووڕهێنەر و هەرەباشی «کۆن» بۆ «نوێ» روودەدات. رێگەی گەیشتن بە سەرچاوەی ئەنتۆلۆژی لە روسیاوە دەڕوات. روسیا خۆی ئەم رێگەیە، بەرەو لەدایکبوونێکی دووبارە، رێگەی گەڕانەوەی مینۆکی. بەڵێ، رێگەی مینۆکی و هاوکات رێگەوبانی فیزیکی، مێژوویی، سیاسی، کولتوری و فیکری، دەروونناسانە، یاخود سایکۆلۆژیایی و ئیستاتیك، یان جوانیناسانە. هەموو ئەمانە پێکهێنەری چەمکی قووڵی ئۆراسیان وەك ئەنتۆلۆژیا، فەلسەفە و مێتافیزیك. ئۆراسیا تەنیا هاوسەنگییەك لەنیوان فلانە رۆژئاوا لەگەل فلانە رۆژهەلات نییە، ئەمە تەنیا بە مانای گفتوگۆ و دیالۆگی نێوانیان نییە. بنەڕەت و ریشەی ئۆراسیا لەڕێگەی رۆژئاوا بۆ رۆژهەلات پێکدێت و ئەمە هەمان رێگەیە، کە لە روسیا بەڕێوەدەبرێت. لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات و هیچ جۆرە رێگەیەکی پێچەوانە لە ئارادا نییە.

## یەکریزیی رۆژئاوا لەگەڵ ئەوروپا (داکەوتن بۆ دۆزەخ)

رۆژئـــاوا کۆتایی ئەنترۆپیایە (ئـەم **وشەیە** لە «ترۆپی» یان وشەی «ترۆپووس»ەوە هاتووە کە بە مانای «رادەی گـۆڕان»ە. بەدەربڕینی دی، زۆربوونی ئەنترۆپی بە مانای زیادکردنی شپرزەی و بێدەستوری و کەم بوونی ئەنترۆپی بە مانای زۆربوونی دیسپلین). ئێمە دەتوانین لەمە تێبگەین، بەڵام بە تیگەیشتن لە رۆژئاوا لە بونیاتی قووڵایی ئەنتۆلۆژی تێدەگەین. ئێمە تێدەگەین کە بارودۆخ لە دوایین هێڵی جیهان و لە تاریکی پەتی و لە سەر سنوری ژیان

چۆناوچۆنە. ئەمە ئەزموونێکی ئێجگار گرنگە و بە پێی تیۆری سوهرەوەردی، بێ ناسینی ئەم ئەزموونە، ئێمە ناتوانین وزەی پێویست بۆ گەڕانەوە پاشکەوت بکەین. بەم بۆنەیەوە، ناسینی ئەوروپا، ئیلاهێکی چاوخومار کە لەسەر دەستی زیۆس دزراوە و خوا دەزانێت بۆ کوێی ڕۆژئاوا براوە، زانست و مەعریفە گرنگە، بەڵام نەرێنییە. دەکرێت ناوبنرێت دیمۆنۆلۆژیا (ئەهریمەنناسی)ی گشتی. نەك هەر شەیتان پەرستەکان ناوی شەیتانەکانیان بە لاوە گرنگ بوو، بەڵکو قەشەکانیش ناوی شەیتانەکان تۆمار و نووسییەوە، لەگەڵیان ئاشنا دەبوون، هەڵبەت نەك بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە، بەڵکو بۆ وێنایەك لەبارەی جوگرافیای رازاوە و نەخشەکان، دیمەنەکان، سنورەکانی نیشتەجێ بوونیان کە لە تەنیشت دوورترین سنوری بووندا هەڵکەوتووە. هەر بۆیە، ئەوروپا بۆ ئۆراسیاییەکان وتەزایەکی پڕاوپڕ نەرێنییە، کە دەکرێت پێی ئاشنابن، بیناسن و خۆشیان بوێت، ڕێك بەو شێوەیەی کە لە دۆزەخ ڕۆحە سەرگەردانەکانیان خۆشدەوێت.

چیرۆکێکی سەرنجراکێش سەبارەت بە ڕۆیشتنی مریەمی پیرۆز بۆ دۆزەخ لە روسیای کەونارادا هەیە. دەچێت بۆ دۆزەخ تاوەکو ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ئەوێ، رزگاریان بکات. چیدی هۆکارێك بۆ رزگارکردنیان نەماوەتەوە، بەڵام هێزی عەشقی ئەو باڵاتر و سەرتر لە هەرچەشنە لۆژیکی سزادان و هەڵسەنگاندنێکە. مریەمی پیرۆز لێیان خۆشدەبێت و دەیانبەخشێت. هەر بۆیە ئێمە دەتوانین ئەوروپا وەك کەسانی نەخۆشی بیانی کە تووشی نەخۆشییەکی بێدەرمان و بێچارەسەر بوون، وەك کەسانی رژدو تاوانکار خۆش بووێت. ئێمە دەتوانین ئەوروپامان خۆش بووێت، بەڵام ئەمە جۆرێکی تایبەتە لە خۆشەویستی. ئێمە لە سەرمانە ڕۆژئاوا بهێنین بۆ ڕۆژهەڵات، لە بەرئەمە ئێمە سوپای ڕۆژهەڵات، سوپای ناسینی ڕۆشنایی بەرەبەیانین کە بۆئەوەی خۆی، واتە ڕۆژهەڵات بە تەواوی لە ڕۆژئاوادا یەکریز بکات، تاکو لەڕاستیدا چیدی ڕۆژئاوایەك بوونی نەبێت و تەنیا ڕۆژهەڵاتی رەها لە ئارادا بێت، تەنیا روسیا توانای ئەنجامدانی ئەم کارەی هەیە، چونکە روسیا بەشێکە لە هەر دووی ئەم واقیعانە.

## فریشتەی ڕەنگ ئەرخەوانیی ڕوسیا

لە نوسینەکانی سوهرەوەردیدا، بەشێکی سەیر لە بارەی چیایەکی پیرۆزەوە هەیە، کە چیای «قاف»ی پێدەوترێت و شارێکی ڕەمزو ڕازاوی لە لوتکەکەیدایە. لەوێدایە کە گەڕانەوە لە «بیر»ەکانی دوورخستنەوەی ڕۆژئاوایی بۆ وڵاتی ڕۆژهەڵات ڕوودەدات. فریشتەیەك بە باڵی هەرە سەیر و سەمەرەوە لەسەر لوتکەی ئەم کێوە وەستاوە. یەکێک لە باڵەکانی سپی و ئەویدی ڕەشە. «فریشتەی ڕەنگ ئەرخەوانی»شی پێدەڵێن، چونکە ئاوێتەبوونی نوری پاك لەگەڵ تاریکی، ڕەنگی ئەرخەوانیی لێدەکەوێتەوە. حەقیقەتی «فریشتەی ئەرخەوانی» حەقیقەتی تێپەڕین لە تاریکایی ڕۆژئاوایی بۆ ڕووناکیی ڕۆژهەڵات، بۆ هەڵاتنی نەمری ئاسیای مەزنی پیرۆزە، هەر ئەم فریشتە نهێنی ئامێزە و جەوهەری شاراوەی ڕوسیا، پەیامی مێژوویی و مینۆکییە، کە هەموو شتێکمان لەوانە سیاسەت، کولتور و کۆمەڵناسی و مێژوومان دەگرێتەوە.

## ئامۆژەی ئایینی: بانگهێشت بۆ تۆبەکردن

ئامۆژە و فێرکاری ئۆراسیایی بە پلەی یەکەم، فێرکارییەکی مینۆکییە لە مانای بەناوبانگی ئەم قوتابخانە دوورئەندێشانەدا. ئەمە خاڵی بەیەك گەیشتنی ڕووبارە مەزنەکانی بیر و ئەندێشەکانە. ئەمە دۆکترینی خۆبژێوە کە هەموو شت بە خەڵك دەدات: مانای ژیان، توانای ڕۆنان و دۆزینەوەی ڕووگەی ڕاستی عەشق. فەلسەفەی ئۆراسیایی، ئەم بیرکردنەوەیە بە یارمەتیی دڵ. ئەم قووڵایی ڕامانانەیە لەدڵەوە. ئۆراسیایی بانگهێشتە بۆ ئەزموونی پێغەمبەرانە. وەرن بیری خۆمانی بێنینەوە کە پێغەمبەرانی ئینجیل چ کەسانێك بوون. ئەوان شوناسی نەتەوەکەی خۆیان پتەوترکرد. دەیانوت: «ڕاپەڕە ئیسرائیل، نەتەوە ڕاپەڕە، تۆ بە چۆکداهاتووی، بێ ئەخلاق بوویت، بە تەواوی خووی بەرازت گرتووە، ئەمە دروست نییە، بەسە، ڕاپەڕە، ڕاپەڕە، بگەڕێوە بۆ شوناسی سەرەکیی خۆت».

مەگەر ئێمەی ئۆراسیاییش هەر ئەم قسانە ناکەین؟ ئێمە بە نەتەوەکەی خۆمان دەڵێین «نەتەوە، مرۆڤی روس، نەتەوەی ئۆراسیایی، ئەوە خەریکی چین ئێوە بوونەتە چی بەرازێك! بەسە. دەبێت خاڵی کۆتایی لە بەردەم ئەم کەوتنەدا دابنرێت. مرۆڤی روس هەستە سەرپێ!» ئێمە هەر ئەوکارە دەکەین، کە پێغەمبەرەکان کردیان: ئێمە شوناسی سەرەکیی خۆمان بۆ نەتەوەکەمان دەگەڕێنینەوە. داوا لە نەتەوەکەمان دەکەین بۆ گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی راپەڕێت.

## حەقیقەتی ئۆراسیایی

پێغەمبەران چ کارێکی دیکەیان ئەنجامدەدا؟ باسی خاڵە لاوازەکانی سیستمە هەبووەکانیان دەکرد، حەقیقەتیان دەهێنایە زمان و بەم بۆنەیەوە، خۆشیان نەدەویستن و زۆربەی جار دەکەوتنە بەر شەپۆلی تووڕەیی و رقی خەڵکەکە. ئۆراسیاییەکانیش زۆر خۆشەویست نین، چونکە ئێمە کاتێك لە شوێنێکدا شتێکی خراپ دەبینین، بە دڵنیاییەوە دەڵێین خراپە و گەر باش بێت، دەڵێین باشە، بەڵام دەوڵەتمەدارەکان و زۆربەی خەڵك حەزیان لەم ئاکارە نییە. ئەوان دەیانەوێت ئێمە، یان بێدەنگ بین، یان تەنیا قسەی خۆشیان بۆ بکەین، رێك وەك پێداهەڵدان بە مردووەکاندا. ئێمە وەك خۆمان لەسەر هەموو شتێك، حەقیقەتەکان راستگۆیانە دێنینە زمان، کاتێك ئێمە شتێك دەبینین کە رقمان لێیەتی، کە ئازاری رۆحمان دەدات، کە لەگەڵ رۆحییەت و هزروبیری ئێمەدا دژیەکی هەیە، قسەی توندیشی لەبارەوە دەکەین. بەم بۆنەیەوە، دەتوانین لە هەلومەرجی تایبەتدا تووشی تەریك کەوتن و تەنیایی بین. لە گێڕانەوەی حەقیقەتدا هەمیشە پێویستە خۆمان بۆ تەنیایی و تەریك کەوتن ئامادەبکەین. هەرچەند حاڵەتی ریزپەڕیش بوونی هەیە، هەندێکجار بە باوەشی کراوەوە

پێشوازی لە پێغەمبەرەکان دەکرا، لە رووی خۆراك و پێداویستییەکانی ژیانەوە دابینیاندەکردن، دەیانخستنە سەر دەست و هەندێکجاریش بەردبارانیان دەکردن. ئەمانە دوو تەوەری گرێدراون لە بوونی پێغەمبەریدایە، هەر بۆیە، گەر ئێمە ئۆراسیایی وشیارین دەبێت بە ئارامی و لەسەرخۆ هەموو شتێک تێپەڕێنین. ئەمە بەو مانایە نییە، ئێمە تەنیا بە دوای شتێکەوە بین، کە لە بەرانبەردا تف بە سەر و چاوماندا بکەن، گولـلەبارانمان بکەن، بمانبەستنەوە و ئازادیمان لێزەوتبکەن... رەنگە لە شوێنێکیشدا خواردنیشمان بدەنێ، رێزیشمان بگرن و ئێمەش بخەنە سەر دەست، لە شوێنێکیشدا تفمان لێ بکەن، لێمان بدەن و گاڵتەمان پێ بکەن. ئۆراسیاییەکان وەك پێغەمبەرەکان دەبێت پەیامهێنەری حەقیقەت بن، دەبێت حەقیقەت بگەیەننە گوێی هەموان و داکۆکی لە ئیرادە و ویستی خۆیان بکەن.

## شیکاریی ئۆراسیایی

پێغەمبەرەکان، ئیتر چی کارێکی دیکە ئەنجامدەدەن؟ ئەوان پەیوەندی لەنێوان هۆکار و هۆکرددا دروستدەکەن. «هۆشیاربەرەوە حاکمی مەزن، تۆ سەرپێچیت لە قبووڵکردنی خواوەندی راستەقینە کردووە، هەر بۆیە خواوەند سزای دای، دیوارەکانی ماڵەکەتی داڕووخـانـد، شارەکەتی وێرانکرد، کوا وڵاتی مەزنی بابل کە ئەو هەموو دەسەڵاتەی هەبوو؟ ئیدی پاشاکانی بابل ئاسەواریشیان نەماوە. بۆچی؟ چونکە خودای راستەقینەیان رەتدەکردەوە». سەردەمی ئێمە ئەم کارە دەقاودەقی راڤە و شیکاریی سیاسی و پۆلیتۆلۆژیای قووڵاییەکانە. خەڵك بە راڤە و شیکردنەوەی هۆکاری دیاردەگەلێکی تایبەتەوە سەرقاڵن و نیشانیدەدەن، کە ئەوانە لە چی رێگەیەکەوە دواهاتی دیاریکراویان لێدەکەوێتەوە. ئەمە توخمی ئانالیزی ئۆراسیاییە.

## زمانی ئۆراسیایی

زمانی پێغەمبەرەکان زمانێکی تایبەتە: زمانێکی شاعیرانە و مێتافۆرییە. ئۆراسیاییش بۆ زمان و ئانالیزی خۆی، لە شیعر، یاخود فەلسەفەی باڵادا دەگەڕێت، گرنگ نییە لە کام پانتاییدا، لە پانتایی ژیانی رۆژانە، لە وردەکاریی راگوزەری و خێرا، ژمارەکانی بوودجە، ناوی سیاسەتمەدارانی لەپڕ هاتوو، یان جەنجاڵی بۆش و بەتاڵ و راگوزەری بێت، بەڵام خوازە و مێتافۆرەکانمان ورد و رێکن، ئەم چیرۆکانە بە رێژەیەک جێگەی تێگەیشتنن، کە دەکرێت روونتر لە هەر چەشنە لێکدانەوە و پێناسەیەکی لۆژیکی وەریانبگرین.

## پێشبینیی ئۆراسیایی

پێغەمبەرەکان چی تر دەکەن؟ باسی داهاتوو دەکەن: «دەبینم چۆن کێوی مەزن دادڕمێت». ئەمە پێشبینیی ئۆراسیاییە. ئێمەی ئۆراسیاییش بە هەمانشێوە، وەك پێغەمبەرەکان، پێشبینی داهاتوو دەکەین: «ئەوەندە ناخایەنێت پایە و بناغەی روسیا دەهەژێت، کولـلە پرتەقاڵییەکان بە سەر ئاسمانی روسیاوە دەفڕن و لە خوارەوە، لە ناوەوە، دەروون ناحەزانی رەشبیر و تاریكئەندێش، کە ماوەیەك لە چنگی دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیێت و دەوڵەتمەداریی روسیا بەندبوو، بۆ سەرەوە دەکشێن. بۆ سەرەوە دەکشێن، چونکە کاتی فڕێدانی هەموو ئەم پیسییانە لە تێکڕای کون و کەلەبەرەکانەوە هاتووە و دۆخی روسیای ئێمە، کە ئێستاش هێندە خاوێن نییە، خراپتر دەبێت». ئامۆژەی ئۆراسیایی، ئامۆژەیەکی مینۆکی و پێغەمبەرانەیە، ئەمە ئامۆژە و فێرکارییەکی بە رادەی پێویست هاوچەرخە، چونکە ئەو کەیسانەی باسمانکرد، تا رادەیەك خاوەنی ناونیشانی دیکەن. هەندێکجار کەڵك لە دەستەواژەی دیکە وەردەگرین، بەڵام لەو پێناسە کلاسیکیانەن، کە لە لایەن نوخبەگەلی رۆشنبیری سیاسییەوە گرنگییان پێدەدرێت.

## ڕێسا و دیسپلینی ئۆراسیایی: ریشەی ئازادی

بەڵام دوایین توخمی فەلسەفەی ئۆراسیایی. بۆ دیاریکردنی شوناسی خود، پێویستە بوترێت ئێمە هیچ شتێك نین. تا ئێستا باسی هەر شتێك کراوە، ئەوەندە پڕ وزە، قووڵ و رەها بووە، کە شوێنێك بۆ دژایەتیکردن و ئۆپۆزیسیۆن نامێنێتەوە. پێدەچێت هەموو ئەوانەی وتراون، بە رادەی پێویست دیار و روون، سەیر و راست بن. هۆکار و بورهانی ئەو قسەیەی کە کردومانە، لە خۆتاندا هەیە. ئێوە سەیرێکی خۆتان بکەن، دەستێك لە خۆتان بدەن، ئێوە، خەڵکانی روسن، ئێوە بوونتان هەیە، ئێوە هاتوونەتە سەر ئەم جیهانە و هێشتا زیندوون، نەمردوون. ئەمە بێگومان باڵاترین و باشترین شایەت و بورهانی دادپەروەریی رەهای تێکڕای ئەو بونیادە باسکراوەیە. ئێوە «بورهان»ی لە سەر حەقبوونی ئەندێشەی ئۆراسیایین. ئەو شتەن کە لە قوتابخانەی سۆفییەکاندا پێیدەڵێن «حوجەت». گەڕان لە چەشنێك بونیادی ئاڵۆز و دژوار زەروور نییە، بە زمان هێنانی قسە و باسی بەتاڵی، زیادە پێویست ناکات. خودی واقیعی بوونی مرۆڤی روس، خۆی لەخۆیدا بورهانی سەرکەوتنی رەهای لەسەرحەقبوونی ئۆراسیاییە. دوای ئەمە، ئەو بە هەر جۆرێك بیەوێت و بتوانێت، بە ئاشکرا یان شاراوە، خودئاگا یاخود ناخودئاگایانە، پەیڕەوی لە لۆژیکی ئۆراسیاییمان دەکات.

مانای ئەندێشەی ئۆراسیایی لەوەدایە، ئەم دۆکترینە تۆتالیتارە، رەها و ئەستەمە، دەبێتە ریشەی ئازادیتان. ئەم دۆکترینە لەگەڵ ئازادی یەکدەنگ دەبێت. لەڕاستیدا لەو چرکەدا دەبێتە ئۆراسیایی کە ئێوە فەرمانی ناخۆشی بەرپرسەکەتان جێبەجێدەکەن و لەو ناوەشدا ئەوەی خۆتان دەتانەوێت ئەنجامیدەدەن. ئەو دەمەی فەرمان لەگەڵ خواستەکانی ئێوەدا یەك دەگرێت و هاوئاسۆی پێداویستییە رۆحییەکانتان دەردەکەوێت. ئەمە ئۆراسیایی راستەقینەیە. کاتێك ئازادیی رەها لە سەنتێزی تەواو لەگەڵ دەستوری رەها ئاوێتەی یەکدی دەبن و تێکەڵاوی

دروستدەبێت. لە حاڵەتێکی وەهادا، بێگومان وێناکان لەمەڕ لایەن و ڕەهەندە نێگەتیڤەکان لەناودەچن و سیمای دوژمن دەخرێتە دواوە و دیارنامێنێت. ئەمە بابەتێکی دادپەروەرانەیە، چونکە سەرەتا بۆ ئەوەی بکرێت بە شێوەی ڕێکخراو دەرکەویت، وەك دەسەڵاتێکی بەهێز خۆدەرخەیت، دەبێت باسی بەرنامەگەلی پۆزەتیڤ بکەیت.هەموو ئەوانەی باسکران، بەرنامەی ئەرێنی و پۆزەتیڤ بوون، بەڵام دەبێت ئاوڕ لە بەرنامەی نەرێنی و نێگەتیڤیش بدرێتەوە. هەرکە دێنە سەر ئەم دنیایە، دەستبەجێ تووشی بەڵای نائۆراسیایی دەبن، کەواتە چۆن دەبێ سنوری نێوان خۆیی و دوژمن، دیاریبکرێت؟

### ئەتڵانتیزم: شەڕی ڕەها

بۆ پێناسەی تەواوی ئەوەی کە دوژمنی ئێمەیە، زاراوەی «ئەتڵانتیزم» پێشنیار دەکەین. ئەتڵانتیستەکان، گوێزەرەوەکانی دۆکترینی «بیری ڕۆژئاوا»ن و ئەنتی تێزی ڕاستەوخۆی فەلسەفەی ئۆراسیاییمانن. ئەتڵانتیزم بە شێوەی ڕەسمی بەهای نەتەوەکەمان ڕەتدەکاتەوە، لە جیاتی ئەوە یان جەماوەر هەیە، یاخود تاك. ئەتڵانتیزم زەویی زیندوو، سەر بەو زەوییە بوون، ڕەتدەکاتەوە و پەیڕەوی لە وەك دەڵێن «کۆچنشینیی قیرتاوی» دەکاتەوە. هەرچەندە لێرەدا دەستەواژەی کۆچنشینی (کە ئەویش دەتوانێت گرێدراوی دیمەنی خۆجێیی، زەوی، خاك و فەزای خۆیی بێت)، جۆری قیرتاوی، کۆچنشینیی دەستکرد بەکاردەهێنرێت. جێگۆڕکێی مەجازی و هەمیشەیی لەنێوان مەك دۆناڵدەکانی جۆرێکدا لە تەلئەبیب، واشنتۆن، مۆسکۆ و تۆکیۆ و ... هەر ئەو مەك دۆناڵدە لە هەموو شوێنێك، چی جیاوازییەکی هەیە کە کێ لەوێ خەریکی جوینی هەمبەرگرەکەیەتی. لە جیهانی مەجازیدا هیچ شتێکی واقیعی و ڕاستەقینە بوونی نییە، ئەمە کۆچنشینیی قیرەتاوییە کە زەویی زیندوو لەبەرچاوناگرێت. ئەمە بنەڕەت و حاڵەتی سەرەکیی ئەتڵانتیزمە کە لە هەر لایەکەوە دزە دەکاتە هەموو شوێنێك.

## کەناڵی ئێم تیڤی (MTV): روکار و بەرجەستەبوونی رژدی و ویرانی: بە پێویست دانانی لاوازکردن

سەیرکەن، کەناڵی ئێم تیڤی نموونەیەکی کلاسیکە لە ریکلام. ئەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە بە شێوەی پسپۆڕانە و پیشەیی دامەزراوە و بە توندی پابەندە بە رێلە و بڵاوکردنەوەی کۆدی ئەتڵانتیکی، بە پلەی یەکەم بۆ گەنجەکان. ئەتڵانتیزم نەرێکردنی نەمرییە، چونکە تەوەری «تەنانەت گەر یەك رۆژ بێت، با هی من بێت» بنەڕەتەکەی پێکدێنێت، بنەڕەتی لە پرەنسیپگەلی ناچاریی «ئێستا بژی!»، «لەم چرکە چێژ وەربگرە!»، «ئەزیەتی خۆت مەدە!»، «ریلاکس!» پێکدێت، بەڵام لە راستیدا ئەمانە هەموو فەرمان و ئەمرن. ئێوە دەڵێن چی؟ خواردنێکی خۆشیان پێشکەشکردون؟ بە هیچ شێوەیەك شتی وا نییە، ئێوە ئەم فەرمان و ئەمرانەتان وەرگرتووە. ئەوەی ئێوە لە ئۆراسیاییەکانەوە وەریدەگرن، ئێمە هیچ ناشارینەوە و بە ئاشکرا باسی ئەم شتانە دەکەین، ئەم فەرمانانەیە: «بن بە باڵاتر لەوەی کە هەن، خۆتان بە کامڵی بگەیەنن، روونتربېنەوە، پاکتر بن و بوێرتر بجووڵێنەوە، منداڵانی تەندروست و جوان بهێننە دنیاوە، مێژوو  دروستبکەن». ئەمە فەرمانەکانی ئێمەیە. بەڵێ ئەمە فەرمانە و ئێمە هیچ شتێکتان لێناشارینەوە. ئەتڵانتیستییەکان زیرەکانەتر کاردەکەن، ئەوان دەڵێن»ئارام بن! ریلاکس!» گەر تۆ ناتەوێت بحەسێیتەوە، دەوەستی و قورسایی بەرزدەکەیتەوە. لەو بارەدا چی بکەین؟ قورساییەکە بەرزنەکەینەوە؟ ئەمەش فەرمانە، «ئەزیەتی خۆت مەدە»، «پشوو بدە»، «ریلاکس». گەر ئەم وشەیە بەردەوام دووبارە بکەنەوە،، دەچێتە دەروونی نائاگاوە و ئەو کۆدەتان لەسەر دادەنێت. ئەتڵانتیزم کۆد لە سەر هەمووومان دادەنێت، لە بابەتێکدا کۆسپ دەخاتە سەر رێگەمان و بەرەو کەیس و بابەتێکی دی پاڵمان پێوەدەنێت، ناچار بە ئەنجامدانی کارێکمان دەکات، کە ئارەزوی ناکەین و حەزمان لێی نییە.

ڕەنگە دیاردەی ئۆراسیاییش بۆ ئەنجامی هەندێك كار ناچارمان بكات كە ئارەزوی ناكەین، بەڵام ئەوەی راستیبێت ئێمە لە بنەڕەتدا ئارەزوی ئەنجامی هیچ شتێك ناكەین، مرۆڤ بە شێوەی سروشتی بوونەوەرێكی تەمبەڵ و تەوەزلە، بەڵام ئۆراسیایی بە زۆری دەڵێت «ئێمە ئێوە ناچار بە ئەنجامدانی ئەو كارانە دەكەین، كە ئێوە حەزتان لێی نییە. چونكە ئێمە بە پەرۆشەوەین بۆتان، بەرانبەر بە ئێوە هەست بە بەرپرسیارێتی دەكەین، ئێوە تەنانەت پێچەوانەی خواست و ئیرادەی خۆتان باشتر دەبن، جوانتر و بەڕێزتر دەبن، بەختەوەرتر دەبن». ئۆراسیاییەكان بە شێویەكی دیار و راشكاو مشتەكانیان نیشانی خەڵكدەدەن و دەڵێن «ئێمە بەختەوەرتان دەكەین» و هەر ئەم كارەش دەكەن، بەختەوەریان دەكەن و دوژمنەكانمان، ئەتلانتیستەكان، دەست بە فرتوفێڵ دەكەن. ئەوان دەڵێن «هەموو شتێک نۆرماڵ و ئاساییە، هەموو شتێك باشە، هەر ئاواش باشە!» لەڕاستیدا ئەوان بە لاڕێماندا دەبەن. لەوانەیە ئێوە لەناكاو حەز بە «باش، نۆرماڵ، هەر ئاوا باشە» نەكەن، ئەی ئەو كاتە دەبێت چی رووبدات؟ ڕەنگە لە پڕ خواستی شتێكی تەواو پێچەوانەی ئەمانە بكەن. لە پڕ بخوازن لەمپەرەكان لەسەر ڕێگە لابەرن، بەڵام پێتاندەڵێن: «وازبێنە، سێكس بێمەترسیترە... بیرت لێكردووەتەوە... بەسە. با بڕۆین بیرەیەك بخۆینەوە». لێرەشدا فەرمانەكان دەردەكرێن، دەستوری تۆتالیتار لە ئارادایە، ڕێك وەك دەستورەكەی ئێمە. ناتوانین بڵێین كامیان خراپترە. بە هەمان رادە تۆتالیتارە و بە هەمان رادەش زۆر لە ئیرادەمان دەكات. جیاوازییەكە تەنیا لەوەدایە، كە ئێمە دەڵێین بەرەو كوێ ڕێنماییتان دەكەین، بەڵام ئەوان هیچ ناڵێن، چونكە گەر ئەوان شوناسی ئەم بەرنامە ئایدۆلۆژییە دەربخەن، ئێوە دەتۆقێن و روسەكان تەنیا ئەم كەناڵە وێران دەكەن.

## بوونناسیی ئانترۆپیی ڕۆژئاوای دوور (پشت کۆڵەکەکانی هیراکلیس)

ئەتڵانتیزم نەفرەت لە روسیا دەکات، ئەتڵانتیزم دژ بە ڕۆژهەڵات وەستاوە، ئەتڵانتیزم فەلسەفەی ڕۆژئاوای دوورە. کاتی خۆی ژیاری کەونارا لە تانجەر دوو کۆڵەکەی چەقاند، کە ئەم وشانە لە سەریاندا هەڵکۆڵرابوو «Nec Plus Ultra»، واتە نابێت لەم شوێنە زیاتر بۆ پێشەوە بچن. تا کاتێك ئەم ستوونانە بەرگرییان لە مرۆڤایەتی دەکرد، دەروازەی ڕۆژئاوای ئەنتۆلۆژیکی قفڵ درابوو، بەم نووسراوانەی سەر دوو کۆڵەکەکە داخرابوو، هەموو شتێک کەم تا زۆر باش بوو، بەڵام مرۆڤێکی پیس و بەرازخو بووە و خۆی بەو ناوەدا کرد، کە ئەم زەلامە پێی خستە ئەو ناوە، مۆر و قفڵی ئەنتۆلۆژیکیی ئەوێ شکا.

ئیوە دەزانن مانای دۆلار چییە؟ ئەمانە دوو کۆڵەکەی هیراکلیسن، کە لە وێنە کۆنەکاندا باندێکیان بە شێوەی «S» پێکدەهێنا، بەم نوسینەوە کە «نابێت لەو کۆڵەکانە پێشتر بچیت»، بەڵام لەسەر دۆلارەکان نەنووسراوە «Nec Plus Ultra »، بەڵکو دەستەواژەی « Plus Ultra» بە مانای «چوونە ناوەوە ئازادە» و دەتوانن بچنە پێشتر، نووسراوە. ئەمڕۆ دۆلار بە مانای جوڵە لەوپەڕی ئەم ستونانە و چوونە ناو ناوچەی یاساغ، چوون بۆ ڕۆژئاوای دوور و ئەتڵانتیکە. ئەمە بەو مانایە کە لیڤیاتان (گیانلەبەری زەبەلاحی ترسناکی ئاوی، وەك ئەژدیها) کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەند و زنجیردابوو، لە کۆتوبەندی کۆن رزگاری بووە و کاتێك کە پاپۆڕەکانی کۆلیمۆ و گەڕیدەکانی دیکەی ئەوروپی کە لە ڕێگەی کەنداوی ئەتڵانتیکەوە بەرەو ئەو پەڕ دەستیان بە گەشت کرد، کۆتوبەند و زنجیرەکانیش لیڤیاتانیش پسان. لیڤیاتان هەستایە سەرپێ. ئەمە هەمان ئەتڵانتیزمە، فەلسەفەی ڕۆژئاوای دوور، هێرشی ئەنتۆلۆژیکیی بیری دوورخستنەوە. ئەتڵانتیزم هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە دژ بە ئێمەیە.

## جەمسەرگری نیشانەکان

کاتێك دەبینن خەڵك بەش بە بەشی وتەکانمان رەتدەکەنەوە، تەنانەت ئەو کەیسانەش، کە ئێمە هەستی پێدەکەین، بزانن کە ئەوانە دوژمنن، ئەتڵانتیستەکانن. بەڕادەیەکی دیاریکراو، بە باشی تێدەگەن کە خەریکی چین، خزمەت بە کێ دەکەن، دژ بە کێ خەبات دەکەن، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە سەیوانی ئۆراسیایی دەورووبەری خۆمان بەهرەمەند دەبین، ئەم «مارکە»یە رێك وەك مارکەی سەر ئەو کاڵا و کەرەستانەی لێدێت کە لە فرۆشگاکاندا دەیانکڕین. ئێمە خۆمان لە جیهانی مرۆڤەکاندا نمایشدەکەین. هەڵبەت ئەم مارکەیە دەکرێت بسڕدرێتەوە، یان ئێوە خۆتان بیسڕنەوە وەك تاتۆ، بەڵام ئەنجامدانی هێندەش ئاسان نابێت. هەوڵبدەن تاتۆکە بسڕنەوە! کاتێك خەڵك دەتانبینن حیساب بۆ ئەم نیشانەیە دەکەن و ئەم نیشانەیە لە زۆر کەسدا دەبێتە هۆی دەبڕینی تووڕەیی.

ئۆراسیاییش دەتوانێت شوناسی خۆی بە شێوەیەکی دیکە بگۆڕێت. لانیکەم دەتوانێت سیمای خۆی بگۆڕێت: کەسێك بهێننە پێش چاوی خۆتان کە کڵاوە خۆرگرەکەی بەرئاوەژوو کردووەتە سەری، پانتۆڵی فشی لە پێکردووە و لەسەر شەقامەکان بۆ خۆی دەگەڕێت، ئەمە مانای چییە؟ ئەم مرۆڤە لە چنگی رۆحی ئەتڵانتیزمدا گیری خواردووە. ئەو خزمەت بە لیڤیاتان دەکات. گۆرانی راپ دەڵێت و بێشەرمانە پەنجەی لە کونە لوتیدا دەسوڕێنیت، لە حاڵەتی ریلاکسدایە، هەموو شتێک دیارە. ئەمە لیڤیاتان. هەڵبەت ئەمە هێشتا نوقم بوونی تەواو نییە لە لیڤیاتاندا، بەڵام هەر بەم رادەیەش بابەتێکە کە بە باشی لێکبدرێتەوە. کاتێك ژمارەمان زیاد بکات، تەنها رێگەی هاتنە سەر جادەکان بە کەسانێکی وەها نادەین. دەبێت لەشوێنی تایبەت بە خۆیان، وەك شوێنی تایبەت بە نەخۆشەکان کۆ ببنەوە و لەوێ پانتۆڵەکانیان داکێشن و لاسایی ئێم تی ڤییەکان بکەنەوە و بەو تەختە تایەدارە ترسناکانە بەردەوام هەڵبەز و

دابەز بکەن. ئەمە گەورى ئەتڵانتیکی و لیڤیاتانییەکان بۆ سکێتسوارەکان و راپخوازەکان دەبێت. ترسناکترینی ئەم تەویلانە هی شەپۆل سوارەکان دەبێت. ئەمە ئەنتی ئۆراسیاییترین دیاردەیە. هیچ شتێکی ناحەزتر و رقهەستێنتر لەسواربوون لەسەر تەختەی شەپۆل سواری بەو بزە دان چەرموییانەوە ناتوانێت بوونی ببێت. بە کورتی، ئەتڵانتیزم، دوژمنی رەهای ئێمەیە. ئیدی قسەیەك نامێنێتەوە بیکەین. ئەوەی پێویست بووە وتراوە. ئەوەی تێنەگەیشتووە، هیچ وتەیەکی دیکە یارمەتی نادات، هیچ.

## کێشەی «من»

ئێستا با بێینە سەر ئەم بابەتە، کە وێنای ئۆراسیایی لە مەڕ مرۆڤ چۆنە. لەوانەیە ئێستا ئیدی بە ئاسانی درکی پێبکرێت کە مرۆڤ لەڕوانگەی ئێمەوە، واتە دەرکەوتەی نەتەوە و زەوی، بە دەربڕینی دی، مرۆڤ خۆی لەخۆیدا بوونی نییە و بەشی مەرجداری راستەقینە ئێجگار قووڵترە. بەم بۆنەیەوە، لەنێوان «من» و «تۆ»دا لە چوارچێوەی نەتەوەی خۆماندا، گوشارێکی هێندە زۆری دیالێکتیکی بوونی نییە. «تۆ»، «من» لەڕاستیدا گەر ئێمە هەموومان روسین، چ جیاوازییەکی هەیە، چی دابەشبکەین؟! وێناکردن لەبارەی جیاوازیی خود لەگەڵ ئەوانی دیکە پرسێکی بنەڕەتییە. لێرەوەیە گشتێتی و وێنا سەبارەت بەوەی «مرۆڤ» کەم تا زۆر ناونیشانێکی مەرجدارە، سەرچاوە دەگرێت. باشە، ئەمڕۆ دەچینە لای ئۆراسیا، بۆچی ناوی پەتیا نییە؟ گەر شادە، سەما دەکات، خواردن دەخوات، دەچێت بۆ ماسیگرتن، سەیری ئاسمان دەکات، لە کۆڕ و جڤاتە سیاسییەکاندا بەشداریدەکات، تێز بۆ وەرگرتنی شەهادەکەی دەنووسێت، ئاخر بۆچی واسیایە؟ لە بەرچی ئەو بنبڕانە پێداگریدەکات کە واسیایە؟ بابەتەکە بەمشێوەیە کە ئەوەی روسیە، لەودا دەژی، بە یارمەتیی ئەو

هەناسەدەدات. وێنای ئێمە سەبارەت بە مرۆڤ «تاکەکەسی» نییە. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە خاوەنی کەسایەتی نین. بە پێچەوانەوە، هەرکە خۆمان بە روس هەستپێکرد، روسی ژمارە 15، روسی ژمارە 17، روسی ژمارە 19، بۆ یەکەمجار لە کەسایەتیی راستەقینەی خۆمان دەگەین. ئەمە رەوتێکە بە شێوەی سروشتی و نەك بە شێوەی دەستکرد لە ئارادا دەبێت. «من» خۆی لە ئێمە جیادەبێتەوە، بە تایبەت لە وەڵامی روسی ژمارە 15 و دەڵێت: «نا، ببوورە، من هەڵبەت «»واسیا» نیم، بەڵام «پەتیا»ش نیم. «ئێوە بە واسیا بانگتان کردم و لاتان وابوو من واسیام. وا نییە، لە هەڵەدابوون، زۆرتان پەلەکرد. من ئێستا روسی ژمارە 15م. خۆشحاڵم ئێستا شتێکی خۆمم هەیە، رەنگە پێشوەختیش هەر هەمبووبێت، لەوانەشە ئێستا بووبێت بە هی من»، با دەروونتان سەبارەت بەو «شتە خۆییە» بۆتان بدوێت و ناوی سەرەکی و واقیعی خۆییتان پێبڵێت. زۆربەی جار بە هەڵە ناومان دەنێن. پێشتر بۆنەی تایبەت بە ناونان هەبوو کە تیایدا ناوێکیان بۆ ساوای تازە لە دایکبوو هەڵدەبژارد و کەشوهەوا و رۆژی قەدیسەکانیش لە بەرچاودەگیرا. نەتەوەکانی دیکەش بۆنە و رێورەسمی ناونانی خۆیان هەیە، چوونە ناو، بابەتێکی تەواو جدییە و ناکرێت هەروا لە گۆترە ناوێك بۆ کەسێك دەسنیشان بکرێت.

### ناو مەسەلەیەکی جدییە

سەردەمی سۆڤێت منداڵەکانیان بە هەموو ناوێکەوە، کە بەردەستیان بکەوتایە، ناودەنا. ناوی وەك ئەلیکترۆن، وێلادلەن (توخمی کیمیایی)... تەنانەت هەندێکجار ناوی منداڵەکانیان دەنا رادیۆم. هەڵبەت ئەمانە ناوی راستەقینەی ئێمە نین و ئێمە لە ناوی دیکە بەهرەمەندین. هەنوکە ناونان، کەم تا زۆر بە شێوەی رێکەوتی ئەنجامدەدرێت. تابلۆیەکی ناویان پێداون، کە

بەردەوام لەگەڵ خۆتان بە ئەملاولای دەبەن. «من ماشام، ماشا». «کام ماشا؟!» کە ئێمە ئەم ناوە درۆیینە فڕێدەدەین، ئەو کاتە دەبینە روس. بەم چەشنە، ئێمە لە رێگەی نەتەوەکەمانەوە، لە رێگەی «بێناویمانەوە»، لە رێگەی تێکەڵبوون بە نەتەوەکەمانەوە، لەگەڵ جەستەی گیاندارمان، زمانمان، کولتوری خۆمان، «من»ی راستەقینەی خۆمان دەدۆزینەوە. دواتر بە هەموان دەڵێین: «ناوی من ماکارە، لەمە بەدوا بە ماکار بانگم بکەن» و ئەم ماکارە راستەقینەیە. ئەمە بریسکەی مێنییە، نەك ماکارە. ئێستا جارێ زووە. دەبێت شایستەیی ناومان هەبێت. ئێمە ئێستا بێناوین. دەبێت کەسایەتی دروستبکرێت و گەر دروستنەکرێت، پێویست بە نیگەرانی ناکات. تەنیا مرۆڤی روسی بێ ناو، بوونی دەبێت، کە خواردنی باش دەخوات، بە روسی هەناسە هەڵدەمژێت، گەشت و سەیران دەکات، دەژی، ماسولکەسازی دەکات و رەنگ و رووی تەندروستی هەیە، بەڵام گەر روسی ژمارە 15 بگاتە پلەیەکی سەرووتر، «خود»ی راستەقینە بە دەستبێنێت، چیدی شوێنی هیچ قسە و باسێك نییە، زۆر باش دەبێت. ئێمە تەنها دەڵێین «بەقوربان، تۆ دەبیتە رێبەرمان، دەیەمین، یاخود سەدەمین رێبەر لە بزوتنەوەی ئۆراسیاییمان». تەنانەت بێ ئەوەش هەموو شت باش دەبێت.

## وڕێنە و قسەی پڕوپووچی تاکگەرایی

وڕێنە و قسەی پڕوپووچی تاکگەرایی ئەتڵانتیکی، بەرانبەر بە ئامۆژە و فێرکاریی ئۆراسیایی ئێمە سەبارەت بە پێناسەی مرۆڤ دەوەستێت. ئەتڵانتیزم دەڵێت «ئەمە نە مرۆڤە و نە روس، ئەمە تەنیا واسیایە. هەر بەوشێوەیەی ناونراوە، هەر ئەوەشە. تەنها واسیا، تەنیا «تاك». نەژاد و نەتەوە و زمان گرنگ نییە. ئەمڕۆ زمانی ئەو ئەمەیە، بەیانی زمانێکی دیکە دەبێتە زمانی ئەو. ئەمڕۆ لێرە دەژی، بەیانی دەچێتە شوێنێکی دیکە، بەڵام

هەمیشە و لە هەر هەلومەرجێکدا «تاك»ە. خاوەنی کارتێکە، دەفتەر، ژمارەی سەر ناوچەوان و ژمارەی ناو دەستی راستی، ژمارەی باج و کۆد. هەر ئەمانە و تەواو. ئەو سەربە چ نەتەوەیەکە، لە چ کولتورێکە، بەشێکە لە چی، ئەمانە هەموو دەکەونە پلەی دووەمـەوە. ئەو بەشێك لە هیچ شتێك نییە، ئەو «تەواوە». وێنایەکی وەها لە مەڕ مرۆڤ، وێنایەکی پڕاوپڕ ئەتلانتیکییە.

## مرۆڤ، تەنها، بوونەوەرێکی مەرجدارە

وێنای ئێمە سەبارەت بە مرۆڤ، واتە وێنای ئۆراسیایی فێرمان دەکات کە مرۆڤ بوونەوەرێکی مەرجدارە. لەم حاڵەتەدا دەتوانێت سنورەکانی «من»ی بوونی تا بێکۆتا پەرە پێبدات. بۆ نموونە، پەرەپێدان بەرەو سەرەوە تاوەکو بتوانێت بڵێت: «من رۆحم»، یان پەرەپێدان لە پاناییەوە بۆئەوەی بڵێت «لە مندا سێ یان پێنج کەس دەژین، ئەمە واسیا، ئەمە پەتیا، ئەم دووانە ماشا، رەنگە کەسێکی دیکەش بێت، یان لەوانەشە لە خۆوە کەسێکی دیکەم بۆ ئەم گروپە زیادکردووە...» بەمە دەڵێن دەروونی فراوان و جوان. ئەم فراوان بوونەی سنورەکانی مرۆیی و وێناکردن لەمەڕ «مرۆڤی گەورە» بە زاراوەیەکی زانستی بە ناوی مرۆڤدۆستیی بێکۆتاوە ناودەنرێت. مرۆڤ دەتوانێت تەنانەت بەرەولای خوارەوەش درێژ و پان بێتەوە و بە پەژارەوە بڵێت: «ئاە، خۆ من مەڕم!» لێرەشدا هەر ئەو لە سەر حەق دەبێت، تەنانەت مافی ئەوەی هەیە ببێت بە بەراز. وێنای ئۆراسیایی سەبارەت بە مرۆڤ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ وەك دەرکەوتەی نەتەوەی خۆی، دیاردەیەکی کاتییە. هەنوکە، ئەو بەمشێوەیە یان بە شێوەیەکی دیکەیە، بەیانی تۆزێك دەگۆڕدرێت. دوو بەیانی «جۆرێکی دیکە»، بەڵام شتی هەمیشەیی و نەگۆڕیش هەیە کە نەتەوە، فەزا، خاك، زەوی و نەمر بوون کە هەمیشە لە نێوماندایە.

## پێویستیی خەبات

ئێستا بڕێک لە وێنای ئۆراسیایی پەیوەندیدار بە سیاسەت دەدوێین. ئامانجی ئێمە، خەبات و سەرکەوتنە بە سەر ئەتڵانتیزمدا. دەبێت بەهاکانی ئۆراسیایی هەمویی و گشتگیر بۆ تێکڕای خەڵك زەرووری بکەین. ئەمە پلان و بەرنامەمانە. ئێمە رێگەی خەباتی ئۆراسیایی لە هەڵوێستی سەرکەوتووەوە دەستپێناکەین. ئێمە لە دەسەڵاتێکی بەزەبری مەزن بەهرەمەندین. چونکە ئۆراسیایی، وڵات، زەوی و رۆحی نەتەوەیە بارودۆخی ئێمە لە کاتی ئێستادا زۆر پرشنگدار و روون نییە، هەر بۆیە چارەسەرکردنی ئەم پرسە کارێکی ئاسان نابێت. دەبێت بە دڵنیاییەوە بەم مەبەستەمان بگەین. گەر بۆ خەڵك، تەنانەت لە دۆخێکی وەهادا، دوورنمای جیهانی و ئیرادەی جیهانی بوونی نەبێت، ئەوان هیچ ناکەن. دەبێت دژ بە ئەتڵانتیزم بوەستین و گەر بتوانین شەڕ و خەباتێکی کارامە بەرینە پێش، هەر ئەمەش باشدەبێت. بە گشتی دەبێت بۆ هەڵوەشانەوەی ئەتڵانتیزم و لە مەیدان دەرکردنی ئەتڵانتیستەکان هەوڵبدەین. گەر بەم ئامانجە بگەین زۆر زۆر باشدەبێت. گەر ئەنجامێکیشمان دەستنەکەوێت، ئەمە بە نەرمی پێش خەباتی سەرەکی، هەژمار دەکەین.

## دەچین بۆ ئەوپەڕی ئاسۆ

چالاکیی ئێمە سنور ناناسێت، هەر بۆیە کاتێك دەڵێن «ئێوە لە کوێدا راوەستان؟» وەڵامی راست بەمشێوەیە دەبێت: ئێمە لە هیچ کوێ نەوەستاین، هەرگیز راناوەستین، چونکە ئۆراسیایی فەلسەفەیەکی کراوەیە». یەکیان دەگەیەنینە کۆتایی و دەپڕژێینە سەر ئەویدی. ئەمە ئایدیایەکی مەزنی وەك روسیای مەزنە. ئەمە ئیمپراتۆرییەتی مەزنی ئۆراسیاییە و بە هیچ شێوەیەك نامانەوێت سنوری بۆ دیاریی بکەین. با ئەوانی دیکە بۆ ئێمە سنور دابنێن و

کاتێك ئێمە بەرەوڕوویان بووینەوە، پێماندەڵێن «منداڵەکان، بۆتان نییە لەمە زیاتر بچنە پێشەوە» و ئێمە هەوڵدەدەین زیاتر بچینە پێش، زیاتریش دەچینە پێش! دەبێت بە بیرکردنەوەیەکی وەهاوە بژین. لەبەر ئەم هۆکارە، دیاریکردنی دۆست و دوژمن بۆ سیاسەتی ئۆراسیایی خاڵێکی ئێجگار گرنگە. ئەمە خاڵێکی سادەیە، بەڵام دەبێت هەمیشە لە بیرمان بێت: ئێمە دوژمنمان هەیە. بێگومان ئەتڵانتیستەکان دوژمنی ئێمەن. ئێمە دۆستیشمان هەیە، خۆمان و ئەو کەسانەی لە ئێمە دەچن. زۆرن ئەوانەی لە ئێمە دەچن، مادام مانای ئۆراسیایی بە باشی بێتە فامکردن، دەردەکەوێت کە قسە لەسەر بزوتنەوەیەکی دیاریکراو، فەلسەفەیەکی جیاواز نییە، بەڵکو لێرەدا باس باسی کۆمەڵێك نەتەوەی گەورەیە. قسە لەسەر خەڵك، خزمەکانتان، باوانی ئێوەیە. ئۆراسیایی لەڕاستیدا، لایەنگریی گەورەی مینۆکی، ئیستاتیك، فەلسەفی، سیاسی و ئەگزیستانسیالیستییە.

### گژوگیای روواو لە درزی قیرتاودا

تاکی ئۆراسیایی چ وێنایەکی لەمەڕ ستراتیژی هەیە؟ ستراتیژی ئۆراسیایی لە دزەکردنی پڕەنسیپ گەلی ئۆراسیایی لە هەموو شوێنێك، رێك وەك رووان و گەشەکردنی گیایەك لە ناو درزی قیرتاودا، پێکهاتووە. خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە ئێمە تەنیا لە سەر کەیسێکی تایبەت و جیاواز چڕنابینەوە. لە هەموو رووبەکەوە دەچینە پێش. ئەمە برەوسەندن و پەرەی ناوچەیەکی ئۆراسیاییە. بەم بۆنەیەوە گەر ئۆراسیایی لە شوێنێکدا تووشی کێشە و گرفتێك دەبێت، لەوێ دەگۆڕێت بۆ شتێکی دیکە، بۆ گیایەك کە لە درزی قیرتاوەوە سەری دەرهێناوە. سەرەتا لقێکی ناسکە و دواتر دەبێتە درەخت، پاشان ئەو دارە گەورە و گەورەتر دەبێت و قیرەتاوەکە دەقلیشێت و رەگ دادەکوتێت و پاش ماوەیەك ئیدی قیرتاو نامێنێتەوە.

## کەشتیی نوحی ئۆراسیا

گەنجانی ئۆراسیایی بوونیان هەیە، بەڵام دەبێت بەساڵاچووانی ئۆراسیایی، پیاوانی ئۆراسیایی، ژنانی ئۆراسیایی و شۆفێری پاسەکانی ئۆراسیایی، پۆلیسی ئۆراسیاییش بوونیان ببێت. واتا ئێمە دەبێت لە کۆی تەواوی ئۆراسیایی بەهرەمەند بین. گەر گەنجان هەن، دەبێت بە ساڵاچووانیش بن، گەر عاقڵەکان هەن، نەزانەکانی ئۆراسیاییش دەبێ بن. گەر چالاکانی ئۆراسیایی هەن، کەواتە ناچالاکانی ئۆراسیاییش دەبێت بوونیان ببێت. دەبێت لە هەموو جووتێك لە کەشتیی نوحدا کۆبکرێتەوە. ئێمە دەبێت جووتێك لە هەموو جۆرە شتێکمان هەبێت. ریك وەك کەشتییەکەی نوح کە تیایدا نوێنەرانی هەموو جۆرە جیاجیاکانیان کۆکردەوە تاکو بەرەو ئەوپەڕی لافاوی گەورە بیانگوازنەوە. بەم چەشنە، لە ئۆراسیاییدا دەبێت دەرهێنەران، ئەکتەران، سەرباز و چەکداران، بانکداران، پاسکیلسواران، خەڵکانی بێ هەر جۆرە پیشەیەکی تایبەت بوونیان هەبێت...

بەمشێوەیە، دەبێت بۆ دۆزیـنـەوەی ئۆراسیاییەکان هەوڵبدرێت. ئۆراسیاییەکان لە دەزگای رێبەریی سەرۆككۆماردا هەن. ئۆراسیاییەکان لە دەوڵەتیشدا هەن، دەوڵەمەندان و هەژاران و دەرۆزەکەرانی ئۆراسیاییش بوونیان هەیە.

## تۆڕی ئۆراسیا

هەرچی زیاتر دەچینە پێش، ئەم پەیوەندییە کە یەك بە ئەویدییەوە پەیوەست دەکات، ئەو تاڵانەی سیستمی پەیوەندییەکان، سیستمی ئۆراسیایی پەیوەندییەکان لەنێوانیاندا دروستدەکات، باشتر دەبینرێت. درک بە هەموو شتێک دەکرێت کە ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژمان بۆ تەرخانکردووە و ماوەیەکی دیکەش بۆ تەیارکردنی بەستێن و بواری چالاکییەکانی بەردەوام دەبین. درەنگ یان زوو دەنگی زوڵاڵی دەبیستین. کەسێك بە شێوەی پسپۆڕانە و پیشەیی

دەپڕژێتە سەر ئۆراسیایی و کەسێکی دی بە شێوەی کتوپڕ و راگوزەری پێوەی سەرقاڵ دەبێت، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە ئۆراسیایی، ناوەڕۆکی ناڤۆکیی رۆح و دەروونە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە تۆڕێکی تەواو ئۆراسیایی پێکبێنین.

### زمانی کاروباری ئۆراسیا

دەبێت فێری خەت و نوسینی ئۆراسیایی ببین و بگەین بە زمانی رەفتاری ئۆراسیایی. ئێستا قۆناغێکە ئۆراسیایی لە قسە و رامانەوە بەرەو کـردەوە دەکشێت. تیۆری ژێستی ئۆراسیایی خـۆی دەیـەوێـت ببێتە گۆڕەپانی کردارەوە. ئەم بابەتە تەواو کامڵ نەبووە و نەگەیشتۆتە کۆتایی. فۆرمۆڵەکردنی ژێستی ئۆراسیایی، شێوازی رەفتاری ئۆراسیایی، شێوازی کات بە سەربردنی ئۆراسیایی، کردەوە ئۆراسیاییە پێویست و زەروورەکانن. لە شوێنێك خەڵکانی ئۆراسیایی ئامادەیی زیاتریان هەیە و لە شوێنێکدا دوو یان سێکەسی لێن، بەڵام تەنانەت هەر ئەم ژمارە کەمەش بەسە بۆ ئەوەی کردار و کردەوەیەکی ئۆراسیایی رووبدات. گرنگ ئەوەیە ئەم کردەوەیە بە (کردەوەیەکی) ئۆراسیایی بناسرێت.

### ئاسانکردنەوەی دیاردەی ئۆراسیا

پەرەسەندن و گەشەی گروپەکان لە رێگەی ئاسانکردنەوەی فۆڕمی پەیامە ئۆراسیاییەکان پێویستە. ئەوەی لێکدرایەوە، بەڕادەی پێویست ئاڵۆز و قورسە. دەبێت ئەمانە شی بکرێنەوە و سانا و سادەتر بکرێن و لەسەر خزم و دۆستان تاقی بکرێتەوە بۆ ئەوەی تێبگەین ئەم پەیامانە تاچەند دەبێت سادە بکرێنەوە. دەبێت وشە پێویستەکان بدۆزرێنەوە. ناکرێت ئەم شتانە بە شێوەی دیارینەکراو بە دەستەوە بدرێن. دەتوانرێت بە شێوەی تاقیگەیی، جۆرێك لە فۆرم و شێوەی سادە گەڵاڵە بکرێت، بەڵام ئەم فۆرمە

تاڕادەیەك دەستكرد دەبێت. ئاسانكردنەوە دەبێت لە ڕێگەی خۆمانەوە ڕووبدات. تێگەیشتن لەم ئەندێشە زەرووره. كەوابوو، لەخۆوە، وشەگەلی ڕاست، ڕێفۆرم و دەستەواژەی دروست، باس و مشتومڕی ڕاست و نموونەی گونجاو بۆ ئەوكەسانەی نایانەوێت تێبگەن و گێلن، دەدۆزرێتەوە. ئەم پرۆسە سروشتییە، بە بەردەنگ دانانی زیاتر و زیاتری كەسانی گێل و گەوج، دەبێتە هۆی ئاسان بوونەوەی ئۆرگانی پەیامهێنی ئۆراسیایی.

ئۆراسیایی، ئەو وزە قووڵەیە كە سوك و سانا توانای بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ ئایدۆلۆژیا، ئایدیا و ڕوانگەكانی دیكە هەیە، تەنیا لەبەرئەو هۆكارە ئەگەر ئایدۆلۆژیا نییە، ئایدیا و ڕوانگەش نییە، چونكە ئەمانە بەراورد بە ئۆراسیایی زۆر سەرپێیی و كەمبەهان، هەروەك چوارچێوەی «باخچەی ساوایان». لەوێ ئێمە لەگەڵ منداڵانێك مامەڵە و قسە لەگەڵدا دەكەین، كە سەرقاڵی كارێكی دیكەن، بە لاسارییەوە دەستیان بەرەو پلاكەكانی كارەبا ڕادەكێشن، یان بە مقەستێكەوە هەڕەشە دەكەن و بەرەولای دایكیان هەڵدێن. دەستبەجێ دەردەكەوێت كە ئەوان بیرێكی خراپیان لە مێشكدایە، چۆن دەبێت قسەیان لەگەڵدا بكرێت؟ دەكرێت زوو بەزوو سەبارەت بەوەی كە ٢٢٠ ڤۆڵت واتا چی، كە ئەلیكترۆنەكان لەوێ چی دەكەن و لەبارەی ئەوەی ئەنجامی پەنجەبردن بۆ كونی پلاكەكان چی دەبێت، قسەیان بۆ بكەین... دیارە ئەمە هیچ كاریگەرییەكی لە سەریان نابێت. بە زۆری سەرنجی منداڵەكان بۆ لای شتی دیكە ڕادەكێشن، یاخود كەرەستەیەكی كەمتر مەترسیدار دەدەنە دەستیان و بەرەو لایەكی هێمنتر ڕێنماییان دەكەن. دەڵێن «مقەستت بۆ چییە، مقەستەكە بدە بە من، من تۆپێكت پێدەدەم». منداڵەكە گێژ دەبێت نازانێت مقەستەكە چۆناوچۆن لە دەستی دەرچوو، بەرەولایەكی دیكە وەرچەرخا و تۆپێك بە دەستەوە دەچێتە لای یارییەكی دیكە، كە بێ مەترسیترە.

دیالۆگ و گفتوگۆی ئۆراسیاییەکان لەگەڵ نوێنەری ئایدۆلۆژیاکانی دیکە و هەر کەسێکی دی، جگە لە ئەتڵانتیستەکان، دەبێت رێك بەمشێوەیە ئەنجامبدرێت. ئەتڵانتیستەکان دوژمنن. هەڵبەت کەمن ئەوانەی لە ئەتڵانتیستەکان تێدەگەن. زیاتریان کەسانێکن کە بە شێوەی کاتی تووشی خەمۆکی بوون. لە ئەنجامدا دەبێت سەبارەت بە ئەوان کارێك بکرێت. دەبێت بیانهێنینەوە سەرخۆ، ئاگاداریان بکەینەوە، بەڵام بەنیسبەت ئەو کەسانەی لایەنگر و پەیڕەوی ئایدیاگەلی وەك موحافیزکاری، یان کۆمۆنیستی، یاخود ناسیۆنال-بەڵشەفیکن و لایەنگری ئایدیای ئەتڵانتیکی نین، دەبێت لەگەڵ ئەوان هەروەك منداڵانی مقەست بە دەست کە لە رێگەیەکی ناڕاستەوە دەڕۆن، بە ئارامی و هێمنی گفتوگۆ بکەین. «بەڵێ؟ ئێوە ئاوا بیردەکەنەوە؟ دەی باشە». دەبێت بەرە بەرە ئەم کەسە بۆ حاڵەتیك کە بۆ گۆڕان بشێت، بگوێزرێتەوە.

## راکێشانی هاوپەیمانان

لەو رووەوە کە جگە لە ئەتڵانتیستەکان، هەموو هاوپەیمانان ئۆراسیایین، دەبێت مرۆڤی ئۆراسیایی توانای قسەکردن بە زمانەکانی دیکەی هەبێت. گەر قسەکانیشی جێدەگرێت، دەبێت دەستبەجێ قسەکردن لەمەڕ بزوتنەوەی کرێکاری و پێویستیی ئیمتیازی کاری، سەبارەت بەوەی کە ئێلیگارەکان بەرازخوون و هتد و هتد دەستپێبکات. گەر دەچێتە لای رۆشنبیر، دەبێت لەسەر ئەدەبیاتی مەزنی روسی، پۆشکین، لەبارەی ئەوەی ئەو لە بابەتێکیدا تووشی هەڵە بووە، بەڵام گرنگ نییە، قسە بکات. خاڵی گرنگ ئەوەیە مرۆڤی ئۆراسیایی دەبێت توانای وتووێژی هەبێت، دەبێت بتوانێت بچێتە ناو گفتوگۆکان و ئایدیا و باوەڕی ئۆراسیایی خۆی بباتە پێش. لانیکەم دەبێت بتوانێت نیشاندانی بوونی جۆرێك بەهای بنچینەیی کە ئەو لە بوونیان ئاگادارە لە ئەستۆ بگرێت. ئەوەی لێی بێئاگایە، کە ئێستا لەم چرکەساتەدا لە قسەکردن لەمبارەیەوە خۆی دەبوێرێت، تێیانبگەیەنێت لەبەر ئەم هۆکارە بابەتی پۆشکین دێنێتە بەر باس.

## دەسەڵاتی ئۆراسیایی

دەسەڵاتی ئۆراسیایی، ڕەخساندنی ئەگەر و دەرفەتە بۆ کۆمەڵگە بە مەبەستی بەشداریکردن لە چارەنوسیدا. دەسەڵاتی ئۆراسیایی بە ناوکۆی ژمارەی لایەنگران، چۆنییەتییان، هاوئاهەنگیی هەوڵەکان، توانایی چالاکیی ڕاستەوخۆ، یان ڕێکخراوەیی و توانای دروستکردنی کاریگەری لەسەر بارودۆخ و هەلومەرجەکان هەڵدەسەنگێندرێت. ڕێکخراوی ئۆراسیایی، فەلسەفەی ئۆراسیایی و قەبارەی زۆری ئەدەبی ئۆراسیایی بوونیان هەیە، بەڵام گرنگتر لە هەموو ئەمانە، بوونی غەریزەی ئۆراسیایی، ماسولکەی بەهێزی ئۆراسیایی و پەنجەی پتەوی ئۆراسیایی، ددانی ئۆراسیاییە بۆ ئەوەی لەم جیهانە لێوانلێو لەداو و تەڵە، داڵانی تاریك، ترسناك، پێچ و پەنای فریودەر و دوژمن لە کەمیندایە، بکرێت بە شێوەی شیاو بەرەوپێش بچین. ئەرکی مرۆڤی ئۆراسیایی ئەوەیە توانای چوونە پێشەوەی لەم یارییە مێژوویی و بنەڕەتییەدا هەبێت.

## ئامانجە ئۆراسیاییەکان

ئامانجەکانی ئۆراسیایی لەم چرکەساتە هەنوکەییەدا بریتین لە:

- گۆڕان بە هێزیکی ڕاستەقینە، بەشداریکردن لەو ڕەوت و پرۆسانەی لە وڵاتدا لە ئارادان، کاریگەری دانان لە سەریان بە شێوەی ئۆراسیایی؛

- گۆڕان بە هێز و دەسەڵاتێکی مەزنی وڵات، بەڕێوەبردنی یاسا و ڕێسای ڕێکخستنی شار لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە وەك کەرەستەیەك بۆ چەسپاندنی ئەندێشەی ئۆراسیایی لە ژیانی تاکەکەسیدا؛

-گۆڕانی دووبارەی روسیا بۆ ئیمپراتۆرییەت، دروستکردنی زلهێزی بەهێز لەسەر بنەمای روسیا، ئیمپراتۆرییەتی کیشوەریی ئۆراسیایی و ...

-بەشداریکردن لە قۆناغی کۆتایی گۆڕینی جیهان.

هەر ئەمە. نە کەمتر و نە زیاتر.

# پاری پێنجەم

# کورتەی گەڵاڵەی ئارمانجی و

# ئایدیای سیاسەتی داهاتووی روسیا

# بەشی دوانزەیەم
# بونیادی دەرکەوتن و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی روسیا

## فۆرمۆڵەکانی دروستبوون و پێگەیشتنی روسیا: نەگۆڕەکان (پایەدارەکان) و بگۆڕەکان (ناپایەدارەکان)

کاتی لێکدانەوەی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی روسیا لە رەوتی مێژوویی خۆیدا، لەوانە سەرجەم قۆناغەکان و گۆڕانکارییەکان، دەکرێت دوو تاقم پێوەر بۆ راڤەی راستی ماناو ناوەڕۆکی ئەم بابەتە دیاریبکرێت. لە هەلومەرجی هەنوکەییدا، ئەم بابەتە یارمەتیی دۆزینەوەی مانای ئەوەی لە ئارادایە و هەروەها ئەنجامدانی پێشبینیی کەم تا زۆر دڵنیا سەبارەت بە داهاتوو دەکات. دەکرێت ئەم پێوەرانە لەڕوانگەی بگۆڕ و نەگۆڕبوونەوە بۆ چواربەش دابەش بکرێت:

1)ئەتن و نەژادەکان (شوێنێك کە ناوکی سڵاڤی واتا نەگۆڕەکان هەن و نەك شوێنێك کە کەمینەی ناسڵاڤی واتا بگۆڕەکان بوونیان هەیە) لە نەتەوەدا فۆرمدەگرێتت (نەگۆڕ)؛

2)نەتەوە (نەگۆڕ) دەوڵەت دروست دەکات (بگۆڕ)؛

3)دەوڵەت (بگۆڕ) دەبێت بە ژیار (پایەدار)؛

4)ژیار (پایەدار) فۆرم بە کۆمەڵگە دەدات (بگۆڕ).

دەکرێت ئەمە ناوبنێین « فۆرمۆلی دروست بوونی روسیا». بەم چەشنە، کۆمەڵی بگۆڕ و کۆمەڵێك نەگۆڕمان دەبێت. دەکرێت قۆناغە لۆژیکییەکانی دروستبوونی روسیا لە دوو پارادایمی نزیك لە یەك جێگیر بکرێن.

| بگۆڕەکان | نەگۆڕەکان |
|---|---|
| کەمینە ئەتنییەکان | روسەکان (سلاڤەکان) |
| دەوڵەت | نەتەوە |
| کۆمەڵگە | ژیاری روسی |

**لێکدانەوە سەبارەت بە نەگۆڕەکان (پایەدارەکان)**

ناوکی ئەتنی بریتییە لە کۆی گروپە ئەتنییەکان (هۆز، یەکێتی هۆز، جڤاتی خزمان و دراوسێکان و رێکخراوی هاوعەشیرەتی و هتد)، کە جۆری کولتوری نەتەوە پێکهاتوو لە زمان، کولتور و سیمای مێژوویی و نەریتەکان دەگرێتەوە. نەتەوە دامەزراوەیەکی مێژووییە کە خاوەن ئیرادە و ئامانجدارە. تەنیا بوونی نەتەوە وەك «پایەدار» مێژوو مومکین دەکات (چونکە ئەگەر وانەبێت دیار نییە، ئەوەی روودەدات، کەی روودەدات و لەڕاستیدا چی روودەدات، چونکە مانای مێژووی نەتەوە لە ناوەڕۆکی قووڵیدا شاراوەیە). نەتەوە هەڵگری ناوکە (نەگۆڕی ئەتنی) و پەراوێز (بگۆڕەکانی ئەتنی). سەقامگیربوونی جۆری ئەتنی نەتەوە لە گفتوگۆ لەگەڵ بگۆڕی ناوەکی و دەرەکی (لەبواری نێونەتەوەیی و فرەڕەنگیی ئەتنیی ناوخۆیی) ژیار بەدیدێنێت (کۆی لە گۆڕان نەهاتووی بەها بنەڕەتییەکان لەوانە، تایبەتمەندیی بە کۆمەڵی ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتی، مێتافۆری بنەماڵە و هتد کە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی روسیادا دەردەکەوێت). جۆریشی ئۆراسیاییە (روسیا لە روانگەی جوگرافیاییەوە کەوتووەتە نیوان ئەوروپا و ئاسیا و لەڕوانگەی ناوخۆییشەوە بە ئاوێتەیەك لە میتۆدەکانی ئەوروپی و ئاسیایی لە کولتوری نەتەوەدا، هەژمار دەکرێت). نەگۆڕەکان پێکەوە پەیوەستبوون، بەڵام نۆبەکاریی دیاریکراو لەنێوانیاندا هەیە:

نەگۆڕ (پایەدار)ی سەرەتایی (کە لەڕوانگەی قەبارەوە بچووکترە)، هەر ئەو ناوکی ئەتنییە، نەگۆڕی کۆتایی (لەڕووی قەبارەوە گەورەتر) هەر ئەو ژیارەیە، نەتەوە لەنێوان ئەم دووانەدایە. ناوکی ئەتنی، یەکەم لێدانی ژیانی سەرهەڵدان و بەدیهاتنی کۆمەڵایەتییە و ئەم لێدان و هێزە لە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەی دواییدا دەپارێزرێت. ئەم ناوکە کە پایەدارە، بە شێوەی هەمیشەیی، ژیان و هێز بە بوون و ژینی نەتەوە دەبەخشێت.

ئەم گۆڕانکارییانە بە ئاشکرا لە زمان و رەفتاری کۆدە کولتورییەکاندا بەدیدەکرێن. نەتەوە هەر ئەو هۆز (یاخود گروپێك لە هۆزەکانە) کە هاتووەتەناو مێژوو، زەمەنی تیپەڕاندووە و لەم کاتەدا ئامانجێکی بۆ خۆی دیاریکردووە. نەتەوە هەمان ئەتنە کە پەیامێکی هەیە. ئەتن هەم لە ڕابوردوودا دەژی و هەم لە ئێستادا. کاتێك دەگۆڕێت بۆ نەتەوە، داهاتوو لە بەرانبەریدا دەکرێتەوە. نەتەوە بونیادی بەڕێوەبەرێتیی رێکوپێك و رێکخراو بۆ ئەتن زیاد دەکات. وزەی ئەتنی لە نەتەوەدا دەبێت بە وزەی ناوەندی. ژیاریش بەرهەمی دەرکەوتەی وزەی زۆر و بە دەستوری نەتەوەیە لەبونیادی مینۆکی، مادی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی پێشکەوتوودا. ئەم بونیادە دەتوانێت وەك کۆدی کۆمەڵایەتی لە نێوان نەتەوە و ئەتنەکانی دیکەدا جەختی لێبکرێتەوە، کە لەبەر هەندێك هۆکار بەم ژیارەوە پەیوەست دەبن. ژیار دەربڕی قەبارەی یونیڤێرساڵی پەیامێکی نەتەوەیە. شیاوی ئاماژە پێدانە ناکرێت لەم نەگۆڕە بەدیهاتووە بە نیسبەت هەموو کۆمەڵگەکانەوە کەڵك وەربگیرێت. ئەوان بە شێوەی دڵنیا راڤەکاری لۆژیك و قۆناغەکانی مێژووی روسیان. بەدیهاتنی روسیا سەبارەت بە نەتەوە و کولتورەکانی دیکە دەتوانێت بە شێوەیەکی دیکە لە ئارادا بێت. ئەم یاسایە گشتی نییە، بەڵام ئەوەی باسکرا، پەیوەندیدار بوو بە راڤە و شیکردنەوەی مێژووی روسیا و کۆمەڵگەی روسی.

## لێکدانەوە سەبارەت بە بگۆڕەکان (ناپایەدارەکان)

کەمینە ئەتنییەکان لە بەدیهاتن و کامڵبوونی کۆمەڵایەتیی روسیدا دەکەونە ریزی بگۆڕەکانەوە. ژمارە، بونیاد و بەرهەمەکانیان بـەردەوام لە گۆڕاندایە. گروپێك دێن و گروپێك دەڕۆن. گروپی سێیەم بیر لەوە دەکاتەوە چۆن بچێتە دەرەوە. بەم بۆنەیەوە کەوتوونەتە ریزی بگۆڕەکانەوە. هێڵکارییەکی ئەتنی لە یەکەم قۆناغی بەدیهاتن، لە سەرەتای دەوڵەتمەداریی کییێف، ئەوی دیکەیان لە سەردەمی گەشەسەندنی روسی کییێف، سێیەمیان کە قۆناغی «فیۆداڵ»یدا دەبینین. بەمشێوە، قۆناغی چـوارەم لە هەلومەرجی «ئـۆردووی زێڕین»، پێنجەم سەردەمی روسیای مۆسکۆ و هاوکات لە قۆناغی روسی لیتوانیای تازە گەشەسەندوو، قۆناغی شەشەم قۆناغ لە سەردەمی روسی سەدەی حەڤدەهەم، حەوتەم لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی پێتری یەکەم، هەشتەم لە سەدەی نۆزدەیەم، نۆیەم لە سەردەمی سۆڤێت و قۆناغی دەهەمیش لە سەردەمی هاوچەرخدا دەبینین. لە هەریەك لەم هێڵکارییانەدا هۆز و ئەتنی جیاجیا بەدیدەکرێن. پێڕستی ئەو ئەتنانەی لە هەریەك لە خانەکانی ئەم هێڵکارییەدا هەن، ئێجگار درێژە و گۆڕانەکان زۆر جێگەی تێڕامانن. هۆزەکان شێواز دەگۆڕن، تێکەڵ دەبن، لێکجیادەبنەوە و دیسانەوە پێکەوە پەیوەست دەبن و تا دوایی. لە هەموو ئەم قۆناغانەدا، سەرهەڵدانی نەژادی لە دەوری تەوەرێکی دیاریکراو دەسوڕێتەوە کە لە سلاڤییەکانی رۆژهەڵات پێکهاتووە، کە فۆرم بە پێوەر و نۆرمەتیڤی شوناسی نەژادیی سەرپاکی «گشت» دەدەن. بگۆڕی دوایی «دەوڵەت»ە. دەوڵەت لە ماوەی هەزار ساڵ مێژووی روسیادا، بە دەیانجار ناو و ئایدۆلۆژیا، سنورەکان، ناوەڕۆك و سیستمی سیاسی و بونیادی ئابوری و مۆدێلی مافتەوەری خۆی گۆڕیوە. ناوی جیاواز لە وڵاتەکە نراوە کە نیشانەی واقیعی جۆراوجۆر بووە.

حوکمڕانی نەگۆڕ و پایەدار بووە، بەڵام دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چەندینجار دەوڵەت سەرلەنوێ وازی لە نەتەوە هێناوە. نەتەوە دەرکەوتەی

دەوڵەتمەدارییە، بەڵام دەوڵەت نییە. دەوڵەت بەرهەمی بیانیبوون لە نەتەوەیە. ئەمە مۆدێلی میکانیکییە کە کەوتووەتە سەرووی «ئۆرگانی گشتی»یەوە. دەوڵەت سیستمێکی تایبەت و دیاریکراوە (کە لەسەر بنەمای پایەی مافتەوەر، یاساکان، زەوی و زار و حکومەت) پێکهاتووە. ئەم سیستمە نیشانەی کۆمەڵە پێوەرێکی تایبەتە. پێچەوانەی ژیار، دەوڵەت و سیستمەکانی بگۆڕ و کاتین. دەتوانن بە تێپەڕ بوونی کات و لە هەلومەرجی مێژوویدا، یاخود لەسەر خواستی نەتەوە، گۆڕانیان بە سەردا بێت. ژیار نەگۆڕە و گرێدراوی سیکلی مێژوویی ماوەکورت نییە. هەر دەوڵەتێك بەو پایەداری و نەگۆڕییەی لە لایەن نەتەوەوە دەڕەخسا (لە روسیای کیێفەوە بگرە تاوەکو فیدراسیۆنی هاوچەرخی روسیا)، مۆدیلێکی نۆرمەتیڤ بۆ نەتەوە لەسەر بنەمای خوێندنەوە و وێناکانی خۆی لەمەڕ بونیادی مۆدێل و دڵخواز گەڵاڵە دەکرد. ئەمە هەمان کۆمەڵگەیە. کۆمەڵگە بەرهەمی گەڵاڵەداڕشتنی دەوڵەتە. کۆمەڵگە هەمیشە تاڕادەیەك نەتەوەیی (ئۆرگانیك و هەربەم بۆنەیەشەوە پایەدار) و تاڕادەیەك دەوڵەتی (میکانیکی، دەستکرد و هەر بەم بۆنەیەشەوە بە بگۆڕی) دەمێنێتەوە. لە هەر قۆناغێکی مێژوویی گۆڕاندا، ئێمە بەرەوڕووی کۆمەڵگەی جۆراوجۆر دەبینەوە و ئەمە بنەڕەتی بەرەوڕووبوونەوەی کۆمەڵگەیە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا. «بگۆڕ» وەك ترۆپکی دارە کە لە هەر وەرزێکدا دەگۆڕێت و «نەگۆڕ (پایەدار)» دەکرێت بە رەگی لە حاڵی گەشەدا بشوبهێنین.

## شرۆڤەکانی دەوڵەت

وێنە و وێناکانی هۆزە جیاجیاکانمان لێکدایەوە. «بگۆڕ»ی دوایی، واتا دەوڵەتیش خاوەنی قۆناغی گۆڕانی مێژوویی بووە بەوشێوەیەی لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدرێت:

روسیای کییێف (تێپەڕینی نوخبەکانی شازادەنشینی ئالۆژێنیك (خزمینەیی)، یەکڕیزیی هـۆزە سلاڤییەکانی رۆژهـەڵات و فنلەند - ئۆیغوری، پەیوەستبوون بە مەسیحییەت، ناوەندگەرایی)؛ شازادەنشینەکانی سەربەخۆی روس (خۆبواردن لە یەکڕیزی، ناوەندگەرایی)؛ چوونەناو ئۆردووی (نوخبەکانی تاتاری، بەردەوامیی دابڕان، گەشەسەندنی بەرە بەرەی مۆسکۆ)؛ روسیای لیتوانیا (نوخبەکانی روسی- لیتوانیایی، دواتر هەنگاریا- لیتوانیایی)، شازادەنشینی روسیای مۆسکۆ (پلەدارانی ئایینیی روسیای سەڵتەنەتی، روسیای پیرۆز، تیۆری سیاسیی سەدەکانی پازدە و شازدە، تەشقی خودئاگایی مێژوویی)؛ چاکسازییەکانی پێتری یەکەم (نوخبەکانی ئەڵمانی، ئیمپراتۆرییەتی لائیکی روسیا، ئەمپڕیاڵیزم، پێکهێنانی کۆڵۆنیال)؛ یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی (نوخبەکانی بەڵشەفیکی، بە زۆری جوو، ئایدیای سۆڤێت، هەناردەکردنی کۆمۆنیزم لەسەر ئاستی جیهان)؛ فیدراسیۆنی روسیا (نوخبەکانی پاش قۆناغی سۆڤێت، لەدەستچوونی کاریگەری و بڕشتی جیهانی و ناوچەیی- دیموکراسی لیبڕال).

گەر دەکرێت ئەم دەوڵەتانە، زنجیرە هەرێمەکانی دەوڵەتی و ناوچە «کۆمار»ییەکانی کازاخیشی بۆ زیادبکرێت، بە رەسمی پێکەوە بەراوردبکەین، دەبینین سەرجەمیان خاڵێکی هاوبەشی هەرە بچووکیان لەگەڵ یەکدا هەیە. بەردەوامی و مانەوەیان لەسەر حیسابی «نەگۆڕی و پایەداری» لە پانتاییەکی دیکەدا هەبوو، بە ناوی ناوکی نەژادی، نەتەوە و نیشانەکانی ژیاری دابیندەکرا.

# نەخشەی کورت

| قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی روس | دەوڵەت | نوخبەکان | چینەکانی زۆرینە (جەماوەرەکان) | ئایدۆلۆژیا (ئایین) | سیاسەت | نەژادە سەردەستەکانی ناو دەوڵەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی کییەف | روسیای کیف | سوپاییەکانی شازادەنشینی مەزن، ئاغای موڵکدار و خاوەن زەوی، کۆمەڵەی گشتیی روسی کەونارا | جوتیاران و وەرزێڕانی ئازاد | بتپەرستی، مەسیحییەت، دوو ئایینی | ناوەندگەرایی (سەقامگیری لە ناوەند) | هەنگارییەکان و دراوسێکانیان |
| شازادەنشینەکانی سەربەخۆی روس | شازادە نشینەکانی سلۆڤیی رۆژهەڵاتی، شارەکان، دەوڵەتەکان | سوپاییەکانی شازادەنشینی مەزن، ئاغای موڵکدار و خاوە زەوی، کۆمەڵەی گشتیی روسی کەونارا | جوتیاران و وەرزێڕانی ئازاد | بتپەرەستی، مەسیحییەت، دوو ئایینی | جیاکردنەوە | |
| قۆناغی حکومەتی مەغۆل و تاتارەکان | ئۆردوی زێڕین (ئاڵتون ئۆردو) | خاوەن پلەکانی مەغۆل-تاتار، شازادەکانی روس | جوتیاران و وەرزێڕانی ئازاد | شێوازی کردەوەی ئۆردوو، شوناس و رەسەنێتیی ئەرتەدۆکس | پەیڕەوی کردن لە مەغۆلەکان، بەدەستهێنانی لێهاتوویەکانی ئیمپراتۆرییەت | |
| روسیای لیتڤانیا | شازادەنشینی لیتڤانی، و دواتر هەنگاری-لیتڤانی | خاوەن پلەی لیتڤانیایی-روسی، هەنگاری-لیتڤانیایی | کۆمەڵەی وەرزێران و رەعیەتەکان، چینی چەکدارانی قەزاق | شوناسی رەسەنێتیی ئەرتەدۆکس لە ژێر گوشاری کاتۆلیك | خۆڕاگریی زوڵم لێکراوان، راکێشانی بنەماکانی ئەورووپی-کاتۆلیك | هەنگارییەکان و لیتڤانییەکان |
| روسیای مۆسکۆ | تێزارنشینی مۆسکۆ | تێزاری روس، ئەرباب و ئاغاکان | وەرزێڕانی بە تەواوی خزمەتگوزاری دەوڵەت، دەستپێکی سیستەمی ئاغا و رەعیەتی | دۆکترینی مۆسکۆ، رۆم سێیەمە، ئەرتەدۆکسی روسی، ریسالەتی گشتیی روسەکان دروستکردنی پاشایەتیی ئەرتەدۆکس لە سەرتاسەری دونیا | روسە مەزنەکانی | |
| ئیمپراتۆرییەتی روسیەی سەردەمی پێتر | ئیمپراتۆرییەتی روسیا | تێزاری روس، دەرباریەکان، زۆربوونی کاربەدەستانی دەرەکی | وەرزێر و جوتیاری پەتی | سێکۆلارێزاسیۆن،ڤێستێرِن یزاسیۆن و مۆدێرنیزاسیۆن | ئەمپریالیزمی نائایینی نموونەی ئەوروپی | روسە مەزنەکان |
| ئیمپراتۆرییەتی رۆمانۆفەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئیمپراتۆرییەتی روسیا | نۆزدەهەمدا ئیمپراتۆرییەتی روسیا | قەیسەر، دەرباریەکان | وەرزێر و جوتیاری پەتی | ئەرتەدۆکس، حکوومەتی رەها، نەتەوە | پەرەی برشتی روسیا و گەڕان لە شوناسی خود، مۆدێرنیزاسیۆن | روسە مەزنەکان، ئۆکرانیاییەکان، روسەکانی سلۆڤی رۆژهەڵاتی |
| قۆناغی سۆڤێت | یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی | بەلشەڤیکەکان | چینی زەحمەتکێشی سۆڤێت، (چینی کرێکار) | کۆمۆنیزم، مارکسیزم، ئاتێئیزم | سۆسیالیزم، کمۆنیزم، شۆڕشی جیهانی | روسە مەزنەکان، ئۆکرانیاییەکان، بلاروسەکان، (گەشەی هۆکاری تورکی) |
| سەردەمی هاوچەرخ | فیدراسیۆنی روسیا | کارمەندانی دەوڵەت، ئۆلیگارشی | لۆمپەنەکان(چینی بێبەری لە مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی) | | پاراستنی هەلومەرجی هەنوکەیی | رووسە مەزنەکان |

## لێکدانەوەکانی کۆمەڵگە

کۆمەڵگە «بگۆڕ»ێکی دیکەیە کە گۆڕانکارییەکانی بە شێوەی زنجیرەی مێژوویی خوارەوە روودەدەن.

کۆمەڵگە ئازادەکانی سلۆڤی؛ کۆمەڵگە ئازادەکانی سلۆڤی لە ژێر رکێف و کۆیلەیی شازادەنشینەکان کە بەرە بەرە تێگەیشتنیان بە نیسبەت یەکگرتوویی نەتەوەییەوە زیادیدەکرد؛ کۆمەڵگەکانی گەلی سلۆڤی کە لە پرۆسەی بە مەسیحی و کڵێسەییکردندا هەرچی زیاتر لە ئەرك و پەیامی جەماوەری و ئایینی ئاگادار دەبوون؛ کۆمەڵگەکانی گەلی سلۆڤی، کە بە ناوکۆی ئەرتەدۆکس و نۆستالژیای ئەنجامی لەدەستدانی سەربەخۆیی دەوڵەتی (مافی حوکمڕانی)، پێکەوە پەیوەست ببوون و پێشوازییان لە هەندێك لە دامەزراوەکانی «ئۆردوو» دەکرد (رێکخستنی کۆمەڵگە وەك سوپا)؛ کۆمەڵگەی گشتی بە زۆرینەی جوتیاران، کە خوازیاری رزگاری هەموان بوون بە یارمەتی ئایین و دەوڵەتێکیان دەویست، کە بە ئاشکرا لە چاوەڕوانیی مەسیحدا بێت؛ کۆمەڵگەی بە تووندی چینایەتی لە جۆری لائیك کە هەڵگری پەیامی ئایینی نەبوو، تیایدا تیپی کۆمەڵایەتیی نوخبەکان بە ئاشکرا لە تیپی کۆمەڵایەتیی جەماوەری جوتیاری رەعیەت (پەتی)، جیاکرابووەوە، تەنانەت زمان، دابونەریت، جلوبەرگیان جیاوازبوو لە یەکدی؛ کۆمەڵگەی سۆڤێت کە ئایدیالەکانی یەکسانی، ئەنتەرناسیۆنالیزم، مەسیحگەرایی کۆمۆنیستی و تۆتالیتار بنەڕەتیانی پێکدەهێنا؛ کۆمەڵگەی لیبڕال -دیموکرات کە کۆمەڵگەیەکی تاکگەرا، لاوازکراو، بەتاڵ لە ئامانج و مانا بوو، تەنها گرنگی بە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی، باشترکردنی باری ئابوری، پلە و پێگەی تاکەکەسی دەدا.

## شێوازەکانی ئابوری سیاسی فرپیان بە سەر هیچەوە نییە


شێوازەکای ئابوری سیاسی، لەگەڵ هەر یەك لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە هاوئاسۆ دەبوون و بە دیاردەی بونیادی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمدەدران. دەوڵەت واتە ناوەندێتیی سیاسەت. دەوڵەت بە ڕێژەیەکی زۆر لە سەر ڕێسا و دەستوری پرسە ئابوریەکان کاریگەریی دەدانێت، بەڵام بەشێك لە ئیرادەی سیاسی لە کۆمەڵگەدا کۆ بووەتەوە، کە ڕاستەوخۆ لە چالاکی ئابوریدا بەشداریدەکات، هەر بۆیە قۆناغەکانی ئابوری مێژووی روسی، بەرهەم و ئەنجامی کردەوەی قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی و حکومەتی بوون، نەك بابەتێکی سەربەخۆ و تاکڕەوانە. بەکارهێنانی جەبرگەرایی مارکسیزم بە نیسبەت گۆڕانی شێوازی مێژووی روسی قبوڵ ناکرێت و راکێشانی بۆ راڤە و شیکاریی مێژوویی، بە تەواوی نابەجێ و بێمانا دەبێت. ئەوەی گرنگە، دەبێت بخرێتە سەرەوە و بەرەوڕووبوونەی سۆسیالیستی لەگەڵ مێژوو دەبێت لە پێشتر دابنرێت. تەنیا لەم حاڵەتەدا دەکرێت بە شێوەی ڕاست و دروست پرۆسەی سۆسیالیستی روسیا وەسفبکرێت.

## تەوەری روسی

دیسان یەکەم فۆرمۆلەکەمان، واتە چوار هەنگاوی لۆژیکیی بەدیهاتن و دروستبوونی کۆمەڵایەتیی روسیا لێکدەدەینەوە. ئێستا ئیتر لە مەبەستی پایەدارەکان (نەگۆڕ) و ناپایەدارەکان (بگۆڕ)ەکان تێگەیشتین، دەتوانین ئەم فۆرمۆلە بەمشێوەیە بە دەستەوە بدەین. سێ «نەگۆڕ» مۆدێلی بونیادی پلەبەندی پێکدێنن، کە خاوەنی تایبەتمەندی پایەدار و هەمیشەیی و مۆدێلی کۆنە. ئەم فۆرمۆلە بە شێوەی ڕێژەیی توانای جوڵەی توند و خێرای هەیە.

## ناوکی ئەتنی روسەکان، نەتەوەی روس، ژیاری روسی


دەکرێت وەك هێڵکی ستوونی لەبەرچاو بگیردرێت، کە لە خوارەوەی جەمسەری ژیانی و سەرەتای ژیان جێیگرتووە و لەسەرەوەشدا جەمسەری عەقڵبڕ و تیۆریك بوونی هەیە:




دەکرێت ئەم چارتە ناوبنرێت «تەوەری روسی». وزەی ژیان و کولتور کە نەتەوە لە ناوەندیاندایەو بەدەوری ئەم تەوەرەدا دەسوڕێنەوە.

## ژیار و دەوڵەت


بەڵام نەتەوە (لانیکەم سەبارەت بە نەتەوەی ئێمە)، بەشێوەی راستەوخۆ ئافرێنەری ژیار نییە، پێش بەدیهێنانی ژیـار، هەلومەرجی سەرهەڵدانی دەوڵەت، یاخود کۆیەك لە فۆرمەکانی دەوڵەتی دەرەخسێنێت. ژیار بۆ هەموو ئەم دەوڵەتانە دەرچەیەکی هاوبەشە. تێکڕای ئەم دەوڵەتانە بەشی پێکهێنەری ئەم ژیارەن و کاریگەریی ئەوەیان پێوەیە. دەکرێت ئەم بابەتەش بە شێوەی هێڵکاری نیشانبدرێت:





لە هەموو ئەم هێڵکارییانەدا مەبەست لە دەوڵەت، ئەو دەوڵەتانەیە کە لە لایەن نەتەوەی روسەوە بەدیهاتوون، یان ئەو دەوڵەتانەی بە هۆی خواستی چارەنووسەوە بوون بە نسیبی نەتەوەی روس (بۆ نموونە «ئۆردووی زێڕین»، یاخود شانشینی هەنگاریا-لیتوانیا). دەوڵەت لەڕوانگەی تیۆرییەوە فۆرم بە کۆمەڵگە دەدات. بەم بۆنەیەوە، دەکرێت بڵێین هەر دەوڵەتێك کە لە رەوتی مێژووی روسیادا بوونی هەیە، هاوئاسۆیە لەگەڵ هەمان ژیار کە هەر یەك لەم دەوڵەتانە بە شێوەی جۆراوجۆر بەرەوڕووی بوونەتەوە. هەندێکجار ئەم بەرەوڕووبوونەوە راستەوخۆ بووە (وەك قۆناغی روسیای مۆسکۆ، بە تایبەت سەردەمی حکومەتی ئیڤانی چوارەم) و هەندێکجاریش ناڕاستەوخۆ (وەك سەدەی نۆزدەهەم، یاخود سەردەمی یەکێتی سۆڤێت). لە هەندێك دۆخدا، لەوانەیە دەوڵەت راستەوخۆ دژایەتیی ئەم ژیارە بکات (بۆ نموونە، سەردەمی حکومەتی ئەلیزابێس و ئاننا ئیڤانۆڤنا لە سەدەی هەژدەهەم). دەوڵەتی روس هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ ژیاری روسیدا پەیوەندی هەبووە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەرخستووە.

### کەلێنی کۆمەڵگە/نەتەوە

بە لەبەرچاوگرتنی جۆرەکانی کۆمەڵگە، وێنەیەکی وەها دەستدەکەوێت. ئەمجارەیان نەتەوە لە ناوەند و چەقی گرنگیدایە. نەتەوە بە چاوداخستن لەوەی چی جۆرە کۆمەڵگەیەك لە هەلومەرجی رژێمگەلی دەوڵەتی-سیاسیی جیاجیا بەشێوەی نەرم و ڕێسامەند جەختی لێدەکرێتەوە، نەگۆڕ و پایەدارە. هێڵکارییەکەی بەمشێوەیەیە:




یان:




ئەم هێڵکارییانە بۆ دروستبوونی مۆدێلی بەدیهاتنی کۆمەڵایەتیی روسیا پێویست و زەروورن. بۆ نموونە لە هێڵکاریی دووەمدا بە جوانی دەرکەوتووە، کە هەر کۆمەڵگەیەکی مێژوویی روسیای کۆن، یاخود هاوچەرخ (بە بوونی ڕێژەی

سەدی شیمانەی دیاریکراو) دەتوانێت لە دوو ئاستدا لێکبدریتەوە، واتە بە شێوەی یەك لەسەر دووی کۆمەڵگە/نەتەوە. لە لایەن کۆمەڵگەوە (واتا بەشی سەرەوە) ئێمە لەگەڵ بونیادێکی لۆژیکی و عاقڵانەتر مامەڵە دەکەین، کە هاوڕێیە لەگەڵ ئایدۆلۆژیای باڵادەست، سیستمی یاسایی و ئیداری و هتد. لەلایەن نەتەوەوە (واتا بەشی خوارەوە)، ئێمە لەگەڵ دامەزراوە، دەزگایەکی گیاندار، ئیرادی و هاوکات بەهێز بەرەو رووین کە بە لاسارییەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە رێگەی بەدیهێنانی پەیامی سەرەتایی دەباتە پێش. ئەم بابەتە بە بەراوردکردنی مۆدێکی ئەرتەدۆکسی سەڵتەنەتیی ئیمپراتۆرییەتی روسیای سەدەی نۆزدە لەگەڵ روسیای سۆڤێت، بەرچاودەکەوێت. دژیەتی جەمسەری کۆمەڵگە (چینەکان و ناچینەکان) کە لەچوارچێوەی رادیکاڵی جۆرە جیاجیاکانی دەوڵەتەکاندا هەبوون، لەگەڵ ئاواتی گشتیدا گیانی بە بەردا دێت، لە حاڵەتێکدا، لە زاراوەکانی فەلسەفەی ئەرتەدۆکسی و سلۆڤی، لە حاڵەتێکی دیکەدا، لە زاراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمۆنیستی و مارکسیستیدا، ئەم ئاواتە دێتەدی. هەر دوو کۆمەڵگەکە بە شێوەی بنەڕەتی لەڕوانگەی یەك لەسەر دوو جیاوازن.

## دەرکەوتن و کامڵبوونی کۆمەڵایەتی و شیکاری کۆمەڵگەی ئەمڕۆی روسیا

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم وەسفە گشتییە، مۆدێلی بەدیهاتن و دروستبوونی کۆمەڵگەی روسی لە روانگەی لێکدانەوەی مێژوویی هێڵە بنچینەییەکانی پەرە و گەشەی روسیا و نەتەوەی روس، گرنگیی زۆری هەیە. ئەم مۆدێلە بۆ شرۆڤەکردن و تێگەیشتنی راست لە پرۆسەکانی ئەمڕۆ کاریگەرتر دەردەکەوێت.

لە قۆناغی مێژوویی هەنوکەییدا، لەبەرچاوی ئێمەدا، فۆڕمگرتن و پتەوبوونی جۆری نوێی دەوڵەت (فیدراسیۆنی روسیا)، هەڵبەت بۆ مێژووی روسیا لە ئارادایە، واتە دەوڵەتی لیبڕال -دیموکراتی، کە نموونەی هاوچەرخی

ڕۆژئاواییە و ئەم دەوڵەتە لە هەوڵدایە بۆ بەدیهێنانی چەشنێك بونیادی دەستکرد و کۆمەڵگەی نوێ، واتا کۆمەڵگەی مەدەنی، لیبڕال، تاکڕەو، خۆخواز، بەرخۆر و بەکارهێنەری دەقاودەقی ستانداردەکانی کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوایە. دەوڵەت هەوڵدەدات نەتەوە لەگەڵ پێکهاتە ئەتنییەکانی بکات بە نەتەوەیەکی بۆرژوازی، مانای جەماوەرێکی هاوشێوە و خاوەنی سیستمی یاسایی و بەشداریی لە پرۆسەی گشتی ئابوری سیاسی. ئەمجۆرە حوکمڕانی و گشتێتییە پێچەوانەی «پایەدار»ەکانی مێژووی ڕوسی، واتە نەتەوە، ناوکی ڕوسی، شارستانیەتی ڕوسی بونیادنراو لەسەر بەها ناهاوڕەوتەکانە. لە قۆناغەکانی ڕابوردووی مێژوودا، ئەم جۆرە هەوڵانە بە مەبەستی سەپاندنی کۆمەڵگەیەك بە سەر نەتەوەدا، کە بە تەواوی دژی بونیادەکەی بێت، تەنها قۆناغی «ئاڵۆزییەکان» (کۆتاییەکانی سەدەی شانزەیەم و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەیەمی ڕوسیای مۆسکۆ) ڕویدا، ئەنجامەکەی یان بەرە بەرە گەڕانەوە بۆ «پایەدارەکان» بوو، یان هەڵوەشانەوە و ڕمانی دەوڵەتمەداری و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ، بەڵام دیاریکردنی ماوە و کاتی ئەنجامی تاقیکردنەوەگەلی ناسەرکەوتووی نوخبەکانی باڵادەستی دەوڵەتی بە سەر نەتەوەدا، نەکردە و نامومکینە. قۆناغی ئاڵۆزییەکان 15 ساڵی خایاند (1613-1598)، حکومەتی پاش پێتر و سەردەمی ڕوسەکان بە ئەوروپی نەبووەکان، نزیکی ٤٠ ساڵ (لە سەردەمی ئەلیزابێسەوە تا نیوەی دووەمی حکومتی ئیمپراتریس کاترینی مەزن)، شۆڕشی شوباتیش ماوەی ٦ مانگ دەوامی هێنا. فیدراسیۆنی ڕوسیا لە دەهەی دووەمی خۆی نزیکدەبێتەوە.

## دژیەکی نێوان «پایەدارەکان» و «ناپایەدارەکان» لە ڕوسیای هاوچەرخ

دەکرێت پێکەوە نەگونجانی ڕێبازی بەدەستەوەدراو لە لایەن نوخبەکانی ڕوسیاوە بە مەبەستی بە خۆرئاوایی کردن، لیبڕالیزاسیۆن و مۆدێرنیزاسیۆنی

کۆمەڵگەی روسیا لەگەڵ کۆی «پایەدارەکان»، بەشێوەیەکی فراوانتر لێکبدرێتەوە. بە شێوەی سروشتی، ئەم جیاوازییە تەنها «ناپایەدارەکان (بگۆڕەکان)» دەگرێتەوە.

دەوڵەتی هاوچەرخی روسیا و دەستور، بە توندی شوێن نموونە رۆژئاواییەکان لە روانگەی دامەزراوەکانی دەسەڵات، مافەکان، سیستمی سیاسی و بونیادی ئابوری دەکەوێت. دەوڵەتی ناپایەدار لە سەر بنەمای ماتریسی ژیارێکی دیکە، نە روسی و نە ئۆراسیایی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، رۆژئاوایی و ئەتڵانتیکی رووگەی خۆی دیاریدەکات. هەڵبەت ئەم شوێنکەوتنانە رەها نین و کۆدەکانی ژیاری روسی درێژە بە کاری خۆیان دەدەن، بەڵام دەبێت لێرەدا زمانی تەواو بیانی و رواڵەتییانەی دیموکراسیی سیاسی و لیبراڵیزمی ئابوری بە فۆرمگەلی ئاسایی زاتی شرۆڤە و تەفسیر بکرێت. ئەم بابەتە روونتر لە هەموان، لەبارەی ڤلادیمیر پوتینەوە شیاوی ئاماژە پێدانە. ئەو بە وتەی خۆی وەك «بەڕێوەبەرێك» بیردەکاتەوە، لەڕوانگەی ژیارمەندانەوە، ئەو «قەیسەر»ە و دەسەڵاتی بەرحەق و رەهایە.

بگۆڕێکی دیکە هەمان کەمینە ئەتنییەکانن. ساڵەکانی 1990، سەردەمی رووخانی یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، فۆرمۆڵەبوونی فیدراسیۆنی روسیا، بینیمان کە زنجیرەیەك لە هۆز و ئەتنەکان بە جیابوونەوە لە روسیا و پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆ کەوتنە هەوڵدان. کەمینەش هەوڵیدا لەناو سنورەکانی روسیادا ئەمکارە ئەنجامبدات، کە بوو بە هۆی دەرکەوتنی کۆماریگەلی نەتەوەیی ناو روسیا (تاتارستان، باشقیرستان، کومی، ساخا) و پێکدادانی خوێنین لە چیچان دوای گەلێك قوربانیی کۆتاییهات. سەردەمی لاوازبوونی نەتەوە، هۆزەکان هەوڵیاندا، تا ئەو ئاستەی دەکرێت لێی دووربکەونەوە. (لەگەڵ ئەوەی کە لەم ناوەدا، تایبەتمەندیی ناپایەداریی بەشداریی خۆیان لە مێژووی هاوبەشدا سەلماند).

لە کۆتاییدا بگۆڕی سێیەم، واتە کۆمەڵگەی هاوچەرخی روسیا، کە بە پێی نموونەی رۆژئاوایی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەرهەست و بەتاڵ لە هەرچەشنە پەیوەندییەك (لانیکەم لە رووی تیۆریەوە) وێڕای رەگوڕیشەی نەتەوەیی و یاسامەندی ئەتنی و کولتوری فۆڕم وەردەگرێت.

بەمجۆرە ئەو رژێمە سیاسییەی هەیە، کۆی بگۆڕە پەیوەندیدارەکان، بۆ نموونە دەوڵەت ، ئەتن و هۆزی پەیوەست بە یەك و کۆمەڵگەی مەدەنی، راستەوخۆ دژ بە پایەدارە مێژووییەکان دەوەستنەوە، بەڵام ئەگەر گرنگییان پێدرایە، مۆدێلی تەواو جیاوازیان وێڕای توخمی ئاڵتەرناتیڤی زیاتر، هەم بۆ دەوڵەت و بونیادی ئەتنی و هەم بۆ دەزگای کۆمەڵایەتی دەکردە دیاری.

ئەم لێکدانەوە، قووڵایی دژیەکی روسیای هاوچەرخ لەسەر ئاستی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرادەکات. ئەم دژیەکییە، گەر کاری بەردەوامی پایەدارەکان هاوسەنگی نەڕەخساندایە، گرژی و توندی پرۆسە کاولکارەکانی ئاستی ناپایەداری کەم نەکردایەتەوە، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا کارەساتێکی قەرەبووهەڵنەگری هەڵدەگیرساند. ئەم بابەتە لەسەردەمی حکومەتی پوتیندا لەوانەبوو گوشار و پاڵەپەستۆی سەر دۆخی فۆڕمگرتووی نێوان نوخبەکانی لیبڕالی رۆژئاواگەرا و چاوەڕوانییەکانی موحافیزکارانەی جەماوەرەکانی کەم دەکـردەوە و دوای قۆناغی حکومەتی دژە خەڵکی، دژە ئۆراسیایی و دژە روسیی یەڵتسن، پێشوازی لەم چاوەڕوانیانە کرد. ئەم بابەتە تێکڕای سیستمی کۆمەڵایەتی پتەوتر کرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دژیەکی بنەڕەتی لەناو نەبرد.

سەردەمی ئێستا، بەمشێوەیە، سەردەمی قەیرانی دواکەوتووە، بەڵام هێشتا هانا بۆ ئایدیای موحافیزکارانە (پایەدارەکان)، وەك رێگەی دەربازبوون لەم قەیرانە، نەبراوە. سەردەمی سەرۆك کۆماری نیدڤیدیڤ ئەم دژیەکیانە دووبارە roوویان لە زیادکردن کردەوە. هەوڵەکان بۆ بەڕیوەبردنی شەپۆلی نوێی لیبڕالیزم، مۆدێرنیزاسیۆن و بەخۆرئاواییکردن، بە شێوەی یاسامەند دەبێتە هۆی خراپتربوونی بارودۆخەکە.

## حزبی «پایەدار» و حزبی «ناپایەدار»

دەکرێت بوترێت لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی روسیادا دوو «حزب»ی نافەرمی بوونیان هەیە، کە بریتین لە «حزبی پایەدار» و «حزبی ناپایەدار». «حزبی ناپایەدار» لە دەوڵەتمەداریی لیبرال - دیموکرات، کۆمەڵگەی مەدەنی و بەڕیوەچوونی سیاسەتی ئەتنیی، وەها پەیڕەویدەکات، کە تیایدا مانای ناوکی ئەتنی-نەژادیی روسی مەزن کەم دەبێتەوە، لە بەرانبەردا هەوڵی کەمینە ئەتنییەکان، دیاریکردنی شوناسی خۆیانی لێدەکەوێتەوە. سیناریۆی ئاڵتەرناتیڤی هەمان «حزب»، کە بە شێوەیەکی دیکە، بەڵام بە ئامانجی یەکسان و هاوشێوەوە، دروستکردنی نەتەوەی روسیا، نەبوو بە کردار. ئەم «حزب»ە ئەمڕۆ لەناو نوخبە سیاسییەکاندا لە سەرترە. «حزبی پایەدار» دەسەڵاتی بەسەر نوخبەکاندا نییە، بەڵام لەناو چینی بەربڵاوی خەڵکدا پاڵپشتی هەیە. لێرەدا، ئێمە بەرەوڕووی ئەو هەستە غەریزییە دەبینەوە کە روسیا، ژیارێکی سەربەخۆیە (لە دە ساڵی رابوردوودا، زیاتر لە 70%ی دانیشتوانی روسیا لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بە هەمانشێوە لەلایەن ناوەندی سەرتاسەری رایگشتیی روسیاوە لە خەڵکی کردبوو، دەڵێن: «روس» یان «ئۆراسیایی»، کە نەتەوە ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شانە و دەبێت جێبەجێیبکات، کە ئەم نەتەوەیە لە ناوەڕۆکی خۆیدا پشت بە نەژادی مەزنی روس دەبەستێت، تەوەرەی شوناسی خۆی کە پێکهاتووە لە زمان، کولتور، تیپی سایکۆلۆژی و مینۆکیی دروستدەکات و هاوکات بۆ ئەو هۆز و ئەتنانەی خوازیاری پەیوەستکردنی چارەنوسی خۆیان بە چارەنوسی ئەوانەوەن و دەخوازن ببن بە بەشێك لە نەتەوەیەکی یەکگرتوو، رێگەی ئاوەڵا کردووە و ئامادەیی خۆی راگەیاندووە. مۆدێلی دەوڵەتمەداریی پوتینی، لەسەر ئاشتیی نێوان دوو «حزب»ەکە دامەزراوە و هەریەك لەم دوو حزبە لە پوتیندا، نوێنەری خۆیان دەبیننەوە. بە هاتنە سەرکاری دیمیتری میدڤیدیف بارودۆخەکە تۆزێك گۆڕانی بە سەرداهات، چونکە «سیما»ی ئەو زیاتر لە نوێنەری کلاسیکی «حزبی ناپایەدار» دەچێت.

## پێشبینی سیستمی کۆمەڵایەتی داهاتوو لە روسیا

ئەم پێشبینییە بە شێوەی پوخت فۆرمۆلە دەکەین. دەتوانین لەڕوانگەی تیۆرییەوە دۆخی چالاکی روسیا وەك سیستم لێکبدەینەوە. یەکەم کەیس، دۆخێك شیدەکاتەوە کە تێیدا «حزبی بگۆڕەکان» دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەمە بەو مانایە دەبێت کە خواستی دیموکراسی لیبڕال، مۆدێرنیتە، کۆمەڵگەی مەدەنی، بەخۆرئاوایی کردن، لیبڕالیزمی ئابوری و جیاخوازیی ئەتنی بەسەر هێزە دۆڕاوەکاندا («نەگۆڕەکان»ی روسی) سەردەکەون. لە هەلومەرجێکی وەهادا، کەوتنی دەوڵەتمەداریی روسیا چاوەڕوانمان دەکات. بە دوورکەوتنەوە لە «نەگۆڕەکان»، حکومەت زەویی ژێرپێی خۆی دەهەژێنێت و نوخبەکان وەك ساڵانی 1990، لەگەڵ جەماوەر دەچنە قۆناغێکی دیکەوە. تەنها ئەم بابەتە لە هەلومەرجی قەیرانی ئابوری و بێ چارەسەر مانەوەی پرس و بابەتی هەژمار نەکراوی کۆمەڵایەتی و سیستمی فرە نەتەوەیی فیدراسیۆنی روسیا، خۆی لەخۆیدا دەتوانێت رێگەیەك بەرەو تێداچوونی سیاسی و کەوتنی دەوڵەت بکاتەوە. ساڵەکانی 1990ی سەدەی بیستەم، یەکێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی رێك بەرەوڕووی ئەم تراژیدییە بووەوە، کە سیستمی دەسەڵات لەوسەردەمەدا زیاتر وەڵامدەرەوەی «نەگۆڕەکان» بوو وەك لە مۆدێلی لیبڕال -دیموکراتیکی بە قەرز وەرگیراو لە رۆژئاوا. دەکرێت دوو هۆکاری دیکەش بۆ هۆکارە باسکراوەکان زیادبکرێت: فشارێك کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دەخرایە سەر روسیا و بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێک تێبینی ستراتیژی بۆ لاوازکردنی روسیا قازانج دەبینێت و بۆ ناسەقامگیریی داهاتووشی هەوڵی جدیی دەخاتەگەڕ، پرۆسەی بە جیهانیکردن کە برەوپێدانی مۆدێلی رۆژئاوایی کۆمەڵگە و دیمۆنتاژکردنی وڵاتانی نەتەوەیی بە دوای خویدا دەهێنێت.

روسیا بەڕێکردن لە شەقامی مودێرنیزاسیون، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرەو هەڵوەشانەوەی خۆی هەنگاودەنێت (ڕاست بەو شێوەیەی «خێرایی» گۆرباتچۆف، کۆتاییهاتنی یەکێتی سۆڤییەتی خێراتر کرد). نکۆڵیکردن لە دەوڵەتەوەری بە شێوە سەرەکییەکەی و تێکەڵبوون بە «تاکە مرۆڤایەتی» لە ژێر دەسەڵاتی «دەوڵەتی جیهانی»دا وەك مۆدێرنترین ڕەفتار هەژماردەکرێت. بە پێی بژاردەی دووەم؛ دەبێت سیستمی سیاسی وەك ڕابوردوو بمێنێتەوە، بەڵام بە ئارامی واتای خۆی دەگۆڕێت و بە توخمەکانی ژیاری ڕوسی، دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەبێت. دەکرێت ئەم ڕووداوە ناوبنرێت «بە ڕوسی بوون». لە ئێستادا، لانیکەم لە سەردەمی سەرۆك کۆماری پوتیندا، دۆخەکە بەم ئاراستەیەدا دەڕواتە پێشەوە کە سەقامگیرییەکی دیاریکراو (هەرچەندە ڕێژەییش بێت) بۆ سیستم دابیندەکات. بژاردەی ئێستا، چەقبەستنی هەموو بزاوتەکان لە کۆمەڵگەدا لەبەرچاودەگرێت، کە ئەمە کۆمەڵگە بەوشێوەیەی کە ئێستا هەیە، واتا نیوە نەخۆش – نیوە تەندروست، دەهێڵێتەوە.

لە کۆتاییشدا، بژاردەی سێیەم کە ئەگەری هاتنەئارای لە ئێستادا زۆر کەمە. ئەم بژاردەیە لەڕووی تیۆرییەوە پشت بە سەرکەوتنی «پارتە سەقامگیرەکان» دەبەستێت و دامەزراندنی دەوڵەت تەوەرییەکی دیکە کە ڕەگی لە ژیاری ئۆراسیاییدا بێت، بە پشت بەستن بە نەتەوەی ڕوس و ئەو گەلانەی گرێدراویی خۆیان بە چارەنوس و فۆرمۆلی نوێی ئەرکی مێژوویی بۆ سەدەی بیستویەك، دەردەبڕن، ڕەچاودەکات. ئەم سیناریۆیە ژیانێکی ئاسودە بۆ ئێمە دەستەبەرناکات، بەڵام ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هاوچەرخەکانی ئێمە دەباتە ئاستی باپیرانمان کە دەیان سەدە بە بەردەوامی بەرەو «ئامانجی واڵا» هەنگاویان هەڵگرت. کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تێنەکۆشان و دواتر نەوەکانیان لە چرکەساتی کۆتاییدا، واز لە دەستکەوتەکانیان دێنن.

# بەشی سێزدە

# لڤیاتانی روسی (برووسکەی زلهێز)

## ترس وەك لەرزین و تۆقین

رۆدۆلـف ئۆتۆ، مێژوونووسی ئایینی و تیۆلۆگی مەزنی ئەڵمانی، بە شیکردنەوەی دیاردەی «قەدیس بوون» بە بیری دێنێتەوە، کە لەم هەستەدا، هەستە لێکدژەکانی مرۆیی، خۆشی، شادی، هاندان، ئەوین و تۆقین، ترس و دڵەراوکێ، هەموو پێکەوە گرێدراون. ناکرێت ترس لە شادی و چێژ جیابکرێتەوە. هەر ئەوەندەی میللەت سەرقاڵی پیرۆزکردنی حکومەت، دەوڵەت، سیاسەت و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانە، هەر ئەوەندەش ئەم سیستمە تێکچڕژاوە، هەستە بەهێزەکانی ئەوان دەگرێتەخۆ. ئێمە ناتوانین هۆکاری ترس وەك شتێکی تایبەت لەناو ئەوانە دەربکێشین. ترس لە سەرچاوە سیاسییەکان، پیرۆز، هەروەها عەشق و رێزگرتن، جیایی هەڵنەگرە. ئەمە دیاردەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و بۆ لێکۆڵینەوەیەکی راست سەبارەت بەوە، پێویستە پێناسەیەکی سەرەتایی لە بونیادی بە پیرۆز بوون، پێشکەشبکرێت.

بێگومان دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت لە مێژووی روسیادا، زیاتر وەك دیاردەیەکی پیرۆز وەردەگیرێت، هەر چەندە لە قۆناغە جیاوازەکاندا ئەم پیرۆزییە، سروشتی جیاوازی هەیە. لەبەرئەوە ترس لە دەسەڵات، زیاتر بە شێوەی کۆمەڵێکی تێکچڕژاو لە ترس، عەشق و رێزگرتن خۆدەنوێنێت و تەنیا لە هەندێك بابەتدا بۆ نموونە لەنێوان شوێنکەوتووانی ئایینی کۆنی ناکلێسایی، ئەم ترسە بە شێوەیەکی دیکە خۆی دەنوێنێت، چونکە وڵات دوای پارچە بوون، لەلایەن ئەوانەوە وەك «دەسەڵاتی دژە مەسیحییەت»

درکی پێدەکرا. ئەمەش جۆرێك لە پیرۆزکردنە و لێرەدا شێوەی نەرێنی هەیە. ئەو ترسەی لەگەڵ پیرۆزیدا لە پەیوەندیدایە، دەخەینە پەراوێزی ئەم دەقەوە و لەسەر دیاردەیەکی زۆر ساکارتر چڕدەبینەوە، ترس لە سیاسەتدا کە بە گشتی لە زانستی سیاسەتناسیی ڕۆژئاوادا باسی لێوە دەکرێت.

## هۆبز و لیڤیاتانکەی

تۆماس هۆبز، یەکێك لە تیۆرسینە بەناوبانگەکانی دەوڵەتی هـاوچـەرخ، ریشە و بنەمای تیۆرەکەی لەناوی خــوازراوی بەرهەمە گرنگە فەلسەفییەکەیدا، سەبارەت بە سروشتی دەوڵەت، واتا «لڤیاتان» دەخاتەڕوو. لڤیاتان یەکێك لەدوو دێوی هەرە زەلام و ترسناکی ئاوییە، کە هاوشێوەی ئەژدیهایە و لە کتێبی پیرۆزدا، لە «کتێبی ئەیوب»دا ئاماژەی پێدراوە. یەهۆوە، ئەیوب بەم دێوە زەلامە دەترسێنێت، بۆئەوەی عەشق و بەوەفا بوونەکەی تاقیبکاتەوە. شوێنی لڤیاتان لە دەقی ئینجیلدا دیاریکراوە، دروستکردنی سەرلێشێواوی، ترس و دڵەڕاوکێیەکی شێتانە، کە هیچ هۆکارێك بۆ دەرکەوتنەکەی نییە. هۆبز بە بەکارهێنانی خوازەی لڤیاتان بۆ وڵاتی هاوچەرخ، ئەرکە سەرەکییەکەی دەخاتەپێش کە دەقـاودەق دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێیە. ترس وەك دیاردەیەك لە بنچینەی دەوڵـەتـی هاوچەرخدا بارگەی خستووە و لەڕاستیدا دەوری ناوەندیی و سەنتەر پێکدەهێنێت. دەوڵـەت ئەو شتەیە کە ترس دروستدەکات، لەبەرئەوەی سیاسییە، ترسەکەش دەبێتە ترسێکی سیاسی. سەرنجدان لە «لڤیاتان»، راستەوخۆ ئێمە بەرەو دیاردەی ترس دەبـات. هۆبز بە گەڵاڵەکردنی تیۆرەکەی خۆی واتا دەوڵەتتەوەری،

بە سەرنجدانە سروشتی مرۆیی، بیروڕای خۆی دەردەبڕێت. لەڕوانگەی ئەوەوە (کە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی بیرمەندانی قوتابخانەی لیبڕالیزم لەگەڵی هاوڕان) مرۆڤ لە خۆیدا بوونەوەرێکی خۆویست، بێبەزەیی، چاوچنۆك و زاڵمە، کە دەستدەداتە سوکایەتی و وردکردن و لە ناوبردنی هاورەگەزەکانی.

ئەگەر سنورێك بۆ لە دایکبوونی مرۆڤەکان دانەنرێت، زۆر خێرا «شەڕی هەموان لە دژی هەموان» دەستپێدەکات. هۆبز پێیوایە بۆ رێگری لە هەڵگیرسانی شەڕێکی لەم چەشنە، بوونی دەوڵەتی لڤیاتان بۆ دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ و پاراستنی مرۆڤ لە هاوڕەگەزەکانی و لە ئەنجامدا پاراستنی خودی مرۆڤ، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. بەمجۆرەش هەر چەشنە پیرۆزییەك لە چەمکی «دەوڵەت» دەسەنرێتەوە و بنچینەکەی کە بنەما پراگماتیك و عەقڵانییەکان پێکدێنێت: بۆئەوەی بتوانرێت بەر لە زیان گەیاندنی مرۆڤێك بە مرۆڤێکی دی بگیردرێت و مرۆڤ رەفتارەکانی خۆی رێکبخات، دەبێت تا ئاستی مردن بترسێنرێت. ئەمە دەوری سەرەکی دەوڵەتە. لێرەدا ئێمە لەگەڵ ترسی بەسود رووبەڕووین و هەوڵدەدەین ئەم ترسە لە مێژووی سیاسیی روسدا بخوێنینەوە، هەر بۆیە سەردێڕی بابەتەکەمان «لڤیاتانی روسی»یە. بۆ ئێمە بەسودترین لایەنی ترسی سیاسی، سەرنجڕاکێشە.

## «هیپۆپۆتام (ئەسپی ئاوی) روسی»

پێویستە لە مێژووی دەوڵەت تەوەریی روسیادا دوو دیاردە کە یەکدییان داپۆشێوە، لێکجیابکرێنەوە: دەوڵەتتەوەریی پیرۆز لەگەڵ کۆمەڵێك پەیوەندیی عەشق/ ترسی تایبەتیی خۆی، «لڤیاتانی روسی» تایبەت و سەرچاوەی تەواو ماقووڵانە، کە بانگەوازی پتەوکردن و پاراستنی سیستمی حکومەت بە هۆی دروستکردنی ترس، فشار، زوڵم و زۆرەوە دەکات. «لڤیاتانی

روسـی» وەك بیرۆکەیەك، سەرلەنوێ بونیادنانەوە و دامەزراندنەوەی دەستکرد و بەرهەمی سڕینەوەی لایەنی ماقووڵانە - پراگماتیکی ترسێنەری دیاردەی دەسەڵاتە. «لڤیاتانی روسی» بە بوونی میکانیزمێکی ماقووڵ لە چالاکییەکانی خۆیدا، کەڵك لە دەسەڵاتی زاڵم و زۆردار لە دژی دەربڕینی رای کۆمەڵایەتی و سیاسیی دیاریکراوی تاکەکان، وەردەگرێت. دەکرێت سەبارەت بەم میکانیزمە لێکۆڵینەوە بکرێت، بەڵام پێکهاتەی پیرۆزی دەوڵەتتەوەری، راستە و چاوی پێداناخشێنرێتەوە.

لێرەدا دەتوانین درێژە بە بەراوردی هێماییبن بدەین. لە «کتێبی ئەیوب» و بەشەکانی دیکەی ئینجیلدا، لڤیاتان لەگەڵ دێوەکانی دیکە، واتە هیپۆپۆتام دەردەکەوێت. هیپۆپۆتام دێوێکی زەبەلاحی وشکانییە و لڤیاتان، دێوێکی ئاوی و دەریاییە. بە پێی خوازە ژیۆپۆلیتیکییەکان، لڤیاتان پێناسەکەری «زلهێزە دەریاییەکانی» وەك ئەسینا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هیپۆپۆتام بە پێچەوانەوە پێناسەکەری «زلهێزەکانی وشکانی» وەك رۆما، ئەڵمانیا و روسیایە. بیرۆکەی «لڤیاتانی» هۆبز لە لایەکەوە و کارناسانی جیۆپۆلەتیکی هاوچەرخ لە لایەکەی دیکەوە، بێگومان هەڵگری واتای جیاوازن و ئەم نازناوانە بە شێوەی جۆراوجۆر بە کاردەهێنن، بەڵام دەبێت ئەم خاڵە لەبەرچاوبگیرێت کە روسیا لە پۆلێنبەندیی جیۆپۆلەتیکدا، زلهێزێکی وشکانییە کە تایبەتمەندییە شارستانییەکانی، توخمە سەرەکییەکان، بونیادی ستراتژی و رێکارە فەرهەنگییەکانی دیاریدەکەن. بەمجۆرەش لایەنی پیرۆزی دەسەڵات و رەفتاری ترسێنەر سەبارەت بەوە لەودیو سنورەکانی عەشق/ ترسەوە، دەتوانرێت بەو تایبەتمەندییە دەوڵەتییانە بوترێت کە خوازەی «هیپۆپۆتامی» پێدراوە. لێرەدا ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ تێگەیشتنی گونجاو و میکانیکی دەوڵەت لە لای فەیلەسوفە لیبڕاڵەکانی رۆژئاوایی زانستی سیاسەت وەك هۆبزی ئینگلیز، داهێنەری بیرۆکەی لڤیاتان، دژیەک دەوەستێتەوە.

**بۆچی سەرکوت دەکەن؟ چوار هۆکاری سەرەکی**

ئێستا با بزانین وڵات بە شێوەی ئێستا، لە سیستمی سەرکوتکەری خۆی، لە دژی چی شتێك کەڵك لە «لڤیاتانی روسی» وەردەگرێت؟ دەکرێت جیاوازییەکان بە پێی پێوەری چەندایەتی و چۆنایەتی دیاریبکرێت. ئێمە لێرەدا چوار هۆکاری سەرەکی کە بە گرنگترینیان دەزانین، دەخەینەڕوو:

1- بیری جیاواز، بە واتای روانگەی ئاشکرا و شاراوەی دژبەری سیستم و جیاواز لەو روانگانەی وەك ئایدۆلۆژیای فەرمیی سیستم پەسەندکراوە. ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژ دژی بیری جیاواز لەلایەن «لڤیاتان»ەوە وەك کەرەستەیەك بۆ پاراستنی سەقامگیری، بەردەوامی و کردەوەی متمانەپێکراوی دەسەڵات. بیری جیاواز بەردەوام لەسەر حەق بوونی سیستمی ئایدۆلۆژی، کە حکومەت پشتی پێدەبەستێت، دەخاتە ژێر پرسیارەوە و بەمجۆرەش دۆخێکی گونجاو بۆ تەشەنەسەندن و گەشەی هەستی دژبەری دەوڵەت دابیندەکات. بیری جیاوازی گرێدراو، لە پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیای فەرمیدا دیاریدەکرێت. ئایدۆلۆژیا دەتوانێت لەخۆیەوە بگۆڕدرێت، کە لە ئەنجامدا پێوەری هەڵسەنگاندنی بیری جیاوازیش دەگۆڕدریت. ئەو گروپە لە شێوازەکانی بیری جیاواز، کە خاوەن تایبەتمەندیی شۆڕشگێرانە بن و خاڵە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیای باڵادەست بە درۆ بخەنەوە، بۆ سەرکوتکردن لە پێشترن. دەکرێت لە مێژووی روسیادا ئاماژە بە شوێنکەوتووانی ئایینە کۆنە ناکڵێساییەکان و ئایینزاگەرایی نا ئەرتەدۆکس (لەگەڵ دەستپێکردنی نیوەی دووەمی سەدەی شانزە)، هەروەها دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان، سۆسیالیستەکان و جەماوەرییەکان لەنیوەی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، هەروەها دوژمنانی سەردەمی سۆڤێت، بکرێت. لێرەدا پلاتفۆرمی دەسەڵات، خودی «لڤیاتان» و دژبەرییەتی بیرە جیاوازەکان لەگەڵیدا بە پشتگیری لە ئایدیایەکی دیکە، کە

دەبێتە جێگرەوە، بە باشی دەردەکەوێت. لە دۆخێکی وەهادا، «لڤیاتانی روسی» بە کەڵك وەرگرتن لە سەرکوتکردن بۆ لە ناوبردنی دوژمنانی ناوەوە و ترساندنی خەڵك، کە دەیانتوانی وەك خەمخۆری دوژمن دەربکەون و سەرنجبدەنە لۆژیکی ئایدیای پێشکەشکراوی دوژمنان، زۆر توندڕەوانە و هەندێکجاریش بێبەزەییانە رەفتاریکرد.

2- راپەڕین، نافەرمانی و بێ‌مەیل بوون بۆ پێملبوونی سیستمی دیاریکراو. ئەم تایبەتمەندییە گرنگەی دەروونی مرۆڤ، بەشێکی پایەداری مێژووی سیاسیی روسی پێکدەهێنێت. سەردەمێك دێت تاکێك، یان کۆمەڵێك یان گروپ و چینێکی تایبەت، لەوانەشە عەشیرەتێك دەگەنە ئەو راستییەی ئیدی ژیانکردن لە چوارچێوەی «لڤیاتان»دا ناومکینە و دەستدەدەنە دژبەریی ئاشکرا کە وەك راپەڕین، هەڵکوتانە سەر ماڵ و سامانی نوێنەرانی حکومەت و هەڵهاتن بۆ شوێنی ئازادتر خۆی دەردەخات. نموونەی ئەم جۆرە راپەڕینانە لە مێژووی راپەڕینەکانی روسیا و دەرکەوتنی گروپێك قۆزاق و رێگر بە ئاشکرا دەبینرێت. جیاوازیی کەسی راپەڕیو لەگەڵ کەسی خاوەن بیری جیاواز لەوەدایە، کە کەسی راپەڕیو خودی سیستمی بیانیی «لڤیاتان» و میکانیزمی دەسەڵات رەتدەکاتەوە نەك تەنیا ئایدۆلۆژیا یان پلاتفۆرمە ئایینییەکەی. تاکی راپەڕیو «لڤیاتان» وەك سیستمێکی «سەرکوتی ئۆبجەکتیڤ» و میکانیزمی دەسەڵات وەك سیستمێکی خاوەن مافی ژیان، رەتدەکاتەوە. کەسی راپەڕیو بە گشتی شێوازی دەسەڵاتداری، سیستمی داد و یەکسانیی تایبەتیی خۆی دەخاتەڕوو، کە تێیدا سەرۆکایەتی دەکرێت لە ئەستۆی کەسایەتییەك یان کۆنسەیەك بێت.

سیستمی سەرکوت بۆ راپەڕیوەکان لەوانەیە توند و تیژتربێت، بەڵام بنەمای دروستکردنی ترس و لۆژیکی سەرکوت لێرەدا، جیاوازیی بونیادییان هەیە. «لڤیاتان» بە هۆی دامەزراندنی سیستم بە بێ پشتبەستن بە هەر هۆکارێك، ترسێکی کوشندە دەورووژێنێت. «لڤیاتان» پەیڕەوی نۆرماتیڤی

تایبەتی خۆیەتی کە لەگەڵ هیچ چەشنە عەقڵانییەتێك یان ڕەفتارێکی لۆژیکی ناگونجێت. لێرەدا ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی لڤیاتان دەورووژێنێت بە شێوەیەکی بنەمایی لەگەڵ ئەوەی لەلایەن دادگای جیهانییەوە (کۆمەڵەکان)، ناوەندی قۆزاقەکان، یان تەنانەت کۆمەڵێك لە جەردەکانەوە گەڵاڵە دەکرێت، جیاوازیی هەیە. نایەکسانیی سەرکوت لە هەلومەرجی جیاوازدا مومکینە، بەڵام لە لایەن لیڤیاتانەوە پێوەری ناعەدالەتی یان یەکسانی بە پلەی دووەم دێت - بۆ دروستکردنی ترس، گرنگ توانای ترساندنە و دەبێت سزادان وەك ڕاستییەك، کردەیی بکرێت. دیـارە ڕاپەڕین دژی ئەمەیە، نەك لـەدژی ناعەدالەتیی حکومەت، یان کردەوەی توند و تیژ و بێبەزەییانە. ڕاپەڕیو هەوڵدەدات ئەم دۆخە بگۆڕێت و خۆی ببێتە هۆکاری ترساندن، لە جیاتی ئەوەی لەلایەن لیڤیاتانەوە بترسێنرێت.

ڕاپەڕیوان لە دژی لڤیاتان قەڵغانێکی ئاوێنەیی لەنێوان خۆیان و حکومەتدا بەکاردێنن، کە بتوانێت شەپۆلەکانی ترسی حکومەت پێچەوانە بکاتەوە و دواتر ئەو ترسە دەگەڕێننەوە بۆ حکومەت خۆی. ئەمجار ڕاپەڕیو وەك سەرۆکی ڕێگرەکان، یان کۆمەڵێك لە ڕاپەڕیوان، ترس دەڕژێنێتە دڵی هاووڵاتییانی بەڕێز و پێملی یاسا. ئەم یاریکردنە بە ترس، هەندێکجار دەتوانێت ببێتە خاوەن هەڵسەنگاندنی سیاسی. ئێمە نموونەی بەرچاوی ئەم کردەوە و دژەکردەوەمان ماوەیەك پێش ئێستا لە چیچان بینی. ناوەندی فیدراڵ بە ناچارکردنی چیچانییەکان بۆ مانەوە لە پێکهاتەی ڕوسیا و ملدان بە یاساکان، کەڵکی لە کەرەستەی  دروستکردنی ترس وەرگرت و دانیشتووانی چیچانیش ئەمە هەر بەم شێوەیە وەردەگرن. بەڵام هاوکات خودی چیچانییەکان کە ڕاپەڕیون، دەبنە هێمای  دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، سەرەتا «مافیا»، «ڕێگرەکان» و دواتر «تیرۆریستەکان». ڕێگرانی ڕوسیای پێش شۆڕش و دەستەبەندیی قۆزاقەکان هەر بەم شێوەیە ترس و دڵەڕاوکێییان لەنێوان هاووڵاتییانی پێملی یاسادا  دروستکرد.

3- پیلانگێڕی، پیلانگێڕی بۆ رووخاندنی قەیسەری دەسەڵاتدار، رێبەر یان دەستەبەندیی سیاسی. «لڤیاتان» وەك واقیعێکی گشتی لە کاتی پیلانگێڕیدا زیانێکی زۆری بەرناکەوێت، چونکە بە گشتی خۆی میکانیزمی سەرکوتە و پێکهاتەی دەسەڵاتدارییەکەی وەك پێشوو دەمێنێتەوە. لە ئەنجامدا پیلانگێڕی لە جیاتی ئەوەی ببێتە مەترسی بۆ تێکڕای سیستەم، تەنیا مەترسی لەسەر گروپگەلی دیاریکراو و کەسایەتیی جیاواز، دروستدەکات، بەڵام ئەگەری پیلانگێڕی لەخۆیدا کاریگەری لەسەر رۆح و دەروونی دەسەڵات و تاقمی دەسەڵاتدار دادەنێت، دەبێتە هۆی ترس، دڵەڕاوکێ و دروستبوونی نەخۆشیی درێژخایەن بە هۆی هەستکردن بە ترس. ئەو ترسەی دەسەڵات دەگرێتەوە، دەبێتە شەپۆلێکی گەورەی سەرکوت لەدژی پیلانگێڕان. بەمجۆرەش چەمکێکی زۆر گرنگ لای دەوڵەتتەوەریی و سیاسەتی روسی، واتا خیانەت، بەرهەم دێت. لڤیاتان پشت بە بنەمای بەوەفابوون دەبەستێت کە هۆکارگەلی سیستماتیك و تاکەکەسی تێدا ئاوێتەی یەکبوون. هەڵبەت چەمکی «بەوەفابوون» لە چەمکی «لڤیاتان»دا بەرچاو ناکەوێت، چونکە ئەم پێکهاتەیە پێویستە روکاری میکانیکی – عەقڵانی و لە دەرەوەی کەسایەتی بێت، بەڵام لە بابەتێکی دیاریکراودا و بە تایبەت لە مێژووی «لڤیاتانی روسی»دا، پرۆژەی بابەتی تاکی دەسەڵاتدار و بەوەفابوون بۆ ئەو، لە چینەکانی خوارەوە تا چینەکانی سەرەوە دادەڕێژرێت. بەمشێویەش تێکەڵاوییەك لە دەسەڵات و دەوڵەت وەك میکانیزمێك بە بێ کەسایەتی، یان وەك رێکخراوێك، کە بە پێی فەرمانی بەوەفابوونی تاکەکەسی بونیادنراوە، پێکدێت.

پیلانگێڕیی لەم سیستمەدا، فرتوفێڵی تەواوی ئەم بونیادەیە. لە لۆژیکی ساردی «لڤیاتان»دا شوێنێك بۆ پیلانگێڕی بە شێوە سەرەکییەکەی نادۆزرێتەوە. پیلانگێڕیی کاتێك بەرهەم دێت، کە ئاستە باڵاکانی وڵات لەگەڵ تاکێکی دیاریکراو یان کۆمەڵێك خەڵك، وەك یەك بزانرێت. لە دۆخێکی وەهادا

سۆنامی راستەقینە ڕوودەدات و لە ئەنجامدا تیرۆرێکی مەزن و کەم وێنەی لێدەکەوێتەوە. لە سەردەمی نیوەی کۆتایی دەسەڵاتی ئیڤان قەیسەری چوارەم و ستالیندا تووشی ئەم چەشنە تیرۆرە هاتین. یارییەکی ورد لەدڵی «لڤیاتاندا»، هۆکاری «خیانەت» و «پیلانگێڕی» وەك بنەمای ئەوە، یەکێك لە کاریگەرترین چرکەساتەکانی وێناکردنی سیاسیی ترسە.

4- دزی، تاوانی ئابوری. ئەم دیاردەیە لەڕوانگەی تیۆرییەوە، دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستمی دەوڵەت، چونکە لۆژیکی ئابوری، ئاراستەگرتنی سروشتی لە ڕێکوپێك کردنی بواری کار و دابەشکاریی ئەرکەکان، دەشێوێنێت. دزی، بوارێکی ئەنترۆپییە (چەندایەتی تێرمۆدینامیکی، کە پێوەرێکە بۆ پلەی پشێوی هەموو سیستمێك)، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ونبوونی هەژمار نەکراو و بێ چاودێریی بەرهەمی مادی کە بە زەحمەت و تا ئاستێکیش دەسەڵاتی پشتیوانکاریی «لڤیاتان» (لە ڕێگەی سیستمی باجەکانەوە)، بەرهەمهاتووە. وڵاتە جیاجیاکان بە شێوازی جۆراوجۆر بەرامبەر دژی هەڵوێست دەنوێنن. لە هەندێك وڵات، ئەو هەوڵانەی بۆ ئەمە دەدرێت، یەکجار توندوتیژە و سزادانی تاوانی ئابوری، دەگاتە ئاستی سزادانی تاوانی قورسی وەك کوشتن.

تایبەتمەندیی لڤیاتانی ڕوسی لەوەدایە، زۆرجار دزی سزای سووکی بۆ دادەنرێت. خەڵك ترسێکی زۆریان لەمە نییە. بە شێوەیەکی فەرمی بێگومان دزی جۆرێك تاوانە، بەڵام بە کێشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر وڵات هەژمار ناکرێت. ئەمە لایەنی جیاوازیی دەوڵەت تەوەری ڕوسی لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژئاوا دەردەخات، بۆ نموونە ئاڵمانیا و بەریتانیا کە دزی تێیاندا وەك هێرش بۆ سەر بنەما و ڕیشەی دەوڵەت و لڤیاتان لە قەڵەمدەدرێت، وەڵام و سزای توندوتیژی لە بەرانبەردا دەبێت. ترسان لە دزی لە لای ڕۆژئاواییەکان زیاترە لە ڕوسەکان. دزی دەبێتە مەترسییەکی نوێ بۆ سەر دەوڵەت، چونکە سەرچاوە مادییەکان لە کونترۆڵی ناوەند دەباتە دەرەوە. دزەکان، چەورییەکانی لڤیاتان

دەدزن. لێرەدا باس باسی ئەو دزییانەیە کە لەلایەن هاووڵاتییە جیاجیاکانەوە ئەنجامدەدرێت، کە کارمەندی سیستمی دەوڵەت نین و هەوڵدەدەن لە سەر حیسابی ئەوان و ئەو هاووڵاتیانەی بە کار و زەحمەتی راستگۆیانە، ژیانێکیان بۆ خۆیان دابینکردووە، داهاتێك بخەنە گیرفانی خۆیانەوە.

لەم نێوەدا، «لڤیاتانی روسی» کە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەی لەم خاڵەدا شاراوەتەوە، زۆربەی کات خۆی وەك دزێك رۆڵدەبینێت. «لڤیاتان» لە نێوان زەحمەتکێشان و دەسەڵاتی باڵادا شوێنی گرتووە و سەرچاوە مادییەکان لە بـازاڕ دەباتە دەرەوە و دەکشێتەوە. دزی وەك جۆرێك کردەوەی بۆرۆکراتیك، وەك تایبەتمەندی لڤیاتان لە قەڵەمنادرێت، بەڵکو زیاتر وەك دیاردەیەك هاوشێوەی دەسەڵاتی تاکەکەسی و دەسەڵات وەك هۆکاری میکانیکی لە ئاستی باڵادایە. کارمەندی دەوڵەت لە رووخساری خۆیدا تێکەڵاوێك لە بنەمای زەینیی لڤیاتانی واتە وێنای سەرچاوەیەك و کاربەدەستێکی میکانیکی بێ شوناس، هەروەها تاکێکی دیاریکراو کە حەزی خۆویستانە و چاوچنۆکی و هەستی فێڵبازانەی هەیە، نمایشدەکات. کارمەندی روسی بە وەرگرتنی مۆڵەت لە لڤیاتان، لە خزمەتی بێشوناس بە سیستمێکی بێشوناس خۆی دەدزێتەوە، دزی بۆی دەبێتە شێوازی دڵخواز، خۆشەویستی ئۆپۆزسیۆن و دەرخەری راپەڕینێکی بچووك لەدژی دەزگـای بێ کەسایەتیی دەوڵـەت. بەرتیل وەرگرتن، دزی و گەندەڵیی کارمەندەکان، لەڕاستیدا جۆرێك بەرەنگاربوونەوەیە لە چالاکی کاریگەریی دەوڵەتدا و هەر بۆیەش وەك دیاردەیەکی ساکار و هیچ، هەژمار ناکرێت. کارمەندی دزی روسی، تیپێکی نیشتیمانییە و وەك هەموو شتە روسییەکان، دیاردەیەکی «شاراوە و دوولایەنە» و خاوەن ستراتیژیی ئەگزیستانسیالیستیی تایبەتیی خۆیەتی. تاکی دز دەڵێت، من بە ئەنقەست چەمکی میکانیزمی

زەینی دەوڵەتی ئاوێتەی حەز و ویستەکانی خۆم دەکەم و بەم فێڵەش، رووخسارێکی مرۆیی دەبەخشمە رووخساری سارد و بێبەزەیی لڤیاتان و لە خەڵکی نزیکدەکەمەوە، چونکە لەرێگەی منەوە تایبەتمەندییە مرۆییەکان، نەك رووخساری سەیر و سەمەرەی دەزگای سزادان دەردەکەوێت. بەم جۆرش بەرتیلخواردنی کارمەندی روسی جۆرێك دەربازبوونە لە هەڵوێستی کەسێك، کە دەترسێنێت بۆ کەسێك کە ئەم ترسە ئەزموون دەکات.

## پشکی ترس لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی روسیادا

دەوڵـەت لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی روسیادا، ئاستی فشاری لەسەر هەندێك بابەتی دیاریکراوی لە ئاستی جیاواز و ئاوێتەی جیاوازدا زیـادکـردووە. ئیڤان گرۆزنی، ئاستی سەرکوتی «خیانەت»ی زیاترکرد. شێوازی پارانۆئیدی (ئانۆرمەتیڤی توند لە تۆڕی چەمکدا) حکومەتەکەی، ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری خستە دڵی «پیلانگێڕان»، کاربەدەستانی وڵاتە خودموختارەکان و کەسانی نزیکی بارەگاکەی خۆی. بە شێوەیەکی گشتی، نوێنەرانی نوخبەکان و چینی دەسەڵاتدار سزادەدران. خاوەنی بیری جیاواز لەسەردەمی دەسەڵاتداریی ئەودا دەرنەکەوتن، سەرهەڵدانی خەڵکی لەو رژێمەدا وەك رژێمەکانی پێشوو دەخنکێنران و لەبەرانبەر دزیشدا سزایەکی قورس لە ئارادا نەبوو. لە قۆناغی دەرکەوتنی دزدا، سەرکوتی قەشە نیکۆن، ئەلێکسی میخائیلۆڤیچ و دەستبەجێ دوای ئەو، سەرکوتی خاوەنانی بیری جیاواز کەوتە پلەی یەکەم و ترس باڵی بەسەر شوێنکەوتووانی ئایینی کۆندا کێشا. لەو سەردەمەدا و ساڵانی دواتر شوێنکەوتووانی ئایینی کۆن بوونە ئایدۆلۆژیا و پاساوێک بۆ راپەڕینەکانی خەڵك لە رازینەوە بگرە تا پۆگاچۆڤ. دزی و تاڵانکردن لەو سەردەمەدا وەك کەممەترسیترین شێوازی ئەنترۆپی و بێ سیستمیی بۆ دەسەڵاتداران ئەژماردەکرا.

«لڤیاتانی روسی» لە سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا دژی راپەڕین و شۆڕشەکان تێکۆشا و لە نیوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لە راستیدا مەترسی سەرەکی، بیری جیاواز لە شێوەی رێکخراوی شۆڕشگێڕیدا بوو. لە سەدەی بیستەمدا و بە تایبەت لە سەردەمی حکومەتی ستالیندا «لڤیاتان»، گەیشتە لوتکەی خۆی و هەرکام لە چوار دەرکەوتنی سەرەکی چالاکییە دژە دەوڵەتییەکان، سزایەکی قورسیان هەبوو. ستالینیزم لە باڵاترین ئاستی مومکین‌دا، چەمکی «لڤیاتان»ی دەنواند: لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی بێبەزەییانە خاوەنی بیرە جیاوازەکان (راست و ناڕاست)، بۆ هەرچەشنە سەرپێچییەکی (یان تەنانەت بیرکردنەوە لێی)، پیلانگێڕی (یان تەنانەت گومانی پیلانگێڕی)، دزی (چ بچووك و چ مەزن) سزا دەدران. ئەمە جەژنی راستەقینەی ترسی سیاسی بوو کە «لڤیاتانی روسی» بە شێوەی تەواو، هێز و دەرفەتەکانی خۆی نیشاندەدا.

## سەبارەت بە نەتەوەی ئازادیخواز و سەرکێشی روس

زۆرجار دەبیسترێت نەتەوەی روس خاوەن تایبەتمەندیی کۆیلایەتییە و لەگەڵ زوڵم و زۆرداری و هەموو ئەو شتانەی دەسەڵاتی باڵادەست بۆی ئامادە کردووە، خۆی رێکدەخات. بەڵام من جیاوازتر لەمە بیردەکەمەوە. بەڕای من نەتەوەی روس لە دڵ و گیانی خۆیدا ئازادی ویست و راپەڕیوە و حەزی لە رێك و پێکی و بە سیستەمبوون نییە، لە خۆبایی و تەنانەت (تەوەزەلیشە). بەرگەی هیچ چەشنە دەزگایەك ناگرێت کونترۆڵی بکات و شەیدای ئەو تایبەتمەندییە جادوویی خۆیەتی کە جوانیی رۆح لەنێوان تاریکی و لەناخی خاکی روسییەوە سەرهەڵدەدات و پەنادەباتەبەر رووناکیی مانگ، وەك ئیسپرنگی پۆڵایین بەژن راستدەکاتەوە و لە دەریاوە بۆ دەریا، لەئۆقیانووسەوە بۆ ئۆقیانووس، بە سوکی، بە دەم یاریەوە، بە بێ پەلەکردن و بە خۆشحاڵییەوە هەنگاوهەڵدەگرێت. نەتەوەی روس، نەتەوەی با و ئاگر لەگەڵ بۆنی گەنمی تازە و تیشکی شینی ئەستێرەکانی

شەوە، نەتەوەیەکە خودا لە دەروونیدایە، خودایەکی نەرم و نیان وەك نان و شیر، وەك ماسیی جادویی رووبارەکانی ئاوی شیرین. نەتەوەی روس نایەوێت پێملی کەس بێت و ئەگەر دەسەڵاتی «لڤیاتان» قبوڵ بکات، ئەوا گەمەی کردووە، چونکە نەتەوەی روس، نەتەوەیەکی زۆر شاد و قسەخۆشە. بە داخەوە کەسانی دیکە لە قسەی خۆش و گاڵتەکانی ئێمە تێناگەن و پێیانوایە زیاتر لە پێویست خوێناوی و توندە. لە لای نەتەوەی روس، هیچ «زیاتر لە ئاستێك» بوونی نییە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم نەتەوە پڕنەبێت و سەرنجڕاکێشیی ئەستێرەکان و جوانییە سپییەکەی نەبێتە هۆی ئەوەی بە تەواوەتی واز لە کاربهێنێت و لەگێژاوی مەزندەکاندا نەبێتە هەڵم و لەخۆشی و خرۆشی تەوەزەلی شیرینی خەواڵودا نەمرێت، «لڤیاتان»یان هێنایە ناو ژیانییەوە بۆ ئەوەی ژیانیی روسیی زۆر لە لا شیرین نەبێت. کۆیلایەتی، ملدان و پەیڕەوی کردن، رێزگرتن لە دەسەڵات، بەڕێوەبردنی فەرمان، جاشایەتی، نۆکەری، یان بە واتایەکی دی «ترسی سیاسی» هەر هەمووی بە شێوەیەکی ریشەیی بۆ مرۆڤی روسی بێگانەیە، کە خۆی دێوێکە. لە هیچ کەسێك جگە لەخۆی ناترسێت، تەنانەت لەخۆیشی ناترسێت، مرۆڤی روس زۆر شتی بە چاوی خۆی دیوە و تێیپەڕاندووە.

## «لڤیاتانی ئەمڕۆیی روسی»

«لڤیاتانی روسی» ئەمڕۆ لە چ دۆخێکدایە؟ ئایا هەروا بە هێزە؟ ئایا ئەو «ترسە سیاسییەی» پێویستە، دروستی دەکات؟ بەڕای من، سەرەڕای ئەو هێزە ئۆبجەکتیڤەی لە روسیا هەستپێدەکرێت، «لڤیاتانی روسی» گەیشتووەتە کۆتایی دەسەڵاتی خۆی و ئیتر توانایەکی نەماوە. «لڤیاتانی روسی» توانی لە قووڵایی نائاگادا رەگی خۆی دابکوتێت. ئەمە ئەزموونی جیناتی قۆناغەکانی رابوردوو، بەر لە هەمووشیان، سەردەمی زوڵم و زۆری ستالینە کە کاتی چرۆکردنی

گەیشتووە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئازادیی دەوڵەتیی بێسنوری مرۆڤی روسی، کاردانەوەی ئەمانە لە سەر گیان و رۆحی، زۆر خێرا دەسڕدرێتەوە. ژیانی لڤیاتان گەیشتووەتە کۆتایی، دەسەڵاتی ئێستا کەس ناترسێنێت، بەڵام «تارمایی لڤیاتان» و بیرەوەرییە رەشەکانی ئەو سەردەمەی کە زۆر بە هێز بوو، دەیکوشت، دەیبڕی، شەل و پەلی دەکرد و نێچیری دەگرتە نێوپەنجە بە هێزەکانی و هەڵیدەدڕی، هەروەك خۆی دەمێنێتەوە. مرۆڤی روسی لە پشت شانی چەپەوە بە چێژێکی دەروونییەوە سەیری دەکرد. ئێستاش دەڕوانێت، بەڵام لە پێش چاویدا تەنیا بازنە سورەکانی جەژنەکانی بێکۆتایی سەری ساڵ هەیە و هیچی دی. جێگەی «لڤیاتان» بەتاڵە. دەوڵەتتەوەریی ئێستای روسیا، مەجازییە و وێنەی پلات و تەختی سینەمایی سەر پەردەی نمایشە. ئەم تاڵانەی بیرەوەری هێشتا پارێزراوە. هەر ئەمە و ئیدی هیچ شتێکی دیکە لە ئارادا نییە.

**ئێستا با بپرژێینە سەر دۆخی روسیا.**

بچووکترین هێمای زوڵم و زۆرداری، لەدژی بیری جیاواز لەئارادا نییە. دەبێت لەمەوە دەستپێبکرێت، کە دەسەڵاتی باڵادەستی ئێستای روسیا خاوەن «بیرۆکە و هزری» وا نییە بکرێت لە دژی بوەستیتەوە. ئەم دەسەڵاتە بێبەشە لە هەرچی ئەندێشە و پرۆگرامی جدی و ئایدۆلۆژیا و فەلسەفەی سیاسی. تاکە شتێك کە دەکرێت لەدژی بوەستیتەوە، تەکنەلۆژیایە کە لەم بارەدا شێوازێکی تایبەتی «بیری جیاواز لەبواری تەکنەلۆژیادا» فۆڕم وەردەگرێت. نمایشەکانی دەسەڵاتی باڵادەست بە شێوەی سەرکەوتوو یان ناسەرکەوتوو بەڕێوەدەبرێت کە دەکرێت بخرێنە بەر باس، بەڵام ئەمەش هیچ ئایدیا و واتایەکی تێدا نییە. لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا، ناکرێت هیچ شتێك بسەلمێنیت یان رەتی بکەیتەوە. هەر چەشنە روانگەی دژبەر یان لەگەڵ، دەکەوێتە زەلکاوەوە. هیچ کەسێك

لە بەرانبەر ئێوە ناوەستێتەوە و کەسیش قسەکانتان وەرناگرێت. «هزر» بە واتا راستەقینەکەی، خراوەتە زبڵەوە یان خراوەتەوە شوێنێکی زۆر دوورترەوە. ئەمە لەو چەشنە ئازادییەیە کە پێویستی بە «هزراندن» نییە. باشتر وایە بە ئاسنی سورکراوە، بسووتێنرێت، ئەگەر کەس سەرنجی لێنەدات، دەسەڵاتەکەی لاواز دەبێت و گومان لەخۆی دەکات، کاڵدەبێتەوە و وەك هەتیوێکی بێچارە، لاواز و لاوازتر دەبێت. هەڵبەت «لڤیاتان» دەتوانێت هەروەك ئێستا بێهیچ چەشنە ئەندێشەیەك بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە هێمای دەسەڵاتی ئەو نییە، بەڵکو دەرخەری ئەوەیە ئیدی لە «لڤیاتانی روسی» ناچێت و زیاتر پەنجەی «لڤیاتانی» دیکە و نا روسییە، چونکە لڤیاتانی روسی خزاوەتە شوێنێکەوە.

راپەڕین و شۆڕشەکان. لە ئێستادا لە ئاستێکدا ترسناکن. چیچانیەکان و لایەنگرانی لیمۆنۆڤ هەوڵیاندا بە دەربڕینی نافەرمانی و رەفتاری نەگونجاو کلکی لڤیاتانی روسی بکێشن. چی ناوێکی ناشایستەیان لەم دێوە نا و بە هەر شێوەیەك توانیان ئازاریاندا. دژەکردەوەیەك نوێنرا. هێز هەستپێکرا، بەڵام هیچ چەشنە بزاوتێك لە زوڵمەکاندا بەدینەکرا. بەم نزیکانە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەی بچووکی قەفقاز لەگەڵ سوپای فیدرال، پێدەنێتە قۆناغی دە ساڵییەوە. کۆمەڵێك لە لاوانی تووڕە، ئەم «کۆچەرە قیرتاوییانە»ی پایتەختەکانی جیهان بە سەرۆکایەتی نوسەری پیر، پۆرنۆ، دەستدەدەنە سەرسەرییەتیەکی سیستماتیك و کارمەندانی دەزگا تایبەتەکان دەرەقەتیان نایەن. ئایا ئەمە هەمان «لیڤیاتان»؟ ئەمانە لاسایی ئەو دەکەنەوە؟ گیانلەبەرێکی رووتە. پووڵەکەکانی رژاون و پەنجەکانی تیژ بوونەتەوە. ئێستا من لەبارەی ئەوەی دەبێت هاواربکرێت یان پێبکەنێت، هیچ ناڵێم، بەڵکو باسی دۆخی راستەقینە دەکەم. دەسەڵات، راپەڕین و شۆڕشەکان نابەخشێت و لێیان خۆش نابێت، بەڵام لە سەرکەشیی «ناڕاستەوخۆ» و «دوور لە سوکایەتی» خۆشدەبێت.

سەرئەنجام، پیلانگێڕیی. پیلانگێڕییەکان لە روسیادا هەبوون، دەبن و هەمیشەش هەر دەمێننەوە. لەم چرکەساتەدا کە ئێوە سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەم دێڕانەن، کۆمەڵێك لە پێرسۆناژە زۆر مەترسیدار و فێڵبازەکان، کە بەشێکی زۆریان پشت بە ئاستە باڵاکانی حکومەت دەبەستن، دەستیانداوەتە پیلانگێڕیی مەترسیدار دژی روسیا و سەرۆك کۆمارەکەی. ئەوانە دەستەکانیان لێکهەڵدەسوون و دەڵێن: «ئێمە لە ساڵی 2010دا ئەمکارە دەکەین، ساڵێك پێشتر، کاتێك هاوکارەکانمان لەوپەڕی ئۆقیانووسەکانەوە لە ساڵی 2008دا فشاریان خستە سەر ‹نەزەربایڤ› و ‹لۆکاشێنکۆ›، ئێمە فلان و فیسار کارمانکرد، ئەگەر دەرئەنجامێکی نەبێت، دەچینە پێشترەوە و ساڵی 2009 کارێکی زۆر سەیرتر دەکەین.» لرخەلرخی دەنگی خنکاو، لە گوێدا دەنگدەداتەوە؛ دەنگی دەروون ناکوژێتەوە: «خیانەت، لە هەموو شوێنێك خیانەتە!» بەڵێ بەڕاستیش خیانەتە. ئەمە شتێکی نوێ نییە، بەڵام هەمیشە پیلانگێڕان ئەوەندە خۆیان ئازاد دەبینن زیاترین شتێك کە لێیدەترسن، گواستنەوە بۆ لایەنێکی دیکەیە لە ئاستێکی خوارتردا. کەسێك کە بەشداری پیلانگێڕی نەبێت، لە بواری سیاسییەوە، وەك بوونێکی دەرەکی نایەتە ئەژمار. چەندە پیلانگێڕان لە سەرۆك کۆمار نزیکتربن، ئەنجامی کارە رەشەکەیان ئاسانتر و هێمنترە. چاوی مەزنی ئەژدیها تەنیا جوڵەیەکی بچووك دەکات.

تاڵان، بەڵام ئەمە ئیدی کێشەیەکی تایبەت نییە، بەڵکو جەژنی سیاسەتناسیی هاوچەرخی روسیایە. کاتێك پێشتر دەنووسرا: «لە روسیا هەموو شتێک تاڵاندەکەن»، ئەمە خوازەیەك بوو. ئەمڕۆ دەکرێت لە مانای «هەموو شتێک» تێبگەین. تاڵان بووەتە چەمکێکی نێوان پرۆسەی سیاسی. هیچ کارێك بە بێ «بڕین» و «بڕینەوە» ناکرێت. کڵاولەسەرنان لە روسیای هاوچەرخدا لەگەڵ «سیاسەتی کارا» یان «تەکنەلۆژیای سیاسی» هاوواتا کراوە. دزی و

تاڵان تاکە شتە تایبەتمەندیی دیاری دەوڵەتەوەری هاوچەرخ پێکدەهێنێت. ئەوەی دەمێنێتەوە هەمووی «قسەی بێمانا» یان بە دەربڕینێکی تر «پەردەی دووکەڵە». زۆرکردنی حەقدەست، کەمکردنەوەی حەقدەستی زەحمەتکێشان، پەسەندکردنی یاسا، لابردنی یاسا، زۆرکردنی قەرزەکان، کەمکردنەوەی قەرزەکان، سەرجەم ئەو شتانەی ڕوودەدەن، دەبێت «سودێکی دیاریکراوی» بۆ هەندێك کارمەندی «دیاریکراو» هەبێت، ئەگینا هیچکام لەمانە وەرناگیرێن و ئەگەر پێویست بێت، بە جۆرێك بابەتەکە کۆبکەنەوە، «پرۆفیسۆرێك» دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی لەجیاتی وەرگرتنی فلسێك، هەرچی پێویست بێت بۆ ژمێرارییەکان دابڕێژێتەوە. دیسانەوە وەك پێشوو بەردەوام دەبێت. «لڤیاتانی ڕوسی» بەردەوام بە نیسبەت دزییەوە خۆش دەبوو، ڕەفتارێکی گەورانەی دەنواند، بەڵام نەك لەم ئاستەدا! بە زوویی بە هۆی دزییەوە هەندێك خەڵات پێشکەشکرا. خەڵاتی زێڕینی «دزی شانازیی ڕوسیا» بە هۆی دزیی مەزنەوە بەخشرایە پاڤێل پاڤێلۆڤیچ (ئیڤان ئیڤانۆڤیچ، ڤاسیلی ڤاسیلیڤیچ). خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە ناکرێت هیچ کەسێك بە تاوانباری ئەمە بزانرێت و لڤیاتانی ڕوسی خەریکە دوایین هەناسەکانی خۆی دەکێشیت. ئەمە ڕاستییەکی ئاشکرایە، بەڵام تارمایی و بیرەوەرییەکی لێ بەجێما. پاشەکەوتی «ترسی سیاسی» لە ڕوسیادا گەیشتووەتە کۆتایی و هەر ئەوەندەی دوایین تارماییەکان تێپەڕبن، هەموان دەبینن، کە شوێنی پیرۆزی و پاکی بەتاڵە.

## دەبێت چی بکرێت؟

یەکەم شت کە سەبارەت بە پێشبینییەکان دێتە مێشکی مرۆڤەوە ئەوەیە، سیکلی دەوڵەتەوەریی ڕوسیا دەگاتە کۆتایی، باشە کێشە نییە، کارێك دەکەین، چارەیەك دەدۆزینەوە... ئەم لیڤیاتانە ئەوەندەش

به بایەخ نەبوو، بە تایبەتی کە لە فەرهەنگی بێگانەی ئەنگلۆسەکسۆن و ئەندێشەی سیاسیی جیاواز بە قەرز وەرگیرابوو. ئەگەر لەبواری رۆحییەوە ئامادە نەبین، ناتوانین ونبوونی لڤیاتان بە ئاسانی وەربگرین. بەتایبەتی کە لە بەرانبەر ئێمەدا نەك بازاڕی پڕۆژە بێگانەکان، بەڵکو چەشنێك شەوی تاریکی بیانی لەگەڵ تسۆنامی، گەرم داهاتنی گشتیی جیهان و ئاخر زەمان لە ئارادایە.

## رێگەی چوونەدەرەوە هەیە، یانی دەبێت ببێت

یەکێك لە چارەسەرەکان دامەزراندنی دەستبەجێی «ئاپریچنینا»یە . ئاپریچنینای نوێ دەبێت وڵات لە بەرانبەر خیانەت و کارەساتێك کە پێدەچێت بە زوویی رووبدات، بپارێزێت. هەموان بەم خاڵەیان زانیوە، کە رووداني ئەمە لە لایەن حکومەتی ئێستاوە، دواکەوتووە. دەکرێت ئەمە بە جۆرێك «گەشتی لڤیاتان» ناوبنرێت، وەك فیلمی ئیتالیایی «بیابانی تاتار» کە دوایین شەڕڤانانی یەکە سەربازییەکان ئەو سنورە دوورانە دەپارێزن کە کەس سودیان لێوەرناگرێت. ئەوان بۆ پێشکەشکردنی دوایین پشکی خۆیان لەم جەنگەدا، بە چاوی کراوە و رووخساری تێکسمڕاو و تووڕە، دەچنە دڵی شەوی لە بیرکردن و فەرامۆشییەوە.

ئەگەر ئەم رێگەیە هەڵبژێردرێت، دەبێت هەموو بەشەکانی «ترسی سیاسی» بێنە مەیدان. لەبەرئەوەی ترس لە پێش چاواندا دەبێتەهەڵم، دەبێت کارێکی جدی بکرێت. خودوورکۆڤسکی لە کۆنجێکی ئاسودەدا، نە ترس  دروستدەکات و نە خۆیشی دەترسێت. لەم بابەتە تایبەتەدا، ئەگەر پێویست بێت بترسێنێت، کەواتە دەبێت باش بیترسێنێت. لێرەدا نابێت تووشی وەهم و خەیاڵ بێت. دەسەڵاتی باڵادەست توانای ئەمی نییە، کەواتە

باشتروایە بێدەنگ دانیشێت. بیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی 1991، مرۆڤ توشی شەرمەزاری دەکات، مشتت هەڵپێکاوە، کەواتە لێیدە! ئەگەر ناتوانی، کەواتە بچۆ کەنارەکە و پیاسە بکە. نازانم ئایا هێزی پێویست بۆ ئەم کارە هەیە یان نا. ئاپریچنیناکان خۆیان باشتر دەزانن. دەبێت لەوان بپرسیت، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە هەستانەوەی لڤیاتان، کە کەوتووەتە چاڵاوی قووڵی لاوازیی مێژوویی، کارێکی ئاسان نییە. ئەو تەنیا بە خوێنێکی نوێ دەتوانێت هێزەکەی بەدەستبێنێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ڕێگەی دەرچوونی ئۆراسیایی: دەبێت سەرنج بدەینە «هیپۆپۆتام» (ئەسپی ئاوی)، ئەو سەنتێزەی لەم باسەدا خۆمان لە قەرەی نەدا. بۆ پێناسەی گەورەیی وشکانی، چەمکی دەسەڵات کە لەگەڵ «ترسی سیاسی» بەرانبەرە، شتێکی دیکەیە. ئەگەر «هیپۆپۆتام» بژییتەوە، نە میکانیزم و نە دەزگای زوڵم و زۆرداری نابێت دیسانەوە بکەوێتەوە کار، بەڵکو وردترین واتای پیرۆزیی و پاکی، ئامانجی زانستی ئایین، پڕۆژەی ئەنجامناسی، ئەو هزرە قووڵە ئایینیەی کە نەتەوەی روس لە شاراوەدا لە سەرانسەری ڕێگەی مێژوویی خۆیدا، کەڵکی لێوەردەگرت، دەبێت بکێشرێتە مەیدان (لە ئینجیلدا باسی وەحی خودا بۆ ئیلیاس دەکرێت «کەواتە بە هۆی «با»وە زەوی دەلەرزێت، بەڵام... دوای لەرزین، ئاگر، بەڵام... دوای ئاگر، شنەی با». خەڵکی روس بە شێوەیەکی دیکە سەرنجی ئەم بابەتە دەدەن، نەك بە تەوەزەلی، سەرپێچی و خەمساریی، بەڵکو بە جۆشوخرۆشی دوایین جەنگەوە، هەڵبەزین بۆ دوایین سنورەکانی فەزای نەتەوەیی. ئەمە دوایین سەرچاوەیە بۆ هەڵبەزین، بەڵام بنچینەکەی لە بواری تەکنەلۆژیادا نییە، بەڵکو لە ئیلاهیات و فەلسەفەی مێژوودا شاراوەتەوە.

# بەشی چواردەهەم

## مودێرنیتە لە بەرانبەر پرسیاردا

ئایا روسیا پێویستی بە مۆدێرنیزاسیۆن هەیە و ئەم پرۆسەیە بۆ روسیا پێویستە؟ یەکەم کاردانەوە بۆ ئەم پرسیارە ئەمەیە: دیارە پێویستی پێی هەیە، مەگەر بە بێ ئەوە دەبێت؟ بە پێی هەندێك روانگە، پەلەکردنێکی لەم چەشنە بۆ وەڵامدانەوە و دەربڕینی ئامادەیی جێی دەستخۆشییە، بەڵام ئەم وەڵامە هیچ قووڵاییەکی نییە، چونکە زۆر کەم روودەدات سەبارەت بەوەی، کە مۆدێرنیزاسیۆن چییە، یان ریشەکانی، خو و سروشتەکەی کامانەن و چی فرەجۆرییەکی تێدایە، بیربکەینەوە. با پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە ئاراستە بکەین: چ جۆرە مۆدێرنیزاسیۆنێك بۆ روسیا پێویستە؟

ئێستا کەسانێکی کەم دەزانن مۆدێرنیزاسیۆن لەدوو بەش پێکهاتووە. لایەنێکی مۆدێرنیزاسیۆن بەردەوام دێتەبەرچاو کە لەشێوەی کەرەستەی نوێ، کەرەستەکانی پەیوەندی، کەرەستەکانی وەرگرتنی پارە، تەکنەلۆژیای نوێی زانیاری و نانۆ و شتی لەم چەشنە خۆیان دەردەخـەن، بە گشتی ئەو ئامێر و کەرەستانە سەر بە رەوتی مودێرنیتەن، کە ژیانی مرۆڤ ئاسانتر و جیهان، ئاسودەتر، خێراتر، کاراتر و شادتر دەکەن، یان بە وتەی پسپۆڕانی کۆمپیۆتەر ژیان بۆ مرۆڤی «ئینتەر فەیس» و بۆ بەکارهێنەرانان دۆستانەتر دەکەن و ئەم «ئینتەر فەیسە» بێگومان گرێدراوی مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنیکییە، بەڵام مۆدێرنیزاسیۆن لایەنێکی دیکەشی هەیە، کە لەبواری مێژووییەوە لەگەڵ ئەوەی باسکرا، لە پەیوەندیدایە، ئەوەش مۆدێرنیزاسیۆنی ئەخلاقی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە. ئەگەر بە پلەی یەك کەرەستە و ئامێرەکان مودێرن دەبنەوە، بە پلەی دوو ئەوە نەتەوە، کۆمەڵگە، دەوڵەت و ئەخلاقیات و فەرهەنگن کە

دەکەونە نێو ئەم ڕەوتەوە. لەم پەیوەندییەدا مۆدێرنیزاسیۆن هەڵگری واتایەکی تەواو جیاوازە. بۆ نموونە؛ مۆدێرنیزاسیۆنی داب و نەریت و شتە باوەکان بە واتای خۆ بواردن لە بەها سوننەتییەکان: سەرەتا خۆ بواردن لە تۆمارکردنی هاوسەرگیریی کڵێسایی، دواتر خۆلادان لە تۆمارکردنی هاوسەرگیری کە لە لایەن نوسینگەکانی تۆمارکردنی هاوسەرگیرییەوە ئەنجامدەدرێت، پاش ئەوەش پێدانی مۆڵەتی هاوسەرگیری بە هێمۆسێکسواڵەکان و دواتر توانەوەی تەواوەتی دەزگای هاوسەرگیری و پۆلیگامی (هاوسەرگیری گشتگیری نێوان گروپ)، دەبێتە ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی.

ئەمە تاکە ڕێگەی مودێرنیزەکردنی خێزانە و شێوازێکی دیکە بوونی نییە. ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەزگای خێزان مودێرنیزە بکەین، دەبێت ڕێسا و دابە سوننەتییەکانی لەناوبەرین و ڕێسا باوەکان دابنێین. مۆدێرنیزاسیۆنی فەرهەنگیش ڕاست هەر بەمشێوەیە ڕوودەدات. هونەری ئایینی بە شێوەی سوننەتی بنەمای فەرهەنگی پێکدەهێنێت: نیگارکێشیی ئایینی، ئەدەبیاتی ئایینی، دەنگبێژیی ئایینی، ئێمە بەدرێژایی مۆدێرنیزاسیۆنی فەرهەنگی ئایینی، قۆناغی فەرهەنگی سۆڤیێت، قۆناغی ئاوانگارد و دوای ئەوەش پۆست مودێرنمان کە لە ئێستادا بەشەکانی ئەمە، توخمە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن، تێپەڕاند. مۆدێرنیزاسیۆنی ئەخلاقی دەبێتە هۆی داڕووخانی پەیوەندییە سوننەتییەکانی نێوان خەڵك. هەر تاکێك تەنیا بیر لەخۆی دەکاتەوە و خۆی دەکاتە ناوەندی سەرنجەکان و هیچ چەشنە ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی و گشتی قبوڵناکات. بەمجۆرەش مۆدێرنیزاسیۆنی ئەم بوارانە بە واتای ڕەتکردنەوەی شێوازە سوننەتییەکانی ئەخلاق، دابونەریت، جیهانبینی سوننەتی، بنەما ئایینییەکان، بەهاکانی خێزان، نەتەوە، ئەتنیك و کۆمەڵگەیە، واتا سەرجەم ئەو شتانەی شوناسی گروپ و کۆمەڵی خەڵکی پێکدێنن.

مۆدێرنیزاسیۆنێکی لەم شێوەیە بە دوای مودێرنیتەکردنی تەکنەلۆژیا و تەکنیکدا ڕوودەدات. سەرجەم ئەمانە ناودەنرێت پێشکەوتن، پێگەیشتن و گەشە سەندن. ئەم وشە ئاشنایانە بۆ ئێمە هەڵگری دوو واتای جیاوازن. دەستەواژەی مۆدێرنیزاسیۆن لە وشەی «مودێرن» واتا «هاوچەرخ» وەرگیراوە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە، کە لە سەردەمی ئێمەدا ڕوودەدات. مودێرن نەك بە واتای «هاوچەرخ»، بەڵکو بە واتای «نوێ»یە. مودێرن لەو سەردەمەوە دەستیپێکرد، کە خەڵك بڕیاریاندا لە بەڵای ڕابوردووی موحافیزەکارانەی خۆیان ڕزگاریان بێت، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ سوننەتەکان بپچڕێنن، ئەو کاتەی خەڵك سەیری ڕابوردوو، سەیری باوکانی ڕۆحانی، ریشەکانی عەشیرەت، ئەتنیك و وڵاتەکەی خۆیان و بەمجۆرەش ئەو کاتەی دەستیانکرد بە ڕوانین بۆ لایەکی دیکەی خاڵی بەرانبەر و دژبەری ئەمە، مۆدێرن بوون دەستیپێکرد. هەر چەندە پێدەچێت لە فەرهەنگی روسی و ئەورووپیدا، بە وشەی «هاوچەرخ» مانا بکرێتەوە، بەڵام هاوچەرخ و مۆدێرن خاوەن سەرەتایەکی تایبەتە. مۆدێرنیزاسیۆن شوێنی کۆمەڵگەی سوننەتیی گرتووەتەوە، بە ناو «سەردەم و قۆناغی نوێ» گەیشتووە. ئەم سەردەمە نوێیە کاتێك گەیشت کە خەڵك بنەما و بنچینەی سوننەتیی ڕەتکردەوە.

لەو کاتەوە واتە لە سەردەمی ڕێنیسانسی سەدەی چواردەوە، مۆدێرنیزاسیۆن دەستیپێکرد و لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدایە، ئیدی مۆدێرنیزاسیۆنی دونیای ئەوروپای ڕۆژئاوا دەگاتە لوتکەی خۆی. لەم مۆدێرنیزاسیۆنەدا هەر دوو لایەنەکە ئامادەیە. لە لایەکەوە لایەنی تەکنەلۆژی و مادی و لە لایەکی دیکەوە لایەنی ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، چونکە بۆ نموونە؛ بەرهەمهێنانی مەکینەی هەڵمی لەبواری مێژوویی، سایکۆلۆژی، ئایدۆلۆژی و فەرهەنگییەوە بە شێوەیەکی توند و تۆڵ، لەگەڵ قۆناغی تێکۆشان لەدژی ئایین، پێگەی کڵێسە لە کۆمەڵگەدا، بە سیکۆلار کردن و ئازادی مرۆڤەکان لەو پەیوەندییە گرێدراوانەن کە ئەو لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا لەگەڵ دام و دەزگا

جیاوازەکان، دابونەریتەکان، بنەماکان و بەربەستە ئەخلاقییەکان، گرێدەدات. سەرجەم ئەم بابەتانە لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆن لەناوچوو، وێرانی زەینی مرۆڤەکان روویدا. لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا لە شوناسی تاك و لەو رێسا و یاسایانە پشتگیری دەکرێت، کە رەگیان لە بنەما و بنچینەی سوننەتدایە، ئەم رێسایانە گرێدراوی ژیانی خێزانی و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەیە. سەرجەم ئەمانەش لەگەڵ وێرانی رووبەڕووبووەوە. رزگاربوون لەم کۆمەڵە شتە، هەندێك دەرفەتی نوێی دەرخست کە لە بواری تەکنەلۆژیا و لە بواری ئەخلاقی بە شێوەی جیاواز پەیڕەو کران. ئەمانە لەبواری تەکنەلۆژیادا خوڵقێنەر و دامەزرێنەرن، چونکە دام و دەزگای نوێتر و تازەتر  دروستدەکەن. بە پێچەوانەوە مۆدێرنیزاسیۆن لە بواری ئەخلاقیدا تێکدەرانە کاردەکات. ئەم رەوتە بنەما و بنچینەی ئەخلاقی مرۆڤ تێکدەدات و وێناکردن سەبارەت بە مرۆڤ لە ناودەبات.

لەگەڵ ئەمەش، سودی هزری مرۆڤ لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە بە شێوەیەکی جدی رووبەڕووی گۆڕان بووەتەوە. لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا مرۆڤ وەك کۆیلەی خودا لە بەرچاودەگیرا. ئێستا کە باسی ئەم پێناسەیە دەکرێت، دەڵێن پێناسەیەکی هۆڤانەیە، چونکە مرۆڤ، کۆیلە نییە و بوونەوەرێکی ئازادە، بەڵام ناویان لێنابوو کۆیلەی خودا، چونکە لە هەموو شتێکی دیکە ئازادتر بوو. ئەو تەنیا لەپێناو خودادا کاریدەکرد. بەمجۆرەش کڵێسە، ئازادیی راستەقینەی دەبەخشییە خەڵکی.

جگە لەمە ئەم وتەیە مرۆڤ لەلایەن خوداوە و لەهیچ  دروستکراوە نەك لەخودی خودا، ئازادییەکی رەهای دەبەخشییە مرۆڤ. لەچوارچێوەی ئەم ئازادییەدا مرۆڤ دەیتوانی هەڵیببژێرێت کە کۆیلەی خودا بێت و بە سەر هۆکارەکانی وەك شەهوەت، هەوەس و گوناح دا زاڵبێت، یان کۆیلەی تاوان، کۆیلەی شەیتان، کۆیلەی شەهوەتی ئانی، بەڵام لە خودا ئازاد بێت. ئەمە بژاردەیەکی ئەخلاقییە. لە کۆمەڵگەی سوننەتیدا لە سەر ئەو بڕوایە بوون، کە بژاردەی دروست  ئەوەیە مرۆڤ

کۆیلەی خواوەند بێت، نەك کۆیلەی شەهوەت. لە سەردەمی مۆدێرنیزاسیۆندا بە تایبەت لە قۆناغی رۆشنگەریدا بڕیاردرا ئەم رێسا ئەخلاقییانە بگۆڕن. ئەمجار بە نیسبەت مرۆڤەوە ئازادبوون لە خودا و گیرۆدەی شەهوەت بوون، لەگەڵ ئازادی لە تاوان و ئازادبوون لە بەڵای شەیتان بە شێوەیەکی یەکسان دركدەكرا. بەمجۆرەش ئەو یەکەم هەنگاوی بەرەو مۆدێرنیزاسیۆن هەڵگرت.

هەموان  فۆرمۆلی «خودا مرد»ی نیچە دەناسن، بەڵام زۆربەی خەڵك نازانن ئەم رستەیە چۆن کۆتایی پێدێت: «<...> ئێوە کوشتتان، ئێوە و من» ئەو مرۆڤانەی خوازیاری مۆدێرنیزاسیۆن بوون، خودایان کوشت. خەڵکی باجی گەیشتن بە دەرفەتی دارایی و ئازادی بێسنوری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیان بە کوشتنی خودا، دا. ئەو روانگەی نیچە زۆر راستگۆیانە و راستە. نیچە کەس تاوانبارناکات و بۆ هیچ کەسیش بە داخ نییە، راشکاوانە هەموو شتێک هەروەك هەیە، ناودەنێت. بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی مودێرن، خستنە خوارەوەی خودا لە تەختەکەی پێویستییەك بوو. شوناسی دژە خودایی مرۆڤدۆستی کە گەلێك لە فەیلەسوفانی سەدەی نۆزدە و بیست باسیان لێوەکردووە، لەم خاڵەدا شاراوەتەوە. لەڕاستیدا لە رەوتی مۆدێرنیزاسیۆندا مرۆڤی خۆبەڕێوەبەر دەرکەوت و خۆی ناونا مرۆڤی «ئازاد». بەمجۆرەش توخمی مودێرنکردن بە ناچار توخمی «دژەخودایە» کە هەنوکە نەگەیشتۆتە کۆتایی. کاتێك ئەم مرۆڤە ئازاد و خۆبەڕێوەبەرە دەرکەوت، کاتێك ئەم مرۆڤە پەرەی بە فەرهەنگی مرۆڤدۆستانەی تایبەتی خۆی دا بە پشتبەستن بە دەسەڵات، دەسەڵاتی تەکنیکی، دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، دیموکراسی – لیبرالی دژە خودایی و دیکەی دەستکەوتەکانی مودێرنیتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پەرەپێدا، راست لەم کاتەدا، فەیلەسوفان و پۆست مودێرنەکان دەمامکیان لە سەر رووخساری مودێرنە هەڵگرت و رایانگەیاند، ئێستا مرۆڤ «خودایە».

لەم کاتەدا، ئایدیای کوشتنی خودی ئەم مرۆڤە هاتە ئاراوە. بێرنارد هێنری لیڤی، فەیلەسوفی بەناوبانگی فەرەنسی، مەرگی مرۆڤ، رۆلان بارت، مەرگی

نوسەریان ڕاگەیاند. کۆمەڵگەی بێمرۆڤ و دەقی بێنوسەر، بوو بە ڕێسا و دابی فەرهەنگیی هاوچەرخی مودێرن. بەمجۆرەش مرۆڤ سەرەتا «خودا»ی کوشت و دواتر لە گەڕان و کونجکۆڵیی مۆدێرنیزاسیۆنی نوێ و نوێتر و ئازادی نوێدا، ئەوەندە چووە پێش کە بووە بارێکی گران بە سەر «خود»ی خۆیەوە. کۆتایی لۆژیکیی مۆدێرنیزاسیۆن. لە سەردەمی مودێرندا خەڵك مێژووی تایبەتی خۆیان دروستدەکەن، کە خاوەنی سووژەن، بەڵام بە پێچەوانەوە بەشەکانی ئەمە خودی خۆیانن. ئەمە پۆست ئینسانە، توخمی پێویستی مۆدێرنیزاسیۆن. چونکە پۆست مودێرن ئەو شتەیە کە دوای مودێرنیزە بوون دەستپێدەکات و دوای ئەوە مودێرنیزەکردن کۆتایی پێدێت و ڕەوتی چالاکی پۆست مودێرنە دەستپێدەکات: بە پیشەسازیی بوون کۆتایی هات، سەردەمی ئەوپەڕ پیشەسازی دەستیپێکردووە. مۆدێرنیزاسیۆن گەیشتە خاڵی کۆتایی، پۆست مودێرن دەستیپێکرد. ئێستا دەیانەوێت روسیا پەلکێشی ئەم ڕەوتە بکەن، بەڵام لەم ڕەوتەدا هیچ ئاکامێکی باش جگە لە گەشەی بواری تەکنەلۆژیا، بەدیناکرێت. لەلایەك جامخانە پڕ باق و بریقەکان، گڵۆپە نیۆنەکان، مۆنتیتۆرەکان، کەرەستەی تەکنیکی ناوماڵ دادەنێن و لە لایەکی دیکەوە ژیانی مرۆڤ، چارەنوسەکەی، ڕۆح و دەروونی، عەشقەکەی، بەساڵاچوویەکەی، هەوا، پەیوەندی لەگەڵ سروشت، لەگەڵ منداڵان و ئەو پڕۆژە مەزنە مێژووییانە کە خەڵك کردویانەتە ئامانج بۆ خۆیان، دادەنرێت.

لە مێژووی روسیادا ئەوە دەبینین کە مۆدێرنیزاسیۆن هەرگیز لە خوارەوە دەستی پێنەکردووە و هەمیشە بە سەرماندا سەپێنراوە. لێرەدا ئەو ڕستەیەی پووشکین دێتەوەیاد کە دەیوت؛ لە روسیادا تاکە ئەوروپی بەس دەوڵەتە. سەرجەم مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕۆژئاواوە بە شێوازی توند و زۆرداریەوە بە سەر ئێمەدا سەپاوە. یەکەمین و بونیادیترین قۆناغی مۆدێرنیزاسیۆن لە سەردەمی پێتری مەزندا ڕوویدا و لەو کاتەوە پێوەرە نەتەوەییەکانی روسیا بۆ ماوەی سەدەیەکی

تەواو زەبری بەرکەوت. دابونەریتی بێگانە، جلوبەرگی و تێگەیشتنەکانی ڕۆژئاوا بەسەر ئێمەدا سەپێنران و لەڕاستیشدا بە پێی ئەم فاکتەرانە، تا ئاستێك مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنەلۆژیا بەدیهات. دووەم شەپۆلی مۆدێرنیزاسیۆن لە سەدەی بیستەمدا روویدا، کە ترسناكتر و سەرسووڕهێنەرتر لە پێشوو بوو. لەو سەردەمەدا بەڵشەفیکەکان سەرجەم بابەتە سوننەتی، موحافیزەکارانە و یاساییەکانیان وێرانکرد و لە شوێنی ئازادکراودا سەرقاڵی تاقیکردنەوەی تەکنیکی ئاوارتەی وەك؛ چوون بۆ فەزا، دروستکردنی خانوی نوێ و چەکی ناوەکی بوون، بەڵێ سەرکەوتنی مەزن بە دەستهێنرا. هەرچەندە کۆمۆنیستەکان پاش ماوەیەك ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنیان ڕاگرت، بەڵام لە ساڵەکانی سەرەتادا زۆر بە خێرایی لەم ڕێگەیەدا دەچوونە پێش، بەڵام ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنیان لە بواری ئەخلاقیاتدا سنوردار کرد، چونکە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت، مرۆڤایەتی لەناو دەچێت. مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنیکی لەسەردەمی سۆڤیێتدا سەرسوڕهێنەر بوو. لە ناوچوونی دابونەریت، فەرهەنگ، دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی سوننەتی، لەناوچوونی وەرزێر و جوتیارەکان، زوڵم و زۆرداریيەکان. مۆدێرنیزاسیۆن گەلێك قوربانی بۆ درا. ئەم مودێرنیزە کردنە لە سەرەوە سەپێنرا، کۆمەڵێك خەڵکی دەمارگرژ گەیشتنە دەسەڵات و بە بڕواکردن بە ژیانێکی باشتر، ئەم مودێلە مودێرنیزە کردنەیان بە سەر ئێمەدا سەپاند.

هەڵبەت توخمی موحافیزەکارانە لەم ڕەوتەدا خۆی دەرخست و ئێمە نرخی مۆدێرنیزاسیۆنمان تەنیا بە خوێن و ئەخلاق نەدا، بەڵکو بە میلیۆنان کەس لەمە ئازاریان چەشت و کەوتنە بەر شەپۆلی ئازار و ئەزییەت. جاری یەکەم ئەوانە چینی سوننەتیی کۆمەڵگەی سوننەتی – وەرزێران، ڕۆحانیەت و ئەشرافییەتی بارەگا بوون، کە لەم مۆدێرنیزاسیۆنە تووشی ئازار هاتن. بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی

تەکنەلۆژیا، کۆمۆنیستەکان ناچاربوون هەمان ئەو کارە بکەن، کە پێتری یەکەم لە سەردەمی خۆیدا ئەنجامی دابوو، واتا دروستکردنی پردێك لە جەستەی روسەکان بەسەر شاری گەندەڵ و زەلکاویی پەراوێزی روسیادا. بەڵێ، لەڕوانگەی تەکنەلۆژیاوە ئەمە قەڵایەکی زۆر قایم بوو، بەڵام بە چی نرخێك! ئەم قەڵایە، مێژووی ئێمە، سوننەت و دابونەریتەکانی ئێمەی وێرانکرد. لە سەدەی هەژدەدا لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی روسی بۆ خەڵك قەدەغەکرابوو، رێگە بە پیاوان نەدەدرا لە شارەکاندا، ریش دابنێن. روسیا باجی مۆدێرنیزاسیۆنی بە شوناسی خۆی دا. ئەگەر ئێمە جارێکی دیکە، گێلانە بەم ئاراستەیەدا هەنگاو بنێین، بە تەواوەتی روسیا لە دەستدەدەین. دەبێت جادوویەک لە دەستەواژەی «مۆدێرنیزاسیۆن» بکرێت. چونکە کاتێك کەسێك وشەی «مۆدێرنیزاسیۆن» دێنێتە سەر زمان، دەستبەجێ هەموان دەڵێن «بەڵێ» و کەسانێکیش کە بڵێن «نەخێر» بە کەسانی دواکەوتوو، کۆنەپەرست ناوزەد دەکرێن. هەر بەم گومانەوە سەیری ئەو کەسانە دەکرێت، کە یەکدەنگ دەڵێن بەڵێ، چونکە مۆدێرنیزاسیۆن مەرگی خودایە و دواتر مەرگی مرۆڤ، مەرگی نوسەر، مەرگی «ریزۆم»، چەمکی سەرەکیی فەلسەفەی پۆست مودێرن و چالاکی جینات. لە ئێستادا بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆسپی بۆ دروستدەکەن، کومیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا پێشنیاردەکات، تاقیکردنەوە لەسەر کۆدی جیناتی مرۆڤ سنوردار بکرێت، چونکە ئێجگار مەترسیدارە. ئەمە دەربڕی ئەوەیە، لە شوێنێك ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە ئەنجام دەدرێت.

لۆژیکی مۆدێرنیزاسیۆن لەوەدایە، دەخوازن ئاستەنگ بۆ پێشکەوتنی بنێنەوە، بەڵام مۆدێرنیزاسیۆن بیر لەوە ناکاتەوە کە وازبێنێت و گوایە تەکنیکی ئازاد چاوەڕێی ئێمە دەبێت. خەڵکی بە رۆبۆتەکان دەچوێنرێن، هەڵبەت هێشتا رۆبۆتەکان راستەقینە نین، خەڵکی ئاساییـن، بەڵام هێدی هێدی هەر لەم مرۆڤە ئاساییانەدا بەردەوام ئیمپلانتی میکانیك، پرۆتێز، پرۆسێسۆری کۆمپیوتەری و میکرۆچیپەکان دادەنرێت کە یارمەتی ئەندامەکانی لەشیان

بدات بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە ژیانیان. ئەم شتانە بۆ کەمئەندامان باشە، بەڵام مرۆڤایەتی لێرەدا راناوەستێت و بە گشتی هەرگیز راناوەستێت و بەشێوەیەکی گونجاو کردەوە نانوێنێت. ئەگەر بچێتە شەقامی مۆدێرنیزاسیۆن، تا کۆتایی دەڕوات. مرۆڤ هەرگیز سنورەکان ناناسێت و هەمیشە هەم بە لای ئەرێنیدا هەم بە لای نەرێنیدا، زیاتر لەوانە تێدەپەڕێنێت. کردەوەکانی مرۆڤ قەت لە «نێوانی زێڕین»دا جێناگرێت. لە داهاتوویەکی نزیکدا، منداڵەکانی ئێمە بە دژواری دەتوانن جیاوازی نێوان لەبەرگیراوەیەکی مرۆیی یان رۆبۆتەکان لە مرۆڤی راستەقینە، بزانن. لەبەرئەوە ئەم خاڵە گرنگە کە مۆدێرنیزاسیۆن لەو جۆش و خرۆشە بێسنور و بێمەرجەی ئێمە پێیەوە وەریدەگرین، جودابێتەوە. ئەگەر روسیا پێویستیی بە مۆدێرنیزاسیۆن هەیە، ئەم مۆدێرنیزاسیۆنە دەبێت لۆکاڵی و نەتەوەیی بێت و سەرجەم دۆخی ئێمە لەبەرچاو بگرێت. ئێمە دەبێت لایەنە تەکنیکی و ئەخلاقییەکانی مۆدێرنیزاسیۆن لێکجیابکەینەوە، چونکە لەڕوانگە ئایینی، ئەخلاقی و فەرهەنگییەوە، مۆدێرنیزاسیۆن شتێك نییە جگە لە وێرانی، بە لاڕێدا بردن و هەڵە ئافراندن. ئەگەر ئێمە ئەم دوو چەمکە لێکجیابکەینەوە، دۆخەکە بەرەو باشتر بوون دەڕوات.

مۆدێرنیزاسیۆنی ئێمە سەرەڕای ئەوەی هەرچۆنێك بێت لە رەوتی مودێرنیزەکردن بوو، تایبەتمەندیی نەتەوەیی زۆری لە خۆیدا هەڵگرتبوو، ئەم خاڵە سەرنجڕاکێشە دەبێت روونبکرێتەوە کە چۆن تایبەتمەندییەکانی روسی کاریگەریی لەسەر ئەم مۆدێرنیزاسیۆنە داناوە و چۆن هەوڵیداوە ئەمە لەو رەوتەی کە ژیاری رۆژئاوای پێدادەڕوات، لابدات. لێرەدا بەردەوام پرسیارێك لە بەرانبەر ئێمەدا زەقدەبێتەوە: چ شتێك بۆ ئێمە گرنگترە، پاراستنی شوناس، یاخود پێشکەوتن؟ لەڕوانگەی سوننەتخوازانەوە، پاراستنی شوناس گرنگە. چونکە ئەگەر شوناسی خۆمان لە دەست بدەین، ئیدی کەس نامێنێتەوە مودێرنیزە

بێت، یان ئەم بیرۆکەیە بباتە پێشەوە، راست وەك دنیای رۆژئاوا، کە خودای لە دەستدا و بۆ ناو دۆزەخی پۆست مودێرنە کەوتە خوارەوە. لەبەرئەوە دەبێت ئێمە لە هەر دۆخێکدا، شوناسی خۆمان بپارێزین. کاتی هەڵبژاردنی «روس بوون» و پێشکەوتن، ئێمە هەمیشە روس بوون هەڵدەبژێرین. ئەگەر بتوانین پۆست مودێرن پێملی خۆمان بکەین، زۆر باش دەبێت! ئەگەر نا دەبێت فڕێی بدەین و درێژە بە رێگەکەمان بدەین. گەلێك لە بیرمەندان سەرنجیان داوەتە ئاوێتەبوونی رەسانەیەتی و پێشکەوتن. ساموئیل هانتینگتۆن، سیاسەتناسی ئەمەریکی، لە بەرهەمەکەیدا بە ناوی «پێکدادانی ژیارەکان» باسی فۆرمۆڵی «مۆدێرنیزاسیۆن بە بێ بەخۆرئاواییکردن» دەکات. لەڕوانگەیەوە گەلێك وڵاتی ئاسیایی دەقاودەق لەم رێگەیەوە پێشدەکەون. هەربۆیە مۆدێرنیزاسیۆنی ئێمە نابێت لە مودێلە رۆژئاوایی و ئەوروپییەکان پەیڕەوی بکات. پێدەچێت هەندێك شت لەوانە وەربگرین و هەندێك شتیش فڕێبدەین، بەڵام بە گشتی مۆدێرنیزاسیۆنێکی لەمشێوەیە بە کەڵکی ئێمە نایەت. ئەوان بە دڵنیاییەوە مۆدێرنیزاسیۆنێکی دیکەن، کە خاوەن مێژوو، بونیادی جیاوازن و هەر بۆیەش بە ئاراستەی تایبەتی خۆیاندا دەچنە پێش. بە بڕاوی من خەرەندێکی بێ بن چاوەڕوانی ئەوان دەکات.

هەندێك کەس، ئامادەن پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بکەنە قوربانیی پاراستنی شوناس. هەندێکیش لەوبڕوایەدان تەکنەلۆژیا و تەکنیك حاڵەتێکی بێلایەنانەیان هەیە، هەرچەندە ئەزموونی مێژوویی دەریدەخات، کە نرخی پێشکەوتنی تەکنیکی بە شێوەیەکی بنبڕ، شوناسی فەرهەنگی و رەسەنایەتی مینۆکییە. دەبێت مۆدێرنیزاسیۆنی تەکنیکی لەچەشنە فەرهەنگیەکەی جیابکرێتەوە. روسیا پێویستیی بە مۆدێرنیزاسیۆنی تایبەتی خۆی یان مۆدێرنیزاسیۆنێك بە تامی روسی هەیە. جگە لەمە روسیا پێویستیی بە شۆڕشێکی موحافیزەکارانە هەیە. شۆڕشێکی وەها لەبواری تەکنیکییەوە ئێمە بە هێز و شوناسی ئێمە قایم و پتەوتر دەکات. روسیا دەبێت وڵاتێکی مەزن بێت، ئەگینا ناتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات.

# بەشی پانزەهەم

# بەرژەوەندی و بەهاکان پاش تێسخینڤالی

## شەپۆلی نوێی باسەکان

لە راگەیاندنە رۆژئاواییەکاندا، دوای رووداوەکانی تێسخینڤالی و پێکدادان لە نێوان روسیا و جۆرجیا، شەپۆلێکی نوێی مشتومڕەکان سەبارەت بە بەرژەوەندی و بەهاکان، دەستپێیکرد. پڕوپاگەندە بە پێی یاساکانی شەڕ دەکرا و لە هەموو چەشنە فۆرمۆڵ سەریەك خستنێك بۆ رەشکردنی روسیا و بە قوربانی پیشاندانی ساکاشڤیلی، کەڵکیان وەردەگرت، بەڵام هەندێك پرسیاری راستگۆیانە، سەبارەت بەم لافاوی زانیارییانە هاتنەئاراوە. هەوڵدان بۆ هەندێك شیکردنەوەی لەم چەشنە، بۆ نموونە؛ شەڕی نێوان جۆرجیا و ئۆسیتیا، چی پەیوەندییەکی بە دۆخی ئێستای یوگسلاڤیا، یاخود داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە هەیە، دەستپێیکرد. لە فەزای گشتیی رەفتاری نابەجێ لە دژی روسیا، یەکەمین دەنگەکان بەرزبوونەوە کە هاوسەنگی نێوان بەهاکان و بەرژەوەندییەکانی رووبەڕووی پرسیار کردەوە. ئەم بابەتە ئەو کاتە کەوتە رۆژەڤەوە کە ئاڵۆزیی بەدیهاتوو لە ئەنجامی پڕوپاگەندەی شەڕ، کە ئامانجەکەی بێجگە لە رەشکردنی دوژمن هیچی دیکە نەبوو، کەمی کرد. نمایشکردنی زەبروزەنگی روسیا لە جۆرجیا چۆناوچۆن کاریگەریی لە سەر هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان و بەهاکان دانا؟

## بەرژەوەندی و رێساکان

مشتومڕ لە سەر گونجاوبوونی بەها و بەرژەوەندییەکان لە سەدەی 21 لە چاپەمەنییەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا هاتەئاراوە. هەمووان ئەو واقیعییەتە ئاشکرایەیان پەسەندکرد، کە وڵاتانی گەورە و زلهێزەکانی ناوچەیی لە

بەرژوەندیی تایبەت بە خۆیان بەهرەمەندن. ئەمانە وەك بەرژەوەندیی گروپە جیاجیاكان، كۆمپانیاكان، یان وڵاتان بەرەوڕووی بەرژەوەندیی گروپەكانی دیكە، یاخود وڵاتانی دیكە دەبنەوە. ئەمە لە تایبەتمەندییەكانی بەرژەوەندییە: ئەوان خۆخوازن. زۆربەی جار، هەر بەم بۆنەیەوە، ئاڵۆزییەكان سەرهەڵدەدەن و دەبنە هۆی زۆربوونی گرژییەكان. لەڕاستیدا ئەمە تایبەتمەندیی دەروونی مرۆڤە: هەر كەس هەوڵدەدات ناوچەی ژێر ركێف و كۆنترۆڵی خۆی لەسەر حیسابی ئەوانی دیكە پەرە پێبدات. لێرەدا كاكڵەی باسەكە ئەوەیە، چۆن دەبێت فۆرمۆڵێكی شیاو بۆ بەرگریی یاسایی لە بەرژەوەندییەكانمان بدۆزینەوە، لەكاتێكدا كە بە رێسا گشتییەكانیش قایلبین. چونكە ئەم رێساگەلە و بونیاد و ناوەڕۆكیان، لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەكاندا دەكەونە ریزی پرسە سەرەكییەكانەوە. ئەوان دەبێت بەریەككەوتن و بەرەوڕووبوونەوەی بەرژەوەندییەكان رێكبخەن، بەڵام ئەم یاسا ناوبراوانە خۆ لە پڕ و لە ناكاو بەدینەهاتوون. ئەمانە بە هاوسەنگیی هێزە راستەقینەكان تۆكمە دەبن و داوا لە تێكڕای ئەكتەران دەكرێت لە چوارچێوەی هەلومەرج و دۆخی هەنوكەییدا كاربكەن.

دوای رووخانی یەكێتی سۆڤێتی سۆسیالیستی، ئەم رێساگەلە هاوتەریبی سەرهەڵدانی گۆڕانكارییەكان لە دابەشكردنی هێزەكاندا، گۆڕانیان بەسەردا هات. رێسای دوو جەمسەری بەرانبەر بە جیهانی تاك جەمسەر كە رێك لەبەرچاوماندا خۆی دەنواند، پاشەكشێی كرد. مانای ئەوەیە فۆرمۆڵەبوونی مۆدێلی رێكخستنی بەرژەوەندیی مشتومڕاوی سەر لە نوێ، بە بەڵگە هێنانەوە لە ویلایەتە یەكگرتووەكان دەستیپێكرد. لە هەلومەرجێكی وەهادا، بەرژەوەندییەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا، بەرە بەرە لەگەڵ «رۆنانی گشتیی بەرخۆری و بەكارهێنان» و پاراستنی دیسپلینی جیهانی، بوون بە یەك. ئەم ئاوێتە بوونەی هاوسەنگی هێزەكان، بوو بە هۆی چاكسازی و ریفۆرمی بەرچاو لە دركی ئەم بابەتە كە دەبێت بە چی شتێك بڵێین بەرژەوەندیی یاسایی و چی شتێكیش بە بەرژەوەندیی یاسایی وەربگرین.

ئەمەریکییە نیۆموحافیزکارەکان روونتر لە ئەوانی دیکە ئاماژەیان بەم بابەتەدا و دەریـان بڕی. ئـەوان بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان لەگەڵ بەرژەوەندییە جیهانییەکان بە یەکێک هەژمار دەکرد و پێشنیار بۆ جیهانیان دەکەن، بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکادا رێکبخەن. لە جیهانی تاك جەمسەردا ئەو بەرژوەندییانە بە یاسایی دەژمێردرێن، کە ناوچەیی و یاخود لۆکاڵی بن، لانیکەم دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەبن. سەرجەم بابەتەکانی تر بە نایاسایی دانـراون. ئەمەریکاییەکان و هاوپەیمانەکانیان باوەڕیان بە حەقیقەتی سەرکەوتن لە «جەنگی سارد»دا هەبوو. گەر پێشتر بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤێت و وڵاتانی پەیمانی وارشۆ و تاڕادەیەك وڵاتانە بێلایەنەکان کە لەنیوان دوو جەمسەرەکەدا بە لێهاتوییەوە مانۆڕیان دەکرد، بە یاسایی هەژمار دەکـران، ئیستا بارودۆخەکە بە گشتیی تووشی گۆڕانکاریی مەزن دەبوو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا مافی راگەیاندنی بەرژەوەندی، یاسایی و نایاسایی، بە خۆی دابوو.

### لە بەرژەوەندییەکانەوە بۆ بەهاکان

لێرەدا کەمێك لەسەر بەهاکان دەدوێین. لە رۆژنامە و چاپەمەنییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمەریکادا زیاتر لە هەموو شتێک باس لەم ئەندێشەیە دەکرێت کە بەهاکان پەیوەندییان بەو گۆڕەپانەوە هەیە کە سەدەی 21 دەبێت بە سەر پانتایی بەرژەوەندیەکاندا زاڵبێت. لێرەدا مەبەست بەهاکانی جیهانی رۆژئاوایە: مافی مرۆڤ، دیموکراسی، بازاڕی ئازاد، لیبراڵیزم، ئاسایشی جیهانی و ئیکۆلۆژیا. بە کۆی ئەمانە دەوترێت بەهاکانی «یونیڤێرساڵ». ئەنجام تێکڕای وڵاتان و نەتەوەکان، لەوانە ئەو وڵاتانەی بەرژەوەندییەکانیان بە توندی بەریەککەوتنیان لەگەڵ بەها رۆژئاواییەکان هەیە، دەبێت ئەم بەهاگەلە پەسند و رەچاوبکەن. لەم روانگەیەوە، بەهاکان توانای پەیوەستکردنیان هەیە و بەرژەوەندییەکان دەبنە

هۆی جیابوونەوە و لێکدابڕان. بەهەموو ئەو کەسانەی پەیڕەوی لە بەها گشتی و یونیڤێرساڵییەکان دەکەن، پێشنیارکرا سەرقاڵی دابینکردنی بەرژەوەندی سیاسی، ئابوری، ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی خۆیان بن. بێگومان، بەهای ژیانی مرۆیی، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، ئازادی، دیموکراسی و هتد، دەبێت ببێتە هۆی رکابەرێتی لە پانتایی بەرژەوەندییەکان لە شێواز و فۆڕمی ئەمڕۆییدا، کە بەکارهێنانی کۆمەڵێك میتۆدی زۆر کە بە یارمەتییان بە درێژایی چەندین سەدەی دوور و درێژی مێژوو، وڵاتە جیاجیاکانی بەرگرییان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیانکردووە، بە رێگەپێنەدراو راگەیەنرا. بە پلەی یەکەم، باسەکە لەسەر ئاستەنگی شێوازە سەربازییەکان و حاڵەتەکانی دیکەی زۆرداری بوو.

## ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی خۆی وەك بەهای گشتی و یونیڤێرساڵ راگەیاند

بەڵام کەم تا زۆر دەستبەجێ روون بووەوە، ئەم پێشنیارە دڵنشینە بە پلەی یەکەم بەهاکان و دواتر دێتە سەر لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکان، بووە هۆی گومان و دوودڵـی لای خەڵکانێکی زۆر. لەم بابەتە تێگەیشتن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك ناوکۆی سەرەکی جیهانی تاکجەمسەر لە رێگەی گەلاڵەکردنی ئەم پێشنیارەوە، بە شێوەیەکی خۆخوازانە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان خۆی بەدیدێنێت. بەم چەشنە، ئەمەریکییەکان نەك هەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تایبەت بە خۆیان وەك تەنیا بەرژەوەندیی تـەواو یاسایی راگەیاند، بەڵکو ئەوانەیان کردە پێوەری هەڵسەنگاندنی سیستمی هەموویی و یونیڤێرساڵی بەهاکان. بە دەربڕینی دی، پێش هەموو شتێک بەها ئەمەریکییەکان بەمشێوەیە ناونرا و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە جۆرێك یاسای گشتیی جیهانی. هاوشێوەکردنێکی لەم چەشنە، هەموو باس و کەف و کوڵەکانی تایبەت بە سەرکەوتنی بەهاکان

بە سەر بەرژوەندییەکانی کوژاندەوە، چونکە ئەمەریکییەکان وەك خۆیان نیازیان نەبوو لەم پەیوەندییەدا ببنە نموونە. تەنانەت جارێکیش نەبوو ئەوان «بەهاکان» سەرتر لە بەرژەوەندیی تایبەتییەکانیان دابنێن. بە پێچەوانەوە، هەروا لە کردەوە خۆخوازانەکانیان بەردەوام بوون. بۆنموونە پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ و بەڵگەکانی دیکەی تایبەت بە ئێکۆلۆژیایان واژۆ نەکرد.

لە جیاتی ئەوەی بوترێت ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێت سەرچاوە سروشتییەکانی رۆژهەڵاتی نزیك بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، هەر لەبەر ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ستراتیژی، عێراقی داگیرکردووە، هەروەك سەدەی نۆزدەش روویدا، ئەو سەردەمە کە هەموان بیریان لە بەرژەوەندی دەکردەوە و نەك بەهاکان، واشنتۆن بەتەواوی باسی شتێکی دیکە دەکات. ئەمەریکییەکان بە رەسمی دەستڕێژیی خۆویستانەی خۆیان کە نە لەڕوانگەی یاساییەوە نە لەڕووی لۆژیکییەوە پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە، وەك دیاردەیەکی بەهامەند ناوی ناوە و بە «پەرەی دیموکراسی» و «سزادانی رژێمی تێرۆریستیی سەدام حوسێن» پاساوی بۆ دێننەوە. تا پێش رووداوەکانی تسخینڤالیا، بارودۆخەکە بەم شێوە بوو: ئەمەریکییەکان هەموانیان بۆ پەیڕەویکردن لە «بەها یۆنیڤێرساڵەکان» و چاوداخستن لە بەرژەوەندی خود بانگهێشت دەکرد، بەڵام خۆیان نەك هەر پەیڕەوییان لەم بەهاگەلە نەدەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرژەوەندییە خۆویستە نەتەوەییەکان خۆیان بە پلەی بەهای باڵا دەگەیەنن. کەم تا زۆر دەستبەجێ ئاوڕ لەم دژیەکییە درایەوە و کەسانێکی زۆر کە هێشتا لە عەقڵی سەلیم بەهرەمەند بوون، رەخنەیان ئاراستەی ئەم هەڵوێستە دەکرد. لەوانە ئەورووپییەکان کە ئەمەریکییەکانیان لە پێویستیی گشتی بوونی بەها دەسەڵاتدارەکان ئاگادار دەکردەوە، کە ئێمە هەمووومان دەبێت چاو لە بەرژەوەندییەکانی خۆمان دابخەین. نموونەکەی لە مەڕ پرسی ژینگەیی واتا رێکەوتننامەی کیۆتۆدا دەبینین.

## بەها ڕۆژئاواییەکان گشتی و یونیڤێرساڵ نین،
## نەتەوەکانی دیکە خاوەنی بەهای دیکەن

بەڵام وێنایەکی دیکەش بوونی هەیە، کە بۆچی مرۆڤایەتی بەهاگەلێکی وەك ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، ئابوری بازاڕی، پەرەی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەگەڵ بەها هەمویی و کۆمەڵایەتییەکان لێتێکچووە؟ ئەمە پرسیارێکی گشتی و بنچینەییە، کە هەرگیز لە لایەن ڕۆژنامە و چاپەمەنییە ڕۆژئاواییەکانەوە گەڵاڵە ناکرێت، چونکە گەر سەیری ژمارەی ئەو کەسانە بکەین، کە لەسەر گۆی زەوی دەژین، دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان لە بەهای جیاواز لەمانە پەیڕەوی دەکەن. بۆ نموونە، بازاڕ و دیموکراسی بە بەشێك لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی هیندستان لە قەڵەم نادرێت، کۆمەڵگەیەك کە تا هەنوکەش سیستمی کۆمەڵایەتیی کاست تیایدا ماوەتەوە. ژمارەی ئەم کەسانە دەگاتە یەك ملیار. ئەمجۆرە بەهاگەلە لەگەڵ بەها چینییەکانیش یەکناگرنەوە، کەوابوو ملیارێکی دیکەش لە چین دەژین، هەروەها یەك ملیار موسوڵمانیش خاوەنی ڕوانگەی تایبەت بە خۆیان سەبارەت بە بەهاکانن. ئەم پێناسانە لەبارەی نەتەوەکانی ئەفەریقیا، نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی، لەوانە ڕوسیا ڕاستە، لەبەرئەوەی بەهای بازاڕ، دیموکراسی، لیبراڵ و پەرەی کۆمەڵایەتی بەو واتایەی ڕۆژئاوا گەڵاڵەی دەکات، بۆ مێژوو، کۆمەڵگەی ڕوسی شتێك نییە بە ئاسانی پەسەندبکرێت، چونکە لەزۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا (پێش شۆڕش و دوای ئەویش)، ڕوسەکان لە بەهای تەواو جیاواز لە نموونە ڕۆژئاواییەکان پەیڕەویان دەکرد. ئەو بەهایەی بۆ تاکی ئەوروپی یان ئەمەریکی درکی پێکراوە، بە تەواوی لە بەهای تاکێکی چین یان هیندی، یاخود ڕوسی و ئەمەریکیی جیاوازە.

ئەوان دەتوانن شیرین یان ناحەزبن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك یونیڤێرساڵ نین. هیچ شتێك لەمێژووی مەزنی مرۆڤایەتیدا، جگە لە ئەزموونی وڵاتانی رۆژئاوایی، شایەتی ئەوە نین، کە ئەم بەهاگەلە بە شێوەی سەربەخۆ لە هەموو شوێنێك گەشە و پەرەیان سەندووە، بە کردەوە لە رێگەی زۆر و ناچارکردن و بە شێوازی کۆلۆنیالی نەسەپێنراون.

## روسیا وڵاتیکی ئەوروپی نییە، بەڵکو ژیاریکی ئۆراسیاییە

دوو جێگروەوەی مێژوویی و مانایی بوونی هەیە: 1) ناونانی بەهاکانی ئەوروپای رۆژئاوایی بەناوی بەهای گشتی و یونیڤێرساڵ؛ 2) ئەمەریکییەکان لە ژێرناوی بەرگریکردن لەم بەها ناوبراوانە، رێگە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان خۆشدەکەن. دیارە سەرجەم باسەکان لە سەر بەرژەوەندی و بەهاکان تایبەتمەندی ریکلامی و پڕوپاگەندەییان هەیە، کە لەڕاستیدا هەلێکە بۆ جێگیرکردنی دوو ئایدیای درۆیین لە زەینی مرۆڤایەتیدا. ئایدیای یەکەم کە سیستمی رۆژئاوایی بەهاکان گشتی و یونیڤێرساڵ بووە و هیچ جێگروەیەکی نییە. کاتێك پوتین و میدڤیدیڤ رایانگەیاند «روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە»، ئەم بابەتە دەربڕی ئەوەبوو کە ئەوان بە ئایدیای گشتی و یونیڤێرساڵبوونی بەها رۆژئاواییەکان هیپنۆتیزم کـراون، بەڵام روسیا لە راستیدا وڵاتێکی ئەوروپی نا، بەڵکو ژیاریکی ئۆراسیاییە. تەوەری بەهاکان، تەنانەت لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا کە لە پێگەی بێلایەندا بوو، چەشنێك راسیزمی (نەژادگەرایی) لە خۆیدا شاردبووەوە. ئاخۆ ئەمە بە راستی راسیزم نییە، کاتێك تەنیا بەشێك لە مرۆڤایەتی، بەشی «پێشکەوتوو»، «پەرەگرتوو»، ‹بەژیار» وەك مۆدێل و نموونە هەڵدەبژێردرێت و ئەزموونە مێژووییەکانی دیکە و سیستمە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکان بە «دواکـەوتـوو»، «سەرەتایی» و «وەحشی» ناوبرێن؟

جێگرەوەی دووەم لەمەش بێشەرمانەترە. ڕاگەیەندرابوو، کە بەها گشتی و یونیڤێرساڵەکان هەمان بەرژەوەندی ئەمەریکییەکانن. شیاوی بیرهێنانەوەیە سەرچاوەکانی بانگەوازێکی وەها لە کوێیە. ئەوان لە دۆکترینی رۆبێرت ودرۆ ویلسن، سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، گەڵاڵەکران. سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی، پەرە و برەودان بە دیموکراسیی لە سەرتاسەری جیهان، وەك ئەرکی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکان ناوبرد. جەخت لەم خاڵە دەکرایەوە، کە دەوڵەتی ئەمەریکا، باشترین نموونە و مۆدێلە بۆ پەرە و گەشەی مرۆڤایەتییە و هەر بۆیە، ویلایەتە یەکگرتووەکان نەك هەر دەتوانێت، بەڵکو پێویستە دەست لە سیاسەتی جیهانی وەربدات و ڕێسا تایبەتییەکانی خۆی بەڕێوەببات. ساڵەکانی 1920، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەندێشەیە، «ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئەمەریکا (CFR)» پێکهات کە لە واقیعدا ئایدیای دروستکردنی حکومەتی جیهانی گەڵاڵە دەکرد، کە بە پێی ئەو ئەنجومەنە پێویستە مۆدێلی ئەمەریکی وەك تاکە مۆدیل بۆ هەمووان پەسەندبکرێت و داکۆکیی لێبکرێت. بەم چەشنە، وڵات و نەتەوەکانی دیکە دەبێت لە بونیادی ئایدۆلۆژی ئەمەریکی پەیڕەوی بکەن.

ئایدیای هاوشێوەکردنی بەها و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ بەها گشتی و یونیڤێرساڵەکان، مێژووی درێژماوەی نزیك لە یەك سەدەی هەیە، کە تیایدا ئەمەریکییەکان سەرسەختانە لە ڕێگەی دروستکردنی دەوڵەتی جیهانیدا چوونە پێش. ئەنجامی مشتومڕ لە سەر بەهاکان لەڕووی پراکتیکییەوە چی بوو؟ وڵاتان و نەتەوەکان لەوانە ئەوروپای کۆن کە بەرژەوەندییان ڕێك دەقاودەقی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نییە، دەبێت سیستمی بەهاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەسەندبکەن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەپێی ئەو بەهایانە دیاریبکەن، کە لە بنەڕەتدا یەکسانە بە بەرژەوەندیی ئەمەریکا. بەم چەشنە، ئایدیای کۆلۆنیال، ڕاستەوخۆ و بێبەزەییانە لە بەرانبەرماندایە. ئەمە

جەختکردنەوەیەکە لە سەر یونیڤێرساڵبوون و حەقبوونی وڵاتێك، جەمسەرێك، زلهێزێکی هەرە مەزن، کە وڵاتانی تر پێدەخەنە جێ پێکانی و تەنها ئەم وڵاتە وەك «رێگەی رزگاری»، «پەرە»، «ئازادی»و هتد بە فەرمی و رەسمی وەردەگرن. ئەوانەی دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم بابەتە دەرببڕن، ناویان دەکەوێتە ناو لیستی رەشی «دوژمنانی مرۆڤایەتی» و هەندێکجار وەك ئەفغانستان، یاخود عیراق هێرشیان دەکرێتە سەرو دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

## **تسخینڤالیا**، **خاڵی کۆتایی باسی بەهاکان**

سەرجەم دژیەکی و گۆڕانکارییەکان لە مەڕ بەها و بەرژەوەندییەکان بە روونی لە رووداوەکانی تسخینڤالیادا کەوتنەڕوو. ساکاشڤیلی، رێبەری جۆرجیا هێرشی کردە سەر روسیا. بۆ روسیا، چونکە چەکدارانی جۆرجیایی تەقەیان لە سەربازەکانی پارێزەری ئاشتی ئێمە کرد و بە کوشتنی پیرەمێرد و ژنان و منداڵانی ئۆسیتیای باشور، جینۆسایدێکی لە پێشەوە نەخشە بۆ داڕێژاویان بەڕیوە برد. بەم حاڵەشەوە رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان وادەنوێنن، کە هیچ رووی نەداوە و ساکاشڤیلی وەك پاڵەوان دەناسێنن و لەسەر ئەمەش بەردەوام دەبن. بە پێی ئەم مۆدێلە، ساکاشڤیلی لەلایەکەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکی هاوئاهەنگە، چونکە پێشنیاری دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمەریکی لە سەر خاکی جۆرجیا دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە گەر بەهاکان بێنینە ئەژمار، هەروەك «هەڵگری دیموکراسی» دژایەتیی وەك دەوترێت «رژێمی دیکتاتۆری روسیا» دەکات و ئەم حەقیقەتە کە ساڤاشکیلی، ئەم کەسە «باش»ە لەڕوانگەی بەها ئەمەریکییەکانەوە «سودهێنەر» لەڕووی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە بە وەحشیانەترین شێوە هەڵسوکەوت دەکات، خەڵکانی بێپەنا و بێچارە

دەکوژێت و دوا فیشەک لە پشتە ملی پارێزەرانی ئاشتی بریندارەکان دەدات، ریگە لەوەناگرێت ئەمەریکییەکان بە تەواوی پشتی نەگرن.

دوای ئەوەی روسیا بە دانەوەی وەڵامی قورس و توند بۆ بانگهێشتی سەربازی، نەتەوەکانی ئۆسیتیای باشور و ئابخازیا لە جینۆساید رزگار دەکات، مافی سیاییان بۆ بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بە فەرمی دەناسێت. پرسیارێك دێتەئاراوە: چۆن ئەم رەفتارەی روسیا لەڕوانگەی بەها و بەرژەوەندییەکانەوە هەڵبسەنگێنین؟ بە پلەی یەکەم، بە جوانی دیارە مۆسکۆ لە کاردانەوەکەیدا بەرانبەر هێرشی تسخینڤالیا پەیڕەوی بەها گشتی و یونیڤێرساڵەکان بووە، بەڵام ئەوەش دەرکەوت کە تێگەیشتنی ئێمە و وڵاتە رۆژئاواییەکان لەم بەهاگەلە جیاوازیی بنچینەیی هەیە. با دۆخەکە بە زمانی خۆمان سەرببڕین: روسیا لەو باوەڕەدایە بەهای مافی ژیان بۆ خەڵك باڵاترین شتە، گەر کۆمەڵکوژیی نەتەوەیەك لە بەرچاوماندا ئەنجامبدرێت، ئەو کاتە پێویستە روسیا دەستی تێوەربدات، بە تایبەتی کاتێك بابەتەکە بابەتی هاووڵاتییانی فیدراسیۆنی روسیا بێت و ئاڵۆزی و پێکدادان لە پەراوێزی سنورەکانماندا رووبدات. سەرباری ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی رۆژئاوا کوشتاری خەڵکانی ئۆسیتیا بە جینۆساید لە قەڵەم نادەن، هاویشتنی موشەك بۆ شارێکی بێپەنا لە لایەن موشەكهاوێژی «گراد» و تۆپخانەی قورس بە تاوانی جەنگی ئەژمارناکرێن، روسیا بەرانبەر بەم ستاندارده دووئالیزمییە هەڵوێست وەردەگرێت. گەر جینۆساید کۆمەڵکوژی نییە، گەر کوشتنی خەڵکانی بێپەنا قەتڵ نییە، تاوان بە تاوان ناژمێردێت، کەواتە ئێمە باوەڕمان بە بوونی بەهای گشتی و یونیڤێرساڵ نییە. روسیا ئابی ساڵی 2008، کاردانەوەی خۆی بەرانبەر بەم پرسە ئاشکراکرد. گەر ئێوەی رۆژئاوایی بەم هەڵسوکەوتە تایبەتییەتانەوە تا ئەم رادەیە سنورەکانی ئەدەب دەبەزێنن و خۆتان لەم بابەتە روون و دیارانە نەزان دەکەن، کەواتە

ئێمە هیچ کارێکمان بە ئێوە نییە. روسیا لەم باوەرە دەستی لە بەهاکانی خۆی هەڵنەگرت و دوای ساڵانێکی زۆر خەوی دەستکرد لە ئۆسیتیای باشور و ئابخازیا کەوتە کار و ئەمکارەشی بە پێی تێگەیشتنی تایبەتیی خۆی لە باش یان خراپی بابەتێك، ئەگەری بەدیهاتن یان بەدینەهاتن، رێگەپێدراو، یاخود رێگەپێنەدراو، بە تاوان لە قەڵەمدەدرێت یان نەخێر، ئەنجامداوە. لێرەدا بەرەورِووی واقیعێکی هەرە گرنگ بووینەوە. تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بە تەوەرەکە کە بەهای باڵا چۆنە (بۆ نموونە مافی ژیان بۆ مرۆڤ، مافی ژیان بۆ نەتەوە) لە خاڵی بەرانبەر بەرِای ئەمەریکی و رۆژئاواییەکاندایە. ئاخر کاتێك قسە لەسەر مافی ژیانی ئەو نەتەوانە دەکرێت کە خوازیاری روسیان، نەك ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەو کاتە مافێکی وەها لای ئەوروپی و ئەمەریکییەکان بێبەری لە هەرجۆرە بەهایەك دەبێت. هەر بەم بۆنەیەشەوە تەقەکردن و موشەك هاوێشتن بۆ تسخینڤالیا بە تاوان لە قەڵەم نادرێت.

### ئێمە بەهاکانی خۆمان پاراست، واتە لە سەر حەقین

تێگەیشتنمان لە بەهاکان، جیاوازە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و رۆژئاوا. ئەمە پرسێکی بنەرِەتییە. بە شێوەی شیاو بەرانبەر بەو شتەی کە بە تەواوی بۆ ئێمە روونە، واتە مافی خەڵك بۆ ژیان، کاردانەوەمان نواندووە و سەبارەت بەم بابەتەش زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەدواداچوونمان کردووە: نەك تەنیا بۆ دانیشتوانی ئۆسیتیای باشور و ئابخازییەکان، بەڵکو بۆ ئەلبانی، کرواتی یان بۆسنییەکان و تەنانەت سربەکانیش بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دانیشتوی سربستانن، یاخود وڵاتانی دیکە، مافی ژیانمان پێرِەوا دەبینین. مۆسکۆ لە سەر ئەوەی سربەکان  نابێت لە لایەن ئەلبانی و کرواتەکان، ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ لە لایەن سربەکانەوە، جینۆساید و کۆمەڵکوژی بکرێن، پێداگری دەکرد. روسیا پاکتاوکردنی نەژادیی ئەنجامدراو لەلایەن سربەکانەوە (گەر ئەمە روویدابێت)

ئیدانە دەکات، ڕێك بەو شێوەیەی سەرکۆنەی پاکتاوی نەژادی سربەکانیش دەکات. ئێمە هەروا لەخۆڕا پشتگیریمان لە کەس نەکردووە و خوازیاری دادپەروەری بووین. بەم بۆنەیەشەوە بە وردبینی و پارێزەوە لەسەر بابەتی یوگسلاڤیا، دژایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانمان کرد، بەڵام ئەمەریکییەکان بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەستدرێژییان دەکردە سەر ئەم سیستمی بەهاگەلە. بەم چەشنە، روسیا پاش تسخینڤالیا لە کۆتاییدا لە خەونی دەستکردی سیستمی بەهاگەلی رەنگە «گشتی و یونیڤێرساڵ» رزگاری بوو، چرکەیەکی بنەڕەتی و گرنگ بوو.

مانگی ئابی ساڵی 2008، روسیا لە وەهمی پۆپۆلیستی و کۆمەڵی هیپنۆتیزم کراوی کەسانی بەشدار لە بەها «گشتی و یونیڤێرساڵ»ەکان راپەڕی و بە پلەی یەکەم لەبەرئەوەی رۆژئاوا خۆی بە دەربڕینی روون و راشکاو (رایگەیاند)، لەم بەهاگەلەدا هیچ رەهەندێکی گشتی بوونی نییە، بونیادەکەی تێکشکاند. رووداوێك کە ناتوانین گرنگییەکەی هەڵسەنگێنین، چونکە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان دەرەنجامی لێکەوتەوە. لەمە بەدواوە تەنیا سیستمێکی بەهامەندی جیهانی بۆ روسیا بوونی نییە. ئێستا ئێمە بۆ تێگەیشتنی ئەوەی بە بەها دێتە هەژمار دەکرێت، ئەوەی بێبەهایە، هەروەها تێگەیشتن لەوەی خاوەنی خاوەنی پێگەی بەنرخترە، یان ئەوەی کە لە پلەی دووەمی گرنگیدایە، تەنیا پشت بە خۆمان دەبەستین.

کۆمەڵگەی ئێمە دیسانەوە بە دۆزینەوەی گەنجینەی نەریتە نەتەوەییەکانی سەردەمی قەیسەرەکان و قۆناغی سۆڤێتەوە سەرقاڵە. روسەکان، بە تایبەت روسە وشیارەکان، هەمیشە بە روونی تێدەگەیشتن کە بەهاکانی کۆمەڵگەی ئێمە رەگیان لەنەریتەکانی ئەرتەدۆکس و مێژووی نیشتیمانیدا داکوتاوە، ئێجگار زۆر جیاوازە لە رۆژئاوا. تەنیا ساڵەکانی 1990 هەوڵیاندا ئایدیای وەهماوی و خەیاڵیی گشتی و گشگیر بوونی رێڕەوی سیاسی-ئابوری، پێشکەوتنی

کۆمەڵایەتی و گەشەی هونەری و تەکنەلۆژی، کە گوایە تەنها و تەنها لە ڕێگەی پەیڕەویکردن لە ڕۆژئاوا، بەدەستدێت، بە گوێماندا بدەن. هەنوکە، دوای ڕووداوی تسخینڤالیا، ئیمە بە ڕوونی گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ئەمانە هەمووو درۆیە. هیچ سیستمێکی بەهای گشتی و یونیڤێرساڵ بوونی نییە. بەڵکو سیستمی بەهای ڕۆژئاوایی، ئەمەریکی، روسی، چینی، ئێرانی وهیندی بوونیان هەیە، کە هەر یەکەیان پێناسە و راڤەیەکی جیاواز بۆ سادەترین پرسەکان، بۆ نموونە جینۆسایدی هاووڵاتییانی بێپەنا ئاراستە دەکەن.

لەم پەیوەندییەدا، ئەمڕۆ لەڕوانگەی بەهاکانەوە هەرچەشنە ڕووداوێك بە شێوەی ڕووداوێکی جیاواز لە لایەن ئێمەوە درکی پێدەکرێت. لە داهاتوودا هیچ چەشنە فریودانێکی خەڵکانی ئاسایی سەبارەت بە گشتی و هەمویی بوونی بەهاکان، هیچ جۆرە گەلاڵەیەك لە لایەن لایەنگرانی «حکومەتی جیهانی» لە روسیا، هیچ چەشنە ریکلامێکی پێداگر لە سەر ئەوەی کە ڕۆژئاوا خاڵی گۆڕانی بێ بەند و مەرج و بێئەڵتەرناتیڤ لە ڕێگەی پێشکەوتنماندا، هەروەها سوربوون لەسەر ئەوەی «روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە» نابێت بوونی ببێت. گەر وڵاتی ئێمە ئەوروپییە، کەواتە ڕۆژئاوا وڵاتێکی «نائەوروپییە» و ئێمە ئەو مافەی لێوەردەگرینەوە کە ناوی خۆی بنێت ئەوروپی. ئەنجامگیرییەکی دیکە زۆر سادەترە. روسیا ژیارێکی ئۆراسیایی ڕەسەنە. سیستمی بەهامەندیی ئێمە تایبەتییە و کۆمەڵکوژی خەڵکانی ستەملێکراو و بێپەنا لەم سیستمەدا بە تاوانێك دەژمێردرێت، کە بە هیچ شێوەیەك پەسەندی ناکەین. بە ئاگاداربوون لە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە تراژیدیای تسخینڤالیا، لە کۆتاییدا ئەو بابەتەمان کۆتایی پێهێنا، کە ئاخۆ روسیا وڵاتێکی ئەوروپییە. روسیا ناتوانێت وڵاتێکی وەهابێت. گەر وڵاتانی ئەوروپی ئێمە لەڕووداوەکانی جۆرجیا بە هێرشبەر و بەرپرس لە جینۆسایدی قوربانییە بێپەناکان دەزانن، با لەم بارەوە ڕێکەوتنێکی گشتی بە دەست بێنن.

## ئێمە بەرژەوەندییەکانی خۆمان پاراست، واتە ئێمە بەهێزین

ئێستا دێینە سەر لایەنێکی دیکەی ئەم پرسە، واتا بەرژەوەندییەکان. ئایا روسیا لە ئابخازیا و ئۆسیتیا بەرژەوەندییەکانی خۆی پاراست؟ دەبێت بڵێین وەڵامەکە ئەرێنییە. ئەم پرسە گەرچی لەڕووی گرنگییەوە لە پلەی یەکەمدا نییە، بەڵام روویداوە. بەڵێ، زۆر راستە. ئێمە بەرانبەر کەسانێك، کە دەیانویست لە سەر حیسابی ئێمە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەرنەپێش، بەرگریمان لە بەرژەوەندییەکانی خۆمانکرد. بەم چەشنە، ئێمە بە شێوەی بێخەوش و بێکەم و کوڕی کارمانکرد، واتە هەم لە بەهاکان و هەم لە بەرژەوەندییەکانی خۆمان بەرگریمان کرد. لەڕوانگەی سیستمی بەهاکانەوە هیوادارین ئامادەبووانی دیکەی ئەم پرۆسە نێونەتەوەییە لە هەڵوێستەکانی ئێمە تێبگەن، چونکە ستانداردە دووئالیزمییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهاندا لەلایەن هەموانەوە پەسەندکراو نییە. بە نیسبەت بەرژەوەندییەکانی ئێمەشەوە، ئەوانی دیکە تیکڕا دەبێت وەك کردەوەیەکی بەدیهاتوو، سەلمێنەری دەسەڵات و هێزی ئێمە پێی قایل بن. ئەمە پێویستی بە پاساو هێنانەوە نییە و تەنها دەبێت گرنگی پێبدرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە نیشانماندا، ئەو لۆژیکەی تەنها بە پێی بەرژەوەندی ئەمەریکیەکان دەبێت لەگەڵ بەهاگەلە گشتییەکان یەکسان بکرێت و هەموو شتێك کە لە دژی بوەستێت «تاوانبارانە» لە قەڵەم بدرێت، کۆتاییهاتووە. لە تسخینڤالیا بەرگریمان لە بەها و رێك وەك ژیارێکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتمانکرد، چونکە تەنها ژیار توانای گەڵاڵە و داڕشتن و رێکخستنی سیستمی بەهاکانە. مانگی ئابی ساڵی 2008 لە جۆرجیا تەنها دیاریکردنی سنور لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و پشتیوانەکانی رووی نەدا، بابەتێک کە لە پلەی دووەمی گرنگیدایە، بەڵکو گرنگترین پرس و بابەت ئاشکرابوونی تەواوی ناکۆکی نالۆژیکیی لەمەڕ بەهاکان، بەدەربڕینێك پیکدادانی نێوان بەهاکانی ئێمە و ئەوان بوو.

## کۆتایی ڕۆژئاواگەرایی لە ڕوسیا

«ئەوان» کە لە سەنگەری ئەوبەرن، کێن؟ ئەوان هەر ئەو کەسانەن کە تا ماوەیەك بەر لە ئێستا «هەڵگرانی بەهاگەلی گشتی و جیهانی» بوون. گەر ئێمە پێشتر بە دەربڕینی ئەو بابەتە لەبەر هەندێك هۆکار، نامانەوێت دەرفەتەکانمان لەدەستبدەین، لەگەڵ ئەم کەسانەدا تەنیا لە قاڵبی بەرژەوەندیدا باس و مشتومڕمان دەکرد، بەڵام هەنوکە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا، خاوەنی چۆنێتییەکی قووڵترە (کە هاوکات بووە بە هۆی گیان بەبەرداهاتنەوەی کۆمەڵگە و فۆڕمۆڵەبوونی سیاسەتمان بە درێژایی تێکڕای مێژووی نەتەوەیی و بە شێوەی جۆراوجۆر). ئێستا باشترین دەرفەت بۆ لە ناوبردنی کۆتایی وەهمی پەیوەندیدار بە جیهانی و گشتگیربوونی ڕۆژئاوایە و هەلومەرجیشی باشتر لەهەر کاتێکی دیکە دەستەبەر بووە، چونکە بە بڕوای من هێشتا هیچ شتێك لە جۆرجیا کۆتایی نەهاتووە. ئەمە تەنها خاڵی دەستپێکی ناکۆکی و پێکدادانی بنەڕەتی و پێکهاتوو لە گەلێك لایەنی جۆراوجۆری ژیان لەوانە بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، کولتوری و لەوانەیە تەنانەت سەربازیش، کە هەموو شت تازە کەوتووەتە سەر ڕێگەی دەستپێك و سەرەتا، تێگەیشتن لەم خاڵە کە ئایدیای هەموویی و گشتیبوونی بەها ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕوسیا لە تسخینڤالیا نێژرا، لەمە بەدوا ئێمە بە جۆریکی دیکە ڕووبەڕووی فۆڕمۆڵەبوونی سیاسەتی نێونەتەوەیی دەبینەوە و ناچارین لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ وڵاتە جیاجیاکان ڕەچاوی بکەین.

ئەزموونێك کە بەدەستهێنانی خوێنڕشتنێکی زۆری تێچوو لە تسخینڤالیا، چاومانی بەڕووی گەلێك حەقیقەت بۆ نموونە چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژئـاوا لەگەڵ ئێران، سوریا کۆریای باکور، خۆبەڕێوەبەریی فەلەستین و چین کـردەوە. ئێمە ئێستا زۆر شت بە جۆرێکی دیکە لێکدەدەینەوە. خەونی دەستکردی «حکومەتی جیهانی» کۆتاییهاتووە و پێشنیار و داوا و

هەڵخڕاندنەکانی ڕۆژئاواییەکان و لەڕاستیدا ستوونە پێنجەمییەکان چیدی کاریگەرییان نەماوە. ناکرێت ئەو کەسانەی پاش ڕووداوەکانی تسخینڤالیا باسی بەهای گشتی و یونیڤێرساڵ دەکەن، بە ڕێ لێونبوو، گومڕا بزانین، بەڵکو ئەوانە خیانەتکارن. ڕەنگە ئەوان تا پێش ڕوودانی ئەم ڕووداوانە تووشی هەڵە بووبێتن، بەڵام ئیستا ئیدی دەبێت وەڵامدەرەوە بن. کەسانێك هەبوون لە داگیرکردنی روسیا لەسەر دەستی هیتلەر یان ناپلیۆن خۆشحاڵ بوون، یان سەربازەکانی ئەرتەشی ئازادی روسیا کە چوونە بەرەی سەربازەکانی هیتلەرەوە، بەڵام هەمومان دەزانین چییان بە سەر ئەوانەدا هێنا. دەمەوێت ئاماژەیەکیش بە پەیمانی ریبەنترۆپ-مۆت لۆف، یان بە دەربڕینێك پەیمانی دەستدرێژی نەکردن و هێرشی نێوان ئەڵمانیا و یەکێتی سۆڤێت، بکەم. کاتێك ڕێبەرایەتیی سۆڤێت، سەبارەت بە ئاشتی لەگەڵ ئەڵمانیای نازی تووشی وەهم ببوو، بەڵام پاش 22ی حوزەیرانی ساڵی 1941 ئەم وەهمانە لە ناوچوون و ئیدی شوێنێك بۆ ئەڵمانیاگەراکان و لایەنگرانی دۆستایەتی یەکێتی سۆڤێت لەگەڵ ئەڵمانیا نەمایەوە. هاوشێوەی ئەم بابەتە ئەمڕۆش بەدیدەکەین. گەر تا ڕێکەوتی 8ی ئابی ساڵی 2008 بوونی ڕۆژئاواگەرایان لە روسیا گریمانەکراو بوو، بەڵام لە دوای ئەوە ئیدی بوونیان نامومکینە.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلي مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | 84 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئاشنابوون بە سپینۆزا | 85 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە پۆپەر | 86 |
| 2016 | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | 87 |
| 2016 | ئارام مەحمود | ئاشنابوون بە دریدا | 88 |
| 2016 | ماجد خەلیل | ئاشنابوون بە لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین1 | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین2 | 91 |
| 2016 | پێشڕەو محەمەد | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | 94 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | 101 |
| 2016 | موصلح شێخ ئیسلامی | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵلا کەریم | سێگۆشەی گڕگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | 104 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 136 | ژنێك لەناو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لەئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستییانە | دکتۆر حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لەکوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژووی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لەتوڵەیتوڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غوفوور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د. لوقمان رەئوف | 2016 |